# مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی یەکەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی یەکەم

نووسینی:
**سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)**



ناوی کتێب: مێژووی وێژەی کوردی - بەرگی یەکەم
نووسینی: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٢٠
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٤١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

لە ناو نەتەوەکانی جیهاندا کەمتر نەتەوەیەک هەیە کە وەکو کورد حەز لە هۆنراو و وێژە بکا. هەر بەم هۆیەوەیە کە لە هەر خول و دەورێکدا گەلێ هۆنەر و هەستیار لە ناو کوردەواریدا هەڵکەوتوون و ئەو هۆنەرانە لەم ڕێگەوە توانیویانە ڕاژە و خزمەتێکی گەورە بەزمان و وێژەی کوردی بکەن. هەروەها ئەو پەڕتووکانەی کە بەزمانی کوردی نووسراون و بەیادگار ماونەتەوە، لە ئەژمار بەدەرن، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان لە چاپ نەدراون.

نەتەوەی کورد بەهۆی دیمەنی جوان و ڕەنگاوڕەنگی خۆڕسکاوی کوردستان، بەسروشت هۆنەرن، وە، دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکەی کوردستان و ژیانی ساکاری خەڵک و ڕووداوەکانی مێژوویی وڵات، هەمیشە سەرچاوەی کورتژم بوون بۆ هۆنەران و هانیان داون کە هەستی دەروونیان بەهۆنراوە، بهۆننەوە.

گەلی کورد سەرەڕای ئەو هەموو تەنگوچەڵەمانەی بۆی پێکهێنرا بوون و زەبروزەنگەی کە لە لایەن ڕژێمی ستەمکاری پاشایەتییەوە دەرهەقی ئەنجام دەدرا، با وەکو نەیدەوێرا کە بەزمانی زگماکیی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، لەگەڵ ئەم هەموو کۆسپانەدا گەلێ هۆنەر و زانا و وێژەوانی لێ هەڵکەوتووە کە شوێنەوارەکانی خۆیانیان بەزمانی کوردی داناوە و تەنانەت هەندێ لەو شوێنەوارانەش وەرگێڕراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان.

سەرەڕای ئەمانە ئەتوانین بڵێین کە دامەزرانی دەوڵەتەکانی: (حەسنەوییە و عەییاری و شوانکارە و جاوانی و ئەتابەگی و ئەردەڵان و بابان و سۆران) یەک لە دوای یەک لە بەشی خۆرهەڵات و باشووری کوردستاندا بووە هۆی ئەوەی کە وێژەیێکی کوردی ڕێکوپێک پەیدا ببێ و شوێنەوارەکەی بپارێزێ.

وێژەی کوردی لە نێوانی دوو وێژەی فارسی و عەرەبیدا، وەک نەمامێکە لە نێوانی دوو داری سەر بەئاسمان چوودا و گەلی کورد لەگەڵ ئەوەی خزمەتی بەوێژە و ئەدەبی خۆی کردووە و پاراستوویە، شان بەشانی دوو نەتەوەی فارس و عەرەب، ڕاژە و خزمەتی وێژەی ئەو دوو نەتەوەیشی کردووە و گەلێ پەڕتووک و نامیلکەی بەو دوو زمانە نووسیوە کە ئەگەر ناوی ئەو هۆنەر و وێژەوانانە کە بەزمانی فارسی و عەرەبی خزمەتیان کردووە ببەین، دەبێ هەر بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان چەند بەرگ پەڕتووک بنووسین.



جا منیش ماوەیەکی دووروودرێژە کە کاتی خۆمم بۆ بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی شوێنەوارەکانی وێژەی کوردی تەرخان کردووە، بۆ پەیداکردنی نوسخە کۆنەکان و دەستنووسەکانی کوردی بەهەموو کەل و قوژبنێکی کوردستاندا گەڕاوم و گوێم بەماندووبوون و شەکەتی نەداوە و دێ بەدێ و ناوچە بەناوچە و شار بەشار بەبێ ئەوەی کۆڵ بدەم و لە گلان بترسم، گەڕاوم و ئەوسا هەرچیم دەست کەوتایە یا دەمنووسییەوە، وە یا لە خاوەنەکەی وەرم دەگرت و سەرئەنجام توانیم (مێژووی وێژەی کوردی) لە چەند بەرگدا بۆ نەتەوەکەم بنووسم و پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێز و هێژای کوردی بکەم.

ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بڵێم کە بەر لە منیش، مامۆستا سەجادی توانیویە بەهەر چەرمەسەرێ و ئەرکێک بێ، ناو و بەسەرهاتی کۆمەڵێک لە هۆنەرانی کوردستان کۆ بکاتەوە و بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) لە چاپی بدا. بەڵام ئەمە هەر سەرگوروشتە و بەسەرهاتی چەند کەس لە هۆنەرانمانە و ئەوانەیش لەم سەردەمانەی دواییدا ژیاون، وە ئەو شوێنەوارانەی کە کەوتووەتە دەستی، ئێمە، دیارە ئەو ئاگای لێیان نەبووە، بۆیە هەر تەنیا چۆنیەتی ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی ئەو چەند کەسەی خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

جا هەر چۆن بێ منیش ئەوەی کە لە وزە و توانامدا بوو ئەنجامم دا و، وەنەبێ بڵێم هیچ کەموکوڕیەک لە کارەکەمدا نییە. چونکە مێژووی وێژەی هەر گەل و نەتەوەیەک بەتاقە کەسێک دانانرێ. وە تکام لە مامۆستایان و خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد ئەوەیە کە هەر ڕەخنە و پێشنیارێکیان سەبارەت بەم نووسراوە هەیە، بەپێی بەڵگە و دەستاوێز بۆمی بنووسن تا لە چاپەکانی تردا بیخەمە بەرچاو. ئیتر ئاواتەخوازم کە خوای مەزن، دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرگەکانی تری ئەم پەڕاوەم پێ بدا تا خوێندەوارانی بەڕێزی کورد کەڵکی لێ وەرگرن.

تاران – مانگی خاکەلێوە ١٣٦١

سدیق بۆرەکەیی (سفی زادە)

## بنج و بناوانی کورد

کورد یەکێ لە نەتەوەکانی ئێرانییە و بزووتنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە زاین. بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی، نەتەوەی کورد سێ هەزار ساڵ بەر لە پەیدابوونی عیسا لە داوێنی شاخەکانی زاگرۆسدا بەناوانی: "گووتی، لۆلۆ، کاسی، میتانی، سۆباری، نایری، مانایی، کوردۆک، خالدی" زۆرتر بەشێوەی کۆچەرایەتی ژیاوە و پاشان لە سالآنی ٧٠٠ تا ٥٥٠ی پێش زایندا دەوڵەتێکی بەهێز و دەسەلآتداری بەناوی دەوڵەتی ماد پێک هێناوە.

هەندێ لە مێژوونووسان لایان وایە کە ئاریاییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین لە باشووری ڕووسەوە بەسەر باکووری قەوقاس و دەریای ڕەشدا کۆچیان کردووەتە خۆرئاوای ئاسیا و لەوێدا بوون بەدوو بەشەوە کە بەشێکیان چوونەتە ئوروپا و نەتەوەکانی ئوروپاییی ئێستایان لێ کەوتووەتەوە و بەشەکەی تریان هاتوونەتە خۆرئاوای ناوەڕاست و ماوەی هەزار ساڵ لەوێدا ماونەتەوە و پاشان ڕوویان کردووەتە باکووری ئێران، وە، لە پاش ماوەیەک ئەم بەشەش بوون بەدوو دەستەوە، دەستەیەکیان ڕوویان کردووەتە هیند و لە پەنجابدا نیشتەجێ بوون و گەلی هیندیان لێ کەوتووەتەوە، دەستەکەی تریان بەناو ئێراندا بلاو بوونەتەوە و بەناوی ئێرانی ناوبانگیان دەرکردووە. ئەو دەستەی کە وا لە ئێراندا بلاو بوونەتەوە، بەرە بەرە زۆر بوون و بوون بەدوو ڕێچکەوە، ڕێچکەیێکیان لە دەشتەکانی ئێراندا نیشتەجێ بوون و بەناوی (پارسی) ناو و ناوبانگیان دەرکردووە. ئەوانەشیان کە هەر بەرەوشتی کۆچەرایەتی ماونەتەوە، لەسەر شاخەکانی زاگرۆس یا ئاراراتدا پەل پەل بوونەتەوە و ئەوسا دەوڵەتێکیان بەناوی (ماد) دامەزراندووە. فارسەکانیش پاشان پەرەیان سەندووە و دەوڵەتێکیان بەناوی (هەخامەنشی) پێک هێناوە و دەوڵەتی مادیان لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا ڕووخاندووە. کەوا بوو فارسەکان دەچنەوە سەر هەخامەنشییەکان و کوردەکانیش دەچنەوە سەر ماد.

## ژیانی کۆمەلآیەتیی کورد

کوردستان لەبەرئەوەی شوێنێکی شاخ و داخ و کوێستانییە، بێشە و دارستانی زۆرە و تا حەز کەی تاڤگە و قەڵوەز و چەم و ڕووباری تیا هەیە. لەگەڵ ئەمانەشا زەویوزاری بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕگا و بژوێنی زۆرە و ئەمانە هەموو بوونەتە هۆی ئەوە کە زۆربەی



کوردەکان بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خۆیان خەریک کەن و ژیانی خۆیان لە ڕێی وەرزێری و ئاژەڵدارییەوە ببەنە سەر.

ئەوەی کە ڕوونە، نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی ئاژەڵداریی کردووە، هەر لەمێژەوە ژیانی بەکۆچەرایەتی بردووەتە سەر و بەشوێن لەوەڕگا و بژوێندا گەڕاوە و قشلاخ و ئێلاخی کردووە و هەر شوێنێ خۆش بووە و لەوەڕی تێدا بووە، ماوەیەک لەوێدا ماونەتەوە. جا لە خوری و بەرگنی مەڕومالآتەکەیان ڕانک و چۆغە و کەپەنەک و جلوبەرگیان بۆ خۆیان دروست کردووە و ماست و پەنیر و دۆ و ڕۆنی مالآتەکەیان کردووەتە سەرمایەی بژێوی ژیانیان وە بەم چەشنە پیاوی کورد بەشەو لە پاڵ ڕانەکەیەوە، لە کۆشە و قوژبنی دەوارەکەیەوە سەیری جریوەی ئەستێرەکانی ئاسمانی کردووە و بەڕۆژیش لە لەوەڕگەکان و بژوێنەکاندا، سەرنجی گوڵ و گوڵاڵە و سروشتە جوانەکەی کوردستانی داوە و گوێی بۆ هاژەی ئاوی چەم و ڕووبار و سروە و شنەی با و جریوە و جووکەی مەلان شل کردووە و ئەمانە هەموو کاریان کردووەتە سەر ڕەگ و دەماری تا کەم کەم هۆنراوی بەسروشتا هەڵوتووە و بەیادگار بۆ چینەکانی دوای خۆی بەجێی هێشتووە.

نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی سەرەتا ژیانی بەئاژەڵداری و مالآتدارییەوە بردووەتە سەر، دیارە هەر لەسەر شاخ و کێو و دەشتا ژیاوە و بۆ بەخێوکردنی مەڕومالآتەکەی هەزاران کۆسپی گەورەی هاتووەتە پێش و ئەویش بۆ پاراستنی ئاژەڵەکەی گیانی خۆی خستووەتە مەترسی و لەگەڵ دوژمن و نەیاری خۆی و ئاژەڵەکەیدا بەشەڕ هاتووە، وە بەم هۆیەوە کورد لە پلەوپایەی یەکەمدا، بەجەرگ و نەترس و شەڕکەر پەروەردە بووە و بۆیە لە هیچ شتێک سڵ ناکا و پەروای لە کەس نییە.

گەلی کورد پاش ئەو ژیانە کە لە دەشت و چیادا بردیە سەر، بەرە بەرە لە شوێنێکا ستاری گرت و نیشتەجێ بوو و ئەوسا بەدەم ئاژەڵدارییەوە خەریکی کشتوکاڵ بوو و ئیتر سەرگەرمی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو و بەدەم ئەمانیشەوە، فێری خەت و نووسینیش بوو و کەم کەم بۆ پەرەدانی فەرهەنگ و وێژەکەی خۆی هەنگاوی هەڵگرت و شان بەشانی نەتەوەکانی تر بۆ پێشخستنی فەرهەنگ و هونەر تێ کۆشا و خۆی نواند.

مێجەر سوون کە یەکێ لە خۆرهەلآتناسانە، لە گەشتنامەکەی خۆیدا دەڵێ: کورد زۆر ئازا و بەجەرگ و نەترسن، حەز لە ڕاووشکار و یاری دەکەن. پێیان خۆشە کە لە دەشت و دەر و شاخ و کێوا ژیان بەرنە سەر، وە لە ژێردەستەیی و نۆکەری ڕقیانە و قسەیان یەکە و زۆر زیرەک و وریان، زوو فێری زمان و کار و پیشە دەبن و نیشتمان و مەڵبەندی خۆیانیان

زۆر خۆش دەوێ و لەسەری، خۆیان دەدەنە کوشت. گەلێ بەخشندە و دڵاوا و جوامێر و لێبووردو و مێواندار و مێوانپەروەرن. ژن لە ناو کوردا پایەیەکی بەرزی هەیە و پیاوی کورد گەلێ ڕێزی ژنەکەی دەگرێ و لە کاروباری خۆیا پرسی پێ دەکا. ژنیش شان بەشانی مێردەکەی کار دەکا: لە جووتکردن و ئاژەڵداری و ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن و خەرمان هەڵگرتن شان بەشانی مێردەکەی تێ دەکۆشی. ژنی کورد زۆر داوێن پاکە و ئەگەر داوێن پیسیی لێی ڕووبدا ئەوا دەیکوژن. کچ بەئارەزووی خۆی شوو دەکا. دڵداری و ڕەشبەڵەک لە ناو کوردەواریدا باوە و هەموویان حەز لە شایی و زەماوەن و هەڵپەڕکێ دەکەن. ئەمە ئەوە پیشان دەدا کە کورد دڵتەڕ و ڕووخۆش و بەهۆش و وریان.

## ئاین و بڕوا لە ناو کوردا:

نەتەوەی کورد لە هەموو خول و دەورێکا پابەندی دین و ئاین بووە. کوردەکان لە بەرەبەیانی مێژوودا سەرەتا وەکو نەتەوە ئارياييیەکانی تر سروشتیان بەخوا زانیوە و پەرستوویانە و خۆیانیان بەپەرستنی خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاو و با و برووسکە و ئەم جۆرە شتانەوە خەریک کردووە و لاشە و کەلاکی مردووەکانیان سەرەتا بەخاک نەسپاردووە و ناویاننەتە بان تاشە بەردەکان و لووتکە بەرزەکان، تا لاشخۆران و دڕندەکان بیانخۆن و ویستوویانە بەم جۆرە دیسانەوە خۆیان بخەنە ناو لەشی جانەوەرەکانەوە. لە پاشا ئەم ڕەوشتەیان لەناوبردووە و مردووەکانیان ناونەتە ناو هەوێن و لە کێوەکانا بەخاکیان سپاردوون.

پاشان زەردەشت لە بنەماڵەی ئەسپیتمانی ماد لە ئازەربایجاندا پەیدا بووە و خەڵکی بۆ پەرستنی خوای تاق و تەنیا بانگهێشت کردووە و خەڵکیش ئاینەکەیان وەرگرتووە و بڕوایان پێ هێناوە و ئەوسا لەسەر ڕێ و ڕچەی ئەو ڕۆیشتوون.

زەردەشت یازەرتوشترە کوڕی پووروشەسپ و لە بنەماڵەی سپیتەمەیە، کە بەپێی وتەی هرتسفلد، سپیتەمە یا سپیتامە یەکێ لە بنەماڵەکانی مادە کە لە شاری ڕەگا یا ڕەیدا فەرمانڕەوایییان دەکرد. پلینووسی گەورەیش کە لە (٢٣ – ٩٧ی زاین)دا ژیاوە، لە پەڕاوی (مێژووی خۆڕسکی)دا زەردەشتی بەناوی (زەردەشتی مادی) ناوبردووە. لە پەڕاوی (انجمن آراي ناصري)دا هاتووە کە زەردەشت لە کەناری گۆمی شێز کە لە نزیکی تیکانتەپەی هەوشاردایە لە دایک بووە و پاشان چووەتە کێوی سەبەلان و لەوێدا خوا کردوویەتە پێغەمبەر و ئەوسا چووەتە ڕەی و لە ڕەییەوە ڕۆیشتووەتە پایتەختی لوهراسپ و گوشتاسپ و خەڵکی ئەو ناوچەیە هێناوەتە سەر ئاینەکەی خۆی. هەندێکیش لە مێژوونووسان لایان وایە کە زەردەشت خەڵکی لای دەریاچەی ورمێ بووە.



لە بارەی مێژووی لە دایک بوونی زەردەشتەوە لە نێوان مێژوونووساندا جیاوازی هەیە. گەلێ لە مێژوونووسانی یۆنانی وەکو ئەرەستوو و ئەفلاتوون و ئیکزان تووس لایان وایە کە زەردەشت لە نزیکەی ٦٥٠٠ ساڵی پێش زاین لە ئازەربایجاندا لە دایک بووە. بەڵام گەلێ لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی هاوچەرخ، ئەم بیروڕایەیان ڕەد کردووەتەوە ئەم مێژووەیان بەهەڵە زانیوە.

دوکتۆر محەمەدی موعین لە پاش لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی مێژووی ژیانی زەردەشتەوە کە کردوویەتی، لای وایە کە زەردەشت لە ساڵی ٦٦٠ی بەر لە زاین پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە تەمەنی بیست ساڵیدا گۆشەگیر بووە و لە سی ساڵیدا لە لایەن خواوە بووەتە پێغەمبەر و لە نزیکی کەناری گۆلی ورمێدا لەسەر کێوی سەبەلاندا سرۆشی بۆ هاتووە و لە چل و دوو ساڵیدا واتە لە ساڵی ٦١٨ی بەر لە زایندا چووەتە بەڵخ و کەی گوشتاسپی هێناوەتە سەر ئاینەکەی و لە ساڵی ٥٨٣ لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵی شەڕێک لە نێوان ئەمان و ئەرجاسپی تۆرانیدا ڕووی داوە و زەردەشت لەو شەڕەدا لە ئاتەشکەدەی بەڵخ کوژراوە.

ئەگەر ئەم قسە ڕاست بێ و زەردەشت لە ساڵانی (٦٦٠ – ٥٨٣ی پێش زاین)دا ژیابێ دیارە ئەو لەگەڵ دوو پاشای هەرە گەورە و بەهێزی مادا واتە: فەروەرتیش (٦٤٧ – ٦٢٥ی پێش زاین) و هووەخشەتەرەدا (٦٢٥ – ٥٨٥ی پێش زاین) هاوچەرخ بووە. ئەی بۆ لە پەڕاوەکەیدا ناوێکی لەوان و شاری هەگمتانەوە نەبردووە؟ و ئەمانە هەمووی بووەتە هۆی ئەوە کە هەندێ لە لێکۆڵەران و مێژوونووسان، مێژووی ژیانی زەردەشت گەلێ کۆنتر لەم بەروارە دانێن. بۆ وێنە دالای پارسی لای وایە کە زەردەشت لە ساڵی ١٠٠٠ی بەر لە زایندا لە دایک بووە.

هرتل لای وایە کە زەردەشت لە دەوری ویشتاسپی هەخامەنشیدا لە دایک بووە و لمان هاوپت بیروڕای ئەوەیە کە زەردەشت لە زمانی داریووشی هەخامەنشیدا سەری هەڵداوە. بەڵام وست و جاکسن و هەندێکی تر ئەم بیروڕایەیان پێ دروست نییە و لایان وایە کە زەردەشت لە (٦٦٠ – ٥٨٣ بەر لە زاین)دا ژیاوە، وە، ئەم مێژووەش لە پەڕاوەکانی (بوندهشن) و (ئەرتای وێرافنامە) و هەندێ پەڕاوی تر کە بەزمانی پەهلەوی نووسراون، هاتووە.

زەردەشت لە نامیلکەی گاتاکاندا لە بەشی زەماوەنی کچەکەیا، خۆی لە بنەماڵەی سپیتەمە دادەنێ کە یەکێ لە بنەماڵەکانی مادە. پلینووسی گەورەش، زەردەشتی بەناوی زەردەشتی مادی ناوبردووە و گەلێ لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانیش هەر ئەم بیروڕایەیان هەیە. کەوابوو لە مادی بوون و کوردبوونی زەردەشت شک و گومانێ نامێنێتەوە جگە

لەوەش زۆربەی مێژوونووسانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتناسان لایان وایە کە زەردەشت لە ئازەربایجاندا سەری هەڵداوە و پەڕاوی ئاڤێستاشی بەزمانی زگماکیی خۆی نووسیوە کە لەگەڵ زاراوەی گۆرانیی ئێستادا تۆفیرێکی وای نییە. ئاڤێستای کۆن نەماوە و لەناوچووە، بەڵام ئەو ئاڤێستایەی کە ئێستا لە ناو زەردەشتییەکاندا باوە، داگری پێنج جزم یا پێنج بەشە بەناوانی: یەسنا، یەشتەکان، ویسپەرەد، وەندیداد، خوردە ئاڤێستا.

زەردەشت لە ئاڤێستادا خەڵک بۆ پەرستنی خوای تاق و تەنیا (ئەهوورامەزدا) بانگ دەکا و داوا لە خەڵک دەکا کە قسە و بیر و کردەوەیان چاک بێ و لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا تێکۆشن و هەتا دەتوانن زەوی بکێڵن تامرۆ و پەلەوەر سوودی لێ وەرگرن. هەر کەسێک دەبێ خەریکی کارێک بێ و لە تەمبەڵی و تەوەزەلی خۆی بپارێزێ.


لە نامیلکەی (وەندیداد)دا زەردەشت لە خوای مەزن دەپارێتەوە و دەڵێ: "ئەی خوای تاق و تەنیا و ئەی داهێنەری زەوی، پێم نالێی کە خۆشترین شوێنی زەوی لە کوێدایە؟ ئەهوورامەزدا وتی: ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان، خۆشترین شوێنی زەوی ئەو شوێنەیە کە پیاوی پارێزگار دەبێ ماڵێ دروست کا کە ئاگردانێکی تێدا بێ و هەروەها گا و مەڕ و ژن و منداڵ و خاوخێزانی زۆری تێدا بێ. وە باشترین جێ ئەوەیە کە ئاردی زۆر و سپڵۆتی زۆر و ژن و منداڵی زۆر و ئاگری زۆر و کەلوپەلی پاک و خاوێنی بەزۆری تێدا بێ. خۆشترین شوێنی زەوی، شوێنێکە کە خەڵک خەلە و ئاڵف و داری میوەی زۆریان هەبێ و لە زەویی وشک ئاو دەرکەن و زەویی زۆنگاو نەهێڵن. زەردەشت بەئەهوورامەزدای وت: ئایا خۆشترین جێگای تر لە کوێدایە؟ ئەهوورامەزدا، وەڵامی دایەوە و وتی: ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان، ئەو جێگا و شوێنەیە کە چاروای جۆراوجۆری تێدا بەخێو بکرێ و پتر زاوزێ بکا. ئەو شوێنەیە کە مەڕوماڵات کوودی زۆرتر بدا ئەو شوێنەیە کە خەڵک پتر کشتوکاڵ بکا و دار بنێژێ و زەوی تێراو کا و ئاو لە زەوی دەربێنێ. زەوینێک کە کشتوکاڵی تێدا نەکرێ، وەکو ژنێکی جوان و پێکەوتوو وایە کە زک نەکا و منداڵی نەبێ.

هەروەها وتمان بەشێ لە پەڕتووکی ئاوێستا بەناوی "گاتاکان" بەهۆنراوی هیجایی هۆنراوەتەوە کە هی زەردەشتە. کەوابوو زەردەشت بەیەکەمین هۆنەری کورد دەژمێررێ. ئەمەش نموونەیەک لە هۆنراوەکانی ئەو کە دەڵێ:

یەممە(*) خشتەر ئاوروەهە     نویت ئەوتەم ئانهە نویت گەرمەم
نویت زووروو ئانهە نویت مرتیوش     نویت ئەرەسکوو دێوە ئەوداتوو

(*) یەم: جەم. خشتەر: شا، پادشایی. ئاوروو: ناودار، بەناوبانگ. ئەوت: سەرما. زووروو: زورهانی، پیری. مرتیوش: مەرگ. ئەرەسک: ڕژدی، قرنوسی. دێوە: دێو.





واتە: لە پادشایی جەمی بەناوبانگ، نە سەرما بوو نە گەرما
نە پیری بوو نە مەرگ، نە قرنووسی و ڕژدی دێوان.

لە پاشا کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام هاتووە، کوردەکان باوەشیان کردووەتەوە بۆ ئیسلام و بەگیان و دڵ بڕوایان پێ هێناوە و لە ڕێی ئیسلامدا خۆیان داوەتە کوشت و بۆ پەرەسەندنی ئاینەکەیان لە گیانی، خۆیان بوردوون، ئێستاش کەم دێ و گوند و شارۆچکە هەیە کە مزگەوتی تیا نەبێ.

## شوێنی کورد

ئەو شوێنەی کە کوردی تێدا دەژی پێی دەڵێن کوردستان. لە "دائرە المعارف الاسلامی"دا هاتووە کە کوردستان پارچە زەویەکی بچووکە لە باشووری خۆرهەڵات کە لە لوڕستانەوە دەست پێ دەکا تا مالاتیە بەلای باکووری خۆرئاواوە. دوکتۆر محەمەدی موعین دەڵێ: کوردستان پارچە زەوینێکە لە ئاسیای خۆرئاوا کە لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیە و سوریا و ڕووسدا دابەش کراوە. هەتا حەزکەی شوێنێکی پڕ پیت و پێزە و کانی زۆری وەکو: کانی نەوت و کانی مس و گۆگرد و جیوە و زێڕ و زیوی تێدایە. وشەی کوردستان لە زەمانی سەلجووقییەکاندا باو بووە. (حەمدوڵڵا مستەوفی) ئەم شوێنانەی لە ڕیزی شارەکانی کوردستاندا هێناوە: "ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزوور، کەنگاوەر، قرمیسین، کرند و خۆشان، مایدەشت، هەرسین و وەستام".

کوردستان شوێنێکی شاخاوییە و جێی کشتوکاڵیشی زۆرە و گەلێ دارستان و بێشە و چەم و ڕووبار و تاڤگەی تێدایە و هەواکەی بۆ مرۆ و گیاندار سازگارە. لە کشتوکاڵدا ئەم دانەوێڵانەی تێدا دێتە بەرهەم: "گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی، گاڵ، نۆک، نیسک، کونجی، ماش" و ئەم چەشنە دانەوێڵانە.

لە میوەدا ئەم میوەیانەی تێدا دێتە بەرهەم: "سێو، هەنار، هەنجیر، قەیسی، گوێز، زەیتوون، هەرمێ، هەڵووژە، ترێ، سنجوو" و ئەم چەشنە میوەیانە. لە ئاژەڵ و ماڵاتا ئەمانە

بەخێو دەکرێن: مەڕ، بزن، گا، مانگا، ئەسپ، ئێستر، کەر" و ئەم جۆرە ماڵاتانە.

ئەو شتانەی کە وەرزێران و جووتیاران دێننیە بەرهەم و دەیفرۆشن ئەمانەیە: "گەنم، جۆ، تووتن، خوری، ڕۆن، کەرە، پەنێر، ماست، هەنگوین، مەڕ، بزن، گا، مانگا، ئەسپ، بەڕە، ڕایەخ" و ئەم جۆرە شتانە. هەمەچەشنە پەلەوەرێکیش بەهۆی ئاووهەوای سازگاریەوە لە کوردستاندا هەیە.

شارەکانی کوردستانی ئێران بریتین لە: "سنە، کرماشان، بەهار، سەڵماس، سابلاخ، بۆکان، میاندواو، خۆی، شنۆ، سەردەشت، بانە، بیجار، تیکان تەپە، ساینقەڵا، ورمێ، قوروە، کرند، سەحنە، سونقور، خۆرەم ئاوا، شاری کورد" و هەندێ شاری تر.

شارەکانی کوردستانی عێراق بریتین لە: "سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک، ئاکرێ، زاخۆ، کۆیە، کفری، ڕەواندز، پێنجوێن، هەڵەبجە، بەدرە، مەندەلی، خانەقین، مووسڵ" و هەندێ شاری تر.

شارەکانی کوردستانی تورکیە بریتین لە: "دیاربەکر، بدلیس، ئەرزڕۆم، بایەزید، قارس، ئەرزنجان، دێرسم، ئۆرفە، مووش، ئەخلات، ماردین، باشقەڵا" و هەندێ شاری تر. کوردەکانی سووریاش پتر لە شاری (قامشلی)دا نیشتەجێن و کوردەکانی ڕووسیەش لە شاری (ئیرەوان)دا دەژین.

### سەرچاوەکان:


١- خلاصە تاریخ الکرد وکردستان - تالیف محمدامین زکی بک - قاهرە ١٩٣٩.

٢- تاریخ الامارات والدول الکردیە - تالیف محمدامین زکی بک - قاهرە ١٩٤٨.

٣- القضیە الکردیە، تالیف دکتور بلچ شیرکۆ - قاهرە ١٩٣٥.

٤- الاکراد تالیف مینورسکی - ترجمە معروف خزنەدار - بغداد ١٩٦٨.

٥- الاکراد فی بهدینان - تالیف انور المائی - بغداد ١٩٦٠.

٦- المسالک والممالک، تالیف ابوالقاسم ابن خردادبە - لیدن ١٩٢٦.

٧- اخبار الطوال، تالیف ابوحنیفە الدینوری - لیدن ١٨٨٨.

٨- نزهە القلوب، تالیف حمدالله مستوفی قزوینی باهتمام محمد دبیرسیاقی - تهران ١٣٣٦.

٩- تاریخ مردوخ تالیف ایە الله مردوخ کردستان - تهران ١٣٢٤.

١٠- شرفنامە تالیف امیر شرف خان بتلیسی بەهتمام محمد عباسی - تهران ١٣٤٢.

١١- تاریخ ماد تالیف دیاکونوف، ترجمەی کریم کشاورز - تهران ١٣٤٦.

١٢- زمان زرتشت، تالیف پروفسور کاتراک - تهران ١٣٤٥.





١٣- گاتاها - گزارش پورداود - تهران ١٣٢٩.

١٤- زرتشت وتعالیم او، تالیف هاشم رضی - تهران ١٣٤٤.

١٥- مزدیسنا وتاثیر آن در ادبیات فارسي تالیف دکتر محمد معین - تهران ١٣٣٨.

١٦- انجمن آراي ناصري، تالیف رضا قلي خان هدایت - تهران ١٢٢٨هـ.

١٧- تاریخ ادبیات ایران، تالیف دکتر رضا زادە شفق - تهران ١٣٢٤.

١٨- کورد و کوردستان نووسینی محەمەدئەمین زەکی - بەغدا ١٩٣١.

١٩- مێژووی ئەدەبی کوردی - نووسینی عەلادین سەجادی - بەغدا ١٩٥٦.

20- Pline’ Histoire Naturelle, traduit par M. E. Littre. Lome 2 Paris 1883.

21- M. N. Dhalla’ Zoroastrian thedogy. New York, 1914.

## مێژووی فەرهەنگ و وێژەی کوردی

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدان، وا دەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد شارستانیەتێکی بەرزی هەبووە و هەر لەمێژەوە خەت و نووسین و فەرهەنگی هەبووە و شان بەشانی نەتەوەکانی تر بۆ پێشخستنی زانست و فەرهەنگ هەنگاوی هەڵگرتووە. بەڵام زۆربەی شوێنەوارەکانی بەهۆی تێپەڕینی زەمان و پشێوی و ئاژاوەی جیهانەوە، لەناوچوون. ئەو نووسراوانەش کە ماونەتەوە گرنگترین بەڵگەن بۆ پیشاندانی شان و شکۆ و فەڕی نەتەوەی زانستپەروەری کورد.

هرمیپوس کە لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا ژیاوە و هاوچەرخی هەخامەنشییەکان بووە، دەڵێ: ئێرانییەکان پەڕاوێکیان هەیە بەناوی (ئاڤێستا) کە بەزمانی مادی نووسراوە. هێرۆدۆت مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی لە مێژووەکەی خۆیدا نووسیویە دیائەکۆ دامەزرێنەری زنجیرەی پادشایەتی ماد لە پێش دادپرسیندا سکاڵای دەخوێندەوە. کیتزیاسی یۆنانی کە پزیشکی دەرباری ئەردەشێری بابەکان بووە. پەڕتووکێکی مێژوویی نووسیوە و لە ڕۆژنامەکانی دەرباری شاهانە دەدوێت و ئەم هەواڵە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەو سەردەمەدا ڕووداوەکانیان لە ڕۆژنامەی تایبەتی دەرباریدا تۆمار دەکرد. گەزنەفۆنی یۆنانییش لە پەڕاوەکەی خۆیدا کە ناوی (پەروەردەکردنی کوورش)ە باسی قوتابخانە و خوێندن و ڕاهێنان لە ئێران دەکات، هەروەها ئەفلاتوونی زانا و پلۆتارکی مێژوونووس و چەند مێژوونووسێکی تریش لەم بارەوە گەلێ چتیان نووسیوە.

ئەو بەشەی لە تەورات کە لە زەمانی هەخامەنشییەکاندا نووسراوە، باسی یاسا و خوێندن و نووسین و فەرهەنگی مادەکان دەکا، وە بەپێی ئەم بەڵگانە وا دەردەکەوێ کە لە کوردستاندا نووسین و خوێندن و سکاڵا و ڕۆژنامە و فەرهەنگ و دادگا و دادپرسین هەبووە و نەتەوەی کورد خاوەنی دەسەڵات و فەرهەنگ و زانیاری بووە و هەروەها سەرمەشقی پێشکەوتن و فەرهەنگ و هونەریان بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان داداوە و هەرچەند زۆربەی شوێنەوارەکانی پێشوومان بەهۆی تێپەڕینی ڕۆژگار، تیاچوون، سەرەڕای ئەوەش تەختە بەردەکانی بێستوون و سەرپێڵی زەهاو و تەختی سلێمان و شوێنەوارەکانی تری کوردستان کە ماونەتەوە گەورەترین بەڵگەن بۆ پیشاندانی ژیار و شارستانیەتی نەتەوەی کورد.



### سەرەتای پەیدابوونی زمان

زانایان تا ئێستا بۆیان دەرنەکەوتووە کە مرۆ سەرەتا لە چ شوێنێکی جیهاندا پەیدا بووە و یا لەوێوە بۆ کوێ ڕۆیشتووە و لە کوێدا نیشتەجێ بووە؟ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە مرۆ سەرەتا لە شوێنێکدا ژیاوە و بەزمانێک قسەی کردووە و پاشان بەرە بەرە زۆر بووە و پەلوپۆی لێ بووەتەوە و ناچار بەملا و بەولای جیهاندا بڵاوەی کردووە و ئەوسا دابەش بووەتە چەند گرۆ و دەستە و کۆمەڵ و هەر کۆمەڵێک شێوە زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا کردووە. زماناسان لەسەر ئەو بیروڕایەن کە زمان سەرەتا سادە بووە و لە دەنگی با و باران و گیاندار و جانەوەر و کردەوەی ئادەمیزادەوە پەیدا بووە و لە پاشا بەرە بەرە کە مرۆ پێش کەوتووە و شارستانیەتی پەیدا کردووە، زمانەکەیشی پێش کەوتووە. بۆ بیروڕای ئەو زانایانە دەتوانین ئەم دەنگانە کە لە زمانی کوردیدا هەیە بخەینە بەرچاو وەکو:

"(لوورە)ی گورگ و (وەڕە)ی سەگ و (بۆڕە)ی گا و (نەڕە)ی شێر و (باڕە)ی مەڕ و (قاڕە)ی بزن و (حیلە)ی ئەسپ و (واقە)ی ڕێوی و (قووقە)ی کەڵەشێر و (قرتە)ی مریشک و (قاسپە)ی کەو و (جریوە)ی مەل و (هاژە)ی ئاو و (گڤە)ی با و (گرمە)ی تۆپ و (تەقە)ی تفەنگ و (جووکە)ی جووجەڵە و (جیڕە)ی دەرگا و (چرکە)ی سرمیچ و (خرتە)ی مشک و (خرچە)ی شووتی و (خوشە)ی شیر و (خوڕە)ی ئاو و (زرمە)ی پێ و (زیڕە)ی پڵنگ و (زرنگە)ی پاوان و (کیفە)ی مار و (قلّپە)ی گۆزە و (قوڕە)ی مانگا و (گرمە)ی هەور و (منگە)ی لووت و (میاوە)ی پشیلە و ئەم جۆرە دەنگانە کە لە کوردیدا وێنەیان زۆرە.

زانایان و زماناسانی کورد لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە زمانی کوردی لکێکە لە زمانەکانی هیندوئوروپایی و بنچینەی زمانی کوردی زمانی ئارییە. ئاری بەپێی پەڕاوەکانی کۆنی هیند، ناوی یەکەمین نەتەوەیەک بووە کە بەو زمانە قسەیان کردووە و دوو هەزار ساڵ پێش زاین لە مەڵبەندەکەی خۆیان بەرەو وڵاتەکانی تر وەکو هیند و ئێران کۆچیان کردووە و لەوێدا نیشتەجێ بوون و ئەوسا زمانەکەیان بەرە بەرە گۆڕاوە و لک لک بووەتەوە. بەڵام بەپێی وتەی هەندێ لە زانایانی ئێرانی، مەڵبەندی بنەڕەتیی ئارییەکان هەر ئێران بووە و زمانی مادی و پارسی لەو سەرچاوەوە پەیدابوون و ئەوسا بەپێی تێپەڕینی ڕۆژگار هەر کام لەو دوو زمانە چەند لکیان لێ بووەتەوە و گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

### سەرەتای پەیدابوونی خەت لە ئێراندا:

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئادەمیزاد سەرەتا نەیتوانیوە بنووسێ و خەتێکی بۆ نووسین نەبووە و بۆ تێگەیاندنی مەبەستی خۆی هەر لە قسە کەڵکی وەرگرتووە. مێژووی خەت و

نووسین نازانرێ، بەڵام وا دیارە کە یەکەمین خەت و نووسینی مرۆ زۆر سادە و منالآنە بووە و بەئەم چەشنە خەتە خەتی وێنەییان وتووە، واتە وەکو وێنە کێشاویانە و مەبەستی خۆیان بەم چەشنە بەیەکتر ڕاگەیاندووە.




خەت لە ناو نەتەوەکاندا بەرە بەرە گۆڕاوە و ئەلف و بێیان بۆی داناوە و ئەوسا خەتێکیان بەناوی خەتی مێخی داهێناوە و ڕووداوی شەڕەکانیان لەسەر تاشە بەردی کێوەکان، بەو خەتە، هەڵکەندووە. خەتی مێخیی ئێرانی لە تەواوی خەتە مێخییەکانی بابلی و ئاشووری سادەتر و جوانترە و هەروەها لەگەڵ خەتی بابلی و ئاشووری و عیلامیدا زۆر جیاوازیی هەیە. چونکە زانایانی ئێرانی لە ڕووی خەتی مێخیی بابلییەکان، خەتێکی ڕێکوپێکی مێخییان داهێنا و ئەو بەردە نووسراوانەی کە لە تەختی جەمشید و بێستوون و هەمەدان و شوێنەکانی تری ئێراندا پەیدابوون، نموونەیەکن لەو چەشنە خەتە. تەواوی بەردە نووسراوەکانی دەوری هەخامەنشی بەخەتی مێخی نووسراون کە ئەلف و بێی ئەو خەتە داگری ٣٦ پیتە بەم چەشنە:






## ئەلف و بێی پارسی





دیاکۆنۆف لە پەڕاوی (مێژووی ماد)دا دەڵێ: ڕێکخستن و شێوەی نووسینی بەردە نووسراوەکانی پارسیی کۆن بەتایبەت دابەشکردنیان بەچەند بەش و هەر بەشێک بەچەند ڕستە لە بابل و عیلام وەریان نەگرتووە، بەڵکو لە (ئۆرارتوو). خوازراوەتەوە و ئەوە خۆی بۆمان دەردەخا کە پارسەکان خەتی مێخییان لە (مادەکان) وەرگرتووە و دیارە زمانی مادی زۆر کاری کردووەتە سەر زمانی پارسی و ڕەنگە ئەلف و بێکەشیان هەر لە مادەکان وەرگرتبێ. بەڵام تا ئێستا بەردە نووسراوێک بەخەتی مادی پەیدا نەبووە کە ئەو مەبەستەمان بۆ ڕوون کاتەوە.

## خەتی ئاڤێستایی

ئێرانییەکان جگە لە خەتی مێخی، خەتێکی تریان هەبووە کە خەتی ئاوێستاییییان پێ وتووە و ئەم خەتە کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ ئەنووسرێ، داگری چل و چوار پیتە و سەر و بۆر و ژێری بەپیت دەنووسرێ و کەموکوڕیی زۆری تێدا نابینرێ، پەڕتووکی ئاوێستاش بەم خەتە نووسراوە، سەرجەم زانایان و خۆرهەڵاتناسان لایان وایە کە زمانی ئاڤێستایی هەر ئەو زمانەیە کە مادەکان قسەیان پێ کردووە، نموونەی خەت و ئەلف و بێ ئاڤێستایی:



مامۆستا حەمە تەقیی بەهار لە پەڕاوی (سبک شناسی) لاپەڕەی ٦٥دا ئەڵێ: پیتی ئەلف و بێی مێخی مادی ٤٤ پیت بووە کە ٣٤ پیتی ئەو پیتانە لە پیتی مێخیی ئاشوورییەوە وەرگێڕاون و ئەو شەش پیتەکەی تری خۆیان دایان هێناون، پاشان کە هەخامەنشییەکان هاتنە سەر کار و دەسەڵاتیان پەیدا کرد، ئەو ئەلف و بێیانەیان لە بەردە نووسراوەکانی خۆیاندا بەکار برد. ئەو شەش پیتە کە مادەکان دایان هێناون ئەمانەن:





دەبێ ئەوەش بزانین کە کاتێک دەوڵەتی ماد بەدەستی کووڕشی پارسییەوە لەناوچوو، ئیتر لەبەر ناحەزییەکەیان بۆ لەناوبردنی شوێنەواری ماد هەوڵیان داوە، مادەکانیش لەبەرئەوەی لەناو خۆیاندا ناکۆک بوون، تەقەلا و کۆششی ئەوان سەری گرتووە. هیرۆدۆت کە لە ساڵی ٤٥٠ی پێش زاییندا ڕۆیشتووتە خۆرهەڵات و بەئێراندا گەڕاوە، دەڵێت: کە من چوومە ئێران، ناوبانگ و شوێنەواری مادەکان لە ناو خەڵکا زۆر کەم بوو بووەوە و خەڵک ڕووداوەکانی پێشوویان لەبیر نەما بوو؟ وە بەبڕوای ئێمە ڕەنگە هەموو شوێنەوار و بەردەنووسراوێکی ئەوانیان لەناوبردبێ و ئیتر شتێک بەدەستەوە نەما بێ.



## خەتی پەهلەوی


ئێرانییەکان خەتێکی تریان بەناوی خەتی پەهلەوی بووە کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و داگری ٢٤ پیتە و کۆنترین شوێنەواری ئەم زمانە کە تا ئێستا کەوتووەتە دەست، چەند قەواڵەیەکە کە لە هەوراماندا دۆزراوەتەوە و لەسەر پێستی ئاسک نووسراون. پیتەکانیان بەم چەشنەن:



## خەتی ماسی سۆراتی


کوردەکان خەتێکی تریان هەبووە بەناوی خەتی ماسی سۆراتی کە داگری ٣٧ پیت بووە. (ابن وحشیه) لە پەڕاوی (شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) کە لە ساڵی ٢٤١ی کۆچیدا بۆ (عبدالملک مروان)ی نووسیوە، ئەڵێ: کوردەکان زۆربەی نووسراوەکانی خۆیانیان بەخەتی ماسی سۆراتی دەنووسی. لە گەڕەکی ناووسی بەغدادا چاوم کەوتە سی بەرگ پەڕتووکی کوردی کە بەخەتی ماسی سۆراتی نووسرابوون. ئێستاش لە شامدا دوو بەرگ لەو پەڕتووکانەمە لە لایە کە یەکێکیان باسی پەروەردەکردن و چەقاندنی داری خورما و درەختانی تر ئەکا و ئەویتریشیان لە بابەت دۆزینەوەی ئاوە لە جێگایانی وشک و بێ ئاودا، وە من ئەوانەم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی تا هەموو کەڵکی لێ وەرگرن. ئەو ئەلف و بێیە کە بەماسی سۆراتی ناسراون و لە دوای پێکگرتنی تەواوی پیتەکانی ئەبجەدی لە ئەلفەوە تا خێ چەند پیتێکی تریشیان تێدایە کە لە دەستووری پیتان پترە. پیتی بێ و جێشی لێ جیاکراوەتەوە کەچی هێشتا حەوت جۆرە پیتی تریشیان هەیە کە لە هیچ زمانێکی تردا نین و دەنگیان لە هیچ ئەلف و بێیێکی تردا نییە و بۆ ئەو شەش پیتانە هیچ دەنگ و وێنەیەکمان لە ناو هیچ ئەلفبابێیەک و زمانێکا نەدۆزیوەتەوە، دیارە دەنگ و خۆستێکی زۆر سەیریان هەیە و هەر بەهۆی ئەم پیتانەوەیە کە خوێندنەوەی هەموو نووسراوێک بەهەر زمانێک بۆ کوردەکان ئاسانە و تەنانەت قورئانیش وەکو عەرەبێکی دەشتەکی دەخوێننەوە و بەڵکو

باشتریش دەیخوێنینەوە. هەروەها گەلێک وشە لە ڕەگوڕیشەدا کوردین و عەرەبەکان لە کوردەکانیان وەرگرتووە و ئێستا بەناوی زمانی عەرەبییەوە بەکاریان دەبەن کەچی ئەو وشانە ڕەگوڕیشەیان تەنیا لە زمانی کوردیدا دەدۆزرێتەوە. پیتەکانی خەتی ماسی سۆراتی بەم چەشنەن:



## خەتی ئێزیدی

کوردەکان خەتێکی تریان هەبووە کە ئەم خەتە بەخەتی ئێزیدی ناسراوە و داگری ٣١ پیت بووە. ئەم خەتە کە لە ڕاستەوە دەنووسرێ، لە خەتی ئاڤێستایی و پەهلەوی و عەرەبی وەرگیراوە و پتر لە ناو یەزیدییەکاندا باوبووە. پەڕاوی جلوە و مەسحەفا ڕەش و هەندێ نامیلکەی ئاینیی تر بەم خەتە نووسراون و بەیادگار ماونەتەوە.




## بنج و بناوانی زمانەکانی کۆنی ئێرانی:

زمانەکانی کۆنی ئێرانی کە هەروەک وتمان، سەرچاوەیان دەچێتەوە سەر هیند و ئۆروپایی و لەم ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تری ئاریایی وەکو سانسکریت و یۆنانی و لاتینی خزمایەتییەکی نزیکیان هەیە. زمانەکانی کۆنی ئێرانی دەکرێنە سێ بەشەوە: «پارسیی کۆن، ئاڤێستایی، پەهلەوی» زۆربەی بەردە نووسراوەکانی پاشایان و خونکارانی دەوری کۆن بەزمانی پارسیی کۆن نووسراون. وە پەڕاوە ئاینییەکانیش دیارە بەزمانی ئاڤێستایی نووسراون. زمانی پەهلەوی و ماسی سۆراتییش تایبەت کراون بەپەڕاوە زانستییەکان کە زۆربەیان تەرجەمە کراونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و گەلێکیشیان بەهۆی تێپەڕینی ڕۆژگارەوە تیاچوون.



## زمانی پارسیی کۆن:

زمانی پارسیی کۆن، زمانی ئەو دەستە ئاریاییانەیە کە لە ناوچەی (پارس) یا (فارس)دا نیشتەجێ بوون. شوێنەواری زمانی پارسیی کۆن هەر بەردە نووسراوەکانی پاشایانی هەخامەنشین کە لە هەموویان گرنگتر و بەناوبانگتر بەردە نووسراوەکەی (داریووش)ە کە لەسەر شاخی بێستووندا هەڵکەنراوە. داریووش لەم بەردە نووسراوەدا باسی سەرکەوتن و پیرۆزیی خۆی بەسەر دوژمنەدا دەکات و بەئەهوورامەزدادا هەڵدەڵێ و دەڵێ: "خوایا ئەم وڵاتە لە درۆ و ناپاکی و نادروستی بپارێزە". ئەوا چەند ڕستە لە شوێنەواری زمانی پارسیی کۆن کە لەسەر کێوی بێستووندا هەڵکەنراون وەک نموونە دێنینەوە:



"دارەیەوە ئووش خشایەتیە وەزەرکە خشایەتیە خشایەتیا نام خشایەتیە دە هیو نام هشتاسپەهیا پوتر هەخامەنشیاهی ئەمەم تەچەرەم ئکەونووش".

واتە: داریووش شای گەورە شای شایان، شای وڵاتەکان، کوڕی گوشتاسپی هەخامەنشی کە ئەم کۆشکەیەی دروست کرد.

## زمانی ئاڤێستایی:

هەروەها وتمان زۆربەی زانایان و خۆرهەڵاتناسان و لێکۆڵەران لایان وایە کە سەرچاوەی زمانی کوردی زمانی (مادی)یە، وە زەردەشت ئاڤێستای بەو زمانە نووسیوە. مێجەرسوون دەڵێ: سەرچاوەی زمانی کوردی زمانی مادییە و بەپێی هەندێ بەڵگە کە لەم دواییەدا کەوتووەتە دەست، ئاڤێستای زەردەشت بەم زمانە هاتووەتە خوارەوە.


دارمستتر خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ دەڵێ: ئاڤێستا لە زەمانی مادەکانا بەزمانی مادی لە لایەن خواوە ناردراوە و زمانی کوردی پاشماوەی زمانی مادییە کە ئاڤێستای پێ نووسراوە. نۆلدکەش دەڵێ: ئەگەر بەردە نووسراوێ لە پاشایانی مادەوە بێتە دەست، شک دەڕوا وەکو خەت و زمانی بەردە نووسراوەکانی پارس بێ.

هێرتسفلد خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ دەڵێ: زەردەشت لە بنەماڵەی سپیتامەی مادە کە لە

ڕەگایا شاری ڕەیدا خەریکی وڵاتداری بوون. وشەی سپیتامە کە ناوی بنەماڵەی زەردەشتە لە (گـاتا)دا بەچەشنی "سـپـیـتـمـە" هاتووە کـە لە ڕواڵەتدا بەواتای ڕەگـەزی سـپـی یا لە بنەمـاڵەی سـپـییە. پلینووسی گـەورەش کـە لە (٢٣ – ٧٩)ی پێش زاین)دا دەژیا، لە جـزمی سـێـیـەمی بەندی دووی پەڕاوەکـەی کـە بەنـاوی (مـێـژووی خـۆڕسکی) دای نـاوە، دەڵێ: زەردەشت، لە بنەماڵەی مادە و ئاڤێستای بەزمانی مادی نووسیوە.

بابە یادگـار کە یەکێ لـە پیران و هۆنەرانی بـەرزی سـەدەی هەشتـەمی ئاینی یارییـە، لە پەڕاوی "زوڵاڵ زوڵاڵ"دا دەڵێ: زەردەشت کە لە بنەمـاڵەی ئەسـپیمـانە لە زەمـانی پاشـایەتیی گـوشـتـاسپ شـای کـەیانیـدا سـەری هەڵداوە و خـەڵک دەسـتـە دەسـتـە لـە دەوری ئەوا کۆبوونەتەوە و ڕێ و ڕەوشـتـەکەیان وەرگرتووە و ئەویش ئاگرگاکانی ڕۆشن کردووەتەوە و خەڵکی بۆ ناسینی خوای تاقانە هان داوە.

مینۆرسکی دەڵێ: گەرچی لە زمـانی مـادییـەوە جگە لە چەند ناوێکی تایبـەت شـتێکی تر بەجێ نەمـاوە، بەڵام بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەست، ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێ کە کـورد پاشـمـاوەی ترومی مـادە و دیارە زمـانـەکـەشـیـان لکێکە لە زمـانی مـادی کـە پەڕاوی ئاڤێـسـتـای پێ نووسراوە. هێـرۆدۆت لە مێژووەکـەیدا چەند وشـەی مـادیی هێناوە کـە ئەو وشـانە ئێستاش لە زمانی کوردیدا بەدەق بـەکار دەبرێن. بۆ وێنە هێرۆدۆت دەڵێ: مادەکـان بەدێڵەسەگ وتوویانە: سپاکۆ Sipako. کە ئێستاش لە زاراوەکانی کوردییدا بەسەگ دەڵێن: سپاک، سپا، سپە، سپڵۆت. لەبەرئەوەی بۆمان ڕوون بێتەوە کە زمانی ئاڤێستایی و کوردی هەر لەیەک ڕیشـەن، ئەوا چەند وشـەی ئاڤێسـتـایی لەگەڵ کوردیی ئێسـتـادا دێنین تا بزانرێ کە لە پاش تێپـەڕینی ڕۆژگارێکی دوورودرێژ، زمـانی کوردی لەگـەڵ ئاوێسـتـاییدا تۆفـیـر و جیاوازییەکی زۆری پەیدا نەکردووە:






بەپێی ئەو بەڵگانـەی کـە ئامـاژەمـان پێ کـردن، بۆمـان ڕوون بـووەوە کـە زمـانی کـوردی پاشمـاوەی زمانی مـادییە و زمـانی ئاوێستـاییی کە زەردەشت پەڕاوەکەی خۆی پێ نووسیوە هەر زمـانی مـادییـە. چونکە هەروەها وتمان پلینووسی ڕۆمـی کـە لە (٢٣ – ٧٩ی پ. ز)دا ژیاوە لە پەڕاوەکەیدا وتوویە زەردەشت لە بنەماڵەی ماد بووە و ئاڤێـستـای هەر بەو زمـانە نووسـیـوە. جا لە داهاتوودا ئەگەر وڵاتی مـادسـتـان یا کوردسـتـان بخرێتە ژێر هەڵکۆڵین و بەردە نووسـراوێ یا شـوێنەوارێک بکـەوێتـە دەست، ئەو مـەبەسـتـانەمـان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## زمانی پەهلەوی:


زمـانی پەهلەوی کە زمـانی دیوانی ڕۆژگاری پارتییەکان و سـاسـانییـەکان بووە لە زمـانی کـوردی دەچێ و نزیکـتـرین زاراوەی کـوردی کـە لەگـەڵ ئەم زمــانەدا هاوچەشنە زاراوەی گۆرانی و لوڕییە. مـامۆسـتـا گـیـو موکریانـی دەڵێ: کۆنترین پەڕتووکی کوردی ناوی «دین کـەرد»ە کە بەزمـانی پەهلەوی نووسـراوە کە زمـانی لوڕ و کەلـهـوڕ و شـوانانە. ئازەربود لە پاش پەیدابوونی ئیـسـلام دەڵێ: «مـن کـە ئازەربودی کـوڕی هەمــەد و پێـشـەوای بـادینانم، پەڕتووکی "دین کــەرد"م لەو قــاقــەزە دڕاوانە کــۆکــردەوە و بەیاریکاریـی خــودا دووبارە هەموویانم نووسینەوە».

بەپێی بەڵگەکان و نووسـراوەکانی کۆن، بۆمـان دەردەکەوێ کە زمـانی پەهـلەوی لکێکە لە زمانی کوردی. شەمسی قـەیسی ڕازی کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە، لە پەڕاوی "المعجم فی معاییر اشعار العجم"دا دەڵێ: باشترین و خۆشـترین کێشی هۆنراو فەهلـەویاتە کە بەهـەواکـەی هـەورامانی دەڵێن. دیارە مـەبەسـتی لە هـەوای هـەورامـانی هـەوا و ئاهەنگی خەڵکی هـەورامانی کوردستانە کە بەزاراوەی هەورامی یا گۆرانی دەدوێن.

ئیبنی خـوردادبە و هـەندێ لە جوغرافیزانانی ئیسلامی، وڵاتی پەهلـەوی زوانانیان بە"بلاد البهلویون" ناو بردووە. ئەم ناوە تا چەند سەدەی پاش ئیسلام لە تەنیشتی ناوی "الجبال" یا کوێستان لە سەرچاوەکاندا دەبینرێ. پاشان ئەم ناوە بەناوی «هەورامان» ناوبانگی دەرکرد و لە پاش مــاوەیەکی تر بەشـێــوەی «هـەورامــانات» بـەبەشـێکی بچـووک وتراوە. ئیـبـنی خوردادبـە، ناوی شـارەکـانی "بلاد البهلویون" کە بەزمـانی پەهلەوی قـسـەیان کـردووە بەم چەشنە ناوبیر کردووە: "ڕەی، ئەسپەهان، هەمـەدان، دەینەوەر، نەهاوەند، ماسیدان، سوورە وەرد، شارەزوور، میهر جانقذف".

مامۆستا مەردووخیش دەڵێ: «زمانی پەهلەوی یەکێ لە شێوەکانی کوردی بووە کە گەلێ

بەزاراوەی لوڕی و گۆرانییەوە نزیکە. ئەو وشانەی کە لە زمانی پەهلەویدا بەکاربراون، ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی دووردرێژ هەر بەکاردەبرێن. ئەوا چەند وشەی پەهلەوی لەگەڵ کوردی ئێستادا بەراورد دەکەین و هەڵیان دەسەنگێنین:




خوالێخۆشبوو ئیحسان نووری پاشا لە پەڕاوی: "مێژووی بنج و بناوانی ڕەگەزی کورد"دا دەڵێ: زمانی پەهلەوی کە لە زەمانی پارتییەکان و ساسانییەکاندا باو بووە، هەر ئەو شێوە و زاراوەیە کە لە ناو گۆرانەکاندا باو بووە و ئێستا پێی دەڵێن گۆرانی. تەنانەت دەڵێن خەسرەو پەروێز لە پاش دڕاندی نامەکەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، نامەیەکی لە کچەکەی بەزاراوەی گۆرانی پێ دەگا کە لەو نامەدا نەفرینی لێ کراوە بۆ ئەوەی کە نامەکەی پێغەمبەری دڕیوە. کۆنترین پەڕتووکێ کە بەزمانی پەهلەوی نووسراوە، بریتییە لە پەڕتووکی (دینکەرت). گەلێ پەڕتووک و نامیلکەی تر لە بارەی ڕامیاری و زانیاری و پیشە و ئەفسانە و چیرۆک و ئەستێرەناسی و پیتۆڵییەوە بەم زمانە نووسراون کە ناوی هەندێ لەو پەڕتووکانە بەم چەشنەیە: "بوندەهشن، داتستان دینیگ، ئەرداوێرافنامە، شکەند گومانیک ویژار، زات سپەرەم، مادیگانی چەترەنگ، ماتیگانی گوجەستەک ئەبالیش".

## هۆی پسانی زمانی پەهلەوی:

ئەمەوییەکان کاتێ کە بەسەر وڵاتە ئیسلامییەکانا دەسەڵاتیان پەیدا کرد، لەبەرئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ڕامیاری و وڵاتداریدا نەبوو، ناچار دیوانەکانی دەوڵەتییان بەخەت و زمانی پەهلەوی دەنووسی و، ئەمەش تا دەوری حەججاجی کوڕی یوسف، درێژەی بوو. زمانی دەوڵەتی لەم سەردەمەدا لە دیوانەکان و قوتابخانەکاندا بەپەهلەوی یا کوردی بووە.



لە سەردەمی حەججاجدا تەواوی دیوانەکانی دەوڵەتی لە ژێر چاوەدێریی کوردێکدا بوو بەناوی زادان فەڕوخ کە پیاوێکی تریش بەناوی ساڵح کوڕی عەوڕەحمانی سیستاتی لە نووسینی دیوانەکاندا یارمەتیی ئەوی دەدا. ئەم پیاوە کەوتە بیری ئەوەی کە دیوانەکان لە پەهلەوییەوە بکاتە عەرەبی، وە لە پاش مەرگی مامۆستاکەی نووسینی دیوانەکانی دەوڵەتی گرتە ئەستۆ و بەپێچەوانەی بیروڕای زادان فەڕوخ هەمووی دیوانەکانی دەوڵەتی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. دەڵێن کە مەردانشای کوڕی زادان فەڕوخ کاتێ لە بڕیارەکەی ساڵح ئاگەدار بوو، پێی وت: خوا ڕیشەت لە دونیا هەڵکەنێ و پەنجەکانت هەڵوەرێنێ، هەروەکو ڕیشەی زمانی کوردیت لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا. دەڵێن کە کوردەکان چوونە لای سەد هەزار درهەمیان پێ دا کە ئەو کارە نەکا، بەڵام ساڵح ڕووی خۆشی پێیان پیشان نەدا و لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو.

## زاراوەکانی کوردی:

زمانی کوردی کە یەکێکە لە لقەکانی زمانە کۆنەکانی ئێران، بێ گومان پاشماوەی زمانی مادییە و بەدرێژایی ڕۆژگاردا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، وە بەهۆی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریی مەڵبەندەکان و دراوسێیەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکانی تردا، بەسەر چەند زاراوەی ناوچەییدا دابەش بووە، وە زمانی کوردیی ئێستا داگری پێنج زاراوەی گەورەیە کە بریتین لە:

١– زاراوەی کرمانجیی باکوور: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: ماکۆ، ورمێ، خۆی، سەڵماس، هەندێ دێی هەوشار، قووچان، بجنورد، کەلات، دەرەگەز، شیروان، فاراب، ڕووبار، دەماوەند، لە ئێران. بادینان، دهۆک، ئاکرێ، بارزان لە عێراق. ئیرەوان و بەشێ لە ئەرمەنستانی ڕووسیە و قارس و دیاربەکر و وان و ئەرزەڕۆم و بتلیس و ئەخلات و سعرد لە تورکیە و بەشێک لە سووریە و لبنان. ئەم زاراوە بریتییە لە شێوەکانی: "بۆتانی، بادینانی، بایەزیدی، شەمدینانی، زازایی، قووچانی".

٢– زاراوەی کرمانجیی باشوور: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: سنە، مەریوان، جوانڕۆ، سەقز، بانە، سابڵاخ، سەردەشت، بۆکان، میاندواو، شنۆ، سایینقەڵا، هەوشار لە ئێران. ڕەواندز، حەریر، هەولێر، پژدەر، کەرکووک، سلێمانی، پێنجوێن، لە عێراق. ئەم زاراوە بریتییە لە شێوەکانی: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەڵانی.

٣– گۆرانی یا هەورامی: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: ژاوەڕۆ، هەورامانی، بەتەخت، نەوسوود، پاوە، لە ئێران. تەوێڵە، بیارە، ئیلان پێ لە عێراق. وە هەندێ لە هۆزەکانی

گۆران و هەوشار و خانەقین و زەنگەنە و سیامەنسوور لە ئێران و عێراقدا بەم زاراوە دەدوێن. ئەم زاراوە بریتییە لە شێوەکانی: هەورامانی تەخت، لهۆنی، ژاوەرۆیی.

٤- لەکی: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: کرماشان، مایدەشت، کولیایی، دینەوەر، قەسر شیرین، بیجار، نەیریز لە ئێران. خانەقین، مەندەلی، بەدرە، کووت لە عێراق. ئەم زاراوە بریتییە لە شێوەکانی: کەڵهووڕی، ئیلامی، کوودەشتی، شیروانی.

٥- لوڕی: کە بریتییە لە شێوەکانی: فەیلی، بەختیاری، هەفتگلی، سووسەنگردی. ئەم زاراوە لە بنەڕەتا بەدوو شێوە دابەش دەکرێ. یەکەم شێوەی لوڕیی بەختیاری کە مەڵبەندەکانی: دزفوول، شاری کورد، چوار مەحاڵ، پشتکۆ و ناوچەکانی تری بەختیاری دەگرێتە بەر. دووەم شێوەزاری لوڕیی فەیلی کە لەم مەڵبەندانەدا وتوویژی پێ دەکرێ: خورەماوا، ئەلشتەر و ناوچەکانیان.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە میر شەرەفخانی بتلیسی کە پەڕاوی "شەرەفنامە"ی لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا نووسیوە، زمانی کوردیی بەچوار زاراوە بەم چەشنە دابەش کردووە: "کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی". کە بەدرێژاییی ڕۆژگار و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، کرمانجی بووە بەدوو بەشەوە: کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروو یا کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور. وە کەڵهوڕییش ئێستا شێوەیەکە لە زاراوەی لەکی.

## سەرەتای داهاتنی وێژەی کوردی:

هەروەها وتمان یەکەمین پەڕتووک کە بەزمانی کوردی نووسراوە لە لایەن زەردەشتەوەیە کە ناوی ناوە ئاڤێستا و ئەم پەڕاوە کە پەڕاوێکی ئایینییە، دەبێ بەبناغەی وێژەی کوردی دانرێ. ئایینی زەردەشت هەر ئەو ئاینەیە کە لە پێش ئیسلامەتیدا کورد و فارس بڕوایان پێ بووە و لەسەری ڕۆیشتوون. دوو نوسخە لەم پەڕاوە هەبووە، یەکێکیان کە لە تەختی جەمشیدا بوو، لە پەلامارەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی بەسەر ئێران، سووتا و ئەویتریشیان هەر کەوتە دەستی یۆنانییەکان و لە دوای ئەوەی کە هەندێ مەبەستی پزیشکی و ئەستێرەناسییان لێ وەرگرت، ئەو نوسخەشیان لەناوبرد.

پاشایانی ئەشکانی گەرچی بۆ زیندووکردنەوە و کۆکردنەوەی ئاڤێستا تێ کۆشان، بەڵام وێژە و فەرهەنگی یۆنانی لە دەرباری ئەواندا تا ئەندازەیەک برەوی پەیدا کرد. کە کەوتە دەور و خولی ئەردەشێری پاپەکان (٢٢٤ - ٢٤١ی زاین)، فەرمانی دا یەکێ لە مووبەدەکانی بەناوی (تەنسەر) کە ئاڤێستا کۆکاتەوە. ئەویش بەیارمەتیی مووبەدەکانی تر ئاڤێستای



کۆکردەوە و پاشان ڕاڤەیێکیشیان بۆی نووسی و ناویان نا (زەندئاڤێستا). بەشێک لە ئاڤێستا کە بەناوی (گاتاکان) ناسراوە، بەهۆنراوی هیجاییە و دەڵێن ئەو هۆنراوانە هی زەردەشتی مادییە.

جگە لە پەڕاوی ئاوێستا، گەلێ پەڕاوی تریش لە بارەی ڕامیاری و لەش ساخیی، مێژوویی، وێژەیی، پیشەسازی و ئەفسانە، چیرۆک، یاری، کشتوکاڵ، ئەستێرەناسی و پیتۆڵییەوە بەزمانی پەهلەوی ماونەتەوە کە هەر وەک وتمان، زمانی پەهلەوییش گەلێ بەزاراوەکانی لوڕی و گۆرانی و لەکییەوە نزیکە و پەیوەندییەکی بتەوی لەگەڵ زاراوەکانی تری کوردیشدا هەیە و ناتوانین لە زمانی کوردی جیای کەینەوە. لە پەڕاوی (سەرئەنجام)دا هاتووە کە باربەد لە دەرباری خەسرەو پەروێز (٥٩٠ - ٦٢٧ی زاین)دا بەدەنگ و ئاوازە خۆشەکەی خۆی هەڵبەست و هۆنراوی کوردیی بەدەم هەوای تەنبوورەوە دەچڕی. هەر ئەو بوو کە سی هەوای کوردیی داهێنا.

## پەڕاوەکانی کوردی:

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، وێژە و فەرهەنگی پێشکەوتووی هەموو گەل و کۆمەڵێک بناغە و بنەڕەتێکی هەیە کە ئێستا پێی دەوترێ فۆلکلۆر یا زانیاریی ئەو گەل و کۆمەڵە. ئەو زانیارییە کە پێشینەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، لە هەزاران ساڵەوە تا ئێستا پشت بەپشت و دەم بەدەم هاتووەتە خوارەوە، وە بووەتە گەنجینەیەکی بەنرخ و هێژا، بۆ سوود وەرگرتنی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەرەسەندنی هەموو جۆرە زانیارییەکی پێشکەوتوو، چوونە سەری پلەوپایەی شارستانیەتی و گەلێ شتی تریش کە بنج و ڕیشەی ڕامیاری و خوو و خدەی باشی پێ قایم و پتەو دەکرێت و دەبێتە هۆی دامەزراندنی هەموو جۆرە شێوە و ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی.

لە ڕۆژگارانی پێشوودا، زانیاریی کۆمەڵ یا فۆلکلۆر بەلای زاناکانەوە بایەخ و بەهایەکی زۆری نەبووە، بەڵام لەم دواییانەدا، کۆمەڵێ لە زانایان، پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، پەییان بەوە برد کە فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک بەهەموو چەشنەکانییەوە بۆ ناساندنی ئەو نەتەوەیە و، پیشاندانی کەلەپووری نەتەوایەتییەکان لە ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و زانیاریدا، نەخش و دەورێک دەگێڕێ، ئەنجا ئەو زانایانە دەستیان کردە کۆکردنەوە و نووسینەوەی فۆلکلۆر.

گەلی کورد لەبەرئەوەی گەلێکی کۆن و پێشینەیەکی مێژوویی دووروودرێژی هەیە، لە بواری فۆلکلۆرەوە گەلێ دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی ژیانێکی دانەمرکاو و

شپرزەی بووە، نەیتوانیوە تا ئێستا ئەو گەنجینە نەتەوایەتییەی خۆی بەتەواوی کۆ بکاتەوە، وە لە ژیانی خۆیدا کەڵکی لێ وەربگرێ.

فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێکی زۆری لەناوچووە، بەڵام لە هەر بابەتێکەوە ئەوەندەی ماوەتەوە کە ئەگەر زاناکانی کورد بۆ کۆکردنەوەی تێ بکۆشن، لەوانەیە کە گەلەکەمان لە گشت بارێکەوە بێ نیاز بکات و لە ڕێبازی ژیاندا پێشی بخات.

بەشێ لە فۆلکلۆری کوردی بریتییە لە (بەیت) کە دانەری زۆربەی بەیتەکان، نەناسراون. بەڵام بەیتەکان لە ڕۆژگارێکی کۆنەوە سینە بەسینە هاتوونەتە خوارەوە و هەندێکیان وەکو: (مەم و زین) و (لەیلا و مەجنوون) و (یوسف و زلێخا) کراون بەهۆنراوە و، هەندێکی تریشیان لە قاڵبی هۆنراوی فۆلکلۆریدا ماونەتەوە.

بەیتی کوردی لە چاوی ناوەڕۆکەوە بەچەن چەشن دابەش دەکرێت. هەندێ لەو بەیتانە لە چوارچێوەی هۆنراوی دە هیجاییدا ڕێک خراون و هەندێ تریان کێش و پاشڵێکی دیاریکراویان نییە. بەشێکی تر لە بەیتی کوردی کێش و پاشڵی تایبەتییان هەیە و هەریەکەیان بەهەوا و ئاهەنگێکی تایبەتی خۆیان دەخوێنرێن و دیارە هەر کام لەو چەشنە بەیتانە شێوەیەکی هۆنراوی تایبەتییان هەیە. ناوی هەندێ لەو بەیتانە کە لەم دواییەدا بەهۆی هەندێ لە وێژەوانانی کورد کۆ کراونەتەوە بەم چەشنەیە:

ئازیزە، ئاسکۆڵە، ئاسمان و زەوی، ئاغای بەمێزەریان، ئاگری، ئایشەگوڵ، ئەحمەد شەنگ، ئەسمەر خان، ئەوداڵ ئۆمەر، ئەوسانە، ئەهنەساو بەهنەسا، ئیمامی هەمزە، بابکۆ، باپیرە، بارام و گوڵەندام، باژاری، باشووری زۆزانان، باوانم، برایمۆک، برایمی مەلا زێندینان، برزوو و فلامەرز، بلە، بۆری میر سێودینی، بۆزبەگ، بولبوڵ، بۆ هۆزی بریینداری، بەبری بەیان، بەدرخان پاشا، بەهارە، بەهنەسا، بەیتی ساڵحی قاوەچی، بەیتی عەلی بەردەشانی، بێژەن و مەنیجە، بیلندانە، بێماڵە، پایزە، پەرێزی پێمەردان، پیادەی کەڵهوڕ، پیر بوداغ، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، پیر و بایز، پیرۆزە، پیرێژن و سەی بۆر، پیری ژیر، تاقە سوارە، ترکانە، تیری گەرووماری، جانۆ، جمبالی، جمجمە، جوانمێر و دایکی، جولندی، جەعفەر ئاغا، جەنگنامەی کەهیا پاشا، جیهانگیر و ڕۆستەم، چیرۆکا ماله فارس ئاغا، حەتەم، حەمە حەنیفە، حەنیفە، حەوت پەیکەر، حەوت خوانی ڕۆستەم، حەوت دەروێش، حەوسەت، خالید ئاغا، خانی بەقەیغان، خوازێ، خورشید و خاوەر، خەج و سیامەند، خەزاڵ، خەزاڵ و کاکە لاس، خەزێم، خەیاڵ، دادوەرە، درەختنامە، دم دم، دوانزە سوارەی مەریوان، دۆنۆمایمۆ، دەلایلۆ، ڕاوە پڵینگ، ڕۆڕۆی یای گولێ، ڕۆستەم، ڕۆستەم بەگ، ڕۆستەم و زەردەهەنگ، ڕۆستەم و زۆراو، ڕۆڵە ڕەوادی، ڕۆڵەی دایکی، ڕۆڵەی نەبەز، 



ڕوێڵ، ڕەشەڕاو، زازایی، زاڵم، زستانە، زۆزانا کورمانجی، زەردەشتی، زەردەهەنگ، زەمبیل فرۆش، زەینەل، سایل، سترانا جاسمۆ، سترانا فەرخۆ، سمکۆی مەزن، سنوور، سوارۆ، سوارە، سواری جوانڕۆ، سوورەگوڵ، سەعید و میر سەیفەدین، سەگی کورمانجەتی، سەلاحەدین، سەیدەوان، سیاپۆش، سیاچەمانە، شابازی موکری، شاربازێڕی، شاریار، شازادەی شادی، شاکەو مەسوور، شا مەیموون، شا هەڵۆی ڕەوەندی، شای زەند، شوانە، شۆر مەحموود و مەرزینگان، شۆڕەلاو، شۆڕەلاوی زەند، شەڕە تولە، شەڕەهای شەڕە، شەڕی ئووسەزاری، شەریفە، شەریف هەمەوەن، شەم و شەم زین، شەمێ، شەنگە، شەو و نیوەشەو، شێت و ژیر، شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان، شێخ عەبدولقادر، شێرکۆ، شێرۆ، شێر و شەپاڵ، شیرین و شەفێ، شێری نەبەز، شینی جوانمێرێ، عوسمان پاشای بەبە، عەبدوڕەحمان پاشای بابان، عەتا نامە، عەزیز داسنی، عەلی هەریری، عەوداڵی، عیزەدین شێر، فرێشتە، فەرمان و گولێ، فەرهاد و شیرن، فەرهەت ئاغا، قارەمان و قەیتەران، قر و گوڵەزەرد، قۆچی وەتمانی، قەبری، کاک باپیری مەنگوڕ، برایم دەشتی، کاک سەعیدی بەبە، کاک سەلیمی ئازادخانی، کاکۆ، کاکەسوار و کاکەمیر و کاک باپیر، کاک هەمزە، کاک هەمزە ئاغای مەنگوڕ، کانەبی، کانەبی و خوازێ، کانەبی و نوعمان، کوردستان، کورد و گۆران، کوڕکەماڵی کورمانجی، کورە کەچەڵە، کوللە و عاینەمەل، کولینگۆ، کوێستانی، کەڵ و شێر، کەڵە ئەسپ، کەویار، کیسەڵ، گاسمۆ، گۆران، گۆرانشا، گۆرانی، گوڵان گوڵان، گوڵناز و کەلاش، گوڵەزەرد، گولێ گولێ، گولێ و کا بەنگەروو، گەڵباغی، گەلۆ، گەنج خەلیل پاشا، گەنجۆ، لاس و خەزاڵ، لاوی سووربەش، لوڕ و سۆران، لەشکری لایەلایە، ماینی شێ، محەمەد خان، مزگەوت و میرزا، مەلای گۆرەمەرێ، مەم و زین، مەمی ئالان، مێرامە، میری ڕەوەندی، میری موکریان، مێهر و وەفا، نادر شا، نادر نامە، ناسر و ماڵ ماڵ، نەخشی بیست و یەک، نیوەشەو، وەران، وەرەق و گوڵ، وەنەوش و بەڕەزا، وەنەوشە، هاوینە، هەڕاوە ڕاوە، هەسپی ڕەش، هەڵپەڕینەوەی کورمانجەتی، هەڵۆی کوردەواری، هەورامانی، یارێ، یای ئەستی، یای گوڵ، یوسف بازاڕی، یوسف و زلێخا، یوسف و سەلیم.

هەروا دەزانین کە لە ناو نەتەوەی کوردا لە ڕەوڕەوەی مێژوودا گەلێ هۆنەر و نووسەر و زانا و پیتۆڵ و بژیشک و مێژوونووس هەڵکەوتوون و ڕاژە و خزمەتیان بەزمان و وێژەی کوردی کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی گەلی کورد لە ژیانی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بێ بەش بووە ئەو بەرهەمانە بایەخیان پێ نەدراوە و زۆربەی شوێنەوارەکانیان تیا چووە. ئەو شوێنەوارانە کۆنانە کە بەداخەوە زۆرتریان لەناوچوون بریتین لە هەندێ شوێنەواری وێژەیی و ئاینی کە لە لایەن هەندێ کوردپەروەر و وێژەپارێزەوە پارێزراون و ماونەتەوە.

نەتەوەی کورد بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی لە هەموو خول و سەردەمێکدا پێبەندی ئاین بووە، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پەیدا بووە، بەگیان و دڵ ئەو ئاینەیان وەریگرتووە و خزمەتی کردووە و گەلێ پیاوی ئاینی وەکو شارەزوورییەکان و دەینەوەرییەکانی تێدا هەڵکەوتووە و کە بلیمەتی خول و زەمانی خۆیان بوون، جا بەرە بەرە زمانی عەرەبی بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە لە ناو کوردەواریدا پەرەی سەندووە و بەم چەشنە زمان و وێژەی کوردی وای لێ هاتووە ئەو کەسەی بیەوێ لە بنج و بناوانی زمانەکە و وێژەکەی تێ بگا و لێ بکۆڵێتەوە دەبێ ئاشنایی و شارەزاییەکی تەواویشی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەبێ.

هۆنەرانی کورد لەمێژەوە هەندێ لەو چیرۆک و ئەفسانانە کە دەماودەم دەگێڕانەوە و نوێنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازایەتی و ڕامیاریی گەلەکەیان بوون، لە پاش داهاتنی ئاینی ئیسلام کردیاننە نووسراو و بەهەڵبەست هۆنییاننەوە. ئەم چەشنە چیرۆکانە کە بەهەڵبەست هۆنراونەتەوە زۆرن و ناوی هەندێکیان بریتین لە:

"مەم و زین، خەسرەو و شیرین، شەماڵ و زەلان، خورشید و خاوەر، لەیلا و مەجنوون، بەرگ و گوڵ، درەختنامە، قارەمان و قەیتەران، شیرین و شەفێ، مزگت و میرزا، ئاسمان و زەوی، حەیدەر و سنەوبەر، یازدە رەزم، کەنیزەک و یازدە ڕەزم، نۆ ڕەزم، دە ڕەزم، وەنەوش و بەرِەزا، یوسف و زلێخا، فەلەک ناز، شێخ سەنعان، بارام و گوڵئەندام، شیرین و فەرهاد، بەبری بەیان، بێژەن و مەنیژە، ئەرچە و شێرۆ، بلۆقیا، هەزار دەستان، حەوت خوانی ڕۆستەم، ڕۆستەم و زۆراو، جیهانگیر و ڕۆستەم، خاوەران، حەمە حەنیفە، نادر و تۆپاڵ، نادرنامە، میرزا کەهیا پاشا، وەرەق و گوڵ، برزوو و فلامەرز، بەهنەسا، عەتانامە، حەوت پەیکەر، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، شکاری کەیخەسرەو، خورشید و خەرامان، زەریری خەزایی، جوامێری چەلەوی، گورگ و ڕێوی، بەهمەن و فلامەرز، مشک و پشی، شەترەنج نامە، ئەسکەندەرنامە، شانامە، نوفڵ نامە."

لە سەرەتای پەیدابوونی ئاینی ئیسلامدا کورد وەکو هەموو گەلانی تری ئیسلامی، نووسراوەکانی خۆیان بەزمانی عەرەبی دەنووسی و لەم بارەشەوە گەلێ خزمەتیان بەزمانی عەرەبی کردووە. لە سەدەی دووەمی کۆچیدا کە ڕێ و ڕچەی یاری لە ناو کوردەواریدا باوی سەند و ڕەنگ و بۆی ئیسلامی گرتە خۆی، هۆنەرانی یاری نووسراوەکانی خۆیانیان بەزاراوەی گۆرانی دەنووسی و گەلێ پەڕتووکیان بەیادگار بۆمان بەجێ هێشتووە کە ناوی هەندێ لەو پەڕتووکانە بەم چەشنەیە:

"دەورەی بالوول، دەورەی بابە سەرهەنگ، دەورەی شاخوەشین، دەورەی بابە ناووس، دەورەی بابە جەلیل، دەورەی پیرعالی، دەورەی دامیار، دەورەی شا وەیسقولی، دەفتەری



پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەفتەری دیوان گەورە، زوڵاڵ زوڵاڵ، کەلامی سەی خامۆش، کەلامی عێل بەگی، کەلامی خان ئەڵماس، کەلامی شێخ تەیموور، کەلامی شێخ ئەمیر، کەلامی ذولفەقار، کەلامی قاسد، کەلامی نەورۆز، کەلامی حەیدەری، کەلامی دەروێش قولی، کەلامی جەناب، کەلامی موجرم، مارفەتی پیرشالیار".

## ئەفسانەی کوردی:

ئەفسانە لە ناو نەتەوەی کوردا بایەخێکی زۆری بووە و ئێستاش لە ناو کوردەواریدا هەموو دەم، دەم بەدەم ئەفسانە دەگێڕرێنەوە. ئەفسانە لە ناو گەلی کوردا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە و ئاوێنەیەکی باڵانمایە بۆ شیکردنەوەی چەشنی ژیانی کورد، ئەم ئەفسانانە هی ڕۆژگارێکی زۆر کۆنن و کارەساتی ئەشکەوتەکان و ژیانی ساویلکەی ئەو دەمەی کوردمان بۆ دەگێڕنەوە. بۆ نموونە یەکێ لە ئەفسانەکانی کوردی بەناوی: (بەختیار و بەدبەخت) دێنین:

"دوو برا بوون بڕیاریان دا کە بڕۆن بۆ پووڵ پەیداکردن، کەوتنە ڕێ و لەسەر کانییەک لایان دا بۆ حەسانەوە. بەدبەخت بەبەختیاری وت، با توێشووەکەی تۆ بخۆین و توێشووەکەی منیش بۆ جاری دووەم. بەختیار وتی باشە و هەرچێکی پێ بوو پێکەوە خواردیان، پاش بڕینی ماوەیەکی دووری تر، برسییان بوو، بەختیار بەبەدبەختی وت: نۆرەی توێشووەکەی تۆیە بیخۆین، بەدبەخت لە وەڵامدا وتی من بەشی تۆی لێ نادەم هەر بەشی خۆم دەکات. بەختیار کە ئەم ناپیاوەتییەی لە براکەی دی، پێی وت کەواتە لەم کاتەوە من هاوڕێی سپڵەیەکی وەکو تۆ ناکەم و لەم دووڕێیانەدا جیا دەبینەوە.

بەدبەخت و بەختیار هەریەکەیان ملی ڕێگەیەکیان گرت. پاش ماوەیەک بەختیار تووشی ئاشە کۆنێک بوو، ئەو شەوە تیا ستاری گرت، وە لە پشت دۆڵیانەکەوە خۆی مات دا، ئەوەندەی پێ نەچوو شێرێک، وە لە دوای ئەو پڵنگێک، کەمتیارێک، چەقەڵێک و ڕێویەک یەک لە دوای یەک خۆیان کرد بەژووری ئاشەکەدا و لە بەردەمی دوڵیانەکەدا دانیشتن. شێر ڕووی کردە ڕێوی و وتی: ئەوە بۆچی ماوەیەکە هیچ دەنگوباسێکت بۆ نەگێڕاومەتەوە؟ ڕێوی وەڵامی دایەوە وتی: بەڵێ قوربان تازە دوو هەواڵم دەست کەوتووە کە ئەمەیە مشکێک لەم ئاشە کۆنەدا دوازدە پارچە زێڕی هەیە هەموو بەیانییەک کە خۆر دەکەوێتە ناو ئاشەکەوە دەیانهێنێتە دەرەوە، وە لە بەرخۆرەکە یاری و گەمەیان پێ دەکات، کە خۆرەکەش لاچوو دەیانباتەوە کونەکەی خۆی، ئەم تەپۆڵکە بچووکەی پشت ئاشەکەیش حەوت کووپەڵەی پڕ لە زێڕی تێدا شارراوەتەوە. پاش چەند وتوێژێکی تر ئەنجوومەنی دڕندان بڵاوەیان لێ کرد.

بۆ بەیانی کە هەتاو هەڵات مشکەکە زێڕەکانی هێنایە دەرەوە و بەختیار پەلاماری دا و هەڵی گرتن و چوو کووپەڵە زێڕەکانیشی لە تەپۆڵکەکەدا دەرهێنا و لە زەوینێکدا کۆشکێکی نایابی بەهەموو تفاقێکەوە دروست کرد و کۆشکەکە چوارده دەروازەی هەبوو لە بەردەمی هەر دەروازەیەکا ژوورێک هەبوو ئاوی ساردی بۆ ڕێبوار تێ دانابوو و ئامۆژگاریی نۆبەچییەکانی کردبوو کە ئەگەر چاویان بەیەکێک کەوت ئاوی خواردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا بیهێنن بۆ لای.

پاش ماوەیەک ئەو پیاوە کە بەختیار ویستبووی، هاتە بەردەستی نۆبەچییەکان و بردیان بۆ لای بەختیار، بەختیار کە چاوی بەڕێبوارەکە کەوت ناسییەوە کە بەدبەختی برایەتی، دەستی کردە ملی و دڵخۆشیی دایەوە و بەڵێنی پێ دا، کە سامانەکەی بکا بەدوو بەشەوە بۆ هەردووکیان، بەڵام بەدبەخت لەباتی سپاس وتی ئەم سامانەت لە کوێ بوو تا منیش بڕۆم وەکو تۆ پەیدای بکەم. بەم چەشنە بەختیاری ناچار کرد کە سەرگوزەشتەکەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. ئینجا بەدبەخت وەکو براکەی چووە پشت دۆڵیانی هەمان ئاشەوە، لە پاش ماوەیەک ئەنجومەنەکەی پێشوو لە لایەن دڕندەکان گێڕایەوە و شێر لە ڕێویی پرسی، بۆچی ماوەیەکە دەنگوباسم بۆ ناهێنی؟ لە وەڵامدا ڕێوی وتی قوربان! جاری پێشوو ئەوە بوو کە قسەکەمان کرد ئادەمیزادێک لە پشت دۆڵیانی ئاشەکەوە خۆی مات دابوو وە گوێی لە هەموو قسەکانمانەوە بوو، بۆ بەیانی کووپەڵە زێڕەکان و پارچە زێڕەکانی برد و کردی بەکۆشک و تەلار، ئێستاش هیچ ناڵێم تا ناو ئاشەکە نەپشکنی و شێر فەرمانی دا کە بگەڕێن بەهەمووی ئاشەکەدا و لە پاش کەمێک بەدبەختیان دۆزییەوە و هێنایانە دەرەوە و لەتوپەتیان کرد و خواردیان.

## چیرۆکی کۆن و نوێی کوردی:

لە چیرۆکی کۆنی کوردیدا لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد سەرەتا ژیانی بەکۆچەرایەتییەوە بردووەتە سەر، زۆرتر ئەو شتانە بەرچاو دەکەون کە پیاو و ژن لە بەزم و هەرا و شەڕوشۆڕدا هەمیشە هان بەیەکەوە و شان بەشانی یەک تێ دەکۆشن. هیچ چیرۆکێک لە کوردیدا دەست ناکەوێ کە ئەمانەی تیا نەبێ، چیرۆک لەبەرئەوەی شان بەشانی نەتەوەی نەبەز و پاڵەوانی کورد هاتووەتە خوارەوە، پەردەی ژیری و وریایی کورد و ژیانی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی بیرکردنەوەی شارستانییەتیدا دەردەبڕێ کەواتە چیرۆکی کوردی ئاوێنەیەکە بۆ پلەوپایەی بەرزی نەتەوەکەمان لە باری کۆمەڵایەتی و خوو و خدە و ڕەوشتەوە، گەلی کورد لە چیرۆکی کۆندا زۆر دەوڵەمەندە بەڵام بەداخەوە چیرۆکەکانی کۆنەکراوەتەوە و تا ئێستا بایەخیان پێ نەدراوە، ئەوەی ڕوونە کە ئەم چیرۆکانە ئێستاش



دەماودەم دەیانگێڕنەوە، لە هەر دێ و ناوچە و شار و شارۆچکەیەکی کوردستانی پیرۆزدا، هەزاران چیرۆک دەم بەدەم دەگێڕرێنەوە کە پڕن لە چۆنیەتیی ڕابردووی ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەمان وە ئەو چیرۆکانە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری و لە ناو هەندێ لەم چیرۆکانەدا ژیانی دەرەبەگایەتیی کۆن و زۆر و ستەمی زۆردارانمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ نموونە یەکێ لە چیرۆکە کۆنەکانی کوردی دێنین:

گردالی و سەفەرالی دوو برا بوون. نەخشالی باوکیان مرد، کۆشکێک و دوو بەرەیە هەنگوێن و دوو بەرانیان بەکەلەپوور بۆ مایەوە. گردالی بەسەریانەوە تەخشان و پەخشانی دەکرد، سەفەرالیی هەژاریش هیچ! ئاخری گەیشتە گیانی و وتی: کاکە! با ماڵەکەمان بەش کەین. گردالیش وتی زۆر چاکە گیان کاکەی. خۆت دەزانی من هەر شتێک چاک بێ بۆ تۆم دەوێت. پێ ناوێ کەسی بێگانە لە نێوانمانا بێت. گردیل و وردیل و بەردیل خزمی خۆمانن، دەیانکەین بەڕیش سپی و لە نێوانمانا بن. سەفەرالیش وتی باشە.

کۆمەڵی ناوبژیکەریان کۆکردەوە و لە ڕووی ئەواندا دەستیان کرد بەماڵ بەشکردن. گردالی وتی: لە پێشا بێینە سەر کۆشکەکە، ئەو کۆشکە جوانە لەسەر زەوییەوە تا سەربانە کە هەمووی پەنجا گەز نابێ بۆ من، لە سەربانەکەوە تا ئاسمان کە پەنجا هەزار گەزە، بۆ تۆ. دوو بەرانەکە کە هیچ تامێکیان تێدا نییە بۆ من، شەڕە قۆچەکەیان کە زۆر خۆشە بۆ تۆ، هەر سەیریان بکە و بتریقێرەوە! دوو بەرە هەنگوێنەکە کە ئەوەندەی مستەکۆڵەیەکە بۆ من، شیرینییەکەی کە پڕ بەدنیایەکە بۆ تۆ و هەر دەمی بۆ بتەقێنە!. گیان کاکەی هیچی ترمان نییە تا بەشی کەین، هەر ئەمانە بوو. ئەگەر لەبەر قسەی خەڵکی نەبووایە من ئەم تۆزەشم هەڵنەدەگرت، بەڵام قەی ناکا، با هەموو کەسێک بزانێ کە من تۆم چەندە خۆش دەوێ و چۆن بەتەنگتەوە دێم و بەشە زۆرەکەت بۆ دادەنێم؟

کۆمەڵی ناوبژیکەر خێرا لە پێش ئەوەدا کە سەفەرالی بێتە قسە مۆریان کرد و وتیان بەخوا بەشکردنێکی چاکە! بەڵام گردالی! شتێکی تر ماوە کە تۆ بەشت نەکردووە و ئەویش قسەکردنە، قسەکردنیش بەش کەن. گردالی وتی: من دڵی برای خۆم ناشکێنم وە ئەو ناگۆڕمەوە بەهەزار قسە، هەرچی قسە هەیە هەموو هەر بۆ ئەو و من هیچم ناوێ!!

ئیتر سەفەرالی ئەم بەشکردنەی ئێجگار پێ خۆش بوو، وە خۆی بەمیر دەزانی. گردالی گواستییەوە ناو کۆشکەکە و لە بەرهەمی سامان و داراییەکەی دەخوارد و بەدەمییەوە وردە وردە لە هەنگوێنەکەشی دەخوارد و دەمی خۆی شیرین دەکرد، ئیتر هیچ قسەی نەدەکرد، سەفەرالییش هەموو ڕۆژێ دەچوو لە دوورەوە تەماشای سەربانی کۆشکەکەی تا ئاسمان دەکرد و بەشەڕکردنی بەرانەکان گەشکە دەیگرت کە گردالی هەنگوێنەکەی

دەخوارد ئەمیش دەمی بۆ ئەتەقان.

هەروەها وتمان چیرۆکی کۆنی کوردی پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و باری کۆمەڵایەتی و ستەم و زۆری زۆرداران و دەرەبەگایەتیمان پێ پیشان دەدا، وە لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پیاوی ساویلکە هەمیشە بەشخوراو و ستەم لێکراو بووە، وە لە ژیانا بێ بەش و داماو بووە و تەنانەت بڕێ لەو ئەندامە ساویلکانەش بەهۆی ئەوەوە کە هەمیشە لە ناو کۆمەڵێکی ستەم لێ چوو و چەوساوەدا ژیاون و بارهاتوون، هەستیان بەوە نەکردووە کە دەتوانن بەهەوڵ و کۆششی خۆیان ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان پێک بێنن، وە دەستی زۆرداری لەسەر خۆیان کۆتا کەن، بەڵکە وەهایان چووەتە مێشکەوە کە ئەو جۆرە کەسانە هەر بۆ ئەو ژیانە پەست و پڕ لە ستەمەی ئەندامە زۆردار و بێ بەزەییەکان بارهاتوون، وە ئەو ئەندامە زۆردارانەش دەبێ هەر بیانچەوسێننەوە و زۆریان لێ بکەن و ئەوان لە خۆشی و تێروتەسەلیدا بژین و ئەمان لە هەژاری و داماویدا.

بەڵام چیرۆکی نوێی کوردی گۆڕانێکی تری بەسەردا هاتووە و بەچەشنێکی تر دەرهاتووە و لە چیرۆکی نوێشدا باری نالەباری کۆمەڵایەتیمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆن دەرەبەگ، وەرزێران و جووتیارانی چەوساندووەتەوە و بێگاریی پێ کردوون و ستەمی لێ کردوون و خۆی لە تێروتەسەلیدا ژیان بردووەتە سەر و کەچی وەرزێرانیش لە ئەوپەڕی بەدبەختی و بێ نەواییدا ژیان بردووەتە سەر. ئەم چیرۆکە کە نموونەیەکە لە چیرۆکی نوێ، ستەم و زۆری ڕژێمی پادشایەتیمان بۆ دەردەخا.

"هەتاوی ڕۆژپەڕی پاییز دەڵێی بزەی نابەدڵی مالاواییە. خوایە ئەمڕۆ چەن زوو تێ پەڕی. دیسانەوە شەو، دیسانەوە یاوی گەرمی ئەم منداڵە بێ گوناهە. بارام لە بەربەرۆچکی مزگەوت هەستا و خۆی تەکاند و کەمێ چاوی گێڕا کە ماڵئاوایی بکا و بەرەو ماڵ بێتەوە، کەسی نەدی. پێکەنینێک وەک بزەی نابەدڵی هەتاوی ڕۆژپەڕی پایز کەوتە سەر لێوی. وا دیارە من لەمێژە سەرم بەرداوەتەوە و خەریکی بیرکردنەوەم. هەموو ڕۆیشتوون و من بەتەنیا ماومەتەوە.

هاتەوە بیری کە هەمیشە تەنیا بووە و کەس نییە هەواڵی تێکشکاو بێ. ڕاستی هەژار بۆ مردن باشە. سەری هەڵێنا لەسەر ئاسۆ چاوی بەداری وشکی چاک کەوت، بایەکی نەرم پەڕۆی شینی دارەکەی دەشەکاندەوە، ئەم پەڕۆیە خۆی دوێنێ لە دارەکەی هالاندبوو. دەیزانی هیچ ناکا، بەڵام باش بوو بۆڵەی لە خێزانی دەبڕی کە پێی دەوت. تۆ هیچ ناکەی نابزوویەوە هیوا لەشی وەک پۆڵوو دەگڕێ، تۆش هەر دەستەئەژنۆ دانیشتووی. ئاخر نووشتەیەک، پیرێک.



– کچێ ئافرەت نەخۆشی چی داوە بەسەر نووشتە و پیرەوە، هیوا سەرمای بووە، هەموو گیانی ڕووتە دەبێ بیبەینە لای دوکتۆر. کاتێ بیرەکەی بەم جێگایە گەیشت. پێکەنین گرتی، کام دوکتۆر؟ بەکام دراو؟ هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وەک بیەوێ لە دەس ئەم بیرە ئالۆزانە ڕاکا، هەنگاوی هەڵبڕی بەرەو ماڵ.

– هیوا چۆنە ئافرەت. زۆر بۆ وەڵامەکەی ڕانەوەستا لە بەیانییەوە چووبووە دەرەوە کە پووڵێک پەیدا کا. بەڵام هیچی بۆ نەکرا بوو. چووە سەر سەری هیوا لێفەیەکی شڕی بەسەرا درابوو، هەڵی داوە ئارەق زەنگۆڵ زەنگۆڵ لەسەر گۆنای گەرمی هەڵنیشتبوو، هەناسەی باشتر دەهات و دەچوو.

خێزانی پرسیی کاریکت بۆ کرا؟ بارام سەری بەرداوە و بەئەسپایی وتی: نە ئەمڕۆ گزیری ئاغا هاتە دەرکی مزگەوت و دەنگی دام بۆ بێگار. بەیانی جۆماڵە. خێزانی بەناڵینەوە وتی: خوایە هەڵی نەگری. بارام وەک کەسێک لەبەر خۆیەوە قسە بکا وتی: ئەمە ڕاسپێری سەرشانی خۆمانە.

## پەندی پێشینانی کوردی:

گەلی کورد لە بواری پەندی پێشینانەوە گەلێ دەوڵەمەندە و لەم بارەوە وێژەیەکی بەرزی هەیە. پەندی پێشینان بریتین لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی کە واتایەکی بەرزیان هەیە. ئەم پەندانە لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە بەکەلەپوور بۆمان ماونەتەوە. لەم پەندانەدا چۆنیەتیی ژیان و ڕێ و ڕەوشت و بیروبڕوای کۆنی نەتەوەی کوردمان لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ماڵداریدا بۆ دەردەکەوێ.

داهاتنی پەندی پێشینان لە کاتی خۆیدا سەرچاوەکەی ئەمە بووە کە یەکێ ڕووداویا کارەساتێکی چاو پێ کەوتووە و قسەیەکی کورتی بەپێی ئەو ڕووداو و کارەساتە کردووە و قسەکەی دەماودەم کەوتووە و ماوەتەوە و بووە بەپەندی پێشینان.

پەندی پێشینانی کوردی زۆرن، بەڵام بەداخەوە هەموویان کۆنەکراونەتەوە، ئەوانەی کە لەم دواییەدا خەریکی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان بوون، بریتین لەم کەسانە:

١– مامۆستا سمایل حەقی شاوەیس کە نزیکەی ٦١٣ پەندی کۆکردووەتەوە، وە لە ساڵی ١٩٣٣ی زاینیدا لە چاپی داون.

٢– مامۆستا مەعرووف جیاووک کە نزیکەی هەزار پەندی گرد کردووەتەوە و بەناوی هەزار بێژ و پەند لە ساڵی ١٩٣٨ی زاینیدا بەچاپی گەیاندوون.

٣– مامۆستا پیرەمێرد ٦٤٤٨ پەندی هەریەکە بەهۆنراوەیی لە دوو ڕۆژنامەی (ژین) و

(ژیان)دا بڵاو کردووەتەوە.

٤- مامۆستا مەردووخ نزیکەی هەزار پەندی کۆ کردووەتەوە و لە بەرگی دووەمی فەرهەنگە کوردییەکەی لە ساڵی ١٩٤٢ی زاینیدا لە چاپی داوە. لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) و (دیاری کوردستان) و (دیاری لاوانیش) نزیکەی چوار سەد پەندێک لە چاپ دراوە.

ئەوەندە هەیە ئەمانە لە یەکیان وەرگرتووە، وە نەبێ هەموو جیا بن، وا هەیە پەندێکە و لە هەموویانا نووسراوە، ئەم پەندانە نموونەیێکی بەرزن بۆ بناغەی بەهێز و بتەوی وێژەی کوردی. ئەوا ئاماژە بەچەند پەندێک دەکەین تا پلەوپایەی ئاوەزی پێشینانمان بۆ دەرکەوێ.

"دوو گا لە دۆڵێکدا بن ڕەنگی یەک نەگرن خووی یەک دەگرن. هاوین بەرگی هەژارە. زۆرەملێ مل شکانی لە دوایە. بەقسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر. سوار هەتا نەگلێ نابێ بەسوار. دۆستت ئەوەیە بتگرێنێ، دوژمنت ئەوەیە بتکەنینێ. پیاوی پیر کەوچکی ماڵە. چەپڵە بەدەستێک لێ نادرێ. خوا تەختەتاش نییە تەختە ڕێکخەرە. دار کرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی. درک بکێڵی درک دێتە ڕێت. ڕژدی ڕیسوایی ها بەشوێنیەوە. ڕێوی نەدەچووە کونادا، هەژگێکی بەستبووە خۆیەوە. شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان. کێوێک ئەڕووخێ و کەندەلانێک پڕ دەبێتەوە. گیا لەسەر بنجی خۆی سەوز دەبێ. نە پێلاوی تەنگ، نە ماڵی بەجەنگ. یەز دوورە و گەز نزیک."

## هۆنراوی کوردی:

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لە پێش داهاتنی ئیسلامەتیدا، هۆنراو بەزمانی کوردی هۆنراوەتەوە، وە هۆنراوی کوردی سەری بەگەلێ دەرگادا کردووە و زۆر شوێنی دیوە. نامیلکەی (گاتاکان) کە بەشێکە لە پەرتووکی (ئاڤێستا) هەمووی بەهەڵبەستی هیجایی وتراوە کە ئێستاش ئەم چەشنە هەڵبەستانە لە ناو کورداندا باون، بەتایبەت هەڵبەستی دە هیجایی لە ئاڤێستادا زۆر دەبینرێ و هۆنەرانی کوردیش زۆربەی هۆنراوەکانیان لەسەر هیجا هۆنیوەتەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە، وا دەردەکەوێ کە لە پێش ئیسلامدا گەلێ هۆنەر لە ناو کوردا هەڵکەوتوون کە بەکوردی هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

مامۆستا ئەنوەر مایی لە لاپەڕەی ١٩٦ی پەرتووکەکەیا (الاكراد فی بهدينان) دەڵێ: دوکتۆر بلەچ شێرکۆ لە یادداشتەکانی خۆیدا نووسیویە. کە خۆرهەڵاتناسێ بەناوی فلیامینۆف بەردەنووسراوێکی لە باکووری ئێراندا پەیدا کردووە کە لەسەر ئەو بەردەدا دوو




بەیت هۆنراو لە هۆنەرێ بەناوی بۆرابۆز هەڵکەندراوە کە ئەو هۆنەرە لە دەوروبەری ساڵی ٣٣٠ی پێش زایندا ژیاوە. ئەو دوو هۆنراوە هەیە:

خوازدی ئەر توو بهیفرا بین
بهیفرا هیرین خورینی
وەردی بهیرین کووترا بین
بانگک دین بهیفرا نارینی

واتە: خۆزگە من و تۆ بەیەکەوە دەژیاین،
وە لەگەڵ یەکا دەرۆیشتینە کوێستانان،
وەرە با لە کاتی دەمەدەمی بەیاندا بڕۆینە دەرەوە،
وە گۆرانییێکی خۆش بۆ یەکتر بڵێین.

لەسەر قسەی مامۆستا دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی. نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش پارچە چەرمێک لە ئەشکەوتی جێشانەی سلێمانیدا دۆزراوەتەوە کە چەند هۆنراویەکی بەزاراوەی گۆرانی تێدا نووسراوە، گوایە لەو سەردەمەدا کە موسڵمانان شارەزوور و دێکانی دەوروبەری داگیر دەکەن، ئەم هۆنراوانە چۆنیەتییەکی ئەو دەمە دەگێڕێتەوە. ئەم هۆنراوانە کە نزیکەی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوپێش وتراون، ئەوە دەگەیێنێ کە هۆنراو لە ناو کوردەواریدا لە پێش ئیسلامیشا هەر بەچەشنی ئێستاکە باو بووە و تۆفیرێکی وایە نەکردووە. هۆنراوەکان ئەمەیە:



هۆرمزگان ڕمان ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆرکار ئەرەب کەردنە خاپوور
گناو پاڵەیی هەتا شارەزوور
شن و کەنیکان وە دیل بەشینا
مێرد ئازا تلی وە رووی هوینا
ڕەوشت زەرتوشترە مانەوە بێ دەس
بەزێکا نێکا هۆرمز وە هێوچ کەس

واتە: شاری هۆرمزگان ڕما، وە ئاوری ئاورگاکانی کوژێنرانەوە، گەورە گەورەکان خۆیان شاردەوە، وە نامۆیان بەزۆر و ستەم و گناو پاڵە یا دێ و شاریان تا شارەزوور خاپوور کرد، ژنان و کچانیان بەدیل برد و پیاوی ئازا و نەبەز لە ناو خوێنا دەتلایەوە. ڕەوشت و ئاینی زەردەشت بێ دەس مایەوە، ئەهوورامەزدا بەهیچ کەسێکا بەزەیی نەهات.

هۆنراو لە وێژەی کوردیدا دەکرێن بەچوار بەشەوە: هۆنراوی ڕەزمی یا شەڕوشۆڕ، هۆنراوی دڵداری و گۆرانی، هۆنراوی خواناسی، هۆنراوی لاسایی. هۆنراوی ڕەزمی لە کوردیدا کارەساتی ڕەزم و نەبەردی پاڵەوانان و قارەمانانی گەلی کورد دەگێڕنەوە، وە ئەم چەشنە هۆنراوە لە کوردیدا وێنەیان زۆرە وەکو: کورد و گۆران، برزوو و فلامەرز، دوازدە سوارەی مەریوان و سەدان پەڕاوی تر.

هۆنراوی بەزمی و گۆرانی، بریتییە لە هۆنراوی دڵداری وەکو پیاهەڵگوتن و لاواندنەوە و ئەم چەشنە هۆنراوانە. جا ئەم جۆرە هۆنراوە لە کوردیدا زۆرە وەکو هۆنراوی هۆنەرانی کۆن و نوێی کورد بۆ وێنە: هۆنراوەکانی مەلای جزیری و مەولەوی و نالی و گۆران و سەدان هۆنەری تر.

هۆنراوی خواناسی، بریتیین لەو هۆنراوانە کە لە بارەی ئاین و ڕێ و ڕچە و ڕێبازەوە وتراون و مەبەستەکانی ڕێبازەکەی پێ شی کراوەتەوە. وێنەی ئەم چەشنە هۆنراوە لە کوردیدا زۆرە وەکو هۆنراوەکانی بالوول و بابە سەرهەنگ و بابە گەرچەک و دایە تەورێز و سەدان هۆنەری تر.

هۆنراوی لاسایی، بریتیین لەو هۆنراوانە کە لە باری ژیانی کۆمەڵایەتی و خوو و ڕەوشتی کوردەوارییەوە بەچەشنی لاسایی و نمایشنامە سەرچاوەیان گرتووە، ئەم چەشنە هۆنراونە لە پێشا لە ناو کوردا نەبوون، بەڵام لەم دواییەدا لە لایەن هۆنەرانەوە بەچەشنی چیرۆکی لاسایی هۆنراونەتەوە. یەکێ لەو هۆنەرانە کە ئەم چەشنە هۆنراوانەی هۆنیوەتەوە، خوالێخۆشبوو سوارەیە کە بەرهەمەکەی هێشتا لە چاپ نەدراوە.



هۆنراو لە وێژەی کوردیدا سێ ڕێچکەی لێ دەبێتەوە. ڕێچکەیەکی بەچەشنی عەرووزە و داگری دیوانی هۆنەرانی سەدەی دوازدەم و سێزدەمی کۆچییە وەکو هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی و کەیفی و نالی و کوردی و گەلێ لە هۆنەرانی تر کە دەورێکی بەرزیان لە مێژووی وێژەی کوردیدا گێڕاوە.

ڕێچکەی دووەم، بەیتە کە ئەم چەشنە هۆنراوە بەهۆنراو و پەخشان وتراوە کە هەم هۆنراوەکەی و هەم پەخشانەکەی کێش و پاشڵیان هەیە و دەتوانین ئەم چەشنە هۆنراوە لەگەڵ هۆنراوی نوێدا پێک بگرین و بەهاوچەشنیان بزانین.

ڕێچکەی سێیەم هۆنراوی هیجاییە، کە هۆنراوێکی خۆماڵییە و لە کوردیدا وێنەی زۆرە وەکو هۆنراوی هۆنەرانی پێشووی کورد وەک: هۆنراوەکانی مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی و سەدان هۆنەری تر.

ئەم چەشنە هۆنراوە واتە هۆنراوی هیجایی لە پەڕاوی ئاڤێستادا زۆرە. لە ئاڤێستادا هۆنراوی یازدە هیجایی و دوازدە هیجایی و شانزە هیجایی و نۆزدە هیجایی و هەشت هیجایی و حەوت هیجایی و دە هیجایی زۆرن. لە وێژەی کوردیی ئێستاشدا هۆنراوی دە هیجایی و یازدە هیجایی و هەشت هیجایی و حەوت هیجایی زۆرن، وە زۆربەی هۆنەرانی کۆن و تازەی کورد لەم چەشنە هۆنراوانەیان هۆنیوەتەوە.

بۆ وێنە هۆنراوی دە هیجایی بریتییە لە دە هیجا یا سیلاب کە هەر خشتێکی داگری دە هیجایە وەکو ئەم هۆنراوەیەی گۆران کە دەڵێ:

لە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە    لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە

وە یا مەولەویی نەمر دەڵێ:

هام دەردان ئامان ئەر مەندەن هۆشم    سەدایێ وەشەن مەیۆ نە گۆشم

وە یا شامیی هەرسینی دەڵێ:

مەردم باینە دیار ئی بەدبەختییە    ڕون خاترجەم لەی شارە نییە

وە یا جگەرخوێن دەڵێ:

یێ شەڕ دخوازێ بمری بکەڤی    بژی ئازادی بژی وەک هەڤی

هۆنراوی یازدە هیجاییش وێنەی لە کوردیدا زۆرە وەکو هۆنراوەکانی بابە تایەری هەمەدانی کە بەشێوە و زاراوەی لوڕی وتراون. گۆرانی نەمریش گەلێ لە هۆنراوەکانی بەچەشنی یازدە هیجاییە وەک لەم بەیتەدا دەڵێ:

زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاو    زۆر چاوی شین داویە پڕشنگ لە چاوم

قەچاخی مورادی ئێرەوانییش دەڵێ:

گەلی کوردا تیریک دل مەب گور          گەش هەر ئالییا بەهار دەرتی ژ بوهور

هۆنراوی هەشت هیجاییش لە وێژەی کوردیدا لاپەڕەیەکی زۆریان لە دیوانی هۆنەران داگیر کردووە. بۆ وێنە گۆرانی نەمر دەڵێ:

نەورۆز ئەکەم، نــــەورۆز ئەکەم          نەورۆزێـــــکی بەسۆز ئەکەم
جەژنی گەلی پیـــــــرۆز ئەکەم          وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم

هۆنراوی حەوت هیجاییش لە وێژەی کوردیدا بەتایبەت لە فۆلکلۆردا زۆرە، وە ئەم چەشنە هۆنراوە لە ئاڤێستادا بەزۆری پەیدا دەبێ. هۆنەرانی کوردیش لەم دواییەدا بەئەم کێشە خۆماڵییە هۆنراویان هۆنیوەتەوە. بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی کامەران لەسەر ئەم کێشەیە. وەکو لەم هۆنراوانەدا دەڵێ:

مانگ دەمی ماچ کردم گەش          هـــات و من گرتمە باوەش
شەماڵ بەبەستەی شـــیرین          دەریا شــــەپۆلی ڕەنــگین
ســــروودیان ئەوت بـــۆ دڵ          گەشـــــامەوە وەکــــو گوڵ

هەندێ لە هۆنراوەکانی عوسمان عوزێرییش لەسەر ئەم کێشەن. وەکو لەم هۆنراوە دەڵێ:

ئەڕۆین بەرەو ڕووی مەبەست          هەموو دەست ئەدەینە دەست
تاکــو هەمــوو وەک یەک چین          بەبەخـــــتـــیـــارانە ئەژیــن

## وێژە و فەرهەنگی کوردی لە پاش ئیسلام:

بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی لە ساڵی حەڤدەی کۆچییەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە وڵاتی کوردەواریدا دەستی کرد بەبڵاوبوونەوە. بەڵام کوردەکان لەبەرئەوەی زەمانێکی دووروودرێژ بەئاینی پێشوو هۆگر بوون، دیارە بەئاینی تازەی ئەو دەمە کە ئیسلامە ڕووی خۆشییان پیشان نەداوە و ئەوانەی کە هۆنەر و بوێژبوون بەربەرەکانێیان لەگەڵ ڕەوشتە تازەکە کردووە. بۆ نموونە پارچە هەڵبەستەکەی ئەشکەوتی جێشانە وێنەیەکە لەو چەشنە هۆنراوانە. بەڵام ئەم بەربەرەکانێیە ئەوەندەی نەخایاندووە و هیچی پێ نەکراوە و زۆربەی گەلی کورد بەگیان و دڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرتووە و گەلێ پیاو زانا و بلیمەت و خواناسیی لێ هەڵکەوتووە کە ڕاژە و خزمەتی ئیسلامیان کردووە و لەم بارەوە گەلێ پەڕاوی بەنرخ و باییداریان سەبارەت بەئیسلام و ئیسلامەتییەوە داناوە کە بەرهەمەکانیان ئێستا لە دەستدان.



کوردان لە سەردەمی ئیسلامەتیدا لە ژێر سایە و فەرمانی ئیسلامدا وەکو برا دەژیان و بەگیان و دڵ بۆ پەرەپێدانی ئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی تێ دەکۆشان. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە ئەمەوییەکان هاتنە سەر کار و دەسەڵاتیان پەیدا کرد و دەستیان کردە زۆر و ستەم و کوردەکانیان دەچەوسانەوە، وە بەم چەشنە هەموو جۆرە بەڵگەیەکی مێژوویی و وێژەیی و زانیاریی نیشتمانەکەمان کەوتنە دەستی ئەوان و زۆربەیشیان تیا چوون. لەوانە بوو کە ئەو زمانەیش کە گەلی نیشتمان قسەی پێ دەکرد، هیچی پێ نەدەنووسرا، بەتایبەتی ئەو شوێنەی کە ناودەبرێ بەشوێن و نیشتگەی کوردەواری وەکو شوێنەکانی تری نیشتمان لە ژێر فەرمانی ئەوانا بوو و وێژە و فەرهەنگ و زانیاریی هەموولایان بەهۆی ئەمەوییەکانەوە ڕووی لە ئاوابوون و تیاچوون بووە.

ئیسلام دینی ئاشتی و بەرابەری و برایەتییە، پەیڕەوان و لایەنگرانی ئەم ئاینە لە هەر نەتەوە و هۆز و تیرەیەک بن، تۆفیرێکیان لەگەڵ یەکدا نییە و تەنیا ئەو کەسە لای خوا بەڕێز و خۆشەویستە کە لە خوا بترسێ و پارێزگار بێ. هەروەها کە خوای مەزن لە ئایەتی ١٣ی سوورەی حوجوراتدا ئەفەرمێ: "یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقکم ان الله علیم خبیر". واتە: خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەک خستەوە و کردیشمانن بەچەندین گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکتر بناسن. هەر کەسێ پارێزگارتر بێ لە لای خوا خۆشەویستترە.

خوای مەزن لەم ئایەتەدا داوا لە خەڵک دەکا کە یەکتر بناسن و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکترا نەکەن و یەکتر دانەپاچن. وشەی خەڵک هەموو تیرە و هۆزی بنەچەکەی ئادەم دەگرێتەوە، جا ئەو بنیادەمە: عەرەبە، کوردە، فارسە، سپییە، ڕەشە، زەردە، سوورە، هەر چی و هەر ڕەنگ و زمانێکی هەیە، بەر ناوی خەڵک دەکەوێ و دەبێ یەکتر بناسن و لەگەڵ یەکتردا دۆست و ئاشنا بن. کەچی ئەمەوییەکان هەر لە سەردەمی پەیدابوونیان کەوتنە چەوساندنەوەی خەڵک و کەسیان جگە لە عەرەب بەبنیادەم نەدەزانی و تەواوی کاروباری وڵاتیان تایبەتی عەرەبەکان کرد و هەموو کارێکیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و گەلانی تریان بەپەست دەزانی و هەموو بزووتنەوەیەکیان سەرکوت دەکرد و دەرفەتیان بەکەس نەدەدا کە وستەی لێوە بێ.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوە کە ئێرانییەکان لە بەرامبەری ئەمەوییەکاندا ڕاپەڕن، وە لە ساڵی ٦٥ی کۆچیدا (مختار الثقفی) لە کووفە ڕاپەڕی و لە بەرامبەری ئەمەوییەکاندا ڕاوەستا و ئێرانییەکانیش یارمەتییان دا. لە ساڵی ١٢٩ی کۆچیشدا ئەبوو موسلمی خوراسانی کە کورد بوو، لەشکرێکی گەورەی لە هەموو چینەکانی ئێرانی کۆکردەوە و

ئەمەوییەکانی لەناوبرد و عەباسییەکانی هێنایە سەر کار، بەڵام عەباسییەکانیش هەر ئەو ڕێگەیانە گرت کە ئەمەوییەکان گرتبوویان وە بەدڵی ئێرانییەکان نەجووڵانەوە تەنانەت ئەبوو موسلیمیشیان کوشت و زۆربەی لایەنگرانی ئەویشیان لەناوبرد و بەم چەشنە بنەماڵەی ئەمەوی لە شام و بنەماڵەی عەباسی لە بەغدادا لە تێکۆشان و کزکردن و تیابردنی مێژوو و وێژە و زانیاری و فەرهەنگی گەلی ئێران کۆتاییان نەکرد. هەر لەو سەردەمانەدا هەڵگرانی بنەماڵەی تایەری (٢٠٥ – ٢٥٩ی کۆچی) و سەفاری (٢٤٥ – ٢٩٠ی کۆچی) لە ئێراندا بوونە پشتیوانییەکی گەورە بۆ زیندووکردنەوەی وێژە و زمانی فارسی و لە سەردەمی ئەماندا هۆنەران وردە وردە خەریکی زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و وێژەی ئێرانی بوون کە تا ئەو خولانە لە ئاوابووندا بووە هۆی پەیدا بوونی. ئەڵبەت زمانی کوردی و فارسی سەرچاوەکەیان یەکە و لە ڕیشە و بنجێکەوە هاتوون و سەرچاوەی وێژە و فەرهەنگی هەردوو زمانەکە پەڕتووکی ئاڤێستایە و بۆیە گەلێ لە هۆنەرانی کوردیش هاوڕێ لەگەڵ هۆنەرە ئێرانییەکانی تردا کەوتنە تێکۆشان و بەرزکردنەوەی وێژە و فەرهەنگی ئێرانی.

عەباسییەکان بەو کەسانەی کە بۆ نیشتمان و وڵات و گەلەکەیان خەبات و تەقەلا و کۆششیان دەکرد (شعوبیە)یان دەوت. بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ڕەوشت و فەڕ و شکۆی ئێران، گەلێ کەس وەکو: بافەرید و سندیباد و ڕۆژبە و بابەک لە زەمانی عەباسییەکاندا پەیدابوون و لەگەڵ عەباسییەکاندا بەربەرەکانێیان کردووە و گیانی خۆیانیان بۆ نیشتمانە پیرۆزەکەیان لە دەست داوە. هەر لەو سەردەمانەدا واتە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا، ڕێبازی یاری یا کاکەیی لە کوردستاندا دامەزرا و ئەم ڕێبازە بووە پشتیوانێکی گەورە بۆ زیندووکردنەوەی زمان و وێژەی گەلی کورد.

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی خولێکی سەرەتاییە بۆ وێژەی کوردی لە سەردەمی ئیسلامەتیدا. لەم چەرخەدا هۆنەران و پیاوە ئاینییەکانی یاری کەم کەم دەستیان دایە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی وێژە و فەرهەنگ و زمانی کوردی.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدان، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا گەلێ هۆنەر و بوێژ هەڵکەوتوون کە هۆنراویان بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە، بەڵام بەهۆی تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگارەوە زۆربەی شوێنەوارەکانیان تیا چوون و نەماونەتەوە جگە لە شوێنەوارێکی چەند پیاوێکی ئاینی کە ئەویش بەهۆی بەخێوکردنی پەیڕەوانی ئەو ڕێبازەوە ماونەتەوە.

ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بزانین کە جێگا و شوێن و زەمان و چۆنیەتیی ژیان و ئاین و ڕێباز



دەستێکی باڵایان هەیە لەوەدا کە خورپە و کارەساتی خۆیان بەبوێژ و هەستیار بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکانی بگەیێنن. واتە کارەساتی هەر شوێنێک هەڵبەست و هۆنراو دادەنێ و هەر ئەو کارەساتەیشە هۆنەرەکە هان دەدا کە هۆنراو بهۆنێتەوە بۆ ئاگەداری و هەست پێ کردنی خەڵکی ئەو شوێن و ناوچەیە.

ئەوەندە هەیە کارەساتێ دەبێتە هۆی ئەوە کە هۆنەرێ هۆنراو بهۆنێتەوە، بەتایبەت ئەو شوێنەی کە شوێن و مەڵبەند و نیشتنگای کوردە بەهۆی سروشتە جوانەکەیەوە، گەلێ هۆنەر و هەستیاری بەدی هێناوە و پەروەردەی کردوون کە هۆنراوەکانیان ئاوێنەیەکن بۆ چۆنیەتیی بیر و ژیان و بڕوا و باوەڕی زەمانی خۆیان. لە دەوروبەری سەدەی دووەمی کۆچیدا ڕێ و ڕەوشت و ڕێبازی یاری لە ناو کوردەواریدا بەتایبەت لە لوڕستان و هەوراماندا، بنجی داکوتا و پاشان بەزۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاندا بڵاو بووەوە.

## ناوەڕۆکی هۆنراوی هۆنەرانی کورد:

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە هۆنەرانی سەدەی دووەم تا پێنجەمی کۆچی بەم لاوە، زۆربەیان پەیڕەوانی ڕێبازی (یاری)ن، وە ئەم هۆنەرانە بەدوو دەستە دابەش دەکرێن: دەستەی یەکەم داگری ڕابەران و پیرانی یارین، وە دەستەی دووەم بریتین لە پەیڕەوانی ڕابەران و پیرانی ئەو ڕێ و ڕچەیە.

بەپێی بەڵگە نووسراوەکان، هۆنەرانی سەدەی دووەمی کۆچی تا سەدەی هەشتەم زۆرتریان بریتین لە ڕابەران و پەیڕەوانی یاری کە زۆربەی هۆنراوەکانیان خواناسین و لە ڕچی خواناسیدا لە یەکتر پەیڕەوییان کردووە. وە لە هەندێ واتا و ناوەڕۆکدا بەرەو پیری یەکترەوە چوون.

لە سەدەی هەشتەمی کۆچی بەم لاوە تا سەدەی سێنزەم، زۆربەی هۆنراوی هۆنەرانی کورد لە بارەی دیمەنی سروشتی و دڵداری و ڕەزمی و چیرۆکی و ئەفسانەیی و خواناسی و دەروێشییەوە وتراوە، وە هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە دیمەنی جوانی نیشتمان و بیروباوەڕی بەتینی ئاینی و دڵگەرمی بە خووخدەی کۆمەڵایەتی بەچەشنێ کاری کردووەتە سەر بیروباوەڕی ئەوان کە نەیانپەرژاوەتە سەر ئەوە لە بارەی مەبەستەکانی ترەوە بدوێن، وە دیمەنی سروشتی وڵاتیش وەکو بەرچاوی یەکێکیان دەکەوت و ستایشی لێوە دەکرد، هەر بەو جۆرە بەرچاوی هەموویان دەکەوت، وە ئەوانیش پێشوازییان لە ستایش و پیا هەڵگوتنەکەی ئەو دەکرد. هەروەها لە باری دەروێشی و خواناسییەوە کە دەچوونە ناو خانەقا و مزگەوتەوە نوقمی ئەم باسە دەبوون، وە هۆنراوەیان لەم بارەوە دەهۆنییەوە. جا

هەر کە دەروێش یا هۆنەرێ بەپیرەکەی خۆیا هەڵیدەوت و ستایشی دەکرد، ئەوانی تریش پێشوازییان لە ستایشەکەی دەکرد، وە زۆربەی ئەم هۆنراوانەیش کە لە بارەی خواناسییەوە دەهۆنرانەوە بەچەشنی دووبەیتی دادەنران.

دەستەی دووەم زۆرتریان ستایشی ڕابەرانی دەستەی یەکەمیان لەو ڕچەیەدا کردووە وە لە هەڵدان و دەرخستنی ئەو ستایش و پەسندانەدا جۆرە زاراوەگەلێکی خواناسییان بەکارهێناون کە کەم کەس جگە لە خۆیان لە مانای ئەو زاراوانە و مەبەستی ئەو هۆنەرانە تێ دەگا. هەروەهاش بەشێکی زۆرتری ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان گۆشە و پلاری خواناسییە و ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی ڕێبازەکەیان پیشان دەدا وە یا دیاردییە بەڕووداوێکی ڕێبازەکەی خۆیان.

هەندێ تر لە هۆنەرانی دەستەی دووەم، لە هۆنراوەکانی خۆیاندا، ئەو ڕەوشتەیان بووە کە هەندە ناوەڕۆکێکی خواناسیدا پێشوازییان لە هاوپلەوپایەی خۆیان کردووە و بەپیری ئەوانەوە چوون. لە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرانەدا مەبەستی خواناسی و دەروێشی و بیروباوەڕ بەڕۆژی دوایی و چۆنیەتیی ڕێ و ڕەوشتی ڕێبازەکە دەرخراوە.

لە هەندێ لەو هۆنراوانەشدا دیاردییە بۆ قارەمانان و پاڵەوانان و سەردارانی کۆنی ئێران وەکو کەیکاوس و کەیخەسرەو و کەیقوباد و ڕۆستەم و زۆراو و گیو و گۆدەرز و ڕەهام و مەنیجە کراوە و لەم دیاردیانەدا هەر کام لەو قارەمانانە بەیەکێ لە پیران و ڕێبەرانی ڕێبازی یاری هەڵسەنگراوە، وە بەهاوتای یەکتریان زانیوە.

جا ئەم هۆنراوانە کە باسیان لێوە کرا، زۆربەی ئەوانە لە پەڕاوی (سەرئەنجام)دا تۆمار کراوە. ئەم پەڕاوە گەلێ مەبەستی مێژوویی و ئاینیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. تەنانەت ئەو مەبەستانەی کە لە پەڕاوی (ئاڤێستا) و (ڤیدا)دا هاتوون لە پەڕتووکی (سەرئەنجام) بەدرێژیی باسیان لێوە کراوە.

تا ئەم شوێنە بەکورتی باسمان لە بارەی بنج و بناوانی گەلی کورد و داهاتنی وێژەی کوردییەوە کرد، ئیتر لەمەودوا لە بارەی چۆنیەتی ژیان و شوێنەواری هۆنەرە هەرە گەورەکانی کوردەوە دەدوێین و بەپێی وزەی خۆمان لە هۆنراوەکان و نووسراوەکانیان دەکۆڵینەوە.

سەرچاوەکان

١– قواعد اللغه الکردیه – تألیف توفیق وهبی – بغداد ١٩٥٦.

٢– المسالک والممالک – تألیف ابن خردادبه – لیدن ١٨٨٨.

٣– الاکراد فی بهدینان – تألیف انور المائی – بغداد ١٩٦٤.



٤– المعجم فی معائیر اشعار العجم – تألیف شمس الدین محمد ابن قیس الرازی – تهران ١٣٣٥.

٥– تاریخ هرودوت، ترجمهء دکتر هادی هدایتی – تهران ١٣٣٦.

٦– ایران از آغاز تا اسلام – تألیف دکتر گیرشمن ترجمهٔ دکتر محمد معین – تهران ١٣٣٦.

٧– ایران در زمان ساسانیان – تألیف کریستن سن ترجمەی رشید یاسمی – تهران ١٣٣٢.

٨– کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او – تألیف رشید یاسمی – تهران ١٣١٦.

٩– تاریخ مردوخ تألیف آیەالله مردوخ – تهران ١٣٢٤.

١٠– فرهنگ مردوخ تألیف آیەالله مردوخ – تهران ١٣٢٤.

١١– سبک شناسی – تألیف ملک الشعرای بهار – تهران ١٣٣٧.

١٢– کورش نامە تألیف گزنفون ترجمهء مهندس رضا مشایخی – تهران ١٣٤٢.

١٣– نزانی – مزگانی – به قلم دکتر سعیدخان کردستانی – تهران ١٣٠٩.

١٤– تاریخ ریشەی نژادی کرد تألیف احسان نوری پاشا – تهران ١٣٣٣.

١٥– مم و زین تألیف و ترجمهء عبیدالله ایوبیان – تبریز ١٣٤١.

١٦– تاریخ ادبیات ایران تألیف ادوارد براون ترجمهء فتح الله مجتبائی – تهران ١٣٤١.

١٧– همانندی واژەهای پهلوی و کردی تألیف صدیق صفی زاده (بورەکەئی) – تهران ١٣٥٢.

١٨– مشاهیر اهل حق تألیف صدیق صفی زاده (بورەکەئی) – تهران١٣٦١.

١٩– نامۀ پهلواني –خودآموز خط و زبان ایران پیش از اسلام – گزارش: فریدون جنیدي – تهران ١٣٦٠.

٢٠– شیعر و ئەدەبیاتی کوردی نووسینی: ڕەفیق حیلمی – بەغدا ١٩٥٦.

٢١– هەمیشە بەهار نووسینی: عەلادین سەجادی – بەغدا ١٩٦٠.

٢٢– فەرهەنگی خاڵ دانراوی شێخ محەمەدی خاڵ – بەغدا ١٩٥٩.

٢٣– فەرهەنگی مەهاباد – دانراوی گیو موکریانی – هەولێر ١٩٦١.

٢٤– هەزار بێژ و پەند – مەعرووف جیاووک ١٩٣٨.

٢٥– گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم – بەغدا ١٩٧٣.

٢٦– بەهەشت و یادگار هۆنراوەی گۆران – سلێمانی ١٩٧١.

٢٧– دیوانی مەولەوی کۆکردنەوەی مەلا کەریمی مودەڕڕیس – بەغدا ١٩٦١.

28- A Kurdish English Dictionary By Taufiq wahby. London, 1966.

29- The land of pars by Sayyed mostafavi Tehran, 1959.

## هۆنەرانی دەوری بەنی دولەف ٢١٠ - ٢٨٥

بەنی دولەف لە سەدەی سێیەمی کۆچی لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان دەکرد. دامەزرێنەری ئەم زنجیرە یەکێ لە سەردارەکانی مەئموون بەناوی ئەبوو دولەف بوو کە لە ساڵی ٢١٠ی کۆچیدا لە لایەن مەئموونەوە کرایە فەرمانڕەوای هەمەدان و پاشان شوێنەکانی تری کوردستانیشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە پاش ئەبوو دولەف وڵکەی کوردستان بەکەلەپوور بۆ بنەماڵەی ئەو مایەوە و ئەم بنەماڵەیە تا ساڵی ٢٨٥ی کۆچی لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان کرد و سنووری وڵاتەکەیان تا ئەسپەهان درێژە پێ دا، وە بەم چەشنە خاکی ژێر قەڵەمڕەوی ئەوان هەموو مەڵبەندی شارەزوور و دەینەوەر و نەهاوەند و ئەسپەهان و گەلێک شوێنی تریشی دەگرتەوە.

بەنی دولەف کە لە بنەڕەتدا عەرەب بوون، لەبەرئەوەی لە ناو کوردا ژیانیان بردە سەر، بەرە بەرە تاوانەوە و ئەوانیش خوو و خدە و ڕێ و ڕەوشتی کوردیان وەرگرت و بوون بەکورد. زۆربەی هۆنەرانی کوردی یاری یا کاکەیی لەم سەردەمەدا سەریان هەڵداوە و بەزاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنراویان هۆنیوەتەوە و بەیادگار بۆ نەتەوەکەیان بەجێیان هێشتووە. ئەو هۆنەرانەی کە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا ژیاون و ناوونیشان و هۆنراویان بەجێ ماوە، بریتین لە: "بالوولی ماهی، بابە لوڕەی لوڕستانی، بابە ڕەجەبی لوڕستانی، بابە حاتەمی لوڕستانی، بابە نجوومی لوڕستانی" کە ئەوا باسیان لێوە دەکەین.

### بالوولی ماهی

١٤٦ – ٢١٩ی کۆچی

بالوولی ماهی، هۆنەرێکی کوردی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییە. ناوی ئەم هۆنەرە خواناسە عەمر کوڕی لەهەب و نازناوی بەهلوول یا بالوولە. بەپێی پەڕتووکی دەستنووسی سەرئەنجام، بالوول لە ساڵی ١٤٦ی کۆچی لە دینەوەر لوڕستان پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە ساڵی ٢١٩ی کۆچیدا لە دەوروبەری تەنگەگۆل کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە. تەنگەگۆل ناوی کێوێکە لە دێی چەشمە سفید کە لە شازدە کیلومەتریی ئیسلام ئاوا دایە. بەپێی پەڕاوی (سەرئەنجام)، بالوول یەکەمین کەس بووە کە ڕێبازی (یاری)ی لە



هەورامانـدا داناوە و پاشان لەگەڵ هەندێ لە یارانی لوڕستانیدا ڕۆیشتووەتە بەغدا و لە خزمەتی ئیمام جەعفەری سادق (١١٩ – ١٨٥ی کۆچی)دا ماوەیەک ماوەتەوە و پاشان چووەتە قرماسین (کرماشان) و خەریکی پەرەپێدانی ڕێبازەکەی بووە و لایەنگرێکی زۆری پەیدا کردووە.

قازی نووروڵڵای شووشتەری لە پەڕتووکی (مجالس المؤمنین)دا دەڵێ: بالوول لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا لە دایک بووە و لە ساڵی ٢١٩دا مردووە بەیەکێ لە قوتابییەکانی ئیمام جەعفەری سادق دێتە ئەژمار. بالوول لەبەرئەوەی ڕازی دەروونی خۆی بێ پەردە دەردەخست، هەندێ بەلای هاڕونە ڕەشید (١٧٠ – ١٩٣ی کۆچی)ەوە بەدگۆییان لێوە کرد و هاڕون، خەلیفەی عەباسی، فەرمانی کوشتنی ئەوی دا. بەڵام بالوول هەرکە فەرمانەکەی بیست، ڕۆیشتە لای ئیمام جەعفەر و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. ئیمام دەستووری دا پێی کە خۆی بکاتە شێت تا لە مەرگ ڕزگاری بێ. بەم چەشنە بالوول بۆ ئەوەی کەس لە کاری سەر دەرنەهێنێ و ڕازەکەی ئاشکرا نەبێ خۆی لە شێتی داوە و خەڵکیش ئەویان بەشێتۆکە داناوە.

کاکاردایی کە یەکێ لە نووسەرانی سەدەی نۆیەمی کۆچیی ئاینی یارییە لە یادداشتەکەی خۆیدا دەڵێ: بالوولی ماهی کە لە (ماه الکوفه)دا[1] لە دایک بووە و پێ گەیشتووە، یەکێ لە کوردەکانی ئێرانە و لەگەڵ چەند کەس لە یارەکانی بۆ پەرەپێدانی ڕێبازی یاری، ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێدا ماوەیەک لە خزمەتی ئیمام جەعفەر بووە و پاشان بەپێی دەستووری ئەو خاوەن شکۆیە، خۆی داوە لە شێتی و لە پەنامەکیدا لەگەڵ یارەکانیدا ڕاز و نیازی کردووە و لە خۆشییەکانی جیهان چاوی پۆشیوە و وێرانەیەکی بەکۆشکی هاڕون نەگۆڕیوەتەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین کە لە مێژوودا چەند بالوولی تریشمان هەیە. یەکەم بالوولی خارجی کە ناوی کەشارەی کوڕی شەیبانی بووە، وە یەکێک بووە لە سەرانی یاخیی خەوارج و

---

(١) (ماه الکوفه) بەوڵکەی دینەوەر وتراوە، چونکە خەراج و سەرانەی ئەو وڵکەیان بۆ کووفە دەبرد، وە بەم چەشنە ناوی ئەو هەرێمەیان نا (ماهلکوفه). واتە ماهی کووفە یا مادی کووفە. وشەی (ماه) پاشماوەی وشەی (ماد) و (مای)یە کە بەهۆزی ماد و خاکی ماد وتراوە. ئەم شوێنانەی کە ئێمە ئێستا کوردستان و ئازەربایجان و هەمەدان و کرماشان و نەهاوەند و پێشکوی پێ دەڵێین، لە ڕابردوودا وڵاتی مای یا مادیان پێ دەوت. عەرەبەکان کاتێ لە ئێراندا دەسەڵاتیان پەیدا کرد، ئەم وشەیان بۆ دوو شوێن بەکار برد. (ماهلکوفه) و ماهلبەسرە وە مەبەستیشیان لە (ماه الکووفه)، دەینەوەر و کرماشان و حەلوان، وە نیازیشیان لە (ماه البصره)، نەهاوەند و سەیمەرە بوو. لە چیرۆکی (وەیس و رامین)دا کە لە پەهلەوییەوە کراوەتە فارسی، وشەی (ماه) لەجیاتی ماد هاتووە.

گوایە لە کوردەکانی دەوروبەری مووسڵ بووە کە لە ساڵی ١١٩ی کۆچی لە دەوروبەری مووسڵدا شۆڕشێکی هەڵگیرساندووە، تا هەرێمی کووفەی داگیر کردووە و پاشان کوژراوە.

دووەم بالوولی شۆلییە کە یەکێک بووە لەو پیاوە قەلەندەرانەی کە زۆر بەمەردانە ژیاون و سەریان بۆ کەس شۆڕ نەکردووەتەوە و عەرەب پێیان وتوون بەهالیل. ئەم بالوولە گوایە خەڵکی لوڕستان بووە و "ابن بطوطە" لە گەشتەکەی خۆیدا ئەوی لە لوڕستاندا دیوە.

بەڵام مەبەستی ئێمە لە بالوولی هۆنەر هەر ئەو بالوولەیە کە خەڵک بەشێتۆکەیان داناوە و لایان وا بووە کە ئەو شێت و دێوانەیە کەچی لە وتەکان و هۆنراوەکانیدا ئاوەز و بیری بەرزی ئەومان بۆ دەردەکەوێ. دەروێش نەورۆزی سۆرانی کە لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە، لە بارەی بالوولەوە وا دەڵێ:

بالوول زاتێوەن زات یەکدانە
عامیان ماچان بالوول دێوانە
کێ دی دێوانە وەیتەور دانا بۆ
مەرکەو نەمەیدان گەردوون ڕانا بۆ

واتە: بالوول بریتییە لە تیشکی خوا، کەچی هەندێ بێ ئاگا و نەخوێندەوار، ئەو بەشێتۆکە دادەنێن. کێ دیویەتی کە شێت ئەمەندە ورد و دانا و ژیر بێ، وە ئەسپی زانستی خۆی لە مەیدانی چەرخی گەردوونا غاربدا.

ناوی چەند کەس لە یارانی بالوول کە خەڵکی لوڕستان بوون، بەم چەشنەیە:

"بابە لوڕەی لوڕستانی، بابە نجوومی لوڕستانی، بابە ڕەجەبی لوڕستانی، بابە حاتەمی لوڕستانی." لە بالوول و یارانییەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە لە پەڕاوێکدا بەناوی: "دەورەی بالوول" کۆکراوەتەوە کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

بالوول جگە لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی، لە هۆنینەوەی هۆنراوی عەرەبیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، ئەو هۆنراوانەی کە بەعەرەبی هۆنیوەتەوە لە پەڕاوەکانی عەرەبیدا تۆمار کراون. ئەوەش دەبێ بزانین کە هۆنراوی کوردی لە سەرەتای داهاتنی ئیسلامدا زۆرتر بەچەشنی دووبەیتی بووە، وە هۆنراوەکانی بالوولیش هەمووی دووبەیتییە و زۆربەی ئەم دووبەیتییانە ڕاز و نیازی ئاینییە، وەها کە لەم هۆنراوانەدا بۆمان دەردەکەوێ:

ئەز بەهلوولەنان جە رووی زەمینێ
چار فرێشتانم چاکەر کەرینێ
نجوومم، صالح، ڕەجەبم بینێ
چەنی لوڕە بیم جە ماو هەفتینێ

واتە: من بەهلوولم و لەسەر ئەم زەوییەدا چوار فرێشتەم هەیە بەناوانی: نجووم و سالح و ڕەجەب و لوڕە کە نۆکەریم دەکەن و بەفەرمانی من خەریکی نۆکەری و ڕێنموونیی خەڵکن.



لەگەڵ لوڕە لە مانگ و حەوتەوانەدا خەریکی ڕاز و نیاز بووین. لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران
ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵێن یەک یەک شاران
تا زیندە کەریم ئاین ئێران

واتە: بەپێی وتە و قسەی هەندێ لە یاران، دەبێ ئێمە شێت و دێوانە بین، بەڵام ئێمە بەیەک یەکی شاراندا دەسووڕێینەوە، تاکو ئاینی ئێرانی کۆن زیندوو بکەینەوە.

بەپێی ئەم دووبەیتییە وا دەردەکەوێ کە بالوول مەبەستی زیندووکردنەوەی ئاینی ئێرانی کۆن بووە کە دیارە ئەو ئاینیشە، ئاینی زەردەشتییە و دەڵێ قەیناکا خەڵک با هەر بەشێتیش دەرمکەن، خۆ من مەبەستم زیندووکردنەوەی ئاینی ئێرانی کۆنە، لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

دێوانەی زایر، دێوانەی زایر
دانای یارانم دێوانەی زایر
زایر وە عەبەس کەفتەن نە بایر
ڕەجەبم نەسیم، لۆرەمەن ئایر

واتە: من لە چاوی هەندێ کەسدا شێت و دێوانەم و لە ڕواڵەتدا کەوتوومەتە کێو و دەشت، بەڵام لە ڕاستیدا زانای یارانم و ڕێبەرییان دەکەم. ڕەجەبم بای شەماڵە بۆ دۆستان و لوڕەیشم بۆ دوژمنان وەکو ئاگرە. لە یەکێ لە دووبەیتییەکانی تردا دەڵێ:

ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران
وە قانوون شەرط ئەو واتەی یاران
چەندێ مەولا بیم گردمان شاران
یارانم کەردەن وە قەوای ماران

واتە: هەندێ لە یارانم دەزانن و ئاگایان لێ یە کە ئێمە بەپێی یاسا و قانوونی ڕێبازەکەمان، ماوەیەک مەولا و سەرۆکی خەڵک بووین، وە بەهۆی ڕێی خواناسییەوە کە گرتوومانە، شارەکانمان گرت و خۆمان لە لەشی یارەکاندا جێ کردووەتەوە. لە یەکێ لە دووبەیتییەکانی تردا دەڵێ:

سوجدەی جەم بەردین، سوجدەی جەم بەردین
ئارۆ نە جەمدا سوجدەی جەم بەردین
هیمەت نە دەرگای یار طەڵەب کەردین
زەڕێ نە ئاو کەوسەرش وەردین

واتە: ئەمڕۆ لە جەمدا کڕنۆشمان لە یار کرد و لە دەرگا و ئاسانەی ئەودا داوای یارمەتی و کۆمەکمان کرد و تۆزقاڵێ لە ئاوی کەوسەری ئەومان خواردەوە و کەمێک ئەهوەن بووینەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربەی هۆنراوەکانی بالوول تیا چوون، وە ئەو هۆنراوانەی کە

بەکوردی ماونەتەوە، لە پێنج شەش دووبەیتی زیاتر نین، ئەویش بەهۆی پەڕاوی سەرئەنجامەوە پارێزراون و ماونەتەوە. بەڵام وا دیارە کە بالوول هۆنراوی زۆری بەکوردی داناوە کە بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە تیاچوون. چونکە لە سەرئەنجامدا نووسراوە کە بالوول و یارەکانی هەموو وتووێژەکانیان بەهۆنراو و گۆشە و پلار بووە تا دوژمنانی ڕێبازەکەیان لێیان تێ نەگەن و بەڕازەکەیان نەزانن. ئەو هۆنراوانەش کە بەدەستی ئێمە گەیشتوون لە چەند نوسخەدایە و لەگەڵ یەکدا کەمێک جیاوازییان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە ئەو کەسانەی وا ئەم دووبەیتییانەیان نووسیونەتەوە، کەم سەواد بوون، وە مانای وشەکانیان نەزانیوە و بەهیوا و ئارەزووی خۆیان نووسیویانەتەوە و لەو نووسینەوەدا بەهەڵە چوون. بەڵام ئێمە دووبەیتییەکانمان لەگەڵ یەکدا هەڵسەنگاندووە و بەپێی نوسخەکان تا ڕادەیێ هەڵەکانمان ڕاست کردووەتەوە.

بەپێی ئەو دووبەیتییانەی کە لە بەهلوولەوە هێنامان، بۆمان دەرکەوت کە بەهلوول هەستیارێکی دەروێشی رەندی بێ پەروا و خواناس بووە، ئەو ڕێچکەیە کە گرتوویەتی ڕێچکەیەکی سادەی بێ گرێی خواناسی و دەروێشی بووە، وە ویستوویەتی دەوروبەری خۆی بەبیروباوەڕی خۆی تێ بگەیێنی، وە لە هۆنراوەکانیدا وشەی سادەی کوردی بەکار بردووە و ویستوویەتی هەموو کوردێک لە هۆنراوەکانی تێ بگات.

سەرچاوەکان


١– الكامل فی التاریخ، تألیف ابن الاثیر – لیدن ١٨٦٦.

٢– وفیات الاعیان وانباء ابناء الزمان، تألیف ابن خلكان – مصر ١٩٢٥.

٣– مجالس المؤمنین، تألیف قاضی نورالله شوشتری – تهران ١٣٢٤.

٤– بوستان سعدی با شرح محمد علی ناصح – تهران ١٣٥٤.

٥– دائره المعارف الاسلامی، تألیف بطرس البستانی – بیروت ١٩٦٥.

٦– اعلام المنجد فی اللغه والادب، تألیف لویس معلوف – بیروت ١٩٦٥.

٧– سفرنامهء ابن بطوطه، تالیف ابن بطوطه، ترجمهء محمد علی موحد – تهران ١٣٣٧.

٨– برهان الحق، تالیف نور علی الهی – تهران ١٣٤٣.

٩– شاهنامهء حقیقت، اثر حاج نعمت الله جیحون ابادی – باهتمام دكتر محمد مكری – تهران ١٣٥٥.

١٠– دورهء بهلول – تفسیر وتالیف صدیق صفی زاده (بورەکەئی) – تهران ١٣٦٣.

١١– ویس ۆرامین فخرالدین گرگانی با تصحیح مجتبی مینوی – تهران ١٣٥٧.





١٢– مشاهیر اهل حق، تالیف صدیق صفی زاده (بورەکەئی) – تهران ١٣٦٠.

١٣– سەرئەنجامی دەستنووس کە لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

١٤– دیوانی دەروێش نەورۆزی سۆرانی (دەستنووس).

١٥– دەورەی بالوولی ماهی کە لەسەر پێستی ئاسک نووسراوە.

١٦– یادداشتی کاکاڕدایی کە لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی لە کرماشاندا نووسراوەتەوە.

17- Dawray Buhlul, texte gourani etabli, traduction, noteset commentaires. Paris. 1974.


## بابە لوڕەی لوڕستانی

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

بابە لوڕەی لوڕستانی، کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییە، بەیەکێ لە یاران و لایەنگرانی بالوولی ماهی دێتە ژمار. ئەم پیاوە ئاینییە کە قەلەندەرێکی خواناس و بێ پەروا بووە، بەپێی نامیلکە دەستنووسەکانی یاری و پەڕتووکی سەرئەنجام، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی لە وڵاتی لوڕستاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا لە گێتی دەرچووە.

لە بابە لوڕەوە هەندێ دووبەیتی بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە لە پەڕاوی (دەورەی بالوول)دا نووسراوە. ئەم دووبەیتییانە ڕاز و نیازێکە لە نێوانی ئەو و بالوولدا. وەکو لەم دووبەیتییەدا کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| وە هەفتینەوە، وە هەفتینەوە | جەمێمان نیان وە هەفتینەوە |
| شکارێم ئاوەرد نە کەمینەوە | بەهلوول گەورەما وە ئەمینەوە |

واتە: حەوت کەس لە یاران لە شوێنێکا جەمێکمان پێک هێنا و، لەوێدا کۆبووینەوە و کۆڕێکمان ڕازاندەوە تا ڕاز و نیازی تێدا بکەین، من لەو کۆڕەدا بەئاواتی خۆم گەیشتم و لەوێدا نێچیر و شکاری خۆمم لە تەنیشت خۆمەوە دۆزییەوە. ئەو نێچیرەم بالوول بوو کە بەگەورە و سەرۆکی کۆڕەکەمان دێتە ئەژمار.

نیاز لەم دووبەیتییە دەربڕینی جۆش و خرۆشێکی دەروێشییە کە دەروێشێک ڕاز و نیازی دەروونی خۆی بۆ پیرەکەی دەردەبڕێ. وشەی هەفتین کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، بەحەوت فرێشتە ئەوترێ کە خوا ئەوانی بەر لە بەدیهێنانی جیهان، هێناوەتە دی. جەمیش بەشوێنێک دەڵێن کە پەیڕەوانی ئاینی یاری لەو شوێنەدا بۆ بەدیهێنانی ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی ئاینی کۆ دەبنەوە.

بابە لوڕە لەم دووبەیتییەدا باسی فەرمانبەرداریی خۆی و گەورەیی و شکۆی پیرەکەی دەکا و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو سەراپەردە، ئەو سەراپەردە | جبرەئیـــــــلەنان ئەو سەراپەردە |
| محەمەد بەردم ئەو پشت پەردە | قەوڵێـــــــوەم چەنی بەهلوولم کەردە |

واتە: هەر لەو کاتەوە کە جبرەئیل لە ڕۆژی بەریندا لە لایەن یەزدانەوە کرابووە ڕاسپێرراو، لە سەراپەردەی ئاسمانەوە هاتە خوارێ و بەفەرمانی خوای مەزن هافی محەمەدی بردە پشتی پەردەی نهێنییەوە. منیش هەر لەو ڕۆژەوە، بەهۆی ئەو بەڵێنەوە کە لە ڕۆژی بەریندا بووم، فەرمانەکەی بەهلوولم بەجێ هێنا.

بابە لوڕە لەم دووبەیتییەدا دیاردییە دەکاتە سەر ئایەتی ١٧٢ی سوورەی (اعراف) کە باسی بەر لە جیهانی داهاتوو دەکات و وا دەگەیێنێ کە خوای گەورە و گران لەو دەمەدا لەگەڵ ڕۆح و ڕەوانی مرۆیاندا کەوتووەتە وتوویژ، وە لە ئەوان دەپرسێ: "اَلَستُ بِرَبِّکُم؟" واتە ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟. ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: "بلی" واتە: بەڵێ تۆ پەروەردگار و خوای ئێمەی. ئەوسا خوای گەورە لەوان بەڵێن و پەیمان وەردەگرێ کە لە دوای سروشتکردنیان لە جیهانی بەدی هاتوودا ڕێگەی چاک بگرنە بەر و بەچاکەوە بژین و خواپەرستی لە دەست بەر نەدەن.

بابە لوڕە ئەم پەردانە دادەداتەوە و خۆی دەخاتە جیهانێ ترەوە و دەچێتە مەیخانەی دەروێشانەوە و لە مەیگێڕی مەیخانەی ئەلەست داوای جامێ مەی دەکا تا بیخواتەوە بەشکو بەهۆی خواردنەوەی ئەو پیاڵە مەیەوە زام و برینی دەروونی سارێژ ببێ و بگەیێتە کام و ئارەزووی دڵی خۆی کەوا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ساقی ناکامم، ساقی ناکامم | جامێ بدەر پێم، ساقی ناکامم |
| جەو مەیەی کۆنە بڕێز نە جامم | هانا سا بەڵکە سارێش بۆ زامم |

واتە: ئەی مەیگێڕ، جامێ مەیم پێ بدە، چونکە من ناکام و ناشادم. دەخیلم لەو مەیە کۆنە بڕێژە ناو پیاڵەکەم تا بیخۆمەوە، بەشکو و زام و برینی دەروونمی پێ سارێژ بێت و دەردی دڵمی پێ دامرکێ.

بەپێی ئەو هۆنراوانەی کە لە بابە لوڕەوە هێنامان و باسمان لێوە کرد، دەتوانین بڵێین کە ئەم هۆنەرە، هۆنەرێکی قەلەندەر و فەلسەفەچیەکی ئاینی بووە لەگەڵ هەستێکی پاک و بەرزدا کە لە دووبەیتییەکانیدا دەربڕیوە.

بەداخەوە زۆربەی دووبەیتییەکانی بابە لوڕە بەهۆی تێپەڕبوونی زەمانەوە تیا چوون و جگە لەو دووبەیتییانەی کە هێنامانن، ئەوانیتریان نەماون. لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە



کە ئەم هەستیارە، دووبەیتیی زۆری هۆنیوەتەوە و گوایە لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە.

سەرچاوەکان
١- مشاهیر اهل حق، تالیف: صدیق صفی زادە.
٢- دورەء، بهلول تالیف وتفسیر صدیق صفی زادە - تهران ١٣٦١.
٣- سەرئەنجام (دەستنووس).
٤- دەورەی بالوولی ماهی (دەستنووس).

## بابە ڕەجەبی لوڕستانی

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

بابە ڕەجەبی لوڕستانی، کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییە، بەیەکێ لە یارانی بالوولی ماهی دێتە ژمار. بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، بابە ڕەجەب لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا لە لوڕستان لە دایک بووە و لە سەرەتای سەدەی سێیەمیشدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.

لە ئەم پیاوە ئاینییەوە، هەندێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماوەتەوە کە گەلێ دڵنشین و بەرز و نازکن. بابە ڕەجەب لە تەنبوور لێدانیشدا مامۆستا بووە، وە هۆنراوەکانی خۆی بەئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە.

ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بزانین کە چەشنی ژین و ڕابواردنی هەموو عێل و خێڵ و تیرە و هۆزێ نوێنگەیەکی کۆمەلایەتی و ئاینی و ڕەوشتی ئەو عێل و خێڵ و تیرە و هۆزەش پیشان دەدا و شوێن و جێگا و مەڵبەند و ئاو و هەواش کار دەکەنە سەر ئەو ئاین و ڕەوشتە و لە ڕۆژگارە داهاتووەکاندا گەلێ گۆڕان لە ناو ژیاندا بەدی دێن. ئەو خاکەی کە گەلی کوردی تێدا دەژیت، شوێنێکی کوێستانییە و شاخ و چیا و کێو و هەرد و زەرد و باخ و بێشە و دارستان و چەم و تاڤگەی زۆرە. جا ئەمانە هەموو کاریان کردووەتە سەر چەشنی ژیانی، و بەبۆنەی ئەم سروشتە جوانەوە گەلێ هۆنەر و بوێژ تێیدا هەڵکەوتوون.

ئاین، کە هەموو گەلێک پابەندیەتی لە ناو کوردەواریشدا لەمێژەوە بایەخێکی زۆری بووە و پێش لە داهاتنی ئاینی زەردەشت، کوردەکان گەلێ بڕوای جۆربەجۆری ئاینییان بووە و گەورەترین ئاینی کوردەکان لە پێش ئیسلامدا، ئاینی زەردەشتی بووە. ئێستاش ئاگرگاکان و ئاتەشکەدەکان لە شوێنە کوردنشینەکانا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

ڕێبازی یاری یا کاکەیی کە ڕێبازێکی کوردییە و لە پاشماوەی ئاینەکانی زەردەشتی و مانەوی و مەزدەکی و ئاینە کۆنەکانی تری ئێرانەوە بەدی هاتووە، لەبەرئەوەی سەرەتا لە لوڕستان و هەوراماندا پەیدا بووە، سەرۆکەکانی ئەو ڕێبازە مەبەست و خورپەی دەروونیان بەزمانی زگماکیی خۆیان دەربڕیوە، وە شێوەی زمانی ئەوان هەر ئەو شێوە گۆرانییەیە کە بالوول و یارەکانی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا هۆنراویان پێ هۆنیوەتەوە. ئیتر ئەم ڕەوشتە پاشان هەر بەو شێوە زمانە بڵاو بووەتە ناوچەکان و شوێنەکانی تری کوردستان.

جا بابە ڕەجەبیش لەو چەشنە هۆنەرانە بووە کە پەیڕەوی لە پیرەکەی کردووە و لە ڕێ و ڕێبازی ئەوەوە ڕۆیشتووە و ئەوی بەگەورە و سەرۆکی خۆی زانیوە بۆیە لەم دووبەیتییەدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئاسوودەم کەردەن، ئاسوودەم کەردەن | بەهلوول گەورەما ئاسوودەم کەردەن |
| صاڵح نە زریەی قولزم ئاوەردەن | داناوەن مەردوم دێوانەش کەردەن |

واتە: بەهلوول گەورە و سەرۆکمە، وە لە هەموو قۆرت و کۆسپێک ئاسوودەمی کردووە. بەهلوول زانایە، بەڵام مەردم ئەویان شێت و دێوانە کردووە و بەشێتی دادەنێن.

وەکو دەزانین لە ناو کوردەواریدا بڵاو بووەتەوە کە دەڵێن بالوول شێتۆکە بووە و ژینی خۆی بەشێتۆکەیی ڕابواردووە و گەلێ داستان و ئەفسانەیش لە بارەی شێتۆکەیی بەهلوولەوە دەگێڕنەوە. جا بابە رەجەب لەم دووبەیتییەدا ئەو چاووڕاوە دەخاتە درۆوە و دەڵێ: بەهلوول ئەو کەسەیە کە منی لە هەموو کۆسپ و دڵەخورپێیێک ئاسوودە کردووە و ساڵحیشی لە زرێ و زەریای قولزم هێناوەتە ناومان، کەچی خەڵک ئەو بەشێت و دێوانە دەزانن. بەڵام ئەو مرۆییێکی، تەواو عەیارە و لە هەموو شتێکی نهێنی ئاگەدارە.

بابە رەجەب لە دووبەیتییێکی تردا، بیروڕای خواناسی و دەروێشی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| رەجەبم نەی جا، رەجەبم نەی جا | شەماڵ بیانی، رەجەبم نەی جا |
| چەنی فەرەیدوون بیانی هامتا | بەهلوول دێوانەی زام دانای سەما |

واتە: من لێرەدا ڕەجەبم، ڕۆحی من وەکو بای شەماڵ گەڕاوە و لە گەلێ لەشدا شنیاوەتەوە، من لەگەڵ فەرەیدوونی کەیانیدا هاوتا و هاوڕاز بووم. بەهلوول شێت و دێوانەی زەوییە و زانا و دانای ئاسمانە.

ڕێبازی یاری وەکو ئاینی ئارییاییەکان، بەپێی یاسای (دوونادوون) دانراوە. دوونادوون ئەوەیە: هەر مرۆیی کە لە دایک دەبێ و دێتە جیهانەوە، ڕۆحەکەی دەبێ هەزار و یەک لەش بگەڕێ تا پاشان جاویدانی و نەمر بێ. بەو مەرجەی کە لە لەشی یەکەمدا کاری خراپ و



ناڕەوای بەپێچەوانەی یاسای ئاینی و مرۆڤایەتی نەکردبێ. ئەگەر لە لەشی یەکەمدا بەپێچەوانەی ئەم یاسایە ڕەفتاری کردبێ، ئەوا ڕۆحەکەی ئەڕواتە لەشی دڕندەکان و زیندەوەرانەوە، وە هەزار و یەک لەش دەگەڕێ تاکو بەسزای خۆی دەگا.

لێرەدا بابە ڕەجەب دەڵێ: ڕۆح و گیان و ڕەوانی من وەکو بای شەماڵ شنیاوەتەوە و گەڕاوە، تەنانەت چووەتە لەشی فەرەیدوون و ئەژدەهاکی ناپاکی تیا بردووە و گەلی ئێرانی لە دەست ئەو بێگانە خوێنمژە ڕزگار کردووە. بەهلوولیش کە ئێستا دانیشتووانی زەوی بەشێتی ئەزانن، زانایەکی ڕۆحانیی ئاسمانییە و ئەو لەو ڕێگایەدا، ڕێبەریی منی کردووە. بابە ڕەجەب ئەو پەردەی پێشووە دادەداتەوە و لە باسی بادەنۆشی لە مەیخانەی خواناسیدا وێنەیەکی تر دێنێتە ناوەوە و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ساقیا دەستم، ساقیا دەستم | جامێ تر باوەر بگێرە دەستم |
| ئەز جە مەیخانەی رۆی ئەلەست مەستم | وە مەستی پەیمان ئاینم بەستم |

واتە: ئەی مەیگێڕ، جامێ تر مەی و بادە بێنە و بمدەرێ و دەستم بگرە، چونکە من سەرخۆشی بادەی مەیخانەکەی ڕۆژی ئەلەستم و بەمەستییەوە پەیمانی ئاینی خۆمم بەستووە.

بابە ڕەجەب لەم دووبەیتییەدا ڕوو دەکاتە مەیگێڕی ڕاستەقینە و دەڵێ: ئەی مەیگێڕ، من لە بادەی مەیخانەی ڕۆژی بەر لە بەدیهێنانی جیهان و مرۆ مەست بووم، دەسا تۆیش جامێ ترم پێ بدە و دەستم بگرە و یارمەتیم بدە، چونکە من بەمەستییەوە لەو ڕۆژەدا پەیمانی ئاینی خۆمم بەستووە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– دەورەی بالوولی ماهی (دەستنووس).

## بابە حاتەمی لوڕستانی

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

بابە حاتەمی لوڕستانی کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییە، بەیەکێ لە لایەنگرانی بالوولی ماهی دێتە ژمار. بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، بابە حاتەم کە هاوچەرخی بەهلوول بووە، بەیەکێ لە یارانی ئەو دێتە ئەژمار و بالوول گەلێ خۆشی ویستووە و هەموو دەم لەگەڵ ئەودا بووە. گوایە لە دەوری جوانی و لاویدا لە لوڕستانەوە

چووەتە بەغدا و لەوێدا بالوولی دیوە و ڕێبازەکەی وەرگرتووە.

بابە حاتەم لە هۆنراو وتن و تەنبوور لێدانیشدا مامۆستایەکی تەڕدەست بووە و لەوەوە تەنیا دوو دووبەیتی بەجێ ماون. ڕەنگە هۆنراوەی تری هەبێ، بەڵام ئێمە تا ئێستا هەر ئەو هۆنراوانەمان کەوتووەتە دەست. بابە حاتەم لە یەکێ لە دووبەیتییەکانیدا بیروباوەڕی خۆیمان بەتەواوی بۆ دەردەخا و دەڵێ:

ڕەمز دێوانە، ڕەمز دێوانە — حاتەمەنانێ ڕەمز دێوانە
دانای عامەنان وە بێ بەهانە — ئەز وێڵم چەنی ئی ڕەوو و ڕانە

واتە: من حاتەمم و پەیڕەوی لە پیرەکەی خۆمەوە دەکەم، دیارە لە سایەی پیرەکەمەوە زانای هەمووی خەڵکم و کەس ناتوانێ پەڵپ و بیانووم پێ بگرێ. من لەگەڵ ڕەوە و ڕانی ئەم ڕچە وێڵم و دەگەڕێم. مەبەستی بابە حاتەم لەم دووبەیتییە، دەربڕینی جۆش و خرۆشێکی دەروێشییە کە دەیەوێ خۆی بەهێما و ڕازی بەهلوول پیشان بدا، وە یەکیەتیی خۆی و پیرەکەی دەرببڕێ تا ژەنگی دڵی خۆی پاک و خاوێن کاتەوە و بگاتە گوڵستانی خواناسی.

وێژە و ئەدەبی کوردی وەها کە دەبینرێ، پلە بەپلە دێتە خوارەوە، وە لە هەر پلەوپایەیەکدا بەپێی گۆڕانی زەمان، گۆڕانێک لە مێژووی وێژەکەیدا دەبینرێ. لە سەرەتا دیارە گەلێ شت کاریان لە وێژەکەی کردووە: یەکەم زاڵبوونی وێژە و زمانی عەرەبی بەسەر وێژە و زمانەکەیدا. دووەم نەبوونی کۆمەڵەیەکی دڵسۆز بۆ پاراستنی وێژەکەی. لەگەڵ ئەم دوو کۆسپەشدا وێژەی کوردی بەهۆی ڕچەکانی یاری و ئێزیدییەوە تا ئەندازەیەک پارێزراوە و هەندێ لە بەرهەمە وێژەییەکانی بەدیاری بۆمان ماوەتەوە.

ئەو بەرهەمانەی کە بۆمان ماونەتەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە زۆربەیان لە بارەی خواناسی و دەروێشی و بیروباوەڕی ئایینییەوە وتراون. جا لە بیر و کەڵکەڵەی خاوەنی ئەو بەرهەمانەدا، لە هەر سەردەمێکدا بەبۆنەیەکەوە گۆڕانێک بەسەر ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیاندا هاتووە. بۆ وێنە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا زۆربەی هۆنەرانی یاری لە یەک پەیڕەوییان کردووە. واتە: لە بارەی سکاڵای دەروونی خۆیانەوە کە نەیانتوانیوە ڕچە و ڕێبازەکەی خۆیان بەئاشکرایی دەربڕن، باسیان کردووە، وە ڕێ و ڕەوشتی نهێنیی ڕێبازەکەیان بەترس و لەرزەوە لە هۆنراوەکانیاندا دەربڕیوە و یا هۆنەرێک سەبارەت بەمەی نۆشی هۆنراوێکی هۆنیوەتەوە، هۆنەرانی تریش کەوتوونەتە شوێن ئەو باسە.

جا بابە حاتەمیش وەکو هۆنەرانی تری دەوری خۆی ئەو پەردانە دادەداتەوە و خۆی دەخاتە جیهانێکی ترەوە. لەوێدا لە مەیگێڕی زەمان داوای پیاڵەیەک مەی لە جامی کەی دەکا، تا پەژارەی دڵی دەرکا و زام و ڕێشی دەروونی سارێژ بێتەوە، وەها کە دەڵێ:



ساقی جام مەی، ساقی جام مەی — پەرێم باوەرە ساقی جام مەی
جەو مەیەی کۆنە پەی ڕێشم سادەی — بدەر پێم جامێ جە جامەکەی کەی

واتە: ئەی مەیگێڕ، پیاڵەیێ بادە و شەرابم بۆ بێنە، لەو مەی و شەرابی کۆنەم پێ بدە کە زام و ڕێشی دەروونمی پێ سارێژ ببێتەوە، بەمەرجێ کە لە پیاڵە و جامی کەی شەرابەکەم بۆ تێکەی و پێم دەی و بیخۆمەوە.

وشەی (جامی مەی) و (جامی کەی) کە بابە حاتەم لە دووبەیتییەکەیدا هێناویە و دیاردەی پێ کردووە، بریتییە لە دڵی خواناس و پارێزگار کە پڕە لە بادە و شەرابی خواناسی، وە بەپڕشنگی خوای مەزن ڕوون دەبێتەوە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– دەورەی بالوولی ماهی (دەستنووس).

## بابە نجوومی لوڕستانی

سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

بابە نجوومی لوڕستانی کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییە، بەیەکێ لە یارانی تایبەتی بالوولی ماهی دێتە ئەژمار. بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام بابە نجووم لە لوڕستاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە ماهلکووفە یا دینەوەر و لەوێدا بالوولی چاو پێ کەوتووە و شاگردیی کردووە و لە پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە لوڕستان و پاشماوەی ژیانی خۆی لەوێدا بەسەربردووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە بابە نجوومەوە هەندێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە گەلێ بەرز و ڕەوان و پاراون و پتری ئەو هۆنراوانە لە بارەی ڕێ و ڕچەی یارییەوەیە و لەو هۆنراوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئایینی مانەوی و مەزدەکی و زەردەشتی گەلێ کاریان کردووەتە سەر ڕێ و ڕچەی یاری، بۆیە هۆنەران لە ناو هۆنراوەکانیاندا دیاردەیان پێ کردووە.

بابە نجووم لە یەکێ لە دووبەیتییەکانیدا دیاردی کردووەتە سەر زەروان و لەوەدا بیروباوەڕی خۆیمان بەتەواوی بۆ دەردەخا و دەڵێ:

زەروان بیانی، زەروان بیانی — نە دەورەی وەرین زەروان بیانی
ئەهری و وەرمز و یاران دیانی — کالای خاس یار ئەو دەم شیانی

واتە: ئەمن زەروان بووم، لە دەوری کۆندا ئەمن زەروان بووم. ئەهریمەن و هۆرمز و یارانم چاوپێ کەوت و کالای چاکی یارم لەو دەمەدا هەڵبژارد. لە پەڕاوی ئاڤێستادا هاتووە کە ئەهوورامەزدا بەزەردەشت دەڵێ کە بەزەرواندا هەڵبڵێ و ستایشی بکە و هەندێ لە نووسەران نووسیویانە و دەڵێن کە زەروان هەزار ساڵ قوربانیی کرد تا خوا کوڕێکی چاکی پێ بدا. وە لەبەرئەوەی منداڵەکەی درەنگ لە دایک بوو، لە دڵی دایکیدا دوودڵی و شک پەیدا بوو، لەم شکە ئەهریمەن هاتە دی. زەروان لای وابوو کە فەرمانڕەواییی جیهان دەداتە کوڕەکەی، ئەوە بوو کە ئەهریمەن بەمەی زانی و پاشان هۆرمز لە دایک بوو، ئەهریمەن داوای لە باوکی کرد کە بەبەڵێنەکەی ڕەفتار بکا و بیکاتە فەرمانڕەوای جیهان و زەروان ناچارکەوت کە جیهان لە نێوان ئەهریمەن و هۆرمزدا دابەش بکا. بەڵام ڕای گەیاند کە هۆرمز دەبێ جیهانی بەدەستەوە بێ.

شارستانی لە پەڕاوی (الملل والنحل)دا دەڵێ: زەروان لەبەرئەوەی دوودڵ بوو، ئەهریمەن هاتە دی و، بەشوێنیا هۆرمز لە دایک بوو، ئەوە بوو کە ئەم دووانە لەگەڵ یەکدا کەوتنە بەربەرەکانێ، بەڵام سەرئەنجام هۆرمز بەسەر ئەهریمەندا سەرکەوت.

بابە نجووم، لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

بەرەی وێم گردەن، بەرەی وێم گردەن      نە بەرەی یاری بەرەی وێم گردەن<br>
چەنی هەم یاران زمایشت وەردەن      ساوەر و ئەرژەنگ یۆشتمان وەردەن

واتە: بەشی خۆمم وەرگرتووە، ئەمن لە دەرگای یاردا بەشی خۆمم وەرگرتووە، هەموومان بەیەکەوە لەگەڵ یاراندا تاقی کراوینەتەوە. بۆیە ساوەر و ئەرژەنگ گۆشتی لەشمانیان خواردووە.

ساوەر و ئەرژەنگ ناوی دوو دێون. بەپێی پەڕاوی ئاڤێستا، ساوەر یەکێ لەو دێوانەیە کە یارمەتیی ئەهریمەن دەدا بۆ ئەوەی خەڵک دزی و جەردەیی و درۆ و خراپە بکەن و جیهان بکەوێتە ناو تووڵانەوە و خراپە و پشێوی. ئەرژەنگیش یەکێ لەو دێوانەیە کە خەڵک گومڕا دەکا و ئەوان بۆ ملهوڕی و زۆرکاری و ستەم هان دەدا تا خەڵک بەجارێ بکەونە ناو کاری خراپ و بەم جۆرە لە جیهاندا داد و دادگەری نەمێنێ و ستەم پەرە بستێنێ و ئەهریمەن بەسەر خەڵکدا زاڵ بێ.

سەرچاوەکان

١- یشت ها - گزارش پورداود - تهران ١٣٤٦.

٢- یسنا تفسیر و تالیف پورداود - تهران ١٣١٢.



٣- گاتاها - گزارش پورداود - تهران ١٣٥٦.

٤- سەرئەنجام (دەستنووس).

٥- دەورەی بالوولی ماهی (دەستنووس).

## هۆنەرانی دەوری حەسنەوییە

٣٣٠ - ٤٠٦

بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی، میر حوسەینی بەرزیکانی کە لە عێلی گۆران بوو، لە ساڵی ٣٣٠ی کۆچیدا گەلێک لە هۆزەکانی کورد شارەزووری لە دەوری خۆیا کۆ کردەوە و گەلێ شوێنی قرمسین (کرماشان) و لوڕستانی داگیر کرد و پاشان خەلیفەی بەغدا لەشکرێکی نارده سەری، بەڵام لەشکرەکەی خەلیفە تێ شکا و میریش گەلێ شوێنی تری داگیر کرد و پەرەی دایە وڵاتەکەی خۆی. پاشان وەنداد و غانم براکانی میر، دینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند و ساموغان و هەندێ شوێنی تریان لە ئازەربایجان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

لە پاش مردنی میر حوسەین، حەسنەوییە لە ساڵی ٣٤٨ی کۆچیدا لە جێی باوکی دانیشت و پاشان مامەکانیشی مردن و ئیتر کەلەپووری باوک و مامەکانی بەتەواوی بۆ ئەو بەجێ ما، وە خاکی ژێر قەڵەمڕەوی هەمووی مەڵبەندی خووزستان و هەمەدان و شارەزوور و دینەوەر و نەهاوەند و گەلێ شوێنی تریشی دەگرتەوە.

ئیبنی ئەسیر دەڵێ: پایتەختی حەسنەوییە لە سەرماجی نزیکی بیستووندا بووە، وە ئەو لە ساڵی ٣٦٩ی کۆچی هەر لەوێدا کۆچی دواییی کردووە. وەکو دەڵێن: حەسنەوییە پیاوێکی جوامێر و بەخشندە و بەبەزەیی و خێرەومەند بووە و زۆر حەزی لە زانست کردووە، وە لە پەنادانی بێ پەنا و پەسێوان، هەرگیز درێغیی نەکردووە. لە پاش ئەو بەدری کوڕی بووەتە جێنشینی و لە شوێن بەدر، هیلال و پاشان تاهر تا ساڵی ٤٠٦ی کۆچی بەسەر دەوڵەتی حەسنەوییەدا فەرمانڕەواییان کردووە و لە پاشا دەوڵەتەکەیان بەهۆی بۆیەکانەوە لەناوچووە.

فەرمانڕەوایان و میرانی حەسنەوییە گەلێ پەرەیان بەئاوەدانی و کشتوکاڵ و فەرهەنگ و وێژە و زانست داوە. بەدری کوڕی حەسنەوییە خۆی دادی خەڵکی پرسیوە و لە سکالایانی کۆڵیوەتەوە. هەروەها گەلێ مزگەوت و گەرماو و پرد و کاروانسەرایان دروست کردووە و ئێستاش هەندێ لە شوێنەوارەکانیان بەجێ ماون. لە سەردەمی ئەوانا گەلێ هۆنەر و بوێژ هەڵکەوتوون کە بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هۆنراویان هۆنیوەتەوە. هەندێ لەو هۆنەرانەی کە لە دەوری ئەواندا سەریان هەڵداوە و هۆنراویان بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە

و بەرهەمەکانیان بەدەستەوە ماون، بریتین لە: "بابە سەرهەنگی دەودانی، بابە قەیسەری هەورامی، بابە سرنجی کەلاتی، بابە گەرچەکی هەورامی، دایە تەورێزی هەورامی" کە ئەوا لە بارەیانەوە دەدوێین.

## بابە سەرهەنگی دەودانی

٣٢٤ی کۆچی

بابە سەرهەنگی دەودانی کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی چوارەمی کۆچییە، بەپێی یادداشتی دەستنووسی کاکەڕدایی لە ساڵی ٣٢٤ی کۆچیدا، لە دەوروبەری کێوی شاهۆ کە لە دوازدە فرسەنگیی باشووری شاری سنەیە، لە دایک بووە. وەکو لەم هۆنراوەدا دەڵێ:

وە سەنەی سیصەد بیست و چوار هجری　　　هاتف نام ئەو جە شاهۆ چڕی

واتە: لە ساڵی ٣٢٤ی کۆچی، سرۆشی خوایی ناوی ئەوی لەسەر کێوی شاهۆ لە گێتیدا بڵاو کردەوە. بابە سەرهەنگ سەرەتا بەدەروێشی ژیاوە و پاشان دارودەستەیەکی ناوەتە یەکەوە و خۆی بەنوێنگەی تیشکی خوا واتە: پیری ڕێ و ڕچەی خوایی زانیوە و خەڵکی بۆ وەرگرتنی ڕەوشتەکەی خۆی هان داوە. ناوی هەندێ لە یارەکان و پەیڕەوانی ئەو، بەم چەشنەیە: "ڕوتاف، قەڵەم، رۆم، خونکار، نەوا، یورنج، قەیسەر، گەرچەک، تەورێز، سەبوورە، ئەحمەد، سرنج". دەگونجێ ئەو ناوانە هێما و ڕەمز بن بۆ ئەوە ئەو ئەندامانە بەلای ناحەزەکانەوە نەناسرێن.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، ئەم پیاوە ئاینییە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی چوارەم لە دێی تەوێڵەی هەوراماندا لە جیهان دەرچووە و ئارامگاکەی ئێستا دیتنگەی خاوەند دڵانە، لە بابە سەرهەنگەوە هەندێ هۆنراو ماوەتەوە کە گەلێ بەرز و ناسک و دڵنشینن. هۆنراوەکانی ئەو و یارانی لە پەڕاوێکدا بەناوی (دەورەی بابە سەرهەنگ) کۆکراوەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە. بابە سەرهەنگ لەم دووبەیتییەدا دەڵێ:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان　　　گرد ئامادەبان پەی ئامانتان

ئەز مەڵهەم مەنیەو نە زامانتان　　　مەڕەسم وە حەق ئیمامانتان

واتە: هەمووتان خۆتان ئامادە کەن و کۆبنەوە تا منیش بگەمە فریا و هاناتان و مەڵهەم بنمە سەر زامەکانتان و تۆڵەی ڕابەرەکانتان بسێنمەوە.

لە ئەم دووبەیتییەدا چۆنیەتیی بیروباوەڕی بابە سەرهەنگمان بۆ دەردەکەوێ کە دەڵێ: ئێوە کە هاوارتان لێ بەرز بووەتەوە و هاناتان بۆ من هێناوە، دەسا خۆتان بۆ شەڕ و نەبەردی بێگانە ئامادە کەن تا منیش مەڵهەم بنمە سەر برینەکانتان و تۆڵەی ئەو



پێشەوایانە و گەورانەی کە لەبەر ئەم ڕێبازە گیانیان لە دەست داوە، وەرگرم.

بابە سەرهەنگ لە دووبەیتییەکی تردا، بەتەواوی بیری خۆیمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان　　　ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان

چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان　　　مەکۆشم پەرێ ئاین کوردان

واتە: من کە سەرهەنگی دەودانم و ناوم سەرهەنگی دەودانە، لەگەڵ مریدەکان و خوڵامانی خۆما بەهەموو شوێن و جێگایەکا دەسووڕێمەوە، وە بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ئاینی کۆنی کوردان تێ دەکۆشم.

مەبەست لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە دەڵێ: من لە گوندی دەودانی جوانڕۆ لەگەڵ مریدان و ژێردەستەکانی خۆمدا بەهەموو لایەکی کوردستاندا، بۆ زیندووکردنەوە و پەرەدان بەڕێ و ڕەوشتی کۆنی کوردان لە تێکۆشان و تەقەلا دام و مەبەستی من ڕاگرتنی ئەم ڕەوشت و ڕێبازەیە.

بابە سەرهەنگ ئەم پەردانە دادەداتەوە و خۆی دەخاتە جیهانێکی ترەوە و دەڵێ:

ها یاگەم چۆڵەن، ها یاگەم چۆڵەن　　　وە وێنەی فەرهاد ها یاگەم چۆڵەن

لاڵم نە باڵەن پۆستم نە کۆڵەن　　　هامدەمم کۆفەن، یاران نە هۆڵەن

واتە: ئەوا جێگە و شوێنم بووەتە چۆڵی و بەوێنەی فەرهاد کەوتوومەتە دەشت و بیاوان و ئاوارە بووم، وە لاڵ و بازیوەنی خواناسی لە باڵمە و پێست و کەڵپۆسم لە کۆڵە و هاودەم و هاوڕازم کێوە و یارانم هان لە تێکۆشانی پەیداکردنمدا و هەموویان بێ ئارامم بوون. وا دەردەکەوێ کە بابە سەرهەنگ ئەم هۆنراوانەی لە سەردەمی دەروێشیدا وتووە، وە کەوتووەتە دەشت و بیاوان و وەکو فەرهاد کەڵپۆسی لەبەر کردووە و هاودەمی بووەتە کێو و کێوی و یاران لایەنگرانی بەبێ ئارامی لە دووی گەڕاون و ئەویش پەژارەی ترس و لەرزی ئەوانی لە دڵ بووە. لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

هەفتم سەرخێڵەن، هەفتم سەرخێڵەن　　　جە ئاسماندا هەفتم سەرخێڵەن

هەر یەک وە رەنگێ نە گەشت و گێڵەن　　　هەر یەک پەی کارێ ئاوارە و وێڵەن

واتە: حەوت کەسم لە ئاسماندا سەرخێڵن و هەر کامیان بەجۆرێک لە گەشت و گێڵ و گەڕاندان و بەکارێکەوە خەریکن، چونکە کاروباری ئاسمانم سپاردووەتە دەستی ئەوانەوە. هەفت یا حەوت لەم دووبەیتییەدا بریتییە لە حەوت فریشتە کە لە ڕێ و ڕەوشتی یاریدا پێی دەوترێ: (هەفتەن). بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام ئەم حەوت فریشتەیە کاروباری ئاسمان و جیهانیان پێ سپێرراوە و هەر کامیان بەکارێکەوە خەریکن. هەفتەن لە ئاینی زەردەشتدا

بەپێی ئاڤێستا، (ئەمشەسپەنتە)ی پێ دەوترێ کە لە فارسیدا (ئەمشاسپەندان)ە. بەشێکی ئاڤێستاش بەناوی (هەفتەن یەشت)ە. کە لە بارەی ستایشی ئەمشاسپەندانەوەیە.

ئەمشاسپەندان بریتییە لە شەش فریشتە و ئەهوورامەزدا. ناوی ئەو فریشتانە بەپێی پەڕتووکی ئاڤێستا ئەمەیە: "وهوومەنەنگە، ئەشەوەهێشتە، خشەترەوە ئیریە، سپەنتەئارمەئیتی، هەئوورەتات، ئەمرتات". فریشتەی یەکەم کە ناوی وهوومەنەنگە یا بەهمەنە، یەکەمین فریشتەیە کە ئەهوورامەزدا یا خوای گەورەی زانا ئەوی بەدی هێناوە و ئەو هێمای ژیری و زانایی و زانستی خواییە. کەڵەشێر کە دەمی بەیانییان بەقووقەی خۆی دێوی تاریکی دەردەکا و خەڵک بۆ هەستان و خواپەرستی و کشتوکاڵ بانگ دەکا. نیشانە و نوێنگەی ئەم فریشتەیە.

دووەمین فریشتە کە ناوی ئەشەوەهێشتە یا ئوردیبەهەشتە، هێما و ڕەمز و نیشانەی ڕاستی و دروستی و پاکی و پارێزگاری و خواپەرستییە. ئەو خاوەنی هەموو ئاگر و ئاگرگاکانی ڕووی زەوینە. سێیەمین فریشتە کە ناوی خشەترەو ئیریە یا شەهریوەرە، ڕۆژی هەموو بەندەکانی خوا بەدەستی ئەوە، وە زێو و زێڕی جیهانیش دراوەتە دەستی ئەو.

چوارەمین فریشتە کە ناوی سپەنتەئارمەئیتی یا سپەندارمەزە، پاسەوانی و دیدەوانیی گۆی زەوی بەئەو دراوە. کار و کرداری ئەو سەوز کردن و ئاواکردنەوەی زەوییە. هەر کەسێک خەریکی کشتوکاڵ و ئاواکردنەوەی زەوی بێ، ئەم فریشتەیە نزیکی دەبێتەوە. پێنجەمین فریشتە کە ناوی هەئوورەتات یا خوردادە، هێما و ڕەمزی شادی و خۆشییە و ئەو بەرەوان و ڕۆحی چاکان شادی و خۆشی دەبەخشێ. سەرچاوە ئاوەکانی ڕووی زەوی بەدەستی ئەو دراوە کە دیدەوانی و پاسەوانیان لێوە دەکات.

شەشەمین فریشتە کە ناوی ئەمرتات یا ئەموردادە، هێما و نیشانەی شیناوەردی و سەوزاییە، وە ئەو سەوزییەکان و شیناوەردییەکانی ڕووی زەوی ئێوەت دەکات و دیدەوانی و پاسەوانیان لێوە دەکات. هەر کەسێک نەمامێ بنێژێ، ئەم فریشتەیە لە خۆی نزیک دەکاتەوە. ئەهوورامەزدایش کە بەدیهێنەری فریشتەکان و مرۆ و ئاسمان و ئەستێرەکان و جیهانە، ئەو لە هەموو شتێک ئاگەدارە و بەهەموو شتێک زانایە و سەرچاوەی بوونی هەموو شتێکە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە و ئاگەداری هەموو ڕاز و نهێنییەکیشە و هیچی لێ ون نابێ.

سەرچاوەکان

١– الكامل فی التاریخ، تالیف ابن الاثیر – لیدن ١٨٦٦.
٢– خرده اوستا تفسیر وتالیف پورداود – بمبئی ١٣١٠.



٣– یادداشتی کاکەردایی (دەستنووس).
٤– سەرئەنجام (دەستنووس).
٥– دەورەی بابە سەرهەنگ (دەستنووس).

## بابە قەیسەری هەورامی

سەدەی چوارەمی کۆچی

بابە قەیسەری هەورامی کە بەیەکێ لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردی دێتە ئەژمار، بەپێی پەڕتووکی (سەرئەنجام) لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی چوارەم لە جیهان ماڵئاوایی خواستووە و هەر لە هەوراماندا نێژراوە.

لە سەرئەنجامدا هاتووە کە بابە قەیسەر ماوەیەک لە تەوێڵە و پاشان لە دێی دەوداندا خەریکی خوێندنی زانست بووە و پاشان بووەتە مرید و دەروێشی بابە سەرهەنگ و لە پاش ماوەیەک خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنموونی خەڵک بووە.

بابە قەیسەر لە تەنبوور لێدان و هۆنراو هۆنینەوەدا دەستێکی بەرزی هەبووە، وە هۆنراوەکانی خۆی کە لە بارەی ڕێ و ڕەوشتی یارییەوە دەیهۆنینەوە، بەدەم ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا دەیخوێندەوە. لە ئەم پیاوە ئاینییەوە هەندێ دووبەیتی بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕاوی (دەورەی بابە سەرهەنگ)دا تۆمار کراون. ئەم هۆنراوانە پلەوپایەی بوێژێتی و هەستیاریی بابە قەیسەرمان بەتەواوی بۆ دەردەخا کە دەڵێ:

زوانم لاڵ بۆ، زوانم لاڵ بۆ      وە بێ نام تۆ زوانم لاڵ بۆ
ئەز کە لاڵ تۆم هەنی نەباڵ بۆ      بێ باکم یاگەم ئەر کەوروهاڵ بۆ

واتە: بەبێ هەڵنان و پەسندی ناوی تۆ یاخوا زمانم لاڵ بێ. من کە لاڵ و گەوهەری بەنرخی تۆم لە باڵ بێ، ئیتر ئەگەر جێگەیشم لە ناو ئەشکەوت و گرداویشدا بێ، دەبێ چ باک و مەترسییەکم هەبێ؟

مەبەست و نیاز لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە بابە قەیسەر بەپیرەکەی دەڵێ: هۆنراوەکانی من لە بارەی پەسندی تۆیە و بەناوی تۆوە هۆنراو دەهۆنمەوە، بەبێ هەڵگوتن و پەسەندی تۆ، یاخوا زمانم لاڵ بێ. من کە بەهاتنی تۆ ڕەوشتەکەتم وەرگرت و سەرتم پێ سپارد و ئێستا کە بازیبەندی ئەم ڕێبازەم لە لایەنی تۆوە لە باڵە، ئەگەر جێگایشم ناو ئەشکەوت و هاڵ بێ و لە گێژاودا ژین بەرمە سەر، چ باک و پەروایەکم هەیە؟.

لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

گونای بێ شمار، گونای بێ شمار    قەیسەرەنانێ، گونای بێ شمار

گەورەم سەرهەنگا، یوورتشەن هەزار    چەنی هەزارە، بیام وە شابار

واتە: من بەگونای بێ ئەژمارەوە ناوم قەیسەرە و گەورە و سەرۆکم بابە سەرهەنگە و کورتەک و کراسی هەزارە و لەگەڵ هەزارەی ئەوا منیش سەرم هەڵداوە و پەیدا بووم.

مەبەست لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە دەڵێ: من گەلێ سووچ و گوناهم کردووە و دیارە گوناهم بێ ئەژمارە. بابە سەرهەنگ کە گەورە و سەرۆکە، ڕۆحەکەی گەلێ لەش و هەندامی دیوە و ئێستا لە هەزارەمین لەش دایە و منیش لەگەڵ هەزارەمین گەشت و گێڵی ئەودا پەیدا بووم و ڕەوانم لەگەڵ ڕەوانی ئەودا جاویدانی و نەمر دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە: ڕۆح دەبێ هەزار و یەک لەش بگەڕێ و هەزار و یەک کراس بکاتە بەری و لە دوای گۆڕینی هەزار و یەک کراس، هەزار و یەکەمین کراسی خۆی کە بریتییە لە ژیانی هەمیشەیی، بکاتە بەر تا هەموو دەم بمێنێتەوە.

بابە قەیسەر پاش هەڵدانی ئەو پەردانە، بەجۆرێ مەست و سەرخۆشی بادەی باڵای یارە ڕاستەقینەکەی دەبێ، دەکەوێتە لەتردان و ئاگای لە خۆی نابێ و هانا بۆ یارەکەی دێنێ و دەڵێ:

دێوانە و مەستم، دێوانە و مەستم    پەرێ باڵای تۆ دێوانە و مەستم

مەست بادەکەی ڕۆچ ئەلەستم    بگێرە دەستم، ئەر خاس، ئەرکەستم

واتە: ئەی یار، من شێت و مەست بووم و بۆ بەژن و باڵای تۆ وام لێ هاتووە دیارە مەستی بادەکەی ڕۆژی ئەلەستم، دەسا ئەگەر بەچاکم دەزانی یا خراپ، دەستم بگرە و ببە بەدەستگرم و دەستگرۆییم لێوە بکە تا ئەهوەن ببمەوە.

نیاز لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە دەیەوێ بەیارە ڕاستەقینەکەی بڵێ، ڕۆح و ڕەوانی من لە ڕۆژی بەریندا، کاتێ کە پەیمانی ئاینیی خۆی بەست، مەستی بادەی ئەو ڕۆژە بوو، ئەوە بوو کە من شێت و دێوانە و مەستی باڵاکەت بووم و بۆیە ئێستا بەمەستییەوە دەتلێمەوە و لەتر دەدەم. دەسا ئەوا چونکە هاتوومەتە ئەم جیهانەوە، ئەگەر بەخاس و چاکم دەزانی یا بەخراپ، بێ دەستم بگرە تا ڕزگارم بێ.

بابە قەیسەر ئەم پەردانە دادەداتەوە و خۆی دەخاتە جیهانێکی ترەوە، لەوێدا گوڵ و گوڵزار و گوڵستان و لالەزارێکە، باخ و چیمەن و بەهەشتێکە، دڵێ هەزار دڵ سەرسام و سەرگەردانییە، هەزار دەستان و باڵندەکانی جۆربەجۆر لەسەر چڵی دارەکانەوە خەریکی نەوا خوانین. یاران لەوێدا کۆبوونەتەوە و بەزمێکیان سازداوە و گوێیان بۆ جریوە و چریکە





و نەوای باڵندەکانی سەرچڵی دار و درەختانی ئەو بەهەشتە ڕاگرتووە. داخۆ ئەو بەهەشتە لە کوێ بێ کە دڵی بابە قەیسەری ڕاکێشاوە؟ با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

نە ئەورامانەن، نە ئەورامانەن    بەهەشت بەرین، نە ئەورامانەن

مووروان، هەزاران نە سەر دارانەن    نەواشان پەرێ بەزم یارانەن

واتە: بەهەشتی ڕاستەقینە لە هەوراماندایە، باڵندەکانی جۆربەجۆر و بوڵبوڵان لە سەرچڵی درەختەکان و دارانەوە خەریکی نەواخوانین و یارانیش بەزمێکیان پێک هێناوە و گوێیان لە نەوای باڵندەکان و پەلەوەرانەوە شل کردووە و باڵندەکانیش هەر دەجریوێنن و نەواخوانی دەکەن.

هەڵبەست کە سەرەتا لە ناو کوردەواریدا بەزاراوەی گۆرانی یا هەورامی وتراوە، چەند هۆیەکی هەیە: یەکەم زاراوەی گۆرانی کە کۆنترین زاراوەی کوردییە و خەڵکی ناوچەکان و شوێنەکانی هەورامان و یارسانەکان کرماشان و کرند و هەندێ لە عێلە کوردەکانی تر پێی دەدون، دەتوانین بڵێین کە ئەم زاراوەیە پاشماوەی زمانی پەهلەوییە. شەمسی قەیسی ڕازی لە پەڕاوی (المعجم فی معاییر اشعار العجم)دا کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا نووسیویە، دەڵێ: باشترین کێشی هۆنراو فەهلەویاتە کە بەئاهەنگ و هەواکەی ئەورامەنان دەڵێن. دیارە ئاهەنگی ئەورامەنان بریتییە لە هەوای خەڵکی هەورامان.

دووەم، هەورامان کە شوێنێکی شاخ و داخ و کوێستانییە، بێگانە خۆی بۆ نەکوتاوە و بەتەنگییەوە نەچوو و خەڵکی ناوچەکەش ئەوەندە ئاشنای شوێنەکانی بێگانە نەبوون، بەجۆرێکی وەها کە زمانی ئەوان سوار زمانەکەیان ببێت. هەرکە دڵ و دەروونیان هاتبێتە جۆش و خرۆشەوە، بەشێوەی زمانەکەی خۆیان دەردە دڵیان کردووە و مەبەستی دەروونیان بەهۆنراو هەڵڕێژاوە.

سێیەم، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، ڕێباز و ڕێ و ڕەوشتی یاری داهاتووە و سەرۆکەکانی ڕێبازەکە، نووسراوەکانی خۆیانیان هەر بەشێوەی زمانەکەیان نووسیوە، وەکو لە پێش ئیسلامیشا نووسراوە، ئاینەکانی کۆنی ئێران هەر بەم زاراوە نووسراون. کە زمانی عەرەبییش لە ناو مزگەوتەکانەوە سەری هەڵداوە، بێزیان لە زمانەکەیان نەهاتووەتەوە، بۆیەش بێزیان لە زمانەکەیان نەهاتووە، چونکە لە پێش هاتنی زمانی عەرەبی بۆ ناو مزگەوتەکان، هۆنەران و هەستیارانی ئەو ناوچانە هۆنراویان بەم زاراوە دەهۆنییەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە دایکیان لە بێشکەدا هەر بەو شێوەیە لایە لایەیان بۆ دەکردن. کە دەچوونە دەروێش، لەسەر هەڵپەڕکێ، لەسەر کانی، لەبەر بەر بەرۆچکە، لەسەر کار، هیچی تریان گوێ لێ نەبوو تەنیا هەڵبەست و هۆنراوی زمانەکەی خۆیان نەبێ. ئیتر

ئەمانە هەموو کاریان دەکردە سەر هەستی دانیشتووانی ئەو شوێنانە.

هەرچەندە زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو بووەوە، بەڵام شێوەی زمانەکەی خۆیان لە دەست نەدا و هۆنراویان پێ هۆنییەوە و وێژەکەی خۆیانیان پتر پتەوتر کردەوە. تەنانەت زاراوەی گۆرانی لە سەدەکانی دواییدا کەوتە ناوچە کوردنشینەکانی تریشەوە، وە بوو بەزمانی زانست و وێژەی ئەوانیش.

سەرچاوەکان

١- المعجم فی معاییر اشعار العجم تالیف قیس الرازی - تهران ١٣٣٥.

٢- سەرئەنجام (دەستنووس).

٣- دەورەی بابە سەرهەنگ (دەستنووس).

## بابە سرنجی کەلاتی

### سەدەی چوارەمی کۆچی

وێژە و ئەدەب کە بەرهەمی هەستێکی ناسک و لە جەرگەی پەڕەکانی دڵەوە هەڵئەقوڵێ، خورپەیەک دەکەوێتە ناویەوە. کە وتمان دڵ هەموو گیانلەبەرێک دڵی هەیە و دەبێ هەمووی بگرێتەوە. بەڵێ هەمووی دەگرێتەوە، باڵندەیەک، گیاندارێک، مرۆڤێک. دەتوانین بڵێین ئەمانەش هەموو وێژەیان هەیە. ئەوەندە هەیە مرۆ هێزێکی تری تێدایە. ئەویش هێزی دوان و دەربڕینی خواستەکەی بەزمانەکەیەتی. وەکو چۆن مرۆ هێزی بیرکردنەوەی هەیە، ئەوانی تر ئەم هێزەیان نییە و مرۆ بەم هۆیەوە دەتوانێ هێزەکەی دەربڕێ و بەهەمووی ڕاگەیەنێ.

باڵندەیەک کە دەفڕێ و گیانلەبەرێک کە باز دەبا و یا مرۆڤێک کە هەڵدەپەڕێ ئەمانە چی پاڵیان پێوە دەنێ کە ئەم کارانە بکەن؟ بێگومان هەستی دڵە، کە پاڵیان پێوە دەنێ بۆ ئەم کردەوەیە. کەوابوو وێژە نە وەک لەگەڵ پەیابوونی مرۆدا بەدی هاتووە، بەڵکو وەکو خوێنی کە تێکەڵاوە بەگەوهەری هەموو گیانلەبەرێکەوە، ئەویش بەو جۆرە لەگەڵیاندا تێکەڵاو بووە. ئەوەندە هەیە جگە لە مرۆ کە دەتوانێ هەست و خورپەی دەروونی بەهۆی زمانەکەیەوە دەربڕێ، گیانلەبەرانی تر ناتوانن ئەم خورپە و هەستە کە لە ناو دڵ و دەروونیانەوە هەڵدەقوڵێ دەریبڕن.

ئەمەش هەیە کە هەڵبەست سەرەتا ڕووت و سادە بووە و بەرە بەرە پوختەتر و پتەوتر بووە و بەپێی گۆڕانی باری ژیان و پێشکەوتنی مرۆ لە جیهاندا وێژەکەشی گۆڕاوە. کە ژیانی مرۆ سادە و ساویلکە بووە، هۆنراو و وێژەکەیشی ساویلکە بووە. جا مرۆ کە وردە



وردە لە ژیاندا پێش کەوت و بەرەو پێش چوو و سەرۆک و پاشای بۆ خۆی هەڵبژارد، هۆنەرانیش خۆیان بەبارەگای ئەو سەرۆک و پاشایانە نزیک کردەوە و تەنانەت بوون بەئامۆژگاریکەر و ڕێبەریان و لە کاروباری ڕامیاریشدا یارمەتییان دان.

هەندێ جاریش دەبینین کە زانایەک، وە یا هۆنەرێک، هاتووە و ڕێباز و ڕەوشتێکی داناوە و کۆمەڵێک پەیڕەو و لایەنگری ڕێ و ڕێبازەکەی بوون و پاشان بەرە بەرە زۆر بوون و داروودەستەیەکی گەورەیان پێک هێناوە و مەبەستیشیان لەم کردەوە، بەدیهێنانی یاسا و ڕەوشتێکی نوێ بووە. بۆ نموونە دەتوانین لە زەردەشتی مادی ناو ببەین کە بەیەکەمین زانا و پێغەمبەری کورد دێتە ژمار و پاشان گوشتاسپ شا ئاینەکەی پەسەند کرد و ئەوسا گەلی ئێرانیش ئاینەکەیان بەگیان و دڵ وەرگرت. جا زەردەشت خورپە و هەستی دەروونی خۆی لە (گاتاکان)دا کە بەشێکە لە پەڕاوی ئاڤێستا، بەهۆنراوی کوردیی هیجایی هۆنیوەتەوە.

جا هەروەها وتمان کە هۆنراو سەرەتا وەکو ژیانی مرۆ سادە بووە، بەرە بەرە بەپێی گۆڕانی ژیان، مرۆ هۆنراو و وێژەکەیشی گۆڕاوە و پلە بەپلە و شانبەشانی پێشڕەوتی مرۆ ڕۆیشتووەتە پێشەوە. لە ناو کوردەواریشدا هۆنراو و وێژە هەر بەم چەشنە بووە و گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. سەرەتا بەچەشنێکی سادە پەیدا بووە و پاشان جوانتر و پوختەتر بووە. کە زانیمان هۆنراو یەکەم دەرگای وێژە بووە، دەبێ ئەوەیش بزانین کە یەکەم جار پیاوە ئاینییەکان دەرگای وێژەیان کردووەتەوە. بۆ وێنە لە ناو کوردەواریدا زەردەشت یەکەمین کەس بوو کە ئەم دەرگایەی کردەوە، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش پەیدا بووە، پیاوە ئاینییەکانی یاری بوونەتە دەرکەوانی وێژەی کورد و بیروباوەڕی خۆیانیان خستووەتە قاڵبی هۆنراوی کوردییەوە و کۆشکێکیان بۆ دوارۆژی لایەنگران و پەیڕەوانی خۆیان و نەتەوەی کورد دروست کردووە.

یەکێ لەو پیاوە ئاینییانە کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگدار لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە، بابە سرنجی کەلاتییە کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیدا هاتووەتە جیهانەوە، وە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی چوارەمدا لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

بابە سرنج بەیەکێ لە یاران و لایەنگرانی بابە سەرهەنگ دێتە ئەژمار. هەندێ دووبەیتی لێیەوە بەجێماوە کە لە پەڕاوی (دەورەی بابە سەرهەنگ) تۆمار کراون کە گەلێ جوان و بەرز و ناسکن. بابە سرنج لە تەنبوور لێدانیشدا مامۆستا بووە و هۆنراوەکانی خۆی بەدەم ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە. ئەم هۆنراوانە پلەوپایەی بوێژێتیی بابە

سرنجمان پێ پیشان دەدا کە دەڵێ:

دەروونم کەیلەن، دەروونم کەیلەن        پەرێ دوما ڕۆچ دەروونم کەیلەن
هانا و ئومێدم ئانە وە لەیلەن        چمکە جەمێمان بەستەن وە مەیلەن

واتە: دەروونم کەیلە و بۆ دوارۆژی (یارسان)ەکان دڵم پڕ لە خەم و پەژارەیە. هانا و ئومێد و هیوام ئەوا بەیارەکەمە، چونکە جەمێکمان بەست و یار لەو جەمەدا هیوای دوارۆژی پێمان دا و ئەو جەمەم بەدڵ بوو.

بابە سرنج لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: بۆ دوارۆژی ڕێبازی یاری دەروونم کەیلە وا دیارە کە لە پاشەڕۆژدا تارماییەک دەکەوێتە بەرچاوی یاران و ڕێگایان پێ ون دەکا، بەڵام لەو دەمەدا هانا بۆ یار دەبەن و یار هیوادariyan دەکا و هۆش و بیریان دێتەوە سەر خۆیان و بیناییان ڕوون دەکاتەوە، چونکە لەم دواییەدا جەمێکمان بەست و یار هیوای پێمان دا و ئەوسا کەمێک ئەهوەن و ئارام بوومەوە. لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

یا شا هانامەن، یا شا هانامەن        یاران گرد ماتەن یا شا هانامەن
پەی سەردیی دەمان، وە تۆ پەنامەن        مێهرت بنمانە سەرهەنگت نامەن

واتە: ئەی شا، من هانام هێناوەتە بەر تۆ، چونکە یاران هەموو مات و زویرن، وە بۆ کاتی ساردی دەمان، واتە ئەو کاتەی کە مرۆ دەمرێ و دەمی سارد دەبێتەوە، پەنا دەهێنمە بەر تۆ و تۆیش بەزەییت پێمانەوە بێ و بەزەت بنوێنە، چونکە سەرگەورە و سەرۆکی جەممانی.

لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

سرنج سەرهەنگ، سرنج سەرهەنگ        کەلاتییەنان سرنج سەرهەنگ
پەی نەوەرد زام شەستمەن خەدەنگ        سەرهەنگ ئەو کەسەن، بێگانان ئەرژنگ

واتە: من سرنجی کەلاتیم و خەڵکی کەلاتم و پەیڕەوی لە بابە سەرهەنگەوە دەکەم کە پیر و ڕێبەرمە، وە بۆ نیشتمانەکەم شان بەشانی بابە سەرهەنگ لەگەڵ بێگانەکانا بەشەڕ هاتم. بابە سەرهەنگ ئەو کەسەیە کە چەند بێگانەی ئەرژەنگی لەناوبرد و بەسەر دوژمندا سەرکەوت.

وشەی ئەرژەنگ کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە، ناوی دێوێک بووە لە مازەندەران کە لەگەڵ ڕۆستەمی زاڵدا شەڕی کردووە و پاشان ڕۆستەم ئەوی کوشتووە، وە لێرەدا گۆشە و پلارە لە دوژمنێکی گەورە و سەرسەخت. جا بابە سرنج دەڵێ: من بۆ شەڕ و نەوەردی بێگانەکان کە لە ئەم زەوییەدا ڕووی دا، شان بەشانی پیرەکەم لەگەڵیاندا بەشەڕ هاتین، وە بابە سەرهەنگ وەکو ڕۆستەمی پاڵەوان، بێگانە ئەرژەنگییەکانی کوشت و ئێمەی لە بەڵا و



ئاپۆری ئەوان ڕزگار کرد. لە دووبەیتییەکی تردا سەبارەت بەرێ و ڕچە و ڕێبازی یارییەوە دەڵێ: ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی ڕاستە و ئەگەر کەسێ ڕاست و خواناس و وردبین و تیژبین بێ، دەزانێ کە ئەم ڕێ و ڕەوشتە کە لە ناو کۆشی کوردەوارییەوە پەیدا بووە، چەندە چاکە و بێگومان وەری دەگرێ و سەری پێ دەسپێری. وەکو خۆی دەڵێ:

ئی راگە راسەن، ئی راگە راسەن        یاران، یاوەران، ئی راگە راسەن
ئەر کەسێ راس و خودا شناسەن        مەزانۆ راگەی یاری چ خاسەن

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- دەورەی بابە سەرهەنگ (دەستنووس).

## بابە گەرچەکی هەورامی

سەدەی چوارەمی کۆچی

بابە گەرچەکی هەورامی کە یەکێ لە هۆنەرانی بەرزی ئاسمانی کوردەوارییە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی چوارەم هەر لە هەوراماندا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

بابە گەرچەک بەیەکێ لە یاران و لایەنگرانی بابە سەرهەنگ دێتە ئەژمار. هەندێ هۆنراو بەشێوەی دووبەیتی لە ئەوەوە ماوەتەوە کە گەلێ دڵگر و بەرز و شیرینن. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرزی هەبووە و هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەوا و ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا دەخوێندەوە. بابە گەرچەک لەم دووبەیتییەدا بیروباوەڕی خۆیمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

گەرچەک ئەوگەر، گەرچەک ئەوگەر        خواجام سەرهەنگا گەرچەک ئەوگەر
نەخجیرە وانێ یورنجی پەیکەر        پەرێ نەخجیرم گردنەش لەنگەر

واتە: من گەرچەکی ئەوگار و دڵ پەشێوم، کە خواجە و گەورە و سەرۆکم بابە سەرهەنگە، نێچیرەوانێ لە پەیکەر و شێوەی یورنجدا، بۆ نێچیرم لەنگەری داخستووە و دەیەوێ نێچیرم بکا.

بابە گەرچەک لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: ئەمن کە ناوم گەرچەکە، خواجە و گەورەم بابە سەرهەنگە، بەڵام من هەمیشە پەشێو و پەرێشانم، ئەویش لەبەرئەوەیە کە نێچیرەوانێ لە

پەیکەر و قاڵبی یورنجدا بۆ نێچیر و شکارم خۆی پەنا داوە و دەیەوێ نێچیرم بکا و دەستم لە دەستی خواجە و گەورەم بکاتەوە و لەو دوورم بخاتەوە. یورنج یەکێ لە یارانی بابە سەرهەنگ بووە و بابە گەرچەک لە دووبەیتیەکی تردا ئەو بەیاری خۆی دەزانێ، وەکو دەڵێ:

لاڵم لاڵێ وا، لاڵم لاڵێ وا    وێم قەیس لێوە، لاڵم لاڵێ وا
لەیلم یورنجەن، حاڵم حاڵێ وا    لاڵم خواجاما، ئی خەیاڵێ وا

واتە: لاڵ و گەوهەرم زۆر جوان و بایبدارە و، خۆم وەکو قەیس شێت و لێوە بووم، یارەکەم یورنجە و ئارامی لێ سەندووە و، لاڵ و گەوهەریشم خواجە و گەورەمە کە بابە سەرهەنگە و، هەمیشە بیر و ئەندێشەم بەلای ئەوەوەیە.

بابە گەرچەک لەم دووبەیتییەدا خۆی کردووەتە قەیسی لێوە کە بۆ یارەکەی شێت و وێڵ و ئاوارە بووە و ئارامی نەماوە. ئەو یاریە کە ئارامی لێ بڕیوە ناوی یورنجە، بەڵام چونکە لاڵ و بازوو بەندی خواجا و سەرۆکی لە باڵە، هەمیشە بیر و ئەندێشەی بەلای ئەوەوەیە بیری لێ دەکاتەوە. واتە ئەگەرچی یورنج منی نێچیر کردووە، بەڵام بیروباوەڕم هەر ها بەلای خواجامەوە کە بابە سەرهەنگە. بابە گەرچەک ئەم پەردانە دادەداتەوە و بەجۆرێکی ورد دەچێتە ناو باسی مەیخانەی شاری نهێنییەوە و دەڵێ:

پیاڵەم پڕەن، پیاڵەم پڕەن    وێم مەست و ئانە پیاڵەم پڕەن
مەستیم وە مەیل ئەو خاوەن دوڕەن    مەیخانەم نە دڵ شارەکەی سڕەن

واتە: ئەوا من مەستم و کەچی پیاڵەکەیشم پڕ لە بادەی خواناسییە. مەستیی یەکەم بەئارەزووی خوای خاوەن دوڕە، مەیخانەم لە ناوەڕاست و نێوانی شاری نهێنییە.

بابە گەرچەک لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: ئەوا من ئێستا مەستم و کەچی پیاڵەکەیشم پڕ لە مەی و بادەیە. مەست بوونم و پڕبوونی پیاڵە و جامەکەم لە مەی و بادە بەئارەزووی خوای خاوەن دوڕە، وە ئەو مەیخانە کە من تێیدا مەست بووم، لە ناوەڕاستی شاری پشتی پەردەی نهێنییەوەیە.

وشەی (دوڕ) کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، خوای گەورە کە داهێنەری هەموو شتێکە، سەرەتا لە ناوی دوڕێکدا بووە و پاشان لە دوڕەکە هاتووەتە دەرەوە و بەفەرمانی ئەو دوڕە ورد بووە و دووکەڵێکی لێ بەرز بووەتەوە و ئاسمان و زەوی و ئەستێرەکان و مانگ و خۆر و شەو و ڕۆژ بەدی هاتوون. لەبەرئەوەی هەمووی جیهان ئاو دای پۆشیوە، ئاوەکانی لە جێگایەکا کۆکردووەتەوە و دەریا و وشکیی لەیەک جیا کردووەتەوە و لە ڕووی زەویدا شیناوەردی و درەختانی جۆربەجۆری سەوز کردووە و لە دەریاشدا ماسی و گیاندارانی جۆربەجۆری هێناوەتە دی، پاشان لە کەفی دەریا



گەوهەرێکی گرساندووە و تەختێکی بۆ خۆی دروست کردووە و ناوی خۆی ناوە خاوەند کار.

لە فەرمایشت و حەدیسی قودسیشدا وشەی دوڕ بریتییە لە گەنجی شاراوەی خوا لە ڕۆژی بەریندا کە لە زمانی خواوە دەڵێ: "کنت کنزاً مخفیاً، فاحببت ان اعرف فخلقت الخلق لکی اعرف" واتە: من گەنجێکی شاراوە بووم و، دەمویست بناسرێم، پاشان خەڵکم بەدیهێنا تا بناسرێم. پێغەمبەری گەورەی ئیسلامیش دروودی خوای لەسەر بێ لە بارەی دوڕەوە دەفەرمێ: "اول ما خلق الله الدره البیضاء". واتە: یەکەمین شتێک کە خوا دای هێناوە، دوڕی سپییە.

جا بەهۆی پیرۆزبوونی ئەو دوڕە کە باسی لێوە کرا، منداڵی هەر (یاری)یەک کە لە دایک دەبێ، دەبێ لە دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک لە جەمخانەدا گوێزێکی هیندیی بۆ بشکێنن و بەڕەوشتی یاری سەری پێ بسپێرن و ئەو منداڵە لە پاش گەورەبوونی، دەبێ پەیمان بدا کە تا ماوە ڕێبازەکەی لە دەست بەرنەدا و بەپێی یاسا و دەستوورەکانی پەڕاوی سەرئەنجام ڕەفتار بکا. بابە گەرچەک لە دووبەیتییەکی تردا باسی دوڕمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

نە دلێ دوڕێ، نە دلێ دوڕێ    شام ئاماو شی نە دلێ دوڕێ
ەە دوڕ بەرئاما وە ئە دوڕ خوەڕێ    سازنا زام و ئاسمان و هوەڕێ

واتە: شام یا خوام هات و ڕۆیشتە نێوانی دوڕێکەوە و پاشان لە دوڕەکە هاتە دەرەوە و خوڕیە سەریا و دوڕەکە ورد و خاش و پرش پرش بووەوە و لە پرشەکانی زەوی و ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکانی بەدی هێنا.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- دەورەی بابە سەرهەنگ (دەستنووس).

## دایە تەورێزی هەورامی

سەدەی چوارەمی کۆچی

شارستانییەت و ئاوەدانی و فەرهەنگ و وێژە و زانیاری لە هەر شوێن و ناوچە و هەرێم و شار و وڵاتێکدا، تەنیا بەباهۆ و بازووی پیاوان بەدی نەهاتووە و بەتەنیاش هیچ کارێ ناکرێت و ئەنجام نادرێت. بەڵکو ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان لەم بارەوە هەنگاویان

هەڵگرتووە و تێدا بەشداربوون و خۆیان ماندوو کردووە و بەپێی توانایان بۆ پەرەسەندنی شارستانییەت و ئاوەدانی و فەرهەنگ و زانیاری و وێژە و تەقەلا و کۆششیان کردووە و ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاو داوە، وە گەلێ لەو ئافرەتانەیش لە مەیدانی زانیاری و فەرهەنگ و وێژەدا گەلێ بەرهەمی بەکەڵک و بەنرخیان لێ بەجێ ماوە و لاپەڕەکانی مێژووی وێژەی کوردییان پێ ڕازاندووەتەوە.

یەکێ لەو ئافرەتە وێژەوانانە کە ڕاژە و خزمەتی بەزمان و وێژەی کوردی کردووە، ناوی دایە تەورێزی هەورامییە. ئەم ئافرەتە ڕۆشنبیرە کە گەوهەرێکی شەوچرایە لە سەراوەردی شاخەکانی بەندەنی بەرزی هەورامانەوە و نازدارێکی بێ پەروا و ڕەندێکی خواناس و پارێزگار و هەردەگەڕ بووە، بەسۆزی ئەوینێکی ڕاستەقینە دڵی هاتووەتە جۆش و نەوای تەنبووری لە جەمخانەدا دڵ و دەماری یارانی هێناوەتە خرۆش و سۆزی هۆنراوەکانی ئەوانی هێناوەتە هۆش.

ئەم ئافرەتە ڕەندە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی هاتووەتە کۆڕی ژیانەوە و لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم لە هەورامان‌دا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و هەرلەوێدا نێژراوە. دایە تەورێز بەیەکێ لە یارانی بابە سەرهەنگی دەودانی دێتە ئەژمار. ئەم ئافرەتە یەکەمین ئافرەت بووە کە هۆنراوی لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا بووە. ئەو هۆنراوانە کە لە ئەو بەجێ ماون بەشێوەی دووبەیتیین. هۆنراوەکانی گەلێ بەرز و دڵنشین و شیرین. ئەم دووبەیتییە نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی ئەو کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم | سەرسامم نە بەزم ڕازەن پیاڵەم |
| بادەی پیاڵەم، یاوا وە ناڵەم | چمکە ناڵەکەم بەرز بێ نە عاڵەم |

واتە: پیاڵەی، مەیەکەم لە شاری نهێنییەوە پێم دراوە. من لە بەزم و جەمی جەمخانەی خواناسیدا سەرم سوڕماوە، بەڕاستی ئەو مەیەی کە لە ناو پیاڵەکەمدا بوو گەیشتە فریام، چونکە ناڵە و بڵێسەی دەروونم لە جیهاندا بەرز بووەوە و بەجارێ هەمووی وریا کردەوە و پاشان بەهۆی خواردنەوەی ئەو مەیە کەمێک ئەهوەن بوومەوە.

دایە تەورێز لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: لە ڕۆژی بەریندا کە گەوهەری هەموو بەندەکان پەیمانیان بەست، پیاڵەیەک بادە لە نهێنییەوە بەمن درا. بەڕاستی من لە بەزمی یارانی جەمخانەدا واقم وڕماوە کە هەمیشە هان لە بیر و ئەندێشەی شاری پشتی پەردەی نهێنییەوە. چاک بوو ئەو پیاڵە مەیەی کە لە ناو جامەکەمدا بوو گەیشتە فریای ناڵەی دەروونم. چونکە ناڵەم لە جیهاندا بەرز بووەوە و بەجارێ هەمووی وریا کردەوە و پاشان



بەهۆی خواردنەوەی بادەی ئەو پیاڵەوە کەمێک ئەهوەن بوومەوە و کەمێک ناڵە و بڵێسەی دەروونم داساکا و ئارامی گرت.

زۆربەی دووبەیتییەکانی دایە تەورێز پڕن لە زاراوەی خواناسی. وە ئەم زاراوانە هەر لە کۆنەوە، هۆنەرانی کورد و فارس لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان بردوون و هەر کام لەو وشانە واتایەکی تایبەتیان هەیە. واتای هەندێ لەو زاراوانە بەم چەشنەیە: "ڕاز بەواتای تەماشاکردن و ڕاز خاوەن کردنە. پیاڵە: بریتییە لە یار و دڵدار و دەڵێن هەر تۆزقاڵێک لە تۆزقاڵەکانی هەسگەل پیاڵەیەکە کە لە ناو ئەودا پیاوی خواناس و پارێزگار، شەراب و بادەی زانیاری و خواناسی دەخواتەوە. بادە بەواتای کۆمەکی خوایی و ئەوینی بەرز و گەورەیە. ناڵە: بریتییە لە ڕاز و نیازکردن و پاڕانەوە و لالانەوە".

دایە تەورێز لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن | یاران، یاوەران جەم پەی ڕاسانەن |
| هەر کەس نێوەکی کەرۆ ئاسانەن | جەم پەی ڕۆشنیی زێڵ خاسانەن |

واتە: ئەی یاران، کۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و چاکانە. هەر کەسێک لەوێدا چاکە بکا، کاری سووک و ئاسان دەبێ و ئەم جەم و کۆبوونەوە بۆ ڕۆشنیی دڵ و دەروونی خواناسان و چاکانە. وشەی (نێوەکی) کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە، بەواتای چاکییە.

جەم کە لەم هۆنراوانەدا هاتووە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، حەقەکان دەبێ هەر هەفتەیەک جارێ لە شوێنێکدا کە ناوی جەمخانەیە کۆ ببنەوە و خەریکی خوێندنی هۆنراوەکانی سەرئەنجام بن. سەرەتا پیر یا سەرۆکی جەم تەنبوور لێ دەدا و بەدەنگێکی دڵتەزێن و ڕاکێشەر چەند هۆنراو لە هۆنراوەکانی پەڕتووکی سەرئەنجام دەخوێنێتەوە و دانیشتووەکانیش هۆنراوەکان دووپاتە دەکەنەوە. ڕۆیشتن بۆ جەمخانە و کۆبوونەوە لەوێدا لەبەرئەوەیە کە هەر کەسێک بەگوێرەی توانا و دەسەڵاتی خۆی نیاز و قوربانی بکا تا دڵی ڕووناک ببێتەوە و بەم جۆرە خۆی نزیکی خوای مەزن بکاتەوە.

جا دایە تەورێز لە دووبەیتییەکەیدا دەڵێ: جەم بوون و کۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ چاکبوونەوە و ڕاستبوونەوەی مرۆیە، کە لەوێدا بەهۆی پاڕانەوە و ڕاز و نیاز کردن، دڵی ڕوون دەبێ و خۆی بەخوا نزیک دەکاتەوە. هەر کەسێک لە جیهاندا دەبێ کارێکی چاکە ئەنجام بدا، تا کاری دواڕۆژی سووک و ئاسان ببێ.

لە دووبەیتییێکی تردا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| زێڵ کەران ڕەوشەن، زێڵ کەران ڕەوشەن | یاران وە خوەرە زێڵ کەران ڕەوشەن |
| سەرسەپەردە بان وە یاری وەشەن | بسازن پەرێ وێتان یوو جەوشەن |

واتە: ئەی یاران! بەخوەرە و تیشکی خوایی دڵتان ڕووناک بکەنەوە و سەری خۆتان بسپێرنە ئەم ڕێبازە. چونکە ڕەوشتی خوایی ڕەوشتێکی جوانە، وە بۆ دوارۆژی خۆتان کراسێکی زریێ دروست کەن.

وشەی خوەرە کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە، بریتییە لە تیشکێک کە لە لای خوای گەورەوە دەکەوێتە دڵی مرۆڤەوە، وە بەهۆی ئەو تیشکەوە مرۆ دەتوانێ بگاتە پایەی زانیاری و خواناسی و پارێزگاری و فەڕ و شکۆی ئێزەدی. خوەرە ناوی نەخۆشییەکی تایبەتیشە.

جا دایە تەورێز دەڵێ: ئەی یاران، بەخوەرە و تیشکی خوایی کە لە لایەنی خوای گەورە و گرانەوە دەکەوێتە ناوەقی دڵ و دەروونتان، دەتوانن دڵتانی پێ ڕوون بکەنەوە و سەرتان بسپێرنە ڕێبازی خوایی. هەروەها زریێ و جەوشەنێ لە چاکە بۆ دوارۆژی خۆتان دروست بکەن، تا هەمیشە ڕۆح و ڕەوانتان لە خۆشی و شادیدا بمێنێتەوە.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- دەورەی بابە سەرهەنگ (دەستنووس).
٣- یادداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس).

## هۆنەرانی دەوری عەییاری

٣٨٠ - ٥١٠

بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی، ئەبوولفەتح کە سەرەک هۆزی شازنجانی بووە، لەبەر ناکۆکی و ناتەبایی ئەبوولشوکی کوڕی خۆی بەلەشکرەوە ناردە سەر تاهیری کوڕی هیلالی حەسنەوی، بەڵام لەم شەڕەدا ئەبوولشوک تێ شکا و سەعدی براشی لە شەڕدا کوژرا و شارەزوور دیسانەوە کەوتەوە دەستی تاهیری حەسنەوی. سەرئەنجام تاهیر و ئەبوولشوک ئاشتبوونەوە و تاهیر خوشکی ئەبوولشوکی خواست و بوون بەخزم. بەڵام ئەبوولشوک کوژرانی براکەی هەر لە بیر نەدەچووەوە و هەتا لە هەلێکدا لە تۆڵەی براکەی ئەوی لە ساڵی ٤٠٥ی کۆچیدا کوشت و ئیتر دەوڵەتی حەسنەوییە کەوتە کەنەفتی و کزی تا بنەماڵەی عەییاری لە ساڵی ٣٨٠ هاتە سەر کار و تا ساڵی ٥١٠ی کۆچی بەسەر شارەزوور و دەینەوەر و کرماشان و لوڕستاندا فەرمانڕەواییان کرد.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دان، عەییارییەکان گەلێ حەزیان لە ئاوەدانی و کشتوکاڵ و فەرهەنگ و وێژە و زانست کردووە، چونکە زۆربەی میران و فەرمانڕەوایانی



عەییاری عەرەبییان نەدەزانی و حەزیان لە هۆنراوی کوردی دەکرد و گەلێ بایەخیان بەفەرهەنگ و زمانی کوردی دەدا. هەروەها گەلێ مزگەوت و کاروانسەرا و پرد لە زەمانی ئەواندا دروست کراوە و ئەو شوێنەوارانەی کە لەوانەوە لە کوردستاندا ماوەتەوە بەڵگەیەکە بۆ ئەم قسانە.

هەندێ لەو بوێژ و هۆنەرانەی کە لە خولی ئەواندا پەیدا بوون و شوێنەوارەکانیان بەدەستەوە ماون، بریتین لە: "جەلالە خانمی لوڕستانی، شاخوەشینی لوڕستانی، ڕێحان خانمی لوڕستانی، فاتمە لوڕەی گۆران، لزا خانمی جاف، خاتوون مەی زەرد، بابە تایەری هەمەدانی، پیر شالیاری هەورامی، کاکە ڕدای لوڕستانی، سوڵتان چەلەبی، بابە بوزورگی لوڕستانی، پیر حەیدەری لوڕستانی، بابە هندوو، بابە نائووسی جاف، دایە خەزانی سەرگەتی، قازی نەبی سەرگەتی، ئەحمەدی جاف، پیر ئەحمەدی کەرکووکی".

ئەم هۆنەرانە هەموویان لە پەیڕەوانی ئاینی یارین و هۆنراوەکانیان بەهۆی (یاری)یەکانەوە پارێزراون و لە دەفتەرەکانیاندا ماونەتەوە. ئاخۆ ئەو هۆنەرانەی کە نە ناویان ماوەتەوە و نە نیشانیان گەیشتووەتە چەند کەس؟ ئەمە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ. چونکە لە هەر دەور و خولێکدا کە بێگانە هێرشی هێناوەتە سەر وڵاتەکەمان، هەمووی شوێنەواری هۆنەران و نووسەران و زانایان و پیتۆڵانی گەلی کورد بەجارێ لەناوچوون و فەوتاون. ئەوەش کە مابێتەوە بەهۆی پیاوە ئاینییەکانەوە پارێزراون.

## شاخوەشینی لوڕستانی

٤٠٦ - ٤٦٧ی کۆچی

شاخوەشینی لوڕستانی کە یەکێ لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی مبارەک شا و کوڕی جەلالە خانمی لوڕستانییە. پەڕتووکی سەرئەنجام کە لە چۆنییەتیی ڕێباز و ڕێ و ڕەوشتی یارییەوە دەدوێ، چیرۆکێکی لە بارەی پەیدابوونی شاخوەشینەوە هەیە کە ئەوا کورتەی ئەو چیرۆکە دێنین و پاشان بیروباوەڕی خۆمان دەردەبڕین.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە، میرزا ئامانای فەرمانڕەوای لوڕستان، کچێکی بەناوی جەلالە خانم هەبوو کە لە شۆخی و شەنگیدا بێ وێنە بوو. جەلالە خانم ڕۆژێکیان کە لە خەو هەڵدەستێ دەڕواتە بەر بەربەرۆچکە و ڕادەوەستێ، کە کوتوپڕ تۆزقاڵێ لە تیشکی هەتاو دەڕواتە ناو دەمی و لە گەروویەوە دەچێتە خوارەوە، هەرچەندە ئەموستی دەباتە ناو گەروویەوە کەڵکی نابێ، ئەوسا بەپەرێشانی و پەشێوییەوە چۆنییەتیی کارەساتەکە بۆ

دایکی دەگێڕێتەوە. دایکی زۆر پەیجۆری قسەکەی نابێ. چەند مانگێک بەسەر دەچێ تا نیشانەی زکپڕی جەلالە دەردەکەوێ و ئەم باسە بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە و هەموو کەسێ ئاگەدار دەبێ. باوکی جەلالە لە ترسی بەدناوی و ڕیسوایی و ئابڕووی خۆیی دەستوور دەداتە کوڕەکانی کە جەلالە ببەنە شوێنێکی نهێنی و بیکوژن.

کوڕەکانی میرزا ئامانا بەفەرمانی باوکیان خوشکەکەیان دەبەنە دەشتێکی چۆڵوهۆڵ تا بیکوژن. لەم کاتەدا برا گچکەکەی جەلالە بەزەیی دێتەوە بەخوشکەکەیدا و بەبراکانی تری دەڵێ دەست مەدەنە خوێنی ئەوەوە، لێرەدا بەجێی بێڵن تا دڕندە و جڕ و جانەوەر بیخوا. براکانی جگە لە برایەکی نەبێ ئەم قسەیان چووە دڵەوە، ئەو برایە وتی من لە فەرمانی باوکم سەرپێچی ناکەم، ئێوە بگەڕێنەوە، خۆم بەتەنیایی دەیکوژم و ئەم ڕیسواییە بەخوێنی خۆی دەشۆرمەوە.

براکانی تری لەبەرئەوەی دەستیان نەچێتە خوێنی خوشکەکەیان هەموویان گەڕانە دواوە. ئەو برایە وا مایەوە دەست و پێی خوشکەکەی بەست و شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێنا و ویستی خوشکەکەی بکوژێ کە لەپڕ دەنگێ هاتە گوێیدا کە جەلالە خانم کچێکی بێ گوناه و داوێن پاکە و منداڵەکەی زکی لە تیشکی خوا بەدی هاتووە و بەم زووانە بۆ ڕێنموونیی خەڵک پێ دەنێتە ئەم جیهانەوە.

براکەی هەرکە ئەم دەنگەی بیست ترس و لەرز لەشی داگرت و کەوتە سەر دەست و پێی خوشکەکەیدا و داوای لێبووردنی لێ کرد و پاشان هەردووکیان گەڕانەوە ماڵ. ئەوسا براکەی چۆنییەتیی کارەساتەکەی بۆ باوکی گێڕاوە، باوکی بۆی دەرکەوت کە ئەم کارە لە لایەنی خوایەوە و ئیتر شتێکی پێ نەکرا.

جەلالە خانم پاش ماوەیەک کوڕێکی بوو کە ناویان نا (مبارەک شا). هەر لەم ڕۆژانەدا پیاوێکی پارێزگار بەناوی (کاکە ڕدا) هاتە لای جەلالە خانم و مزگێنیی داهاتووی کوڕەکەی پێ دا و وتی لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەم کوڕە دەبێتە ڕێنموونی خەڵک و خەڵک دەخاتە ڕێی خواپەرستی. لەم دەمەدا هەواڵیان بۆ میرزا ئامانا هێنا کە لەشکری ڕۆم نزیکی وڵکەی لوڕستان بووەتەوە و دەیانەوێ شالاو بەرنە سەر دانیشتوانی هەرێمەکە. هەندێ بەهۆی بیستن و ژنەفتنی ئەم هەواڵەوە هەڵهاتن و دەستەیەکیش بار و بنەیان پێچایەوە تا کوچنە شوێنەکانی تری لوڕستان. جەلالەیش دەستووری دایە نۆکەرانی خۆی منداڵەکەیان خستە ناو تەشتێک و خستیانە بان گایەک و کەوتنە ڕێ تا گەینە شوێنێکی خۆش و بەرژەوەندار و لەوێدا دابەزین و نیشتەجێ بوون.

مبارەک شا وردە وردە لەوێدا گەورە بوو و ڕۆژ بەڕۆژ بەفەڕدارتر و شکۆدارتر و



خۆشەویستتر دەبوو. هەر لەبەر ئەوە بوو کە لە منداڵییەوە نازناوی (شاخوەشین)یان پێ دابوو. بەپێی یادداشتی دەستنووسی کاکاردایی، شاخوەشین لە سەردەمی منداڵیدا لە وڵکەی لوڕستان خەریکی خوێندن بووە، وە لە تافی لاویدا ڕۆیشتووەتە هەمەدان و لە لای زانایانی ئەو شارە کۆتاییی بەخوێندنەکەی هێناوە و گەڕاوەتەوە لوڕستان و لە سی و دوو ساڵیدا خۆی بەتیشک و نوێنگەی خوا زانیوە و گەلێ لایەنگر و پەیڕەوی بۆ خۆی پەیدا کردووە. ئەوەندە لایەنگری هەبووە کە یارەکان و لایەنگرانی خۆی بەنۆ سەد دەستە دابەش کردووە. دەور و خولی ئەو بەنۆ سەد دەناسراوە. وەکو نووسراوە کە ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێ لە یاران و هاوەڵانیدا بۆ مەلەکردن ڕۆیشتووەتە ڕووباری گاماسب و لە ئاوی ئەو ڕووبارەدا نوقم بووە. ئەم ڕووبارە لە نزیکی هەرسینی شاری کرماشان دایە.

ئەم چیرۆکە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە جەلالە خانم بەکچیەتی شاخوەشینی بووە و ئەمەش دیاردییە بۆ لە دایک بوونی هافی عیسا کە خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێ: "فنفخنا فیە من روحنا..." واتە: ڕۆحی خۆمان تێدا دەماند و لە پاش ماوەیەک عیسا لە دایک بوو.

لە بارەی مێژووی ژیانی شاخوەشینەوە ئەم بەڵگانەش هەیە کە هەر کام قسەیەکیان لێ کردووە کە بەپێی ئەم بەڵگانە، مێژووی ژیانی ئەومان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ:

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا هاتووە کە شاخوەشین لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە و یەکێ لە لایەنگرانی ئەو، بابە تایەری هەمەدانییە. دوکتۆر محەمەدی موکری لە سەرەتای پەڕاوی (شانامەی حەقیقەت)دا دەڵێ: مبارەک شا کە بەشاخوەشین ناسراوە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە، ئەو لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا لە کچێکی لوڕ لە دایک بووە.

لە پەڕاوی کورتەی (سەرئەنجام)یشدا هاتووە کە شاخوەشین لە ساڵی ٤٠٦ی کۆچی لە لوڕستاندا لە دایک بووە و لە ساڵی ٤٦٧ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا لە جیهان ماڵئاوایی خواستووە. ناوی هەندێ لە یارانی شاخوەشین بریتییە لە: "بابە تایەر، بابە فەقێ، بابە وزورگ، بابە حەسەن، کاکە ڕدا، قازی نەبی، خواداد، قرندی، هندۆڵە، خووبیار، حەیدەر، پیر خدر، پیر شالیار، ڕێحان خانم، لزا خانمی جاف، خاتوو مەی".

لە شاخوەشین و یارانییەوە هەندێ دووبەیتی بەجێ ماون کە گەلێ ناسک و بەرز و دڵنشینەن. هۆنراوەکانی ئەو و یارەکانی بەناوی (دەورەی شاخوەشین) ناسراوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

هۆنراوەکانی شاخوەشین هەمووی لەسەر ڕێبازی یاری هۆناراونەتەوە و بەم چەشنە ئەم هۆنەرەمان سۆزی گەیشتووەتە بارەگای خوای مەزن و دڵخوازیی ڕاستەقینەی بووە

بەتیشکی پاکی بینایی چاوان. ئیتر هەموو هۆنراوەکانی لە پەردەی خواناسیدا دەربڕیوە، ئەوا هەندێ لە دووبەیتییەکانی دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

یارسان وە ڕا، یارسان وە ڕا    رای حەق ڕاسییەن بڕانان وەڕا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا    قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا

واتە: ئەی (یارسان)ەکان، ڕێگای حەق و ڕاستییە و دەبێ بەم ڕێگەیەدا بڕۆن و پاکی و ڕاستی و لەناوبردنی فیز و هەوا و بەخشین هەتا ڕۆژی پەسڵان بکەنە دروشمی خۆتان.

شاخوەشین لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: ئەی یارییەکان، ڕێگای خوا و هەق تەنیا ڕاستی و دروستییە و تا ماون بەم ڕێگەیە بڕۆن. پایەی ڕێبازی یاری چوار شتە: یەکەم پاکی، دووەم ڕاستی، سێیەم چاکە، چوارەم بەخشین. جا ئەم چوار ئەستوونە هەتا هەوارگەی ڕۆژی پەسڵان بکەنە دروشم و نیشانەی ڕەوشتەکەی خۆتان.

جا لێرەدا دەبێ لەم چوار وشە کە پایە و ئەستوونی ڕێبازی یارین بکۆڵینەوە وە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام باسیان لێوە بکەین: یەکەم پاکی. هەر (یاری)یەک دەبێ لەش و دەروون و جلوبەرگ و شوێن و جێگای دانیشتن و خورد و خۆراک و وتە و کردار و ڕەوشت و هەموو شتێکی پاک و خاوێن بێ و خۆی لە چڵک و چەپەڵی و پیسی بپارێزێ تا گوزەرانی بەخۆشی و کامەرانییەوە بباتە سەر. بنیادەمی پاک و خاوێن لە نەخۆشی دوور دەکەوێتەوە و تەمەن و ژینی خۆی بەلەش ساخی و تەندروستی رادەبوێرێ. جا کەسێ کە هەمیشە لەش و دەروونی پاک و خاوێن بوو، ئەو کەسە ڕێگای ڕاست دەدۆزێتەوە و بەمە ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و خۆشی بۆ خۆی بەدی دێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی: "النظافه من الایمان" واتە: پاکی و خاوێنی بەشێکە لە بڕوا و باوەڕی موسڵمانەتی.

دووەم ڕاستی: هەر (یاری)یەک دەبێ ڕاست و دروست بێ و لە ڕێگای چەوت و چەوێڵ و نالەبارەوە نەڕوا، وە لە درۆودەلەسە خۆی بپارێزێ تا نزیکی خوای تاق و تەنیا بێتەوە، ئەوسا خواش دەبێتە یار و یاوەری و بەزەیی پێیدا دێت.

سێیەم لەناوبردنی فیز و هەوا و کەوتنە دووی چاکە: هەر (یاری)یەک دەبێ فیز و هەوای نەبێ و دەستی یارمەتی و مرۆڤایەتیی هەبێ و لە چاکەکردن و یارمەتیدانی خەڵک کۆتایی نەکا و سوود و قازانجی بۆ هەموو کەسێ ببێ و دەستی یارمەتی بۆ هەموو کەسێک درێژ بکاتەوە. هەر لەبەر ئەمانەیە کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، فەرموویەتی: "خیر الناس انفعهم للناس" واتە چاکترین مرۆ کەسێکە کە سوودی بۆ مرۆ زۆرتر بێ.



چوارەم بەخشیش: هەر (یاری)یەک دەبێ بەخشندە و جوامێر بێ و تا ماوە یارمەتیی خەڵک بدا و دەستگرۆیی لە چینی هەژار و لێقەوماو بکات. هەر لەبەر ئەمانەیە کە زەردەشتی مادی خەڵکی بۆ بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاک هان داوە.

شاخوەشین لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

مامام جەلالە، کاکام ڕەنگینە    دوون وە دوون ئامام چینە وە چینە
ها ئیسا یوورت و نامم خوەشینە    هەر کەس بشناسۆم پاکش مەو کینە

واتە: دایکم ناوی (جەلالە)یە و کاکەم ناوی (رەنگین)ە. ڕۆحەکەم لە ناو گەلێ لەش و قاڵبدا چینەی کردووە تا گەیشتووەتە ئەم لەشە، ئێستا لە ئەم لەشەدا ناوم خوەشینە. هەر کەسێک من بناسێ و بڕوای پێم بێ، کینەی دڵی پاک و خاوێن دەبێتەوە.

لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

شەهریار دین، شەهریار دین    ئەز چەنی تۆمەن، شەهریار دین
جڵەو دوودم وە دەستەن نگین    وە وارمای شا بەورت کەرە زین

واتە: ئەی پیر شالیاری دین، من لەگەڵ تۆمە، ئەوا بەدەمی دووکەڵ و هەناسەمەوە نگین و گەوهەری منت بەدەستەوەیە، دەسا بەفەرمانی شات ئەسپی بەورینت زین کە و دوژمنانی ئەم ڕێ و ڕەوشتە لەناوبەرە.

لە دووبەیتیێکی تردا دیسانەوە بەپیر شالیار دەڵێ:

ئەز چەنی تۆمەن شەهریار بێ گەرد    قەڵای کەنگاوەر ئانە بی وە گەرد
دوڕ نە تای دەریا ئێمەی بەرئاوەرد    نامەکەی مەشیە ئێمەی بەرد ئەو فەرد

واتە: ئەی پیری شالیاری بێ گەرد و خاوێن، ئەوا قەڵای کەنگاوەر بووەتە تۆز و تەم، وە ئەو تۆز و تەمە نیشانەی پەیدابوونی منە، ئێمە لە ناوەڕاستی دەریادا لە ناوی دوڕەوە دەرچووین و بەهۆی پەیدابوونی مەشیە و مرۆڤەوە ڕەوانمان کەوتە فڕین و چینەکردن، وە بەتەنیایی ڕۆحەکەمان باڵەوازەی بوو.

بەپێی پەڕتووکی (بوندوهیشن): کەیوومەرت یا کەیوومەرس یەکەمین ئافەریدەی ئەهوورامەزدا بووە. کەیوومەرت ماوەی سی ساڵ بەتەنیایی لە کۆساران و کێواندا ژینی بردووەتە سەر، لە سەرەمەرگیدا نتکێ تۆمی لێ دەتکێتە زەوی و ئەو تۆمە بەهۆی تیشکی خۆرەوە پاک و خاوێن بووەوە و ماوەیەک لە تۆی خاکدا مایەوە. پاش چل ساڵی تر لە ڕۆژی جەژنی مێهرەگاندا تۆمەکە لە پەیکەری گیایەک ڕوا و ئەوسا بەشێوەی دوو لاسکی ڕێواس پێچان بەیەکەوە. پاش ماوەیەکی تر لەو قاڵبە گۆڕان و بوون بەدوو مرۆڤی نێر و مێ وە

ناوی (مەشیە) و (مەشیانە)یان لێ نرا. ئەو دووانە پاشان بوون بەژن و مێرد و لە دوای نۆ مانگ کچێک و کوڕێکیان بوو کە زنجیرەی ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی حەوت کیشوەری جیهان لە پشتی ئەوانەوەیە.

شاخوەشین لە دووبەیتی تردا ڕوو دەکاتە خاتوو مەی و دەڵێ:

ئەی (مەی)ی بێ گەرد، ئەی (مەی)ی بێ گەرد
راستیم دا وە تۆ ئەی (مەی)ی بێ گەرد
راستیم دا وە تۆ شەرطم ردای بەرد
نام مەشیانە ئێمەی بەرد ئەو فەرد

واتە: ئەی خاتوو مەی، تۆ بێ گەرد و پاک و خاوێنی، وە من ڕاستیم دا بەتۆ و پەیمانم دا بەکاکە ردا کە لە کاتی خۆیدا بێمە جیهان و خۆم دەرخەم. ناوی مەشیانە منی بەتەنیایی بردە ناو دوڕەکە و ئەوە بوو کە بۆ ڕێنوێنیی خەڵک کەوتمە قاڵبی مرۆڤەوە.

لە دووبەیتی تردا ڕوو دەکاتە بابە هیندوو و دەڵێ:

هیندوو پیاڵەت، هیندوو پیاڵەت — مەی پەڕەن جە ناو جام و پیاڵەت
ئەر بریندارەنی با پاک بۆ ناڵەت — مێردان دوڕشناس مەشناسان کاڵەت

واتە: ئەی هیندوو، مەی و بادە پڕی پیاڵەکەتە، ئەگەر برینداری چەند قوم لەو بادە بخۆرەوە تا ناڵەی دەروونت داسەکێ و برینەکانت ساڕێژ بێتەوە. پیاوانی دوڕ و گەوهەرناس کاڵاکەت باش دەناسن و لە وتەکانت تێ دەگەن و لێ ورد و قووڵ دەبنەوە.

لە دووبەیتی تردا ڕوو دەکاتە بابە حەیدەر و دەڵێ:

حەیدەر نازار، حەیدەر نازار — ئەز چەنی تۆمەن حەیدەر نازار
پەرێ قەباڵە مەکەرە ئینکار — لزا ماوەرۆش بگێرە قەرار

واتە: ئەی حەیدەری نازار، من لەگەڵ تۆمە و بۆ کۆدە و قەباڵەی ڕازی یاری بێ بڕوا مەبە، ئەوا لزا خانمی جاف ئەو قەباڵە دێنێ و ئەم ڕازە بۆ هەمووتان ڕوون دەکاتەوە.

لە دووبەیتی تردا دەڵێ:

غوڵامان داو، غوڵامان داو — پەرێ قەباڵە مەکەن داوای داو
قەباڵەم نیان نە ئی تاش کاو — هەر کەس بەرئاوەرد ئانەخوەشین باو

واتە: ئەی پەیڕەوان و لایەنگرانی من، بۆ بنچاخ و قەباڵەی ڕازی یاری لە نێوانی خۆتاندا قڕە و هاوار مەکەن. قەباڵەکەم ناوەتە نێوانی ئەم کێوە، هەر کەسێک ئەو قەباڵە دەربێنێ، ئەوا ئەو خۆشەویستی خوەشینە.



شاخوەشین لە دووبەیتی تردا دەڵێ:

یاران ئەو بەسوو، یاران ئەو بەسوو — یاران چەنی هەم بیان ئەو بەسوو
وە تێژیی شمشێر، وە باریکیی موو — هیچ کەس مەویەرۆ وەرتر جە هیندوو

واتە: ئەی یاران، هەمووتان وەرنە کێوی بەسوو و کۆبنەوە، بەڵام وا دیارە بابە هیندوو لە هەمووتان بڕاترە و دەیخاتە بەر هەمووتانەوە، ئەو لە شمشێر تیژتر و لە موو باریکترە و هیچ کەس ناوێرێ بکەوێتە بەریەوە.

سەرچاوەکان:

١- شرفنامە تالیف امیر شرفخان بدلیسی باهتمام محمد عباسی - تهران ١٣٤٣.
٢- شرفنامە - ترجمە محمد علی عونی - قاهرە ١٩٥٨.
٣- تذکرەء اعلی بە اصلاح ایوانف - تهران ١٣٣٨.
٤- برهان الحق تالیف نور علی الهی - تهران ١٣٥٤.
٥- شاهنامە حقیقت تالیف حاج نعمت الله جیحون آبادی - تهران ١٣٦٦.
٦- مشاهیر اهل حق، تالیف صدیق صفی زادە - تهران ١٣٦١.
٧- بزرگان یارسان، تالیف صدیق صفی زادە - تهران ١٣٥٢.
٨- فرهنگ پهلوی، تالیف دکتر بهرام فرەوشی - تهران ١٣٤٦.
٩- سەرئەنجام (دەستنووس).
١٠- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
١١- زوڵاڵ زوڵاڵ (دەستنووس).
١٢- دەورەی پیرعالی (دەستنووس).

## بابە تایەری هەمەدانی

٣٩٠ - ٤٥٠ی کۆچی

بابە تایەری هەمەدانی کە یەکێ لە هۆنەرە گەورەکانی کورد دێتە ژمار، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە. لە بارەی چۆنییەتیی ژیان و شوێنەواری بابە تایەرەوە گەلێ کەس دواوە و هەر کام بەگوێرەی سەلیقەی خۆی شتێکی نووسیوە و لە هۆنراوەکانی کۆڵیوەتەوە.

ڕەزا قولی خانی هیدایەت کە لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، لە پەڕاوی (مجمع الفصحاء)دا دەڵێ: بابە تایەری هەمەدانی کە بە(عوریان) بەناوبانگە یەکێکە لە

خواناسانی هەرە گەورەی خول و زەمانی خۆی، هەرچەندە گەلێ لە زانایان لایان وایە کە بابە هاوچەرخی سەلجووقییەکان بووە بەڵام وا نییە و لە ڕاستیدا لە سەردەمی دەیلەمییەکاندا ژیاوە و لە ساڵی ٤١٠ی کۆچیدا ماڵئاواییی لە جیهان خواستووە.

میرزا مەهدی خانی کەوکەبیش وتارێکی لە بارەی ژیانی بابە تایەرەوە لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی لە بەنگاڵدا لە ساڵی ١٩٠٤ی زاینیدا بڵاو کردووەتەوە و دەڵێ: مێژووی لەدایکبوونی بابە تایەر بەپێی ئەم دووبەیتییەی خۆی لە ٣٢٦ی کۆچیدا بووە و لە ساڵی ٤٠١ی کۆچیشدا مردووە. دووبەیتییەکەی ئەمەیە کە دەڵێ:

مۆ ئان بەحروم کە دەر ظەرف ئامەدوستوم
مۆ ئان نوقطە ک دەر حەرف ئامەدوستوم
بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایۆ
ئەلف قەدوم ک دەر ئەلف ئامەدوستوم

واتە: من وەکو ئەو زریە و دەریایەم کە لە پیاڵەیەکدا دەرکەوتووم، وە من ئەو نوختە و خاڵەم کە لە سەری پیتێکدا پەیدا بووم، لە پایان و دوایی هەر هەزار ساڵدا ئەلف ئەندامێ دەردەکەوێ، وە من ئەو ئەلف، ئەندام و باڵاڕاستەی وەک ئەلفەم کە لە ئەلف یا هەزارەدا هاتوومەتە جیهانەوە.

جا میرزا مەهدی خان ئەم دووبەیتییەی لەسەر ژمارەی ئەبجەد لێکداوەتەوە و دەڵێ: وشەی (ئەلف قەد) و (بەحر) هەریەکێکیان بەژمارەی ئەبجەد دەکا (٢١٥)، ئینجا ئەگەر ژمارەی (ئەلف قەد) کە ٢١٥یە لەگەڵ ژمارەی (ئەلف)دا کە ١١١یە بخرێتە سەریەک ژمارەی ٣٢٦ پەیدا دەبێ و ئەم ژمارەیە لەگەڵ وشەی (ئەلف)دا یەک دەگرێتەوە و لایشی وایە تا ٤٠١ی کۆچی ژیاوە و لەم بارەشەوە بەڵگەیەکی نەهێناوە.

مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ش لە مێژووی ئەدەبەکەیدا دەڵێ: بابە تایەر هۆنەرێکی کوردی سەدەی سێیەمی کۆچی بووە و بەپێی هەندێ بەڵگەی مێژوویی دەورەی (صاحبی کوڕی عباد) و (ئیبن سینا)ی دیوە کە ئەمانە لە زەمانی فەرمانڕەوایی (بۆیە)کاندا ژیاون. پاشان بیروباوەڕی میرزا مەهدی خانی کەوکەبی کردووەتە بەڵگە و لای وایە بابە تایەر لە ساڵی ٣٢٦ لە دایک بووە و لە ساڵی ٤٠١دا کۆچی دوایی کردووە. بەڵام ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە، چونکە بابە تایەر لەو دووبەیتییەدا کە میرزا مەهدی خان لێکی داوەتەوە لە هەندێ وشەی خواناسی وەکو: نوختە و حەرف و ئەلف قەد باسی کردووە کە لە ڕچەی خواناسیدا (نوختە) بەواتای تیشکی خوایی و (حەرف) بەواتای لەش و ئەندامی خاوێن و (ئەلف قەد)یش بەواتای پیاوانی خوا و پارێزگارە.



کۆنترین پەڕتووکێ کە لە بابە تایەرەوە دواوە و خول و سەردەمی ژیانی ئەوی بۆمان دەرخستووە، پەڕتووکی (راحە الصدور)ی ڕاوەندییە کە لە ساڵی ٥٩٩ی کۆچیدا نووسراوە. لە ئەم پەڕتووکەدا لە بارەی دیداری توغرل بەگی سەلجووقی و بابە تایەرەوە وەها نووسراوە: "کاتێک توغرل بەگ هاتبووە هەمەدان، لە پارێزگاران و خواناسان سێ پیر لەوێدا بوون: بابە تایەر، بابە جەعفەر، شێخ حەمشاد. کێوێک لە هەمەدان هەیە کە کێوی خدری پێ دەڵێن، ئەوان لەسەر ئەو کێوەدا وێستابوون. توغرل بەگ کە سپایەکی گەورەی لەگەڵدا بوو، هەرکە چاوی بەوان کەوت لە ئەسپەکەی دابەزی و لەگەڵ وەزیرەکەیدا (ابونصر الکندی) چووە لایان و دەستیانی ماچ کرد. بابە تایەر کە ئاگر پارەیەکی دڵ ڕاکێشەر و دڵڕفێن بوو بەتوغرلی وت: ئەی تورک لەگەڵ بەندەکانی خوادا چی دەکەی؟. توغرل وتی: هەر چی تۆ بفەرموویت، من ئەوە دەکەم: بابە وتی ئەوە بکە کە خوا دەفەرمێ: ان الله یأمر بالعدل والاحسان. توغرل بەقسەکەی بابە دەستی کردە گریان و وتی: وا دەکەم. بابە دەستی گرت و وتی کەوا بوو بەڵێن دەدەی بەو جۆرە کە خوا ویستوویەتی ڕەفتار بکەی؟ توغرل وتی بەڵێ بەڵێن دەدەم. بابە تایەر سەری لوولە ئافتاوەیێکی قوڕینی شکاو کە ساڵها دەستنوێژی پێ دەگرت و بەسەر ئەمووستیەوە بوو دەریهێنا و کردیە ئەمووستی توغرلەوە و پێی وت: ئەوا وڵکەی جیهانم کردە ئەمووست و پەنجەی تۆ، تۆش لەگەڵ بەندەکانی خوادا خاوەنی داد بە. توغرل دوای ئەوە هەموو دەم بۆ پیرۆزی ئەو سەرە لوولە ئافتاوەیەی هەڵدەگرت و دەیکردە پەنجەیەوە و دەگریا".

ئەم ڕووداوە مێژووییە واتە دیداری توغرل و بابە تایەر کە هەروەها پلەوپایەی بابە تاریەرمان بۆ دەردەخا، مێژووی ژیانی ئەویشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ڕۆیشتنی توغرل بەگ بۆ شاری هەمەدان بەپێی پەڕتووکی (ڕاحە الصدور) لە ساڵی ٤٤٧ی کۆچیدا بووە کەوا بوو بابە تایەر دەبێ لەو دەمەدا تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاتر بێ. واتە پیرەمێردێکی بەتەمەن بووە کە میرێکی خاوەن دادی وەکو توغرل ڕێزی گرتووە و پەندەکەی کاری لێ کردووە. هەر بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە دەتوانین بڵێین کە بابە تایەر لە دەوروبەری ساڵی ٣٩٠ی کۆچیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠ی کۆچی لە گێتی ماڵئاوایی خواستووە و لە هەمەداندا نێژراوە.

لەم بارەوە هەندێ بەڵگەی تریش هەن کە مێژووی ژیانی بابە تایەرمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، وەکو لە پەڕتووکی (سەرئەنجام)دا کە پەڕتووکێکی دەستنووسی ئاینییە، بابە تایەر بەیەکێ لە یاران و فریشتەکانی شاخوەشینی لوڕستانی دادەنێ.

شاخوەشین (٤٠٦ – ٤٦٧ی کۆچی) یەکێ لە ڕێبەرانی یاری دێتە ئەژمار.

ئەو پەڕاوە چیرۆکێکی لە بارەی دیداری بابە تایەر و شاخوەشینەوە هێناوە کە کورتەی ئەو چیرۆکە ئەمەیە: "شاخوەشین لەگەڵ پەیڕەوان و سوارانی خۆیا لە لوڕستانەوە دەڕواتە هەمەدان. گەورەکان و پیاو ماقووڵانی هەمەدان دێنە بەرەو پیرییەوە و ڕێزی لێ دەگرن و پێشوازییەکی گەرمی لێوە دەکەن و هەموویان داوای لێ دەکەن کە ببێتە میوانیان. شاخوەشین بۆ ئەوەی جێی گلە بۆ کەسێ نەمێنێ دەڵێ: لەغاوی ئەسپەکەم بەردەدەم، ئەسپەکە بۆ هەر کوێ بڕوا دەڕۆمە ئەوێ. پیاوە گەورەکانی هەمەدان ئەم قسەیان بەدڵەوە دەچێ. ئەسپەکەی شاخوەشین هێدی هێدی دەکەوێتە ڕێ و لە شار دەردەچێ و بەرەو خانەقای بابە تایەر ئەڕوا و لە بەردەم خانەقاکەدا ڕادەوەستێ. بابە تایەر دێتە پێشوازیی میوانەکەی و دەیباتە ناو خانەقاکەیەوە. بابە تایەر تیانەیەکی گچکەی دەبێ کە چارەکێ برنج دەگرێ. فاتمە لوڕە کە لە عێلی بیری شاییی گۆران بووە، لەوێدا لەگەڵ بابە تایەر ژیاوە، چونکە وازی لە جیهان هێناوە و خەریکی خزمەتی ئەو بووە. ئەنجا بەفەرمانی بابە تایەر، فاتمە لوڕە وەکو جاران تیانە گچکەکەی پڕ لە برنج کرد و کردیە پڵاو. سوارەکان و هاوڕێیەکانی شاخوەشین هەموویان بەشی خۆیانیان لە تیانەکە هەڵگرت و تێریان خوارد و ئەو تیانە بچکۆڵە بەشی هەموویانی کرد کە لە ڕاستەقینەدا تەنیا بەشی دوو کەسی تێدا جێ دەبووەوە. شاخوەشین دەیویست دارایی و سامانێک بگەیەنێتە بابە تایەر، بەڵام پیری خواناس و بڵند پایە، وەڵامی دایەوە کە بەزەیی و شکۆی تۆ بۆ من لە گەنج و سامان باشترە.

فاتمە لوڕە ویستی لەگەڵ شاخوەشیندا، بڕوا، بەڵام بابە تایەر کە ماوەیەکی زۆر گراو و دڵبراوی ئەو بوو، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە بەشاخوەشین بڵێ فاتمە لوڕەی بۆ مارە کا. شاخوەشین لەبەرئەوەی ئاگای لە بیر و دڵی بابە تایەر بوو، مزگێنی دایێ کە پەیوەندی ژن و مێردیی هەردووکیان لە ڕۆژی پەسڵاندا وەکو لەیلا و مەجنوون ئەنجام دەدرێ.

بابە تایەر بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە گەورەی کورد دێتە ئەژمار. هۆنراوەکانی کە بەشێوەی دووبەیتییە، بەزاراوەی لوڕی هۆنراونەتەوە، بەڵام زۆربەی دووبەیتییەکانی کە لە چاپ دراون، دەستیان تێ براوە و وشەی فارسیی زۆریان تێ خراوە. خوا و ڕاستان لەم دواییەدا هەندێ لە دووبەیتییەکانی بابە تایەر بەلوڕییەکی پەتی کەوتە دەست کە لە ساڵی ٨٤٨ی کۆچیدا نووسراون، وە ئەمە ئەو مەبەستەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دووبەیتییەکانی بابە تایەر لوڕیەکی پەتی بوون و تاکوتراک وشەی فارسییان تێدا بووە.

بابە تایەر جگە لە کۆمەڵە دووبەیتییەکانی دوو پەڕاوی تری بەناوی (کلمات القصار) و (الفتوحات الربانی فی اشارات الهمدانی)ی داناوە کە لەوانەدا، پلەوپایەی بەرزی وێژەیی و



خواناسیی ئەومان بۆ دەردەکەوێ.

بەپێی لێکۆڵینەوەی هەندێ لە مامۆستایان و خۆرهەڵاتناسان، وەکو مینۆرسکی و ژۆکۆفسکی و کلمان هوار و ئیدوار براون و ڕەشید یاسەمی و هەندێ تر، بابە تایەر پیاوێکی لوڕ و لوڕستانی بووە و لە هەمەداندا دانیشتووە و بەناوی بابە تایەری هەمەدانی ناوبانگی دەرکردووە، وە زۆربەی دووبەیتییەکانی بابە تایەر بەزاراوەی لوڕی هۆنراونەتەوە.

بابە تایەر هۆنەرێکی بەرز و هەرە گەورەی کوردە. لە دووبەیتییەکانیدا ئەو ڕێچکەیە کە گرتوویەتی ڕێچکەیەکی سادەی بێ گرێ بووە، ویستوویەتی دەوروبەری خۆی بەهەموو جۆر لە بیروباوەڕی خۆی تێ گەیەنێ. جا زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو بەزمانێکی ساکار و سادە بوون و هەموو کەسێک لە هۆنراوەکانی تێ گەیشتووە.

دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە گۆڤاری جیهانی ئیسلامی لە لاپەڕەی چلدا دەڵێ: بابە تایەر چەند هۆنراوێکی بەزاراوەی گۆرانیی پەتی داناوە و ئەم چەشنە هۆنراوانە لە لای گۆرانەکان باون و دەماودەم دەیگێڕدرێنەوە، بابە تایەر ئەو هۆنراوانەی ناردووە بۆ یارییەکان، بۆ ئەوە کە لە بیروباوەڕی یەک بگەن و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەری بووە. جا هەندێ لەو هۆنراوانە لە پەڕتووکی (سەرئەنجام)دا ماون و لەگەڵ ئەو دووبەیتییانەی کە لە پەڕتووکخانەی قوونیە دۆزراوەتەوە، یەک دەگرنەوە و بەتەواوی لەسەر زاراوەی لوڕی ڕۆیشتوون.

بابە تایەر لەم دووبەیتییانەدا بەتەواوی شێوەی زمانی خۆیمان بۆ دەردەبڕێ.

١

دلێ دیروم ز عشقت گێج و وێجە     موژە بەرهەم زەنوم خوونابە ڕێجە
دلێ عاشق بسان چووب تەر بی     سەرێ سووجە سەرێ خوونابە ڕێجە

واتە: دڵێکم هەیە کە لە ئەوینت گێژوویژە، برژانگ بەیەکا بنێم خوێناو دەڕێژێ، دڵی ئەویندار وەکو توولی تەڕ وایە، سەرێکی دەسووتێ و سەرێکی خوێناو هەڵدەڕێژێ.

٢

مۆ ئان پیروم کە خانەندوم قەلەندەر     نە خانوم بی نە مانوم بی نە لەنگەر
ڕۆ هەر ڕۆ مو وەرایوم گرد گێتی     دەرئایە شەو وە ئەوسنگی نەهوم سەر

واتە: من ئەو پیرەم کە قەلەندەرم پێ دەڵێن، خانوو و ماڵ و لەنگەرم نییە، هەموو ڕۆژێ لە دەمی بەیانیدا دەردێم و بەدەوری گێتیدا دەگەڕێم، کە شەو هات سەر دەخەمە سەر بەردێک و دەخەوم.

٣

موسەلسەل زولف بەر ڕوو ڕیتە دیری          گول و سونبول بە هەم ئامیتە دیری
پەرێشان چون کەری ئان تار زولفان          بە هـــەر تارێ دلی ئاوێتـــە دیری

واتە: زوڵفت بەزنجیرە ڕژانووەتە سەر ڕوومەتت، ڕوومەتی وەکو گوڵت و زولفی سونبولت تێکەڵاو و ئاوێتە کردووە. کاتێ هەودای زوڵفەکانت بڵاو و پەرێشان دەکەیتەوە، لەسەر هەر هەودایەکەوە دڵێک هەڵواسراوە.

٤

بی تە سەر دەر گریبانوم شەو و ڕۆچ          سرشک ئەژ دیدە بارانوم شەو و ڕۆچ
نە بیماروم نە جایوم می کـــەرو دەرد          هەمـــی دانوم کـە نالانوم شەو و ڕۆچ

واتە: شەو و ڕۆژ لە دووریی تۆدا سەرم لە بەرۆکمدایە و ئەسرین لە چاوانم وەکو باران بەخوڕ دەبارێ، نە نەخۆشم و نە جێگەیەکم دێشێ، هەر ئەوە دەزانم کە شەو و ڕۆژ دەناڵێنم و دەردم دەردی ئەوینە و ناڵەم لەبەر دووریی تۆیە.

٥

نە زونوم مـــو کە ڕازوم واکــــــە واژوم          غەم سووز و گودازوم وا کە واژوم
چ واژوم؟ هەر کـە زوونو می کـەرو فـاش          دگـەر راز و نیـازوم وا کـە واژوم

واتە: نازانم ڕازی دڵی خـۆم بەکێ بڵـێم؟، وە پەژارەی سـۆز و توانەوەی دڵ لەبەر تین و گەرمای ئەوین، بەکێ بڵێم، هەر کەسێ پێی بزانێ ئاشکرای دەکا. کەواتە ئیتر ڕاز و نیازم بەکێ بڵێم؟

٦

دلوم مەیل گول و بـــــاغ تە دیرە          سەراسەر سینە ئوم داغ تە دیرە
بشوم ئالالە جاران دل کەروم شاد          دیوم کالالـــــە هەم داغ تە دیرە

واتە: دڵم ئارەزووی گوڵ و باخی تۆی هەیە، لە سەراسەری سینەمدا، داخی تۆی تێدایە، هاتم بچم بۆ جاڕی گوڵاڵان تا بەڵکو نەختێ دڵم خۆش و شاد بێ، دیم گوڵاڵەیش داخی تۆی هەیە.



٧

گـەروم ڕوونی وەروم خـوونی تـە ززوونی          وەروم ئاخـر بسـوزوونـی، تە زوونی
وەروم بەرسـەر نەهـی ئەلوەند و مـەیمەند          نەمی وازوم خـودا زوونی تە زوونی

واتە: ئەگەر دەرمکەیت و ئەگەر بانگم کەی تۆ خۆت دەیزانی، ئەگەر سەرئەنجام بمسووتێنی تۆ خۆت دەیزانی، ئەگەر لەسەر سەرم ئەلوەند و مەیمەند دابنێی و سزام بدەی بەلامەوە گران نییە و فەرمانبەرداری فەرمانتم و هەر دەڵێم خوایە تۆ خۆت دەیزانی.

٨

خودایا واکیان شوم واکیان شوم          مۆ کە بی دەست و پایوم واکیان شوم
هەمە ئەزدەر برانون وەر تو ئایوم          تو گەر ئەزدەر بـرووني واکیان شوم

واتە: خوایە، لەگەڵ چ کەسانێکدا بچم، من کە بەم نەتوانییە و بێ دەسەڵاتییە لەگەڵ چ کەسانێکدا بچم، ئەگەر هەموو لە دەرگا دەرمکەن، دێمە لای تۆ، ئەگەر تۆ لە دەرگاکەت دەرمکەی، و ئانومێدم بکەی لەگەڵ چ کەسانێکدا بچم.

٩

ئەگەر دل دلبەر و دلبەر کودوومە          وەگەر دلبەر دل و دل را چە نوومە
دل و دلبەر وەهەم ئاویتە ویـنوم          نە زوونـوم دل کەو دلبەر کودوومە

واتە: ئەگەر دڵ دڵبەرە، ئەی دڵبەر کامەیە؟ ئەگەر دڵبەر دڵە ئەی دڵبەر ناوی چییە؟ دڵ و دڵبەر پێکەوە تێکەڵاو و ئاوێتە دەبینم. نازانم دڵ کام و دڵبەر کامەیە؟

١٠

خوەشا ئانان کە هەر شامان تە وینون          سوخەن واتە کە رون واتە نشینون
ئەگەر دەسـتـوم نەوی کـایوم تە وینوم          بشـوم ئانان بوینوم کـە تـە وینون

واتە: خۆزگەم بەوانەی کە هەر ئێوارەیەک تۆ دەبینن، قسە لەگەڵ تۆ دەکەن و لەگەڵ تۆدا دادەنیشن، ئەگەر دەستم نەگات کە بێم تۆ ببینم، دەچم ئەوانە دەبینم کە تۆ دەبینن.

١١

یاگێم دوردی هەنی دەریە نەبود، یار          یاگێم خوەر دی، گێهان پەیدا نەبود، یار
من ئەژ ئان رو بەدامان تە زەد دەست          دگـــــەردوونـت پەرو پایـــی نەبود، یار

واتە: ئەی یار لەو جێگەدا کە دوڕم دی، دەریا نەبوو، لەو جێگەدا کە خۆرم دی، جیهان نەبوو، من لە ئەو ڕۆژەوە دەستم گرتە داوێنت، لە گەردوونت هیچ نیشانەیەک نەبوو.

بابە تایەر لەم دووبەیتییەدا دیاردییە دەکاتە وشەی (دوڕ) و دەڵێ: ئەی خوای گەورە و بەبەزەیی، لەو جێگەدا کە دوڕ بوو، منیش لە ڕۆژی بەریندا لەوێ بووم و ئەو دوڕەم چاوپێ کەوت. ئەو دەمە هێشتا دەریا و زەوی و ئاسمان و ئەم جیهانەت بەدی نەهێنابوو، وە لە جیهانی ڕوون و خاوێنی خواییی تۆدا کە من هەتاوی خواییتم دی و گەوهەری هەموو بەندەکان بۆ سرشت بوون و بەدیهێنان بەڵێن و پەیمانیان دا و بەگەورەیی و شکۆی خواییی تۆ گەوایان دا، منیش دەستم گرتە داوێنت و بەڵێنم دا.

١٢

پەنج ڕۆیی هەنی خوڕڕەم گێهان بی — زەمین خەندان بەرمان ئاسمان بی
پەنج ڕۆیی هەنی هازێد و سامان — نە جینان نام و نەژانان نشان بی

واتە: ئێستا پێنج ڕۆژێک جیهان خۆشە، وە زەوی و ئاسمان لە پێکەنیندان، پێنج ڕۆژی تر لە ئەم زێد و سامان و نیشتمانە، نە لەمانەوە ناوێک هەیە و نە لەوانەوە نیشانێ پەیدا دەبێ.

مەبەستی بابە تایەر لەم دووبەیتییە، وەرزی بەهار و هاوینە کە زەوی پڕ لە شیناوەردی و سەوزایی دەبێ، وە خەڵک لە جوانیی سروشت کەڵک وەردەگرن و شادمان دەبن. پاش ماوەیەک سەرما و سۆڵەی پایز و زستان دێت و ئەو هەموو جوانییە دەبا، ئیتر لە گوڵ و بولبوڵ و جریوە و جووکەی باڵندان و سروەی شەماڵ و ئەو هەموو جوانییە نیشانێ نامێنێ و ڕۆژگاری گۆشەگیری و گۆشەنشینی دێتە بەرەوە، ژیانی مرۆڤیش هەر بەو جۆرەیە، واتە بەهار و هاوینی هەیە. ماوەیەک بەخۆشی و شایی ڕای دەبوێرێ و جیهان بزەی بۆ دەگرێتەوە. کوتوپڕ خولی ئەم خۆشییە تێ دەپەڕێ و لە جیهان دەردەچێ و ناوونیشانێکی لێ بەجێ نامێنێ.

١٣

ئەز ئان ئەسپیدە بازوم هەمەدانی — بەتەنهایی کەروم نەچیرەوانی
هەمە بە منە و دیرند چەرغ و شاهین — بە نام من کەرند نەچیرەوانی

واتە: من ئەو بازە سپییە هەمەدانییەم کە بەتەنیایی نێچیرەوانی دەکەم هەموو بەمنەوە چەرخ و شاهێنیان هەیە و بەناوی منەوە نێچیرەوانی دەکەن. وشەی (ئەسپیدە باز) یا



(بازی سپی) کە بابە تایەر لە هۆنراوەکەیدا هێناویە. نازناوێکە بۆ خواناسانی بەرز کە لەو سەردەمەدا بەخواناسانیان داوە.

١٤

یا کە ئەژ میهر توم دەم می زەد ئەی یار
خویش و بیگانەگان سەنگوم زەد ئەی یار
جورموم ئینە کە ئەژ تە دوست داروم
نە خوونوم کەرد و نە راهی زەد ئەی یار

واتە: ئەی یار، لەوێدا کە من لە مێهر و بەزەیی تۆ دەدوام، خزم و بێگانە بەردیان بۆ دەخستم و ئازاریان دەدام، تاوانم ئەوەیە کە من تۆم خۆش دەوێ، نە خوێنم کردووە و نە ڕێگەم بەکەس گرتووە، تەنیا هەر تۆم خۆش دەوێ.

١٥

بشوم بە ئەلوەند دامان مەو نشانوم — دامەن ئەژ هەر دوو گێتی هاوشانوم
نشانوم توولەو موویوم بە زاری — بی کە بولبول هەنی وا ول نشانوم

واتە: بچم بۆ کێوی ئەلوەند و داوێنی مێو ببەم و لەوێدا بینم. توولە مێوەکان بەئاه و زاری و شیوەن بنێژم، بەڵکو بولبولێکیش بێتە لای گوڵ و وەکو من لە تەنیشتی ئەو مێوانە بناڵێنێ. بابە تایەر لە شاری هەمەداندا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ لەسەر تەپۆڵکەیەکدا نێژراوە و ئێستا ئارامگەیەکی جوانیان بەسەرەوە دروست کردووە. لەو ئارامگەیە کە بابە تایەری تێدا نێژراوە، دوو کەسی تریشی تیدا نێژراوە کە یەکێکیان دایەنی خۆیەتی و شیری داوەتێ و ناوی فاتمەیە و ئەویتریشیان فاتمە لوڕەی دڵخوازییە و گۆڕی هەرسێکیان زیارەتگای خاوەن دڵان و موسڵمانانی خاوەن بڕوایە. کۆنترین پەڕاوێک کە باسی ئەم ئارامگەیەی کردووە پەڕاوی (نزهە القلوب)ی حەمدوڵڵای مستەوفییە کە لە ساڵی ٧٥٠ی کۆچیدا نووسیویەتی.

سەرچاوەکان

١- مجمع الفصحاء، تألیف رضا قلی خان هدایت - تهران ١٣٣٩.
٢- راحه الصدور وایه السرور تالیف: راوندی - لیدن ١٩٢١.
٣- شرح احوال واثار و دوبیتی های بابا طاهر عریان باهتمام دکتر جواد مقصود - تهران ١٣٥٦.

٤– نزهه القلوب تألیف حمدالله مستوفی، باهتمام لسترنج – لیدن ١٩١٥.
٥– دیوان بابا طاهر عریان به تصحیح وحید دستگردی – تهران ١٣٤٧.
٦– مجلهء دانشکدهء ادبیات تهران – شمارهء ٢ – سال چهارم دیماه ١٣٣٥.
٧– نوشتهای پراکنده دربارهء یارسان، تألیف صدیق صفی زاده – تهران ١٣٦١.
٨– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا ١٩٥٢.
٩– دووبەیتییەکانی بابە تایەری هەمەدانی – وەرگێڕاوی صدیق بۆرەکەیی تاران ١٣٦٠.
١٠– سەرئەنجام (دەستنووس).
١١– دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
١٢– دیوان بابا طاهر عریان (دەستنووس).

## جەلالە خانمی لوڕستانی

٣٨٧ی کۆچی

جەلالە خانمی لوڕستانی کە یەکێ لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی لوڕستانە و لە وڵکەی لوڕستاندا سەری هەڵداوە، ناوی جەلالە و کچی میرزا ئامانای لوڕستانی و دایکی شاخوەشینە. ئەم ئافرەتە ڕۆشنبیرە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام لە ساڵی ٣٨٧ی کۆچی لە لوڕستاندا لە دایک بووە و لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا چاوی لە جیهان پۆشیوە و لەوێدا نێژراوە.

جەلالە خانم هەروەها لە هۆندنەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، لە تەنبوور لێدانیشدا مامۆستا بووە و هۆنراوەکانی خۆی بەدەم نەوا و ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە. لە ئەم ئافرەتەوە هەندێ دووبەیتی بەجێ ماون کە لە پەڕتووکی (دەورەی شاخوەشین)دا نووسراوە.

جەلالە خانم وەکو هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی ئێلاخان و سروشتە جوانەکەی لوڕستان بووە، وە چاوەنداز و دیمەنی جوانی زێدەکەی دەروازەی هۆنراوی بۆ کردووەتەوە و لە پاڵ ئەمەشەوە کوڕەکەی کە لە ناو خەڵکدا بەتیشکی خوا ناسرا بوو، ئەوەندەی تر ئاوری خورپە و کورتژمەکەی خۆش کردووە و بڵێسەی ئاگری هۆنراوی بەرز کردووەتەوە. لە لایەکی تریشەوە شاخوەشینی کوڕی ئەوی بەیەکێ لە فرێشتەکان داناوە کە دەبێ دەستوور و یاسا بۆ پەیڕەوانی ڕێ و ڕچەکە دابنێ، وە ئەمانە هەموو دەبێتە هۆی ئەوە کە جەلالە خانم هۆنراو دابنێ و سۆزی دەروونی هەڵڕێژێ.



هۆنراوەکانی جەلالە خانم کە وەکو هۆنەرانی تری دەوری خۆی بەچەشنی دووبەیتی هۆنیوەتەوە، گەلێ پاراو و دڵنشین و دڵڕاکێشەرن، وە ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو کە دەڵێ:

١

ئەی کاکە ردا، ســـوار دانـــا ئی فەرمان ئاما چە هەفت ئەسمانا
خەلق لوڕستان وە زۆش مەزانا پاکـــەن جەلالەی میرزا ئامانا

واتە: ئەی کاکە ڕدا، ئەی شا سواری زانا، ئەم فەرمانە کە لە حەوت ئاسمانەوە هاتووە و کە دەبێ من شاخوەشینم ببێ و تۆش مزگێنیمت پێ دا و منت لەم ڕازە ئاگەدار کرد، کەچی خەڵکی لوڕستان ئەو بەشەلووف و زۆڵ دەزانن، بەڵام جەلالەی کچی میرزا ئامانا داوێن پاکە.

جەلالە خانم لەم دووبەیتییەدا دیاردییە دەکاتە سەر ڕووداوی لە دایک بوونی شاخوەشین کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام جەلالە خانم بەهۆی تۆزقاڵێ تیشکی خۆرەوە دووگیان و تۆلدار بووە و پاشان کوڕێکی بووە و ناویان ناوە شاخوەشین و ئەم مەبەستە لە چاوی زانستییەوە دروست نییە، چونکە مێچکە بەبێ نزیکی کردن لەگەڵ نێردا ناتوانێ تۆلدار و ئاوس بێ.

جەلالە خانم لە دووبەیتییەدا تردا دەڵێ:

٢

نە بەرەی شایی، نە بەرەی شایی ئاورۆ نیشتە بیم نە بەرەی شایی
مێردان و ژەنان مەشین وە شایی پەرێ شاخوەشین مەدان گەوایی

واتە: ئەورۆ لە بەردەرگای دیوانی شاییدا دانیشتبووم، دیم کە پیاوان و ژنان یەک یەک بەشایی و خۆشی دەچوونە ناوەوە و بڕوایان دەهێنایە شاخوەشین و سەریان دەسپاردە ڕێ و ڕچەکەی ئەو. منیش لە خۆشیدا ئەوەندەی تر دەگەشامەوە و شانازیم دەکرد.

لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

٣

یاران پەرێ بۆ، یاران پەرێ بۆ زاری کەن چەنی بوڵبول پەرێ بۆ
ئەز ئەو وڵەنان ئامام وە لای تۆ ئانە پەـــیمان وێم وەستم چە نۆ

واتە: ئەی یاران، لەگەڵ بڵبڵدا بۆ بۆن بگرین و بناڵێنن و زاری و شیوەن بکەن. ئەی بڵبڵی فرشتە! من ئەو گوڵەم کە هاتوومەتە لای تۆ و ئەوا سەرلەنوێ لەگەڵ تۆدا پەیمانم بەست کە بۆنی خۆمت پێ بدەم.

جەلالە خانم لەم دووبەیتییەدا دیاردی دەکاتە سەر ئەفسانەی گوڵ و بڵبڵ کە لە ناو یارسانەکاندا دەم بەدەم دەیگێڕنەوە و دەڵێن: گوڵ و بڵبڵ هەردووکیان لە بەهەشتدا بوون و لەسەر کانیاوێکدا دەژیان. گوڵ پەری بوو، بڵبڵ فریشتە. گوڵ کە پەیمانی لەگەڵ کانیاوەکەدا بەستبوو، بەکەس مێرد نەکا، دەمێک بوو دڵی لە بڵبڵ چووبوو، وە نەیدەویست پەیمانەکەی بشکێنێ، بەڵام بەبڵبڵی وت کچێکم لە سکدایە و ناوم ناوە (بۆ). هەر کاتێ ئەوم بوو دەتدەمێ. دەبێ تۆیش پەیمانم بدەیتێ کە بەلای کەسەوە ئەم ڕازە نەدرکێنی. ئەویش بەڵێنی پێ دا کە ڕازدار بێ و ڕازەکە هەر لە دڵی خۆیدا بمێنێتەوە.

سەر لە ئێوارە گوڵ چووە سەر کانیاوەکە و پێی وت کە من بڕیارێکی وام بەبڵبڵ داوە. ئەویش وتی باشە بڵبڵ فرێشتەیەکی جوان و پێکەوتووە. گوڵ گەڕایەوە و چووە سەربان و چاوی نا یەکا و ڕاکشا بۆ ئەوەی کچەکەی ببێت. بڵبڵ هاتە سەری و لە خۆشیدا چریکانی. جار جار گوڵ لە ژێر لێوەوە چاوێکی دەکردەوە و دەیوت: کوڕە مەچریکێنە با کەس پێمان نەزانێ. بەڵام ئەو زیاتر گەرم دەبوو، وە دەیچریکان هەتا کەوتە دەمە دەمی تاریک و لێڵەی بەیانی، کەوتە ئەو کاتە کە گوڵ کچەکەی ببێ. (با) لە دوورەوە گوێی لە چریکەی بڵبڵ بوو، ئەویش ماوەیێ بوو دڵی چووبوو لە (بۆ). بەشنە و سروەیەک هات. بڵبڵ کە ئەوەندەی چریکاندبوو ماندوو بووبوو چاوی چووبووە خەو، وە خەوی پیا کەوتبوو. (با) کردی بە(بۆ)دا و ڕفاندی. بڵبڵ کە وریا بووەوە سەرنجی دا بۆی خۆشەویستی نەماوە. لە گوڵی پرسی، ئەویش وتی مەگەر نەمگوت مەچریکێنە؟ (با) کە دڵی بەبۆوە بوو هەرکە چریکاندی هات و بردی.

گوڵ و بوڵبوڵ سەرلەنوێ پەیمانیان بەستەوە. بەڵام بڵبڵ هەر وازی نەهێنا و چریکاندی و هەتا لە بەهەشت هەردووکیان دەرکرد. ئێستاش بڵبڵ بۆ (بۆ)ی خۆشەویستی هەر دەناڵێنێ و دەچریکێنێ و ئێستا و ئەوساش هەر نەگەییە بۆ.

جا جەلالە خانم لە دووبەیتییەکەیدا دەڵێ: لەگەڵ بڵبڵدا بۆ (بۆ) بچریکێنن و بناڵێنن و ببنە هاوڕازی. منیش ئەو گوڵەم کە لەگەڵ بڵبڵدا لە بەهەشت دەرکرام و ئەوا سەرلەنوێ پەیمانم بەست کە بۆنی خۆمی پێ بدەم، بەڵام بەمەرجێ ڕازدار بێ و ڕازەکە نەدرکێنێ.

جەلالە خانم ئەم پەردانە دادەداتەوە و دەکەوێتە کۆڕی مەی نۆشانی مەیخانەی ڕۆژەکەی بەرین و لە جۆشی کوورەی دەروونێکی بەسۆز و خرۆشەوە دەڵێ:



مەستم چە بادەی ڕۆی ئەلەست تۆ      وەسەن یەک جامێ مەی جە دەست تۆ
ئاینەی زێڵم ڕۆشنەن چـــون مەی      چـەو بۆن بیــــەنم مەی پەرەست تۆ

واتە: ئەی خوایا، لە بادەی ڕۆژەکەی ئەلەست کە لەو ڕۆژەدا گەوهەری هەموو بەندەکان پەیمانیان بۆ بەدیهێنانی مرۆ بەست و بەگەورەیی و یەکتاییی تۆ گەوایان هێنا، ئەوا من بەخواردنەوەی ئەو بادەیە مەستم و ئەگەر تەنیا جامێ تر لەو بادەمە بدەیتێ بەسمە و ئەو جامە مەیە دڵم دێنێتە سەر خۆی. بەڵام بەمەرجێ کە داینی جامە مەیەکە بەفەرمانی خۆت بێت. ئێستا ئاوێنەی دڵم وەکو مەی ڕووناکە و هەر لەبەرئەوەیە کە من بوومەتە مەی پەرستی تۆ.

سەرچاوەکان

١– تذکرەء اعلی، بە اصلاح ایوانف – تهران ١٣٣٨.
٢– برهان الحق، تألیف نور علی الهی.
٣– مشاهیر اهل حق، تألیف: صدیق صفی زادە.
٤– بزرگان یارسان، تالیف صدیق صفی زادە – تهران ١٣٥٢.
٥– سەرئەنجام (دەستنووس).
٦– دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٧– دەورەی دامیار (دەستنووس).

## ڕێحان خانمی لوڕستانی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم ئافرەتە هۆنەرە کە خەرقەپۆشێکی مەی نۆشی ئەوینی یەزدانی بووە، دەروونی بەڕووناکیی داهێنەری گێتی ڕووناک بووە و، دڵی لە ژەنگی ڕۆژگار ڕوون و پاک بووە. ئەم ئەستێرە گەشە کە لە ئاسمانی لوڕستاندا سەری هەڵهێناوە، ناوی ڕێحان خانمی لوڕستانییە کە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە دەوروبەری یافتەکۆ لە لوڕستاندا هاتووەتە جیهانەوە.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، ڕێحان خانم بەیەکێ لە نزیکان و لایەنگرانی شاخوەشین دەژمێررێ، وە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو لە بارەی پەسن و ستایشی شاخوەشینەوەن. لە ڕێحان خانمەوە هەندێ دووبەیتی لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین)دا بەجێ ماون کە گەلێ شیرین و بەرز و ناسکن. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و بالای هەبووە و

هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەوای تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە. ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

١

خوەشین ئەلەست، خوەشین ئەلەست      سەرم جە سەودای تۆ بیەن سەرمەست
گوڵ و شەمامەم هەر دووها نە دەست      گەواهی مـــــەدەن چ خاس و چ گەست

واتە: ئەی خوەشینی ڕۆژەکەی بەرین، سەرم لە سەودای تۆدا مەست بووە و هۆشم بەلای خۆمەوە نەماوە. ئەوا گوڵ و شەمامەم وا بەدەستەوە، وە هەموو کەسێک لە هەموو چینێ چاک و خراپ بڕوات پێ دێنن و گەوات لەسەر دەدەن کە تۆ تیشکی خوایت.

نیاز لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە دەڵێ: ئەی شاخوەشین، تۆ نێرراوی ئەو کەسەیت کە بەر لە سرشتبوونی جیهان و مرۆ پەیمانی لە زات و گەوهەری بەندەکان سەند بۆ ئەوەی مرۆ بهێنێتە دی، بەمەرجێ کە ڕێگای ڕاست و دروست بگرنە پێش و ئەوسا هەموو بەندەکان بڕوایان بەیەکتایی و گەورەیی ئەو هێنا، وە من سەرمەستی سەودای تۆم. گوڵ و شەمامە کە بریتییە لە جەلالە خانم و کاکە ردا، ئەوان هان بەدەستمەوە و بەقسەم دەکەن، وە هەموو کەسێک لە هەموو چینێ بڕوا و باوەڕت پێ دێنن و ڕێبازەکەت وەردەگرن و سەری پێ دەسپێرن.

٢

جە باڵا تایی، جە بـــاڵا تـــایی      ئاما ســـوارێ جە باڵا تایی
خەتایی خوەشین خوەشین خەتایی      تێغش مەوڕۆ جە گاو تامایی

واتە: لە سەرەوە تاقە سوارێ وەکو ئاسکی خەتا و خوتەن هات و شمشێرەکەی لە (گا و ماسی)دا بڕشتی هەیە. مەبەست لە گا و ماسی ئەوەیە کە بەپێی ئەفسانەکانی کۆن گۆی زەوی لەسەر شاخی گایەک دانراوە و گاکەش لەسەر ماسییەک لە دەریادا ڕاوەستاوە و بەم چەشنە چارەنووسی خەڵکی جیهان پەیوەندی بەم گا و ماسییەوە بووە کە ئەمەش لەگەڵ ئاوەزدا جۆر دەرنایە و جگە لە پڕوپووچ شتێ تر نییە.

ڕێحان خانم لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: لە ئاسمانەوە تاقە سوارێ وەکو ئاسکی خەتا و خوتەن هات و قسەکانی نیشتە دڵی هەموو خەڵک، وە بۆیە زۆربەی خەڵک ڕێبازەکەیان وەرگرت و سەریان پێ سپارد.



٣

بیـــــــانی ڕدا، بیـــــــانی ڕدا      تۆف ڕۆی ماتیان بیانی ڕدا
موورو نەخری خێز ئەسمانی ڕدا      ئاگـــــادار نە راز نیانی ڕدا

واتە: ئەی کاکە ردا، تۆ تۆف و شەپۆڵی ڕووباری مادیانی، ئەو ڕووبارەی کە کاتێ شاخوەشین بارگاکەی لەوێ دانابوو، تۆ خرۆشایت و کەوتیتە ستایشی و پاشان گەوا و بڕوات بەڕێبازەکەی هێنا. تۆ باڵندەی بەیانی خێزی ئاسمانی وە تۆ ئەو باڵندەیتە کە لە بەهەشتدا چەندین هەزار ساڵ کار و پیشەت ستایش و پەسەندی خوا بوو، تۆ لە هەموو نهێنی و ڕازێکی ڕێبازی یاری ئاگەداری و لە ڕێ و ڕەوشتی ئاین شارەزای.

٤

ئەو رۆی ماتیان، ئەو رۆی ماتیان      بارگەی شام وستەن ئەو رۆی ماتیان
ئەو رۆ نیشتە بیم نە کۆشک کیان      دیم ئـــــاوی ئەو رۆ گەوا دا وەگیان

واتە: بارەگای شا و سانەکەم نیشتە سەر ڕووباری ماتیان، ئەو ڕۆژە من لە کۆشکی کیاندا دانیشتبووم و ڕوانیم کە ئاوی ڕووبارەکە خرۆشا و پاشان بەگیان و دڵ بڕوا و گەوای هێنایە سەر شاخوەشین.

ڕووباری مادیان کە لەو سەردەمەدا ماتیانی پێ دەوترا کەوتووەتە نێوانی کۆدەشت و مەلاوی خوڕڕەم ئاوا، وە ئەم ڕووبارە بەلای پەیڕەوانی ئاینی (یاری)یەوە ڕووبارێکی پیرۆزە. وا دیارە ئەم ناوە مادەکان بەسەر ئەم ڕووبارەیانەوە ناوە.

ڕێحان خانم لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: باروبنە و بارەگای شام لەسەر ئاوی ئەو ڕووبارەوە دامەزرا و منیش ئەو ڕۆژە لە کۆشکی کیاندا بووم و ڕوانیم ئاوی ڕووبارەکە لە تاوی خۆشی بارگەی شام کەوتە شەپۆڵ لێدان و پاشان شەپۆڵەکەی کەم کەم نیشتەوە و کڕنۆشی کرد و بڕوا و گەوای بەشاخوەشین هێنا.

سەرچاوەکان

١– برهان الحق تألیف نور علی الهی.
٢– مشاهیر اهل حق.
٣– سەرئەنجام (دەستنووس).
٤– دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).

## فاتمە لوڕەی گۆران

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم ئافرەتە ئاینییە کە رەند و خواناس و پارێزگار و شەیدای بارەگای پەروەردگار و مەی نۆشی بادەی یەزدانی و گراو و ئەویندارى بابە تایەری هەمەدانی بووە، لە سەراوەردی ماە و ڕەوەزکانی کوردستان، نەوای هۆنراوەکانی خرۆشی لە دڵ هەستان، ئەم ئافرەتە کە نازدارێکی مەست و بەهەست بووە، بیرە جوانەکەی خورد و خۆراکی دەروێشانی خواپەرست بووە.

ئەم ئەستێرە گەشە کە ناوی فاتمە و کچی لوڕە و لە تیرەی (بیری شاهی)ی گۆران بووە. بەناوی فاتمە لوڕە بەناوبانگە. بەپێی پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین) فاتمە لوڕە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە هەمەداندا سەری هەڵداوە و هەر لەوێش ماڵئاواییی لە جیهان خواستووە و لە تەنیشت گۆڕەکەی، بابە تایەری هەمەدانیدا نێژراوە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە: کاتێ شاخوەشین دەڕواتە هەمەدان و دەچێتە خانەقای بابە تایەری هەمەدانی، فاتمە لوڕە لەو سەردەمەدا لەو خانەقایەدا بوو، وە لەگەڵ بابە تایەردا دەژیا، چونکە وازی لە جیهان هێنابوو، وە خەریکی ڕاز و نیاز و ستایشکردنی خوا بوو. بابە تایەر کە ماوەیەک گراو و سەوداسەری فاتمە لوڕە بوو، داوای لە شاخوەشین کرد کە فاتمە لوڕەی بۆ مارە کا. بەڵام شاخوەشین مزگێنیی بەبابە دا کە پەیوەندیی ژن و مێردی هەردووکیان لە ڕۆژی پەسڵاندا وەکو پەیوەندیی لەیلا و مەجنون دەدرێ. ئەوسا فاتمە لوڕە سەری نایە بان ڕانی شاخوەشین و پاشان سەری بەرز کردەوە و سپاسی لێ کرد.

پیر دانیالی دالاهویی کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە، لە پەڕتووکی (بارگە بارگە)دا فاتمە لوڕە بەیەکێ لە لایەنگری شاخوەشین دادەنێ و نازناوی فریشتەی پێ دەدا و دەڵێ: ئەو فریشتەیە ڕازداری ڕێبازی یاری بووە و بەڕەمزبار ناسراوە. فاتمە لوڕە ژیانی بەئەوینی بابە تایەر بردووەتە سەر و لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی شەرابی مەرگی لە مەیگێڕی گەردوون وەرگرتووە و خواردوویەتەوە. وە بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە تەنیشتی ئارامگەکەی بابە تایەر نێژراوە.

فاتمە لوڕە کە دەستێکی بەرزی لە هۆنینەوەی هەڵبەستی کوردی بووە، لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی باڵای هەبوو، وە هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەوا و ئاهەنگی تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە. بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام کاتێ بابە تایەر خوازبێنیی فاتمە لوڕەی لە شاخوەشین کرد، شاخوەشین ڕوانییە فاتمە لوڕە و فاتمە لوڕەش بەشای وت:



گیان پەرێ چێشەن، گیان پەرێ چێشەن    هەر کەس تۆ دارۆ گیان پەرێ چێشەن
وە نامت سەوگەند دەروونم بێشەن    بێ تۆ گیان و زێڵ هەمیشە ڕێشەن

واتە: ئەی شاخوەشین، هەر کەسێک تۆی هەبێ و لایەنگری تۆ بێ گیانی بۆ چییە، سوێندم بەناوت کە دەروونم دێشێ و بەبێ تۆ گیان و دڵم بریندارە.

فاتمە لوڕە لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: ئەی شا هەر کەسێک تۆی بوێ و تۆی هەبێ و لایەنگری تۆ بێ، گیانی بۆ چییە، چونکە قسەکانی تۆ گیان بەبەرمرۆڤدا دەکەن، سوێند بەناوی پیرۆزت دەخۆم کە بێ تۆ ساتێکم ئێش و ئازار و دەردە، وە بەبێ تۆ هەمیشە گیان و دڵ و دەروونم بریندارە، دە ئیتر چۆن دەتوانم بەبێ تۆ ژیان بەرمە سەر.

لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

یارم ماهمانە، یارم ماهمانە    ئانە دوو ڕۆچەن یارم ماهمانە
ماهمانم پاشای هەر دوو گێهانە    سینەم تەختگای شاه زەمانە

واتە: ئەوا یارەکەم دوو ڕۆژە بووەتە مێوانم، ئەم مێوانەم نوێنگە و تیشکی پاشای هەردوو جیهانە، وە سینەم تەختگای شای زەمانە.

فاتمە لوڕە لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: یارم کە شاخوەشینە، ئەوا دوو ڕۆژە لە خانەقادا بووەتە مێوانم و مێوانەکەم تیشک و ئاوێنەی پاشای دوو جیهانە، وە سینەم لە ڕۆژی پەسڵاندا دەبێتە تەختگای ئەو.

لە دوو بەیتییەکی تردا دەڵێ:

ڕازدار یاریم، ڕازدار یاریم    وە فەرمان شا ڕازدار یاریم
شاهم بەزەییش ئاما وە زاریم    ڕاز کەرد وە دەرمان دەردەکەی کاریم

واتە: بەفەرمان و دەستووری شاخوەشین، من ڕازداری ڕێبازی یاریم، شا بەزەییی هاتەوە بەگریان و زاریمدا و ڕازی (یاری)ی بەمن سپارد و ئەو ڕازەی کردە دەرمانی دەردی کاریم.

ڕازداری لە ڕێباز و ڕەوشتی (یاری)دا زۆر گرنگە و هەر (یاری)یەک دەبێ تا سەردەمی مەرگ و گیانەلا ڕازدار بێ و ڕازی ڕێبازەکەی کە سەری پێ سپاردووە و پەیمانی بەستووە و سوێندی لەسەری خواردووە، بەلای کەسەوە نەیدرکێنێ و بەکەسی نەڵێ. ئەم ڕازە کە چۆنییەتیی ڕێ و ڕەوشتی ڕێبازەکەیە، بەرە بەرە دەوترێتە هەقەکان، بەڵام ڕازەکە لە پێشدا هەر لە سینەی سەرۆکانی ڕێبازەکە دەپارێزرا و ئەوان وردە وردە دەیانوتە پەیڕەوان و لایەنگرانیان. جا فاتمە لوڕە دەڵێ: من ئەوەندە خەریکی پارێزگاری و خواناسی و یەزو

پەرستنی خوا بووم، شەو و ڕۆژ دەگریام و زاریم دەکرد و لە خوای خۆم دەپاڕامەوە کە بەزەییی پێمدا بێت، تا شام بەزەییی بە گریانمدا هات و کردمیە ڕازداری ڕێبازەکە هەتاکو بەهۆی ئەو ڕازەوە شەو و ڕۆژ دەرمانی دەردی کاریم بکەم و ڕاز و نیاز لەگەڵ خوای خۆمدا بکەم.


سەرچاوەکان

١- دائره المعارف الاسلامی.

٢- تذکرهء اعلی، به اصلاح ایوانف - تهران ١٣٣٨.

٣- مشاهیر اهل حق.

٤- سەرئەنجام (دەستنووس).

٥- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).

٦- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).

٧- بارگە بارگە (دەستنووس).


## لزا خانمی جاف

### سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم ئافرەتە ئاینییە کە وەکو گەوهەرێکی شەوچرا لە وێژەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، ناوی لزا خانمی جافە. بەپێی پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین) لزا خانم کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەزوورە، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە لوڕستاندا ژیاوە. لە پەڕتووکی سەرئەنجامیشدا هاتووە کە لزا خانمی جاف بەیەکێ لە لایەنگرانی شاخوەشین دەژمێررێ کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و پاشان هاتووەتە لوڕستان و لەوێدا ژیاوە.

هەندێ دووبەیتی لە لزا خانمەوە بەجێ ماون کە گەلێ شیرین و پاراون. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی خۆی بەدەم ئاهەنگ و نەوای تەنبوورەوە لە جەمخانەدا خوێندووەتەوە. ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

١

حەیدەر سەرراف، حەیدەر سەرراف      چەندی نە عەینە بیم نە گێج تاف

ئیسا مەواچان پەنەم کچە جاف      قەباڵە ماری نە تاش مە ساف

واتە: ئەی حەیدەری گەوهەرناس، ماوەیەک من لە عەینەدا بووم و لە گێژاوی تاڤگەی ئەو



ئاواییەدا ڕام دەبوارد. ئێستا بەمن دەڵێن ئەی کچە جاف دەبێ تۆ قەباڵە و بنچاخی ڕازی یاری لە نێوانی کێوی مەساف بێنی.

حەیدەر کە یەکێکە لە یاران و لایەنگرانی شاخوەشین، لزا خانم پێی دەڵێ: ئەی حەیدەری گەوهەرناس، من ماوەیەک لە کەناری تاڤگە و قەڵبەزی گوندی عەینەدا بووم و لەوێدا ژیانم ڕادەبوارد و لە خۆشیدا بووم. ئێستە پێم دەڵێن ئەی کچە جاف[1] تۆ دەبێ قەباڵە و کۆدەی ڕازی یاری کە لە نێوانی کێوی مەساف دایە، بیهێنی تا ببێتە ڕازداری ڕێبازی یاری. عەینە کە لەم دووبەیتییەدا هاتووە ناوی گوندێکە لە دەوروبەری خوڕەم ئاوای لوڕستان.

٢

خوەشین بێدار، خوەشین بێدار      یا شای بەڕو بار، خوەشین بێدار

ئەگەر بفەرمای قەبـــــاڵە بیار      مـــەلۆ مـــاوەرۆش لزای ڕەمـــزیار

واتە: ئەی شای دەریا و وشکی و ئەی خوەشینی وریا، ئەگەر فەرمان بدەیت، کە قەباڵەی ڕازی یاری بێنە، لزای ڕەمزیار بەگیان و دڵ دەڕوا و دەیهێنێ.

لزا خانم لەم دووبەیتییەدا بەشاخوەشین دەڵێ: ئەی شا تۆ تیشک و نوێنگەی ئەو خوایتە کە خاوەندی کەژ و بەژ و دەریا و سەراسەری جیهان و ئاسمانە کە ئەو هەموو شتێکی بەدیهێناوە و ئەو سەرچاوەی هەموو شتێکە و هەمیشە وریایە و لە هەموو شتێ ئاگەدارە، ئەگەر تۆ فەرمان بدەیت کە قەباڵە و بنچاخی ڕازی یاری بێنم، ئەوا بەشانازییەوە دەڕۆم و قەباڵەکە دێنم.

٣

حەیدەر نازکێش، حەیدەر نازکـێش      نە حزوور شا پامەنیەر وە پێش

قەباڵەی ســــڕەن بکەرە ئەندێــش      با نەزانۆ پێش بێگانە و خوێش

واتە: ئەی حەیدەری نازکێش، لە بەردەمی شا پێ مەنە بەرەوە و هەنگاو هەڵمەگرە. تۆ دەبێ بەفەرمانی شا قەباڵەی ڕازی یاری بێنی و ببیتە ڕازداری یاری. بەڵام کەمێ لێی ورد

---

(١) جاف: ناوی یەکێ لە عێلەکانی کوردە و خۆیان لە وەچەی خەسرەو پەروێزی ساسانی (٥٩٠ - ٦٢٨ی زاین) دادەنێن. جافەکان لە جوانڕۆ و شارەزووردا نیشتەجێن، ئەوانەی وا لە کوردستانی عێراقدا دەژین، پێیان دەڵێن جافی مرادی، وە ئەوانەش وا لە کوردستانی ئێراندا ژیان دەبەنە سەر، پێیان دەڵێن جافی جوانڕۆ. عێلی جاف هەر لەمێژەوە ناو و ناوبانگی بووە و گەلێ ناوداری لێ هەڵکەوتووە، بەڵام بەداخەوە میر شەرەفخانی بتلیسی لە پەڕاوەکەیدا (شەرەف نامە) کە لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا دای ناوە هیچ باسێکی لەم عێلەوە نەکردووە.

بەرەوە و بیری لێ بکەرەوە با کەس پێی نەزانێ، تەنانەت خزمیش نابێ لێی ئاگەدار بێ تا دەگاتە بێگانە و نامۆ.

مەبەستی لزا خانم لەم دووبەیتییە ئەوەیە کە دەڵێ: ئەی حەیدەر ئەوا بەفەرمانی شا تۆ بوویتە نازکێش و تکاکاری یارییەکان، ئێستا کە شا ئەم شانازییەی بەتۆ داوە، قەباڵەی ڕازی یاری لە کێوەکە بێنی، دەسا هۆشت بەخۆتەوە بێ کە لە بەردەمی شادا هەنگاوی بێ ئەدەبانە هەڵنەگری و پێ نەنیتە بەرەوە و ئەم کارە کە بەتۆ سپێرراوە بەگاڵتەی نەگری، چونکە قەباڵەکە قەباڵەیەکی گرنگە و ڕازی یاری تێدایە و دەبێ گەلێ بیری لێ بکەیتەوە و ڕازدار بی و تەنانەت لە لای خزمیش تا دەگاتە بێگانە ڕازەکە نەدرکێنی تا کەس پێی نەزانێ.

لزا خانم ئەم پەردانە دادەداتەوە و دێتە سەر باسی دیمەنی سروشتی گۆنەڵ و وەرزی بەهار و بەم جۆرە بەوەرزی بەهاردا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

٤

وەفران بی وەئاو، وەفران بی وەئاو    وەهار چۆن ئاما، وەفران بی وەئاو
گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جە خاو    پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو

واتە: کە بەهار هات بەفری سەر کێوان توایەوە و گوڵ و وەنەوشە لە خەو ڕاپەڕین و دەشت و کێو و کۆساریان ڕازاندەوە.

لە بەهارا کە بەفری دەشت و کێو و هەردان دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو، گیا و شیناوەردی کەم کەم لە خاک سەوز دەبێ و بەدەم سروەی با دەشنێتەوە، گوڵ و وەنەوشە سەر لە خاک هەڵدێن و دەبنە هۆی ڕازاندنەوەی دەشت و کێو و کۆسار. جا لزا خانم لە دووبەیتییەکەیدا دەڵێ: کاتێ کە بەهار هات و بەفر کەوتە توانەوە و بوو بەئاو، ئەوسا گوڵ و وەنەوشە لە خەو ڕاپەڕین و دەشت و کێو و کاوانیان ڕازانەوە و بۆنی خۆشیان بەدەم سروەی بای شەماڵەوە پەخش و بڵاو کردەوە و بەجارێ گێتی بوو بەبەهەشت.

سەرچاوەکان
١- مشاهیر اهل حق.
٢- سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٤- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).
٥- یادداشتی کاکەردایی (دەستنووس).



## خاتوو مەی زەرد

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم ئافرەتە کە شاگردی مەیخانەی مەی فرۆشانی یەزدانی بووە، ناوبانگی هەڵبەستی لە لوڕستاندا دەرچووە. ئەم ژنە ئاینییە کە ناوی خاتوو مەی بووە، بەمەی زەرد ناسراوە و بەیەکێ لە یاران و لایەنگرانی شاخوەشین دێتە ژمار. بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام خاتوو مەی زەرد لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە لوڕستاندا ژیاوە و لە دوانزە ساڵیدا چووەتە لای شاخوەشین و ناوبراو گەلێ لە ڕێ و ڕەوشتەکانی (یاری)ی پێ فێر کردووە و سەرئەنجام لە دەوروبەری یافتەکۆ، کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە.

خاتوو مەی کە لە خانەقادا تەلی هەڵبەست دانانی بزووتووە، بەهۆی پەیدابوونی شاخوەشینی پیریەوە دەروازەی هۆنراوی بۆ کراوەتەوە و بیری خۆی دەربڕیوە و بەشان و باڵی پیرەکەی خۆیدا هۆنراوی وتووە و پاشان بۆ ڕێ و ڕەوشتی ڕێبازی (یاری)یش هۆنراوی داناوە و ئەو هۆنراوانە بوونەتە یاسا و ڕەوشت بۆ پەیڕەوانی ڕێبازەکە.

ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

١

خوەشین جەببار، خوەشین جەببار    هەزار سوار ئاما یۆ شاهەن جەببار
جەببار خوەشینا، ئێمەشان شکار    وە ڕەحمەتەوە بژەندی دیار

واتە: ئەی خوەشینی بەهێز و زۆردار لە خواناسیدا، هەزار شاسواری مەیدانی خواناسی هاتوونەتە ئەم جیهانەوە، بەڵام تەنیا یەکێکیان لە هەموو بەرزتر و بەهێزترە، وە ئەو تاقە سوارە بەهێزەش بریتییە لە شاخوەشین کە بەهێزی خواناسیی خۆی، ئێمەشی شکار کردووە و کردوونیەتە پەیڕەو و لایەنگری خۆی، کەوابوو ئیتر بەهۆی ئەو پیت و ڕێژنەوە کە شاخوەشین هێناویەتی دەرگا لەسەر وڵکە و وڵات داخەن و ئیتر نیازتان بەپیت و ڕێژە و بەرەکەتی کەس نەبێ.

خاتوو مەی لەم دووبەیتییەدا دەگونجێ دیاردی بکاتە سەر خولی منداڵیی شاخوەشین کە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، شاخوەشین کاتێ منداڵ بوو ڕۆمییەکان هێرشیان هێنایە سەر خاکی وڵکەی لوڕستان و زۆربەی خەڵکی لوڕستان لە ترسا ڕایان کردە شوێنەکانی تر و خۆیان شاردەوە. جەلالەی دایکی شاخوەشین لەگەڵ میرزا ئامانای باپیریدا بار و بنەیان پێچایەوە و کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە شوێنێکی خۆش و بەرژەوەندار، لەناکاو ڕۆمییەکان ئەوانیان دی و هەڵمەتیان بۆیان هێنا. دەڵێن لەم کاتەدا کوتوپڕ لە پێوارەوە جوانێ پەیدا

بوو و بەتەنیایی بەرەنگاری ڕۆمییەکان بووەوە و ئەوانی تار و مار کرد. گوایە ئەو جوانە شاخوەشین بووە. جا خاتوو مەی دەڵێ: ئەی خوەشینی زۆردار لە مەیدانی خواناسیدا، هەزار شاسواری مەیدانی خواناسی هاتوونەتە ئەم جیهانەوە، بەڵام تەنیا یەکێکیان لە هەموو بەهێزتر و وریاترە، وە ئەو تاقە سوارە بەهێزەش کە بەهێزی خواناسی بەرەنگاری بێگانەکان بوو و تار و ماریانی کرد، بریتییە لە شاخوەشین کە ئێمەشی شکار کردووە و کردوونیەتە پەیڕەوی خۆی. ئیتر بەهۆی ئەو پیت و بەرەکەتەوە کە شاخوەشین هێناویەتی دەرگا لەسەر وڵات داخەن و نیازتان بەپیت و پێزی کەس نەبێ.

٢

یۆ شاهەن نیشان، یۆ شاهەن نیشان     هەزار سوار ئاما یۆ شـــاهەن نیشان

پەلێ وەش ڕاما جە مانگ و سەیوان     سوار شاخوەشین گۆش بەرد جە مەیدان

واتە: یەکێ لەو هەزار سوارە خواناسانە کە هاتوونەتە جیهانەوە، وە لە ناو هەمووواندا دیار و ئاشکرا و ناسراون، ئەو شاسوارە سوارێکی وەهایە کە بۆ مەیدانداری لە جیهانی خوار و ژووردا ئەسپێکی خۆش ڕەوت و رام کراوی هەیە و بەئارەزووی خۆی لەو دوو جیهانەدا پەل دەوەشێنێ ئەگەر نازانن کە ئەو شاسوارە کێیە کە وەها ئەسپێکی ڕام و پەل وەشێنی لە ژێردایە، چ کەسێکە ئەوە بێگومان شاخوەشینە کە گۆی پێشڕەویی لە مەیدانی خواناسی و عیرفاندا دەرکردووە.

لە ڕۆژگاری ژیانی خاتوو مەی زەردا، چەند کەسێ لە ڕێبەرانی یاری لە کوردستان و لوڕستاندا بوون و تا ئەو جێگەیە کە ئێمە ئاگامان لێیەتی ئەو کەسانە بریتین لە: پیر شاریاری یەکەم و سوڵتان چەلەوی و بابە فەقێ و بابە حەسەن و بابە تایەر و کاکە ڕدا و چەند کەسێکی تر کە ڕۆژیاری ژیانیان کەوتووە بەیەکدا. بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، خاتوو مەی زەرد بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی پیرەکەی خۆی کەوتووەتە وتوویژ و هۆنراو گۆڕینەوە. جا بەجۆرێ کە لەم دووبەیتییەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ. خاتوو مەی زەرد بەپیر شاریاری یەکەم دەڵێ:

٣

شەهـــریار مەست، شەهـــــریار مەست     وە رەحمــــــەتەوە بوێمـــی سەرمەست

دییار بژەندێ وە هەی دەست هەی دەست     خواجام نەی هەژمەت وەنەش نەیۆ گەست

واتە: ئەی پیر شاریاری سەرمەست، لێ گەڕێ با ئێمە هەموومان لەم هەرێمەدا بەهۆی پیت و پێزی خواناسییەوە سەرمەست و سەرخۆش بین و ڕێگای بێگانە و نامۆ نەدەین کە



بێتە ناو هەرێمەکانەوە، وە دەرگا لەسەر بێگانە داخەین، چونکە پیری من نوقمی دەریای خواناسی و بیرکردنەوە لە بەدیهێنەری ئەم جیهانەیە و بەهاتنی بێگانە ئەو سات و کاتە خۆشە خواناسییەی تێک نەچێ.

وەکو دەزانین خواناسان هەمیشە دوو پاودان و حاڵەتیان هەیە: یەکەم، پاودان و حاڵەتی جەماڵ و خۆشی کە لەم حاڵەدا سەبارەت بەهەموو کەسێک، بەتایبەت بەنزیکان و پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆیان گەلێ ڕووخۆش و مێهرەبان و بەبەزەیین. حاڵەتی دووەم، کە بریتییە لە حاڵەتی جەلال و شکۆ، لەم حاڵەتەدا لە کاتێکا کە ئەو خواناسانە هەمیشە بیر لە گەورەیی و شکۆی خوا دەکەنەوە، نایانپەرژێتە سەر ئەوە لە شتێ تر بیر بکەنەوە. جا خاتوو مەی زەرد لەم دووبەیتییەی خوارەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە پیرەکەی ماوەیەکی زۆر لە جیهانی شکۆ و جەلالدا بووە، وە نەیپەڕژاوەتە سەر پەیڕەوانی خۆی.

٤

خوەشین یا هەی، خوەشـــین یا هەی     ئامانەن ئامـــــان خوەشین یا هەی

نە سەر تا وە پا دونیات کەردەن طەی     خەشمت کافیەن هەژمەت تا وەکەی

واتە: ئەی خوەشین کە نوقمی دەریای گەورەیی و بێ پەروایی پەروەردگاری یەکتای، تۆ بەهێزی تیشکی گەورەیی پەروەردگار، ئەم جیهانەت داوە بەپێوە، وە هەموو شتێکت بۆ ڕوون بووەتەوە، ئیـــتـــر گـــوێ نەدان و بێ پەروایی، ســـەبارەت بەپەیڕەوان و دامـــاوان و نیازمەندانی دەرگای بەزەیی خۆت بەسە.

٥

خوەشین یەک قەوڵ، خوەشین یەک قـەوڵ     خەشمت کافییەن تا کەی مەدەی هەوڵ

چەلەوی شەماڵ دونـــیاش دادەن جەوڵ     شەهریار گیوەن طەڵەب کەردەن طەوڵ

واتە: ئەی خوەشینی ڕاستبێژ و ڕاستگۆی جیهانی خواناسی، ئیتر بێ مێهری و بێ بەزەییت با بەس بێ و تا کەی لە پەیڕەوان و ژێردەستانی خۆت ناپرسیتەوە و لە دەریای بیر و ئەندێشەی یەزدانیدا نوقم بوویت؟ تەماشاکە هەندێ لە پەیڕەوان و لایەنگرانت وەکو سوڵتان چەلەوی و پیر شاریار لە پیرۆزی و پیت و پێز و بەرەکەتی لێ پرسینی نهێنی و بژونی و مەعنەوی تۆوە بەپلەوپایەی خواناسی گەیشتوون، ئەویان وەکو شەماڵ دەشنێتەوە و ناوبانگی بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بووەتەوە، وە ئەمیشیان بەهێزی مەعنەویی خۆی، وەکو گیوی کوڕی گۆدەرز جیهانی داگیر کردووە. کەوابوو بۆچی لە ئێمەی هەژار و بێ نەوا ناپرسیتەوە، وە بەزەییت بەئێمەی بێچارەدا نایێتەوە؟

٦

یاران گردمان، یاران گردمان    سەرمان بسپارین وە یار گردمان
پیرو یوران و گەورە و وردمان    بکۆشین پـــەرێ راگـــەی پردمان

واتە: ئەی یاران، ئێمە هەموومان پێویستە سەرمان بسپێرینە یاری ڕاستەقینەی خۆمان وە پیر و جوان و گەورە و بچووکمان لەم ڕێگایەدا تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە بتوانین لەسەر پردی ڕاستی و دروستییەوە تێپەڕ بکەین.

دەگونجێ مەبەست لەو پردە، ناوەندی خواناسی و دروستی بێ کە لەو شوێنەدا بەدی هاتووە، واتە: چونکە زۆربەی ڕێبەرانی یاری لە مەڵبەندی شارەزوورا پەیدا بوون و سەریان هەڵداوە و لەوێوە ڕچە و ڕێبازی یاری پەرەی سەندووە و بڵاو بووەتەوە هەر لەبەرئەوەیە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە: کە دادپرسینی هەموو بەندەکان لە ڕۆژی دواییدا لە شارەزووردا دەست پێ دەکرێ. ئەم پردە کە خاتوو مەی دیاردی پێ دەکا لە ئاینی زەردەشتدا پردی (چینوەت)یان پێ دەوت و لایان وابوو کە گیان و ڕەوانی چاکان بەسەر ئەو پردەدا تێ دەپەڕێ و دەچێ بۆ بەهەشت. بەپێی پەڕتووکی (ئاڤێستا) ئەم پردە کەوتووەتە نێوانی شاخی (داییتیک) و (ئەلبورز) کە لە ئێریەن ڤەج دایە و بەپێی پەڕاوی (سەرئەنجام) ئەم پردە لە (شارەزوور)دایە کە ڕێبازگەی هەموو (یاری)یەکە.


سەرچاوەکان:

١– مشاهیر اهل حق.

٢– ارداویراف نامە، سرودەء زرتشت بهرام پژدو باهتمام دکتر عفیفی – مشهد ١٣٤٣.

٣– ویسپرد – گزارش پورداود – تهران ١٣٤٣.

٤– سەرئەنجام (دەستنووس).

٥– دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).

٦– دەورەی پیرعالی (دەستنووس).




## پیر شالیاری یەکەم

### سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم پیاوە ئاینییە کە لە سەراوەردی شاخەکانی بەرزی هەورامانەوە سەری هەڵداوە، وەکو ئەستێرەیەکی گەش و تروسکەدار بەئاسمانی کوردەوارییەوە هەڵترووسکاوە. بیرە جوانەکەی ئاوێنەیەک بووە بۆ دەروێشانی خواپەرست، ئاکارە خواناسییەکانی بوون بەسپایەک و ڕێگایان بەهێزی بێگانە بەست.

ئەم هۆنەرە پارێزگار و خواناسە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، ناوی خوداداد و کوڕی جاماسپی هەورامییە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە هەورامان سەری هەڵداوە. مامۆستا ڕەشیدی یاسەمی لە پەڕاوی (کورد)دا دەڵێ: پیر شالیاری هەورامی یەکێکە لە پێشەوایان و مۆبدانی ئاینی زەردەشت کە لە ناوچەی هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و، خەریکی پەرەپێدانی ئاینی زەردەشتی بووە. لە پیر شالیارەوە، پەڕاوێک بەناوی (ماریفەت و پیر شالیاری) بەجێ ماوە کە وەکو ئاڤێستا بەند بەندە و بەزاراوەی گۆرانی وتراوە و، زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی دووبەیتی دانراون.

مامۆستا مەردووخ لە پەراوەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) دەڵێ: هەندێ لە پیاوە ڕیش سپییەکان دەگێڕنەوە، کە پەڕتووکی (ماریفەت و پیر شالیاری) گەلێ گەورە بووە و، هەموو ڕێ و ڕەوشتێکی زەردەشتی تێدا بووە. تەنانەت جارێکیان کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو ناوە لە ناو خۆیاندا باسی ڕابردووی خۆیان دەکەن و یەکێکیان لە ڕیش سپیەکی بەساڵاچوو دەپرسێ و دەڵێ: ئەرێ مامە قرۆنێ قەدیما یان ماریفەت و پیر شالیارێ؟ واتە: قورئان کۆنە یان ماریفەت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: ماریفەت و پیر شالیاری قەدیما، قرۆنێ کوڕ و گوشایشە کۆری ئاوردەنش. واتە: (ماریفەت، پیر شالیاری) کۆنترە، قورئان کۆڕی گوشایشە کوێر هێنای بۆ ناومان. گوشایش کوڕی پیر محەمەدی هەورامییە کە لە ساڵی ٧٩٠ی کۆچیدا لە دایک بووە و لە ساڵی ٨٧٣دا مردووە و لەبەرئەوە چاوانی کەمێ مژمۆر بوون، پێیان وتووە گوشایشە کوێر و، دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەی هەوراماندا.

مامۆستا قانع لە پەڕاوی (شاخی هەورامان)دا لە بارەی پیر شالیارەوە دەڵێ:

کتێبی زەردەشت کە ئاڤێستایە    وەک باقـــیی کتێب خەڵاتی خوایە
بە زوان هـــــەورامی هاتە سەر بەشەر    یانێ های زەردەشت بووی بە پێغەمبەر

تا دەوری خۆی بوو وەک باقیی دینان بەڵام نەسخ بوو ئەویش بە قورئان
ماریفەت و پیر وتەی شالیارە کە بەپیر شالیار لە گشت دیارە
شاخی هەورامان هەر چەند ڕەنجەڕۆم زۆر چاک بزانە کە مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە

لە پیر شالیاری هەورامییەوە گەلێ دووبەیتی لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین)دا بەجێ ماون و گەلێ هۆنراویشی لە نامیلکەی ماریفەت و پیر شالیاریدا هەیە کە گەلێ بەرز و ناسک و پاراون. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، هۆنراوەکانی خۆی بەدەم ئاهەنگی تەنبوورەوە، خوێندووەتەوە. ئەم هۆنراوانە کە بەشێوەی دووبەیتین، پلەوپایەی بەرزی پیر شالیارمان لە هۆنەریدا بۆ دەردەخەن.

١

وەروێ وە وارۆ وەروە وەرێنە وەرێسە برێۆ چوار سەرێنە
کەرگێ سیاوە و هێڵەش چەرمێنە گوشڵێ مەمێریۆ دوە بەرێنە

واتە: بەفرێ دەبارێ بەفرە خۆرەیە، گوریس کە بپچڕێ چوار سەری هەیە، مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە، دێزە کە لە بنەوە بشکێ دوو دەرگای لێ پەیدا دەبێ.

مامۆستا مەردووخ لەبارەی ئەم دووبەیتییەوە دەڵێ: پیر شالیار لەم دووبەیتییەدا لە هەورامییەکان داوای یەکیەتی دەکات و دەڵێ: ئەگەر پارچە پارچە بن وەک بەفر دەتوێنەوە و ئاینێک دێ و ئەم ئاینەی ئێوە تیا دەبا و، وەکو گوریسێک کە بپچڕێ و ببێ بەدوو لەتەوە، ئێوەش لەت لەت دەبنەوە.

٢

داران گیان داران، جەرگ و دل بەرگەن گاهێ پڕ بەرگەن گاهێ بێ بەرگەن
کەرگە چە هێڵەن، هێڵە چە کەرگەن ڕەواس چە ڕەواس وەرگ چە وەرگەن

واتە: درەختەکان وەک ئادەمیزاد گیان لەبەرن و، ئەوانیش جەرگ و دڵیان هەیە کە گەڵا و ڕیشەیانە و، ماوەیەک گەڵایان هەیە و ماوەیەک دەوەرێ و، مریشک لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشک پەیدا دەبێ، ڕێوی لە ڕێوی و گورگ لە گورگ دەبن.

پیر شالیار لەم دووبەیتییەدا دەڵێ: چون درەخت پێویستی بەرەگوریشە هەیە، هەروەها مرۆڤ پێویستی بەخزم و یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی بەهەمووییانەوە بەکۆمەڵ بژین و، ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەست بهێنن، بنیادەم لە بنیادەم بووە و، پێویستە لەگەڵ بنیادەمدا ژیان باتە سەر، چونکە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.



٣

یا شای تەنیای فەرد، یا شای تەنیای فەرد
ئامانەن ئامان، یا شای تەنیای فەرد
ئاسارش بەرئار بەردش کەر وە هەرد
کەنگاوەر دنیا، دنیاش کەر وە گەرد

واتە: ئەی خوای تەنیا و تاک، هانایە بەفەریامان کەوە و شوێنەواری دوژمنانی ڕێبازی یاری کە لە شاری کەنگاوەردان لە بناغەوە دەربێنە و لەناوایان بەرە و بەردی بنچینەیان بهاڕە و بیکە بەئارد، قەڵای کەنگاوەر کە لە گرنگایەتیدا وەکو جیهان وایە، دەسا بیکە بەتۆز و تەم و گەردەلوول و خاپوور و وێرانی بکە.

بەجۆرێ کە مێژووی ژیانی عێلی گۆران پیشان دەدا، دەوروبەری کەنگاوەر لە کاتی خۆیدا ناوەندێکی گەورەی فەرمانڕەوایی بووە و، قەڵایەکی کۆن و پەرستگایەکی زۆر بەناوبانگی تێدا بووە کە بەپێی وتەی پرۆفیسۆر هێرتسفلد، ئەو پەرستگایە لە زەمانی ئەشکانییەکاندا دروست کراوە و یەکێ لە گەورەترین پەرستگای جیهانی کۆن دێتە ژمار. یاقووتی حەمەوی لە پەڕاوی (معجم البلدان)دا دەڵێ: کەنگاوەر گەلێ ئاوەدان و ئاوایە و لەوێدا پەرستگا و کۆشکی گەورە هەیە کە ئێستا مەکۆی دزەکان و جەردەکانە و، بەناوی (قصراللصوص) یا کۆشکی دزەکان بەناوبانگە. ئێستاکە شوێنەواری ئەو پەرستگایە دەرکەوتووە و، لە بەر ئەو هۆیانە کەنگاوەر بەلای گۆڕانەکانەوە شوێنێکی گرنگ داویەتە چاوەوە و، ئەشگونجێ کە کەنگاوەر لەو دەمەدا بۆ خۆی ناوەندێ بووبێ لە ناوەندەکانی فەرمانڕەوایی و بەرگیرییان لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ڕێباز و ڕچەی یاری کردبێ و دژی بیر و بڕوای خۆیان زانیبێ. جا لەبەرئەوەیە کە هەستیارەکان و هۆنەرانی یاری، کەنگاوەریان لە چاوی گەورەیی و گرنگییەوە وەکو جیهان زانیوە و، پێیان وابووە ئەو ناوەندە گرنگە کە دژی ئەوانە دەبێتە بەرهەڵستی ڕێبازی یاری و، لە خوا پاڕاونەتەوە کە ئەو قەڵایە وێران بێ، وەها کە پیر شالیاری یەکەم لەو دووبەیتییەدا لە خوا پاڕاوەتەوە کە قەڵای کەنگاوەر خاپوور و کاول بێ و ببێتە تۆز و گەردەلوول.

٤

چەلەوی ڕەمە، چەلەوی ڕەمە خواجام دیارەن مەڕامە ڕەمە
ڕداش دەرپێشا خواجام چون شەمە شەمیش ئافتاو نیەنش گەمە

واتە: ڕێبەری من چەلەبی وەکو پەز چون دێتە ناو ڕانەوە، بەو چەشنە خەریکە دێتە ناو

ئەندامانی جەمەوە و، بەرماڵی داوە بەشانا و وەکو شەم دەدرەوشێتەوە و تیشکی ئەو شەمە وەکو هەتاو پرشنگ دەدا و لە هەتاو کەمتر نییە و جیهان پڕ دەکا لە ڕووناکی.

٥

یۆ شاهەن وە مەرز، یۆ شاهەن وەمەرز    هەزار ســـــوار ئاما یۆ شاهەن وە مەرز
پەلێ وەش ڕاما جە ســــــەما تا ئەرز    سوار شاخوەشین گۆش ئاوەرد وە لەرز

واتە: هەزار سواری مەیدانی خواناسی هاتوونەتە ئەم جیهانەوە، بەڵام هەر تەنیا یەکێکیان لەم بەر و بوومە ناوبانگی دەرکردووە. ئەم شاسوارە خواناسە سوارێکی وەهایە کە بۆ مەیدانداری لە هەردوو جیهاندا ئەسپێکی خۆش ڕەوتی هەیە و، بەئارەزووی خۆی لە ئاسمان و زەویدا پەلدەوەشێنێ ئەگەر ناوی ئەو شاسوارە نازانن کێیە کە وەها ئەسپێکی پەل وەشێنی هەیە، ئەوە بێگومان شاخوە شینە کە گۆی زەوینی لە مەیدانی خواناسیدا هێناوتە لەرزە.

٦

مەن وەی دەردەوە، مەن وەی دەردەوە    تا کـــەی بناڵم مەن وەی دەردەوە
زوان وە لاڵە و چـــــەم وە پەردەوە    دانەی زەرد تا کەی ها وەگەردەوە

واتە: من بەم هەموو دەردەوە تا کەی بناڵێنم و بپاڕێمەوە و، چاو ببڕمە پشتی پەردەی نهێنییەوە، ئەم دانەی زەردە تا کەی ها بەتۆز و خۆڵەوە؟

دانەی زەرد کە لە دووبەیتییەکەی پیر شالیاردا هاتووە، بەپێی پەرتووکی سەرەنجام بریتییە لەو خاک و خۆڵە کە بنیادەمی لێ دروست کرا. لە سەرەنجامدا هاتووە کە: خوای مەزن لە پاش ئەوەی ئاسمان و زەویی سرشت کرد، خوا دەستووری دایە فریشتەکان کە بڕۆن و مشتێ خاک لە زەوی بێنن و مرۆ بهێننە دی. فریشتەکان بەفەرمانی خوا ڕۆیشتنە زەوی بۆ ئەوەی مشتێ خاک بێنن و مرۆڤی لێ دروست کەن. دییان کە خاک ئەگری و دەڵێ: من توانای مرۆڤ بوونم نییە و ملی پێیان نەدا کە بڕوا مشتێ خاک لە زەوی بهێنێ. سەردەستەی فریشتەکان ڕۆیشت و مشتێ خاکی هێنا و، بەفەرمانی خوا فریشتەکان ئەو مشتە خاکەیان لەگەڵ ئاو و ئاگر و بادا ئاوێتە کرد تا بووە (گڵە زەرد) و پاشان خوا بنیادەمی لەو گڵە بەدی هێنا.



٧

یاران جە ڕیواس، یاران جە ڕیواس    پادشـــام پەیدا بی جە دانەی ڕیواس
مەشیە و مەشیانە بەرئامان جە واس    پەرێ ئازمـــــــایی مێـــردان ڕەواس

واتە: ئەی یاران، پادشام شاخوەشین لە دانەی ڕێواس پەیدا بوو و، مەشیە و مەشیانە (ئادەم و حەوا)یش لە گوڵە گەنم بەدی هاتوون تا پیاوان تاقی بکەنەوە.

پیر شالیاری یەکەم لەم دووبەیتییەدا دیاردی کردووەتە سەر بەدیهێنان و سرشت بوونی مرۆ لە گیا و شیناوەردی و، ئەم بڕوایە لە نێوانی هیند و ئۆروپاییەکاندا باو بووە و ئێستاش هیندووەکان لایان وایە کە مرۆ لە بنچک و گیا بەدی هاتووە. لە پەڕاوی (ئاڤێستا)شدا ئەم بڕوایە دەکەوێتە بەرچاو. مانییەکانیش هەر لەسەر ئەم بڕوایە بوون و لایان وابوو کە بنیادەم لەسەر بنجی گیا ڕواوە.

لە پەڕاوی (پیر شالیاری زەردەشتی)دا هاتووە کە لە هەوراماندا هەموو ساڵێک سی و پێنج ڕۆژ کە ئەمێنێتە زستان، هەورامییە دانیشتووەکانی ئەو دێیەی کە گۆڕستانی پیر شالیاری یەکەمی تێدایە، لە خانووەکەی خۆیدا هەموو ساڵێک سێ ڕۆژ جەژن دەگرن و بەئەم جەژنە دەڵێن: جەژنی پیر شالیار. لەم جەژنەدا خواردن هەر ئەو خواردنەیە کە لەو سەردەمەدا خواردوویانە وەک گۆشت و بڕوێش.

هەر لە یەکەم ڕۆژی بەهارا هەر کەسێک بەگوێرەی توانای خۆی بەرخ بێ یان کار یان گوێرەکە نیازی خێری پیر شالیاری لێ دەهێنێ بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا سەریان ببڕن و، ئەو ئاژەڵانە دەدەنە دەست گزیرەکان بۆ بەخێوکردنیان بەجاڕەڵۆی تایبەتی پیر شالیار کە تا ئێستەش ماوە و، لە دەربەندی (ملە مارف)دا باخێک گوێزی هەیە.

ڕۆژێک بەر لە جەژن گوێزی ئەو باخە بەش دەکرێتەوە بەسەر خەڵکدا و بەوە ئاگادار دەبن کە سبەینێ جەژن دەست پێ دەکا، منالان بەیانی زوو لە ڕۆژی چوارشەمەدا دەست دەکەن بەگەڕان بەکۆڵاندا و، بەدەنگی بەرز دەڵێن: (کلاو ڕۆژنە). ئەوانیش چی لەبەردەستیاندا هەبێ، بێ بەشیان ناکەن وەک گوێز و مێوژ، هەنجیری وشک و دانەوێڵە، لەم کاتەدا یەکێک لە نەتەوەی (هالیشا) کە یەکەم جار ئاژەڵ سەر دەبڕێ، هی خەڵکی تریش سەر دەبڕێ و خۆی سی و جگەرێک دەبا بۆ خۆی و هەر عێل و خێڵ و هۆزێک چ جۆرە گۆشتێکی پێ درابێ لە یەکەم جەژندا، ئێستەش هەر ئەو جۆرە گۆشتەی دەدنێ. بەڵام بڕوێش لە هەموو ماڵێک کۆ دەکرێتەوە و ئێوارەی پێنجشەممە گزیرەکان مەنجەڵی گەورە کۆ دەکەنەوە و نیوەی لێ دەنێن و منداڵان دێن هەر یەکە بەشی ماڵی خۆیان دەبەن و، بۆ شەوی هەینی نیوەکەی تری لێ دەنێن.

پیاوان هەموو لە خانووەکەی پیر شالیاردا کۆ دەبنەوە کە ئەم خانووە لە ساڵێکا سێ ڕۆژ دەرگاکەی دەکرێتەوە و، لە پێشدا بەدوو ڕیز و، بەنۆرە دەست دەکەن بەهەڵپەڕکێ و لە دواییدا هەموویان دادەنیشن و دەست دەکەنە نانخواردن، پاش ئەوە بەردێک کە پێی دەڵێن: (کۆمسا) و، لە نزیک گۆڕی پیرەوەیە گزیرەکان دەیشکێنن و بۆ پیرۆزی بەسەر خەڵکا بەشی دەکەن و دەڵێن ئەو بەردە هەموو ساڵێک وەک خۆی لێ دێتەوە و چل و پێنج ڕۆژ کە لە بەهار دەڕوا زۆربەی خەڵک نیازی چوونە هەوارگەکان دەکەن و دووبارە لەسەر گۆڕستانی پیر شالیار خۆراک دەخۆن و داوای سەرکەوتنی لێ دەکەن و ئەوسا ڕوو بەهەوارگەکان بڵاو دەبنەوە.

سەرچاوەکان:

١- تاریخ مردوخ، تألیف ایه الله مردوخ - تهران ١٣٢٤.
٢- کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او تألیف رشید یاسمی - تهران ١٣١٦.
٣- معجم البلدان تألیف یاقوت الحموی - لایپزیک ١٨٧٣.
٤- یشت ها - گزارش پورداود - تهران ١٣٤٦.
٥- پیر شالیاری زەردەشتی دانەر محەمەد صاحب - بەغدا ١٩٦٨.
٦- شاخی هەورامان، هۆنراوی قانع - بەغدا ١٩٥٤.
٧- ماریفەت و پیرشالیاری (دەستنووس).
٨- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٩- سەرەنجام (دەستنووس).
١٠- کورتەی نامەی سەرئەنجام (دەستنووس).

## کاکە ڕدای لوڕستانی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم پیاوە ئاینییە کە قسەی وەکو ئاوی کانی ڕەوان بووە، ناوبانگی هۆنراوەی لە لوڕستاندا دەرچووە. ئەم ئەستێرە گەشە کە ناوی کاکە ڕدایە، بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا سەری هەڵداوە و، بەیەکێ لە یاران و لایەنگرانی شاخوەشین ئەژمێررێ. لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین)دا هاتووە: کاکە ڕدای لوڕستانی کە لە یارانی تایبەتی شاخوەشین دێتە ژمار، لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و، پتری ژیانی لە گۆشەگیریدا بەسەر بردووە و هەر لەگەڵ خوادا ڕاز و نیازی کردووە و، ژیانی بەم جۆرە ڕابردووە تا مردووە.



لە کاکە ڕداوە هەندێ دووبەیتی ماونەتەوە کە گەلێ شیرین و دڵنشین و پاراون. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە. ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

سەفیدە بازم، سەرباڵم نە کۆی     مەلەوانیم کەرد جە ئاو ئامۆی
ڕۆژم کەرد وەشەو شەوم کەرد وە ڕۆی     خەرقەی خوەشینەن بێ تان و بێ پۆی

واتە: من ئەو بازە سپییەم کە شاباڵم کێشاوەتە سەر کێوان و، لەناو ئاوی ڕووباری ئامۆیدا مەولەوانیم کردووە. من لە پلەوپایەی خواناسیدا گەیشتوومەتە جێگایەک کە تواناییم بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەتوانم هەر ناخۆشییەک کە بریتی بێ لە شەو بیکەم بەخۆشی کە بریتییە لە ڕۆژ.

بەجۆری تریش دەتوانین بڵێین مەبەستی هۆنەر لەو ڕستەیە ئەمەیە کە لە گەیشتنی بەدواپلەی خواناسیدا سەختی، تەنگوچەڵەمەی زۆری کێشاوە، وەها کە لە کوردەواریی خۆماندا دەوترێ من لەم ئیش و کارەدا چەند شەوم کردووە بەڕۆژ و چەند ڕۆژم کردووە بەشەو و، هەمووی ئەو پیت و پێزە لە کۆشش و ڕەنجی ڕێگای خواناسییەوە پێم گەیشتووە و ئەمانە هەمووی لە سایە و سێبەری خەرقەی بژونی و مەعنەوی و خەڵاتی خواناسیی شاخوەشینەوە بووە کە ئەو ڕێبەرایەتیمی کردووە.

ڕووباری ئامۆی کە کەوتووەتە خۆرئاوای بوخارا، ڕووبارێکی بەناوبانگ و گەورەیە و زۆربەی هۆنەران لەبەر ناوبانگی گەورەی ئەو ڕووبارە، دیاردییان پێ کردووە، جا کاکە ڕداش هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کە دیاردی بەڕووباری ئامۆی کردووە.

٢

خوەشین خورشێد، خوەشین خورشێد     نە سڕ کەرد زهوور خوەشین خورشێد
نەو شەقەی شاباڵ شاباز سفێد     برووز کەردش ذات نە دانەی ئومێد

واتە: شاخوەشین کە خۆر و هەتاوی ئاسمانی خواناسییە، لە جیهانی نهێنی خواییەوە دەرکەوتووە، ئەو شابازە سپییە کە بریتییە لە شاخوەشین، بەشەقەی شاباڵی خۆی لە تریفە و پەڕتەوی زاتی تاکە گەوهەری ئومێدی جیهانی هەستی کە بریتییە لە زاتی یەزدان پەیدا بووە.

٣

چەلەوی ساز بەر، چەلەوی ساز بەر     نە حزوور شا، دەردەم تۆ ساز بەر
تۆ یاوەر سڕنی هەوات ها نە سەر     شەبەق کێشەنی سا ماشۆ وە بەر

واتە: ئەی چەلەبی، تۆ کە یەکێکی لە پەیڕەوان و لایەنگرانی بەهرەمەندی شاخوەشین، نابێ هیچ کاتێ ئەو لەبیر بەیتەوە، چونکە تۆ یار و یاوەر و ڕازداری شای، دەسا ئارەزووی جیابوونەوە لە سەری خۆت دەرکە، شەبەق کە نیشانە و نوێنگەی خۆرە، تۆش وەکو شەبەق نیشانەی پیت و پێزی شاخوەشینی و نابێ لە جەمی ئەو بچێتە دەرەوە.

هەروەها دەزانین کە هەندێ جار پەیڕەوان و لایەنگرانی پێگەیشتوو دەیانەوێ لە ڕێگەی خواناسیدا بەسەربەخۆیی ڕێنوێنی خەڵک بکەن، چونکە لایان وایە گەیشتوونەتە پلەوپایەیەکی بەرزتر و بانتر. ئینجا دەگونجێ کە کاکە ڕدا لەو دووبەیتییەدا دیاردی بەو مەبەستە کردبێ کە چەلەبی یەکێ بووە لە لایەنگرانی شاخوەشین و ویستوویەتی بەسەربەخۆیی لە ڕێگای خواناسیدا ڕێنموونیی مەردم بکا و خۆی بەپیرێکی سەربەخۆ دابنێ.

٤

سوارانیم، سواران سەراوەند     دلێرانیم، دلێران خوداوەند
کۆر باتنان چەنەمان نەگێران گەزەند     چەلالە بکرەن خوەشین فەرزەند

واتە: ئێمە لە مەیدانی خواناسیدا سوارانێکی لێهاتووین و هەر لەم مەیدانەدا پاڵەوانانی نەترسی یەزدانین، ئەوانەی کە چاوی دەروونیان کوێرە و لە ڕێبازی خواناسییەوە دوورن، ئەتەومان لێ نەگرن و لەدایکبوونی خوەشین سەریان سوور نەمێنێ، چونکە جەلالە بەفەرمانی خوا ئەوی بەکچییەتی بووە!

٥

خوەشین کەوسەر، خوەشین کەوسەر     ئامانەن ئامان، خوەشین کەوسەر
قەڵای کەنگاوەر خەراب کەر یەکسەر     ئاسارش بەرئار نەمانۆش ئەسەر

واتە: ئەی خوەشینی کەوسەر، هانایە بەفریامان کەوە و قەڵای کەنگاوەر لەگەڵ خاکدا یەکسان بکە و شوێنەواری لە بنچینەوە دەربێنە، بەجۆرێ کە نیشانێک لەو قەڵایە نەمێنێ و دوژمنانی ڕێ و ڕچەی یاری بەجارێ لە ناو بەو، تیایان بەرە.

بەجۆرێ کە بۆمان دەرکەوتووە ئەو هۆنراوە خواناسییانە کە لە قاڵب و چوارچێوەی دووبەیتیدا وتراون لە چەند شتدا کورت دەکرێنەوە: یەکەم، ستایش و نواندنی دیمەنی سروشت لە قاڵبێکی سۆفییەتی و خواناسیدا. دووەم پیشاندانی چۆنییەتیی ڕێ و ڕەوشتی ڕێبازی یاری. سێیەم ئەو شتانەی کە بناغەی بیروباوەڕی پەیڕەوان و لایەنگرانی ڕێبازی یارین. چوارەم ستایش و پەسەندی پیرانی یاری لە چاوەی پلەوپایەی خواناسییەوە.



پێنجەم بەربەرەکانێکردن و بەرەنگاربوون لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا کە لەلایەن ناحەزانی ڕێبازەکەیانەوە تووشی لایەنگرانی ئەو ڕێ و ڕچە بووە.

دەتوانین هۆنەرانی (یاری)ش بەسێ دەستە دابەش بکەین: یەکەم ئەو کەسانەن کە خۆیان نوێکەرەوە و پێگەیشتووی ڕێبازەکە بوون و بۆ نموونە دەتوانین کە بالوولی ماهی و بابە سەرهەنگ و شاخوەشین ناو ببەین. دووەم ئەو کەسانەن کە بەخێوکراو و پێگەیەنراوی چینی نوێکەرەوە و پێگەیێنەری ئەو ڕچەیەن و بۆ وێنە دەتوانین لە بابە ڕەجەب و بابە لوڕەوە بابە گەرچەکەوە ناو ببەین. سێیەم ئەو کەسانەن کە لایەنگر و پەیڕەوی پێ نەگەیشتووی ئەو دوو دەستەیەن کە ئەمانەش بریتین لەو کەسانەی کە بەبیروباوەڕێکی خاوێن ڕچە و ڕێبازەکەیان وەرگرتووە و خۆیان بەڕێڕەوی ئەو ڕێبازە دەزانن و هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەوپایەی یەکەم و دووەم لەو ڕچەیە. ئینجا بەپێی ئەو لێکدانەوە دەتوانین بڵێین کە زۆرتری هۆنەرانی ڕێبازی (یاری) بریتین لە دەستەی یەکەم و دووەم.

سەرچاوەکان:

١- تذکرەء اعلی، بەاصلاح ایوانف – تهران ١٣٣٦.
٢- مشاهیر اهل حق، صدیق صفی زادە (بورەکەیی).
٣- برهان الحق تالیف نورعلی الهی.
٤- سەرئەنجام (دەستنووس).
٥- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٦- یاداشتی کاکە ڕدایی (دەستنووس).

## سوڵتان چەلەبی

### سەدەی پێنجەمی کۆچی

سوڵتان چەلەبی کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرەنجام یەکێ بووە لە یارانی تایبەتی شاخوەشین کە لە تافی جوانیدا چووەتە لای ئەو و سەری سپاردووەتە ڕێبازەکەی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونی خەڵک بەسەر بردووە تا لەوێدا مردووە.

لە سوڵتان چەلەبییەوە هەندێ دووبەیتی لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین)دا بەجێ ماون کە گەلێ بەرزو دڵنشین و پاراون. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و سەردەستەی تەنبوورژەنانی ئەو دەورە بووە. ئەم دووبەیتییانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

١

یۆ شا دەیارەن، یۆ شا دیارەن / هەزار سوار ئاما یۆ شا دیارەن
پەلێ وەش ڕاما جە بەڕ تا بارەن / سووار شاخوەشین نامش هەزارەن

واتە: لە مەیدانی زانیاری و خواناسیدا هەزار شاسوار هاتوونەتە ئەم جیهانەوە، بەڵام هەر تەنیا یەکێکیان خۆی لەم مەیدانەدا دەرخستووە. ئەو شاسوارە خواناسە کە ئەسپی زانیاریی ئەو لە وشکی و دەریادا پەل دەوەشێنێ، ناوی شاخوەشینە و لەناو پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆیدا بەهەزاران جۆری تر ستایش دەکرێ و ناو دەبرێ.

٢

خوەشین بینا، خوەشین بینا / شاه زەردە سوار خوەشین بینا
خەرابەی فانی کەنگاوەر دنیا / ئەگەر مەیلت بۆ مەکەری هامتا

واتە: ئەی شای زەردە سواری مەیدانی خواناسی، بەنهێنی ئاگەدار لە هەموو شتێ، کەنگاوەر کە لە گەورەیی و سەختیدا وەکو جیهان وایە، ئەگەر ئارەزووت لێ بێ، وەکو کەلاوە کۆنێ وێرانی دەکەیت و لەگەڵ خاکدا یەکسانی دەکەی.

٣

پەرێ شام کەردەن، پەرێ شام کەردەن / ئی ڕەمەزنی پەرێ شام کەردەن
خواجام دیارەن ئەسپشان زەردەن / خواجام خوەشینا شەفای گرد دەردەن

واتە: من ئەم بەرماڵ و خەرقەم لە خوەشینەوە پێ گەیشتووە و، ئەم شوانیمە بۆ ئەو کردووە و بەناوی ئەوەوە من بەرماڵی خواپەرستیم داوە بەشاندا و، بەناوی ئەوەوە دێمە ناو ئەندامانی جەمەوە و ڕێنموونیی پەیڕەوان و لایەنگرانی یاریم گرتووەتە ئەستۆ. من لە ڕێبازی خواناسیدا هەموو زانیاریەکم لە ئەوەوە دەست کەوتووە. کەوابوو خواجا و سەرۆکم کە خاوەندی ئەسپێکی زەردی خواناسییە، هەر وەها لەم مەیدانەشدا دەرمانی هەموو دەردێکە.

سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق، سدیق بۆرەکەیی.
٢- سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٤- کورتەی نامەی سەرئەنجام (دەستنووس).



## بابە بوزورگی لوڕستانی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

بابە بوزورگی لوڕستانی کە یەکێ لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و لە باکووری دلفانی لوڕستان لە شیوێکدا لە نزیکی کێوی مێهراب نێژراوە، گۆڕەکەی ئێستاش دیتنگەی خاوەن دڵانە و خەڵک دەچنە دیتنی.

لە بابە بوزورگەوە هەندێ دووبەیتی ماوەتەوە کە لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین) تۆمار کراوە. ئەم دووبەیتییانە نموونەیێکن لە هۆنراوەکانی ئەو:

١

ها مەبۆ ئیزهار، ها مەبۆ ئیزهار / حوکم ڕابەریت ها مەبۆ ئیزهار
ئەگەر عەرش و فەرش تۆ دانی قەرار / هەی کەر یافتەکۆ بەیۆ ئەو گوفتار

واتە: ئەی ڕێبەری ڕێبازی خواناسی، تۆ لە ڕێگای خواناسیدا گەیشتوویتە پلەوپایەیەکی وەها بەرز کە هەموو توانایەکی خواناسی لە تۆدا دەردەکەوێ و، تۆ نوێنگەی هەموو خوو و نیشانەیەکی خواییت و پلەوپایەی تۆ زۆر بەرزە و عەرش و کورسی مەیدانی پەروازی هێزی خواناسیی تۆیە، کەوابوو بەیافتەکۆ فەرمان بدە کە بێتە قسە و بڕوا لەسەر ئەو پلەوپایە بەرزەی تۆ بدا.

٢

ها مەیۆ وە دەس، ها مەیۆ وەدەس / حوکم ڕابەریت ها مەیۆ وەدەس
ئەر بابە ئادەم تۆ کەردەنی کەس / هەی کەر یافتەکۆ بەیو ئەو نەفەس

واتە: ئەی ڕێبەری من، هەر هیوایەکمان بەتۆ بێ، بێگومان بەهۆی پیت و بەرەکەتی خواناسیی تۆوە بەزوویی بۆمان دێتە دی، چونکە پلەوپایەی بەرزی خواناسیی تۆ بەر لە بەدیهاتنی ئادەم لە زانستی خواییدا تێپەڕی کردووە و بەدیهاتنی ئادەم پێشەکیەک بووە بۆ بەدیهاتنی تۆ. کەوابوو تۆیێ کە ئەوەندە خۆشەویستی خوای کە بەدیهاتنی ئادەم بەهانەی بەدیهاتنی تۆ بووە، لە تۆ داوا دەکەم کە یافتەکۆ بێنیتەوە زمان، ئیتر ناحەزان سەبارەت بەتۆ دوودڵییەکیان نامێنێ.

٣

ها مەبۆ حەساو، ها مەبۆ حەساو    حوکم ڕابەریت ها مەبۆ حەساو
ئەگەر عەرش و فەرش تۆ کەردەنی باو    هەی کەر یافتەکۆ بەیۆ ئەو جەواو

واتە: ئەی ڕێبەری من، ئێمە دەزانین کە تۆ لە خوای گەورە هەرچی داوا بکەی، ئەو جێ بەجێی دەکا، دەسا ئەگەر عەرش و فەرش لەژێر ڕکێفی خواناسیی تۆ دایە، تکا دەکەم بەیافتەکۆ فەرمان بدە قسە بکا و وەڵامی ناحەزان بداتەوە.

٤

شام هوەیدا بی، شام هوەیدا بی    پەرێ کارسازی شام هوەیدا بی
وە ڕیک خواجام کاوە دەیدا بی    وە گورز گاوسار زوحاک دەیدابی

واتە: پاش ئەو هەموو پاڕانەوە، ڕێبەرم پەرجۆ و مۆجیزەی خۆی نواند و، بۆ بێدەنگ کردنی ناحەزان ئامادە بوو و، لە لایەن یەزدانی گەورەوە وەکو کاوەی کورد چۆن زوحاکی لەناو برد، ئەویش دوژمنان و ناحەزانی خۆی بەهێزی خواناسی، بێ دەنگ کرد.

بابە بوزورگ لەم دووبەیتییەدا دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی کاوەی ئاسنگەری کورد کە بەپێی (شانامە) لە دوای جەمشید، ئەژیدەهاک چووە سەر تەخت و خەریکی زۆر و ستەم بوو، بەم بۆنەوە ئەهریمەن ئەوی خۆش ویست و سەرشانەکانی ماچ کردەوە و لە جێی ماچەکانیدا دوو مار ڕوان و لەسەر شانییەوە سەریان دەرهێنا و ئەویان بەدەردێکی بێ دەرمان گیرۆدە کرد. بژیشکان دەردەکەیان بۆ دەوا نەکرا، ئەوسا ئەهریمەن خۆی لە شێوەی بژیشکێکدا دەرکەوت و هاتە تەلاری شاییەوە و دەوای دەردەکەی ڕاگەیاند کە هەر ڕۆ مێشکی دوو لاوی تازە پێگەیشتووی بۆ بدەنە دەرخواردی مارەکان تا کەمێک ئەهوەن ببێتەوە. پاشان هەموو ڕۆژێ مێشکی دوو لاویان دەدایە دەرخواردی مارەکان و بەم چەشنە دایکان و باوکان، گەنجە پێشکەوتووەکانی خۆیانیان لە دەست دا و دەروونیان بەجارێ بریندار بوو.

کاوەی ئاسنگەر کە هەژدە کوڕی هەبوون و هەر تەنیا کوڕێکی بۆ مابووەوە ئیتر بەجارێ خرۆشا و کەوتە ناو شار و داوای لە هەمووی گەل کرد کە بۆ تیابردنی کۆشکی ستەمی زوحاک مەردانە چەک هەڵگرن و ڕاپەڕن. ئەوسا کەوڵەکەی خۆی کردە ئاڵا و خەڵک بەجارێ لە دەوریدا کۆبوونەوە و بەرەو کۆشکەکەی زوحاک ڕۆیشتن و کۆشکەکەیان گەمارۆ دا و، لە پاش شەڕ و نەوەردێکی زۆر سەخت زوحاکیان گرت و شەتەکیان دا و کێشایانە سەر کێوی دەماوەن و لەوێدا خنکاندیان.



سەرچاوەکان

١– شاهنامەء فردوسی، باهتمام ژول مول – ١٣٤٥.
٢– مشاهیر اهل حق، صدیق صفی زادە، (بورەکەیی).
٣– سەرئەنجام (دەستنووس).
٤– دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٥– دەورەسی پردیوەر (دەستنووس).

## بابە هندووی هەورامی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە خواناسێکی ڕەند و بێ پەروا بووە، ناوی جونەید و نازناوی هندوو بووە و بەبابە هندوو ناوبانگی دەرکردووە. بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، بابە هندوو لە بنەڕەتا خەڵکی هەورامان بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە لوڕستان و لەوێدا چاوی کەوتووەتە شاخوەشین و گیرۆدەی بووە و ماوەیەک لە لای ئەو ماوەتەوە و پاشان کەوتووەتە گەڕان و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە لوڕستان و پاشماوەی تەمەنی بەدەرزوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بەسەر بردووە تا کۆچی دوایی کردووە و ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.

لە بابە هندووەوە گەلێ دووبەیتی ماوەتەوە کە گەلێ بەرز و شیرین و پاراون. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، وەکو دەڵێن لەبەرئەوەی لە تەنبوور لێداندا دەستێکی باڵای هەبووە، بەپەنجەی جادوویی کاتێ دوو تەلی تەنبوورەکەی دەهێنایە لەرین، هەزار هەوای جوان و دڵراکێشەر و دڵڕفێنی لێ هەڵدەستاند و، بەدەنگی وەک خوڕەی ئاوی جۆبار و ڕووبارییەوە شەپۆلی دەخستە سەر هەوای کپی چێژی دانیشتوانی کۆڕی جەمخانەی خواناسیی شاخوەشینەوە و، بەم چەشنە ئەوانی دەخستە سەر ڕێ و ڕچەی ڕێبەرەکەیەوە.

وەک لە هۆنراوەکانی بابە هندوو دا دەردەکەوێ تەمەنێکی درێژی هەبووە، تەمەنێکی درێژی بەپیت و بار کە لەودا خزمەت و ڕاژەیەکی زۆری بەوێژەی کوردی کردووە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی لەبەر تێپەڕینی زەمان و بێ خاوەنی و پەل پەل بوونی گۆرانەکان تیاچوون، هەر ئەو ژمارە کەمەش کە ئەمڕۆ لە هۆنراوەکانی ماوەتەوە، ئەندازەی ڕاژە و خزمەتی بابە هندوومان بۆ دەردەخەن. ئەوا بۆ نموونە چەند دووبەیتییەکی ئەو دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

١

مایەی تۆم پەنە، مایەی تۆم پەنە      مایە دارەنان مایەی تۆم پەنە
زێڵەم خەزانە و گەنجش هەن چەنە      هەر چی مەکەری دەست تۆش هەنە

واتە: ئەی خوای گەورە و گران، من هەموو شتێکم لە تۆوە دەست کەوتووە و، سەرمایە و ئامێژەنی ژیان و بوونم هی تۆیە، دەروونم کە گەنجینەی خواناسییە، پڕیە لە گەنج و گەوهەر و، دەست بەهەر کارێکەوە دەدەم دەستی تۆی تێدایە.

٢

جە ئەسڵ ئەلەس، جە ئەسڵ ئەلەس      هندووەنانێ جە ئەسڵ ئەلەس
جاگەم زابڵەن چەنی خاس و گەس      مەکۆشم پەرێ یاران هامدەس

واتە: من لە ڕۆژی بەرینەوە ناوم هندوو بووە، ئێستا جێگەم لە زابڵ دایە و لەگەڵ پیاوچاکان و خاساندا بۆ پەیداکردنی یارانی هاودەم و هاودەست تێ دەکۆشم.

٣

ئاهووی ئەو سارا، ئاهووی ئەو سارا      ڕەفێق مەجنوون ئاهووی ئەو سارا
یاوام وە کۆی نەشت وە بێ مدارا      خواجام ئەو لاڵەن نە قەیس و یارا

واتە: ڕێبەرم وەکو مەجنوون لە چۆڵگە و دەشتی خواناسیدا ئەسووڕایەوە و، خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی خواناسی بوو، ئەو وەکو مەجنوون لە دەشتی نەجدا بەشوێنی ئاسکی خواناسیدا دەگەڕا. بەڕاستی ڕێبەرم وەکو گەوهەرێکی شەوچرا وایە کە تیشکی بەهەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە.

٤

گرد ئاینەی زێڵ باریم وە ڕۆژبان      پاسی شاخوەشین واچیم وە دی و گیان
جیهان شێرەنان شێر خوەشینەنان      خوەشین جەمشەت کەرد جە دێی لوڕستان

واتە: ئەی یاران وەرن هەمووتان ئاوێنەی دڵتان کە مەکۆ و جێگای خواناسییە بکەنە پاسەوان و دیدەوانی شاخوەشین و، بەگیان و دڵ سپاس و ستایشی کەن، چونکە ئەو بریتییە لە جیهان و جیهانیش بریتییە لە ئەو. شاخوەشین ئەو یاقووتە بەنرخەیە کە لە وڵکەی لوڕستاندا سەری هەڵدا و ڕچەی خواناسی لە هەموو لایەکدا بڵاو کردەوە.



٥

کەردەن وە مەیدان، کەردەن وە مەیدان      قەڵای شاهینش کەردەن وە مەیدان
شاخوەشین زێڵش گرتەن وە نیشان      چەنی نۆسەد دە ئاما وە جیهان

واتە: شاخوەشین قەڵای شاهینی خواناسانی کردووەتە مەیدان و، دڵانی گرتووەتە نیشان و دەیەوێ داگیریان کا و بیکاتە شوێنی خواناسی، ئەو لەگەڵ سوارانیدا کە بەنۆسەد دە بەناوبانگن هاتووەتە جیهان.

سەرچاوەکان:
١- مشاهیر اهل حق.
٢- سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس).
٤- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).
٥- یاداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس).

## پیر حەیدەری لوڕستانی

(سەدەی پێنجەمی کۆچی

هۆنەری بەرزی ئەم باسەمان ناوی حەیدەر و کوڕی سادقی لوڕستانییە کە بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و، لای باوکی سەرەتای خوێندن دەست پێ دەکا، لە پاشا دەچێتە دەوروبەری یافتەکۆ لە لوڕستان و لەوێدا ڕێی دەکەوێتە خانەقای شاخوەشین و لە لای شاخوەشین دەمێنێتەوە و فێری ڕێ و ڕچەی یاری دەبێ و ئیتر دەکەوێتە داوی ئەو ڕێ و ڕچە و دەبێ بەپەپوولەی پەڕ و باڵ سووتاوی دەوری پیرەکەی و لە شاخوەشین ڕەوشت و تەریقەت وەردەگرێ و دەبێ بەپیر و ئەوسا بەدەستووری ڕێبەرەکەی بەدێکان و شارەکاندا دەکەوێتە گەڕان و پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە لە پاش ژیانێکی کورت لە دەوروبەری یافتەکۆدا کۆچی دوایی دەکا و لەوێدا دەنێژرێ.

لە پیر حەیدەرەوە هەندێ دووبەیتی ماوەتەوە، بێگومان ئەو هۆنراوی لەمە زۆرتر بووە، بەڵام بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە هەموویان تیاچوون و ئەوەنەش ماونەتەوە لەناو کەشکۆڵەکان و بەیازەکانی ئاینیدا تۆمار کراون و بەیادگار ماوەتەوە. لە پەڕاوی (دەورەی شاخوەشین)دا چەند دووبەیتی هەیە و، ئێمە بەهۆی ئەم بڕە هۆنراوانەی دەتوانین

پلەوپایەی ئەم هۆنەرەمان لە مەیدانی وێژەی کوردی بێنینە دەست. ئەمەش نموونەیەک لە هۆنراوەکانی:

١

سەقام دنیا، سەقام دنیا     ئاسمان و زەمین تۆ مەدۆ زیا
شەمامەم ڕیا، گوڵم مووسیا     هەر کەس مونکرەن رووش مەبۆ سیا

واتە: ئەی سامان دەر و ڕێکخەری جیهان، تۆ بەئاسمان و زەوی تیشک دەبەخشی و ڕووناکیی جیهان لە تۆیە. من لە ژیاندا حەز لە دوو شت دەکەم و ئەو دوو شتەش شەمامە و گوڵە، شەمامەم کاکە ڕدایە و گوڵم کاکە مووسایە. هەر کەس بڕوای بەم دووانە نەبێ، ڕووی ڕەش دەبێ.

٢

خوەشین ئەلەس، خوەشین ئەلەس     پەرێ گەواهی مەنمانی نەفەس
گوڵ و شەمام هەر دووها نەدەس     تۆ خواجامەنی بە دادم بڕەس

واتە: ئەی خوەشینی ڕۆژەکەی بەرین، ئەوا خەڵک دەستە دەستە دێنە سەر ڕێ و ڕچەت و سەرت پێ دەسپێرن، منیش گوڵ و شەمامەم گرتووەتە دەستەوە و تۆ بەڕێبەر و خواجای خۆم دەزانم، دەسا تۆش بەفریام بگە و دادم بپرسە.


سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق.

٢- سەرئەنجام (دەستنووس)

٣- دەورەی شاخوەشین (دەستنووس)

٤- دەورەی پردیوەر (دەستنووس)

٥- یاداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس)




## بابە ناووسی جاف

٤٧٧ی کۆچی

ئەستێرە گەشی ئەم شوێنە، ناوی ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد و نازناوی بابە ناووسە و لە عێلی جافە. بەپێی یاداشتی کاکەڕدایی ئەم هۆنەرە لە ساڵی ٤٧٧ی کۆچی لە دێی (سەرگەت)ی هەورامانی لهۆندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێش خەریکی خوێندن بووە و پێ گەیشتووە.

بەسەرهات و چۆنییەتیی ژیان و مردنی بابە ناووسی جاف زۆر تاریکە و لە هەر نامیلکە و پەڕاوێکدا لە بارەی ژیانییەوە هەر کەس قسەیەکی لێوە کردووە. لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە: کە بابە ناووسی جاف لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و لە تافی جوانیدا خەریکی فێربوونی زانست بووە، بەڵام ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت و پاشان وازی لە خوێندن هێناوە و بەدێ و شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لەناو خەڵکدا قسەی نەستەقی کردووە و لەبەرئەوەی خەڵک لە قسەکانی تێ نەگەیشتوون بەشێتیان زانیوە و پێیان وتووە بلە شێت.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا هاتووە: کە بابە ناووس لە سەدەی پێنجەم و شەشەمدا ژیاوە و لە عێلی جاف بووە و گەلێ پەیڕەو و لایەنگری بووە و قسەکانی لە دڵی خەڵکدا کاریان کردووە و بەو قسانەی دڵی خەڵکی بردووە، بۆیە پاشان خۆی بەنوێنگەی تیشکی خوا زانیوە و لەسەر ڕێ و ڕچەی یاری ڕۆیشتووە و گەلێ هۆنراوی لەم بارەوە داناوە.

لە پەڕاوی (دەورەی بابە ناووس)دا هاتووە: کە بابە ناووسی جاف لە ساڵی ٤٧٧ی کۆچیدا لە دایک بووە و لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە دێی (سەرگەت)ی هەورامانی لهۆن نێژراوە. لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو شوێنە و ئەو خول و زەمانە هەر بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن، پاشان بۆ خوێندن بەتەواوی شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە و فەلسەفە و ئاین و ڕشتەکانی تری زانستی خوێندووە و پاش ئەوە گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و داوای لە خەڵک کردووە کە سەری پێ بسپێرن و بێنە سەر ڕێ و ڕچەکەی و بەم چەشنە گەلێ لایەنگری پەیدا کردووە و، گەلێ کەسیش دوژمنی بوون و ویستوویانە بیکوژن. بەڵام ئەم بەسەریاندا زاڵ بووە و سەرئەنجام ئەوانی هێناوەتە سەر ڕێ و ڕچەکەی خۆی. ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە بابە ناووس و هاوەڵانیەوە گەلێ هۆنراوە بەجێ ماون کە لە پەڕاوێکدا بەناوی (دەورەی

بابە ناووس)دا تۆمار کراون و بەیادگار ماونەتەوە. بابە ناووس یەکێ لە هۆنەرانی بەرزی کوردە و هۆنراوەکانی گەلێ ناسک و پاراو و شیرینن. زۆربەی هۆنراوەکانی ئاینین . هۆنراوەکانی پتر پەند و ئامۆژگارییە. ئەمەش نموونەیەک لە هۆنراوەکانی:

١

نامەن بلە و شـــــــــۆرەتم ناووس        بابۆم ئەحمەدەن صاحێب جاو کووس
پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاووس        ذات ئاسوارەنان چەنی کەیکاووس

واتە: ناوم بلەیە و ناوبانگ ناووسە، باوکم ناوی ئەحمەدە کە خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزە. منیش ئەوا پەڕێکی تاوسم وەکو تەل داوە لە سەرم و لەگەڵ کەیکاوس شادا لە یەک ڕەگەز و بنچینەم.

٢

ئەز ناووسەنان جەی بەرزەماوا        ئاسیاوم نیاوە جەی تاش کاوا
هەر کەس نەهاڕ و بەلا نیـــــاوا        فەردا مەوێنی ڕووشان سیاوا

واتە: لەم بەرزە هەوارەدا من ناووسم و وەکو ئاگرگا ئەگرم و ئاشێکی خواپەرستیم لەسەر ئەم کێوەدا داناوە، هەر کەسێک ڕوو نەکاتە ئەم ئاشە و دانەوێلە بۆ توێشووی ڕۆژی پەسڵانی نەهاڕێ، بۆ خۆی بەڵا و قۆرتێ دێنێتە دی و لە ڕۆژی دواییدا ڕووی ڕەش دەبێ.

٣

جە وێما جە وێم، جە وێما جەوێم        دەرد و دەرمـــــانم جە وێما جە وێم
لوام وە ملە و دەست بەردم وەنێم        دیم تیر باران کەفتەن ئەو دلێم

واتە: دەرد و نەخۆشی و دەرمانم لە خۆمە و، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە لە خوا ڕەواینەتەوە، بۆیە چوومە ملەیێک دەستم گرتە داری نێم کە لە پڕا دیم بارانی تیر دڵ و دەروونمی پێکا و بەم چەشنە لە گوناه پاک و خاوێن بوومەوە.

٤

جە وێم پەنهانا، جە وێم پەنهانا        تیرێ وەم کەفتەن جەوێم پەنهانا
تیر جەگەوهەرا، گەوهەر جە کانا        تا نەخ مێـــــــــردان بدۆ بێستانا

واتە: تیرێ پێکامیە و بەخۆم نازانم پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەو تیرە نوێنگەی گوهەرێکی خواییە، وە ئەو تیرە بۆیە پێکامی بۆ ئەوەی مێردان و دەروێشان بەڕیز بگەنە بێستانی خوایی و بەمرازیان بگەن.



٥

جە بێ یاوەری، جە بێ یاوەری        خەریک مەندەنان جە بێ یاوەری
تو وێت بشناسە و بکەر داوەری        ئیتر چۆن باوەڕ وە مەرگ ماوەری

واتە: لەوەی کە یار و یاوەر و دڵخوازێکم نییە، داماو و سەرگەردان و ئاوارەم. تۆ خۆت بناسە و داوەری بکە، ئیتر چۆن بەمەرگ و ئەهریمەن بڕوا دەهێنی و لە پەنامەکیدا کەین و بەینت لەگەڵیدا هەیە؟

بابە ناووس لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر فەرمایشێکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دەفەرمووێ: «مَنْ عَرَفَ نَفسَهُ فَقَد عَرَفَ رَبَّهُ» واتە هەر کەسێک خۆی ناسی ئەوا خواش دەناسێ.

٦

جە سەرا و سەرێ، جە بەن و ماهێ        چەنی کۆڵدر و گوم کەردە ڕاهێ
شین بین وە میهمان یەک سان و شاهێ        فەرقمان نەبی نە ڕووی تەختگاهێ

واتە: لە سەرە و ژوورێک و لە ڕەوەز و ماهێک کە جێگای ڕاوەستانی هێزی خواییە، لەگەڵ پارێزگارێک و ڕێ ونکەری ڕۆیشتین و بووینە مێوانی سان و پادشایەک و، ئەو دۆخ و کردەوانە کە هاتنە سەرمانا، تۆفیرێکی نەبوو و هەموو بەپێی دەسەڵات و ویستی خوایی بوو. ئەم دوو بەیتییە لە یەکیەتیی بوونەوەریا (وەحدەتی وجوود) قسە دەکا .

سەرچاوەکان:


١- برهان الحق تالیف نورعلی الهی.
٢- مشاهیر اهل حق.
٣- یاداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس)
٤- دەورەی بابە ناووس (دەستنووس)
٥- سەرئەنجام (دەستنووس)
٦- دەورەی پردیوەر (دەستنووس)
٧- دەورەی بابە جەلیل (دەستنووس)

## دایە خەزانی سەرگەتی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

ئەم هۆنەرە ناوی خەزان و کچی ئەحمەدی سەرگەتییە، کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە دێی سەرگەت لە دایک بووە و هەر بەمنداڵی باوکی مردووە، دایکیشی لەبەر هەژاری و بێ نەوایی شووی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ تاقە کچەکەی پەروەردە بکا و بەرەوشتێکی باش بیهێنێتە بار بۆ سوودی دوارۆژی کۆمەڵ. دایە خەزان هەر بەمنداڵی لە لای دایکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان لە لای مەلای ئاواییەکەیان بەخوێندنەکەی پەرەی داوە تا بەتەواوی فێری خوێندن و نووسین بووە و ئەوسا خووی داوەتە دیوانی هۆنەرانی کورد و سروشتە جوانەکەی کوردستانیش دەرگای چریکەی هۆنراوی بۆ کردووەتەوە، لە پاڵ ئەمەشەوە کە چووەتە سەر ڕێ و ڕچەی یاری، ئەوەندەی تر ئاگری کورتژمەکەی خۆش کردووە و دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە.

لە پەڕاوی (دەورەی بابە ناووس)دا هاتووە، دایە خەزانی سەرگەتی کە یەکێ لە ژنانی پارێزگار و خواناسی سەدەی پێنجەمی یارییە، سەرەتا لەگەڵ بابە ناووسی سەرگەتیدا بەربەرەکانێی کردووە و پاشان سەری سپاردووەتە ڕێ و ڕەوشتەکەی و بووەتە یەکێ لە یارانی ئەو و لەم بارەشەوە تا ماوە بۆ ئەم ڕێ و ڕەوشتە تێ کۆشاوە و ژاری لەسەر نۆشاوە و ئەوسا لە سەرگەت مردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە دایە خەزانەوە هەندێ دووبەیتی بەجێ ماون کە لە پەڕاوی (دەورەی بابە ناووس)دا تۆمار کراون. هۆنراوەکانی ئەو گەلێ پاراو و شیرین و دڵنیشینن. گەرچی لە دایە خەزانەوە چەند دووبەیتییەک بەجێ ماون بەڵام هەر ئەم چەند دووبەیتییەی نموونەیەکن بۆ سەدان هۆنراوی تری کوردی کە بەهۆی ئەم دووبەیتییانەی دەتوانین پلەوپایەی ئەومان لە مەیدانی هۆنراوی کوردیدا بکەوێتە دەست و لێی بکۆڵینەوە. ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بڵێین کە زۆربەی دووبەیتییەکانی ئەو لە سەر ڕێ و ڕەوشتی یاری ڕۆیشتوون. ئەمەش نموونەیەک لە دووبەیتییەکانی:

١

شێرە کریا جەور، شێرە کریا جەور — نە دەست بلە مەردوم کریا جەور
دادمان ڕەسان نەدەست ئی گەور — دەستی وەش ئافات دندانش هزەور

واتە: کوڕم شێرۆ، بابە ناووس خەڵکی وەڕەز کردووە و ستەم لە خەڵک دەکا، وەرە بگە هانامان و خەڵک لە دەست ئەم گەورە ڕزگار کە و وەکو شێر ئەو لە ناو بەرە با لە بەلا و



قۆرتی ئەم پیاوە ڕزگارمان بێ. ئەم دووبەیتییەی لە کاتێکدا وتووە و داوای لە شێرۆی کوڕی کردووە کە بابە ناووس لە ناوبا کە هێشتا سەری بەڕێ و ڕچەی یاری نەسپارد بوو.

٢

تیری وەت کەفۆ دەم و دگانا — مەردەت زیندە کەرد جە گۆڕستانا
یارت گلەودان جە وەر ئاوانا — چای خودایوەن هەنش نیشانا

واتە: تیرێکت بۆ هاوێشت و ئەو تیرە نیشتە ناو دڵم و گیانمی بووژانەوە، وەکو ئەوەی کە مردووت لە گۆڕستانا زیندوو کردبێتەوە. تۆ بەم کردەوەت یاری خۆتت لە لافاوی ڕووبار و بەری ئاوانا گلەودا، بەڕاستی ئێستا دەزانم کە تۆ نوێنگەی خوایت.

سەرچاوەکان

١– مشاهیر اهل حق.
٢– سەرئەنجام (دەستنووس)
٣– دەورەی بابە ناووس (دەستنووس)
٤– دەورەی پردیوەر (دەستنووس)
٥– یاداشتی کاکەردایی (دەستنووس)

## قازی (نەبی)ی سەرگەتی

سەدەی پێنجەمی کۆچی

هۆنەری ئەم شوێنەمان ناوی نەبی و کوڕی تایەری سەرگەتییە کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە دێی سەرگەتدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. لە دەوری منداڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و لە پاش خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکان. دەستی کردووەتە خوێندنی زانستەکانی ئیسلامی و لە پاشا بەفەقێیەتی بەزۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە، سەرێکیشی داوە لە دەینەوەر و پاشان گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی خەڵک ئەویان بۆ داوەریی سکاڵاکانیان هەڵبژاردووە و نازناوی قازییان پێ داوە و ژیانی بەم جۆرە ڕابواردووە تا مردووە.

لە پەڕاوی (دەوری بابە ناووس)دا نووسراوە: قازی نەبی کە لە سەدەی پێنجەمدا سەری هەڵداوە، قازییەکی وریا و ئاگا بووە و، کاتێکدا کە بابە ناووس دەرکەوتووە و ڕێ و ڕچەی (یاری)ی لەناو خەڵکدا پەرەپێ داوە. ئەویش سەری پێ سپاردووە و پاش ئەوە ژیانی خۆی بەگۆشەگیری بەسەر بردووە تا مردووە.

لە قازی نەبییەوە هەندێ دووبەیتی بەجێ ماون کە لە پەڕاوی (دەورەی بابە ناووس)دا تۆمار کراون. زۆربەی دووبەیتییەکانی ئاینین و لەسەر ڕێ و ڕچەی دەروێشی ڕۆیشتوون و لەگەڵ ئەوەش هۆنراوەکانی زۆر قووڵ و گرانن. ئەمەش هەندێ لە دووبەیتییەکانی بۆ نموونە کە دەڵێ:

١

قازی غەزەب کەر، قازی غەزەب کەر    پەرێ شەکداران قازی غەزەب کەر
نێزە بیم نەدەست ئەمیر شەش پەر    تێغ دووسەر بیم بەشەست حەیدەر

واتە ئەی قازی، بێ بڕوایان و دوو دڵان بەنێزە و شمشێر بەسزای خۆیان بگەیێنە و قین و ڕقی خۆت بەبێ بڕوایان و ناخوایان پیشان بدە، هەروەها کە عەلی کوڕی ئەبووتالب (حەیدەر) بتپەرستەکانی بەهۆی شمشێری دوو دەمەوە لەناوبرد، تۆیش وا بکە.

٢

شیام ئەو هەفت خوان، شیام ئەو هەفت خوان
چەنی ڕۆییتەن شیام ئەو هەفت خوان
کێشانم سەختی زەنەندەی ڕەوان
زات ئاسوارەنان چەنی شارەوان

واتە: من لەگەڵ ئەسفەندیاری ڕۆیینتەندا ڕۆیشتمە حەوت خوان و گەلێ سەختی و تەنگوچەڵەمەم دیوە و ئەمانەش کاریان لە ڕۆح و گیانم کردووە و، من لە چاوی بڕۆنیدا بۆ دوژمنان وەکو زەنگەی شارەوانم. ئەو دووبەیتییە دیاردییە بۆ چیرۆکی حەوت خوانی ڕۆستەم کە بەپێی شانامە: کاتێ ڕۆستەم بۆ ڕزگاریی کەیکاووس ڕۆیشتە مازەندەران و لەگەڵ دێوان شەڕی کرد، لە ڕێدا تووشی حەوت کارەسات بوو و سەرئەنجام بەسەر دێوەکاندا سەرکەوت و کەیکاوسی لە بەندی ئەوان ڕزگار کرد. جا بەهەر کام لەو کارەساتانە (خوان) وتراوە.

سەرچاوەکان:


١- مشاهیر اهل حق.
٢- دەورەی بابە ناووس (دەستنووس)
٣- سەرئەنجام (دەستنووس)
٤- دەوری پردیوەر (دەستنووس)
٥- یادداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس)




## ئەحمەدی جاف

سەدەی پێنجەمی کۆچی

هۆنەری بەرزی ئەم هۆزەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی فەتاحی جافە کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە تافی جوانیدا سەری خۆی هەڵگرتووە و هاتووەتە دێی سەرگەت و لەوێ لە مزگەوتدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان ژنی هێناوە و خەریکی کشتوکاڵ بووە. کە بابە ناووسی کوڕی ڕێ و ڕچەی یارسانی دامەزراندووە، ئەویش چووەتە سەر ئەو ڕێ و ڕچە و ئیتر لە لای خەڵک ڕێزی پەیدا کردووە و خەڵک بەبۆنەی کوڕەکەیەوە گەلێ ڕێزیان گرتووە و لە هەموو کاروبارێکی خۆیاندا پرسیان پێ کردووە و ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ئاخروئۆخری سەدەی پێنجەم لە دێی سەرگەتدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە وێدا نێژراوە.

ئەحمەدی جاف لەگەڵ ئەوەی شێوەی زمانی زگماکی خۆی جافی بووە، بەڵام لە شێوەی هۆنراوەی گۆرانیدا مامۆستا بووە و وەکو لە پەڕاوی (دەوری بابە ناووس) دەردەکەوێ، ئەو سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێک: ئاینی، دڵداری، سروشتی و چیرۆکی. بەڵام بەداخەوە جگە لە چەند دووبەیتی نەبێ، ئەوانی تری هەمووی تیاچوون و شتێکی وای نەماوەتەوە. ئەوا چەند هۆنراوەی ئەو بەنموونە دێنینەوە:

یاران پەنهان، یاران پەنهان    حەمزە و سالح بیان وە دەوان
دیدەنم وەچەم ساحێب هەفت کەیوان    زات ئاسوارەنان چەنی نەوشێروان

واتە: ئەی یارانی ڕازدارم، ئەوا حەمزە و ساڵح کە ئێمەیان بەجێ هێشتبوو، هاتنەوە و گەڕانەوە ناومان. من هێزی خاوەنی حەوت کەیوانم بۆ دەرکەوتووە و نەوشێرەوان لە چاوی بڕۆنی و خواناسی و دادگەریدا هاوتای منە و من و ئەو لە ئەم بارەوە لە یەک پلەوپایەداین.

نەوشێرەوان کە لەم هۆنراوەدا دیاردی پێ کراوە، کوڕی قوبادی ساسانییە کە لە ساڵانی (٥٣١-٥٧٩)ی زاینیدا ژیاوە. لە زەمانی باوکی ئەم پاشایەدا مەزدەک ڕێ و ڕچە و ئاینێکی نوێی هێنا و قوباد ئەو ئاینەی وەرگرت و لەپاش ماوەیەک وازی لێ هێنا و نەوشێرەوان بەفەرمانی باوکی، مەزدەک و مەزدەکییەکانی کوشت و ئەوسا بووە جێنشینی باوکی و پاشان خەریکی ئاوەدان کردنەوەی وڵات و وڵاتداری بوو. لە دەوری ئەم شایەدا گەلێ پەڕاو لە سانسکریتەوە وەرگێڕایە سەر زمانی پەهلەوی.

٢

| | |
|---|---|
| جـەسـەراوسـەرێ جـە دلێ چاڵێ | چەنی دەریا و ڕۆ سـووچیـام باڵێ |
| تا بیم وە هـامـدەم گـۆنا و لەو ئاڵێ | زات ئاسـوارەنان چەنی پیـر زاڵێ |

واتە: لە بەرزی و لە نێوان چاڵ و چۆڵی و، لەناو دەریا و ڕووبارێکدا باڵەکانم سووتا و ئەوەبوو کە لە هەموو زانستێکدا سەر ڕشتەم پەیدا کرد تا بوومە هاودەم و هاوڕازی گۆنا و لێوئاڵێک و، ژیانم لەگەڵیدا بردە سەر. من لە چاوی خواناسی و گەورەییدا هاوتای زاڵی کوڕی سامم.

سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق.

٢- برهان الحق، تألیف نور علی الهی.

٢- سەرئەنجام (دەستنووس).

٤- دەورەی بابە ناووس (دەستنووس).

٥- کورتەی نامەی سەرئەنجام (دەستنووس).

٦- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).

٧- یادداشتی کاکەردایی (دەستنووس).

## پیر ئەحمەدی کەرکووکی

سەدەی شەشەمی کۆچی

هۆنەری ئەم شوێنەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی نەسەی کەرکووکییە کە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە، هەر بەمنداڵی وریا و زیرەک بووە و، لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و، لە دەمە دەمی جوانیدا، هۆنراوەی باشیشی هەڵبەستووە. لەبەرئەوەی کە ڕوومەتێکی جوان و دەنگێکی خۆشی بووە، هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەوا و ئاهەنگی تەنبوورەوە خوێندووەتەوە. کەم کەم وای لێ هاتووە کە خەڵک لە دوورەوە هاتوون و گوێیان بۆ هۆنراوەکانی شل کردووە. بەرهەمی مرخی خوایی پیر ئەحمەدی کەرکووکی زۆر بووە و، دەریای دەروونی پڕ بووە لە گەوهەری هێژای هۆنراوی جوان. لەم هۆنەرە پایەبەرزە، هەندێ هۆنراو لە پەڕاوی سەرئەنجامدا ماونەتەوە کە گەلێ ڕەوان و دڵگر و سادەن، ئەم هۆنراوانە نموونەیەکن لە بەرهەمەکانی ئەو:





| | |
|---|---|
| ئەز ئەحـمـەدی زێڕین بەرم | ئەز ئەو دوڕەی ناو گـەوهـەرم |
| ئەرز و سـەمـایە لەنگەرم | لە ڕۆژ حـەساو ئەز لە دەرم |
| ئەز ئەحـمـەدم بارم گـێلان | تاونـم داوە بەخـێـلان |
| جـەژنم دانـاوە لەکـەیـان | لـە ڕۆژ حـەسـاو ئەدەم بەیان |
| ئەز ئەحـمـەدی ناو بچـووکم | هـەم نەوزاوا و هـەم نەوبووکم |
| زەڕینـەڵەی دەستە لووکـم | ڕۆژی حەسـاو ئەز دەکووکم |
| ئەز ئەحـمـەدی بێ منداڵم | هـەم نەوزاوا و هـەم نەومـاڵم |
| زەڕینـەڵەی نـاو دەسـتـمـاڵم | ڕۆژی حـەسـاو ئەز دەنـاڵم |
| ئەز ئەحمەدی دەریای جەیحوون | چەندێ گـەڕام بەدووناى دوون |
| لە گـشت لاوە هەڵسـاوە هوون | لە سیاوەخشۆ کرام گوڵگوون |
| ئەز ئەحـمـەدی ئاو تەشـارم | لە نـاوی دوڕ گەوهـەر بارم |
| لە هـەفـتـەمین ناوی یارم | ڕۆژی حـەسـاو ئەز دیارم |

واتە: من ئەو پارێزگارەم کە نوقمی دەریای خواناسی بووم و پلەوپایەی خواناسیی من گەیشتووەتە جێگایەک کە زەوی و ئاسمان بەلەنگەرگای خۆم ئەزانم و لە ڕۆژی پەسڵاندا خۆم دەنوێنم. من ئەو کەسەم کە نە ماڵم هەیە و نە منداڵ و، بەهێزی خواناسی هەموو جێگایەک پڕ لە شادی و خۆشی دەکەم و، شادی و خۆشی هەموو کەسێک بەشادی و خۆشیی خۆم دەزانم و دەرد و پەژارەی ئەوانیش، بەدەرد و پەژارەی خۆم دادەنێم، چونکە مرۆ لە بناغەدا لە یەک سەرچاوەوە بەدی هاتووە و، منیش کە بنیادەمم دیارە لەو سەرچاوەوە بەدی هاتووم. بەڵام من نوقمی خواناسی بووم و، پلەوپایەی خواناسیی من گەیشتە دەریای جەیحوون. لەوێدا لە هەموو لایەکەوە خوێن هەڵسابوو و خوێنی سیاوەخشی دەهێنایە بیر. من بەناویاندا گەڕام و بەهێزی خواناسی ئەوانم لە ڕێگەی چەوت و چەوێڵ لادا و هێنایانمە سەر ڕێگەی خواناسی و ڕزگاریانم کرد.

سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق.

٢- سەرئەنجام (دەستنووس).

٣- دەورەی پردیوەر (دەستنووس).

٤- کورتەی نامەی سەرئەنجام (دەستنووس).

٥- دەورەی پیر عالی (دەستنووس).

٦- یادداشتی کاکەڕدایی (دەستنووس).

## فەرمانڕەوایانی ئێزیدی

### لە سەدەی پێنجەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی

کاتێ کە شیخ ئادی لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ڕێ و ڕچەی ئێزیدیی لە هەکاریدا دامەزراند، دەستە دەستە خەڵک دەهاتنە ریزی لایەنگرانی ئەو و، تەنانەت زانایانی گەورەی ئیسلام لەو سەردەمەدا ڕێزیان بۆ شێخ ئادی دادەنا. بەپێی پەڕاوی شەرەفنامە و هەندێ بەڵگەی مێژوویی تر، شارۆلکەی هەکاری لەو دەمەدا لەژێر فەرمانی میری مووسڵدا بوو، بەڵام پاشان کە ڕێ و ڕچەی ئێزیدی دامەزرا و زۆربەی خەڵکی شارەکە ئەم ڕێ و ڕچەیانە وەرگرت، ئیتر هەموو کەوتنە ژێر فەرمانی شێخ ئادێ و ئەویش هەر ڕێنوێنیی خەڵکی دەکرد. بەپێی پەڕاوی (فوات الوفیات)، مەڵبەندی هەکاری لە سەردەمی شێخ ئادیدا بەجۆرێک پەرەی سەند و بەخۆداهات و لە باری کشتوکاڵ و ئاوەدانیدا برەوی پەیدا کرد کە بەهەشتی بەرین خۆزگەی پێ دەخواست. لەم ڕۆژگارەدا لە هەموو دێ و شارۆلکە و شارێکەوە هۆزەکانی کورد ڕوویان ئەکردە هەکاری بۆ دیتنی شێخ و شێخیش ئەوانی بانگ دەکردە سەر ڕێبازەکەی و تەنانەت گەلێک تورک و عەرەبیش هانایان بۆ دەهێنا و پاشان لەوێدا دادەمەزران. شێخ لە گیانەڵادا ڕای سپارد کە لەپاش خۆی ئەبوولبەرەکاتی برازای ببێتە جێنشینی و ئەوسا لەساڵی ٥٥٧ی کۆچیدا گیانی پاکی سپارد بەخوای تاق و تەنیا.

لەپاش مەرگی شێخ ئادی، ئەبوولبەرەکات بووە جێنشینی و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنی خەڵک و جێبەجێ کردنی کاروباری شارۆلکەی هەکاری و دەوروبەری بوو، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەودا ناکۆکی و ناتەبایی کەوتبووە ناو ئێزیدییەکان و ئەو توانیی هۆزەکانی ئێزیدی ڕێک بخا و هاودەنگ بکا و، هەموو ساڵێک چەند کیسە زێڕ و زێوی بەخەڵات بۆ فەرمانڕەوای مووسڵ دەنارد، چونکە هەکاری بەیەکێ لە شارۆڵکەکانی مووسڵ دەهاتە ژمار و زۆری پێ نەچوو کە لە ساڵی ٦١٥ی کۆچی سەری نایەوە و کوڕێکی بەناوی حەسەن لەپاش بەجێ ما و ئەوسا لەسەر فەرمانی بەدرەدین لۆلۆ فەرمانڕەوای مووسڵ کرا بەجێنشینی ئەبوولبەرەکات. شێخ حەسەن پیاوێکی زانا و تێگەیشتوو و هۆنەر و بەخشندە و بەبەزەیی و میهرەبان بوو، بەڵام لایەنگرانی ئەویان زۆر بەرز کردەوە و لە لایەکی تریشەوە هەندێک لە ئێزیدییەکان خەریکی ڕێگری و جەردەیی و ملهوڕی بوون و بەجارێ خەڵکی ئەو ناوەیان وەڕەز کردبوو و، فەرمانڕەوای مووسڵیش کە ئەمەی پێ ناخۆش بوو جزیەی شارۆڵکەی هەکاریی زیاد کرد و لە پاشا دەستووری دا شێخ حەسەنیان گرت و بردیانە قەڵای شاری مووسڵ و لەپاش ماوەیە ک لە ساڵی ٦٤٤ی کۆچی ئەویان خنکاند، بەڵام پەیڕەوانی دەیانوت ئەو نەکوژراوە و دەگەڕێتەوە.



میرانی ئێزیدی هەر لە شیخ ئادییەوە تا شێخ حەسەن، هەموویان زانا و تێگەیشتوو و هۆنەر بوون و هەر کام شوێنەوارێکی وێژەییان بەزاراوەی کرمانجیی لە شوێن بەجێ ماوە. گەلێک لە نووسەران و لێکۆڵەران لایان وایە کە دوو پەڕاوی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) هی شێخ (ئادی)ن و ئەو نووسیویەتی، بەڵام ئەمە جێی بڕوا نییە، چونکە پەڕاوی جیلوە، بەزاراوەی سۆرانییە و شێخ ئادیش بەشێوەی خەڵکی هەکاری دواوە و، پەڕاوی مەسحەفا ڕەش بەجۆرێ بۆمان دەرکەوتووە، دوو سەد ساڵ پاش شێخ ئادی نووسراوە و پەیوەندیی بەوەوە نییە. بەڵام گەلێ هۆنراو لە شێخ (ئادی)یەوە بەجێ ماون کە لەناو ئێزیدییەکاندا ئێستاش باون.

## ڕێ و ڕچەی ئێزیدی

ڕێ و ڕچەی ئێزیدی وەکو لە پەڕاوی جیلوە و مەسحەفا ڕەشدا دەردەکەوێ مێژینەیەکی کۆنی هەیە و دەتوانین ئەم ڕێبازە بەپاشماوەی ئاینی مانی دابنێین، بەڵام ئاینی زەردەشت و مەزدەک و ئیسلامیش کاریان کردووەتە سەر ڕێ و ڕچەی ئەوان چونکە لە هەرێمی هەکاریدا بەر لەوەی ڕێبازی ئێزیدی بێتەدی، دەستەیەک بەناوی (ترهایا) دەژیان کە ئەمانە پەیڕەوی ئاینی زەردەشت بوون و پاشان کە ڕێبازی ئێزیدی سەری هەڵدا ئەمانەش بوونە ئێزیدی و هەر لەوێدا مانەوە.

مێژوونووسان دەڵێن لەپاش پەیدابوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئێزیدییەکان پەنایان بردە کێوەکانی حەلوان و شارەزوور بۆ ئەوەی ڕێ و ڕچەکەی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئیسلام بووە هۆی ئەوە کە گەلێک لە ئێزیدییەکان بڕوای پێ بهێنن و، ئەوەی کە دەڵێن شێخ ئادی ئەم ڕێبازەی لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا پێک هێناوە، ئەمە هەڵەیە، چونکە ڕێبازی ئێزیدی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام، بەڵکو شیخ ئادی ڕەنگ و بۆی ئیسلامیی پێ داوە و ئەمانە ئێستاکە لە دەوروبەری حەلەب و وان و ئەرزەڕۆم و مووسڵ و سنجار و شێخاندا ژیان دەبەنە سەر.

هەندێ لە نووسەران و مێژوونووسانیش ئەوانیان بەشەیتانپەرست داناوە کە هەر لە ناوەکەیانەوە دیارە یەزدانپەرستن و هەندێ لە ڕێ و ڕچەکەیان لەگەڵ ڕێ و ڕچەی یاریدا یەک دەگرێتەوە و دیارە لە یەک سەرچاوەوە هاتوون و دەگەڕێنەوە بۆ ئاینە کۆنەکانی ئێرانی.

## شێخ (ئادی)ی هەکاری

٤٦٧ – ٥٥٧

شێخ شەرەفەدین کوڕی موسافر کە نازناوی ئادیّ و لە هۆزی تیراهیـیە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە لە ساڵی ٤٦٧ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ٥٥٧ لە تەمەنی نەوەد ساڵی لە هەکاریدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

ئیبنی ئەسیری جەزیری لە بەرگی یانزەهەمی پەڕاوی (الکامل)دا دەڵێ: ئادیّ کوڕی موسافر، یەکێ لە پارێزگارانی گەورە بووە و لە شام و بەعلبەکدا ژیاوە و پاشان چووەتە هەکاری و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٥٥٧ی کۆچی ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە. شێخ ئادیّ لە شامەوە ڕۆیشتووەتە مووسڵ و لەوێدا خەریکی ڕێنوێنی خەڵک بووە و خەڵکیش لە دەوریا کۆبوونەتەوە و خۆشیان ویستووە و قسەیان لێ بیستووە و پاش ماوەیەک چووەتە هەکاری و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

ئیبن خەلەکانی هەولێریش لە پەڕاوی (وفیات الاعیان)دا دەڵێ: شێخ ئادی کوڕی موسافر لە دێی بەیت قاری بەعلەبەکدا پەروەردە بووە، ئەو پیاوێکی خواناس و پارێزگار بووە و ناوبانگی خواناسیی ئەو لە هەموو شوێنێکدا دەنگی داوەتەوە، بۆیە گەلێ لە خەڵک پەیڕەو و لایەنگری بوون و بۆ هەر کوێ چووە کەوتوونەتە شوێنی و پاشان خەڵک ئەویان بەڕووگەی خۆیان داناوە و بۆیە هەموو شتێکیان لێ ویستووە. ئەم پیاوە گەورەیە لەگەڵ شێخان و پارێزگاران و پیاوە هەڵکەوتووەکانی ئەو زەمانەدا وەکو: (عقیل منجی) و (حماد باس) و (ابی نجیب) و (عبدالقادر سهروردی) و (عبدالقادر گیلانی) و (ابوالوفاء حلوانی)دا پەیوەندیی دۆستایەتیی هەبووە، بەڵام پاشان خۆی لەوان جیا کردووەتەوە و پەنای بردووەتە کوێستانەکانی هەکاری و لەوێدا لە گۆشە و قوژبنێکدا ستاری گرتووە و لەپاش ماوەیێک پەرستگایەکی دروست کردووە و خەڵک ڕوویان تێ کردووە و سەریان پێ سپاردووە. هەتا لە ساڵی ٥٥٧ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە.

حافز شەمسەدینی زەهەبی لە بەشی دووهەمی پەڕاوی (دول الاسلام)دا دەڵێ: شێخ ئادی لە ساڵی ٥٥٧ی کۆچی لە هەکاریدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە و گەلێ لە خەڵکی ئەو ناوە سەریان پێ سپاردووە و بوونەتە پەیڕەوی ڕێ و ڕچەکەی.

شێخ زەینەدین لە بەشی دووهەمی (تاریخ ابن الوردی)دا دەڵێ: شێخ عەدی کوڕی موسافر لە ساڵی ٥٥٧ی کۆچی لە مانگی موحەرەم لە وڵاتی هەکاریدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم خواناسە گەورە لە بەعلەبەکدا لەدایک بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە



مووسڵ و خەڵکی ئەو ناوە ڕوویان لێ ناوە و بوونەتە لایەنگری.

شێخ محەمەدی حەنبەلی لە پەڕاوی: (قلائد الجواهر)دا دەڵێ: شێخ عەدی کوڕی موسافری ئەمەوی لە بەعلەبەکدا لەدایک بووە و لە خولی جوانیدا ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێدا لەلای زانایانی ئەو سەردەمە خەریکی خوێندنی زانست بووە و لەپاش ڕەنج و سەخڵەتیەکی زۆر، تەنیایی و گۆشەنشینیی هەڵبژاردووە و پاشان چووەتە هەکاری و لەوێدا پەنای بردووەتە ئەشکەوت و غارێک خەڵک کە هەستیان بەهاتنی شێخ کردووە، دەستە دەستە و پۆل پۆل چوونەتە لای و ئەویش ناچار لە ئەشکەوتەکە دەرچووە و خەریکی ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان بووە و، بەم چەشنە ژیانی بردووەتە سەر تا لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەوەی کە هەندێ لایان وایە ئادیّ یا شێخ ئادی لە هۆزی ئەمەوی و لە ڕەسەنی عەرەب بووە، بەتەواوی لە هەڵەدان. چونکە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە، شێخ ئادی لە کوردەکانی هۆزی تیراهیـیە و لە کورد بوونی ئەودا شک و گومانێ نییە. چونکە عێلی تیراهی یەکێ لە عێلەکانی کوردستانی تورکیەیە کە نزیکەی هەزار و پێنج سەد بنەماڵەیەک دەبێ و تیراهییەکان ئێستا لە باکووری دیاربەکردا دەژین و چوارسەد بنەماڵەیەکیشیان لە بیست و چوار میلیی ئەنقەرەدا نیشتەجێن و چەند بنەماڵەیێکیش لەم عێلە لە سووریەدا ژیان ئەبەنە سەر.

مامۆستا یەعقووب سەرکیس لە پەڕاوی (مباحث العراقیە)دا دەڵێ: لە یەکێ لە نوسخە دەستنووسەکانی ئارامیدا کە قەشەیەک بەناوی (میشوع) لە ساڵی ٨٥٥ی کۆچیدا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرانسە و لە گۆڤاری «نوو»ی فەرانسەویشدا لە چاپی داوە، هاتووە: کە شێخ ئادی کوڕی موسافر کوڕی ئەحمەد لە کوردەکانی تیراهییە. عێلی تیراهی بەپێی ڕەوشتی کۆنی خۆیان هەموو ساڵێک لە وەرزی هاویندا دەچوونە زۆزان و لەوێدا دەمانەوە و لە وەرزی زستانیشدا بەرەو مووسڵ دەکەوتنە ڕێ و لەوێدا نیشتەجێ دەبوون، چونکە باووباپیری ئادی لەوێدا دەژیان و خەڵکی زوزانیش لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەی شێخ ئادیدا قشلاق و ئێلاخیان دەکرد و، ئەم دەستە لە ئێزدییەکان کە خزمەتی بنەماڵەی شێخ ئادییان ئەکرد، کاتێ لە زۆزان دەگەڕانەوە، دەچوونە لای ئادیی کوڕی میرەکەیان و ئەو دیارییە بایەدارانە کە بۆیان هێنابوو پێیان دەدا و ئادیش بەگەرمییەوە مێوانداری لێیانەوە دەکرد و هەموو چەشنە خواردەمەنی و خواردنەوەیەکی پێیان دەدا و لە شەونشینییەکاندا کە لەگەڵیدا کۆ دەبوونەوە، قسەی خۆشی بۆیان دەکرد و کوردەکانی ئێزدیش ئادییان زۆر خۆش دەویست.

مامۆستا راغب تەباخ حەلەبی لە بەرگی پێنجەمی پەڕاوی (اعلام النبلاء)دا دەڵێ: عزدەین کوڕی یوسفی عەدەوی، کوردی فەرمانڕەوای حەلەب کە لە کۆتاییی دەوری چەرکەسەکان و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیا، لە نەوە و نەتەوەی شێخ ئادیٚ کوڕی موسافر بووە و بنەماڵەی ئەوان بەبنەماڵەی شێخ مەند ناسراوە و ئەو میرە لە ساڵی ٩٤٨ی کۆچیدا مردووە.

شێخ (ئادی) هەکاری بەیەکێ لە زانایان و پارێزگاران و خواناسانی گەورەی سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی کورد دێتە ژمار. لە شێخ ئادییەوە هەندێ هۆنراوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەجێ ماون کە لە دەفتەرەکانی ئاینی ئێزەدییەکاندا تۆمار کراون. ئەم چەند هۆنراوانە کە لە و پەسندی خوادا وتراون هی ئەون:

| | |
|---|---|
| حەقوو تە پادشاهی | خودانی مێهر و ماهی |
| رەزاقی جن و ئینسی | خودایی عالەما قودسی |
| مزگینی بی بینە کوردستانێ | بلاڤ کەن دەفتەرا ئیمانێ |

واتە: ئەی خوای گەورە و گران! تۆ خودان و پەروەردگاری خۆر و مانگی و، رۆزی دەری مرۆ و جنۆکەی و خوا و داهێنەری هەر دوو جیهانی. ئەی خوای مەزن، ئەمە مزگێنیەکە بۆ خەڵکی کوردستان کە دەفتەری بڕوا و ڕێ و ڕەوشتی تۆ بڵاو دەکەنەوە و هەموو دەمێ ناوت ئەبەن و سپاست دەکەن.

ئەم هۆنراوانە لەسەر کێشی هیجا هۆنراونەتەوە و هەموویان حەوت هیجایین و ئەم چەشنە هۆنراوانە مێژینەیەکی کۆنیان هەیە و زۆربەی هۆنراوەکانی زەردەشت کە لە نامیلکەی گاتادا هاتووە بەهۆنراوی حەوت و هەشت و دە هیجایی هۆنراونەتەوە و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین کە کێشی ئەم هۆنراوانە کێشێکی خۆماڵییە و لە باری ناوەرۆکیشەوە زۆر بەرزن و ناوەرۆکەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی مێهرپەرستی و خۆرپەرستی.

شێخ ئادی وەکو دەڵێن هەندێ نووسراوی تری بەکوردی و عەرەبی بووە کە بەداخەوە بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە نەگەیشتوونەتە دەستمان و لەناوچوون.

سەرچاوەکان:


١- الکامل فی التاریخ. تالیف ابن اثیر - بولاق ١٢٧٤ه.
٢- وفیات الاعیان. تالیف شمس الدین ابن خلکان - مصر ١٣١٠ه.
٣- فوات الوفیات تالیف. ابن شاکر کتبی - مصر ١٣١٢هـ.





٤- تاریخ ابن الوردی تالیف. ابن الوردی - قاهره ١٩٢٤.
٥- دول الاسلام. تالیف حافظ شمس الدین الذهبی - مصر ١٩٤٥.
٦- قلائد الجواهر. تالیف شیخ محمد الحنبلی - قاهره ١٩٣٢.
٧- اعلام النبلاء. تالیف راغب طباخ - بیروت ١٩٦٢.
٨- مباحث العراقیه. تالیف یعقوب سرکیس - بغداد ١٩٤٧.
٩- تاریخ الموصل. تالیف سلمان صائغ - بغداد ١٩٣٤.
١٠- الیزیدیه قدیما وحدیثا تالیف. اسماعیل جول - بغداد ١٩٤١.
١١- شرفنامه. تالیف امیر شرف خان بدلیسی - تهران ١٣٤٣.
12- Basile Nikitine: Les Kurdes, Etudes Socialigiques et Ethnographiques, Paris. 1959


## ئەبوولبەرەکاتی هەکاری

٥٤٥ - ٦٢٥

ئەبوولبەرەکاتی کوڕی سەخر، بەپێی پەڕاوی (سماط الامراء) برازای شێخ ئادی هەکارییە و لە ساڵی ٥٤٥ی کۆچی لە هەکاریدا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا لەلای هەندێ زانایانی خوێندنەکەی تەواو کردووە و ئەوسا کە مامی کۆچی دوایی کردووە بووەتە جێنشینی ئەو و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ٦١٥ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە پاڵ گڵکۆکەی شێخ ئەدێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی (بهجە الاسرار)دا نووسراوە: کە شێخ ئادی وتوویەتی: ئەبوولبەرەکات جێنشینی منە و، لە پاش ئەویش کوڕەکەی لە جێی ئەودا دانیشت. ئەم پیاوە وەکو باوکی پیاوێکی چاک و پارێزگار و زانا و تێگەیشتوو و ویندار بوو و، خەڵک ئەویان زۆر خۆش دەویست و خۆی بەکەم دەزانی و بۆ زانایان رێزی دادەنا.

بارامی سنجاری لە پەڕاوی (خوانی میران)دا کە کورتە باسێکی لەسەر چۆنییەتیی ژیانی ئەبوولبەرەکات و شێخ حەسەنی کوڕی بەزمانی عەرەبی نووسیوە، دوو چەکامەیشی لە سەردێڕی (زەبوونی مەیسوور) و (سوڕا ئەفرینا دونیایی)[1] لەم دوو میرە هێناوە کە یەکەمی هی ئەبوولبەرەکاتە و ئەویتری هی شێخ حەسەنی کوڕیەتی و هۆنراوەکانیان لە ئەوپەڕی بەرزی و شیرینی و ڕەوانیدان. ئەمەش چەکامەی زەبوونی مەیسوور کە دەڵێ:

(١) دوکتۆر قەناتی کوردۆ ئەم دوو چەکامەی لە ژمارە یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا لە چاپ داوە بەبێ ئەوەی ناوی هۆنەرەکانی ببا.

چ زەبوونە کە مەیسوورە
جەم عەزیز مەلک فەرخەدین دەستوورە
مەتحا بدن بەهرێد کوورە
چ زەبوونە کە کێم تاقەتە
بەهرێد گران ددن ئوسفەتە
مە جەما بن ب ئەڤزارە
وەرن ژڤێ بەحرێ بدن خەبەرە
وێ بەحرێدا هەنە دوڕێد جەواهرە
مەتحا بدن کەبیر
ئەڤ تەختێ سەر بوون میر
یا ئیلاهۆ توو و ئاغایی، توو وەزیری
خاسا مێر دناسە
پادشایێ دوڕێ کاسە
کرە رکنا چقاسی ئەساسە
کرە ڕکنا ڕکنی
دوڕ ژ هەیبەتی هنجی
دوڕێ تاقەت نەکر هلگری
دوڕ ژ رەنگا خەملی
سۆر بوو، سپی بوو، سەفری
سوور بوو، سپی بوو، گەش بوو

واتە: مەیسوور زەبوونە و لەلای عەزیز مەلیک فەخرەدیندا ڕەوایە. دەریاکانی بێ بن ستایش بکەن، وەرن و لەم دەریایانە هەواڵ بدەن، لەم دەریایانەدا دوڕ و مرواریی سپی هەیە، دەسا پیاندا هەڵبڵێن، ئەو تەختەی کە میران لە سەری دانیشتبوون، زۆر بایی دارە و دەبێ پێیدا هەڵبڵێن. خوایا سەرۆک و گەورەییت و پیاوی چاک دەناسی. پاشا دوڕناسە، دوڕی لەناو دەریادا دانا و دوڕەکە لە ترسی شادا تەقییەوە و، تاقەتی نەهێنا و لە ڕەنگدا ڕازایەوە و سوور بوو، سپی بوو، زەرد بوو بەجارێ گەش و ڕووناک بووەوە.

هگێ نەئەردبی، نە ئەزمان بی، نە عەرش بی
پادشایی من کێڕا کێف خوەش بی



پادشایێ من کێڕا هەڕی کر
حوسنەتا ژ خوە چێ کر
شاخا مۆبەتێ ژێ چێ کر
ژێ چێ کر شاخا مۆبەتێ
دەستوور ئاڤیتە قەلەما قودرەتێ
شکر ئاڤیتمە سەر پەشکا مۆبەتێ
پادشایێ من ل حوکمێ خۆیی گرانە
ئاڤیت ناڤ ڤان زۆر ئەرکانە
وەرن بنێڕ خارزی نووری چ نیشانە
خارزی نووری ب ناڤە
دوڕێ دوو جەواهر هاتن ناڤە
یەک عەینە، یەک بەشەرە
پادشایی من دا دوڕێ نەدەرە
مەخسووس چەندی بوو جاڤا
سونەت، قەندیل مالخ مانە هەڤا
برنە بەر پادشایی من شکایەتا
یا ئیلاهۆ مە ژ تە دبە موحبەتە
مەل ڤێ خۆش کر سوحبەتە
حەدوو سەد چێ کر،
حەقیقەت، شەریعەت، تەریقەت، ژ هەڤ جهێ کر
سونەت مەخبی بوو، دهارکر
پادشایی من دوڕ ئانی
مۆحبەت ئاڤیتە ناڤە
عەزیزە من پێ هلدا جاڤە
پادشایی من چ ژ دوڕێڕا گۆ
ژێ ڤوریا ئاڤێ

پادشایێ من سەفینە سەرە
سەرکی دگەرە چارکەنارە
مالا خوەدا سەکنی گۆ: هەق وەرە
ئاڤ ژ دورێ ڤورییا
پادشایێ ل مەرکەبێ سوار بوو
لێ سەیرین هەر چار یارە
ناژۆتە لالیشێ گۆ: هەق وەرە
هەق وەرە گۆ سەکنی
هاڤەنەک ئاڤیتە بەحرێ، بەحر پێ مەینی
دخانەک ژێ دخنی
چاردە تەبەق عەرد و ئەزمان پێ نژنی
ئەڤ جاربوو پادشایێ من سەخر کرە کەرە
کرە ڕکنا ڕقاسی مەمبەرە
نکا ئاخا ژێ خەبەردا
شاخەکی دن ژی ژبەردا
کرە ڕکنا ئەزمانا، عەردا
پادشایی من ڕەبیل و سەمەد
ئەوەل تە ئەفراندن ملیاکەت
تە پاشێ ئاڤا کر دۆژە، جنەت

واتە: ئەوسا نە زەوی بوو و، نە ئاسمان و نە تەخت، پادشای من بۆ چ کەسێک دڵخۆش بوو؟ پادشای من بۆ کێ هەڕگی گرتەوە؟ کارێکی باشی کرد و کێوێکی خۆشەویستی بەدی هێنا و دەستووری دایە قەڵەمی قودرەت کە خۆشەویستیی خۆی بەناو خەڵکدا بڵاو کاتەوە. پاشای من، فەرمانی قورسە. بێن و بزانن کە خوا چ تیشکێکی هەیە؟. پاشا دوڕی ئاشکرا کرد، قەندیل و مالخ ڕاوەستا و مانەوە و شکاتیان بردە لای پادشا و وتیان: خوایا ئێمە خۆشەویستیمان لە تۆ دەوێ، ئەوسا خوا سنووری لە نێوان (حەقیقەت) و (شەریعەت) و (تەریقەت) و (سوننەت)دا دانا و، پادشا دوڕی هێنا و ئاوێتەی خۆشەویستی کرد. پادشای من لە کەشتیدایە و ماوەیەک لە چوارگۆشەی جیهاندا گەڕا، ئەوسا لە کەشتییەکە دابەزی و



سواری ئەسپێک بوو، هەر چوار یارەکە سەرنجیان دەدا ئەوسا ئەسپەکەی غاردا تا کێوی لالەش و هەوێنی ئاوێتەی ئاوی دەریا کرد و چواردە چین زەوی و ئاسمانی لێ بەدی هێنا و لە پاشا تاشە بەردێکی سمی و کردیە مەنبەر و هەستوونێکی تری دروست کرد و کردیە کۆڵەکەی ئاسمانەکان و زەوی. پادشای من بێ نیازە و سەرەتا فریشتەی خوڵقاند و پاشان دۆزەخ و بەهەشتی دروست کرد.

پادشایێ من ئەردچێ کر، ئەزمان گوهاستن
مەجالە ئەرد ب ڕاستن، نۆبەتا قازا ڕاستن
چقاس پادشایێ من دونیا دکر سەفەرە
شکر دکر کەڤرێ کیەرە
پی نژنی رووککا نەچقاسی مەخبەرە
ئەیلاهۆ رابن ئەتاتا
تە زایرا دی چقاسی خوی یاقەتا
تە هنگا ژێرا چێ کر، دۆژە جنەتە
پادشایێ من ئەردچێ کر، ئەزمان گوهاستن
مەجالە ئەرد براستن
نۆبەتا قازا ڕاستن
لالیشێ ژ ئەزمان دهاتە
ئەرد شین دبوو گیها
پێ چایران چقاسی قنیاتە
پادشایێ من ئینی کر ئەساسە
شەمبێ بری کراسە
چارشەمبێ کر خلاسە
پا سێ هەڤسەد سالی هەڤ سورهاتن دوڕانکاسە
هەڤسەد سالی ژ بەری ئادەم ژمارە
ئاردێ خوەرا نەگرتی شیارە
هەتانی لالیشێ نووری ناڤدا هنارە
لالیش ناڤدا دهاتە
ئەردێ شین بوو نەباتە
پێ زەینی زێندی قنیاتە

چار قسمان ئانی تەڤ هنجراند
پێ غالبە ئادەم پەنژاند
نکا شێخا ڤە مەحلومە
هی دهار نەبوو بوو ساز و قوودوومە
ناڤینا ئادەم هەڤسوور زۆر تخووبە
هەڤسوور گەرییا لات هنداڤە
غالبێ ئادەم مابوو بێکاڤە
بێژە، روحۆ تو چما ناچی ناڤە
باندا ڤا هە درِی
دەف و شبێبی هات بهرِی
نوورا مۆبەتێ هنگاڤتە سەری
روح هات قالبی ئادەمدا هێوری
ئادەم ژ وێ کاسی ڤەخوار، ڤەژییا
مەست بوو هەژییا
گۆشت ژێ خواست وی روحیا
خوین ل جانی وی گەرِێیا
ئادەم وێ کاسێ خار لی خۆش تێ
کەرەمەتا کاسێ گهیشتێ
مەلەکا ملێ وی گرت ئاڤێت بهیشتێ
ئادەم کاسێ ڤەدخارە
کەرەمەتا کاسی پشڤا دیهارە
خۆ بێنژی هشیار بوو
بادێ دلی من سێڤ ئانی
خەومەکی رەبە دورِی خۆفایی ئیمانێ
پادشایێ مەئەڤ ژی خۆر فەندی یێ تۆفانێ

واتە: پاشای من زەویی بەدی هێنا و ئاسمانەکانی جێبەجێ کرد و پاشان زەوی تەخت بووەوە. پاشا چەندە لە جیهاندا دەگەرِا، دیارە گەورە و مەزنە. کێوی لالەش لە ئاسمانەوە هات و گیا و رِووەکی تێدا رِوا، ئەوسا رۆژی شەممە جیهانی بەدی هێنا و لە پاشدا ئادەمی



دروست کرد و لالەش تیشکی دایە دەروونی. قالبی ئادەم ماوەیەک مایەوە و ئەوسا هەرچەندە گیانیان پێ دا قالبەکەی وەری نەدەگرت تا بەدەف و شایلۆغان و خۆشەویستییەوە گیان چووە لەشی، ئەوسا ئادەم پیاڵەیەک ئاوی خواردەوە و بەجارێ گیانی تێ هاتەوە و کەوتە جموجۆڵ و گیانی داوای گۆشتی کرد و خوێن لە لەشیدا کەوتە گەرِان و لە پاشا فریشتە قۆڵی گرت و خستییە بەهەشت و لەپرِ پژمی و وریای بووەوە و دڵی ئەڵهای سێوی کرد، دەنگێ پێی وت: ئەو کارە نەکەی، پادشامان ئەوەی بۆ رِۆژی تۆفان داناوە.

ئەم هۆنراوانە کە لەسەر کێشی هیجایی هۆنراونەتەوە، کێشەکانیان یەک ناگرنەوە و هەر کامیان بەهیجایەک دانراوە و ئەمەش لەناو هۆنەرانی بەیتبێژی موکریانیشدا باو بووە و زۆربەی بەیتەکان لەسەر ئەم کێشەن و وا دیارە کە مێژینەیەکی کۆنیان لە وێژەی کوردیدا هەیە.

بەڵام ناوەرۆکی هۆنراوەکانی لەسەر بیروبرِوای کۆنی ئێزیدییەکانە و لایان وایە کە کێوی لالەش لە ئاسمانەوە هاتووە و پاشان ئەو کێوە تیشکی داوە بەقالبەکەی ئادەم و لەشی ئادەم بەهۆی تیشکی ئەم کیوەوە کەوتووەتە جموجۆڵ و لە پاشا گیانی تێ هاتووە و فرێشتەیێک هاتووە و قۆڵی گرتووە و بردوویەتە بەهەشت و ئەوسا دڵی ئەڵهای سێوی کردووە و دەنگێک هاتووە و پێی وتووە نەکەی کە سێوەکە بخۆی، ئەوە خوا بۆ رۆژی تۆفان دای ناوە، دەبێ بیروبرِوای خواناسیی خۆت بتەو کەیتەوە.

ئەم بیروبرِوایە لە ئاینەکانی تردا نییە، هەر ئەوە نەبێ کە خوا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: ئادەممان لە خاک بەدی هێنا و پاشان حەواشمان خوڵقاند و هەردووکیان لە بەهەشتدا دەژیان و لە هەموو چەشنە میوەیەکیان دەخوارد و بەری هەموو چەشنە دارێک بۆ ئەوان رِەوا بوو، هەر تەنیا داری گەنم نەبێ کە لێیانمان قەدەغە کردبوو، بەڵام ئەهریمەن ئادەم و حەوای گاڵ دا کە بەری گەنمەکە بخۆن و ئەوسا بەهۆی ئەو نافەرمانییە لە بەهەشت دەرکران و کەوتنە زەوی. بەڵام هۆنەر ئەو مەبەستەی بەچەشنێکی تر باس کردووە کە لەگەڵ ئەو باسەدا جیاوازیی هەیە.

سەرچاوەکان:

١– سماط الامراء تالیف بهرام السنجاری (دەستنووس).
٢– بهجە الاسرار تالیف لخمی (دەسنووس).
٣– [illegible] . قەولێ زەبوونی مەیسوور (دەستنووس).

## شێخ حەسەنی هەکاری

٥٩١ – ٦٤٤

شێخ حەسەن کوڕی ئەبوولبەرەکات کە نازناوی (تاج العارفین)ە بەپێی پەڕاوی (سماط الامراء) لە ساڵی ٥٩١ی کۆچی لە هەکاریدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە، ماوەیەک لە جزیر و چەند ساڵێک لە مووسڵدا بووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و کە باوکی مردووە، بووەتە جێنشینی تا لە ساڵی ٦٤٤ی کۆچی بەدەستی فەرمانڕەوای مووسڵ خنکاوە و لە پاڵ گڵکۆی باوک و باپیریدا بەخاک سپێردراوە.

محەمەد کوڕی شاکر کە لە ساڵی ٧٦٤ی کۆچیدا مردووە، لە پەڕاوی (فوات الوفیات)دا دەڵێ: حەسەن کوڕی ئەبوولبەرەکات کە نازناوی تاجولعارفینە لە ساڵی ٦٤٤ لە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵیدا بەهۆی بەدرەدینی لؤلؤ فەرمانڕەوای مووسڵ خنکاوە. ئەم پیاوە زۆر زانا و تێ گەیشتوو بووە و لە زانست و وێژە و هۆنراودا گەلێ نووسراوی هەیە.

شێخ حەسەن لە هۆنینەوەی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، لە ئەوەوە چەکامەیەک بەناوی (سوڕا ئەفرینا دونیایی) واتە: رازی بەدیهێنانی جیهان بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕاوی خوانی میراندا نووسراوە: لەو هۆنراوانەدا رازی سرشت بوون و بەدیهاتنی جیهانمان لە چاوی ئێزیدییەکانەوە بۆ دەردەکەوێ، وەکو دەڵێ:

یا رەبی دونیا هەبوو تاری
تێدا تو نەبوون مشک و ماری
تە زیندی کر تەزە حالی
چ نەما گول ژی باری
یا ڕەبی، تو هۆستایێ کەریمی
تە ڤەکری و دربا تاری
تو هۆستایی هەر تشتی
بهوشت چێ کر ڕەنگە بی
ئەرد و ئەزمان تو نەبوون
دونیا فرە بی بنە بوو
ئیسان و حەیوان ژی تو نەبوون
تە خالێ ساز کر،



دبەهەرەدا تەنێ هەبوو دڕ
نەدیماشی یا، نەدیمەشی یا
تە خاش روح ئانی بەر
نوورا خالی پەیدا کر
گوشت و روح هاتنە بەر
نوورا چاڤان لێ هاتەدەر
دەست و پێ کرە لەش
لی شیرن کر گۆت و بێژ
خوداڤەندی مە هۆستایێ ڕەحمانی
رێ و دەرگەیێ دونیایێ ڤەکر
هەر تشت ژمەرا دەرئانی
بوو بهوشت ئەرد و ئاڤانی
خوداوەندێ مەتشتی دناسە
دوڕا کەسێ ژی کر ئەساسە
ژێ پەیدا کر مێرێ خاسە
گۆت: ئەڤا هێ نەبەسە
دوڕ ژ هەیبەتا ئێزدان هنجنی
تاقەت نەکر، هلگری
ژ رەنگی ئیسان خەملی
سۆر و سپی لێ هێوری
ئێزدانی مە ب رەحمانی
حوسن و جەمال ژ مەرا ئانی
دەستووردا قەلەمێ قودرەتێ
ئەم ئاڤیتن ناف سۆرا مۆبەتێ
هاڤێن ئاڤیتە بەحرێ، بەحر پێ مەیانی
دەخانەک ژێ دەرخوەنی
چاردە تەبەق ئەرد و ئەزمان پێ نژنی
ئێزدانی مەدۆر دەرئانی

مۆبەت ئاڤیتە ناڤێ
ژێ پەیدا کر دوو چاڤێ
ژێ هەڕکی پەڕ ئاڤێ

واتە: خوایا جیهان لە پێشا تاریک بوو و، مشک و مارێکی تێدا نەبوو، تۆ لە نوێوە زیندووت کردەوە و ئەوەندەی نەخایاند کە گڵ و خاکت تیا بەدی هێنا. خوایا تۆ وەستا و گەورەی، تۆ دەرکەکانی تاریکت کردەوە و، تۆ وەستای هەموو شتێکی، بەهەشتت بەجوانی دروست کرد و زەوی و ئاسمان هەر نەبوون، جیهانێکی پان و بێ بن بوو. مرۆ و وڵساتیش نەبوون، ئەو کاتە تۆ خۆت نواند. لە دەریادا هەر تەنیا دۆڕێک بوو. ئەوسا مرۆت سرشت کرد و گیانت دایە ئەو و تیشکی خۆت پێ پیشان دا و لە پاشا گۆشت و گیان هاتنە قالْبی و چاوانی سۆمایان تێ کەوت و قسە و ڕاوێژی بۆ شیرین بوو. ئەی خوایا! تۆ وەستایەکی بەبەزەییت، هەر تۆ ڕێ و دەرکی جیهانت کردەوە و هەموو شتێکت بۆمە هێنا، زەوی ئاوەدان بووەوە و خوای ئێمە هەموو شتی دەناسی، ئەوسا دوڕەکە لە ترسی یەزدان تەقییەوە، تاقەتی نەهێنا و گۆڕا و بەڕەنگی مرۆ ڕازایەوە و ڕەنگی سوور و سپی لەوەدا کۆ بووەوە و ئێزەد بەبەزەییی خۆی جوانیی بۆمان هێنا، دەستووری دا بەپێنووسی هێز، ئێمە بخاتە ناو خۆشەویستی، لە پاشا دوڕەکەی خستە ناو دەریا و چوار چینی زەوی و ئاسمانی لێ بەدی هێنا، دوای ئەوە یەزدان دوڕەکەی دەرهێنا و خۆشەویستیی ئاوێتە کرد.

ژێ پەیدا کر دوو چاڤێ
ژێ هەڕکی پەڕ ئاڤێ
ئاڤ ژ دوڕێ حەرکی
بو بەحرا بی سەری بێ بنی
بێ ڕێ و بێ دەری
ئێزدانی مەسەر بەحرێ گەڕی
ئێزدانی مە سەفینە چێ کر
ئیسان و حەیوان و طەیر و توو
جۆت بۆ جۆت لە سەفینێ سیارکر
خوداوەندێ مە سەفینە سەرە
سەرێکی دگەڕە چارکەنارە
سەفینە قول بوو، ئاڤ کەتەسەرە



مارێ خەرێ خادانە بەرە
خوداوەندی مە سەفینە ئاژۆت
ژ کەنار چوو بەرکەنارە
ئاژۆتە لالیشی گۆت: هەق وەرە
سوڵتان ئێزدی خوەش ڕێبەرە
لالیش کو رکنی بەشەرە
نها ئێزدی ژێ خەبەرە
یا ڕەبی، بانگ دکم شێخێ مەزن
چاف کانی، ئاف ژێ دزێن
یا ڕەبی تە دنیا چێ کر، دنێ یاب خێر
ئیسان تێدا دژین ب تێر
شەڤێت ڕەش، شەڤێت تاری
جی نەما گول ژێ بارین
خوداڤەندی کەریم و ڕەحمان
کەرە ڕکن ئەرد و ئەزمان
دا بەر مە روح و زمان
خوداڤەندێ مە ڕەبل صەمەد
ئەفراندن شەش ملیاکەت
جوداکر دۆژ و جنەت
خودا ڤەندێ مە ئەرد چێ کر ئەزمان گوهاستن
مجالە ئەردێ ب راستن، نۆ تاقە زاگوهاستن
ل گونەهباران بوو ڕوهستین
چقاس خودا ڤەندێ مە دنیا د کر سەفەرە
سەفر دکر دار و بەرە
پێ نژینە ڕکنێ مەخبەرە
خوداڤەندێ مە هۆستا بەرە
لالیش ژۆردا ئانی خوارە
لالیش بوو خاش جی و وارە

ل ئەردێ شین بوو نەباتە
پێ زەینی زێندی قنیاتە

واتە: خوا لەو دوڕە دوو چاوی مرۆی دروست کرد و ئاوی بارانی باراند و ئاوەکە لە دوڕ دەتکا و ئەوسا ئەو ئاوە بووە دەریایەکی بێ بن، ڕێ و دەرگای نەبوو، ئەوسا یەزدان چووە سەر دەریاکە گەڕا و پاشان کەشتیەکی دروست کرد و بنیادەم و پەلەوەر جووت جووت سواری ئەو کەشتییە بوون. خوای ئێمە لەسەر ئەو کەشتییەدا ماوەیەک چوارگۆشەی جیهان گەڕا، لەپڕ کەشتییەکە کونا بوو، مارێک هات بەر کوناکەی گرت خوا کەشتییەکەی ئاژۆت، لە کەناری دەریا دوور بووەوە تا گەیاندییە کێوی لالەش و وتی: ئەی هەق وەرە. یەزدان ڕێبەرێکی چاکە. لالەش پایەی بنیادەمە، خوایا شێخی گەورە بانگ دەکەم، ئەو لە سەرچاوەی سەروو دێت. ئەی خوا تۆ جیهانت پڕ لە پیت و پێز کردووە و مرۆ بەتێری تێدا ئەژی، لە شەوگەلی ڕەش و تاریکدا، جێگایەک نەما کە خاکی تێدا نەڕوێ، خوای مەزن زەوی و ئاسمانی کردە پایە و گیان و زمانی دایە ئێمە، خوای بێ نیاز، شەش فرێشتەی خولقاند و، دۆزەخ و بەهەشتی لەیەک جیا کردەوە و، خوا زەوی دروست کرد و ئاسمانی جێبەجێ کرد و، کاتی ئەوەیە کە زەوی تەخت بێ و نۆرەی ئاڵوگۆڕی قەزایە، گیان لە گوناهکاران گیرا، خوا چەندە جیهان دەگەڕا، لە نێوان دار و بەردا دەگەڕا، خوا وەستایە و کێوی لالەشی لە ئاسمانەوە هێنا و لالەش بووە هەوارگە و لە زەوی ڕوەک ڕوا و، ئەگەر بەزەینی خۆت تەماشاکەی دابین دەبی.

خوداوەندێ مە ڕەحمانی
چار قسم ژ مەڕا دانی
پێ حەبیبا ئادەم نژنی
خوداڤەندی مە ڕەحمانی
چار قسم ل ڕوو دنێ دانی
یەک ئاڤە یەک نوورە
یەک ئاخە، یەک ژی ئاگرە
خوداڤەندێ مە ب ڕەحمە
دیارکر ساز و قودوومە
هاڤینە ئادەم هەڤسوور زۆر تخووبە
هەڤسۆر گەریا، هات هنداڤە
غالبا ئادەم مابوو بێ کاڤە



گۆ: ڕوحۆ، چما ناچی ناڤە؟
خوداڤەندێ مە قودرەتە
زەیاندی چقاس خولیاقەتە
ژێرا چێ کر دۆژ و جنەتە
خوداڤەندێ مەئەرد چێ کر، ئەزمان گوهاستن
مەجالا ئەردێ ب راستن، نۆبەتا قەزاڕاستن
ژ ئێسان قەنحیتی خاستن
لالیش ژ ئەزمان دهاتە
ئەرد شین دبوو گیهاتە
پێ چەیران چقاس قنیاتە
خوداڤەندێ مە ئێنی کر ئەساسە
شەمبی بڕی کراسە
چار شەمێ کر خلاسە
هەڤسەد سال پاش هەڤسوور هات دوڕانکاسە
هەڤسەد سالی ژ بەری ئادەم ژمارە
ئەردێ خارا نەگرتی شیارە
هەتا لالیشا نووری ناڤدا هنارا
وباندا روح هەدری
هات و چوو بهری
نوورا مۆبەتێ هنگاڤتە سەری
هات غالبێ ئادەمدا هێوری
خوداڤەندێ مە ڕەحمانی
کاسا سۆرێ ژ ئادەمڕا ئانی
ئاڤ ژ کاسێ ڤەخار، ڤەژیا
جیدا مەست بوو، هەژیا
گۆشت ژێ خاست وی ڕوحی
خوێن ل جانێ وی گەوڕی
خیرەت کەتە ناڤ سەری

ئادەم خار ژ وێ کاسێ
سۆرا کاسێ خاس لێ تی
کەرەمەتا کاسێ گیهیشتێ، بهوشتێ
مەلەکا ملێ وی گرت، ئاڤیتە بهوشتێ
ئادەم ژ کاسێ ڤەدخارە
کەرەمەتا کاسێ پیڤا دیارە
خا بێنژی بوو هشیارە
گۆ: ئەڤ ئەرد چ خاشە
گیهایێی شین سەرگەشە
رۆژ رۆژا مێرێ کەلەشە
خوداڤەندێ مە ڕەحمانی
ژ مەڕا کەرەمەک ئانی
دەم و دەزگێ باش دانی
هەی ئادەمۆ روو دنێ
هەردەم کە ئیمانێ
خوداوەند ئەم خلاس کرن ژ تۆفانێ
گەلی مریدان بکن کاری
خێرا قودرەتێ ژ ژۆر باری
خا دوور خن ژ نەیاری
کەرەمەتا خوداڤەندێ مەهاتە خوارێ
ئەرد و ئەزمان دڤن خێرێ
هوین ژی بن خودانێ خێرێ
قەت ژبیر نەکن ڤێ خەبەری

واتە: خوای ئێمە بەبەزەییە، چوار شتی بۆ ئێمە دروست کرد، ئادەمی لە خاک بەدی هێنا و، ئاو و ئاور و خاک و تیشکی داهێنا. خوای ئێمە میهرەبانە و، ڕازی دا بەئادەم کە سنووری بۆ رازەکەی دانا. قالبی ئادەم بێ کات مابووەوە.

وتی: ئەی رۆح بۆچی نارۆیتە ناوەوە؟ خوای ئێمە توانایە، بزانە چەند شتی بەدی هێناوە، دۆزەخ و بەهەشت و زەوی و ئاسمانی بەدی هێناوە. ئەوسا چاکەی لە مرۆ ویست و کێوی




لالەش لە ئاسمانەوە هات، زەوی ڕوەکی لەسەردا ڕوا، وە مەڕومالات لەسەریدا لەوەڕان، خوا ئەمانەی کردە پایە، لە شەمەدا کراسی بڕی، لە چوارشەممەدا دوورانەکەی تەواو کرد، حەوت سەد سالی تر لەگەڵ دوڕا هات و، زەوی وریایی بەخۆی نەدی تاکو تیشک دای لە لالەش و، گیان لە ڕێوە هات و ڕۆیشتە دەریا و، تیشکی خۆشەویستی پێ زیاد کرد، ئەوسا گیانی دا بەتەواوی مرۆیان. خوا بەبەزەییە و پیاڵەی ڕازی دا بەئادەم، ئاوی لە پیاڵەکە خواردەوە و زیندوو بووەوە و خێرا سەرخۆش بوو و، ئەو گیانە گۆشتی لێی ویست و، خوێن لە لەشیا کەوتە جووڵە و، ئادەم لەو پیاڵە رازەی خواردەوە و ئەوسا هاتە هۆش خۆیدا و قۆڵیان گرت و لە بەهەشت دەریان کرد.

ئادەم لە ڕازی پیاڵەکەی دەخواردەوە و رازەکەی هەر دەدرکان، ئەوسا پژمی و دی لە زەوی دایە و وتی: زەوی چەندە خۆشە، گیا و ڕووەکی تێدا ڕوواوە، رۆژێکی خۆشە، خوا گەورەیە. ئەی مرۆیان هەموودەم بڕوا بەخوا بهێنن. خوا ئێمەی رزگار کرد. خەڵکینە کار کەن، پیت و پێز لەسەرەوە دەبارێ، لە دوو بەرەکی و ناتەبایی خۆتان بپارێزن، خوا گەورەیە و زەوی پڕ لە پیت و پێزە و ئێوەش لەم پیت و پێزە بەهرە دەبەن و هیچ کاتێ ئەم قسە لە بیر نەبەنەوە.

ئەم هۆنراوانە کە کێش و پاشڵێکی تایبەتییان هەیە، هەر تاقە هۆنراوەیەک کێشێکی هەیە و پتر لەسەر هیجا هۆنراونەتەوە و لەناو ئەو هۆنراوانەدا هۆنراوی شەش حەوت و هەشت و دە و یانزە و دوانزە و سێزدە و پازدە هیجایی دەبینرێن و ئەم چەشنە هۆنراوانە پتر لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی لەناو هۆنەرانی کوردی ئەو سەردەمەدا باو بوون.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانیش لەسەر بیروبڕوای کۆنی ئێزیدییەکان هۆنراونەتەوە کە ئەم چەشنە بیروبڕوایەش لەناو کاکەییەکان یا یارییەکاندا باو بووە و لایان وایە کە خوا سەرەتا لەناو دۆڕێکدا بووە و پاشان دۆڕەکە تەقیوە و ئاسمان و زەوی و بنیادەمی لێ بەدی هاتوون و ئەوسا ئادەم لە بەهەشتدا بووە و ئەو ڕازەی کە خوا پێی وتووە درکاندوویەتی و دەرکراوەتە زەوی و لەوێدا لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەتەوە و داوای لێبووردنی لە خوا کردووە و خوا بەخشیویەتی.

ئەم چەشنە بیروبڕوایە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، بەڵام مەسەلەی ئادەم و دەرکردنی لە بەهەشت و پاشگەزبوونەوەی لە قورئانی پیرۆزدا خوا دیاردی پێ کردووە و وادیارە کە ئاینی ئیسلامیش کاری کردووە سەر ڕێ و ڕچەی ئێزیدی.



نموونەی لاپەڕەی هەوەڵی دەستخەتی:

(قەولێ ئەفرینا دونیایی) بەخەتی ئێزیدی



سەرچاوەکان:
١– فوات الوفیات. تألیف ابن شاکر کتبی – مصر ١٣١٢ھ.
٢– سماط الامراء. تألیف بهرام السنجاری (دەستنووس).
٣– [illegible] قەولی: سوڕا ئەفرینا دونیایی (دەستنووس).

## هۆنەرانی دەوری ئەتابەگیەتی

٨٢٧–٥٥٠

بەپێی بەڵگەگەلی مێژوویی، ئەم دەوڵەتە لە باکووری خۆرهەلاتی لوڕستاندا لە ساڵی ٥٥٠ی کۆچیدا دامەزراوە و لە ساڵی ٨٢٧دا پووچ بووەتەوە و لەناو چووە. دامەزرێنەری ئەم زنجیرەیە بەدر ناوێک بووە و لە لوڕستاندا فەرمانڕەواییی کردووە. وڵکەی لوڕستان دەکرێ بەدوو بەشەوە: لوڕی گەورە و لوڕی بچووک وەکو مێژوونووسان نووسیویانە لە ئاخروئۆخری سەدەی پێنجەمی کۆچیدا چەند بنەماڵەیەکی کورد لە شامەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە لوڕستان و لەوێدا دامەزراون و پاشان گەلێ یارمەتیی ئەتابەگەکانی لوڕستانیان داوە.

وڵکەی لوڕستان لە دەوری ئەتابەگی هەزار ئەسپدا، پەرەی سەندووە و گەلێک لە هۆزە کوردەکان کۆچیان کردبوو، ئەو وڵکە یارمەتیی هەزار ئەسپیان دا بەجۆرێ کە سنووری وڵکەکەی گەیاندە چوار فرسەخیی ئەسپەهان و پاشان هەزار ئەسپ کچەکەی خۆیشی دایە کوڕەکەی محەمەد خوارەزمشاو بووە خزمی و ئیتر زۆربەی شارەکانی قرمسین و دینەوەر و هەندێ لە ولاتی شارەزوور لەژێر دەسەلاتی ئەتابەگەکانی لوڕستاندا بوون و دوایین میری لوڕستان، ئەتابەگ شا حوسەینە کە لە ساڵی ٨٢٧ی کۆچیدا بەدەستی غیاسەدین کوڕی هۆشەنگەوە کوژرا و بەم چەشنە دەوری ئەتابەگیەتی پووچ بووەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەدەستدایە، ئەتابەگەکان گەلێ حەزیان لە ئاوەدانی و کشتوکاڵ و پەرەپێدانی وێژە و هۆنەر و ڕاووشکار کردووە و، لەبەرئەوەی میرەکانی ئەتابەگیەتی عەرەبییان نەدەزانی، حەزیان لە هۆنراو و وێژەی کوردی دەکرد و هۆنەرانیان هان دەدا کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنراو بهۆننەوە و زۆربەی هۆنەرانی یاری لە دەوری سان سەهاکی بەرزنجییدا لە سەردەمی ئەواندا سەریان هەڵداوە و وەکو لە پەڕاوی سەرئەنجام دەردەکەوێ، سان سەهاک و هاوەڵان و یارانی هۆنەری لە دەوری ئەتابەگ ڕوکنەدین کە لە ساڵی ٧٤٥ی کۆچیدا مردووە، سەریان هەڵداوە، ئەم میرە بەسرا و خووزستان و فیرۆزان و چەند مەڵبەندێکی تریشی لەژێر دەستدا بووە.

ڕێ و ڕچەی یارسان یا یاری، مێژینەیەکی کۆنی هەیە و لە ئاینی زەردەشتەوە سەرچاوەی گرتووە و پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ڕەنگ و بۆی ئیسلامیی گرتووەتە خۆی، چونکە لە راستەقینەدا رێ و ڕەوشتی خواناسی کە بریتییە لە پەیوەند گرتن لەگەڵ هێزی بەدیهێنەری ئەم جیهانە، لە هەموو ئاینەکاندا یەکێکە و تەنیا لە ڕووی فەرمان و سەربیانی رواڵەتی و چۆنییەتیی گرتنە پێشی ئەو ڕێگایە جیاوازی لە نێوانی ئەو ڕێ و ڕچە خواناسییانەدا هەیە کە لەلایەن خاوەنی ئاینەکانەوە دیاری کراون.

لە یەکێ لە دەفتەرەکانی سەرئەنجامدا، ڕێ و ڕچەی خواناسی بەم جۆرە باس کراوە کە دەڵێ: «کەسانێک کە لە گوڵزاری بێ خەزانی خواناسیدا گەڕاون و، گوڵی بۆن خۆشی خواناسییان بۆن کردووە و، بەبڕوا و باوەڕێکی پاک و قایمەوە ڕێگای هەق و هەقپەرستییان گرتووەتە پێش و، فەرمانی ڕێبەر و پێشەواکانی خۆیان لە کانگای دڵەوە جێبەجێ دەکەن، ئەوانە لە هەموو نەخۆشیەکی خراپ پارێزراون و، بەڕاستی پێیان دەوترێ یاری و هەقپەرست و، پیاوی هەقپەرست بەکەسێک دەوترێ کە بەهێزی کێشەری ڕەوانی و گیانی کە لە کانگای هەق و هەقپەرستییەوە سەرچاوە دەگرێ و، هەموو بەدی هاتوویەک فەرمانبەر و گوێ لە مستی خۆی بکا و بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەر کەسێک وا نەبێ و، بەخواپەرست خۆی پیشان بدا، ئەو کەسە پیاوێکی درۆزن و چاچۆڵ باز و خەڵک خەڵەتێنە و بۆنی گوڵزاری هەمیشە بەهاری خواپەرستیی نەکردووە، کەوابوو گیانی پاک و خاوێن هیچ کاتێک لە کردەوەی خراپ و چەپەڵدا دانامرکێ. کەوابوو پیاوی خواناس بەکەسێک دەوترێ کە لە کاری خراپ دوور بێ و بەکردەوەی جوان و ئاکاری باش خۆی ڕازاندبێتەوە، چونکە هێزی گیانی هەموو دەم لەگەڵ چاکەدا پەیوەندیی هەیە و، خۆی لە کردەوەی خراپ کە بریتییە لە ئارەزووگەلی لەشی دوور دەخاتەوە».

بەلای یارییەکانەوە، چوونە ناو ئارەزووگەلی خراپ نیشانەی دۆزەخی بوون و گەیشتن بەکردەوەی چاک و چاکەکردن لەگەڵ خەڵک و خۆپاراستن لە گوناه نیشانەی بەهەشتی بوونە، بناغەی خواناسی لەسەر بنچینەی ڕاستی و دروستی و باشی و چاکییەوە دامەزراوە. گرتنە پێش ڕێگای ڕاستی خواپەرستی بۆ بەدەسهێنانی پووڵ و پارە و پلەوپایە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پیاو خوای پێ بناسێ و، پلەوپایەی ڕۆحی و گیانیی خۆی پێ بەرز بکاتەوە.

ڕێ و ڕچەی یاری، پەیڕەوی و خۆ بەدەستەوەدان و گوێدێری، بەرابەربە ڕێ و ڕچە، بەگرنگترین پایەی ئەو ڕچەیە دەزانن و دەڵێن: باوەڕی قایم بەڕێبەری شیاو و، سەرنانە ڕێی فەرمان و دەستوورەکانی ئەو ڕابەرە، دەبێتە هۆی ئەوە کە پیاو، زووتر لەو ڕێگایەدا



بەئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بگات و بەدوا هەوارگەی خواناسیی ڕاستەقینە شاد ببێتەوە، چونکە ئەو ڕەوشتە رواڵەتییە کە پێی دەوترێ ڕەوشتی لایەنگری و ڕێبەری، بۆ خۆی نیشانەیەکی ڕووناکە بۆ گەیشتن بەپلەوپایەی خۆبەدەستەوەدان و ڕەزای ڕاستەقینە. یەکێ لە هۆنەرانی یاری لەم بارەوە دەڵێ:

تا مەجاز نەبۆ، حەقیق نمەبۆ          بی مەجاز حەقیق تاقیق نمەبۆ

زۆربەی هۆنەرانی یاری بەزاراوەی گۆرانی هۆنراویان هۆنیوەتەوە و، شێوەی گۆرانی زمانی ئاینی و ڕێ و ڕچەی یارییەکانە و، ئەو شێوە زمانە بەشێوە زمانێکی پیرۆز و بەپیت و پێزی دەزانن، بۆیە تەواوی هۆنراوە خواناسییەکانیان بەشێوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە.

هۆنەرانی یاری بەڕاستی خزمەتێکی گەورە و بەنرخیان بەزمان و وێژەی کوردی کردووە و شوێنەوارێکی زۆریان لە شێوە زمانی کوردی گۆرانیدا هەیە، بەڵام لەبەرئەوە هۆنراوەکانیان ناوەرۆکێکی قووڵ و وردی خواناسییان هەیە، ئەوانەی کە ئەو هۆنراوانەیان نووسیوەتەوە، هەڵەی زۆریان تی خستوون.

زۆربەی ئەو هۆنەرانەی وا لەم بەرگەدا بەسەرهات و هۆنراوەکانیانمان خستووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاون و بەزاراوەی گۆرانی هۆنراویان هۆنیوەتەوە و دەتوانین هۆنراوەکانیان بەشاکاریکی جیهانی دابنێین.

## شێخ عیسای بەرزنجی

٧٥٤ – ...

شێخ عیسای بەرزنجی کوڕی بابە عەلیی هەمەدانی یەکێک لە زانایانی هەرەبەرزی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچییە. بەپێی پەڕاوی (بحر الانساب)، باوباپیری شێخ عیسا لە شاری هەمەدانەوە باریان کردووەتە دێی بەرزنجەی کوردستانی عێراق و لەوێدا ماونەتەوە. شێخ عیسا سەرەتا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان لەلای خواجە ئیسحاقی خەتایی، فقهی ئیسلامی و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و پاشان گەڕاوەتەوە بەرزنجە و لەگەڵ شێخ مووسای برا گەورەیدا چووەتە گەشت و گێڵ و لەدوای گەڕانێکی زۆر بەشارەکانی عێراق و حیجاز و میسر گەڕاوەتەوە کوردستان و لەگەڵ براکەیدا مزگەوتێکی لە بەرزنجەدا دروست کردووە و ئەوسا هەردووکیان خەریکی ڕێنموونی خەڵک بوون. شێخ عیسا پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٥٤ی کۆچی لە دێی بەرزنجەدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

هەر بەپێی ئەو بەڵگە شێخ عیسا و شێخ مووسا لە دوای مردنی باوکیان ڕێی حەج دەگرنە بەر و لە پاش ئەنجامدانیی ڕێوڕەوشتی حەج دەگەڕێنەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆیان و شێخ مووسا شەوێکیان پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە خەودا دەبینێ و شوێنێکی بۆ دیاری دەکا کە مزگەوتێکی تێدا دروست بکا، کە دەکەوێتە بەیانی شێخ مووسا و شێخ عیسا خەریکی دروستکردنی مزگەوتێک دەبن و مزگەوتەکە لە ساڵی ٦٨٦ی کۆچیدا تەواو ئەکەن.

شێخ مارفی ڕێشەڵانی کە نازناوی هۆنراوی، سزاییە سەبارەت بەدروستکردنی ئەم مزگەوتە چەند هۆنراوێکی بەم چەشنە هۆنیوەتەوە:

شەوکەردەن غورووب خورشید و قەمەر
یاوان بەحوزوور ذات پەیەمبەر
وە لەفظ شیرین ئەمرش فەرماوا:
بکەردێ ئینە وە زێد و ماوا
بکەردێ بنای مزگی و وە عەصا
پاسەش ئەمر کەرد ساحێب شەفاعەت
خەط کێشا یاگەی مزگی و جەماعەت
سەیید بۆسە کەرد پێشانی عیسا
خەط کێشا یاگەی مزگی وە عەسا
چون هەر دوو برا حەزرەت شەیخەین
کەرد بەی تەورە ئەمر، شاه حەرەمەین
تەشریفش ئاوەرد قەدەم کەرد ڕەنجە
کەردشان پەی دین چەن یانە زنجە
یەک ڕۆێ نەبی ئەو هەردوو حاڵزان
گێران ڕاحەتی تا مەغریب بەئان

واتە: ئەو دوو برا پێغەمبەریان بەخەو بینی و پێغەمبەر فەرمووی: لەو زێد و مەڵبەندەدا مزگەوتێ بۆ خەڵک دروست بکەن و، بەگاڵۆکەکەی هێڵی مزگەوتەکەی کێشا و، پێغەمبەر تەوێڵی شێخ عیسای ماچ کردەوە و ئەوسا ئەوانیش مزگەوتەکەیان دروست کرد و، ئەم دوو برایە کاتێ خۆیان لە ڕێی ئایندا بردە سەر و کاتی خۆیان بەفیڕۆ ڕانەبوارد.



بەپێی پەڕاوی (روضە الجنان)، لەپاش دروستکردنی مزگەوتەکە، شێخ مووسا فاتمەی کچی شێخ خالدی کاژاوی دەخوازێ و ئەوسا بۆ ڕێنموونیی خەڵک دەڕواتە ناوچەی ئاغجەلەر و لەوێدا بەدەستی هەندێک دەکوژرێت و ئەوسا خەڵک تەرمەکەی دەبەنەوە بەرزنجە و لەوێدا دەینێژن.

پاش ئەم ڕووداوە شێخ عیسا فاتەی براژنی مارە دەکا و بەرهەمی ئەم پەیوەندەش بریتییە لە دوانزە کوڕ بەناوانی: عەبدولکەریم، سەید محەمەد، سەید سادق، میرسور، وەساڵەدین، کەمالەدین، جەمالەدین، عەباس، بایەزید، حەسەن، حوسێن، سوڵتان ئیسحاق.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا چەند چیرۆک سەبارەت بەشێخ عیسا نووسراون کە ئەوا کورتەیەکیان لێ دێنینەوە: «یاران لە پاش بزربوونی بابە سەرهەنگ، هاتنە هەورامان و خەریکی کشتوکاڵ بوون، تاکو شەڕێک لە نێوان دەروێشەکان و سەبوورەی کوڕی فەرمانڕەوای هەوراماندا ڕووی دا، دەروێشەکان لەپاش ئەم ڕووداوە لە یەک جیابوونەوە و دیسان لە دێی بەرزنجەدا یەکتریان بینییەوە و بەیەکەوە چوونە ماڵ شێخ عیسا و لەلای ئەودا ماوەیەک مانەوە و ئەوسا شێخ چووە خوازبێنیی کچەکەی حوسێن بەگی جەڵد و دەروێشەکانیش نیانەپشتی و لەگەڵیدا ڕۆیشتن، حوسێن بەگ وتی: کچەکەم ئەدەمە کەسێک کە خاوەن مەڕوماڵات بێ و هەرچی داوا بکەم هەبێ، دەروێشەکانیش داخوازەکەی قبووڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە، ڕۆژێکی تر حوسێن بەگ کاتێ لە خەو هەڵدەستێ سەرنج ئەدا کە دەوروبەری ماڵەکەی پڕیە لە مەڕوماڵات و لە ئەژمار نایە. بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە کارێکی گرنگ و لە ئاسا بەدەرە و جگە لە پەرجۆ و مۆجزە شتێکی تر نییە، ئەوسا کچەکەی بۆ شێخ عیسا مارە دەبڕێ و دایراک جەڵد دەبێتە ژنی شێخ عیسا. ڕۆژێکیان دەروێشەکان لە بێستانا خەریکی ئاودێری بوون کە لە پڕ شریخەیێک لە ئاسمانەوە بەرز بووەوە و لەتە تیشکێک لە ئاسمانەوە کەوتە زەوی و شێخ چاوی پێ کەوت و ئەوسا دایراک دووگیان بوو و لە پاش ماوەیەک کوڕێکی بوو کە ناویان نا سەهاک. سان سەهاک کەم کەم گەورە بوو و، شێخیش ڕۆژ بەڕۆژ پیرتر دەبوو ئەوسا بڕیاری دا لەگەڵ سان سەهاکی کوڕەکەیا بڕواتە حەج و کاتێ گەیشتنە مەکە، شێخ ئەو تیشکەی وا لە پێشا دیبووی کەوتە بەرچاوی زانیی کە ئەو تیشکە کوڕەکەیەتی کاتێ ویستی دان بەگەورەیی ئەودا بنێ لەپڕ زمانی بەسترا و بەزمان بەستوویی گەڕایەوە و لە ڕێدا کۆچی دوایی کرد.

لە دەفتەرێکی تری سەرئەنجامدا نووسراوە: ڕۆژێکیان شێخ عیسای بەرزنجەیی کاروانێکی بەرەو مەکە خستە ڕێ و خۆی بووە سەرەک کاروان و، لەبەرئەوەی زۆر پیر بووبوو و، نەیدەتوانی کارەکان جێبەجێ بکا، ئەوەبوو کە کاروانەکە شێخیان لە نزیکی

حەلواندا بەجێ هێشت و خۆیان کەوتنە ڕێ. شێخ لە تاریک و لێڵەی بەیاندا کاتێ هەڵسا کاروانەکەی نەدی و زانی کە بەجێیان هێشتووە و دوو رکات نوێژی بەیانیی خوێند و بەپەرێشانییەوە گریا و چەند فرمێسک داوەرینە سەر ریشە سپییەکەی و کوتوپڕ پەڵە هەورێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و پێی وت: کە ئەوا حەجەکەت قبووڵ بوو و بگەڕێوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆت. شێخ کە ئەمەی بیست گەڕایەوە ماڵ و کاتێ کە گەیشتە دێی بەرزنجە، دی کە سێ دەروێش لەبەردەم ماڵەکەیدا ڕاوەستاون و ئەویش ڕێزیانی گرت و ئەوانی بردە ماڵەوە و مێوانداریی لێیانەوە کرد. دەروێشەکان داوایان لێ کرد کە ژنێک بخوازێ و ئەویش وتی نە جوانیم هەیە و نە سامان، بەڵام دەروێشەکان وازیان لێ نەهێنا و پێیان داگرت و سەرئەنجام شێخیان ڕازی کرد کە ژن بهێنێ، ئەوسا چوونە لای حوسێن بەگ و خوازبێنیی کچەکەیان لێ کرد و حوسێن بەگیش کچەکەی بۆ شێخ مارە بڕی و لە پاش ماوەیەک ژنەکەی دووگیان بوو و، کاتێ کە منداڵەکەی بوو، شێخ بۆی دەرکەوت کە کۆرپەکەی هەر ئەو پەڵە هەورەیە کە لە دەشت و بیاواندا پێی گەیشتووە، کاتێ کە ویستی ئەم رازە بدرکێنی زمانی بەسرا و کۆچی دوایی کرد.

شیخ مارفی نۆدێ لە چەند هۆنراوێکدا ستایشی شێخ عیسای کردووە و دەڵێ: شێخ عیسا یەکێ لە زانایانی هەرەبەرزی دەوری خۆی بووە، ئەو لە بەرزنجەدا نیشتەجێ بوو و، خەڵکی بەباڵگە رێنموونیی دەکرد و لە خەودا پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی دی و بەفەرمانی ئەو مزگەوتێکی دروست کرد و گەلێ کاری گرنگی تری ئەنجام داوە:

| | |
|---|---|
| الشیخ عیسی قطب اهل عصره | و واحـدی وقتـه و دهره |
| اول من اقـام فی برزنجـه | یرشد بالحجـه للمحجـه |
| لمابنی مسجدها اتقد امـره | بذلک فی المنام خیر الخیره |
| علی یدیه ظهرت خوارق | جلیله تشهد الخلائق |

شێخ عیسا بەیەکێ لە زانایان و پارێزگارانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و، لە شێخ عیساوە گەلێ وتەی کورت و هۆنراو بەکوردی و فارسی بەجێ ماون کە پلەوپایەی زانستیی ئەومان بۆ دەردەکەوێ. لە رستەیەکی کورتدا دەفەرموێ: هەموو گوناهێک ئەگەرچی بچووکیش بێ بەگەورە بزانن و، چاکەش هەرچەندە زۆر بێ بەکەم بزانن. هەروەها دەفەرموێ: کەسێک کە بەبیری خۆشیی جیهانەوە بێ، هەموودەم کزی و پەرێشانی ڕووی تێ دەکا. هەروەها دەفەرموێ: هەتا دەتوانن فێری زانست بن، چونکە بنیادەم هەر بەزانست بەرز دەبێتەوە.

ئەمەش چەند دووبەیتی کە لە سەرئەنجامدا بەناوی شێخ عیسا نووسراون:



١

| | |
|---|---|
| پێمە شوکرانە، پێمە شوکرانە | واچن سەروماڵ بدەیم بە رانە |
| چون دەستمانە تەحقیق یەگانە | ویسالگا لوایم جە ویساڵ یانە |

واتە: ئێمە دەبێ هەموو دەم سپاسی خوای مەزن بکەین و سەروسامان و داراییمان لە ڕێی ئەودا ببەخشین، چونکە ئەو خوایەکی تاق و تەنیایە و ئێمە دەگەیەنێتە ماڵی ئاوات و نیاز.

٢

| | |
|---|---|
| حاجم چڕانە، حاجم چڕانە | حاجیان حاجم، حاجم چڕانە |
| حاجمی کەردەن پایەی خودانە | هەر کەس وێش مەجمۆ گاوێش خەتانە |

واتە: ئەی حاجییەکان بانگتان ئەکەن بۆ کۆبوونەوە، بانگهێشتن بۆ کۆبوونەوە پلەوپایەی نوێنەری خوایەتی هەیە، هەر کەسێک بەبێ بانگهێشتن لە خۆی جموجووڵێک پیشان بدا، بەهەڵە ڕۆیشتووە و لە ڕێی ڕاست خلیسکاوە.

سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق - نوشتەء صدیق صفی زادە - تهران ١٣٦٥.
٢- بنەماڵەی زانیاران - دانراوی مەلا عبدالکریمی مدرس - بغداد ١٩٨٤.
٣- علماؤنا فی خدمه العلم والدین. تالیف عبدالکریم المدرس - بغداد ١٩٨٣
٤- بحر الانساب ورساله سادات البرزنجیه. تالیف سید عبدالقادر محمد - بغداد ١٩٥٦.
٥- سەرئەنجام (دەستنووس).
٦- کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).

## سان سەهاکی بەرزنجی

٧٩٨ - ٦٧٥

سوڵتان ئیسحاق یان سان سەهاکی بەرزنجی یەکێ لە زانایانی هەرە بەرزی کوردە و، بەداهێنەری ڕێ و ڕچەی یاری دەژمێررێ و، ئەو بووە هۆی ئەوە کە وێژەیەکی ئایینی کوردی لە سەدەی هەشتەمدا بێتە دی. سەبارەت بەمێژووی لە دایکبوون و مردنی سان سەهاک جیاوازیی بۆچوون هەیە و هەر کە قسەیەکی لێوە کردووە کە ئەوا ئەو قسە و بەڵگانە دێنین و لەسەریان ئەکۆڵینەوە تا مێژووی لەدایک بوون و مردنمان بەتەواوی بۆ دەرکەوێ.

کاکەردایی لە یادداشتەکەی خۆیدا دەڵێ: سان سەهاک لە ساڵی ٤٤٥ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ٥٨٨دا کۆچی دوایی کردووە. لە دەفتەرێکی سەرئەنجامدا ساڵی لەدایکبوونی سان سەهاک ٥٢٨ی کۆچی و مردنی ٦٢٨ نووسراوە. لە پەڕاوی کورتەی سەرئەنجامدا ساڵی ٦٥٠ بۆ لەدایکبوونی تۆمار کراوە، بەڵام ساڵی مردنەکەی نەنووسراوە. لە پەڕاوی شاهنامەی حەقیقەتدا ساڵی ٦١٢ بۆ لەدایکبوون و ساڵی ٧١٢ بۆ مردنی دانراوە و، لە کورتەی سەرئەنجام ساڵی ٦٧٥ی کۆچی بۆ لەدایکبوونی و ساڵی ٧٩٨ی کۆچی بۆ مردنی نووسراوە و زۆربەی یارییەکانیش هەر ئەم مێژووەیان پێ دروستە گەلێک لە نووسەرانی کۆن و نوێ لایان وایە کە ئەو لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا ژیاوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کردن، سان سەهاک کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی لە ساڵی ٦٧٥ی کۆچی لە دێی بەرزنجەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە سەرەتای منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پەڕاوە وردەڵەکان و ڕێزمانی عەرەبیی خوێندووە. کاکاردایی لە یاداشتەکەیدا دەڵێ: سان سەهاک لە منداڵیدا لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی چووەتە قوتابخانەی (نظامیە)ی بەغدا و لەوێدا خەریکی خوێندنیی فقهی ئیسلامی و لێکدانەوەی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە و ئەوسا چووەتە شام و لەپاش ماوەیەک خوێندن ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێوە چووەتە حەج و لە پاش ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی حەج گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا مزگەوتێکی دروست کردووە و لەبەرئەوەی لەگەڵ براکانیا ناکۆکی بووە، ناچار ڕووی کردووەتە هەورامان و چووەتە دێی شێخان و لەوێدا ڕێ و ڕچەیێکی بەناوی یاری دامەزراندووە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٩٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

دوکتۆر محەمەدی موکری لە پەڕاوی: (شاهنامەی حەقیقەت)دا دەڵێ: سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسا کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا دەژیا، هەرێمی هەورامان و جوانڕۆ و گۆران و کێوەکانی دالاهۆی کە بۆ پێشڕەوتی کاری خۆی بەچاک دەزانی، هەڵبژارد و لەگەڵ تاقمێک لە هاوەڵان و یارانی کوردی خۆی، بەرزنجە و دێکانی شارەزووری بەجێ هێشت و ڕۆیشتە دێی شێخان و خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بوو. سوڵتان لەوێدا نە تەنیا گەلێ لایەنگری پەیدا کرد، بەڵکو رازی (یاری)شی فێری خەڵک کرد و یارسانەکانیشی لە شوێنێکدا کۆ کردەوە.

سان سەهاک بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە بیروڕای تایبەتی ئاینی و بەهرەمەند بوون لە ئاینەکانی زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوی، ڕێ و ڕچەی (یاری)ی بەدی هێنا. سان سەهاک یارەکان و لایەنگرانی کردە پازدە تاقمەوە و، بۆ هەرکامیان ئەرکێکی تایبەتی دانا



و ناوی ئەو تاقمانە بەم چەشنەیە: حەوت تەن، چل تەن، حەوتەوانە، یارانی قەوەڵتاس، حەفتا و دوو پیر، حەوت خەلیفە، حەوت خادم، حەوت حەوتەوان، چل چل تەنان، نەوەد و نۆ پیری شاهۆ، شەشسەد و شەش خوڵامی کەمەر زێڕین، هەزار و یەک بەندەی خواجە وێنە، بەیوەر هەزار بەندە، بێ وەن بەندە».

یەکێ لە کارەکانی گرنگی تری سان سەهاک، دامەزراندنی بنەماڵەکانی یارییە کە هەر کام ئەرکێکی تایبەتیان بۆ دانراوە، لە کارە گرنگەکانی تری ئەو گوێزی سەرشکاندن و پێکهێنانی جەم و سێ ڕۆژ ڕۆژووگرتن و تەنبوور لێدان و هۆنراوی کوردی خوێندنەوە لە جەمدایە.

لە دەوری ئەوا هۆنراوی کوردی باوی سەند و زۆربەی خوێندەرەوان و زانایان حەزیان دەکرد کە بەکوردی هۆنراو بهۆننەوە، چونکە تەواوی ڕێ و ڕەوشتەکانی یاری بەپێی فەرمانی سان سەهاک بەهۆنراوی کوردی هۆنرایەوە و، زۆربەی پیرەکان و زاناکانی ئەو دەورە هۆنەر بوون و گەلی پەڕاویان بەهۆنراو داناوە کە گرنگترینی ئەوانە سەرئەنجامە.

لە سان سەهاکەوە دیوانێکی بەرز و بێ وێنە بەیادگار ماوەتەوە کە تەواوی فەرمانەکان و ڕێ و ڕچەکانی یاری بەهۆنراوی گۆرانی هۆنیوەتەوە و، هۆنراوەکانی لە ئەوپەڕی بەرزی و تەڕ و پاراوی و سادەیی و شیرینیدان. ئەوا پارچە هەڵبەستێکی لە ژێر سەردێڕی (سەرسپاردن)دا بۆ نموونە دێنینەوە کە دەڵێ:

بێ گاوان گاوێ، بێ گاوان گاوێ
گا و بێ گاوان، بێ گاوان گاوێ
تا سەر نەسپارن کەردە ولاوێ
تا حەق نەشناسن دوور نەگشت باوێ
هەر سەرێ نەلۆ وە حوزوور جەم
نەسنجۆ وە دەست خەلیفە و خادەم
بێ شک ئەو سەرە وە تۆمار نییەن
نە ڕۆژ حەساو وە شمار نییەن
تۆمار پیر مووسی. قەڵەم باقییەن
جەم چلانە بنیام ساقییەن
ڕەهبەر داوودەن دەس دامانگیر
تەکبیرچی باتین بنیامین پیر

جۆز نەگژنێژ عەرەق بنیام
ئاوەردەن وە جەم پەرێ سەرئەنجام
جام نە دڵێ جۆز، جۆز نە دڵێ جام
نیازم ذات بی چوار کەس دەرهام
شەرت دام وە بنیام حەق دام وە ڕەزبار
دەفتەر پیر مووسی ناز وە یادگار
ڕەهبەر داوودەن چل تەنش وە شوون
پەرچینش ئەڵماس حەق وە دوونادوون
نەوا هاوڕازێ ببۆ بە هامتام
بنیام مەغز جام، جام مەغز بنیام
ذکر کەران نە جەم غولامان تەمام
نە رای مەغز دوڕ مەولای خاس و عام
نەوام عەتر جۆز، جۆز عەتر نەوام
غولامان گردەن قەوا وە قەوام
جۆزم شکەنا، سەریچم سپەرد
پۆسم پاچنا مەغزم بەراوەرد

واتە: گای بێ گاوان و بێ شوان، هەموو دەم لە دەشت و کێوا ئاوارە و دەربەدەر ئەبێ، کەواتە ئێوەش تا سەرتان بەپیرێک نەسپێرن ئاوارە و سەرگەدان ئەبن و، تا خوا نەناسن لە گشت ڕێ و ڕەوشتێک بێ بەرین، هەر سەرێک نەڕواتە جەم و بەدەستی خەلیفە و خادمەوە هەڵنەسەنگێ، بێ شک ناوی ئەو سەرە بەچاکی لە دەفتەرا نانووسرێ، دەفتەر ها بەدەستی پیرمووسی، جەمیش ها بەدەستی بنیامین و داوودیش ڕێبەر و تکاکاری خەڵکە، جۆز کە دەهێنرێتە ناو جەم دەبێ بیشکێنن و بەناوی خەڵکدا بڵاوی کەنەوە، ئەمن پەیمانی خەڵکم دا بەبنیامین و راستیم دا بەڕەمزبار و دەفتەرم دا بەپیرمووسی و نازم دا بەبابە یادگار. داوود ڕێبەرە و چل کەسی بەشوێنەوەیە و وەکو پەرچینی ئەڵماس وایە. کەواتە نابێ کەسێک لە فەرمانی ئەوان سەرپێچی بکا، دڵی بنیامین پڕ لە خواناسییە. خولامان و بەندەکان دەبێ لە جەمدا ستایشی خوا بکەن و هەر لە ئەو بپاڕێنەوە. هەر کەسێک لە ژیاندا دەبێ جۆز یا گوێزێک بشکێنێ و سەری خۆی بەپیرێک بسپێرێ و بڕوا بەگەورەیی خوا بهێنێ.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام هەر کەسێک لە سەریە کە لە سەردەمی منداڵییەوە سەری



خۆی بسپێرێتە پیر و بۆ سەرسپاردن پێویست بەگوێزێک و کاردێک و کەڵەشێرێک و مەنێ برنج و چارەکێ ڕۆن و نان و خوێ و ئەم جۆرە خۆراک و شتانەیە کە باوکی منداڵەکە دەبێ منداڵەکەی بباتە جەمخانە و ئەوسا بەپێی ڕێ و ڕەوشتێکی تایبەت سەری منداڵەکە دەسپێرنە پیر و بەم چەشنە ئەو منداڵە دەچێتە سەر ڕێ و ڕچەی یاری.

جا سان سەهاک لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ: هەر کەسێک پێویستە سەری خۆی بسپێرێتە پیرێک وە ئەگەر ئەم کارە نەکا لە ژیاندا ئاوارە و سەرگەردان دەبێ و هەر کەسێک نەڕواتە ناو جەمخانە و کردەوەی بەدەستی خەلیفە و خادمەوە هەڵنەسەنگێ بێ شک ئەو کەسە بەخواناس دانانرێ، جا من چەند کەسم بۆ کارەکانی ئێوە هەڵبژاردووە کە ئەوانەش بریتین لە: «پیرمووسی، بنیامین، داوود، رەمزبار» و هەر کام لەمانە کارێکم پێیان داوە و ئێوەش دەبێ لە فەرمانی ئەوان سەرپێچی نەکەن تا بەهیوا و ئاواتتان بگەن.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا ڕوو دەکاتە یەکێ لە یارانی بەناوی داوود و پێی دەڵێ: ئەی داوود شێخ عیسا باوکمە و شێخ و بەرزنجە لەجیاتی حەج و کەعبەی منە و ئەمانەم لەلا گەلێ پیرۆزە و، ئێستاکە دوایین ڕۆڵەم پەیمانم لەگەڵدا دەبەستێ و پیر بنیامینیشم بۆ پیریەتیی خەڵک تەرخان کردووە و ئەوا دەتوانێ لەلای من بۆ خەڵک تکا بکا:

عیسی باوەما، عیسی باوەما ‏ ‏ ‏ داوود تۆ بزا عیسی باوەما
شێخ و بەرزنجە حاجی و کاوەما ‏ ‏ ‏ چێگا ئاخر مۆر فەرزەن لاوەما
ڕجاچی بنیام چێوەر هاوەما

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا ڕوو دەکاتە داوود و پێی دەڵێ: ئەی داوود هەر کەسێک پێی لە بەرەی خۆی درێژتر کردەوە و لە سنووری خۆی تێ پەڕی و لە ڕێ هەڵخلیسکا و فەرمانبەرداریم لێ کردم وویستی بۆ خۆی ڕێ و ڕەوشتیکی نوێ دانێ، من دەم و دەزگای ئەو لەناو دەبەم، ئێستا کە تۆم کردووەتە ڕێ پێشاندەری خەڵک، دەبێ خەڵک ڕێنموونی بکەی و ئەوان بخەیتە سەر ڕێی ڕاستی خوایی:

داوود نە جای وێش، داوود نەجای وێش ‏ ‏ ‏ هەر کە بلەخشۆ بێ حەق نە جای وێش
غافڵ جە ئەزی نەکەرۆ ئەندێش ‏ ‏ ‏ پەی وێش بسازۆ میزان و کەم کێش
ئەدەم مەڕزنۆ دەستەقای نە ژێ ‏ ‏ ‏ چ عەتە و گیرەن چێش ماچان پێش
تۆمان دەلیل کەرد پیریت یانێ چێش؟ ‏ ‏ ‏ پەی دەلیلی وێت پا بنیەر وە پێش

لە پارچە هەڵبەستیکی تردا دەڵێ: پووڵ گۆڕەوە زێو بەجێی زێڕ ناکڕێ و ئێمەش شتی وا ڕەوا نابینین کە زێو بەجێی زێڕ بدەینە خەڵک، دوڕ لەگەڵ سەدەفدا ناگۆڕێتەوە و خوێ

بەجێی بلوور خۆی نانوێنی و بەردیش نابێتە قەلا، هەر کەسێک لە سنووری خۆی دەرچێ و پێ لە بەرەی خۆی درێژکاتەوە تووشی پەتەر و بەلا دەبێ:

سیم نه جای تەلا، سیم نه جای تەلا     سـەرراف نەگرتەن سیم نه جـای تەلا

تەلا نـه جـای سـیم نەدانمان سـەلا     دورِ نه جـای سـەدەف نەمـێـرۆ هەلا

شـوور نه جـای بلوور نەدانش جـەلا     سـەنگیش نمـەوۆ وه قـوولّوو قـەلا

هەر کە نەجای وێش سەلاش هەن جەلا     هەنقـــام زیایی ماوەرۆ بەلا

دیوانەکەی سان سەهاک بەهۆی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.


سەرچاوەکان:

١– یادداشتی کاکەڕدایی – نووسراوی کاکەڕدایی لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا نووسراوە. (دەستنووس).

٢– شاهنامەء حقیقت اثر حاج نعمت اله جیحون ابادی باهتمام دکتر محمد مکری تهران ١٩٦٦.

٣– سەرئەنجام (دەستنووس).

٤– دیوانی سان سەهاک (دەستنووس).

٥– کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).

٦– سرودهای دینی یارسان ترجمەء ماشاءالله سوری – تهران ١٣٤٣.

٨– برهان الحق. تالیف نورعلی الهی – تهران ١٣٤٢.



## پیر بنیامینی شاهۆیی

٦٣٣ – ...

پیر بنیامین بەپێی سەرئەنجام ناوی سەید خدری شاهۆییە و بەیەکێ لە یارانی سان سەهاک دێتە ژمارە و، بەپێی بەڵگەکانی دەستنووس، پیر بنیامین لەلایەن سان سەهاکەوە بەپیری هەڵبژێرراوە. لە کورتەی نامەی سەرئەنجامیشدا هاتووە کە پیر بنیامین لە ساڵی ٦٣٣ی کۆچی لە دەوروبەری کێوی شاهۆدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە لای سان سەهاک و لەلای ئەو فێری زانیاری بووە و لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا چووەتە کرند و پاشماوەی ژیانی بەرێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

ئەعلادین کە یەکێ لە نووسەرانی یاری لە سەدەی یانزەیەمی کۆچییە، سەبارەت بەپیر بنیامین دەڵێ: کە لە دەوروبەری شاهۆدا لە دایک بووە و سەرەتا لەوێدا خەریکی خوێندن





بووه و پاشان بەفەقێیەتی بەزۆربەی شارەکاندا گەڕاوە و سەرێکی داوە لە شارەزوور و ماوەیەک لەوێدا ماوەتەوە و ئەوسا چووەتە شێخان و لەلای سوڵتان سەهاک خەریکی خوێندن بووە، سوڵتان پلەوپایەی پیریەتی و نازناوی بنیامینی پێ داوە و پاشان ڕۆیشووەتە کرند و لەوێدا مردووە. ئەوسا سەبارەت بەمێژووی ساڵی لەدایکبوونی پیربنیامین دەڵێ:

ساڵ شەش سەد و سی و سێ تەمام          بنیام جە شاهۆ پەیدا بی وە کام

واتە: لە ساڵی ٦٣٣ی کۆچیدا، پیر بنیامین لە دەوروبەری کێوی شاهۆدا سەری هەڵدا.

ئایەتوڵڵا مەردووخ لە بەرگی دووهەمی مێژووەکەیدا دەڵێ: پیر خدری شاهۆ نازناوی سەید محەمەدی کوڕی سەید مەحموودی مەدەنییە کە گۆڕەکەی لە قوتاق ئاوای لای سنەیە.

بەپێی پەڕاوی (نورالانوار)، پیر خدری شاهۆ، یەکەم کەسێکە لە ڕشتەی سەیدەکان کە هاتووەتە کوردستان و مێژووی هاتنەکەشی بەتەواوی ڕوون نییە و بەگوێرەی هەندێ بەڵگە ڕەنگە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا بێ. ئەم پیر خدرە سەرەتا لە گەنجەوییە (پاوە)دا نیشتەجێ بووە و فەرمانڕەوای سنە و کرماشانیش پیاوێک بووە بەناوی (مقرب الدین) کە لە دێی پایگەلاندا دانیشتووە، جا کاتێ ئەم هەواڵە دەگاتە فەرمانڕەوای ناوچەکە کە سەیدێ لە جلوبەرگی دەروێشیدا هاتووەتە ئەو ناوچەیە و خەڵک لە دەوری کۆبوونەتەوە، قازی ناوچەکە دڵگران دەبێ و فەرمان دەدا ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە و پیر خدری بەزۆر تێ دەخەن و پاش ماوەیەک پیر خدر بەساخی لەناو ئاگرەکە دێتە دەرەوە، ئەوسا فەرمانڕەوای ناوچەکە دەڵێ من میرنیم و تۆ میریت و ئەوسا دێیەکی بەناوی قوتڵوئاوا پێ ئەبەخشێ و ئەویش لەوێدا دەمێنێتەوە و خەریکی ڕێنموونیی خەڵک دەبێ تا کۆچی دوایی دەکا و هەر لەوێدا دەنێژرێ.

جا ئێمە نازانین ئەم پیر خدرە کە بەپیر خدری شاهۆ ناسراوە، هەر ئەو پیر خدرەیە کە یارییەکان بڕوایان پێیە، یا پیر خدرێ ترە؟ ئەمەش پێویستی بەبەڵگەیەکی بتەوە کە بەداخەوە بەڵگەیەکی وامانە بەدەستەوە نییە تا ئەم مەبەستەمان بەتەواوی بۆ ڕوون بێتەوە.

لە پیر بنیامینەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی سەبارەت بە ڕێ و ڕچەی یاری بەجێ ماوە کە گەلێ سادە و ڕەوان و شیرینن. ئەم هۆنراوانە لە چەند دەفتەردا نووسراون کە بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراون. ئەوا چەند پارچە هەڵبەستی ئەم زانا پایەبەرزە دێنین:

١

یاران ئەو شەمێ، یاران ئەو شەمێ          وێنـــەی پەروانە نە دەور شەمێ
بنیـــشن یۆیۆ نە دلێ جـــەمێ          هەتا کـــینەتان نەمـــانۆ لەمێ



وەهار و هامن، خـــــەزان و زەمێ          وێنەی زیندەگی مەشـــۆ چون تەمێ
هەر کەسی کۆرەن نەی گاس و دەمێ          راش نادروســــتەن نەی راو بەمێ
مـــەبۆ بنۆشـــۆ نە بادە کــــــەمێ          هەرگـــیـــز نەنۆشـــۆ ژاری ژەرەمێ
فەرمان یارەن نەی وەر و رەمـــــێ          گرد ئاسـوودە بان بێ گوناو غەمێ

واتە: ئەی یاران! وەکو پەپوولە و شەم یەک یەک لە دەوری شەمێکدا لە جەمخانە دانیشن، هەتاکو ڕق وکینەتان لە دڵدا نەمێنێ و دڵتان پاک و خاوێن بێتەوە بۆ خواپەرستی، بەهار و هاوین و پایز و زستان وەکو ژیانی بنیادەم تێ دەپەڕێ و ئەمەش وەکو تەمومژێکە کە خێرا لەبەرچاو ون دەبێ، هەر کەسێک لەم چەند ڕۆژی تەمەنەدا ئەگەر نادروست بێ و ڕێگەی چەوت و چەوێڵ بگرێتە بەر و بەپێچەوانەی فەرمانی خوا بجووڵێتەوە، وەکو کوێر وایە و دەبێ کەمێک بادەی یەزدانی بخواتەوە و ڕێی خوا بگرێ و خۆی لە ڕێی چەوت و چەوێڵ لادا، چونکە ئەوە وەکو ژارە و ئیدی ئەو ژارە هەرگیز نەخواتەوە. ئەگەر کەسێک ڕێی ڕاست و دروستی خوایی بگرێ و لە گوناه خۆی بپارێزێ، خەمی نەبێ و ئاسوودە و دڵنیا بێ، کە خوا ئەیبەخشێ. ئەمە فەرمانی یارە.

جەمخانە کە دیاردی پێ کراوە، شوێنێکە کە یارسانەکان هەر حەوتەیێک لەوێدا کۆ دەبنەوە و خەریکی نزا و پاڕانەوە و لالانەوە لە خوای تاق و تەنیا دەبن. لە جەمخانەدا پیر بۆ خەڵکەکە تەنبوور لێ دەدا و چەند سروودی کوردی بەدەنگێکی خۆش دەخوێنێتەوە و لە پاشا خەڵکەکە سروودەکە دووپات دەکەنەوە و ئەوسا دەست دەکەنە پاڕانەوە و دەگرین.

٢

هەر کەسێ ڕۆچەی پادشام کەل کەرۆ          پادشام جە تەقسیر گوناش نەویەرۆ
هەر کـــەس نەگـــیـــرۆ یەری ڕۆی یاران          ســـەربەرزیش وە پای دیوان ناوەران
ئەر ڕۆژی یانەش نوور وارۆ چەند جار          گوناش نەوەخشۆ شای خاوەندکار
هەر کـــەس نەکـــەرۆ دەعـــوات شـــایی          بەشش نمەدۆ خـــەرمـــان دۆچیـــایی

واتە: هەر کەسێک سێ ڕۆژ ڕۆژووی تایبەت نەگرێ، خوا گوناهەکەی نابەخشێ و لە دیوانی خواییدا شەرمەزار دەبێ و ئەگەر ڕۆژێک چەند جار تیشک ببارێتە ماڵەکەیە، خوا گوناهەکەی نابەخشێ و لە خەرمانی ڕۆژی پەسڵان بێ بەهرە دەمێنێتەوە.

یارسانەکان سێ ڕۆژ ڕۆژووی تایبەتیان هەیە کە بەپێی پەڕاوی: (وردە سەرئەنجام) لە دوانزەهەمی چلەی گەورەی زستاندا دەیگرن و، هۆی ڕۆژوو گرتنی ئەم سێ ڕۆژە ئەوەیە کە سان سەهاک لەگەڵ سێ کەس لە یارەکانیا کە یەکێکیان پیر بنیامین بووە، لە دەست

لەشکری چیچەک کە بەشوێنیانەوە بوون تا بیانکوژن رزگاریان دەبێ و لەم کاتەدا لە خوا دەپاڕێنەوە کە رزگاریان بی، ئەوسا تەمومژێک هەڵدەکا و لەشکرەکە سەری لی دەشێوێ و ئەوانیش دەچنە ئەشکەوتێک و سێ ڕۆژ لەوێدا دەمێننەوە تا رزگاریان دەبێ و ئیتر پاش ئەم ڕووداوە حەقەکان هەموو ساڵێک سێ ڕۆژوویان گرتووە.

سەرچاوەکان:

١- مشاهیر اهل حق. تالیف صدیق صفی زادە (بۆرەکەیی) - تهران ١٣٦١.

٢- تاریخ مردوخ - جلد دوم. تألیف ایە اللە مردوخ کردستانی - تهران ١٣٢٤.

٣- نورالانوار. تألیف سید عبدالصمد - وەرگێڕاوی: محەمەد مەلا کەریم - بەغدا ١٩٧٠.

٤- سەرئەنجام (دەستنووس).

٥- وردە سەرئەنجام (دەستنووس).

٦- تذکرەی اعلی دین نوشتەی اعلی دین (دەستنووس).

## پیر داوودی دەودانی

٠٠٠ - ٧٩٨

پیرداوودی دەودانی بەپێی نامەی سەرئەنجام، لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دێی دەودان لە دایک بووە و لە سەردەمی منداڵیدا هەر لەو دێیە خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەڕاوە و ئەوسا چووەتە دێی شێخان و لەوێدا لە لای سوڵتان ئیسحاق ماوەتەوە و ئەوسا لەلایەن سوڵتانەوە پلەوپایەی (دەلیل)ی پێ دراوە و پاشان گەڕاوەتەوە دەودان و لەوێوە ڕۆیشتووەتە سەرپێڵی زەهاو و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٩٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە کەلی داوودا نێژراوە. کەلی داوود لە پێنج کیلۆمەتریی سەرپێڵی زەهاو دایە.

لە پەڕاوی کورتەی سەرئەنجامدا هاتووە: مووسی سیاوە کە بەداوودی کەوو سوار بەناوبانگە، یەکێکە لە یارانی سان سەهاکی بەرزنجی کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و گەلێ شاگردی پەروەردە کردوون و لەلایەن سان سەهاکەوە پلەوپایەی دەلیلیی پێ دراوە و سەرئەنجام لە دەوروبەری سەرپێڵی زەهاودا کۆچی دوایی کردووە و لە کەلی داوودا نێژراوە.

لە ڕێ و ڕچەی یاریدا (دەلیل) ئەو کەسەیە کە ئەوانەی وا بەودمی پاشا و پیر دێنە سەر ڕێ و ڕچەی یاری ڕێنماییان دەکا و ئەوسا دەیانسپێرێتە پیر.



لە پیر داوودەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین و ئەگەر بەچاوێکی وردبینییەوە سەرنجی هۆنراوەکانی بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هۆنراوەکانی لە ئەوپەڕی بەرزی و جوانی و شیرینییدان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سادەن و هەموو کەسێک لێی تێ دەگا، چونکە کوردییەکی پەتی هۆنراونەتەوە. ئەوا بۆ نموونە چەند هەڵبەستێکی دێنین:

١

| | |
|---|---|
| ئەو باڵای دیدە، ئەو باڵای دیدە | عازیز ئەمر تۆ ئەو باڵای دیدە |
| هەرچی کەردەی تۆن قەبووڵ رەسیدە | نقاب گەوهەر نوورت ئافەریدە |
| رازات هەفتەوان جە نوور گوزیدە | پەرێ دەستگیری یارانت چیدە |
| شاهم وە مۆبەت مەیلت خەریدە | هەم ئاو هەفت نوورەن بی ئافەریدە |
| نیەنا ذاتشان جە نوور پەزیدە | حەیات و مەمات هەفتا و دوو تەنان |
| قەبووڵ کەران شەرت سکەی هەفتەوان | کۆگای غولامان تەخت شارەزوور |
| سەربەران وە شەرت هەفتەوان پرنوور | خیلاف نەگیران ئی شەرت و دەستوور |
| یانەی ئیقرارمەن نەکەران خاپوور | سەرد نەوان جە شەرت زاتان هەفت نوور |
| نەولاوان ئی قەوڵ رای شەرت و مەستوور | خەجاڵەت نەوان فەردا نە حوزوور |
| هەر نەیانەی سرِ تا کۆشک ڕەنگین | هەفت پوورم دەستگیر شەکش نیایەقین |
| هەر چە نەو دوما تا کەرد وە کەرەم | هەر هەفتەوانەن بەیاران وەرەم |

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! فەرمانی تۆ بەسەرچاوم و هەموو دەبێ لە ڕێت دەرنەچین، ئەتۆ پەچەی گەوهەرینی ڕوومەتت لادا و حەوتەوانەت لە تیشکی خۆت بەدی هێنا و ئەوسا ئەوانت بەپرشنگی خۆت رازاندەوە و بۆ دەستگیریی یارەکان هەڵت بژارند. ئەی پاشام، خۆشەویستی و ئەوینت بەگیان دەکڕم، تۆ حەوتەوانە کە هەر کامیان پارچە تیشکێکن بەدیت هێنا و، بوونی ئەوان پەیوەندیی بەژیان و مەرگی هەفتا و دوو پیرەوە هەیە، ئەوانە دەبێ بڕوا بەهەفتەوانە بێنن و، خەڵکی شارەزوور دەبێ لەگەڵ حەوتەوانەدا پەیمان ببەستن و لە فەرمانەکانی ئەوان سەرپێچی نەکەن و ماڵی پەیمان و بڕیارم خاپوور نەکەن و دڵیان لێیان سارد نەبێتەوە تا لە رۆژی دواییدا لەلای خوا شەرمەزار نەبن و، هەفتەوانە تاکو ئەم جیهانە بەردەوامە، ئەوان دەستگیریی یارانیان گرتووەتە ئەستۆ.

بەپێی بڕوای یارییەکان، خوا لە رۆژی بەریندا حەوت فرێشتەی لە تیشکی خۆی بەدی

هێنا و پەیمانی لێیان سەند کە لە جیهاندا خەڵک بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنموونی بکەن، لە سەدەی هەشتەمدا ئەو حەوت فریشتە لە قاڵبی مرۆدا سەریان هەڵدا و ئەوسا گەلی لە پیران لە شارەکانی کوردستان و وڵاتەکانی جۆرجۆرەوە هاتنە لای سوڵتان ئیسحاق و سوڵتان لەناو ئەوانەدا حەفتا و دوو پیری هەڵبژارد تا لەگەڵ حەوتەوانەدا پەیمان ببەستن و ڕێنماییی خەڵک بکەن.

٢

| | |
|---|---|
| عازیز ڕمیاوە، عازیز ڕمیاوە | عازیز ئامانەن تەمم ڕمیاوە |
| بوخار پیاڵەم نە چەم سڕیاوە | شەم و ئەزەڵیم ئەو پاک گڕیاوە |
| سەدای کۆی سرم وە گۆش زڕیاوە | کەمەند و زۆرم چەوا بڕیارە |

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! هانایەکە تەم بەرچاومی گرتووە و، هەڵمی پیاڵەکەم چاومی سڕییەوە، شەمی ڕۆژی بەرینم بەپاکی دەگڕێ، دەنگی کێوی ڕاز لە گوێما زڕاوە و، کەمەند و زۆرم ئەوا پچڕا، دەسا بەگەورەیی خۆت بەزەییت پێمابێ.

سەرچاوەکان:

١- دەفتەری دیوان گەورە (دەستنووس).
٢- دەورەی پیر عالی (دەستنووس).
٣- کورتەی پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).
٤- پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).
٥- دامیار دامیار (دەستنووس).
٦- دەورەی هەفتەوانە (دەستنووس).

## پیر مووسای شامی

٦٣٩ - ...

بەپێی نامەی سەرئەنجام پیر مووسا (ڕوکنەدین) کە بە(مەلا ڕوکنەدین) بەناوبانگ بووە، لە ساڵی ٦٣٩ی کۆچی لە شامدا لەدایک بووە و لە سەردەمی منداڵییدا هەر لە شام خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی خوێندووە و ئەوسا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئیتر کەوتووەتە گەشت و گێڵ بەوڵاتە ئیسلامییەکاندا و ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێوە بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و خۆی گەیاندووەتە سان سەهاک و لە پاش



ماوەیەک کە لەلای ئەویش فێری زانست و پیتۆڵی بووە، سان سەهاک کردوویەتە نووسەری تایبەت و نازناوی (مووسی قەڵەم زەڕی) پێ داوە و، پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و نووسەری و ڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر، تا کۆچی دوایی کردووە و لە دێی کرندا نێژراوە.

لە پەڕاوی (کورتەی سەرئەنجام)دا نووسراوە: کە مەلا روکنوددینی شامی کە بەپیر مووسا ناسراوە، یەکێکە لە یارانی سوڵتان ئیسحاق کە لە ساڵی ٦٣٩ی کۆچی لە شامدا لە دایک بووە و ئەم تاکە هۆنراوەشی سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوونی نووسیوە کە دەڵێ:

پەی سەنەی ساڵ پیر مووسا گێلام
چە دەفتەر شەش سەد، سی و نۆ وانام

واتە: بۆ ساڵی لەدایکبوونی پیر مووسا گەڕام و لە دەفتەر ساڵی شەشسەد و سی و نۆم خوێندەوە.

هەر لەم پەڕاوەدا نووسراوە: کە پیر مووسا لە کوردەکانی شام بووە و پیاوێکی زانا و ڕۆشنبیر و پارێزگار بووە و گەلێ شاگردی پەروەردە کردووە و لە ڕێ و ڕچەی یاریدا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە و لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزا بووە، سەرئەنجام لە ئاخروئۆخری سەدەی هەشتەمی کۆچی لە کرندا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا هاتووە کە پیر مووسا لە ڕێ و ڕچەی یاریدا بەیەکێ لە هەفتەن دێتە ئەژمار و یەکێ بووە لە یارانی تایبەتی سوڵتان ئیسحاق کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و، هەروەها پایەی نووسەریەتیشی پێ دراوە.

هەفتەن لە ڕێ و ڕچەی یاریدا بریتییە لە حەوت فریشتە کە پاسەوانی و دیدەوانی ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و با و هەوا و زەوی و ئاو و گیا و ئاگر و ئاسنیان پێ سپێرراوە، لە ئاینی زەردەشتیشدا (ئەمشاسپەندان) بەحەوت فریشتە دەوترێ کە پاسەوانی ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و با و هەوا و زەوی و ئاو و گیا و ئاگر دەکەن و ئەمانە کاروباری جیهان و ئاسمانەکان بەپێی فەرمانی ئەهوورامەزدا بەڕێوە ئەبەن.

لە پیر مووساوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە گەلێ سادە و ڕەوان و شیرین و تەڕ و پاراون. زۆربەی ئەم هۆنراوانە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراون و سەبارەت بەڕێ و ڕچەی ئاینی (یارین). ئەوا چەند هۆنراوەی ئەم هۆنەرە پایەبەرزە دێنین:

١

شام ئەو بالآی سەر، شام ئەو بالآی سەر
هەرچی رەزای تۆن شام ئەو بالآی سەر
قەبووڵ مەکەرووم ئەز وە بێ کەدەر
وە شوون کەلام پا حەیا و حەدەر
نە لەوح سەدەف تۆ کەردی گوزەر
سازنات نەسرِ هەفت پوورە نە وەر
نام هەر هەفتش سەبتەن نە دەفتەر
ئەز شاهیدەنان مەدەری خەوەر
پەرێ دەستگیری نە ژێر حەجەر
پەی رِەزم شرووت مێرد مودەووەر
وە مەیل مۆبەت نەکەردی خەتەر
هەفتەوان نە سرِ ئاوەردی ئەو بەر
هەم زوهوور کەردی زاتان مەجمەر
یوورتشان ئاما ئەو جیلوەی بەشەر
پیران کاملّ نەوەد و نۆ مەرد
قەبووڵ بکەران هەفتەوان بێ گەرد
دەستگیر یاران پەی ئیقرار شەرد
سەف غولآمان زێڵشان نەبۆ سەرد
هەر جە کۆی قەدیم تا بەرِۆی ئارۆ
دەستگیر هەفت پوورەن شەکێ نەدارۆ
هەر نە رۆی ئارۆ تا رۆی رِەستاخێز
سکەدار هەفت پوورەن وەئەمر عازێز
مێردان نە کەران جەو موو جیایی
فەردا نە حوزوور دیوان شایی
سەراژێر نەوان وە رِووسیایی



واتە: ئەی شا! فەرمانی تۆ بەرِێوە دەبم و هەرچی رِەزا و ویستی تۆیە بەجێی دێنم. تۆ لە رۆژی بەریندا حەوتەوانەت لە تیشکی خۆر بەدی هێنا و ناوی هەر حەوتیان لە دەفتەردا تۆمار کراوە و، من شایەتم و دەزانم کە ئەوانت بۆ رێنموونیی خەڵک بەدی هێنا، لەو رِۆژەدا رِۆحی هەموو یارانت کۆ کردەوە و پەیمانت لێیان سەند و لە پاشا حەوتەوانەت هێنایە جیهان و فریشتەکانی تریشت بەدی هێنا و ئەوسا لە قاڵبی مرۆدا خۆیانیان دەرخست، نەوەد و نۆ پیری شاهۆ دەبێ حەوتەوانە قەبووڵ کەن تاکو خەڵک لێیان دڵسارد نەبنەوە، پیاوانی خوا نابێ جیاوازی بخەنە نێوان تاکو لە رِۆژی پەسلآندا شەرمەندە و رِوورِەش نەبن.

خۆر کە دیاردی پێ کراوە لە نووسراوەکانی سوهروەردیدا بەچەشنی هووەرەخش هاتووە کە بریتییە لە تیشکی خوایی، واتە حەوتەوانە کە بریتین لە حەوت فرێشتە، هەموویان لە تیشکی خوا بەدی هاتوون.

٢

شەرت شەریعەت تەوفیق حەقەن          تەریقەت چاوش خەلق خالقەن
حەقیقەت بەرپا شەریعەت لەنگەن          جیهان سەقامدەر بەندەی یەک رِەنگەن
ماریفەت مۆرەن جە پەردەی سرِپۆش          بنایی یارەن جامەی نۆ وە نۆش

واتە: دامەزرانی (شەریعەت) بۆ ئەوەیە کە بنیادەم بەخوا نزیک بێتەوە وە (تەریقەت) رِێنماییی خەڵکە تاکو بەخوای تاق و تەنیا نزیک بنەوە، بەڵام کاتێ (حەقیقەت) بێتە دی و سەر هەڵ بدا، شەریعەت تەواو دەبێ، ئەوسا (مەعریفەت) بەسەر رِازەکانی ئاڵوگۆرِی (وەحدەت)دا مۆر دەبێ.

(حەقیقەت) کە دیاردی پێ کراوە لە دوای (شەریعەت) و (تەریقەت) و (مەعریفەت)دا دێ، جا کەسێک کە بیەوێ بەپلەوپایەی (حەقیقەت) بگا دەبێ ئەو سێ قۆناخەکەی تر بباتە سەر.

٣

کەشان کەشانا، کەشان کەشانا          ئی بنا و بونیاد کەشان کەشانا
یار داوود غولآم بەرەی دیوانا          ئاو و خاک و باد زەردەگڵ جانا

واتە: بەدیهێنان و ئاواکردنەوەی ئەم جیهانە کە دەسەڵاتی خوای تاق و تەنیا دەگەیەنێ لە ئاو و خاک و با و ئاگرەوە بەدی هاتووە و، مرۆیش لە (زەردەگڵ) سرشت کراوە و هەوێنی گرتووە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).

٣- برهان الحق. تالیف: نور علی الهی.

٤- مشاهیر اهل حق. تالیف: صدیق صفی زادە.

## مستەفا دەودان

٦٤٣ - ....

ئەم هۆنەرە کوردەی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی ناوی مستەفا و کوڕی مەلا ئەحمەدی دەودانییە. بەپێی (یادداشتی کاکە قرندی) مستەفا دەودان لە ساڵی ٦٤٢ی کۆچی لە دێی دەوانی سەر بەپاوەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و، لەبەرئەوە مەلا زادە بووە، سەرەتا لە قوتابخانە و پاشان لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی و، بۆ خوێندن هەمووی هەورامان گەڕاوە و ماوەیەکیش لە دینەوەر بووە و لە پاشا چووەتە شارەزوور و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری خوێندنی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ دەودان، ئەوسا چووەتە شێخان و ماوەیەک لەلای سوڵتان ئیسحاق ماوەتەوە و ڕێ و ڕچەی (یاری)ی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنموونی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمدا، کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە مستەفا دەودان یەکێکە لە یاران و هاوەڵانی تایبەتی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و گەلێ شاگردی پەروەردە کردوون. لە مستەفا دەودانەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماوە کە گەلێ سادە و ڕەوان و شیرینن. ئەوا بۆ نموونە چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرزەتان بۆ دێنین:

ئەو بان و گیانی، ئەو بان و گیانی
عازیز ئەمر تۆ ئەو بان و گیانی
هەر چە قەوڵتەن قەبووڵ مەنمانی
نە لەوح ئەلەست کرد وە دیوانی
مەیۆم وە ویر و زێڵم وەشیانی
هەفتەوان جە نوور زات یەزدانی
رازات پەی نەقش شەرت مێردانی
پەرێ دەستگیریی سەف غولامانی



شاهم وە مۆبەت کەردت مەیلانی
هەم ئەو هەفت نوورەن کەردت بەیانی
جە پردیوەردا مەدان جەولانی
رەمز مۆر شەرت سکەی سوڵتانی
هەفت پوورت دەستگیر چێگا زیانی
هەفتاو و دوو تەن شەرت شەهیدان
نەوەد و نۆ تەن تەخت هەورامان
هەفتەن، هەفتەنان، چل بار چلتەنان
سەربەران ئەو شەرت سکەی هەفتەوان
وە ئەمر مەوجوود ئەو خواجای سوبحان
هەر نەمایەی سڕ تا وە رۆی حاڵا
دەستگیر هەفتەوان وێچیان جە واڵا
بەشیر بەشارەت سەرمیر عاڵا
یاران جەی شەرتە هەرگیز نەناڵا
هەر نە ڕۆی ئارۆ تا ئاخر زوهوور
دەستگیر هەفتەوان یاران بۆ شەکوور
مێردان نەنیەران پا جە ئەندازە
جیا نەکەران یەک رەسمێ تازە
وەرنە وە ذات پادشای بێ باک
وەرنە وە دیدەی بنیام ئەفلاک
وە سکەی مەولام جەلادار پاک
مەدیشان نەوەر تیر غەزەبناک
مەکیانیش ئەو تۆی میللەت سیواک

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم فەرمانی تۆ بەگیان و دڵ پەسەند دەکەم، تۆ هەر ئەو کەسەیتە کە لە رۆژی بەریندا دیوانێکت پێک هێنا و کاتێ ئەکەومە بیری ئەو رۆژە، دڵم بەجارێ دەکرێتەوە، لەو ڕۆژەدا تۆ حەوتەوانەت لە تیشکی خۆت خوڵقاند بۆ ئەوە لە جیهاندا خەڵک ڕێنموونیی بکەن. ئەی پاشام! تۆ گەورەییت کرد کە حەوتەوانەت بەدی هێنا و ئەوانت ناردە دنیا تا دەستگیری خەڵک بکەن، هەفتا و دوو پیر و نەوەد و نۆ پیری شاهۆ و هەفتەن و چل

تەن، هەموویان بەجارێ دەبێ سەریان بسپێرنە هەفتەوانە. ئەی یاران مزگێنی بێ کە ئەوا پیاوانی گەورەی ئاین سەریان هەڵدا و ئەوا ئەوان ئەبنە ڕێ پیشاندەری ئێوە، جا ئەو کەسەی کە خۆی بەپیاوی خوا دادەنێ نابێ پێی لە بەڕەی خۆی درێژ بکاتەوە و ڕێ و ڕەوشتێکی نوێ بەدی بێنێ و جیاوازی و ناتەبایی و ناکۆکی بخاتە نێوان خەڵک دەگینا سوێند بەخوای گەورە و گران و سوێند بەپاکان و بەنزیکانی خوا، هەموو گوناهکاران بەتیری ڕقی خوا گرفتار دەبن و ئەوسا ئاوارە و دەربەدەری ناو نەتەوەکانی دەرکراو دەبن.

٢

مەولام ڕەنگ نموون، مەولام ڕەنگ نموون — مەولام ڕەنگبازە ئەوەن ڕەنگ نموون
ئافتاو وە زەمین قابش کەرد نگوون — کوورەی ئاهر بیم سۆزەندەی گەردوون
چەرخ وەردم گریام شۆڵەم دا فزوون — سینەم بی وە ساج چەتر چل ستوون
کوورەی ئایر بیم نە قوللەی هاموون

واتە: سەرۆک و ڕێبەرم هەر ساتێ بەڕەنگێ خۆی دەنوێنێ، بەڕاستی هەر ئەو بەم ڕەنگانە خۆی دەردەخا. خۆر تیشک دەداتە زەوی و، من کوورەی ئاگر بووم و گەردوونم سووتان، چەرخام و گریام و شۆڵەی ئاگرم پتر بووەوە و، سینەم بووە ساجی چەتری چل هەستوون کە مەبەست ئاسمانە، ئەز کوورەی ئاگر بووم لە تەپۆڵکەی جیهاندا.

بەپێی ئەو هۆنراوانە کە هێنامان، دەتوانین بڵێین کە ئەم هۆنەرە هۆنەرێکی ئاینییە و هەستێکی زۆر بەرزی هەیە و هۆنراوەکانی لەوپەڕی بەرزییەوەن.

سەرچاوەکان:
١- یادداشتی کاکە قرندی (دەستنووس).
٢- سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- دەفتەری دیوان گەورە (دەستنووس).
٤- دەفتەری ساوا (دەستنووس).



## خاتوون دایراکی ڕەزبار

٧٤٥ - ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی دایراک و کچی حوسێن بەگی جەڵدە کە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە شاری حەلوان لە دایک بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و لەلای ئەو خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە قوتابخانە و قورئانی پیرۆز و پەڕاوە وردەڵەکانی خوێندووە و ئەوسا فێری خەتخۆشیش بووە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا شووی کردووەتە شێخ عیسای بەرزنجی و سوڵتان ئیسحاقی لێ بووە و ئەوسا پاشماوەی تەمەنی بەڕێنموونیی ژنان و دەرز وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە کورتەی نامەی سەرئەنجامدا هاتووە کە خاتوون دایراک ژنێکی پارێزگار و لەخواترس بووە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە دێی شێخاندا کۆچی دواییی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە خاتوون ڕەزبارەوە گەلێ هۆنراو بەجێ ماون کە لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە ئەو هۆنەری ئەوین بووە و، لەبەرئەوەی بڕوای بەژیانی دوای مەرگ بووە، بەختەوەریی مرۆی لە مەرگدا زانیوە و لای وابووە کە بنیادەم دەبێ لە ڕێی ئەویندا تێ کۆشێ و هەموو شتێکی بسپێرێتە ئەوین، ئەوینێ کە هەلاجی لە دار دا. زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین. ئەو لە تەنبوور لێدانیشدا مامۆستا بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی بەدەم نەوای تەنبوور خوێندووەتەوە. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین:

١

بی وە قووەی دڵ، بی وە قووەی دڵ
عازیز ئەمر تۆ بی وە قووەی دڵ
هەرچی فەرماوایت قەبووڵەن قەبووڵ
نە لەوح یاقووت ئاتەش کامڵ
هەفتەوان جە نوور شاهباز عادڵ
پەی شەرت مێردان تۆ کەرد وە حاسڵ
پەرێ دەستگیریی یاران فازڵ
دووەم مەیلت کەرد عازیز وە مۆبەت

هەم ئەو هەفت نوورەن چێگات کەرد موددەت
جە پردیوەردا نیانت سوحبەت
ئاوەردی وە دی پەی دەستگیری شەرت
هەفتەوان دەستگیر نەدارۆ شوبهەت
هەفتا و دوو سەف یار سەردان نە رای گیان
جەو کار زینان مێردان دیوان
گردین غولامان بێوەن بێوەنان
ڕوو مالان ئەو شەرت سکەی هەفتەوان
هەر جە کۆی ئەزەڵ تا ئامان وەیگا
زات هەفت مەزهەر نگینەن چێگا
هەر جە نەو دوما تا ئاخر زەمان
دەستگیر هەفتەوان بگردیش دامان
هەر کە نەی دوما بکەرۆ خەتەر
بلاونۆ ئیقرار شەرت پردیوەر
بشانۆ هەنگام نوختەی زیادتەر
بەشش مەوران جە حەوز کەوسەر

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! فەرمانی تۆ بووە هێزی دڵ، هەرچی دەفەرمی پەسەندی دەکەین، کاتێ کە دەکەومە بیری ڕۆژی بەرین دڵم بەجارێ دەپشکێ و من شایەتی دەدەم کە تۆ لەو ڕۆژەدا حەوتەوانەت بەدی هێنا و بەڵێنت لێیان سەند کە لە جیهاندا خەڵک بەچاکە ڕێنموونی بکەن و، لە جیهانیشدا ئەوانت خویا کرد تا دەستگیری خەڵک بکەن. ئەی خۆشەویستەکەم! چاکت کرد کە حەوتەوانەت لە قاڵبی مرۆدا دەرخست و لە شێخاندا دیوانی باس و راوێژن دامەزراند، کەوابوو هەفتا و دوو پیر دەبێ گیانی خۆیان لە ڕێی ئەواندا بەخت کەن و، خەڵک سەریان بەوان بسپێرن، چونکە حەوتەوانە وەکو نگینی کلکەوانەن و، هەر کەسێک سەرپێچییان لێ بکا و پەیمانی ئەوان پێ شێل بکا و پێی لە بەرەی خۆی درێژ بکاتەوە، لە ئاوی کەوسەر بێ بەش دەبێ.

٢

ئەو سایەو شەمی، ئەو سایەو شەمی | بارگای شام وستەن ئەو سایەو شەمی
چەنی سێ تەنە بیام دەرهەمی | سیمرخ بیانی جە رای ڕوستەمی



واتە: بارگای ڕێبەرم لە شەم دایە و من لەو کاتەدا کە ڕێبەرم خۆی دەرخست وەکو شەم خۆی نواند و گڕیا، لەگەڵ سێ کەسی تردا بوومە هاوەڵ و لە دەورێکیشیدا بەوێنەی سیمرخ یارمەتیی ڕۆستەمم دا.

لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە چیرۆکی زاڵ و سیمرخ کە بەپێی شانامە کاتێ باوکی زاڵ، زاڵی لەسەر کێوی ئەلبووز دانا، سیمرخ هات و ئەوی بردە ناو هێلانەکەی خۆی و ئەوی لەگەڵ جووجەڵەکانی خۆیدا گەورە کرد و ئەوسا باوکی خەوێکی بەزاڵەوە دی و خێرا لەگەڵ چەند کەسدا ڕۆیشتە ئەلبورز و سیمرخ زاڵی بۆی هێنا و سپاردیە باوکی.

وا دیارە خاتوون دایراک گەلێ حەزی لە چیرۆکەکانی شانامە کردووە، بۆیە لە هۆنراوەکانیدا دیاردیی پێ کردووە و خۆی بەنوێنگەی قارەمانانی شانامە داناوە، بۆ وێنە لەم دووبەیتییەی تردا دەڵێ:

٣

شیمم ئەو بارگایێ، شیم ئەو بارگایی | سیمرغ بیانی شیم ئەو بارگایێ
چمکە ڕوودابە روستەمش زایێ | پەی شادی و وەشی زاڵ زەرکایێ

واتە: من سیمرخ بووم و کاتێ کە ڕوودابەی ژنی زاڵ، ژان گرتی، زاڵ یەکێ لە پەڕەکانی منی خستە سەر ئاگر و خێرا چوومە بارەگا و کۆشکەکەی و مژدەی لە دایک بوونی ڕۆستەمم بەڕوودابە دا و، کاتێ کە ڕوودابە ڕۆستەمی بوو، زاڵ زۆر کەیف خۆش و شادمان بوو.

سیمرخ لە زاراوەی خواناسیدا بریتییە لە مرۆی خواناس و تێگەیشتوو کە هەموو بیرێکی ها بەلای خواوە و جگە لە خواپەرستی و پارێزگاری بەبیری شتێکی ترەوە نییە. جا خاتوون و ڕەزبار لێرەدا خۆی بەسیمرخ دادەنێ و لەگەڵ ئەوەشدا دیاردی بەیەکێ لە چیرۆکەکانی شانامە دەکا.

٤

دامشا هەلیس، دامشا هەلیس | دامیار بنیامین، دامشا هەلیس
ئەینا تەندەنش نە دام هەریس | شابازش گردەن خواجای فەرەنگیس

واتە: نێچیرەوانی خوایی و شابازی ڕۆژی بەرین، بەهێزی بژۆنی و خوایی داوی خۆی لە کۆی هەلیس دانایەوە و فەرەنگیسی خستە داو بۆ سیاوەخش و بەپێی فەرمانی خوا تا ماوەیەک ژیانیان بردە سەر و پاشان گیانیان سپاردە گیان ئافەرین و لە جیهان دەرچوون.

بەپێی شانامە، فەرەنگیس کچی ئەفراسیاوی تۆرانییە و سیاوەخش لەپاش جەریرە، ئەوی خواست و لەپاش کوژرانی سیاوەخش، ئەفراسیاو فەرمانی دا کە کچەکەی بکوژن تا رق و قینی لە دڵدا نەمێنێ، بەڵام کوڕەکانی ناهێڵن و ئەوسا فەرەنگیس کەیخەسرەوی دەبێ کە لە پاشا تۆڵەی باوکی دەسێنێتەوە.

٥

| | |
|---|---|
| ستوونم بیا، ستـــــــوونم بیا | خواجام شەهەنشا ستوونم بیا |
| ئەز ئارەزوو بیم نە دەور دنیـا | چەنی مـاهیــــار بەهرامم دیا |

واتە: ئەی یاران! چاوم کەوتە ڕێبەرم کە وەکو بەهرام لەسەر تەخت دانیشتبوو، منیش وەکو ئارەزوو کچی ماهیار بەکام و ئارەزووی خۆم گەیشتم و لە دیتنی ئەو بەهرەمەند بووم. دیاردییە بەچیرۆکی ئارەزووی کچی ماهیار و بەهرامی گۆڕ کە لە شانامەدا هاتووە.

دیوانەکەی ئەم هۆنەرە کە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ، بەهۆی نووسەرەوە کۆ کراوەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٤- دیوانی خاتوون دایراکی ڕەزبار (دەستنووس).
٥- دامیار دامیار (دەستنووس).

## شا ئیبراهیمی ئێوەت

٧٥٢ - ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی ئیبراهیم و کوڕی سەی محەمەدی گەورە سوارە و نازناوی (ڕۆچیار) و ناتۆرەی (ئێوەت)ە و بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام لە ساڵی ٧٥٢ی کۆچی لە دێی شێخاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە سەردەمی منداڵیدا هەر لەوێ خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە ناو خانەقا و خەریکی خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و کوردی و پەڕتووکی سەرئەنجام بووە و ئەوسا سوڵتان سەهاک نازناوی (شای) پێ داوە و لە پاشا بەفەرمانی ئەو بۆ ڕێنموونیی کوردەکان کۆچی کردووەتە خانەقین و لەپاش ماوەیەک چووەتە بەغدا و لەوێدا گەلێ



لایەنگری پەیدا کردووە تا لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە یەکێک لە دەفتەرە دەستنووسەکانی تری سەرئەنجامدا، هاتووە: کە شا ئیبراهیم لە دێی شێخاندا لەدایک بووە و هەر لەوێش گەورە بووە و لە سەردەمی منداڵیدا لە قوتابخانەی شێخان تەواوی زانستەکانی ئەو سەردەمەی خوێندووە و زۆر حەزی لە پیتۆڵی کردووە و لەم بارەوە گەلێ پەڕاوی خوێندووەتەوە، ئەوسا چووەتە خانەقا و لەلایەن سان سەهاک نازناوی (شا)ی پێ دراوە و هەر بەدەستووری سان سەهاک لەگەڵ چەند کەسدا ڕۆیشتووەتە خانەقین و لەوێدا گەلێ لایەنگری پەیدا کردوون و کوردەکانی کاکەیی لە لایەنگرانی ئەو دێنە ژمار. پاشان باروبنەی بەستووەتەوە و باری کردووەتە بەغدا و لەوێشدا پەرەی داوەتە ڕێ و ڕچەی یاری و پاشماوەی تەمەنی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچیدا ماڵئاواییی لە جیهان خواستووە. لە شا ئیبراهیمەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە ئەم هۆنراوانە بەند بەندن و هەر بەندێکی لە بارەی سەرگوزشتەی پێغەمبەران و فەرمانڕەوایان و خواناسانەوەیە و دەتوانین بڵێین کە زۆر بەرز و سادە و ڕەوان و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند بەند لەو هۆنراوانە کە دەڵێ:

١

| | |
|---|---|
| ئیبراهیم نە سەر، ئیبراهیم نە سەر | بەقای دەور دین یاریم کەفت نە سەر |
| ئیبراهیم بیانم فــــــرزەند ئازەر | بتم شکستدا بیم وە پێغەمبەر |
| کاکام یادگار ئیسماعیل بیانی | سەرش بی وە رای حەق وە قوربانی |

واتە: ئەی ئیبراهیم! کەوتمە بیری ڕابردووی ڕێ و ڕچەی یاری کە خواپەرستییە کە لەودەمەدا من لە قاڵبی ئیبراهیمی کوڕی ئازەرا سەرم هەڵدا و بتەکانم شکاند و لەلایەن خواوە بوومە پێغەمبەر. کاکەم بابە یادگار کە نوێنگەی ئیسماعیل بوو، سەری خۆی لە ڕێی خوادا کردە قوربانی.

دیاردییە بۆ سەرگوزشتەی ئیبراهیمی خەلیل کە بەپێی بەڵگەکانی ئیسلامی، هافی ئیبراهیم، نمروود و خەڵکی بۆ خواپەرستی بانگ کرد و داوای لێیان کرد کە بت نەپەرستن و وتی: پەرستن هەر بۆ خوای تاق و تەنیایە، بەڵام نمروود بانگهێشتنەکەی وەرنەگرت و سەرئەنجام ئیبراهیم بتەکانیانی شکاند و نمروود دەستووری دا ئاگرێکی گەورە هەڵکەن و ئەو بخەنە ناو ئاگرەکەوە. بەفەرمانی خوای مەزن ئاگرەکە کوژایەوە و بووە گوڵستان و ئیبراهیم ڕزگار بوو. ئەوسا ئیبراهیم کەعبەی دروست کرد و بەردە ڕەشەکەی لەوێدا دانا و

لەوەوپاش حەج بۆ خەڵک دانرا. ئیبراهیم لە هاجەر کوڕێکی بوو بەناوی ئیسماعیل و، لەبەرئەوەی بڕیاری دابوو کە ئەگەر کوڕێکی بێ لە ڕێی خوادا بیکاتە قوربانی، خوا فەرمووی دەبێ بەبەڵێنەکەی ڕەفتار بکا. ئیبراهیم کوڕەکەی بردە کێوێک کە سەری ببڕێ، لەپڕ خوا بەرانێکی بۆی نارد کە بەجێی ئیسماعیل سەری ببڕێ.

٢

زوڵاڵ کۆی کام، زوڵاڵ کۆی کام　　یادگار من زوڵاڵ کۆی کام
چاگا تۆفانێ مێردان و ست وە دام　　نۆح نەبی بێ، کەشتی و ئەرشام
تیر ئەنداز بیمان ئەز نامم بێ حام　　کاکەم یادگار نامش بیا سام

واتە: ئەی یادگار! تۆ پەیوەندیت بەشوێنێکی پاک و خاوێنەوە هەیە و دیارە بەهیوا و ئارەزووی خۆتیش دەکەی. لەو کاتەدا تۆفانێکی سەخت ڕووی دا و پیاوانی خوا کەوتنە داو و نۆحی پێغەمبەر و یاران و لایەنگرانی لەو کەشتییەدا بوون و، حام و سامی کوڕانی نۆح کە تیرئەنداز بوون لەناو ئەو کەشتییەدا بوون.

دیاردییە بەسەرگوروشتەی هافی نۆح کە بەپێی قورئانی پیرۆز و پەڕاوەکانی ئیسلامی، نۆح لە لایەن خواوە بەپێغەمبەری هەڵبژێررا و داوای لە خەڵک کرد کە خوا بپەرستن و لە بێ بڕوایی و ناخوایی و بتپەرستی لادەن، بەڵام خەڵک گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەوسا لەلایەن خواوە فەرمانی پێ درا کە کەشتییەکی گەورە دروست بکا و پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی تێ خا و لەوێ دەرچێ. دەڵێن کە ئەم کەشتییە سێ نهۆم بووە کە یەکێکی بۆ وڵسات و یەکێکی بۆ مرۆیان و ئەویتری بۆ پەلەوەران. ئەوسا هەوا بووە تۆفانی و چەند شەو و چەند ڕۆژ باران باری و کەشتییەکەی نۆح کەوتە ڕێ و یەکێ لە کوڕەکانی نۆح لە فەرمانی بابی سەرپێچی کرد و نوقمی ئاوەکە بوو لەپاش چەند شەو و چەند ڕۆژ کەشتییەکە لەسەر کێوی جوودی نیشتەوە و کاتێ نۆح و لایەنگران و کوڕەکانی کە بریتی بوون لە: (سام و حام یافث) لە کەشتییەکە دابەزین، نزیکەی هەشتا و دوو کەس بوون و ئەوان یەکەمین دێیان لە جیهاندا بەناوی (قریە الثمانین) ئاوا کردەوە.

٣

زوڵاڵ کۆی کەنعان، زوڵاڵ کۆی کەنعان　　یادگار من، زوڵاڵ کۆی کەنعان
چاگا غوڵامان خەجڵ بین یەکسان　　تاجر باشی بی، شام نامش ڕەحمان
کاکەمش بەرکەرد نە قەعر زیندان　　یوسف بی کاکەم زلێخاش ئەستان
عەزیز میصری ئەز بیم جەو مەکان



واتە: ئەی یادگاری پاک و خاوێنی من! کەنعان شوێنێکی پاک و خاوێنە. لەو کاتەدا خوڵامان لە کردەوەی خۆیان شەرمەزار بوون و بەناوی خوا بازرگانێک یوسفی لەناو چاڵاوەکە دەرهێنا و لە پاشا دیسان کەوتەوە ناو زیندان تا بەفەرمانی خوا ئەو بووە سەرۆک و خۆشەویستی خەڵکی میسر و زوڵێخای خواست.

دیاردییە بەسەرگوزوشتە و بەسەرهاتی هافی یوسف کە بەپێی قورئانی پیرۆز، یوسف کراسێکی تایبەتی بۆی دوورانبوو. یوسف شەوێکیان خەوێکی دی کە مانگ و ئەستێرەکان کڕنۆشی بۆ ئەکەن و ئەویش خەوەکەی بۆ باوکی گێڕاوە و باوکی وتی: ئەو خەوە ئیتر بۆ کەس مەگێڕەوە، چونکە تۆ دەبیتە پێغەمبەر و براکانت دەبێ فەرمانبەرداریت لێ بکەن. بەڵام براکانی لەم کارەساتە ئاگەدار بوون و یوسفیان بەبەهانەی گەڕان لە دەشت و کێوا بردە دەشت و خستیانە ناو چاڵاوێک و کراسەکەیان ژەندە خوێنداو هێنایانەوە بۆ باوکیان و وتیان ئێمە لەسەر کارا بووین و گورگ یوسفی خوارد. کاروانێک هات و یووسفی لە چاڵاوەکە دەرهێنا و بردییە میسر و ئەوسا عەزیزی میسر ئەوی کڕی و بردیەوە بۆ ماڵ. زلێخای ژنی عەزیزی میسر دڵی لە یوسف چوو و هەر کارێکی کرد کە دڵی بەدەست بێنێ و بەهیوای دڵی بیگەیەنێ نەیتوانی و سەرئەنجام ئەوی بەداوێن پیسی تاوانبار کرد و خستیە بەندیخانە و ئەوسا فیرعەونی میسر خەوێکی دی کە کەس نەیتوانی ئەو خەوەی بۆ لێک بداتەوە و یوسفیان هێنا و خەوەکەی بۆ لێکدایەوە و ئەوسا فیرعەون ئەوی کردە عەزیز و خەزانەداری میسر و ئەو لە هەرزانیدا خەڵەی کۆ کردەوە و کاتێ کەوتە قاتوقڕی ئەیدایە خەڵک. براکانی یوسف کە قاتی و قڕی و برسیەتی تەنگی پێیان هەڵچنیبوو، لە کەنعانەوە بۆ خەڵە بەرەو میسر کەوتنە ڕێ و کاتێ کە گەیشتنە بەرەوە یوسف ئەوانی ناسییەوە بەڵام بۆ جاری یەکەم و دووەم خۆی بەوان نەناسان و جاری سێیەم خۆی پێیان ناسان و کراسەکەی خۆی بۆ باوکی نارد کە بیساوێتە چاویدا، کاتێ براکانی یوسف نزیکی کەنعان بوونەوە، با بۆنی کراسەکەی یوسفی گەیاندە یەعقووب و ئەوساکە کراسەکەی ساویە چاویا، چاوی ساغ بووەوە و لەگەڵ کوڕەکانیدا چووە لای یوسف.

٤

ئیبراهیم هەمدەست، ئیبراهیم هەمدەست　　چەنی یادگار هەر دوو بیم هەمدەست
کاکام یادگار نە ڕووی تەخت نشەست　　جەمشید بیانی جەم جیهان بەست
ئەز فەرەیدوون بیم گاوسەر وە دەست　　سڵسڵەی سپای زوحاک دام شکەست

واتە: من و بابە یادگار هاودەست بووین و کاکەم بابە یادگار چووە سەر تەخت و ئەو لەو ڕۆژگارەدا جەمشید بوو و، کۆڕێکی گەورەی بەدی هێنا منیش فەرەیدوون بووم و بەگورزی

گاوسەر سپای ئەژیدەهاکم شکست دا.

دیاردییە بەچیرۆکی زاڵبوونی ئەژدەهاک یا زوحاک بەسەر جەمشیدا کە بەپێی شانامە، زوحاک کاتێ بەسەر جەمشێدا دەسەڵاتی پەیدا کرد ئەوی گرت و بەمشار دای هێنا و چووە سەر تەخت. زوحاک کە پیاوێکی ملهوڕ و ستەمگەر بوو، دوو مار لەسەر شانی سەوز بوون کە هەموو ڕۆژێ دەبوا مێشکی دوو لاویان بدایێتە دەرخواردی مارەکان و بەم جۆرە خەڵک خۆشەویستەکانی خۆیان لەدەست دەدا و سەرئەنجام خەڵک بەڕێبەرایەتیی کاوەی کورد، ڕاپەڕین و ئەوسا فەرەیدوونیان نایە سەر تەخت و زوحاکیشیان لەسەر کێوی دەماوەندا خستە بەند تا گیانی دەرچوو.

٥

ئیبراهیم عەیان، ئیبراهیم عەیان    دەروونم جۆشا مورغم کەرد عەیان
مەزهەر تووس بیم شاهزادەی کەیان    پوور شا نۆزەر زەڕیـــن پۆش بەیان
کاکەم یادگار دوون سیـــاوخش    نە پشت مەرکەب بەرشی نە ئاتەش
پشت کەرد وە ئێـــران وە دەوان دەو    کوشتە بی وە تێغ شای ئەفراسیەو
تاگرەی فانۆس خەسرەو بی ڕەوشەن    وە زۆر ڕۆستەم حەق بابۆش سەن

واتە: ئەی ئیبراهیم! ئەوە ڕوونە کە دەروونم جۆشی و پەلەوەری دڵم بۆمی گێڕایەوە: کە نوێنگەی تووس بووم شازادەی کەیان، وە کوڕی نۆزەرشای زێڕین پۆش بووم، کاکەم یادگاریش نوێنگەی سیاوەش بوو و، بەسواریی ئەسپ لەناو ئاگر تێ پەڕی و، بەپەلە پشتی لە ئێران کرد و بەشمشێری ئەفراسیاو کوژرا. کاتێ کە چرای کەیخەسرەو هەڵکرا، ئەو بەهۆی ڕۆستەم تۆڵەی بابی خۆی سەندەوە.

دیاردییە بەچیرۆکی سیاوەش کە بەپێی شانامە: خوا بەکەیکاوس کوڕێکی بەخشی کە لە جوانیدا وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە و سیاوەش کاتێ بووە حەوت ساڵان، کەیکاوس ئەوی سپاردە ڕۆستەم تا فێری هونەری شەڕ بێ و سیاوەش لەپاش ئەوەی هۆنەری شەڕ و ڕێ و ڕەوشتی ژیان لە ڕۆستەم فێر بوو، گەڕایەوە لای باوکی. سوودابەی ژنی کەیکاوس کاتێ سیاوەشی دی، دڵی لێ چوو داوای لێ کرد کە بەکامی دڵی بگەیەنێ و ئەویش بەقسەی نەکرد و سوودابە ڕقی لێ هەستا و کەیکاوسی لێ بەدبین کرد و ئەوسا ئاگرێکیان کردەوە و سیاوەش بەسواریی ئەسپەوە بەناو ئاگرەکەدا تێ پەڕی و پاشان بەدەستووری باوکی چووە شەڕی تۆرانییەکان و لە پاشا لەگەڵیاندا ئاشتیی کرد و باوکی لەم کارەی زۆر تووڕە بوو و، سیاوەش لە ترسان چووە وڵاتی تووران و فەرەنگێسی کچی ئەفراسیاوی خواست.



گەرسیوەزی برای ئەفراسیاو کە ڕقی لە سیاوەش هەڵگرتبوو، ئەوی لە بەرچاوی ئەفراسیاوی برای ڕەشبین کرد و سەرئەنجام سیاوەش بەدەستی ئەفراسیاو کوژرا و پاشان کە کەیخەسرەو بووە پادشا تۆڵەی باوکی سەندەوە.

دیوانەکەی ئەم هۆنەرە کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەهۆی نووسەرەوە کۆ کراوەتەوە بەڵام هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان:
١- پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).
٤- زولاڵ زولاڵ (دەستنووس).

## بابە یادگار

٧٦١ - ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی ئەحمەد و نازناوی بابە یادگارە و بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی لە دێی شێخاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا چووەتە قوتابخانە و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبیی خوێندووە و پاشان خەریکی خوێندنی پیتۆڵی و مێژوو بووە و ئەوسا چووەتە خانەقا و ماوەیەک لەلای سان سەهاک خوێندوویەتی تا نازناوی بابە یادگاری پێ دراوە و بەدەستووری سوڵتان بۆ ڕێنموونیی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری ڕۆیشتووەتە هیندستان و پاکستان و لەپاش ماوەیێک گەڕاوەتەوە شێخان و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی سەرانە و بەدەستی هەندێک کوژراوە و هەر لەوێدا بەخاک سپێرراوە و پاشان ئەو دێیە بەناو دێی بابە یادگار ناسراوە.

لە سەرئەنجامێکی دەستنووسی تردا هاتووە کە سان سەهاک گاڵۆکەکەی شا ئیبراهیم کە ئەو کاتە منداڵێکی گچکە بوو، دایە پیر ئیسماعیلی کۆڵانی تا بینێژێ و پیر ئیسماعیلیش گاڵۆکەی نێژا و پاشان ئەو نەمامە ڕوا و بەرە بەرە گەورە بوو تا بووە دارێکی هەنار و چەند ساڵ تێ پەڕی و دارەکە بەری دا و بەرەکەیان چنی و هێنایانە خانەقا و پاشان جەمێکیان پێک هێنا و هەنارەکەیان بەناو خەڵکەکەدا دابەش کرد و لەپاش کۆتایی هاتنی جەمەکە، دادە سارای کچی پیر میکائیل کە وازی لە دنیا هێنا بوو لە خانەقاکەدا گسکی دەدا، دانەیێ هەنارەکە کەوتبووە سەر ڕایەخی خانەقاکە هەڵی گرت و خواردی و

لەپاش ماوەیەک دووگیان بوو، پاشان کوڕێکی لێ بوو کە ناویان نا بابە یادگار و، لەبەرئەوەی هەندێ دڵیان لە دادە سارا پیس کردبوو، بابە یادگاریان خستە ناو تەنوور، بەڵام بەساغی دەریان هێنا و دییان کە نەسووتاوە ئەوسا کە گەورە بوو چووە قوتابخانە و خەریکی خوێندنی زانست بوو و لە دەوری لاویەتیدا سوڵتان نازناوی بابە یادگاری پێ دا و ئەوسا ناردیە هیندستان و پاکستان تا پەرە بداتە ڕێ و ڕچەی یاری و لە پاشا گەڕایەوە شێخان و لەوێوە چووە دێی سەرانە و بەدەستی هەندێک کوژرا.

لە یادداشتی قرندیدا نووسراوە کە سەی ئەحمەدی بابە یادگار لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی لە دێی ڕێژاودا لەدایک بووە و لە منداڵیدا هەر لەوێ خوێندوویەتی و پاشان ماڵی باوکی باری کردووەتە شێخان و ئەویش لەوێدا چووەتە قوتابخانە خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و مێژوو و پیتۆڵی بووە و پاشان سوڵتان ئیسحاق نازناوی بابە یادگاری پێ داوە و ناردوویەتە هیندستان و پاکستان تا پەرە بداتە ڕێ و ڕچەی یاری و ئەوسا گەڕاوەتە شێخان و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی سەرانە و بەدەستی چەند کەسێک کوژراوە.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا هاتووە کە بابە یادگار لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و بارەگاکەی لە دێی سەرانە دایە و، لەبەرئەوەی ژنی نەهێنابوو دوو کەس لە پەیڕەوەکانی بەناوی سەی خەیاڵ و سەی ویساڵ کردووەتە پیر تا لە دوای خۆی خەڵک ڕێنموونی بکەن. ئێستاکە بنەماڵەی بابە یادگار لە ڕەچەڵەکی ئەو دوو کەسەن.

مەولەویی تاوەگۆزی چووەتە سەر بارەگاکەی بابە یادگار و بەچەند هۆنراوێک بەبابە یادگاریدا هەڵکوتووە و ئەو بەگۆپکەی بۆنخۆشی ڕێحانەی پێغەمبەر دادەنێ، چونکە بابە یادگار سەید بووە. وەکو دەڵێ:

سەرشار سەهبای بەزم موناجات مەلجەی ئیلتجای ئەرباب حاجات
جای ڕجای جەرگەی پادشا و دەروێش بارەگا و پەنا پەی بێگانە و خوێش
سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی یەعنی یادگار مورتەزا عەلی

لە بابە یادگار پەڕاوێک بەناوی: (زوڵاڵ زوڵاڵ) بەجێ ماوە ئەم پەڕاوە بەند بەندە و هەر بەندێکی بریتییە لە سەرگورشتە و بەسەرهاتی کورتی پێغەمبەران و خواناسان و فەرمانڕەوایان. ئەوا چەند بەندێک لەم پەڕاوە دێنین:

نوور ئیمان بیم، نوور ئیمان بیم یادگارەنان نوور ئیمان بیم
یوسف فەرزەند پیر کەنعان بیم حوسنێ کە داشتم مەولا مێهمان بیم
کاکام ئیبراهیم مالک بێ ئاما تاجر باشی بێ، بەرم کەرد نە چا

واتە: ئەی یادگار! من تیشکی بڕوا بووم و، سەردەمێک کوڕی پیری کەنعان بووم و



چاکەیێ کە هەمبوو لەو سەردەمەدا میوانی مەولا بووم و، کاکەم شا ئیبراهیم خاوەنی کاروانەکە بوو، منی لە چاڵاوەکە دەرهێنا و بردمیە میسر.

لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر سەرگوروشتەی هافی یوسف.

٢

زوڵاڵ کۆی تات، زوڵاڵ کۆی تات ئیبراهیم من زوڵاڵ کۆی تات
چاگا غوڵامان وە یەک دان سەوقات پادشام شا بێ، نامش بێ ئەوقات
ئەز یونس بەیام ماهیم بێ حەیات کاکەم ئاماهێ وە غرڕ دا قنیات

واتە: ئەی ئیبراهیمی پاک و خاوێن! ئەو کاتە کە غوڵامان کە بەخۆشی و شادی دەژیان و خۆشەویستییان پێشکەشی یەکتر دەکرد، پادشام ناوی ئەوقات بوو و منیش وەکو هافی یونس ژیانم پەیوەندیی بەماسیەکەوە بوو کە بەوەوە دەژیام تا کاکەم هات و شادمانمی کرد.

دیاردییە بەسەرگورشتەی هافی یونس کە بەپێی قورئانی پیرۆز، یونس داوای لە خەڵک کرد خوا بپەرستن و، لەبەرئەوەی خەڵک ئاینەکەیان وەرنەگرت، یونس ئەوانی نەفرین کرد و لە شار دەرچوو. خوا هەورێکی ڕەشی ئاورینی هێنایە سەر خەڵکەکە و ئەوانیش ترسان و لە کردەوەی خۆیان پاشگەز و پەشیمان بوونەوە و بڕوایان بەخوای تاق و تەنیا هێنا. یونسیش ڕۆیشتە کەناری ڕووبارێک و ئەوسا سواری کەشتیەک بوو، کوتوپڕ هەوا بووە تۆفانی لەوانە بوو کە کەشتییەکە نوقم بێ، کەشتیوانەکە هەرچەند باری کەشتییەکەی سووک کردەوە سوودێکی نەبوو، ئەوسا بڕیاریان دا کە یەکێ لە ڕێبوارەکان بخەنە ناو ئاوی ڕووبارەکە و ئەوەبوو پشکیان خست و پشکەکەیان سێ جار دووپات کردەوە و هەر سێ جارەکە بەناو یونسەوە دەرچوو، ئەوسا یونسیان خستە ناو ئاوەکە و خێرا نەهەنگێ هات و ئەوی قووت دا و یوونس چل ڕۆژ لە زگی ئەو نەهەنگە مایەوە و لەم چل ڕۆژەدا خەریکی پاڕانەوە بوو تا سەرئەنجام لە زگ نەهەنگەکە دەرچوو و لە پاشا کوولەکەیەک ڕوا و سێبەری بۆی خست و ئاسکێ تا چل ڕۆژ شیری دا پێی و لە پاش ساخبوونەوەی گەڕایەوە ناو گەلەکەی خۆی.

٣

یادگار دوونادوون، یادگار دوونادوون گەردش دەوران دنیای دوونادوون
ئیرەج بیانی پوور فەرەیدوون کاکام ئیبراهیم فەڕ فەرەیدوون
چون پیر کەنعان دوو دیدەم کوور بی گەردنم وە هوون تێغ سەلم و توور بی
تا کە مەنووچێهر ئازا وە زەروور غەرق کەردش نە بەحر سپای سەلم و توور

واتە: ئەی یادگار! لە گەڕان و هەڵسووڕانی چەرخی بی ئەمەگدا، من وەکو ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون ڕەنجی زۆرم کێشاوە و کاکەم ئیبراهیمیش وەکو فەرەیدوون وا بوو و، کاتێ ئێرەیییان بەمن برد، وەکو پیری کەنعان چاوانم کوێر بوو، هەروەها کە سەری ئیرەجیش بەشمشیری سەلم و توور پەڕی، تاکو مەنووچێهر سپای سەلم و تووری لە دەریای خوێندا نوقم کرد. دیاردییە بەچیرۆکی ئیرەج کە بەپێی شانامە: کاتێ فەرەیدوون وڵاتەکەی خۆی لە نێوان کوڕەکانیدا دابەش کرد، ئێران و عەرەبستانی دایە ئیرەج، براکانی سەلم و توور کە لە بەشەکەی خۆیان ناڕازی بوون، ڕقیان لێ هەڵگرت و ئەویان کوشت و سەرەکەیان ناردەوە بۆ باوکیان. ئەوسا مەنوچێهری کوڕی ئیرەج بەرەبەرە لە کۆشی دایک و باپیریدا گەورە بوو و سپایەکی گەورەی ئامادە کرد و هێرشی بردە سەر سەلم و توورو ئەوانی لەناوی ڕووباری جەیجووندا نوقم کرد و گەڕایەوە ئێران.

٤

زوڵاڵ کۆی زەمان، زوڵاڵ کۆی زەمان — یادگارەنان زوڵاڵ کۆی زەمان
جاگا غوڵامان جەم بین جەلامان — نامش گوشتاسپ بێ، شام وە بێ گومان
ئەز ئەو ناووس بیم ڕۆشن کەردم مان — کاکەم زەردەشت بێ پوورەی ئەسپیتمان

واتە: ئەی یادگاری پاک و خاوێن! لە دەوری پادشایەتیی گوشتاسپ شای کەیانیدا، زەردەشت نەوەی ئەسپیتمان سەری هەڵدا و خەڵک دەستە دەستە لە دەوری ئەودا کۆبوونەوە و ئەو بەهۆی تیشکی ئاگرگاکان هەموو جێ و شوێنێکی ڕوون کردەوە و هەمووی خەڵکی جیهانی بۆ یەکتاپەرستی و خواناسی بانگ کرد. من لەو دەمەدا ئاگر بووم و کاکەیشم زەردەشت بوو.

دیاردییە بەسەرهەڵدانی زەردەشتی مادی کە بەپێی شانامە لە زەمانی گوشتاسپ شای کەیانیدا سەری هەڵدا و خەڵکی بۆ خواپەرستی بانگ کرد. بەپێی قسەی پلینووسی ڕۆمی ئەسپیتمان ناوی بنەماڵەی زەردەشت بووە کە یەکێ لە بنەماڵەکانی مادە.

٥

زوڵاڵ مەنی، زوڵاڵ مەنی — یادگارەنان زوڵاڵ مەنی
بێزاریم واستەن نە دام و ژەنی — سەرئازاد بیانی وە لوتف غەنی

واتە: من یادگارم و بەهیوا و ئارەزوویەکی پاک دەڵێم کە لە ژن و داوی ژن بێزارم، تاکو ئازادبم و بەئازادی ژیان بەرمە سەر.

دیوانەکەی بابە یادگار کە ناوی (زوڵاڵ زوڵاڵ)ە هێشتا لە چاپ نەدراوە.



سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٣– زوڵاڵ زوڵاڵ (دەستنووس).
٤– یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٥– برهان الحق. تالیف: نور علی الهی.

## سەی محەمەدی بەرزنجی

٦٤٥ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی سەی محەمەدی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە کە بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٤٥ی کۆچی لە دێی بەرزنجەدا لەدایک بووە و لەبەرئەوەی شێخ زادە بووە، سەرەتا لە قوتابخانە و ئەوسا لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی و لە پاشا چووەتە دینەوەر لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەرزنجە و خەریکی وانەوتنەوە بووە و پاشان کە براکەی سان سەهاک چووەتە شێخان و ئەویش بەدوویا ڕۆیشتووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەڕێنموونیی خەڵک و دەرزوتنەوە بردووەتە سەر تا کۆچی دواییی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە سەی محەمەدی گەورە سوار لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و بەیەکێ لە هەفتەوانە دێتە ژمار و لە ڕێ و ڕچەی یاریدا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە و نازناوی گەورەسواری پێ دراوە.

لە پەڕاوی (بحر الانساب)دا نووسراوە کە شێخ عیسای بەرزنجیی سێنزە کوڕی هەبووە کە یەکێ لەوانە سەی محەمەدە کە لە دەوروبەری سیرواندا کۆچی دواییی کردووە و نێژراوە. لە سەی محەمەدی گەورە سوارەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و سادە و ڕەوانن، هۆنراوەکانی ئەو کۆ نەکراوەتەوە، بەڵام زۆربەیان لەناو پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەوا چەند هۆنراوێک لە هۆنراوەکانی ئەو بەنموونە دێنینەوە:

ئەزەڵ بتوونا، ئەزەڵ بتوونا — شەرت بنیامان جە سرِ بتوونا
پەی یانەی یاران بنیام ستوونا — بێ شەرت و ئادی یارێ چەتوونا

***

چا کەشتی و گێژێ، چا کەشتی و گێژێ     شوکرش پەی تۆوا چا کەشتی و گێژێ
پەی والاّ و کفرت ئیمانش وێژێ     پەی کان مەیۆنی چا سەرا و ڕێژێ

***

یە بنیام دیمان، یە بنیام دیمان     ڕاگەی شەرت و شوون یە بنیام دیمان
ها بنیام بیا دارووی حەکیمان     پیر و شەرتمانا چا ئەزەڵ جیمان

***

بێ ئارامەنی، بێ ئارامەنی     ئازیز بێ بنیام بێ ئارامەنی
بێ شرت و ئادێ چە خارامەنی     چەنی دۆستانی چا سارامەنی

واتە: ئەو پەیمانەی کە بنیامین بەستوویەتی هەر لە ڕۆژی بەرین بتەو بووە و، بنیامین کۆڵەکەی یارانە و بەبێ پەیمانی ئەو ڕێ و ڕچەی یاری زۆر سەخت و چەتوونە. خوایا هەموو کەسێک لە کەشتی و گێژاودا هیوا و ئومێدی بەتۆیە. بنیامین بەهێزی بڕوا، ناخوایی و بێ بڕوایی لەناو بردووە و، لە کانی ئاو ئەنێتە سەرەوە. ئەوا ئێمە ڕێ و ڕەوشت و پەیمانی ڕاستیمان لە بنیامینەوە دیوە و، ئەو دەوای حەکیمانە و هەر لە ڕۆژی بەرینەوە ئەو پیرمان بووە. ئەی ڕێبەری خۆشەویستم، ئێمە بەبێ بنیامین بێ ئارامین و پەیمانی ئەو بۆ ئێمە وەکو بەردی خارا وایە و بەبێ ئەو ناتوانین ژیان بەرینە سەر و، بەبێ ئەو لە دەشتی ڕۆژی پەسڵاندا کلۆڵ و داماوین.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– دفتەری پردیوەر (دەستنووس).

٣– بحر الانساب ورسالة سادات البرزنجية.

٤– یادداشتی قرندی (دەستنووس).



## سەی میر ئەحمەدی میرسوور

٦٥٢ – ٧٤٥

ئەم هۆنەرە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە ناوی سەی میر ئەحمەد و کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە و نازناوی میرسوورە. بەپێی یادداشتی قرندی، ئەو لە ساڵی ٦٥٢ی کۆچی لە دێی بەرزنجەدا لەدایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا چووەتە قوتابخانە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی و بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور گەڕاوە و ماوەیەکیش لە دینەوەر بووە و لە پاشا لە بەغدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ دێی بەرزنجە و لە پاش ماوەیەک بەدووی سوڵتان ئیسحاقی برایا چووەتە دێی شێخان و ئیتر لەوێدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی بەدەرزوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک ڕابواردووە و ئەوسا لەوێوە چووەتە هەورامان و سەرئەنجام لە ساڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێیەک کە کەوتووەتە نێوان هەورامان و شارەزوور و ئێستاکە بەناوی میرسوور دەناسرێ کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە پەڕاوی (بحر الانساب)دا هاتووە کە میرسوور کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیی لە نیوەی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دێی میرسوور کە بەناوی خۆی ناونراوە، کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە و، سەیدەکانی ئەو ناوە دەچنەوە سەر ئەو. لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە میرسوور لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و بەیەکێ لە حەوتەوانە دێتە ژمار و، لە کورتەی پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە سەی ئەحمەدی میرسوور شەیدایەکی دڵڕاکێشەر و فرەزانێکی خۆشەویست و ڕەندێکی بێ باک و مەستێکی چالاکە، ڕەوشتی وەکو مەنسووری حەلاجە و ناوی میرسوورە و یەکێکە لەوانە، کە پێیان دەڵێن حەوتەوانە.

لە سەی ئەحمەدی میر سوورەوە، گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون و، هۆنراوەکانی زۆر سادە و ڕەوان و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرزەتان بۆ دێنین:

ئازیز بەیانا، ئازیز بەیانا     ئازیز گرد سڕێ بەپێت بەیانا
ئاگا و بینایی جە دوو جیهانا     ها بنیامین جە گیر و کەمانا

***

جە گێژوباری، جە گێژوباری     یارمان گیرا جە گێژ و باری
جا قوبەی مریەم ئەسکەندەرداری     میرەباش توجار هان جە ئازاری

***

یا گریە و زارە، یا گـــریە و زارە          حـوسـەین مـەلاڵیـۆ یا گریە و زارە
گیـرا نە دەست مـەخلووق خـارە          زامش پـەی مـەڵهـەم بکەر تیـمـارە

واتە: ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! هەموو ڕازێکی شاراوە لە تۆ ئاشکرایە و تۆ بەهەموو شتێک ئاگەداری، هەر خۆت بەهەردوو جیهان ئاگای و گۆڕەپانێک کە ئێستاکە بنیامین تیایا کەوتووەتە ناو گێژاوە لەبەر چاوتە. ئێستاکە یارەکەمان کەوتووەتە گیرگێژاوی دەریا و، لە گومەزی مریەم و دەریای ئەسکەندەریەدا میرە باشتجار لەناو ئازار و دەرد و ڕەنجدایە، ئەوا میر حوسەینیش بەگریان و شیوەن دەپاڕێتەوە و کەوتووەتە دەستی دوژمنانی دین، دەسا بەزەییت پیاندا بێ و برینەکانیان مەڵهەم لێ بدە و سارێژیان بکەرەوە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤- بحر الانساب ورسالة سادات البرزنجية.

## سەی شەهابودینی شارەزووری

٦٥٩ – ٧٤٨

ئەم هۆنەرە ناوی شەهابودین، کوڕی سەی ئەحمەد بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥٩ی کۆچی لە دێی ئاغجلەری نزیک کەرکووک لەدایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی گەورە و دەوڵەمەند بووە، لەژێر چاودێریی باوکیا دەخرێتە قوتابخانە و ئەوسا دەچێتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و پەڕاوە وردەڵەکان دەبێ و ماوەیەکیش لەلای شێخ عیسای بەرزنجی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر دەخوێنێ و ئەوسا دەڕواتە کەرکووک و خوێندنەکەی تەواو دەکا و دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاش ماوەیەک دەڕواتە هەورامان و لەوێوە ئەڕواتە دێی شێخان و لەلای سوڵتان ئیسحاق دەمێنێتەوە و ڕێ و ڕچەی یاری وەردەگرێ و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک دەباتە سەر تا لە ساڵی ٧٤٨ کۆچی دوایی دەکا.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە شێخ شەهابەدین لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا



ژیاوە و یەکێکە لە حەوتەوانە و زۆربەی تەمەنی لە دێی شێخاندا ڕابواردووە و هەر لەوێدا مردووە و نێژراوە.

لە سەی شەهابەدینەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین و گەلێ سادە و ڕەوان و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین:

پەی بنیـامـەوەن، پەی بنیـامـەوەن          ئازیز جلووسـمـان پەی بنیـامـەوەن
بنیامان چا کۆی سـەرئەنجامەوەن          نیشانەش چا شار میسر و شامەوەن

***

حوسەین و یاری، حوسـەین و یاری          ها گڵـێمەکۆڵا حوسەین و یاری
غەمینا جە تۆی کەشتی و سەرکاری          گێژت دان چـاگێژ دجلە و عەیاری

***

ئازیز باوەرش چا گـۆشـە و تاری          بێ بنیـام تاقەت نیەمان جـاری

واتە: ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! ژیانی ئێمە پەیوەندی بەپیر بنیامینەوەیە. پیر بنیامین لە ڕێی سەرئەنجامدایە و نیشانەکانی لە شارەکانی میسر و شامدایە. حوسەین یاری ئێمەیە و ئەوا گڵێم بەکۆڵ نوێنگەی ئەوە. ئەو لە نێوان کەشتییەکەدا گەلێک خەمبار و زویرە، چونکە ئەوت خستووەتە گێژاوی ڕووباری دجلە. ئەی خۆشەویستەکەم! ئەو بێنە جەمی ئێمە، چونکە بەبێ ئەو ئێمە ناتوانین ژیان بەرینە سەر.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).
٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## سەی ئەبولوەفای شارەزووری

٦٦٣ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی ئەبولوەفا و کوڕی سەی ئەحمەدی شارەزوورییە کە بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٦٣ی کۆچی لە شارەزوورا لە دایک بووە. باوکی کە یەکێ لە زانایانی شارەزوور بوو، لە قوتابخانەی شارەزوورا مامۆستا بووە و، بەپێی ڕێ و ڕەوشتی ئەو سەردەمە، ئەبولوەفا لە قوتابخانەدا لەلای باوکی خەریکی خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبی و ڕێزمانی عەرەبی بوو، لە پاشا چووە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی شارەزووری ئەو سەردەمە گەڕاوە و ڕۆیشتووەتە بەغدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە شارەزوور و چەند ساڵێک خەریکی وانەوتنەوە و دەرزگوتنەوە بووە و لە پاشا ڕووی کردووەتە هەورامان و چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوە و ئەوسا بەدەستووری سان سەهاک ڕۆیشتووەتە هەمەدان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە تەنیشت گۆڕی بابە تایەری هەمەدانیدا نێژراوە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە: سەی ئەبولوەفا کە یەکێکە لە حەوتەوانە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و ماوەیەکی زۆر لە دێی شێخان لەلای سوڵتان ئیسحاق بووە، ئەوسا بەپێی دەستووری سوڵتان دەڕواتە هەمەدان و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونی خەڵک دەباتە سەر تا کۆچی دوایی دەکا.

لە ئەبولوەفاوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرزە دێنین:

١

یوورتمەن نارین، یوورتمەن نارین      نە یانەی ئەزەڵ یوورتمەن نارین

یوورتم ڕزوانەن هامپای قولەی چین      قاپی بەهەشتی وە دەست ئەز بین

هەوادارەنان ئەز نە کۆی ماچـــین      مامۆی ڕەسووڵم، حەمزەنان یەمین

ئەزەنان سووار مەعرەکەی مەدین      ئیـــسا نەی پەردە وەفاداریم هین

واتە: من نوێنگەی ئاورم و، لە ڕۆژی بەرینەوە هەروا بووم، لەو ڕۆژانەدا بەتەواوی دڵنیا بووم، چونکە لە بەهەشتدا بووم، ئەوسا لە جیهانی خاکیدا چوومە لەشی مامی پێغەمبەر و





لە شەڕەکانی مەدینەدا خەباتێکی زۆرم کرد و ئێستاکە ئەمەگی خۆمم نواند و بەپەیمانی ڕۆژی بەرین دەجووڵێمەوە و ڕێگای ڕاستی خوایی دەگرم.

٢

شۆڵەی زوڵمانی داوودەن ڕەهـــبەر      شەمی سرەنم جە فانووس ئەنوەر

ئێمە شەهەدەنیم، بنیاما شەکەر      یەڵاح دەرەنـــیم نە جەم دڵبەر

مەنزڵدارەنیم نە ڕاگەی ســـــەفەر      وە تەدبیر جەم بەستمان کەمەر

ڕاهنمای خەلقیم نە جامەی بەشەر      جاگیـــر شانیم پیر دەستاوەر

واتە: داوود ڕێبەرێکی وایە کە وەکو تیشک لە تاریکدا دەدرەوشێتەوە و، منیش شەمی ڕازی خواییم، ئێمە هەنگوێنین و بنیامین شەکەرە و، لە جەمدا خەڵک ڕێبەری دەکەین و، لەم جیهانەدا بۆ ڕێنموونیی خەڵک هاتووین، چونکە ڕێنماین و ئەوان بەڕێی خوادا ڕێنموونی دەکەین و جێنشینی پیر و پاشاین.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– دەفتەری ساوا (دەستنووس).

٣– دەورەی پیر عالی (دەستنووس).

٤– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## سەی مستەفای شارەزووری

٦٧٥ – ٧٦١

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی مستەفا و کوڕی سەی ئەحمەدی شارەزوورییە و بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٧٥ی کۆچی لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. بەو جۆرە ژیانە کە لەپێش حەوتسەد ساڵدا لە شارەزوورا هەبووە و ئەویش گەورە بووە. مستەفا لەبەرئەوەی سەیی بووە، سەرەتا لە قوتابخانە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی. پایەی بەرزی خوێندەواریش لەو سەردەمەدا تەواوکردنی زانستەکانی ئیسلامی بووە و، سەی مستەفاش بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور و هەورامان گەڕاوە و سەرئەنجام ودەمی مەلایەتیی لە شێخ عیسای بەرزنجیی وەرگرتووە و هەر لە شارەزوورا ماوەتەوە و خەریکی دەرزوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بووە و ئەوسا چووە

بۆ شێخان و پاشماوەی تەمەنی لەلای سوڵتان ئیسحاق بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە سەی مستەفا یەکێکە لە هەفتەن کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و پلەوپایەیەکی بەرزی هەبووە لە ڕێ و ڕچەی یاری و هەروەها بەیەکێ لە یارانی سان سەهاک دەژمێررێ.

لە سەی مستەفاوە گەلێ هۆنراو و بەزاراوەی شیرینی گۆرانی ماونەتەوە کە زۆر سادە و ڕەوان و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرزەتان پێشکەش دەکەین:

ئازیز دورستا، ئازیز دورستا      شەرت و بنیامان پەنە دورستا

یارانت دیدەی بنیام پەرستا      شەرتمان بنیام مایەی کەرستا

***

وە بێ بنیامین، وە بێ بنیامین      کوورەمان سەردەن وە بێ بنیامین

یاران پەی شەرت بنیام رۆشن بین      پەرێ زامداران هەر ئەو شەفاش هین

واتە: ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! پەیمانی بنیامین ڕێگەی ڕاستی ئێمەیە و، یارانت بەپێی بیروڕای بنیامین فەرمانی تۆ بەجێ دەهێنن، وە پەیمانی ئەو مایەی تۆێشووی ڕۆژی بەرینە. بەبێ بنیامین کوورەی دەروونی ئێمە ساردە و یاران بەهۆی پەیمانی ئەوەوە ڕوون بوونەوە. ئەو برینی برینداران سارێژ دەکاتەوە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## حاجی سەی باوەیسی

٦٧٦ – ٧٧٨

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە ناوی باوەیسییە و، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٧٦ی کۆچی لە دێی سازانا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێ کردووە و ئەوسا چووەتە فەقێیەتی ماوەیەک لە شارەزوور ماوەتەوە و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری فقهی ئیسلامیی خوێندووە و لەوێوە چووەتە



بەغدا و لەلای هەندێ زانایانی ئەو شارە خوێندوویەتی و ئەوسا ڕۆیشتووەتە مەکە و خوێندنەکەی تەواو کردووە و لەپاش بەجێهێنانی ڕێ و ڕەوشتی حەج چووەتە (بيت المقدس) و (مسجد الاقصى)شی زیارەت کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و چەند ساڵێک لەوێدا دەمێنێتەوە و وانە بەمنداڵان دەڵێ و لەپاشا سۆزی رایەڵی بژۆنی سان سەهاک ڕای دەکێشێ بۆ لای خۆی و لەوێدا دەبێ بەداوی ڕێ و ڕچەی یارییەوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی لە دێی شێخاندا دەباتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٨ی کۆچی لە تەمەنی صەد و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لەوێدا دەنێژرێ.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە حاجی سەی باوەیسی یەکێکە لە حەوتەوانە و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە یارانی تایبەتی سوڵتان ئیسحاقە و لە ساڵی ٧٧٨ی کۆچی لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە حاجی سەی باوەیسییەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە، کە زۆربەیان سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرز دێنین:

شەرتمان تەسلیما، شەرتمان تەسلیما      ئازیز وە بنیام شەرتمان تەسلیما

بنیام موسڵمان، یوورت و موسلما      شەفاواز و دین یاری ئیقلیما

جبرەئیل ئەمین ئۆسا و کەلیما      ئیسا جە کەشتی دەریاش ئەلیما

جە گێژاو بار بارش حەلیما      گڵێم وە کۆڵش سەمای وەلیما

واتە: ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! ئێمە بەپەیمانی بنیامین سەر دەسپێرین. بنیامین لە دەوری ئیسلامەتیدا نوێنگەی موسلم بووە و ئەو ئێستاکە تکاکاری لایەنگرانی یارییە. ئەو نوێنگەی جبرەئیل و مووسای مامۆستایە و هەنووکە لە نێوان دەریادا لەناو کەشتێکدا داماو و زویرە، ئەو لە گێژاوی دەریادا لەسەرخۆیە و گڵێمێکی کردووەتە کۆڵ و چاوەڕێی مێهر و بەزەیی خوای تاق و تەنیایە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- کورتەی سەرئەنجام.

٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## یای حەبیبەی شارەزووری

٦٨١ – ٧٤٩

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی حەبیبە و کچی شێخ سەدرەدینی شارەزوورییە کە بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٨١ی کۆچی لە دێی (یاوا)دا لەدایک بووە. یای حەبیبە سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێ کردووە و ئەوسا چووەتە قوتابخانە خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و پاشان لەگەڵ براکەیا ڕۆیشتووەتە حەلوان و لەوێدا بۆ ماوەی دوو ساڵ فقهی ئیسلامی و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و پاشان کە گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی باوکی کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا ئەوەندە گیر نەبووە و سۆزی ڕایەڵی خواناسیی سان سەهاک ڕای دەکێشێ بۆ لای خۆی و ئەوسا لەگەڵ براکەیا ڕێی شێخان دەگرێتە بەر و دەبێ بەپەپوولەی پەڕوباڵ سووتاوی سان سەهاک و ڕێ و ڕچەی یاری وەردەگرێ و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی ژنان و وانەوتنەوە دەباتە سەر و گوایە تا ئاخری تەمەنی شووی نەکردووە و سەرئەنجام لە شەست و حەوت ساڵیدا لە ساڵی ٧٤٩ی کۆچیدا کۆچی دوایی دەکا و لەوێدا دەنێژرێ.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە: یای حەبیبە ناوی شێخ حەبیبە یا شێخ حەبیب شا بووە کە هاودەمانی خاتوون ڕەمزبار دێتە ژمار و هەر لە تافی جوانی و لاویەتیدا وازی لە جیهان هێناوە و پارێزگار و خواناس بووە و بەیەکێ لە حەوتەوانە دێتە ژمار.

لە یای حەبیبەوە گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراو و شیرین بەجێ ماون کە هەمووان لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە بەڕاستی زۆر بەرز و، بێ وێنەن:

ئازیز بنیـامـا، ئازیز بنیـامـا    ئازیز شـەرتمان چەنی بنیـامـا
ها پیر و شـەرتی جه گردین جاما    سکەی باشـڵغمان بە بنیام واما

***

بەدەریا وەستەن، بەدەریا وەسـتەن    بارگەی بنیامان بەدەریا وەستەن
ها بنیامینا جه کەشتی ڕەستەن    یوورت گڵێمە کۆڵ جه کۆی غەم مەستەن

***

ئارامان نیـا، ئارامان نیـا    ئازیز بێ بنیـام ئارامـان نیـا
پەی ئادی شـادی بەهەشـتی بیـا    تازە و ناخوونمان مەکەرە جیـا



هـا جه كەشتیدا، هـا جه كەشتیدا    یوورت ڕەمزبـاری ها جه كەشتیدا
سەرڕافا چەنی خەڵك و ڕەشتیدا    عەلەمدار و چـەرخ چەو زەشتیدا

واتە: ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! هەر لە ڕۆژی بەرینەوە ئێمە لەگەڵ بنیامیندا پەیمانمان بەستووە. ئەو لە هەر قاڵبێکدا پیری ڕێ و ڕەوشتی ئێمەیە و ئێمە هەر بەئەو سەر دەسپێرین. بارەگای بنیامین لە دەریادایە و ئێستا لە قاڵبی گڵێم بەکۆڵە و لەنێوان کەشتییەکدا ژیان دەباتە سەر و ئەو لە کێوی خەفەت و پەژارەدا مەستە. ئەی ڕێبەری خۆشەویستم! ئێمە بەبێ بنیامین ئارامان نییە و ئەو بۆ ئێمە شادی و بەهەشتە و بەرگەی دووریی ئەو ناگرین. ئەوا ڕەمزباریش لەناو کەشتییەکە دایە و لەناو کەشتییەکەدا گەوهەر و زێڕ دەگۆڕێتەوە و ئەو ئاڵا هەڵگری ئەم چەرخەیە.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

٣– دەورەی دامیار (دەستنووس).

٤– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر قوبادی دێوانە

٦٣٩ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی پیر قوبادی دینەوەرییە و بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٣٩ی کۆچی لە دینەوەرا لەدایک بووە و هەر لە سەرەتای منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەموو شارەزوور گەڕاوە و ماوەیەکی زۆریش لە بەغدا بووە و هەر لەوێش خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە و زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەپاش ماوەیەک ئەڵهای دێی شێخانی کردووە و لە ساڵی ٦٦٨دا چووەتە شێخان و لەوێ بووەتە داوی ڕێ و ڕچەی یارییەوە و پلەوپایەی پیریی لە سوڵتان ئیسحاق وەرگرتووە و ئەوسا بەدەستووری ئەو چووەتە هەورامان و خەریکی ڕێنموونیی خەڵک بووە، بەڵام لە شوێنێکدا ڕاناوەستاوە و لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم شار بۆ ئەو شار کۆچی کردووە تا سەرئەنجام دەگەڕێتەوە دینەوەر و پاشماوەی تەمەنی بەڕێنموونی خەڵک و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

له پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە پیر قوبادی دێوانە لە ساڵی ٦٣٩ی کۆچی لە دینەوەرا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا هاتووەتە لای سوڵتان ئیسحاق و ماوەیەک لەلای بووە و بەپلەوپایەی پیری گەیشتووە و بەیەکێ لە حەفتا و دوو پیر دەژمێررێ و، گەلێ هۆنراوی لێ بەجێ ماوە. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایە بەرزەتان بۆ دێنین:

وست ئەوکۆی ئەیار، وست ئەوکۆی ئەیار　　بارگەی شام لوا وست ئەو کۆی ئەیار
وێش بێ کەیخەسرەو چۆگا دا دیار　　چوارتەن ها ئێد بێ نە ئەو ڕۆچیار
مەنیژە، لزا، بێژەن، خــــــووبیار　　ڕوستەم، هیندووبێ، گورگین، شەهریار

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە مەڵبەندی یارا دابەزی. خاوەندکار لەو سەردەمەدا چووە قاڵبی کەیخەسرەو و، هەر چوار یارەکەی چوونە قاڵبی ئەم کەسانە: لیزا چووە لەشی مەنیجە و خووبیار رۆیشتە قاڵبی بێژەن، هیندوو چووە لەشی ڕۆستەم و شاریار ڕۆیشتە قاڵبی گورگین.

دیاردییە بەچیرۆکی بێژەن و مەنیجە کە بەپێی شانامە، بێژەن کوڕی گیو بەفەرمانی کەیخەسرەو شا چووە شەڕی بەرازەکان، بەڵام گورگین کە لەگەڵیدا ڕۆیشتبوو ئەوی فریو دا و ناردیە دەشتێک کە مەنیجەی کچی ئەفراسیاو لەوێدا خێوەتی هەڵدابوو و خەریکی شایی و بەزم بوو، بێژەن کە مەنیجەی دی خێرا دڵی لێ چوو و، مەنیجەش گراوی ئەو بوو و ئەوی بانگ کردە ناو خێوەتەکەی و لە پاشا ئەوی بردە کۆشکەکەی خۆی و ئەم هەواڵە گەیشتە ئەفراسیاو، ئەفراسیاو بێژەنی بەدیل گرت و خستیە ناو چاڵێک و کچەکەشی لە کۆشک دەرکرد. مەنیجە هەموو ڕۆژێ دەچووە سەر چاڵەکە و نانی کە لەگەداییەوە بەدەستی دەهێنا دەیگەیاندە بێژەن. سەرئەنجام ڕۆستەم لە جلوبەرگی بازرگانیدا هاتە شاری توووران و بەڕێنموونیی مەنیجە، بێژەنی لە چاڵەکە دەرکرد و هەردووکیانی هێنایەوە ئێران و زەماوەندیانی بۆ کرد.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤– شانامەی فیردەوسی چاپی تاران.
٥– بارگە بارگە (دەستنووس).



## پیر محەمەدی شارەزووری

٦٣٨ – ٧٣٣

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی پیر محەمەدی شارەزوورییە و بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٣٨ی کۆچی لە شارەزووردا لەدایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا چووەتە قوتابخانە فێری خوێندن و نووسین بووە و هەندێ لە پەڕاوە وردەڵەکانی خوێندووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامی بووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێدا خەریکی خوێندنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر و ئەستێرەناسی و پیتۆڵی بووە و خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و خەریکی ڕێنموونیی خەڵک و وانەوتنەوە دەبێ بەڵام لەوێدا ئەوەندە گیر نەبووە و سۆزی خواپەرستیی سان سەهاک رای دەکێشێ بۆ لای خۆی و لەوێدا دەبێ بەداوی ڕێ و ڕچەی یارییەوە و ماوەیەک لە دێی شێخاندا دەمێنێتەوە تا خەرقەی ڕێنموونی لە سان سەهاک وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی و پاشماوەی ژیانی خۆی بەڕێنموونیی خەڵک دەباتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی دەکا.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر محەمەدی شارەزووری یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و بەیەکێ لە یارانی سوڵتان ئیسحاق دەژمێررێ و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و گەلێ هۆنراویشی هەر لەم پەڕاوە تۆمار کراوە کە هۆنراوەکانی سەبارەت بەڕێبازی یاری و خواناسان و زۆر شیرین و ڕەوانن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین:

بارگەی شام وستەن ئەو سینە پاکان　　هەر کە بنیــــــشۆ وە لاڵە و ئامان
بێ دیدەی حەرام پاکش بۆ دامــــان　　وە هەدەر نەنیشان گردین غولامان
مەدران موراد یار پاک جامــــــان　　شام وستەن وە زێڵ زەردەگڵ خاکان

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە سینگی پاکاندا دابەزی، هەر کەسێک بەپاڕانەوە و لاڵە لە دەرگای خوادا دانیشێ، نابێ بەداوێن پیسییەوە ژیان باتە سەر. هیچ بەندەیەک نابێ لە خوا دووربێ، خوا نیاز و مرازی یارانی پاک داوێن بەدی دێنێ، چونکە پادشای جیهان دێتە ناو دڵی چاکان.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤– بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر ئەحمەدی لوڕستانی

٦٤٢ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی پیر ئەحمەدی لوڕستادنییە و بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٤٢ی کۆچی لە لوڕستاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و فێری زمانی فارسی و خەتخۆشی بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و هەندێ فیقهی ئیسلامیی خوێندووە و، بۆ خوێندن کەوتووەتە گەشت و گێڵ و ماوەیەک لە شارەزوور بووە و ماوەیەکی زۆریش لە بەغدا خوێندوویەتی و لە پاشا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە هەورامان و لەوێدا ماوەیەک ماوەتەوە و پاشان چووەتە دێی شێخان و لەوێدا، دەبێ بەداوی ڕێ و ڕچەی یارییەوە و خەرقەی ڕێنموونیش لە سان سەهاک وەردەگرێ و پلەوپایەی پیری پێ دەدرێ و دەگەڕێتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک دەباتە سەر تا کۆچی دوایی دەکا و لەوێدا دەنێژرێ. لە پەڕتووکی سەرئەنجامیشدا هاتووە کە پیر ئەحمەدی لوڕستانی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی لێ بەجی ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و سادەن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

وایر ئەو کۆشان، وایر ئەو کۆشان        ها بنیـــــامینەن وایر ئەو کۆشان
داوود پیرمووسی یاوا نە پێـشان        مستەفا گرتەن تیر و تەرکەشان
ها هەفتەوانەن نوور مەهومـــشان        لامی عازیزم دەستگیر و خوێشان

واتە: لە کێوی بەرزنجەدا قوربانی کرا و، ئەم قوربانییە پیر بنیامین بوو. داوود و پیرمووسیش هاتنە لایان و مستەفا تیر و کەوان و تیردانی گرتبووە دەستەوە. حەوتەوانە کە لە تیشکی خوان، بەفەرمانی خاوەندەکارم لەوێدا ئامادە بوون.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە: لەبەرئەوەی حەوتەوانە لە قاڵبی جۆربەجۆردا دەردەکەوتن، ئەوەی کە لە جیهاندا ڕووی بدایە، لە خەودا دەیانبینی، بەڵام بەڕۆژا خەوەکەیان نەدەکەوتە بیر و، کاتێ پیر بنیامین لە کێوی بەرزنجە قوربانی کردا، هەموو لەسەر ئەو کێوەدا کۆبوونەوە و گۆشتەکەیان لێ نا و بەش بەشیان کردەوە و هەر کە



بەشەکەی خۆی خوارد و، لەو کۆبوونەوەدا داوود و پیر مووسی و مستەفا کە لە حەوت تەن بوون بەشدارییان لە کۆڕەکە کرد و ئەو کۆڕەش یەکەمین کۆڕێک بوو کە لەسەر کێوی بەرزنجەدا پێکیان هێنا و باسی ڕێ و ڕچەی خواناسییان تێدا کرد.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر مالکی گۆران

٦٤٢ – ٧٣٥

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٤٢ی کۆچی لە دێی سەراو دوودەرەدا لەدایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا دەڕواتە قوتابخانە و خەریکی خوێندن دەبێ و قورئان و پەڕاوە وردەڵەکان لەوێدا تەواو دەکا و ئەوسا بەفەقێیەتی دەڕواتە عێراق و خەریکی خوێندنی فیقهی ئیسلامی دەبێ و لە پاشا دەڕواتە شام و لەوێدا لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەخوێنێ و خوێندنەکەی تەواو دەکا و دەڕواتە هەورامان و لەوێوە دەڕواتە دێی شێخان و ئیتر لەوێدا دەبێ بەداوی ڕێ و ڕچەی یارییەوە و لەلایەن سان سەهاکەوە پلەوپایەی پیریی پێ دەدرێ و دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک خانەقایەک دروست دەکا خەڵکی تیا ڕێنموونیی دەکا و بەم چەشنە ژیانی دەباتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٥ی کۆچی لە جیهانماڵئاوایی دەخوازی و لە تەنیشت خانەقاکەیەوە دەنێژرێ.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر مالکی گۆران یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە ساڵی ٧٣٥ی کۆچی لە دێی سەراودوودەرە کە لە چەند کیلۆمەتریی شاری کەنگارەوەیە کۆچی دوایی دەکا، وەکو دەڵێ:

وە سەنەی هەفتسەد چەنی سی و پەنج        مالک رزگار بی جە دەرد و جە ڕەنج

لە پیر مالکەوە گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسین. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

سەراو دوودەرە، سەراو دوودەرە        بارگەی شام وستەن سەراودوودەرە
سەڵمان بنیاما، داوود قـــەنبەرە        پیر مووسی وەزیر کاکەی جابەرە

سەید موستەفا تیرش خەتەرە　　　فاتمە، ڕەمزبار، سرش پەروەرە
خالد زەردەبام زەردیش جە خوەرە　　　بلال ئێوەتەن، مەرد هام شەرە

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە سەراو دوودەرەدا هەڵدرا، سەلمانی پارسی نوێنگەی پیر بنیامینە و قەنبەر نوێنگەی پیر داوودە. کاکە جابر  نوێنگەی پیر مووسی و سەی مسەفا تیری زۆر پڕ مەترسییە. فاتمە نوێنگەی ڕەمزباز و ڕازی نهێنییە. خالد نوێنگەی بابە یادگاری زەردەبامە و زەردی ئەو هەتاوەوەیە. بلال نوێنگەی شا ئیبراهیمی ئێوەتە کە هاوپەیمانی یارانی ترە.


سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).


## پیر مەنسووری شووشتەری

٦٤٦ – ٧٣٨

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٤٦ی کۆچی لە شووشتەرا لەدایک بووە و سەرەتا لە قوتابخانە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی، ئەوسا بۆ خوێندن ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێدا خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز بووە و پاشان چووەتە شارەزوور و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سوڵتان سەهاک ماوەتەوە هەتا خەرقەی ڕێنموونیی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٨ی کۆچی جیهانی بەجێ هێشتووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی شووشتەرا نێژراوە.

لە نامەی سەرئەنجامیشدا هاتووە کە پیر مەنسووری شووشتەری یەکێ لە یارانی سان سەهاکە و بەیەکێ لە حەفتا و دوو پیر دێتە ژمار. لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا ژیاوە و لە مانگی موحەررەمی ساڵی ٧٣٨ی کۆچی لە شووشتەردا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر مەنسوورەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و، زۆربەی ئەم هۆنراوانە لە بارەی ڕێ و ڕچەی یارییەوەن. ئەمەش چەند



هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو کابەی ئەعزەم، ئەو کابەی ئەعزەم　　　بارگەی شام وستەن ئەو کابەی ئەعزەم
کابەم پردیوەر سوڵتان سەرجەم　　　یاران نە جەم دا دڵ باران وە هەم
یەکرەنگ بنیشان هیچ نەکەران زەم　　　سوڵتان سەرجەم حازرەن نە جەم
حەیا بکەردێ گەردن کەران خەم　　　هەرگیز نەستانان بەش زیاد و کەم
نەکە پادشام سوڵتان ئەقدەم　　　وێنەی تەپەسۆ بوەرووتان شەم

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە کەعبەی پڕ شکۆدا دابەزی، کاوەم ئێستاکە پردیوەرە و لێرەدا خەریکی پەرستنی خوام و سان سەهاک ڕێبەرمانە. کەوابوو ئەی یاران، دڵانتان لە جەمدا ئاوێتەی یەک بکەن و یەکدڵ و یەک گیان بن و بەیەکەوە دانیشن و لە پشتە سەری کەسەوە قسە مەکەن، چونکە خوا لە هەموو جێگا و شوێنێکدا هەیە و لەو شەرم کەن و گەردنتان خەم کەن و کڕنۆشی بۆ بەرن، نەوا ئێوەش وەکو خەڵکی تەپەسۆتان لێ بێ و شەمتان بکوژێتەوە و بێ بەهرە بن.

دیاردییە بەخەڵکی تەپەسۆ کە بەپێی سەرئەنجام لەبەرئەوەی کڕنۆشیان لە خوا نەکرد و نافەرمانیان کرد و لەگەڵ خواپەرستەکاندا دەستیان کردە شەڕ و بەربەرەکانێ، ئەوە بوو کە لەپڕ ئاگرێک بەربووە ماڵەکانیان و هەندێکیشیان لێ سووتا و لەناوچوون.

جا لێرەدا پیرمەنسوور داوا لە خەڵک دەکا کە ڕوو بکەنە خوای مەزن و ئەو بپەرستن و لەناو خانەقادا بەیەکەوە دانیشن و جگە لە پاڕانەوە لە خوا و ستایشی ئەو کارێکی تر نەکەن و لە پشتەسەری کەس قسە نەکەن لە خوا شەرم کەن و کڕنۆشی بۆ بەرن، وە هەرگیز بەشی کەم و زیاد لە جەم وەرنەگرن و بەبەشەکەی خۆیان ڕازی بن، نەوا شەمتان بکوژێتەوە و لە هەردوو جیهاندا بێ بەهرە بن.


سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر ئیبراهیمی جاف

٦٥١ – ٧٤٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥١ی کۆچی لە دێی هاواردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وەکو دەڵێن باوکی یەکێ لە دەرەبەگەکانی شارەزوور بووە، بەڵام پیر ئیبراهیم لە کۆڕی یەکێ لە پارێزگارانی گەورەی ئەو سەردەمەدا تۆبەی کردووە و چووەتە ریزی سۆفییەکان. پیر ئیبراهیم لەبەرئەوەی کوڕە بەگ بووە هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمان و وێژەی عەرەبیی خوێندووە و لە تافی جوانیدا چووەتە شێخان و ماوەیەک لەلای سوڵتان ئیسحاق ماوەتەوە و لە پاشا خەرقەی لی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٤٠دا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجام هاتووە کە پیر ئیبراهیمی جاف یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سوڵتان ئیسحاقە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەراوێزی پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە: کە پیر ئیبراهیم ئەوەندە پارێزگار و خواناس بووە، کەمتر لەگەڵ خەڵکدا دواوە و بەم هۆیەوە خەڵک ئەویان بەشێت داناوە و ئەویش خۆی بەشێت و شەیدای خوا زانیوە.

لە پیر ئیبراهیمەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن و، زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسین. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەتان بۆ دێنین:

وست و پردیوەر، وست و پردیـــــوەر	بارگەی شام ئاما، وست و پردیوەر
هەفتـــەوان چەوگـا ئاوەرد وە نەزەر	وێنـــــەی ئەزەڵی ڕژیا وە ئەنوەر
پەی سکەی یاران پیری کەرد یەکسەر	فەرداش نە باقی ئیشان مەو سەروەر
یار داوود دەلیل مەولام کەرد ڕەهبەر	بنیام پەی یاران بی وە پێغەمبەر
پەی شەفاخوازی جوملەی نامەوەر

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە پردیوەردا دابەزی، ڕێبەرم سوڵتان سەهاک کاتێ حەوتەوانەی پێک هێنا، ئەوانی بەتیشکی خۆی ڕوون کردەوە و بۆ ڕێنموونیی خەڵک بەپیریەتی هەڵیانی بژارد و، لە ڕۆژی دواییشدا هەر کەسێک بەقسەیانی کردبێ و لە ڕێی خواوە ڕۆیشتبێ، ڕزگار دەبن. ڕێبەر و سەرۆکم داوود و بنیامینی بۆ ڕێنموونیی خەڵک هەڵبژاردووە، تاکو ڕێ و ڕچەی خواناسی فێری خەڵک بکەن.



پیر ئیبراهیم لەم هۆنراوانەدا مەبەستی ئەوەیە کە حەوتەوانە بریتین لە تیشکی خوایی و ئەمانە ڕوو بکەنە هەر کەس، دڵ و دەروونی بەتیشکی خۆیان، پاک و خاوێن دەکەنەوە و دەیخەنە سەر ڕێی خوای تاق و تەنیا، حەوتەوانە هەروەها وتمان بریتین لە حەوت کەس کە سان سەهاک بۆ ڕێنموونی خەڵک هەڵیانی بژاردووە.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– دەفتەری ساوا (دەستنووس).
٤– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر فەتالیی سەحنەیی

٦٥٢ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ساڵی ٦٥٢ی کۆچی لە سەحنەدا لەدایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمانی عەرەبیی خوێندووە و پاشان بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و سەرێکیشی داوە لە شارەزوور و ماوەیەک لەوێدا فیقهی ئیسلامی خوێندووە و هەر لەوێش ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سوڵتان ئیسحاق ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بردووەتە سەر تا کاتێ کۆچی دوایی دەکا.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر فەتالیی سەحنەیی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاکە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە لە سەحنەدا مردووە. گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراو سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یاری لە پیر فالییەوە ماوەتەوە کە پلەوپایەی ئەو لە وێژەدا دەسەلمێنن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو بەحر موحیت، ئەو بەحر موحیت	بارگەی شـــــام وستەن ئەو بەحر محیت
گوهەر پەیدا بۆ پەی مێردان ئومیت	یاران وە بەحــــــــرشا دادەنشان قویت
مێـرد مەو وە کەلام بدارۆ جلیت	قـــــــــــاپی دین یار بژەنان کلیت
غولامان وە شوون زێڵشان بۆ سپیت	وە زەمی دووڕەنگان هیچ نەوەستان هەنیت

ئەر دانەی هەزار گەوهەر بۆ پەدیت　　یاران وەگرۆی خوار نەنیشان ناویت
سرِ نەکەران فاش هیچ نەوان هاهیت　　نەوا کەردەی خام جەدین با نابویت

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە دەریادا دابەزی و لەوێدا گەوهەرێکی باییدار دۆزرایەوە کە بووە هۆی هیوا و هومێدی یاران و، یارەکان لە دەریای بێ بنی خواییدا گەوزان. پیاوی خوا دەبێ ئاگای لە نیشانەکانی خوا بێ، بەڵام نابێ رازی ئاینەکەی بدرکێنێ، بەندەکان و پەیڕەوانی ئەم ڕێ و ڕچە بەهۆی ئەو پەیمانەوە کە بەستوویانە دەبێ دڵ و دەروونیان پاک و خاوێن بکەنەوە. هیچ کاتێ پەڵەزەوییێکی دوو ڕەنگ شێف مەبڕن و، ئەگەر لە هەر تۆمێک هەزار گەوهەر بێتەدی، ئەم کار نەکەن و هەروەها نابێ لەگەڵ دوژمنانی ئاینەکەتان هاونشین بن و، ڕازی ڕێ و ڕچەکەتان مەدرکێنن، نەکا لە ئاینەکەتان بێ بەری و بێ بەهرە بن.

گەوهەر کە لەم هۆنراوانەدا دیاردی پێ کراوە، بریتییە لە بنیادەمی خواپەرست و پارێزگار کە لە دەریای خواییدا دێتەدی.

پیر فەتالی لەم بەندەدا دەڵێ: بنیادەم تەنیا لە تاقە ڕێگەیەکەوە دەگاتە پلەوپایەی بەرز کە ئەویش خواناسییە. پیاوی خوا دەبێ لە ڕێی خواوە بڕوا، بەڵام ڕازی ئاینەکەی نابێ لای هەموو کەسێک بدرکێنێ. هەر کەسێک دەبێ پەیمانیی ڕۆژی بەرین کە لە وەڵامی خوادا بەڵێی وتووە دەبێ بپارێزێ و توخنی گوناه نەکەوێ. هەروەها پیاو نابێ لە زەوی دووڕەنگ شیف ببڕێ و تۆم بچێنێ و، ئەگەر لە هەر تۆمێک هەزار گەوهەر بیتەدی نابێ ئەم کارە بکا. پیر فەتالی لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێ: «نِسائُکُم حَرثٌ لَکُم فَأتوا حَرثَکُم أَنْی شِئتُم» واتە: ژنەکانی ئێوە وەکو کێڵگە وانە و ئێوەش دەبێ، لەگەڵیاندا تێکەڵ بن تاکو ڕەگەزتان نەپچڕێ. مەبەست ئەوەیە کە لە پاشەوە لەگەڵیاندا تێکەڵ مەبن، چونکە ژن بۆ ئەوەیە کە منداڵی بێ و ڕەگەزی ئێوە نەپچڕێ و بمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:


١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).




## پیر تامازی کرمانی

٦٥٣ – ٧٣٧

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ساڵی ٦٥٣ی کۆچی لە دێی فهرجی کرماندا لەدایک بووە و سەرەتا لەلای باوکی دەستی کردووەتە خوێندن و لە زمانی فارسی و عەرەبیدا باش ڕۆیشتووە و ئەوسا بەفەقێیەتی بەزۆربەی شوێنەکانی کرماندا گەڕاوە و لە پاشا لە شارەزوور خوێندنەکەی تەواو کردووە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەکی زۆر لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەدەرزوتنەوە و ڕێنموونی خەڵک بردووەتە سەر و گەلێ کەس لەسەر دەستی ئەودا تۆبە کردووەتە تا لە ساڵی ٧٣٧ی کۆچیدا بەدەستی هەندێک دەکوژراوە.

لە کورتەی پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر تاماز لە کرماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە لە تافی جوانیدا چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و چووەتە ریزی حەفتا و دوو پیر، پاشماوەی ژیانی بەپەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٧ی کۆچیدا بەدەستی هەندێ ناحەز کوژراوە و بەیاری ڕاستەقینەی گەیشتووە.

لە پیر تامازەوە هەندێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەجێ ماون کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراون. لەم هۆنراوانەدا سەبارەت بەچۆنییەتیی ڕێ و ڕچەی یاری دواوە و گەلێ شتی نهێنیی ڕوون کردوونەتەوە. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

وست ئەوکوی بەهرام، وست ئەوکوی بەهرام　　بارگەی شام لوا وست ئەوکوی بەهرام
شام کەیخەسرەو بێ نە دوون ئەورام　　نامش دەرد زێڵ مەکەرۆ ئارام
بەهرام پەی تاج، ڕیو وێش وست نە دام　　ڕەوانش چون دوود بەرشی نە هەندام

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە خانووی بارامدا دابەزی، شام کەیخەسرەو لە وەچەی کەیانییەکان بوو، ناوی ئەو دڵ و دەروون ئەهوەن دەکاتەوە، بەهرام بۆ دۆزینەوەی تاجەکەی ڕیو خۆی خستە داو و ئەوسا گیانی وەکو دووکەڵ لە لەش دەرچوو.

دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی بەهرامی کوڕی گۆدەرز کە بەپێی شانامە، لە یەکێ لە شەڕەکاندا کە لە نێوان ئێران و توورانـدا ڕووی دا، تورانییەکان بەلەشکرێکی زۆر و زەبەندەوە هێرشیان بردە سەر لەشکری ئێران و، لەم شەڕەدا فەریبورز نەیتوانی خۆی بگرێ پشتی کردە دوژمن و پەنای بردە کێو، پاشان گۆدەرز فەرمانی دایە بێژەن کە بڕواتە

لای فەریبورز و بگەڕێتەوە و لەگەڵ دوژمندا شەڕ بکا و، یا ئالآی کاویانی لێ وەرگرێ و لە مەیدانی شەڕدا هەڵیکدا. فەریبورز گوێی پێ نەدا و ئالآکەشی پێ نەدا، بێژەن ڕقی هەستا و درەوشی کاویانیی کردە دوو کەرتەوە و ئەو نیوەیە کە کەوتە دەستی لەگەڵ خۆیا بردی و لە گۆڕەپانی شەڕدا هەڵی کرد و، تۆرانییەکان بۆ بەدەسهێنانی درەوشی کاویانی هێرشیان بردە سەر لەشکری ئێران و شەڕێکی قورس لە دەوری ئالآکەدا قەوما و لەم شەڕەدا ریوی کوڕی کەیکاوس کوژرا و تاجەکەی لە گۆڕەپانی شەڕدا مایەوە و تۆرانییەکان ویستیان تاجەکە بڕفێنن بەڵام، بەهرام خۆی گەیاندە مەیدان و تاجەکەی بەنێزە هەڵگرت و گەڕایەوە، وەلێ لەبەرئەوەی قەمچییەکەی لەوێدا ون کردبوو، دیسان گەڕایەوە و بەدەستی تۆرانییەکان کوژرا.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر حاتەمی هەمەدانی

٧٣٨ - ٦٥٤

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥٤ی کۆچی لە لە هەمەداندا هاتووەتە جیهانەوە. بنەماڵەی پیر حاتەم هەر لە مێژەوە هەموویان خاوەن زانست و زانیاری بوون و، هەر لەبەر ئەمە سەرەتا لە قوتابخانە خوێندوویەتی و لە پاشا خەریکی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە و ئەوسا رێزمان و وێژەی عەرەبیی خوێندووە و پاشان بۆ خوێندن کەوتووەتە گەڕان و ماوەیەکی زۆر لە عێراق و حیجاز خوێندوویەتی و لەگەڵ زانایانی ئەو وڵاتانەدا هەڵسوکەوتی بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێوە چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوە تا خەرقەی لێ گرتووە و ئەوسا بۆ ڕێنموونیی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری کەوتووەتە گەڕان و لە ئاخروئۆخری تەمەنیشیدا لە هەمەدان خانەقایەکی بۆ دەروێشەکان دروست کردووە و ڕێنموونیی خەڵکی تیایا کردووە تا لە ساڵی ٧٣٨ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە نزیک خانەقاکەدا بەخاکیان سپاردووە.





لە پیر حاتەمەوە گەلێ هۆنراو بەجێ ماون کە هەندێ لەو هۆنراوانە سەبارەت بەچۆنیەتیی ڕێ و ڕچەی یارین و، هۆنراوەکانی ئەو زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

١

بارگەی شام وستەن، حوسن ئەو بادوستەن    پیر و پادشامم هەر دو پەیوەستەن

ها پیر بنیامین جڵەو وە دەستەن    جیا نمەوان هەر دوو یەک شەستەن

بنیام ئەر بەیۆ، مەولاش سەرمەستەن    یار داوود ڕەهبەر گرد خاس و گستەن

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە جوانی و چاکی دایە و هەر کەسێک نەختێ چاکە بکا، خوا پێی خۆشە. پیر و پادشام هەردووکیان گەیشتنە یەک، ئەوا پیر بنیامین بووەتە ڕێبەری یاری و، لە پاشا جیا نابێتەوە و هەردووکیان قامکە گەورەی ئەم ڕێ و ڕچەنە. ئەگەر بنیامین بێت و خۆی دەرخا، پاشا ئەو سەرخۆش دەکا. یارم پیر داوودیش ڕێبەری هەموو چاکان و خراپانە. مەبەستی ئەوەیە کە ئەو پیاوخراپیش ڕێنموونی دەکا و دێنێتیە سەر ڕێی ڕاست.

٢

ئەو کۆی سپیجاو، ئەو کۆی سپیجاو    بارگەی شام وستەن ئەو کۆی سپیجاو

شام کەیکاوس بێ چێهرەش چون ئافتاو    وە فەرمان ئەو بی وە داوای داو

تەهەمتەن چەنی شای ئەفراسیاو    ستێزا نە کۆ و دەشت و هەردو زاو

ئەوسا فەرامەرز چون بەرق پەڕتاو    نگۆن کەرد سورخە و سپای ورازاو

هوونی هوونیان هوونشان چون ئاو    ڕەوان بی وێنەی ئاو کۆی پەڕاو

دوون سیاوەخش بێدار بی نە خاو    وە ڕەنگ مەولام شاد بی نە تۆی کاو

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە کۆی ئەسپیجاودا دابەزی. شام کەیکاوس ڕوومەتی وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە و بەفەرمانی ئەو بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی سیاوەخش بووە هەنگامە و شەڕ و، ئەوسا ڕۆستەمی تەهەمتەن لەگەڵ، ئەفراسیاو شای تۆرانی لە دەشت و کێودا شەڕی کرد و ئەوسا فلامەرزی کوڕی ڕۆستەم وەکو برووسکە لەشکری سورخە و ڕازاوی تۆرانی تارومار کرد و لە پاشا خوێنییەکانی سیاوەخش خوێنیان وەکو ئاوی کانی لە دەشت و ڕێدا کەوتە ڕێ. گیانی سیاوەخش لە خەو ڕاپەڕی و بەرەوشتی خوای تاق و تەنیا شاد و خۆش بوو.

بەپێی شانامە، ڕۆستەم کاتێ هەواڵی مەرگی سیاوەخشی پێ گەیشت، لەشکرێکی پێک هێنا و لەگەڵ پاڵەوانان و شەڕکەرانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە وەکو: شیدۆش و فەرهاد و گورگین و گیو و ڕەهام و شاپوور و فەریبورز و بارام ورازە و زەنگەی شارەوان چووە شەڕی دوژمن و ئەوسا گەیشتە شاری ئەسپیجاو کە یەکێ لە شارەکانی تۆران بوو و، کاتی ئەم هەواڵە گەیشتە ئەفراسیاو، لەشکرێکی بەسەرکردایەتیی سورخەی کوڕی ناردە شەڕی ئێرانییەکانەوە و، فلامەرز لەشکرەکەی ئەوی تێ شکان و سورخەیان بەدیل گرت و ئەوسا بەفەرمانی فلامەرز ئەویان کوشت و کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە ئەفراسیاو، خۆی بەلەشکرێکەوە هات و هێرشی بردە سەر ئێرانییەکان و شەڕێکی سەخت ڕووی داو و ئەفراسیاو لەم شەڕەدا هەلات و ڕۆستەم وڵاتی توورانی گرت و هەر بەشێکی دایە دەستی پاڵەوانێک لەپاش حەوت ساڵ گەڕانەوە ئێران و ئەفراسیاویش گەڕایەوە تووران.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر خەلیل مووسڵی

٦٥٤ – ٧٤٢

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ناوی خەلیل و کوڕی عەبدولقادرە و بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥٤ی کۆچی لە مووسڵدا لەدایک بووە، هەر لەو شارەدا خراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆز و ڕێزمان و وێژەی عەرەبی خوێندووە. لە پاشا بەفەقێیەتی ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری خەریکی خوێندنی فقهی شافعی و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە و ودمی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە و لەوێوە چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنموونیی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بووە، تا لە ساڵی ٧٤٢ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر خەلیلی مووسڵی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و یارانی سوڵتان ئیسحاقە و لە مووسڵدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا مردووە. لە پیر



خەلیلی مووسڵییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە گەلێ بەرز و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو شارەزوولی، ئەو شارەزوولی | بارگەی شام وستەن ئەو شارەزوولی |
| مێردان بتەنیۆن کەردەی قەویلی | بگندێ وەشـــوون پیر و دەلیلی |
| ها هەفتەوانەن شەمع و قەندیلی | سکەی قـــەدیمەن والاّ مەندیلی |

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە شارەزوورا دابەزی. ئەی یاران یەکتر بەکردەوەی چاک هەڵسەنگێنن و بکەونە شوێنی پیر و دەلیل و گوێ بدەنە ڕێنموونییەکانی ئەوان تاکو سەرکەون. ئەوا حەوتەوانە وەکو شەم دەدرەوشنەوە وەکو دراو باون و بڕەویان هەیە.

پیر ئەو کەسەیە کە بەودمی پادشا ئەو کەسانەی کە بەهۆی دەلیلەوە ڕێنموونی دەکرێن، دەیگەیێنێتە پلەوپایەیەکی بەرز ودەیسپێرێتە پادشا، دەلیلیش ئەو کەسەیە کە بەودمی پادشا ئەو کەسانەی وا دێنە سەر ڕێ و ڕچەی یاری ڕێنموونی دەکا و دەیسپێرێتە دەستی پیر.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەورەی دامیار (دەستنووس).

٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر حەیدەری لوڕستانی

٦٥٨ – ٧٣٣

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥٨ی کۆچی لە دەوروبەری ڕووباری ماتیان (مادیان)دا کە لە نزیکی شاری خورەم ئاوایە لە دایک بووە، سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێ کردووە و ئەوسا بۆ خوێندن چووەتە حوجرەی فەقێیان و قورئانی پیرۆز و هەندێ پەڕاوی فارسی و عەرەبیی کە لەو سەردەمەدا باو بوون خوێندووە و لەپاشا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و چەند ساڵێک لەوێدا ماوەتەوە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێوە چووەتە شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنموونیی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بووە تا لە ساڵی ٧٣٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر حەیدەری لورستانی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سوڵتان ئیسحاق کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە دەوروبەری ڕووباری ماتیانا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا مردووە.

پیر حەیدەر گەرچی هۆنەر نەبووە و بەهۆنەر و بوێژ نەناسراوە، بەڵام جاروبار هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە هۆنراوەکانی زۆر شیرین و ڕەوانن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەو دێنین کە دەڵێ:

ئەو سازانەوە، ئەو سـازانەوە     بارگەی شام وستەن ئەو سازانەوە
پیـر و پادشـام ها دیمانەوە     ڕاگـەت تەی بکەر وە ئیـمانەوە

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە دێی سازان دابەزی و، لەو شوێنەدا بوو کە پیر و پادشام یەکتریان چاوپێ کەوت و ئێمەش بەدیتنی ئەوان شادمان بووین. دەسا تۆش ڕێگاکەت بە بڕوای بتەوەوە ببڕە تا سەرکەوی. سازان گوندێکە لە پازدە کیلۆمەتریی هەڵەبجە کە ئێستاش گەلێ لە یارییەکانی تێدا ژیان دەبەنە سەر و، وەکو دەڵێن زۆربەی پیران و پیاوە ئاینییەکانی یار لەوێدا کۆ دەبوونەوە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).
٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر میکائیلی دەودانی

٦٥٨ – ٧٣٦

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٥٨ی کۆچی لە دێی دەوداندا لەدایک بووە. وەکو دەڵێن خاوەن زەویوزارێکی زۆر بووە و ئەندامانی بنەماڵەکەی زۆربەیان زانا و خوێندەوار بوون و، پیر میکائیل هەر لە سەردەمی منداڵیدا لەلای باوکی قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی خوێندووە و ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لە پاشا بۆ خوێندن هەموویی هەورامان گەڕاوە و کاتێ سوڵتان ئیسحاق لە دێی شێخان سەری هەڵداوە و، ئەو بووەتە مێملی، بەڵام پاشان ڕێ و ڕچەکەی وەرگرتووە و ماوەیەکیش لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان بۆ پەرەپێدانی



ڕێ و ڕچەی یاری بەزۆربەی ناوچەکان و شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە و سەرئەنجام لە ساڵی ٧٣٦ی کۆچی لە دێی قەرەدەرەی کوردستاندا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر تەپۆڵکەیەکدا بەخاک سپێرراوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر میکائیلی دەودانی کوڕی شێخ مووسای بەرزنجیی و ئامۆزای سان سەهاکە کە لە دێی دەوداندا لەدایک بووە. ئەو سەرەتا لەگەڵ سان سەهاکدا دوژمنیی کردووە و پاشان چووەتە سەر ڕێ و ڕچەکەی و دادە سارای کچی بەکەنیزی بەخشیوەتە ئەو کە بابە یادگاری لێ بووە، ئەو بەیەکێ لە حەفتا و دوو پیر دێتە ژمار. گەلێ ڕووداو و چیرۆک لە بارەی پیر میکائیلەوە دەگێڕنەوە کە وەکو ئەفسانە وایە.

لە پیر میکائیلەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و بەرزن و زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەو دێنینەوە کە دەڵێ:

ئەو کۆی عەرەبەتی، ئەو کۆی عەرەبەتی     بارگەی شام وستەن ئەو کۆی عەرەبەتی
حەرس و نەفس بەردەن ئیمان قووەتی     ساعـــــــەت مەلۆنی وە بەر نۆبەتی
سەردییەن گەرمی کەرۆ نابووتی     وەشا پا کەسە ئەو یار بۆ جووتی

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە دێی عەرەبەتدا دابەزی، تەما و نەوس هێزی بڕوا دەبا و هەر دەمێک کە تێ دەپەڕێ، بڕوا کەم دەبێتەوە. ساردی گەرمی لەناو دەبا، خۆزگەم بەو کەسە کە یارێک دەبێتە هاودەمی.

٢

نۆزەر شای کەیان، نۆزەر شای کەیان     شام بی نە ئەو دەم نۆزەر شای کەیان
شام بنیامین بێ چەوگا نەو زەمان     وێنەی کورد گورد مەشی نە مەیدان
سام خاوەند نام و تەدبیر بێ و نیشان     وە پەندش پادشام دادش کەردەعیان

واتە: شام لەو سەردەمەدا نۆزەر شای کەیان بوو، پیر بنیامین لەو دەمەدا لە قاڵبی ساما بوو و، وەکو کوردێکی پاڵەوان چووە مەیدانی شەڕوشۆڕ، سام کە خاوەند ناوونیشان بوو، بەپەندی ئەو پادشایە خەریکی دادپەروەری بوو.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).
٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر مەحمودی بەغدادی

٦٦١ – ٧٣٥

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٦١ی کۆچی لە بەغدادا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر بەمنداڵی باوکی مردووە و دایکی لە پاش ماوەیەک ئەوی ناوەتە خوێندن و لەلای زانایانی ئەو رۆژگارە فێری خوێندن و نووسین و رێزمانی عەرەبی بووە و پاشان قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، ئەوسا بەفەقێیەتی رۆیشتووەتە شارەزوور و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری فقهی ئیسلامیی تەواو کردووە و هەر لە ئەو ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لە پاشا رۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لە لای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە ئەوسا گەڕاوەتەوە شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوینیی خەڵک و دەرزوتنەوە و پەرەپێدانی رێ و رچەی یاری بەسەر بردووە تا لە ساڵی ٧٣٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەرتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر مەحموودی بەغدادی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاکە کە لە شارەزووردا مردووە. لە پیر مەحموودەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و سادە و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو رۆ ماهیری، ئەو رۆ ماهیری | بارگەی شام وستەن ئەو رۆ ماهیری |
| یاری مەکەردێ وە عەقڵ زاهیری | بەشتان نییەن ئەو بەش ڕەزم وایری |

ها دین و کەلام مە بۆ دەستگیری

واتە: ئەو رۆژە، رۆژێکی گەورە بوو کە رێ و رچەی خواناسی هاتە دی، بارگای شام هەر بۆ هونەری بەندکان لەم جیهانەدا دابەزی، جا ئێوە رێ و رچەی یاری بەپێی ئاوەز هەڵسەنگێنن و خۆتان مەنوێنن، ئەگینا لەو بەشەی کە لە رۆژی بەرین پێتان دراوە بێ بەری دەبن و، بەخوێندنەوەی پەرتووکی سەرئەنجام لە رێ و رەوشتەکانی یاری بەهرەمەند دەبن.

پیتۆڵەکانی (مشاء) لایان وایە کە ئاوەز یەکەمین ئافەریدەیە، بۆیە بنیادەم دەبێ بەپێی ئاوەز بڕوا بەخوا بێنێ. هەروەها دەڵێن کە ئاوەز تیشکێکە لە دڵدا کە خراپ لە چاک بۆ بنیادەم جیا دەکاتەوە.

جا پیر مەحموود لێرەدا هەر ئەو باسەمان بۆ دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و دەڵێ: رێ و رچەی یاری دەبێ بەپێی ئاوەز هەڵسەنگێنن و خۆتان نەنوێنن، ئەگینا لەو بەشەی کە لە رۆژی بەریندا پێتان دراوە بێ بەهرە دەبن. مەبەستی ئەوەیە کە گیانی بەندەکان لە رۆژی



بەریندا پەیمانیان لەگەڵ خوادا بەست کە لە جیهان بەچاکە و ڕەفتارکەن و خۆیان لە خراپە بپارێزن و خواش فەرمووی ئەگەر وا بکەن دەتانبەمە بەهەشت.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر (نالی)ی مۆردینی

٦٦٢ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی کوڕی شێخ عەتای شارەزوورییە و لە ساڵی ٦٦٢ی کۆچی لە دێی مۆردیندا لەدایک بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و رێزمان و وێژەی عەرەبی لەلای باوکی خوێندووە و ئەوسا چووەتە فەقێیەتی و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و ودمی مەلایەتی لێ وەرگرتووە. لە پاشا کەوتووەتە گەڕان و سەیرانی شارەکان تا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

لە پەرتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر (نالی)ی مۆردینی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سوڵتان ئیسحاقە کە لە دێی مۆردیندا کۆچی دوایی کردووە. لە پیر نالییەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و دڵگرن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

١

| | |
|---|---|
| سوار بارگایی، سوار بارگایی | ئەز وە فیدات بام سوار بارگایی |
| چەوگا قووتت وەرد، چێگا زیایی | شام وە شارەزوور بارگەت ئامایی |
| ها وە دەستەوە ذولفەقار شایی | تێغت مەورۆ نە گاو تا مایی |
| وە کۆی غولامان تۆ بدەر ڕایی | یاران جفت یاری باران وە جایی |
| ئەو دڵ یەکتر بدان جەلایی | پادشام مەیۆ ئەو سەر سەلایی |

واتە: ئەی شاسواری بارگەی خوایی من بەقوربانت بم، لەو کاتەدا خۆراکت خوارد و ئێستاکە ژیان دەبەیتە سەر. ئەی شام بارگەکەت لە شارەزووردا هەڵدرایەوە و ئەوا شمشێری زولفەقار لە دەستی تۆ دایە و تێغ و شمشێری تۆ هەموو شتێک دەبڕێ، دەسا بەبەرماڵی خولامەکاندا تێ پەڕە تاکو دڵیان شاد بێتەوە. ئەی یاران! یەک یەک ڕێ و ڕەوشتی یاری بەجی بێنن و دڵی یەکتر پاک و ڕوون بکەنەوە تا خوای مەزن بەزەیی بەهەمووتانا بێ.

٢

وست ئەوکۆی جەمهوور، وست ئەوکۆی جەمهوور     بارگەی شام لواوست ئەو کۆی جەمهوور
شام نامش گۆ بێ نەهید کەرد زوهوور     ساقی نمانا جام ئەنتەهوور
شەترەنج بەراوەرد ئەو پەرێ پەنجێ     هەر پەنج ستێزان نە دەور گەنجێ
سەرجەم نە جەمدا ئی پەنجە سەنجێ     نام خاوەندکار وانا وە خەنجێ

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە ماڵی جەمهووردا دابەزی. شام ناوی گۆ بوو و، لە هیندستاندا سەری هەڵدا و، وەکو مەیگێڕ بەخەڵکی ئەو شوێنە بادەی پاک و خاوێنی دەگێڕا، ئەو شەترەنجیشی بۆ خەڵک داهێنا و، شەڕوشۆڕی خۆی و براکانی لەوەدا پیشان دا و، هەمووی خەڵک بەوردبینییەوە ئەم شەڕەیان هەڵدەسەنگان و بەناوی خوای مەزن ئافەرینیان دەوت.

بەپێی شانامە، لە یەکێ لە شارەکانی هیندستاندا پیاوێک بەناوی سەندەڵ پادشایەتی دەکرد. لە بەست و کشمیرەوە تا سنووری چین هەمووی لەژێر فەرمانی ئەودا، ژنە وریا و هونەرمەندەکەی کوڕێکی بوو کە ناوی ناگۆ بوو، ئەوەندەی نەخایاند کە شا نەخۆش کەوت و بەژنەکەی رای سپارد کە لە پاش خۆی کوڕەکەی بخاتە سەر تەختی پادشایەتی. بەڵام لەپاش مردنی جەمهوور، براکەی مای خۆی کردە شا و براژنەکەشی خواست و پاشان کوڕێکی لێ بوو کە ناوی نا (تەڵهەند). لەپاش ماوەیەک (مای)ش مرد، گۆ و تەڵهەند لەو سەردەمەدا گەورە بووبوون و، لەبەرئەوەی هەر کام دەیانویست ببنە پادشا، ئەوە بوو کە بووە شەڕیان و هەر کام سپا و لەشکرێکیان بۆ خۆیان پێک هێنا و سەرئەنجام تەڵهەند لە شەڕدا کوژرا. دایکی زۆر پەشۆکا و شیوەنی کوڕەکەی کرد و هەرگیز ئەوی لەبیر نەئەبردەوە، ئەوە بوو کە گۆ، فەرمانی دا نەخشەیەک بکێشن و پیشانی دایکی بدەن و، زانایان تەختێکیان بەناوی شەترەنج دروست کرد و شەڕی گۆ و تەڵهەندیان تێدا پیشان دا و، دایکی هەر کاتێ سەرنجی یاریی شەترەنجی دەدا و لەشکری گۆ و تەڵهەندی چاو پێ دەکەوت، فرمێسک لە چاوانییەوە دەهاتە خوارەوە و داخ و موخابنی دەخوارد.



هەموو کارێکی ئەو هەر شەترەنج بوو     بۆ تەڵهەند گیانی پڕ دەرد و ڕەنج بوو
هەمیشە ئەسری خوێنینی دەڕشت     بەم چەشنە دێوی پەژارەی دەکوشت

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٤- شانامەی فیردەوسی چاپی تاران.

## پیر کازمی کەنگاوەری

٦٨٦ - ٧٧٥

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، کوڕی ئیبراهیمی کەنگاوەرییە کە لە ساڵی ٦٨٦ی کۆچیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمانی عەرەبی و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی خوێندووە و لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا ڕێ و ڕچەی شێخانی گرتووەتە بەر و ماوەیەکی زۆر لەلای سان سەهاکدا ماوەتەوە تا خەرقەی لی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک و پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٥ لە تەمەنی هەشتا و نۆ ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر کازمی کەنگاوەری یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە و گۆڕەکەی لە کەنگاوەر دایە. لە پیر کازمەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

١

ئەو خاوەر زەمین، ئەو خاوەر زەمین     بارگەی شام وستەن ئەو خاوەر زەمین
حوکمش مەگێڵۆ یسار و یەمین     خوەر ژ خوەرئاوا مارۆ وە پەسین
مەلەکان جە عەرش مارۆ وە زەمین     هەر کەس ناڕاستەن ئەوسا مەو غەمین

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە خۆرهەڵاتدا دابەزی و، فەرمانی بەچەپ و ڕاستدا دەگەڕێ و خۆر لە خۆرئاواوە دەشارێتەوە و فریشتەکان لە سەرەوە بۆ نواندن دێنێتە زەوی و هەر کەس کە نادروست و ناڕاستە سەرئەنجام زویر و خەفەتبار دەبێ.

٢

ئەو کۆی ئارەشان، ئەو کۆی ئارەشان     بارگەی شام وستەن ئەو کۆی ئارەشان
شام مەنهووچێهر بێ چاوروو رەشان     مێرد کەمانگیر وە گرد دا نیشان
ئاما وە هەربورز سەرکۆی سەرکەشان     گرت وە دوو دەستش تیر و تەرکەشان
تیرێ وست نە زێ بی وە مەرزشان     گیانش پەی ئێران بەرشی وە خەشان
ئەوسا وە فەرمان خواجای خواجەکان     وراستن جەشنێ وە نام تیریگان
نوورئارەش شی وست نە تۆی جەهان     نەو دەم پێوار بی شی وە کۆی نەهان

واتە: بارگەی شام لە ماڵی ئارەشدا هەڵدرا، شام مەنووچێهر سەرچاوەی داد و ئاشتی بوو، ئەو ئارەش کەوانداری پیشانی هەموو خەڵکی دا و ئارەش چووە سەر لووتکەی ئەلبورز و تیروکەوانی گرتە دەستەوە و تیرێکی بەهەمووی هێزی خۆی هاوێشت و تیرەکە تا سنووری ئێران و تووران ڕۆیشت و، بۆ ئێران، گیانی خۆی بەخت کرد و ئەوسا بەفەرمانی خواجەی خواجەکان، جەژنێکیان بەناوی تیرگان پێک هێنا و تیشکی ئارەش سەراسەری جیهانی داپۆشی و لەدوای تەواوبوونی جەژنەکە گیان و ڕۆحی ئارەش بەرەو جیهانی سەرەوە فڕی و ئاوێتەی کۆمەڵەی تیشکی خوایی بوو.

بەپێی پەڕاوی ئاڤێستا و پەڕتووکەکانی تری ئاینی زەردەشت، لە نێوان ئێران و توورانداچەندین ساڵ شەڕ و هەرا بوو و، لە شەڕێکدا لەشکری ئێران تێ شکا و سەرئەنجام سەرۆکانی ئێران و تووران هاتنە سەر ئەوە ئاشت بنەوە بەمەرجێ کە تیرێک لە مازەندەرانەوە بەرەو خۆرهەڵات بخەن و تیرەکە گەیشتە هەر کوێ، ئەوێ بکەنە سنووری هەردوو وڵات، ئارەش کە یەکێ لە پاڵەوانەکانی بەتەمەنی ئێرانی بوو، لەناو لەشکری ئێراندا بەتیرئەنداز ناسرا بوو، ئەوە بوو بەفەرمانی فریشتەی ئەسفەندارمەد تیروکەوانی هەڵگرت و چووە سەر لووتکەی کێوی ئەلبورز و بەتەواوی هێزییەوە تیرێکی هاوێشت و خوای مەزن فەرمانی دایە با کە تیرەکە بباتە کەناری ڕووباری جەیحوون بیخاتە سەر بنجی دارە گوێزێک، ئەوسا ئەو شوێنەیان کردە سنووری ئێران و تووران. دەڵێن هەر کە ئارەش تیرەکەی هاوێشت، گیانی سپاردە گیان ئافەرین و کەوتە زەوی و، جەژنی تیریگان لەم کاتەوە هاتە دی.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤– یسنا – تفسیر وتالیف: پورداود – تهران ١٣٥٤.



## پیر سلێمانی ئەردەڵانی

٧٦٢ – ٦٧٦

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٧٦ی کۆچیدا لە دێی حەسەن ئاوای کورستاندا لەدایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمان و قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە و ئەوسا بەفەقێیەتی گەلێ شوێن گەڕاوە و پاشان ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەلای هەندێ لە مامۆستاکانی ئەو دەمە فەرموودەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و ڕێبازی شافعیی خوێندووە و لە پاشا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنی خەڵک بووە و لەپاش ماوەیەک چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە هەورامان و گۆشەگیر بووە و کەمتر لەگەڵ خەڵکدا دواوە، دەڵێن کە چەند ساڵێکی بەم چەشنە ڕابواردووە و پاشان خەریکی وانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر سلێمانی ئەردەڵانی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سوڵتان ئیسحاقە، کە بەدەستووری ئەو بۆ ڕێنوێنیی خەڵک ڕۆیشتووەتە هەورامان و گەلێ لایەنگری پەیدا کردووە. لە ساڵی ٧٦٢ی کۆچی لە تەپەسوودا کۆچی دوایی کردووە، وەکو دەڵێ:

وە سەنەی هەفت سەد چەنی شەست و دوو     سلێمان لوا وە کۆی تەپەسوو

واتە لە ساڵی حەوت سەد و شەست و دووی کۆچیدا سلێمان بەرەو کێوی تەپەسوو یا جیهانی نادیار کەوتە ڕێ و لە دنیا دەرچوو.

لە پیر سلێمانەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە گەلێ شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

١

وست وە بەحر و بەر، وست وە بەحر و بەر     بارگەی شام لوان وست وە بەحر و بەر
پەی ڕەواج دین سوڵتان سەفدەر     ئەووەڵ نەریمان ئاوەرد وە نەزەر
هەفتا و دوو پیر شام ئاوەرد ئەو وەر     پەرێ دەلیلی مێردان وە خەوەر
بنگەی یاریش بەست شام نە ڕووی مەزهەر

واتە: بارگەی شام لە دەریا و وشکیدا دابەزی، سان سەهاک بۆ پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی خواناسی، سەرەتا نەریمانی لەبەرچاو گرت و ئەوی هەڵبژارد و، حەفتا و دوو پیری بۆ ڕێنوێنیی خەڵک دانا و ڕێ و ڕچەی یاری لە ڕووی چاکە و پاکییەوە داهێنا.

٢

نه ئەو کۆی ناهید، نه ئەو کۆی ناهید        بارگەی شام وستەن نه ئەو کۆی ناهید
شام وێش داراب بێ سەرچەشمەی ئومید        جه رووش مەوارا پرشنگ خوەرشید
شار داراب کورد ئەو کەردش پەدید        چەنی گومڕاهان ستێزا نه زید
خواجام وه ڕەنگ کارخانەی تەوحید        وراستش شار و کۆ و دەشت و بید

واته: بارەگای شام له کۆی ناهێدا دابەزی، داراب شا سەرچاوەی هیوا و هومێد بوو و، له ڕوومەتی تیشک دەباری. ئەو شاری داراب کوردی دروست کرد و لەگەڵ گومڕێیان و پیاوانی خراپدا شەڕی کرد و خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی بانگ کرد و شار و کێو و دەشتی وەکو بەهەشت ڕازاندەوە.

ناهید بەپێی ئاڤێستا فریشتەی ئاوه و، ئەم مەبەستەش دیاردییه بۆ پادشایەتیی دارابی کوڕی بەهمەن که بەپێی شانامە، دایکی بۆ ئەوه ئەو بخاته سەر تەخت، ئەوی لەگەڵ چەند گەوهەری باییدار نایه ناو سەندووقێک و خستیه ناو ئاوی ڕووبار. ئاو سەندووقەکەی برد و گازرێک سەندووقەکەی دی و گرتییەوه و بردییه ماڵەوه و ڕوانی که منداڵێکی ساوایه و ناوی نا دارا و یا داراب. داراب کەم کەم گەوره بوو و، فێری سواری و ڕمبازی و جلیتان بوو، بەڵام دایک و باوکەکەی خۆش نەدەویست، ئەسپێک و چەکێکی کڕی و چووه خزمەتی مەرزەوان و لەناکاو ڕۆمییەکان هاتن و مەرزەوانەکەیان کوشت و شەڕیان دەست پێ کرد. هومای دایکی داراب، یەکێ له سەردارەکانی بەناوی ڕەشنواد لەگەڵ لەشکرێکدا نارده شەڕی ڕۆمییەکان و داراب لەو شەڕەدا زیرەکی و لێهاتوویی خۆی نواند و ڕەشنواد خۆشی لێ هات و کاتێ بۆی دەرکەوت که ئەو شازادەیه، دارابی نارده لای هومای دایکی و دایکی کاتێ ئەوی دی داوای لێبووردنی لێ کرد و پیاوه گەورەکانی وڵاتی کۆکردەوه و ئەوی نایه سەر تەختی پادشایەتی.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– بارگه بارگه (دەستنووس).

٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

٤– فرهنگ نامهای اوستا تالیف: هاشم رضی – تهران ١٣٤٦.



## پیر موسا میانەیی

٦٨١ – ٧٧٢

ئەم هۆنەرەمان که له سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوه، بەپێی یادداشتی قرندی له ساڵی ٦٨١ی کۆچی له دێی میانەی مایدەشتدا پێی ناوەته مەیدانی ژیانەوه. عەلائەدینی باوکی له زانایانی ئەو سەردەمه بوو و، کوڕەکەی خۆی فێری ڕێزمان و وێژەی عەرەبی کرد و پاشان بەفەقێیەتی چووه کەنگاوەر له نوورەدینی کەنگاوەرییەوه گەلێ له فەرمایشتەکانی پێغەمبەری بیست و ئەوسا لەلای چەند زانایەکی تر خەریکی خوێندنی فقهی شافعی و لێکدانەوەی قورئان بوو تا ودمی مەلایەتیی وەرگرت و لەوێوه ڕۆیشته دێی شێخان و لەلای سوڵتان ئیسحاقدا ماوەیێک مایەوه تا خەرقەی لێ وەرگرت. ئەوسا بەفەرمانی سوڵتان بۆ پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی یاری چەند جارێک چووه قرمایسین و بەغدا و کەرکووک و پاشان گەڕاوەته زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک بردووەته سەر تا له ساڵی ٧٧٢ له تەمەنی نەوەد و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووه.

له پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووه که پیر مووسا میانەیی له حەفتا و دوو پیر و له یارانی سان سەهاکه که بەدەستووری ئەو بۆ پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی خواناسی گەلێ له شارەکانی ئێران گەڕاوه و سەرئەنجام گەڕاوەتەوه زێد و مەڵبەندەکەی خۆی تا له ساڵی ٧٧٢ی کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووه. له پیر مووساوه هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوه که زۆر بەرز و شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی که دەڵێ:

کابەی موقەددەم، کابەی موقەددەم        بارگەی شام وستەن کابەی موقەددەم
یوورت موستەفام شا فەزلی نەودەم        نیاش مەعریفەت پەی گردین عالەم
حەج ئەکبەرەن هەر که دیش وه چەم        یاران وه کەچ شەرت گێژ ناران وه هەم

واته: بارگای خوای تاق و تەنیا له کەعبەدا دابەزی پاشان شا فەزل سەری هەڵدا و ئەو پایەی زانیاری بۆ جیهانییان داهێنا و، هەر کەسێک که ئەوی چاو پێ کەوت، حەجی گەورەی ئەنجام داوه. ئەی یاران لەگەڵ پەیمان شکێنادا هەرگیز رەفتار مەکەن.

شا فەزل یەکێ له خواناسانی هەره گەورەی سەدەی سێیەمی کۆچییه و، وەکو دەڵێن خەڵکی هیندستان بووه.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– بارگه بارگه (دەستنووس).

٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

# پیر عیسا بساکانی

٧٤١ – ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە ماهولبەسرە یا نەهاوەنددا لە دایک بووە و لە سەردەمی منداڵیدا سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێ کردووە، ئەوسا چووەتە فەقێیەتی و خەریکی خوێندنی فقهی شافعی بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری خەریکی خوێندنی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز بووە و لە مەلا نەسوور و مەلا غەفووری شارەزووری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی بیستووە و ودمی مەلایەتیی لێیان وەرگرتووە و ئەوسا بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٤١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)شدا هاتووە کە پیر عیسا بساکانی یەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاکە و لە بنەڕەتا خەڵکی هەورامان بووە، بەڵام خۆی لە ماهولبەسرەدا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا مردووە. لە پیر عیسایەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو مێرد ئەمین، ئەو مێرد ئەمین          بارگەی شام وستەن ئەو مێرد ئەمین
بناشان بەستەن یاران وە ئامین          مێردان وە کەلام باوەران یەقین
عدلیش دی وە حەق ذات بنیامین

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە ماڵی ئەو پیاوە دروستکارەدا دابەزی. یارەکان بڕیاریان داوە کە لە ژیاندا کڕنۆش بۆ خوا بەرن و لە ئەو بپاڕێنەوە. پیاوانی خوا دەبێ بەنیشانەکانی خوا بڕوایان هەبێ، جبرەئیل، عەلی بەهەق ناسی. پیاوی دروستکار بریتییە لە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، دروودی خوای لەسەر بێ کە بەپێی هەندێ بەڵگەی ئاینی جبرەئیل بەچەشنی جۆربەجۆر لە ماڵی ئەودا دەردەکەوت، هەندێکیش دەڵێن پێغەمبەر هەر دەنگی ئەوی دەبیست، بەڵام ئەوی نەدەبینی و، ئەمین و دروستکار بەپێی زاراوی سۆفییەکان بەکەسێک دەڵێن کە لە ڕازەکانی خوایی ئاگەدار بێ.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).



# پیر ئەحمەدی بەرساهی

٧٥٣ – ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزوورا لەدایک بووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا چووە قوتابخانە و خەریکی خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبی بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامی بووە و ئەوسا کەوتووەتە گەڕان و ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەلای زانایانی ئەو شارەی خوێندنی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە شارەزوور و لەوێدا خەریکی وانەوتنەوە بووە و لە پاشا چووەتە شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا ودمی پیریی لێی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر ئەحمەدی بەرساهی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لەم پیرەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماوەتەوە کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی کە دەڵێ:

ئەو نیشابووری، ئەو نیشابووری          بارگەی شام وستەن ئەو نیشابووری
یاران نەکەران یاری وە زووری          خاسە غولامان ڕژیا جە نووری
ڕژیان جە نووری غولامان سەبووح          شام وست وە بارگەی پا کەشتی فوتووح
بروورزدا تۆفان وست وە یوورت نووح          شی وە یوورت نووح خواجای شەم ئەفرۆز
چەنی هەفت دەروێش غولام پاک هۆز          سازان پەی تۆفان کەشتی ێی بەسۆز
کەنعان، بنیامین ها پیر دڵدۆز          سەعدان، پیر مووسا نوختەی حەق ئامۆز
قەتران، موستەفا سەرکەش نوقرەپۆز          قەمام، زەردەبام قەباڵەی ڕمۆز
سەهام ئێوەت بێ ڕەنگ نەقش رۆز

واتە: بارگەی شام لە نیشابووردا دابەزی، ئەی یاران ڕی و ڕچەی خواناسی بەزۆر مەسەپێننە خەڵک، ئەو خولامانەی کە لە ڕێی خواوە دەڕۆن، بەتیشکی خوا ئاوێتە بوون. خوا بارەگای خۆی لەناو کەشتییەکەی نووحدا دابەزاند و ئەوسا لەبەرئەوەی بتپەرستەکان دەستیان لە بتپەرستی و ناخوایی هەڵنەگرت، خوا تۆفانێکی هەڵساند و، نۆح لەگەڵ لایەنگرانیدا نیشتە ناو کەشتییەکە و لە تۆفانەکە ڕزگاریان بوو، بتپەرستەکانیش خنکان.

بەپێی قورئانی پیرۆز، کاتێ کە خوای مەزن نوحی بەپێغەمبەریەتی هەڵبژارد، لەپاش ماوەیەکی تەلاش و تێکۆشان، حەفتا کەس بڕوایان پێ هێنا، ئەوسا خوا فەرمانی پێ دا کە نەمامی ساج بنێژێ و کاتێ نەمامەکە گەورە بوو، لە دارەکەی کەشتیەکی گەورەی دروست کرد. دەڵێن کە ئەم کەشتییە سێ نهۆم بوو، یەکێکی بۆ وڵسات و یەکێکی بۆ بنیادەم و یەکێکی بۆ پەلەوەران. خوا تۆفانێکی نارد و نوح لەگەڵ لایەنگرانیا نیشتە ناو کەشتییەکە و لەپاش تەواوبوونی تۆفانەکە، کەشتییەکەی لەسەر کێوی جوودی کە لە کوردستانی تورکیەدایە نیشتەوە و لەوێدا ژیانیان بردە سەر.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر قابیلی سەمەرقەندی

٠٠٠ – ٧٥٦

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمی کۆچی لە سەمەرقەندا لە دایک بووە و، وەکو دەڵێن باوکی یەکێ لە خاوەن زەویوزارەکانی ئەو شارە بووە و هەر لەبەرئەوە قابیل سەرەتا لە قوتابخانە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی و ئەوسا کەوتووەتە گەڕان و لەهەر کوێدا مەلایەکی بینیوە، لەلای وانە و دەرزی خوێندووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێوە چووەتە شێخان لە لای سان سەهاک ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٦ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە: کە پیر قابیلی سەمەرقەندی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. شوێنی لەدایکبوون و مردنی شاری سەمەرقەندە، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیێکی زۆر لە کوردستاندا ماوەتەوە، زۆربەی هۆنراوەکانی بەکوردی هۆنیوەتەوە و لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەیە:



ئەو یانەی هۆشەنگ، ئەو یانەی هۆشەنگ     بارگەی شام لوا ئەو یانەی هۆشەنگ
شام وێش هۆشەنگ بێ، دارای فەڕ و هەنگ     ئاهر زەردەبام ئەو مەدا پەرەنگ
داوود ئەو مار بێ، شام ئاوەرد وە تەنگ     دوودش بەرام جە دلێ ئەو سەنگ
وە فەرمان شام مێردان یەکڕەنگ     پەی شادیی دەروون دان نەدەف و چەنگ
مەولام ڕەنگبازەن ئەو دارۆ سەد ڕەنگ     ڕەنگش مەوەرۆ نە زێڵ کین و ژەنگ

واتە: بارگای شام لە ماڵی هۆشەنگ شادا دابەزی، شام لە چاوی بڕۆنی وەکو هۆشەنگ شای بەفەڕ بوو، ئاگرێک کە لە نێوان دوو بەردا داگیرسا، بریتی بوو لە تیشکی ڕوومەتی بابە یادگار، مارێک کە شامی بەتەنگ هێنابوو، بریتی بوو لە داوود، کە دووکەڵی دەروونی لە نێوان ئەو بەردانەدا هەڵسا و بووە هۆی پەیدابوونی ئاگر. بەفەرمانی شام هەمووی پیاوانی هاوڕاز و هاوڕەنگ، دەستیان کردە هەڵپەڕکێ و شایی و دەف و ساز و چەنگ لێدان. مەولام ڕەنگرێژە و لە کارگەی ئەودا ڕەنگی زۆر دەست دەکەوێ و، ئەم ڕەنگانە قین و ڕقی دەروون پاک و خاوێن دەکەنەوە.

بەپێی شانامە، هۆشەنگ شا ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا دەڕواتە کەژ و کێو و کوتوپڕ لە دوورەوە مارێکی ڕەش و گەورە دەبینێ و ئەویش ڕوو دەکاتە هاوڕێیەکانی پێیان دەڵێ: هەموو جڕوجانەوەرێک لەژێر فەرمانی ئێمە دایە، هەر ئەم جانەوەرە نەبێ کە دوژمنی مەیە و ئەوسا بەردێک لە زەوی هەڵدەگرێ و بۆ مارەکەی دەخا و بەردەکە دەدا لە بەردێکی تر و پریسکەی ئاگری لێ دەبێتەوە و گژوگیای دەوروبەری بەردەکان ئاگر دەگرێ و مارەکە دەسووتێنێ و بەم چەشنە هۆشەنگ شا بۆ یەکەمین جار ئاگر دەدۆزێتەوە و پاشان هۆشەنگ شا ستایش و سپاسی خوا دەکا و ئەوسا بەفەرمانی ئەو، هەموو خەڵک ئاگر دەکەنەوە و جەژنێکی گەورە پێک دێن و هەموو دەست دەکەنە شایی و هەڵپەڕکێ و ئەو جەژنە ناو دەنێن جەژنی سەدە، ئیتر خەڵک لەپاش ئەو ڕووداوە فێری ئاگر هەڵکردنەوە دەبن و لە ئاگر کەڵک وەردەگرن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- شانامەی فیردەوسی.

# پیر ماملی مایدەشتی

٧٦٥ – ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە مایدەشتی کرماشاندا لەدایک بووە. لە سەردەمی منداڵیدا لەلای شەمسەدینی مایدەشتی خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەگەلێ شوێندا گەڕاوە و گەلێ حەزی لە پیتۆڵی و ئاینە کۆنەکان کردووە و زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی ئەو چەشنە پەڕاوانە خەریک کردووە پاشان خوێندنەکەی تەواو کردووە و ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و چەند ساڵێک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە پیر ماملی مایدەشتی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە مایدەشتدا مردووە و نێژراوە. لە پیر مامڵەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە زۆربەی ئەو هۆنراوانە لە بارەی ڕێ و ڕچەی خواناسین. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان:

نە ئەو مەڕەنوێ، نە ئەو مەڕەنوی        بارگەی شام وستەن نە ئەو مەڕە نوی

پادشام یۆیۆن، بنیامینەن دوی        پیر مووسا وەزیر، داوود هام لوی

هیجووی دیوان جە تان و جە پۆی

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لە ئەشکەوتی نوێدا دابەزی. پادشای هەر دوو جیهان بێ گومان یەکێکە و پیر بنیامین بەندەی تایبەتی ئەوە. پیر مووسی و پیر داوودیش هاوپەیمان و هاوبەڵێن و، بۆ مەحکەم کردنی دیوانی ڕۆژی دوایی ئەوان وەکو تان و پۆن.

ئەشکەوتی نوێ کە کەوتووەتە نێوان سنووری ئێران و عێراقەوە، لە کێو شندر دایە. لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کاتێ سان سەهاک لە بەرزنجەوە باری کردە شێخان، چەند سوارێک لە دوژمنەکانی کە لە عێلی چیچەک بوون کەوتنە شوێنی و ویستیان بیکوژن، سوڵتان لە ڕێدا گەیشتە کێوێک بەناوی شندر کە لەپاڵ کێوەکەدا ئەشکەوتێ هەبوو کە کەس تا ئەو کاتە ئاگای لێ نەبوو، ئەوەبوو کە سوڵتان و هاوەڵەکانی سێ شەو و ڕۆژ لەناو ئەو ئەشکەوتەدا خۆیان حەشاردا، ڕۆژی چوارەم لە خواییەوە هەوا گۆڕا و بووە



گێژەڵووکە و پاشان بایەکی زۆر توند هەڵی کرد و تەواوی دوژمنەکانی سان سەهاکی لەناو برد. لە پاشا سان سەهاک فەرمانی دا کە هەر کەسێک خۆی بەیاری و کاکەیی بزانێ، دەبێ هەموو ساڵێک سێ ڕۆژ ڕۆژوو بەیادی ئەو سێ ڕۆژە بگرێ.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).

٢– بارگە بارگە (دەستنووس).

٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).

# پیر شالیاری سێیەم

٧٦٨ – ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە هەورامـاندا لەدایک بووە. هەر لە سەردەمی منداڵی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی بەزۆربەی مەڵبەندەکانی هەوامـاندا گەڕاوە و پاشان زۆر حەزی لە پیتۆڵی و فەلسەفە کردووە و بەجۆرێ کە دەڵێن لە تافی جوانیدا زۆربەی کاتی خۆی لە بارگەکەی باپیریا بەنوێژ و پاڕانەوە دەبردە سەر و چاوەڕوانی کەسێک بوو کە دەستی بگرێ و ڕێنوێنیی بکا و، هەر لەم کاتەدا بوو کە ناوبانگی سان سەهاکی بیست و ئەوسا بەرەو شێخان کەوتە ڕێ و لەپاش چەند ساڵێک خەرقەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردە سەر تا لە ساڵی ٧٦٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد و لە تەنیشت گڵکۆی باپیریەوە نێژرا.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر شالیاری سێیەم، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە نەوەکانی پیر شالیاری یەکەم و لە یارانی تایبەتی سان سەهاکە کە لە ساڵی ٧٦٨ی کۆچی لە هەورامـاندا کۆچی دوایی کردووە. گەلێ هۆنراوی لە سەرئەنجامدا بەیادگار ماوەتەوە.

ئەمەش دووبەیتییەکی پیرشالیارە کە دەڵێ:

ئەو ئاهرخانە، ئەو ئاهرخانە        بارگەی شام وستەن ئەو ئاهرخانە

زەردەشت کیاست پەرێ فەرمانە        بەرگوزیدەش کەر دنە ڕووی زەمانە

واتە: لە ئاورگادا، بارگای خوام لە ئاگرگادا دانرا، ئەو زەردەشتی بۆ فەرمانی خۆی هەنارد، وە لە ڕووی زەمانە هەڵی بژارد.

زەردەشت بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی لە هۆز و ترۆمی ماد بووە پەڕاوەکەی کە ناوی ئاڤێستایە بەزمانی مادی نووسیوی و سەرەتا وێشتاسپی کەیانی هاتووەتە سەر ئاینەکەی و پاشان خەڵک ئاینەکەی وەردەگرن و سەرئەنجام زەردەشت لە هێرشێکدا بەدەستی تۆرانیەک دەکوژرێ. بەڵام ئاینەکەی لەناو خەڵکدا دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر سادقی مازندەرانی

٧٧٩ - ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە مازندەراندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و لەلای عەبدولکەریمی مازندەرانی کە یەکێ لە زانایانی ئەو دەورە بووە قورئانی پیرۆز و هەندێ لە پەڕاوە وردەڵەکانی فارسیی خوێندووە، پاشان بەقەقێیەتی چووەتە نیشابوور و خەریکی خوێندنی فقهی شافعی بووە و لەوێوە هاتووەتە شارەزوور و خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشان چووەتە هەورامان و ماوەیەک لەوێدا خەریکی وانەوتنەوە بووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و هەر لەو دێیە ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٩ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە پیر سادقی مازەندەرانی کە خەڵکی مازندەرانە، لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە مازەندەراندا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و لە تافی جوانی و لاویەتیدا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەپاش ماوەیەک خەرقەی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٩ی کۆچیدا هەر لەو دێیە کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

پیر سادق لەبەرئەوەی ماوەیێکی دوورودرێژ لەناو کوردەواریدا بووە، زمانی کوردی زۆر چاک زانیوە و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و



ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

ئەو پشت پەردە، ئەو پشت پەردە | بارگەی شام وستەن ئەو پشت پەردە
دەست چەنی ڕەسووڵ نیعمەتش وەردە | ها مێردان نە سرِ شا ئیجاد کەردە
نە ژێر ساجنار سەرشان سپەردە | وە قەوڵ ڕاستی شەرتشان بەردە
ئێوەت پەی جفتش شا وێش ئاوەردە | جە شوون مەولام پا زیندە و مەردە
تا کە سێ سەد ساڵ حوکمی پەروەردە

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە پشتی پەردەی نهێنییەوە دابەزی، دەستێک لە پێوارەوە لەگەڵ پێغەمبەری گەورەی ئیسلامدا دروودی خوای لەسەر بێ، نانی خوارد و، خوا، پیاوانی لە جیهانی نادیاردا بەدی هێنا، ئەوان لەژێر هەتاوا سەری خۆیانیان سپارد و، پەیمانی بەرینیان لەگەڵ خوادا بەست کە لە جیهاندا بەچاکە و دروستی رەفتار بکەن هەر لەو ڕۆژەدا ئێوەتی کردە جێنشینی خۆی و فەرمانی ئەو دەبێ بەڕێوەببرێ و، لە پردیوەریشدا تا سێسەد ساڵ ئەم فەرمانە بەڕێوە برا.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

٤- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر تەیمووری هەورامانی

٧٨٢ - ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە هەوراماندا لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەڕاوە و لەلای زانایانی ئەو سەردەمە فێری لێکدانەوەی قورئان بووە و پاشان فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی بیستووە و ئەوسا چووەتە بەغدا و خوێندنەکەی لەوێدا تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەپاش ماوەیەک ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و چەند ساڵێک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە خەرقەی وەرگرتووە و لەوێوە بەرەو شاری مووسڵ کەوتووەتە ڕێ و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٨٢ی کۆچیداماڵئاوایی لە جیهان کردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە پیر تەیمووری هەورامانی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر  یارانی تایبەتی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، شوێنی لەدایکبوون و مردنی هەورامانە. ئەم پیرە لەبەرئەوەی هەر لە منداڵییەوە خووی دابووە سەر هۆنراو و وێژە، لە پاشا گەلێ هۆنراوی دڵگر و شیرینی هۆنیوەتەوە کە هەندێکی بەیادگار ماوەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

ئەو شارەزووری، ئەو شارەزووری — بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری
مێردان جەم بوان گرد وە رووسووری — بگندی وە شوون پیر وە سەبووری
ها هەفتەوانەن شەمع و قەندووری — سکەی قەدیمەن والآ مەندووری

واتە: بارەگای شام لە شارەزووردا دابەزی. ئەی یاران! هەمووتان بەڕووسووری و خۆشییەوە کۆبنەوە و، بکەونە شوێن پیر. ئەوا حەوتەوانە وەکو شەم ڕووناکن و وەکو دراوی کۆن برەویان هەیە.

شارەزوور کە دیاردی پێ کراوە، بنکەی حەسنەوییەکان بوو کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد و لەساڵی ٦١٣دا بوومەلەرزەیەکی توند شارەکەی شەکاندەوە و گەلێ لە خەڵکەکەی کوژرا و گەلێکیش لە خانووەکان وێران بوو و، لە کاتی هێرشی هۆلاکۆشدا زۆربەی خەڵکەکەی باریان کردە شارەکانی بەغدا و میسر و شام و، ئەمیر تەیمووری گورەکانیش لە ساڵی ٨٠٣ی کۆچیدا ئەو شارەی ئاگر دا و ئیتر شارەکە بەجارێ لەناوچوو.

سەرچاوەکان:
١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– یادداشتی قرندی (دەستنووس).



## پیر ئیسماعیلی کۆڵانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە دێی کۆڵاندا لەدایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵی لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەزۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و لە پاشا چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە: کە پیر ئیسماعیلی کۆڵانی کە خەڵکی کۆڵانە، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و هەر لە دێی کۆڵانیشدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕتووکی بارگە بارگەدا نووسراوە: کە پیر ئیسماعیلی خەڵکی کۆڵانە و یەکێ لە حەفتا و دوو پیرە و گەلێ هۆنراویشی لە شوێن بەجێ ماون.

لە پیر ئیسماعیلەوە گەلێ هۆنراو سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسی ماوەتەوە کە گەلێ شیرین و دڵگر و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

ئەو بەگتاشیان، ئەو بەگتاشیان — بارگەی شام وستەن ئەو بەگتاشیان
نە پردیوەردا شام وستەن سرخان — نە حاجی بەگتاش برووزدا نیشان
نیاش تەریقەت عیلمش کەرد بەیان — هەفتەنان چەوگا یوورتشان زیان

واتە: بارەگای شام لەناو بەگتاشییەکاندا هەڵدرا. شام لە پردیوەردا پێوار بوو و، لە قاڵبی حاجی بەگتاشدا خۆی نواند و، ڕێ و ڕچەی بەگتاشییەی پێک هێنا و زانستی خۆی دەرخست و لەو سەردەمەدا هەفتەن لە قاڵب و لەشی پیاوانی حاجی بەگتاشدا خۆیان نواند.

حاجی بەگتاش کە ناوی وەلییە، کوڕی سەی ئیبراهیمی نیشابوورییە و لە ساڵی ٦٠٥ی کۆچیدا لەدایک بووە و لە ساڵی ٧٤٠دا کۆچی دوایی کردووە. ئەو ڕێ و ڕەوشتی (بەگتاش)ی بەدی هێنا و ئەوەندەی نەخایاند کە ئەم ڕێ و ڕچە لە ئەنەدۆڵی خۆرئاوایی لە نێوانی لەشکرەکانی ڕۆمدا پەرەی سەند و بەهۆی عوسمانییەکانیش تا دوورگەی بالکان و توونا و ئالبانی برەوی پەیدا کرد، پاشان گەلێ خانەقا لەو وڵاتانەدا بەهۆی پەیڕەوانی ئەم

ڕێ و ڕچەوە دروست کرا و، لە سەدەی دەهەمی کۆچیدا لەناو (یەنی چەری)یەکاندا بووە ئایینێکی میری.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

## پیر حەمزەی بیری شایی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ئاخروئۆخری سەدەی هەشتەم لە دەوروبەری کێوی شاهۆدا لەدایک بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمانی عەرەبی و هەندێ لە پەڕاوە وردەڵەکانی خوێندووە و پاشان بەفەقێیەتی گەڕاوە ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و چەند ساڵێک سان سەهاک داماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە لە پاشا چووەتە هەورامان و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە: پیر حەمزەی بیری شایی کە لە هۆزی گۆرانە، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و زۆربەی ژیانی لە هەوراماندا بەڕێنوێنیی خەڵک و وانەوتنەوە بردووەتە سەر و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کردووە. لە پیر حەمزەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر جوان و شیرین. ئەمەش چەند هۆنراوێکی کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو کۆی ئەورامان، ئەو کۆی ئەورامان | بارگـــای شام وستەن ئەوکۆی ئەورامان |
| زات و خـــــالقی خـــوانی غولامان | سێ سەد ساڵ سرِ بێ کەس پێش نەزانان |
| مێردان گرد بەسۆز پەرێش مەگێلان | وە عەشق خواجە شان ئاوەرد وە مەیلان |

واتە: بارگەی شام لە هەوراماندا دابەزی. خوای مەزن بۆ خەڵک تویشوو و هیوای بەندەکانە. شام سێ سەد ساڵ لە نهێنیدا ژیا و کەسێک پێی نەزانی، ئەوسا یاران هەموویان بێ ئارام بوون و بەشوێنیدا گەڕان تا پەیدایان کرد.



سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر حوسێنی ئەستەمووڵی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە ئەستەمبووڵدا لەدایک بووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە شارەزوور و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک چەند ساڵێک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا بۆ پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی خواناسی بەزۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستاندا گەڕاوە و پاشان گەڕاوەتەوە شێخان و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر حوسێنی ئەستەمووڵی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە دێی شێخاندا بەخاک سپێرراوە. پیر حوسێن لەبەرئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ لە کوردستاندا ژیاوە، چاک کوردیی زانیوە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنیوەتەوە کە زۆر بەرز و جوان و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەوکۆی کەلامان، ئەو کۆی کەلامان | بارگەی شام وستەن ئەوکۆی کەلامان |
| کەلام مەدۆ ئەو درەخت غـــولامان | شام سوڵتان سەهاک نە کۆی سرِ ئامان |
| مووسای کەلیمش چرِی نە دامان | سۆچیای یەهوودی ناپوختە خامان |

واتە: بارەگای خوای تاق و تەنیا لەناو قسەکاندا دابەزی. قسە وەکو دارێکە و خوڵامەکان چڵی ئەو دارەن. خوام لە کێوی نهێنیدا دیاریی دا و مووسای لە داوێنی کێوی توور بانگ کرد و گەرچی مووسا خۆی سووتان، بەڵام جوولەکەکان تێ نەگەیشتن و هەروا بەنەفامی مانەوە. لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر ڕووداوی مووسا کە بەپێی قورئانی پیرۆز، مووسا لەپاش ئەوەی لەگەڵ فیرعەوندا کەوتە بەربەرەکانێ و لە پاشا لەگەڵ جوولەکەکاندا لە ئاوی دەریاوە تێ پەڕی، ڕێی وڵاتی کەنعانی گرتەبەر و ئەوسا لەوێدا مانەوە و خۆراکی ئەوان گەزۆ و شێلاقە بوو و، هەر کاتێ تینوویان بووایە، مووسا گاڵۆکەکەی دەدایە سەر

ئەرزا و ئاوی لێ دەهاتە دەرەوە، جوولەکەکان هەموو دەم بەهانەیان دەگرت و سیر و نیسک و پیاز و کەوەریان لە مووسا دەویست و ناسپاسییان دەکرد. پاشان مووسا ڕۆیشتە کێوی توور و لەگەڵ خوادا قسەی کرد و دە فەرمانی لێی وەرگرت و گەڕایەوە ناو جوولەکەکان، بەڵام لە نەبوونی ئەوا جوولەکەکان ڕێیان لێ ون بووبوو و، مووسا ڕوانیی کە گەلەکەی گومڕێ بووە. جوولەکەکان داوایان لە مووسا کرد کە خوایان پێ پیشان بدا تا بڕوای پێ بهێنن، ئەوسا لەگەڵ هەندێ لە یارانیدا چووە داوێنی کێوی توور و داوای لە خوا کرد کە خۆی پێیان پیشان بدا کە لە پڕ بووە هەورەتریشقە و هەموو لە هۆش خۆیان چوون. مووسا دیسانەوە داوای لە خوا کرد کە خۆی پێ پیشان بدا، خوا فەرمووی: «لَنْ تَرانیْ» واتە: ناتوانی بمبینی، بەڵام مووسا پێی داگرت و ئەوسا خوا فەرمووی: بڕوانە کێوەکە و لە پڕ هەورە برووسکەیەک دای لە کێوەکە و بەشێ لە کێوەکە سووتا و مووساش لە هۆش خۆی چوو کاتێ هاتەوە سەر خۆی تۆبەی کرد و خوا پێی فەرموو: تۆم هەڵبژارد کە خەڵک ڕێنوێنی بکەی و ئایەتەکانی ئێمە بگەیەنیتە ئەوان و ئەوان بۆ خواپەرستی بانگ بکەی.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤- اعلام قرأن. تالیف دکتر محمد خزائلی - تهران ١٣٤١.

## پیر فەیرۆزی هیندی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی، یەکێکە لە پیرانی زانا و تێگەیشتووە و، ئیتر ئاگاییەکمان لە چۆنییەتیی ژیانییەوە نییە. ئەوەندە هەیە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و یەکێکە لە یارانی سان سەهاک و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی لێ بەجێ ماوە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراون.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر فەیرۆزی هیندی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە بنەڕەتا خەڵکی هیندوستان بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانیشی هەر لەو دێیەدا بردووەتە سەر تا لەوێدا کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە:



١

| | |
|---|---|
| ئەو شار میلات، ئەو شار میـــــلات | بارگەی شام وستەن ئەو شار میلات |
| شام ئەسکەندەر بێ کیدەش کەرد وە یات | ئاوش وەرد نەجام چوارتەن وە نیشات |
| دومای ئەو یـــــاوا وە ئاو حــەیات | نەشکەنا یاسای یاری تا مــەمات |

واتە: بارەگای شام لە شاری میلاددا دابەزی. شام ئەسکەندەر، کیدی هیندی خستەوە بیر و بەشایی و خۆشییەوە پیاڵەیەک ئاوی لە جام و پیاڵەی سەرسووڕمانی ئەو خواردەوە. بەم چەشنە ئاوی ژیانی کەوتە دەست و تا گیانەڵا ڕێوڕەوشتی دینداریی لەدەست نەدا.

بەپێی شانامە، ئەسکەندەری کوڕی دارا و لەپاش ئەوەی نیشتە سەرتەخت، لەشکری کێشایە هیندستان و یەکێ لە شارەکانی ئەو وڵاتەی بەناوی میلاد داگیر کرد. ئەسکەندەر لەوێدا نامەیەکی بۆ کیدی هیندی نووسی و داوای لێ کرد کە خۆی بداتە دەستەوە. کید کاتێ نامەکەی ئەسکەندەری پێ گەیشت زۆر پەشۆکا، شەو خەوێکی دی و بەیانی خەوەکەی بۆ خەولێکدەران گێڕایەوە. مێهران کە یەکێ لە خەولێکدەرەکان بوو بەکیدی وت: ئەگەر ئابڕووی خۆتت ئەوێ لەگەڵ ئەسکەندەرا شەڕ مەکە، چونکە تێک ئەشکیی. تۆ خاوەنی چوار شتی کە لە جیهاندا بێ وێنەن و، ئەگەر ئەو چوار شتە بدەیتە ئەسکەندەر کارێکی بەتۆوە نییە. کید نامەیەکی بۆ ئەسکەندەر نووسی و پێی وت: من چوار شتم هەیە و پێت دەدەم. یەکەم کچێکم هەیە کە لە جوانی و شۆخی و شەنگیدا بێ وێنەیە، دووەم پیاڵەیەکم هەیە کە ئەگەر ئاوی تێ کەی، هەرچێکی لێ بخۆیتەوە شتێکی لێ کەم نابێتەوە. سێیەم بژیشکێکی زانایە و چوارەم پیتۆڵێکی فرەزانە کە شتی نهێنی بەچاوی دڵ دەبینێ و ئەوەی کە ڕوو بدا دەیلێ: پاشان ئەسکەندەر ئەو چوار شتەی لە کید ویست و کیدیش ئەوانەی بۆ نارد و ئەسکەندەر کچەکەی کیدی بەپێی ئاینی فەلە مارەبڕی و بووە زاوای کید و ئەوسا خەڵاتێکی زۆری بۆ خەزوورەکەی نارد و، لە پیاڵە و بژیشک و پیتۆڵەکە زۆر کەڵکی وەرگرت و سپاسی خوایشی بەجێ هێنا.

٢

| | |
|---|---|
| ئەو دلێ ســـپەند، ئەو دلێ ســــــپەند | بارگەی شام وستەن ئەو دلێ سپەند |
| وە فەرمان شام ساحێب دام و فـــــەند | ڕوستەم سپەندش کەرد وە یانەی دەند |
| نۆزەر شاش نەتەخت شاهی وێش وەرکەند | کەی قوبـــاد کەی ئاوەرد وە ئەروەند |
| چەنی ڕەخش ڕام تێغ وێش مەشـــــەند | ڕیشەی دوشمنش جە ئێران وەرکەند |

ئەفـراسـیـاب و زەمـــــــــندش دا وە زەند          چەنی گـومـڕاهان سـتـێـزا وە ئەند
مەولام ڕەنگبازەن وە بێ چــــوون و چەند          ڕەنگش سۆ مەدۆ چون سۆمای پەڕەند

واتە: شـام بارەگـا و خـێـوەتەکـەی لە سـپـەنددژدا هەڵدایەوە و، بەفـەرمـانی ئەو خـاوەن داووفـەندە، ڕۆسـتـەم قـەڵای سـپـەندی وێران کـرد و کردیە خـانووی دەروێش، نۆزەر شـای لەسـەر تەخت لابرد و کەیقوبادی نایە سـەر تەخت و بەسـواریی ڕەخشـەکەیەوە شـمشـیری ئەوەشـاند و ڕیشـەی دوژمنەکانی ئێرانی لە بنەوە هەڵکەند و ئەفراسـیـاو و زەندی تووڕانی لەناوبرد و لەگـەڵ گـومـڕێیـان و پیـاوخـراپاندا بەربەرەکـانێی دەکـرد. سـەرۆک و ڕێبـەرم ڕەنگڕێژە و ڕەنگەکانی وەکو ئەستێرەی پێروو دڵ و دەروونی بەندەکان روون دەکاتەوە.

بەپێی شانامە، لە کێوی سپەندا قەڵایەکی زۆر مەحکەم هەبووە و، بۆ ئەم قەڵایەش تەنیا ڕێگەیەک هەبوو. لە دەوری فەرەیدووندا نەریمانی کوڕی سام لەو قەڵایەدا لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆ درا و، پتر لە یەکساڵ شەڕی کرد، سەرئەنجام لەسەر شوورەی قەڵاکەوە گاشەبەردێکیان بۆی خست و کوشتیان. سام بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی بسەنێتەوە بەلەشکرێکەوە هێرشێکی بردە سەر دانیشتووانی قەڵاکە، بەڵام بەتێکشکانەوە گەڕایەوە. ئەوسا ڕۆستەم لەگەڵ چەند پاڵەوانێکدا بەناوی کاروانی چەند بار خوێیان بەسواریی چەند وشتر بردە قەڵاکە تا بیفرۆشن، چونکە خوێ لەوێدا کەم بوو، کاتێ گەیشتنە ناو قەڵاکە، بەشەوا تەواوی پاسەوانەکانی قەڵاکەیان کوشت و ئەوسا قەڵاکەیان سووتان و گەڕانەوە سیستان.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).
٤- شاهنامەء فردوسی - باهتمام ژول مول - تهران ١٣٥٣.



# پیر قانوونی شامی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە کوردەکانی شام بووە و هەر لەوێدا لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لەدایک بووە و بەمنداڵیش لەوێدا بووە و لە تافی جوانی و لاویەتیدا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە دێی شێخان و ماوەیەکی زۆر لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە. ئیتر لە چۆنیەتیی ژیانیەوە ئاگەداریەکمان نییە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر قانوونی شامی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی تایبەتی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پیر قانوونەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو ڕاگەی ڕاسـان، ئەو ڕاگەی ڕاسـان          بارگەی شام وستەن ئەو ڕاگەی ڕاسان
جــە بەرەی دیوان گـــردین خـــاســـان          هـا بەیـــان یوورت خـــواجـــا بناســـان
یاران وە کەلام مـایەشان مـاســــــان          یەرێ رۆژ جە عەشـق هەفت قەوەڵتاسـان
ئێ ڕاگەی یاری نەیران وە ئاسان

واتە: بارەگا و خێوەتی خوای تاق و تەنیا لە ڕێی ڕاستان و پیاوچاکان دایە هەمووتان لە کۆڕی پیاوچاکاندا وەرن خوای تاق و تەنیا بناسن. ئەی یاران، بەهۆی خوێندنەوەی (کەلامەوە) هەوێن و مایەی خۆتان بهێننە دەست و سێ ڕۆژ ڕۆژوو بەیادی یارانی حەوت قەوەڵتاس بگرن و ئەم ڕێ و ڕەوشتە بەسووک مەزانن و بایەخی پێ بدەن.

یارانی قەوەڵتاس یایارانی قۆرتاس کە حەوت کەس بوون، بڕیار دەدەن کەسێ ڕۆژ ڕۆژووی مەڕنۆی لە کێوی شندردا بگرن، ئەو دەمەش زستان بووە و داوا دەکەن کە سان سەهاک بێت ئەوان بباتە شێخان، کە کوتوپڕ بەفرێکی زۆر قورس دەبارێ و ڕێگەیان دەگیرێ و سێ شەو و ڕۆژ لەناو بەفرەکەدا دەمێننەوە و سەرئەنجام سوڵتان ئیسحاق دەگاتە فریایان و لەو تەڵەکە رزگاریان دەبێ و بەفەرمانی ئەو هەقەکان هەموو ساڵێک سێ ڕۆژ ڕۆژوو لە چلەی زستاندا دەگرن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر نازدار خاتوونی شیرازی

٧٦٤ - ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شیراز[1]دا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خوێندوویەتی و لە فەلسەفەی وێنانیدا دەستێکی باڵای هەبووە و هەر لە دەوری کچیەتیدا لەگەڵ زانایان و شێخان و پیراندا کۆبووەتەوە و خەریکی نوێژ و ڕۆژوو بووە و پاشان سەرێکی داوە لە شارەزوور و لەوێوە چووەتە دێی شێخان و وازی لە دنیا هێناوە و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی ژنان و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٤ی کۆچی ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و لەوێدا بەخاک سپێرراوە.

لە پەرتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر نازدار خاتوونی شیرازی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لەم ئافرەتە زانایەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر بەرز و جوان و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە پایەبەرزەیە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| یاران یاوەران ڕای حەق ڕاسییەن | پاکی و دروستی و ڕدا و خاسییەن |
| هەر کەس وێش ناسا محەمەد ئاسا | بێ شک ئەو کەسە مەولایچ شناسا |

واتە: ئەی یاران، ئەی هاوەڵان! ڕێگەی خوا ڕاستییە، پاکی و دروستی و بەخشش و

(١) بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی، کوردەکان هەر لە مێژەوە لە شیراز و مەڵبەندەکانی تری فارسدا بوون. ئیبنی بەلخی لە پەڕاوی (فارسنامە)دا دەڵێ: کوردەکانی فارس لە ڕۆژگاری کۆندا پێنج ڕەم بوون و هەر ڕەمێک سەد هەزار پۆل بووە کە دەتوانین لەنا ئەوانەدا: ڕەمی جیلویە و ڕەمی زیوان و ڕەمی لوالجان و ڕەمی کاریان و ڕەمی بازنجان ناو ببەین. سترابۆن مێژوونووسی وێنانی دەڵێ: ئەو هۆزانەی کە نیشتەجێی وڵاتی فارسن بریتین لە: پاتیشخوارییەکان و هەخامەنشییەکان و مەجووسەکان و کوردەکان و مەردەکان. هەندێ لەو هۆزانە خەریکی جەردەیی و چەتەیین و تاقمێکیشیان خەریکی وەرزێری و کشتوکاڵن. ئێستاش گەلێ لە هۆزەکانی کورد لە شیرازدا ژیان دەبەنەسەر.



چاکییە. هەر کەسێک وەکو هافی محەمەد دروودی خوای لەسەر بێ خۆی ناسی، بێ شک ئەو کەسەش خوا دەناسێ. دیاردییە بۆ فەرمایشتێکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دەفەرموێ: «مَنْ عَرَفَ نَفسهُ فَقَد عَرَفَ رَبُّه». واتە: هەر کەسێک خۆی ناسی خواش دەناسێ.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

٤- فارسنامە. تالیف ابن البلخی باهتمام لسترنج - لندن ١٩٢١.

## پیر بابا غەیبی هاواری

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە دێی هاواردا لەدایک بووە و لە سەرەتای سەدەی هەشتەمدا کۆچی دوایی کردووە. پیرێکی گەورە و یەکێ لە یارانی سان سەهاک بووە و ئیتر ئاگاداریەکمان لێوە نییە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە پیر بابە غەیبی هاواری یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە و گەلێ هۆنراویشی لە سەرئەنجامدا بەیادگار ماوەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو فەرەنگ شاری، ئەو فەرەنگ شاری | بارگەی شام وستەن ئەو فەرەنگ شاری |
| کەمان و کۆسش پۆشا تەیاری | گێلا هەفتا و دوو جامەی عەیاری |
| نە هەر جا ڕەنگێ کەردەن ئیزهاری | دین یارانش نەکەرد ئاشکاری |
| نە هیچ جامەیێ ئی شەرت نەو جاری | هەفتا و دوو دینش سازا دەرکاری |
| شەرت و ساجنار ئەو ردا باری | تا ژ پردیوەر زیا وە یاری |
| چێگا دین یار کەردەی پەرکاری | شەرت پردیوەر ئاوەرد وە باری |

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە شاری فەرەنگدا هەڵدرا. شام کەوان و کۆسی هەڵگرت و جلوبەرگی شەڕی کردەبەر و لە قاڵب و لەشی هەفتا و دوو کەسدا سەری هەڵدا و لە هەر جێ و شوێنێکدا یاساو دەستوورێکی دانا، بەڵام ڕێ و ڕەوشتی (یاری)ی دەرنەخست و، لە هیچ قاڵبێکدا ئەم ڕێ و ڕچەیە ئاشکرا نەکرد. لە پاشا هەفتا و دوو دینی بۆ خۆی بەدیهێنا

و پەیمانی بەرینی لەگەڵ یاران لەژێر هەتاودا بەست و لە پردیوەردا ئەم پەیمانەی ئاشکرا کرد و ئێستا کە ڕێ و ڕچەی (یاری)ی بەدی هێناوە و دیسانەوە لەگەڵ یارانا پەیمانی بەستووە کە دەبێ هەموو سەری پێ بسپێرن و لە قسەی دەرنەچن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یادداشتی قرندی (دەستنووس).

## پیر روکن دینی هەورامی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، خەڵکی هەورامان بووە و لە پارێزگاری و خواناسیدا لەناو خەڵکدا ناوبانگی دەرکردووە و یەکێکە لە هەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و دەڵێن کە لە هەوراماندا کۆچی دوایی کردووە. لەم پیرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو دلێ دوڕێ، ئەو دلێ دوڕی　　　بارگەی شام وستەن ئەو دلێ دوڕی

ها بنیامینەن شەریک و سڕی　　　قاف تا قاف جەهان بنیامین چڕی

بنیامین کاڵای هەفتەوان خڕی

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە نێوان دوڕێکدا نیشتەوە. بنیامین شەریکی ڕازی ئەو بوو و، سەرتاسەری خەڵکی جیهان ئەویان بانگ کرد و ئەوسا بنیامین کاڵای حەوتەوانەی کڕی.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، خاوەندکار یا خوا لەپاش خوڵقاندنی فرێشتەکان، لەگەڵ بنیامیندا ڕۆیشتە ناو دوڕێک و لەپاش هەزاران ساڵ لەناو دوڕەکە دەرچوو و، فەرمانی دا دوڕەکە تەقی و لە تەقینەوەکەی دووکەڵێک هەڵسا و ئاسمان و زەوی و ئەستێرەکان و مانگ و زەوی و خۆر و شەو و ڕۆژی لێ هاتەدی.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).





## پیر تایەری ئەسپەهانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام لە بنەڕەتا خەڵکی ئەسپەهان بووە و لە شارەزووردا نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. لە پەڕتووکی (بارگە بارگە)دا دەردەکەوێ کە ئەو یەکێ لە هەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک بووە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە.

پیر تایەر گەرچی کورد نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ لەناو کوردەواریدا ژیاوە، کوردیی چاک زانیوە، بەتایبەت لە زاراوەی گۆرانیدا شارەزایەکی زۆری هەبووە و گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە و کە زۆر جوان و شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

وەی برینەوە، وەی برینەوە　　　بریندارەنان وەی برینەوە

غوڵامان بیان دەست وە سینەوە　　　چۆگام ولانان چێگام دینەوە

یاران نەوان هیچ دڵ وە کینەوە　　　بنیشان نە جەم وە ئامینەوە

بوانان کەلام وە فامینەوە　　　سوحبەت یاری وە کامینەوە

گۆشدەران وە کۆچ وە سامینەوە　　　دەم وەلاڵە و چەم وە ئەسرینەوە

شا مەدۆ موراد گرد وە دینەوە

واتە: هەموو بەم برینەوە برینداریـن. ئەی خوڵامەکان دەست بەسینەوە هەمووتان وەرن، لەو دەمەدا ئاوارە بووین و ئێستا یارمان پەیدا کرد. ئەی یاران! هیچ کاتێ ڕقتان لەیەکتر نەبێ و ڕقەبەرێ مەکەن و لە جەمخانەدا بەیەکەوە دانیشن و پەڕاوی سەرئەنجام بخوێننەوە و قسەکانی بەئاوەزی خۆتان هەڵسەنگێنن و چاک گوێی لێ بگرن و زمانتان بەلاڵە و پاڕانەوە و چاوتان بەفرمێسک بێ، چونکە خوا هەموو نیاز و مرازێکتان دێنێتە دی.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر شەمسی عەلەمەدار

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، پیرێکی ناسراو و بەناوبانگ بووە و گەلێ باسیان لێ گێڕاوەتەوە. جێی لە دایکبوون و مردنی دێی تەلەسمە کە لە بیست کیلۆمەتریی ئیسلام ئاوا دایە. لە پەڕاوی بارگە بارگە وا دەردەکەوێ کە ئەو یەکێ لە هەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاکە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە.

لە پیر شەمسەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

برینم مەیشۆ، برینم مەیشۆ      بریندارەنان برینم مەیشۆ
نە ئینا مەیشۆ بێ حەد و بێ شۆ      شاهـ شابازان وە خێرش کێشۆ
ها سەردیی ساعەت تۆفان مەخرۆشۆ      یاران دیدەشان زوڵمات مەپۆشۆ
یارم گەرەکەن ئەو ژار بنۆشۆ      جە سەردی ساعەت کوورەش بجۆشۆ
دایم کالای پاک یاری بفرۆشۆ

واتە: بریندارم و برینەکانم ئێشێ، بەجۆرێ ئێشن و ژان دەکەن کە ئەندازەی نییە، مەگەر شای شابازان بەخێری بنووسێ. هاناکە ساردیی ڕۆژگار تۆفانێک دێنێتە دی و، تاریکیی چاوی یاران دادەپۆشێ و یارێکم دەوێ کە لە ڕێی خوادا ئەو ژارە بنۆشێ و لە ساردیی ڕۆژگاردا کوورەی دەروونی بجۆشێ و، هەموو دەم کالای پاکی یاری بەخەڵک بفرۆشێ.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).



## پیر کەماڵی مامۆڵانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، لە بنەڕەتا باوکی خەڵکی دێی مامۆڵان بووە کە لە چەند کیلۆمەتریی ڕەزاو دایە، بەڵام خۆی لە شارەزووردا لەدایک بووە و بەیەکێ لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک دێتە ئەژمار کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و بەپارێزگاری و خواناسی لەناو خەڵکدا ناسراوە و گەلێ ودمی بەفەقێ و دەروێشەکانی ئەو سەردەمە داوە.

لە پیر کەماڵەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

برینم قایم، برینم قایم      بریندارەنان برینم قایم
چەنی مەناڵی دەرهەم و دایم      خودا قادرەن، شەرتش برایم
یاران وە کەلام بوان مەلایم      دەرس دەران وە یەک ئینەم پا ئانیم
نە سەردیی ساعەت مەوان تەلا و سیم

واتە: بریندارم و برینەکانم قایم بووەتەوە و، بۆ ئەوەیە هەر دەناڵم. خوا بەسەر هەموو کەسێک و هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە و توانایە. ئەی یاران! بەهۆی خوێندنەوەی پەڕاوی سەرئەنجام ئارام بگرن و بەیەکتر دەرزی یاری فێرکەن، چونکە لە ناهەمواری و ئاژاوەی ڕۆژگاردا، زێڕ وەکو زێوی لێ دێ و بایی و نرخی دێتە خوارەوە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

## پیر ڕاستگۆی قەرەداغی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و پیرێکی زانا و ڕۆشنبیر و ئاگا بووە و لە هەموو زانستێکدا شارەزا بووە و لە قەرەداغی نزیکی شاری سلێمانیی ئێستاکە لە دایک بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر ڕاستگۆییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

مێردان خواجام، مێردان خواجام        پەرێ ئازمایی مێردان خواجام
زەردەشت پەیدا بی وە فەرمان شام        ئاڤێستاش ئاوەرد پەرێ خاس و عام
چەنی گومڕاهان ستێزا وە کۆچ        مەکۆشا پەرێ یاری شەو و ڕۆچ

واتە: ئەی پیاوانی خوا! بەفەرمانی خوام زەردەشت بۆ تاقی کردنەوە و، هەڵسەنگاندنی پیاوان سەری هەڵدا و، پڕتووکی ئاوێستای بۆ هەمووی خەڵک هێنا و، وە ئەو بەهۆی قسەکانی خۆیەوە لەگەڵ گومڕێیاندا بەشەڕهات و شەو و ڕۆژ بۆ پەرەپێدانی ئاینەکەی تێ دەکۆشا و خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی و خواناسی بانگ دەکرد.

ئاڤێستا ناوی پەڕاوەکەی زەردەشتە و لە پێشا بیست و یەک بەش بووە، بەڵام ئاڤێستایەک کە ئێستا لە دەست دایە بریتییە لە: یەسناد و یسپەرەد و وەندیداد و یەشتەکان و خوردە ئاڤێستا و زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بیروڕایەن کە ئاڤێستا بەزمانی مادی یا کوردی نووسراوە و ئێستاش کوردێکی هەورامی باشتر لە ئاوێستا تێ دەگا تا مووبەدیکی زەردەشتی.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).



## پیر تەقیی شاهۆیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە دەوروبەری کێوی شاهۆدا لە دایک بووە و لە شارەزووردا کۆچی دوایی کردووە. ئەم پیرە بەیەکێ لە لە حەفتا و دوو پیر و یارانی سان سەهاک دێتە ئەژمار کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی بارگە بارگە وا دەردەکەوێ کە ئەو لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و پارێزگار بووە و لە ڕێی خواناسان و پارێزگارانەوە ڕۆیشتووە و کاتێ خۆی ناسیوە، چووەتە لای سان سەهاک و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و گەلێ هۆنراوی سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسی هۆنیوەتەوە کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمانن کە دەڵێ:

ئەو مەوجوود وێش، ئەو مەوجوود وێش        بارگەی شام وستەن ئەو مەوجوود وێش
وەر ژ گرد پیران ها بنیامین وێش        ڕجاچی یاران نە جورم و ئەندێش
پێغەمبەر دیەن چەنی قەوم و خوێش        یاران سەنجەنان گرد بین دارووکێش
پادشام قودرەتەن سرێوەن نە چێش        هەر وێش مەزانۆ خودایش نە چێش
مێردان ئێوەڵڵا باوەران و ڕێش

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە خۆیدا نیشتەوە، پتر لە هەمووی پیران، ئەوا پیر بنیامین تکاکاری یاران و بەزەکارانە. ئەو ڕێبەری غولامانە. خوام بەدەسەڵاتە و ڕازی ئەو نادیارە، هەر تەنیا خۆی دەزانێ کە خوایەتی بۆ چییە. ئەی یاران! لە ڕێی خواوە بڕۆن و لە ڕێگەی ئەودا سەر بسپێرن.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر نەڕە باڵامۆی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاون، باوکی خەڵکی هەورامان بووە، بەڵام لە شارەزوور لە دایک بووە و لە لوڕستاندا کۆچی دوایی کردووە. وەکو نووسراوە بەپارێزگاری و خواناسی ناسراوە و گەلێ وەدمی بەفەقێیان داوە و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی لێ بەجێ ماون کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

ئەو مۆردینەوە، ئـەو مۆردینەوە     بارگەی شام وستەن ئەو مۆردینەوە
سـرِ ها وە سینەی بنیامینەوە     پیر و پیرعالی یەک یەک دینەوە

واتە: بارەگای شام لە مۆردیندا هەڵدرا و ڕازی ڕێ و ڕچەی یاری لە سینگی پیر بنیامیندا شاردراوەتەوە، پیر بنیامین و پیر عالی یەکتریان لەو دێیەدا چاو پێ کەوت.

پیر عالی و پیر بنیامین لە پیران و یارانی سان سەهاک و هەردووکیان لە ڕواڵەتدا لەسەر پیریەتی زۆرانیان گرت و سەرئەنجام پیر بنیامین بەسەر پیر عالیدا سەرکەوت.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر تاجدینی فارس

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و ئیتر لە بارەی چۆنییەتیی ژیانییەوە ئاگەداریەکمان نییە، ئەوەی کە بۆمان ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە ئەو پیرێکی زانا و تێگەیشتوو بووە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی لێ بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە:

نە ئەو پەڕتووکی، نە ئەو پەڕتووکی     بارگەی شام وستەن نە ئەو پەڕتووکی



مەولام سەیرشەن خەلقان تاڵووکی     تانە مەدەران خوار و مەخڵووکی
ها نامەوەران بوونی سلووکی     نەفرۆشان وە فەخر بوغز و ملووکی

واتە: بارگەی خوام لەناو پەڕاوەکاندا هەڵدرا، ئەو خەڵکی تۆڵاز و تۆسن دەبینێ، کەچی پەستەکان تانە لە پیاوانی خوا دەدەن، ئەوا پیاوچاکان دەبنە خاوەن ڕەوشت و کردار، کەوابوو هەرگیز بەخۆتان مەنازن و ڕق و کینە بەیەک مەفرۆشن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر حوسێنی کاشانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و، بەجۆرێ کە لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا دەردەکەوێ، لە بنەڕەتدا باوکی خەڵکی کاشان بووە، بەڵام خۆی لە شارەزووردا لەدایک بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر حوسێنەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

هاوار ئەو سەرە، هاوار ئەو سەرە     بارگەی شام وستەن هاوار ئەو سەرە
دەست و دڵەی وێت بکەرە شەرە     هەر کارێ بەدە ئانە مەکەرە
نان نامەردان هەرگیز مەوەرە     چەنی ناکەسان ئیقرار مەنیەرە
تۆ وەکەچ شەرتان دەست بار مەدەرە

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە دێی هاواردا هەڵدرا، بەهۆی دەست و دڵی خۆت داوەری بکە و هەر کارێ کە خراپە مەیکە و نانی نامەردان هەرگیز مەخۆ و لەگەڵ ناکەساندا پەیمان مەبەستە و، لەگەڵ ئەو کەسانەی وا بەڵێنیان نییە و پەیمان شکێنن، ڕەفتار مەکە.

هەندێ لە پیتۆڵان لایان وایە کە بنیادەم گەلێ لە ئەو کارە خراپانەی کە دەیکا خۆی دێنێتیە دی، واتە خۆی بەدیهێنەری ئەو خراپانەیە کە پاشان دەبیتە هاودەمی، بەجۆرێ کە دڕندەکان و جانەوەرەکانی زیانەخرۆ کە بۆ بنیادەم زیانیان هەیە، سوودێکیان لێ نابینن و هەبوونیان خێرێکی تێدا نییە. کەوابوو مرۆ دەبێ لە خراپە خۆی بپارێزێ و ئەو کارەی کە

خراپە نەیکا و لەگەڵ پیاوانی خراپدا نەبێتە هاوەڵ و خۆی پاک و خاوێن بکاتەوە. چونکە بنیادەم جێنشینی خوا لە زەوی دایە و دەبێ ئەم چوار شتە بکاتە درۆشمی خۆی تا بەگەورەیی بگا: قسەی چاک، کردەوەی چاک، هەڵسوکەوتی چاک، فەرهەنگی چاک.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر عەبدولعەزیزی بەسرایی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە باوکی لە بنەڕەتا خەڵکی شاری بەسرا بووە، بەڵام خۆی لە ماهولکووفە یا دەینەوەردا لەدایک بووە و لە شارەزووردا کۆچی دوایی کردووە. هۆنراوی جوانی هۆنیوەتەوە و گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراوی بەیادگار لێ بەجێ ماون کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو شەت سیروان، ئەو شەط سیروان | بارگەی شام وستەن ئەو شەت سیروان |
| ها چێگا خێزان بانگ سەرحەدان | جە پردیوەردا شام گرتەن دیوان |
| خاسە غولامان گرد مێرد نەڕان | هەر یەک وە یەک شەرت بیان و بلان |
| ئەو ذات و شاتان بنیشۆ وە شان | یاران وە دینار دینی نەفرۆشان |
| ئەرکان چەفتی نەبۆ نە دینشان | مێردان وە کەلام حەیا بکەران |
| ژ پردیوەر زیا و شەرتێ نەنیەران | وە شەرت قەدیم سەرشان بسپاران |
| وە پیر کەچ شەرت سوجدە نەوەران | پیر ناکامڵ گرد بەرمەکەران |
| دایەرەش وە رای دۆزەخ مەوەران | یاران بشنەوان ئی نوختە و ئەرکان |
| نەراگەی غەڵەت نەوان سەرگەردان | وە کۆچ و کەلام باوەران ئیمان |

وە تەکبیر جەم خواجام سەڵاش دان

واتە: بارەگای شام لە کەناری ڕووباری سیرواندا هەڵدرا، لەوکاتەدا لە سنوورەکانەوە دەنگێ هەڵسا و شام لە پردیوەردا دیوانی (یاری)ی پێک هێنا، خوڵامە تایبەتییەکانی دەرگا واتە پیاوانی ڕاستەقینەی ڕازاندەوە تا هەر کام بەپەیمانێکەوە بێن و بڕۆن. ئەی یاران! ئەگەر تیشک ببارێتە لەشتان هیچ کاتێ ڕێ و ڕچە و دینەکەتان بەپووڵ و دراو نەفرۆشن و،



لاری و چەوتی لە دینەکەتاندا نەبێ. لە پەڕتووکی سەرئەنجام شەرم بکەن و فەرمانبەری بن و لە پردیوەردا پەیمان و دەستوورێکی تر دامەنن و، بەپەیمانی کۆن سەرتان بسپێرن و بەپیری لارێ و پەیمانشکێن کڕنۆش مەبەن، چونکە پیرێک ڕاست نەبێ، هەمووی لایەنگرانی لە ڕێی راست لا دەدا و بەرەو دۆزەخ دەیانبا. ئەی یاران! دەبێ ئەوە بزانن. ڕێگایێ کە هەڵە و نادروست بێ، سەرگەردان و ئاوارە دەبن. دەبێ گوێڕایەڵی بەفەرمانەکانی ئاین بن و بڕوایان پێ بهێنن و خواجەم بۆ تەکبیردان لە جەمخاندا ودمی داوە و ڕێ و ڕەوشتی ئاینەکەتان بەچاکی بەجێ بێنن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر خاڵقی ئەردەوێڵی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر خاڵقی ئەردەوێڵی لە شاری ئەردەوێڵدا[1] لەدایک بووە و لە شارەزوورا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر خالقەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| وست ئەو کۆی سیمان، وست ئەوکۆی سیمان | بارگەی شام لوا وست ئەو کۆی سیمان |
| دەرمان دەردم دارووی حەکیمان | ڕاگەی (یاری)یەن وە دیدەو وە گیان |

ئی دین بەرحەقەن باوەرمی ئیمان

(١) ئەردەوێڵ هەر لە مێژەوە مەڵبەندی کوردەکان بووە. لە سەرەتای دەوری ئیسلامەتیدا مەرزەوانی ئازەربایجان کە لە ئەردەوێڵدا بوو، گرفتاری هێرشی حوزەیفەی کوڕی یەمان بوو کە لەلایەن هافی عومەری خەتابەوە بووبووە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە شەڕێکی زۆر قورس ڕووی دا و، مەرزەوان هەشت سەد هەزار درهەمی بەموسڵمانان دا بەمەرجێک ئاگرگاکان وێران نەکەن و کوردەکان نەکوژن و، ئەم کوردانە بەپێی پەڕتووکی (فتوح البلدان) بریتی بوون لە دانیشتووانی بلاسجان و سەبەلان و ساترووان. کوردەکانی شەدادیش کە لە ساڵی ٣٤٠ی کۆچیدا لە بەرامبەری عەباسییەکانەوە ڕاوەستان لە ئەردەوێڵدا دەژیان.

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە دێی سیمان[٢]دا هەڵدرا. چارەی دەردم دەوای حەکیمان و ڕێ و ڕچەی یارییە و، ئێمە بەدڵ و گیان قبووڵمانە، چونکە ئەم ڕێ و ڕچەیە دروستە و دەبێ بڕوای پێ بهێنین.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- فتوح البلدان. تالیف ابوبکر احمد بلاذری - مصر ١٣١٩ هجری.

## پیر سلێمانی سیستانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە سیستاندا لەدایک بووە و لە شارەزوورا کۆچی دوایی کردووە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر سلێمانی سیستانی لە سیستاندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و پاشان ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێوە چووەتە شارەزوور و لە شاری ماهولکووفەدا نیشتەجێ بووە و لەپاش ماوەیەک ڕۆیشتووەتە لای سان سەهاک و چەند ساڵێک لە لای ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

پیر سلێمان لەبەرئەوەی زۆربەی ژیانی لەناو کوردەواریدا بردووەتە سەر، کوردییە باشی زانیوە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیونەتەوە کە هەندێکیان لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو کابەی ئەقدەم، ئەو کابەی ئەقدەم     بارگەی شام وستەن ئەو کابەی ئەقدەم
یاران نە جەمدا دڵ باران وە هەم     هەرگیز نەستانان بەش زیاد و کەم
سوڵتان سەرجەم حازرەن نە جەم     حەیا بکەردی گەردن کەران خەم

واتە: بارەگا و خێوەتی خوام لە کەعبەی پیرۆزدا هەڵدرا. ئەی یاران! دڵتان ل جەمدا ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر بکەن و هەرگیز بەشی زیاد و کەم وەرنەگرن. چونکە خوا بەهەموو شتێک ئاگەدارە و لە هەموو جێگایەکدا هەیە. کەوا بوو شەرمێک لە ئەو بکەن و کڕنۆشی بۆ بەرن.

(٢) سیمان دێیێکە لە ناوچەی گۆراندا.



سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر عیسا شقاقی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و ئیتر لە مەڕ چۆنییەتیی ژیانیەوە ئاگەدارییەکمان نییە.

لە پیر عیسایەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەوکۆی سەنایی، ئەوکۆی سەنایی     بارگەی شام وستەن ئەو کۆی سەنایی
وەرگەرۆ تۆفان نەکۆی فەنایی     مێردان بنیشان گرد وە حەیایی
بکێشان تانە نە ڕووی دونیایی     تاکە باقی بۆ دەور بەقایی
تانەکێش مەلۆ ئەو وەر دەرگایی

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە کێوی سەناییدا هەڵدرا. خوا تۆفان دەگەڕێنێتەوە تا پیاوانی خوا بەشەرمەوە دانیشن. جا ئێوە دەبێ تانە بدەن ئەوانەی وا لە دووی خۆشییەکانی جیهاندان و سەرکۆنەیان بکەن تا ببێتە پەند بۆیان و بەڵکو بێنە سەر ڕێ و ڕەوشتی خوای تاق و تەنیا. ئەوانەی وا لە ڕێی خوادا پەندی خەڵک دادەدەن، نزیکی دەرگای خوایی دەبنەوە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر حەیدەری کەل مەیدانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە باوکی پیر حەیدەر لە بنەڕەتا خەڵکی قرمیسین بووە، بەڵام خۆی لە ماهولکووفەدا لەدایک بووە و لە دێی هاواردا کۆچی دوایی کردووە.

پیر حەیدەر هۆنراوی باشی هۆنیوەتەوە و گەلێ لە هۆنراوەکانی لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا بەیادگار ماوەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو دووچکایان، ئەو دووچکایان   بارگەی شام وستەن ئەو دوچکایان
ها سوڵتان وێشەن پادشای شاهان   هەم یار داوودەن ڕەهنمای ڕاهان
ماوەرۆ وە ڕای یار پاک جامان   نارۆ وە ڕاگەی گومڕا و خەتاوان

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە دێی دووچقا هەڵدرا. ئەوا سان سەهاک شای شایانە و داوود ڕێنمای ڕێکانە. ئەو ئێمە بەڕێی خوای تاق و تەنیا ڕێنوێنیی دەکا و ناهێڵێ کە بەڕێی نادروستدا بڕۆین و تووشی هەڵە بین.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر ناسری بەختیاری

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاون و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی لێ بەجێ ماون لە پەڕتووکی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر ناسر خواناسێکی گەورە بووە و گەلێ دەنگ و باسیان لە بارەیەوە نووسیوە. شوێنی لەدایک بوون و مردنی شارەزوورە و وەکو دەڵێن لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزا بووە و، زۆربەی هۆنەران و زانایان و پیتۆڵان هاتوونەتە لای و بەهرەیان لە زانستی وەرگرتووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی کە دەڵێ:



ئەو ساجناری ئەو ساجناری   بارگەی شام وستەن ئەو ساجناری
مێردان سەجەنان وە وەزن یاری   مارۆ وە نەظەر قەدیم داغداری
تازە داغداران نمەوان رسگاری   نمەڵان نەسەف مێرد قەتاری

واتە: بارەگای شام لە ساجناردا هەڵدرا و، یارانی بەسەنگی خۆی هەڵسەنگاند و گوناهکارانی کۆنی هێنایە بەرچاو و گوناهکارانی ئێستا رزگار نابن و لە ڕیزی پیاوانی خودا نایێنە ژمار.

ساجنار کە لە زاراوی (یاری)دا بەواتەی خۆر و هەتاوە؛ بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، لە ژێری ئەوەدا لەگەڵ رۆحی یاراندا پەیمانی بەرین بەستراوە کە لە دوای سرشت بوون بەچاکە لەگەڵ یەکدا رەفتار دەکەن. سوهوروەردی لە پەڕاوی (هیاکل النور)دا دەڵێ: وە لەبەرئەوەی خۆر باشترین و گەورەترین دەستکردی خوایە، تیشکی بەهەموو جێ و شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە و دڵ و دەروونی یارانی پێ ڕوون دەبێتەوە و بەوە دەگاتە بەرزترین پلەوپایەی خواناسی.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- حکمه الاشراق. تالیف شیخ شهاب الدین - سهروردی - تهران ١٣٣١ هجری.

## پیر جەعفەری کوردستانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە: کە پیر جافری کوردستانی[١] بەپارێزگاری و خواناسی لەناو خەڵکدا ناسراوە و زانایان لە دەوریدا کۆبوونەتەوە و کەڵکیان لە زانستی وەرگرتووە.

لە پیر جافرەوە گەلێ هۆنراو سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسی بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

---

(١) ناوی کوردستان بەر لە پەیدابوونی ئیسلام بەناوی کوردوئن بووە و ستڕابوون لە نووسراوەکەی خۆیدا نووسیویە. لە سەرەتای ئیسلامەتیدا مەڵبەندەکانی کوردنشین لە مێژوودا بەناوی: (الجبال) و (بلاد البهلویون) هاتووە و، لە زەمانی سەلجووقییەکاندا مەڵبەندە کوردنشینەکان ناونراوە کوردستان.

ئەو تاش هـۆرین، ئەو تاش هــــۆرین     بارگەی شام وستـەن ئەو تاش هۆرین
قــەواڵەش نیــان نە کــاو ســەرین     پـــەرێ ئازمـــــایش یاران مـــوبـــین
هەر کەس بەر ئاوەرد ئەوەن شاخوشین

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە کێوی هۆریندا هەڵدرا. شا قەواڵەی ڕازی یاری خستە ناو ئەو کێوە و شاردییەوە بۆ ئەوە یارەکانی تاقی بکاتەوە تا دۆزەرەوەکەی بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوێ.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، بابە سەرهەنگ بەیارەکانی فەرمووی قەباڵە و تاپۆی ڕازی یاریم بۆ تاقیکردنەوەی پیاوانی خوا لەناو کێوی هۆریندا شاردووەتەوە لەدوای من پیاوێک بەناوی شاخوەشین سەرهەڵ دەدا و ئەو قەباڵە دەردێنێ و رازی یاری بەخەڵک دەڵێ کە دەبێ هەموو سەری پێ بسپێرن.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر ئەلیاسی مۆریاسی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕتووکی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر ئەلیاسی مۆریاسی پیرێکی ئاگا و شارەزا و پارێزگار بووە و هەموودەم لەگەڵ زانایان و خواناسان و پارێزگاراندا هەڵسوکەوتی بووە و گەلێ سان سەهاکی خۆش ویستووە و قسەی لێ بیستووە و سەرئەنجام خەرقەی لێ وەرگرتووە.

لە پیر ئەلیاسەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە گەلێ جوان و شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەوکۆی خونکارەن، ئەوکۆی شندروێ     بارەگای شام وستەن ئەوکۆی شندروێ
ســـەهاک شندروێ بێ شکەن یەوی     جـــە مـــاهیـــەوە نەقـــدش وەش بوێ
یاران بنیشان گرد وە بۆسوێ

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە کێوی شندروێدا هەڵدرا. سان سەهاک لە خواناسیدا



وەکو خونکارێکی بەدەسەڵاتە و، هەر لە ڕۆژی بەرینەوە هەوێنی بۆن خۆش بوو. ئەی یاران هەمووتان بەڕەوشتێکی چاک و پەسەند بەیەکەوە دانیشن و خوا بپەرستن.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر هەیاسی مەغربی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر هەیاسی مەغربی گەلێ سان سەهاکی خۆش ویستووە و هەر لە تافی جوانی لەلای ئەو بووە و لە پاش ماوەیەک خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و گەلێک لایەنگری پەیدا کردووە.

لە پیر هەیاسەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە دەڵێ:

بارگەی شام لوا وست وە مەدینە     غولامـــــان ئامان جە هەزار وینە
بێ حەد بێ وەندان غولامان هینە     زوهـــــوور بۆ بنیام پادشا موعینە
چلتەن چەنیشان مەکـــەرۆ چینە     هەفتەوان نە سرِ نوورشان سەنگینە
باقیی غولامان وە خدمەت شینە

واتە: بارەگا و خێوەتی خوای تاق و تەنیا لە مەدینەدا هەڵدرا. پیاوانی خوا بەهەزار وێنە لە هەر شوێنێکەوە هاتنە ئەو شارە و ئەوسا بەرە بەرە خەڵک لە دەوری پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کۆبوونەوە و، خوا لە هەموو بارێکەوە یارمەتیی دا. چل تەن لەو کاتەدا لەلای بوون و هەفتەوانە لە جیهانی ڕاز تیشکیان زۆرتر و قورسترە. خولامەکانی تر ڕۆیشتنە لای و ئاینەکەیان قەبووڵ کرد و لە خزمەتیدا بوون.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر نیگادارتانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر نیگادارتانی لە شارەزووردا خوێندنەکەی تەواو کردووە و بەیەکێ لە زانایان و پارێزگارانی دەوری خۆی دەژمێررێ و سەرئەنجام چووەتە لای سان سەهاک و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر نیگادارتانییەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماوەتەوە کە گەلێ شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمانن کە دەڵێ:

ئەو یانەی عیسا، ئەو یانەی عیسا      بارگەی شام وستەن ئەو یانەی عیسا

بنیامین، داوود چەند پیر مووسا      شێخ عیسا عەلەم مەدا جلووسا

ها زیا وە یوورت حاجی باوەیسا      جۆق هەفتەوان حاجی باوەیسا

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە ماڵی شێخ عیسادا هەڵدا. پیر بنیامین و پیرداوود پیرمووسا لەگەڵ شێخ عیسای بەرزنجیدا ئاڵای یارییەکانیان شەکانەوە، ئەو ئێستاکە چووەتە قاڵبی حاجی باوەیسی و یەکێکە لە حەوتەوانە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا هاتووە: کە پیربنیامین و پیرداوود و پیرمووسا هەر کام بەرەو شوێنێک کەوتنە ڕێ و سەرئەنجام لە دێی بەرزنجەدا گەیشتنە یەک و لەوێدا ڕۆیشتنە ماڵی شێخ عیسا. ڕۆژێکیان شێخ چووە خوازبێنیی کچەکەی حوسێن بەگی جەڵد و دەروێشەکانیشی لەگەڵ خۆیا برد. حوسێن بەگ وتی: کچەکەم بەکەسێک دەدەمە شوو کە داوای هەرچی بکەم بۆم بێنێ و ئەوانیش قەبووڵی دەکەن و حوسێن بەگ داوای هەرچی دەکا خێرا بۆی دێنن و حوسێن بەگ بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە کارێکی خواییە و هەر کەسێک ناتوانێ ئەم کارە بکا، ئەوەبوو کە کچەکەی بۆ مارەبڕی ماوەیەک تێ دەپەڕێ و پەڵەتیشکێک لە ئاسماندا دەکەوێ و پاشان ژنە تازەکەی شێخ عیسا دووگیان دەبێ و لەپاش ماوەیەک کوڕێکی دەبێ کە ناوی دەنن سان سەهاک و سان سەهاک کەم کەم گەورە دەبێ و لە پاشدا لەگەڵ باوکیا دەڕواتە مەکە و لە گەڕانەوەدا باوکی دەمرێ و ئەویش لەگەڵ دەروێشەکاندا بەرەو دێی شێخان دەکەوێتە رێ و لەوێدا ڕێ و ڕچەی یاری دێنێتە دی.





سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر قەمەر سەراوقوماشی

سەدەی هەشتەم

ئەو هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر قەمەر پیرێکی ئاگا و شارەزا و زانا بووە و هەموودەم لەگەڵ زانایان و پارێزگارانی دەوری خۆیدا کۆبووەتەوە و لە سان سەهاک خەرقەی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر قەمەرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی، ئەم هۆنەرەمانن کە دەڵێ:

غار مەدینە، غار مەدینە      بارگەی شام وستەن غار مەدینە

پەسپەسەکۆڵێ تارش تەنینە      بەیوەر بەیوەران وە خزمەت شینە

واتە: بارگەی خوای تاق و تەنیا لە مەدینەدا هەڵدرا، لەو کاتەدا جاڵجاڵۆکە جاوی تەنییەوە و ئەوسا هەزاران داماو هاتنە خزمەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و بڕوایان پێ هێنا. پیر قەمەر لەم دوو هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە سەر کۆچکردنی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە مەکەوە بۆ مەدینە و، ئەوەش بەم جۆرە بوو کە کاتێ بتپەرستەکانی مەککە دییان ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ پتر پەرەدەستێنێ، هاتنە سەر ئەوە کە پێغەمبەر بکوژن و دین و ڕێ و ڕەوشتی باووباپیریان بپارێزن. ئەوسا پێغەمبەر عەلیی ئامۆزای لە ماڵا دانا و بەشەوا لەگەڵ ئەبووبەکر بەرەو مەدینە کۆچی کرد و کاتێ بت پەرستەکان کەوتنە دووی ئەو، پێغەمبەر پەنای بردە ئەشکەوتی حەرا و خوای مەزن ئەوانی لە ئەشکەوتەکەدا پێوار کرد و لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا جاڵجاڵۆکە جاوی تەنییەوە و جووتێ کۆتر هاتن و هێلکەیان کرد و خێرا هەڵیان هێنان و کاتێ بتپەرستەکان گەیشتنە بەر دەرکی غارەکە، ئەمەیان دی گەڕانەوە و پاشان پێغەمبەر بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- قصص الانبیاء. تألیف ابو اسحاق نیشابوری - به اهتمام حبیب یغمائی تهران ١٣٤٥.

## پیر ڕەحمەتی بەمبەیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر ڕەحمەتی بەمبەیی کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، لە بنەڕەتا باوکی خەڵکی بەمبەیی بووە، بەڵام خۆی لە شارەزووردا لەدایک بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە و پیرێکی شارەزا و زانا و پارێزگار بووە و لە پیتۆڵی و فەلسەفەی ئاینەکانی کۆن و باستانیدا دەستێکی باڵای هەبووە و زۆربەی ژیانی لە پارێزگاری و خواناسیدا بردووەتە سەر و هەموو دەم ڕێنوێنیی خەڵکی کردووە.

لە پیر ڕەحمەتەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

ئەو شار غەزنەین، ئەو شار غەزنەین — بارگەی شام وستەن ئەو شار غەزنەین
ئەز وە فیدات بام سوڵتان کەونەین — هیچ کەس نەشناسان زاتت وە یەمەین
غولامان هەرگیز نەلان وە ژێر دەین — ئیقرار و شەرتشان باران وە قابەین
باران وە مابەین ئیقرار وە جای وێش — سوڵتان مەحموود بێ خواجای بی ئەندێش
نە شارغەزنە رەنگێ دا نە ژێش — هەفتەنش چەوگا ئەو ئاوەرد وە پێش
هەیاس خاس بێ بنیام رای خوێش — حەسەن مەیمەندی، مووسی نوختەکێش
حەبیب، داوودەن غولام رای تەفتێش — فەخرەدین، رەمزبار فرشتەی بێ تەشوێش
زەردش زەردەبام قەواڵەن نە چێش — ئێوەت، ناسرەدین، شاشەن ڕاگەو ڕێش
ڕاگە و ڕێشەن حەق پادشای سەروەر — تا شاخەی ئێوەت نەیۆنی نە سەر
گرد دیدەداران نمەبۆ خەبەر

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە شاری غەزنەیندا هەڵدرا. من بەقوربانت بم ئەی پادشای هەردوو جیهان، هیچ کەس گەوهەری تۆی بەچاو نەدیوە و نەیناسیوە، خولامان هەرگیز لە ژێری قەرزی تۆ دەرنایێن تاکو پەیمانەکەی خۆیان بەجێ نەهێنن. سان مەحموود خواجەیەکی نەترس و بێ پەروا بوو و، لە شاری غەزنەیدا فەرمانڕەواییی دەکرد و حەوت



تەنیشی لەلای خۆی کۆکردبووەوە، هەیاس بریتی بوو لە بنیامین و، حەسەن مەیمەندی نوێنگەی پیر مووسا بوو و، حەبیب نوێنگەی داوود و فەخرەدین بریتی بوو لە ڕەمزبار و زەردەش نوێنگەی بابەیادگار و ناسرەدین بریتی بوو لە شا ئیبراهیم کە ئەمانە ڕێگای دروستی خوای مەزنیان گرتەبەر و، تا چڵی ئێوەت نەڕوێ، هەمووی دیدەدارەکان لەم ڕێگە ئاگەدار نابن. پیر ڕەحمەت لەم پارچە هەڵبەستەدا دیاردی کردووەتە فەرمانڕەوایەتیی سان مەحموودی غەزنەوی (٣٨٨ - ٤٢١ی کۆچی) و پیاوەکانی کە هێز و پلەوپایەی هەر کام لە ناودارانی دەورەی ئەو بەهێزی بژۆنی یەکێ لە پیرانی سەردەمی سان سەهاک دەچوێنێ بۆ وێنە: سان مەحموود بەسان سەهاک و سەردارەکانی سان مەحموود بەپیرەکانی و یارەکانی سان سەهاک دەچوێنێ و لە پاشا دەڵێ: هەموو ڕێی دروستی خوایان گرتەبەر، بەڵام تا نەمامەکەی شا ئیبراهیمی ئێوەت کە سان سەهاک نێژایە نەڕوێ، دیدەدارەکان ئاگەدار نابن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

## پیر دانیالی داڵاهویی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان، بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی تایبەتی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە: کە پیر دانیالی داڵاهویی یەکێکە لە پیرانی شارەزا و زانا و پارێزگار و ژیانی خۆی پتر بەپارێزگاری و خواناسی بردووەتە سەر و ماوەیەک لەلای سان سەهاک بووە و خەرقەی لێ وەرگرتووە و سەرئەنجام خۆی ڕێنوێنیی خەڵکی کردووە.

لە پیر دانیالەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرن:

عالەم ساچنا، عالەم ساچنا — مەولام جە نوورێ عالەم ساچنا
عالەم و ئادەم پەی وێش ڕاچنا — ئەو نوورەش جە پشت بنیام داچنا

واتە: خوام جیهانی بەدی هێنا و جیهان و بنیادەمی بۆ خۆی ڕازاندەوە و، ئەو تیشکەی سەرەتا لە پشتی ئادەم دانابوو.

پیر دانیال لەم هەڵبەستانەدا دیاردی دەکاتە بەدیهێنانی جیهان و ئادەم و، بەپێی بیروڕای موسڵمانان، خوای مەزن سەرەتای تیشکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی بەدی هێنا و پاشان ئادەم و بەرەی ئەوی سرشت کرد و لە پاشا ئەو تیشکە لە پشت ئادەما دانا و پشت بەپشت گەڕا تا گەیشتە عەبدوڵلای باوکی پێغەمبەر. خوای گەورە کاتێ تیشکی پێغەمبەری خولْقاند هەزار ساڵ ئەو تیشکەی لەلای خۆی دانا تا خەریکی پەسن و ستایشی خوا بوو، ئەوسا ئەو تیشکەی ڕوون کردەوە و هەزاران ساڵ تێ پەڕی تا لە تیشکی بیست دەریای داهێنا و هەر دەریایەک چەندین زانست بوو کە جگە لە خوا کەسێک ئاگای لێ نەبوو و، ئەو تیشکەی ژەندە ناو ئەو دەریایانەدا و پاشان پێی فەرموو: تۆ دوایین پێغەمبەر و تکاکاری ڕۆژی پەسڵانی، ئەوسا ئەو تیشکە خۆی خستە زەوی و کڕنۆشی لە خوا کرد و کاتێ سەری لە زەوی هەڵگرت، سەد و بیست و چوار هەزار دڵۆپی لێ ڕژا و خوای مەزن لە هەر دڵۆپێکی پێغەمبەرێکی بەدی هێنا.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر سەفەری قەڵاجەیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر سەفەری قەڵاجەیی لە پیران و خواناسانی بەناوبانگی سەدەی هەشتەمی کۆچییەو لە لای سان سەهاک ماوەیەک خوێندوویەتی و خەرقەی لێ وەرگرتووە و لە شارەزوور و دەوروبەری ئەو مەڵبەندەدا ژیاوە و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر سەفەرەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەرتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند نموونەیەک لەم هۆنراوانە:

ئەوکۆی سەمەنگان، ئەوکۆی سەمەنگان     بارگەی شام لوا ئەوکۆی سەمەنگان
وە فەرمان شام خواجای یەکڕەنگان     ڕوستەم نە یوورت پیر سەرهەنگان
چەنی تەهمینە بانۆی چەلەنگان     جام یەکڕەنگی نۆشا ڕۆچەنگان
هەر ئەو جامە بێ پاک کەردش ژەنگان     روستەم نە یوورت بنیامین سەنگان



واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە کۆی سەمەنگاندا هەڵدرا، بەفەرمانی شام، بنیامین لە قاڵبی ڕۆستەمدا بوو و، لەگەڵ تامینە ئەو خانمە شۆخوشەنگە، پەیوەندیی ژن و مێردیی بەست و جامێ بادەی خواردەوە و ئەم بادە ژەنگی دەروونی پاک و خاوێن کردەوە و، ڕۆستەمی لە لەشی پیرمدا هەڵسەنگاند.

پیر سەفەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە چیرۆکی ڕۆستەم و تامینە کە بەپێی شانامە، تامینە کچی فەرمانڕەوای سەمەنگان بوو کە دڵی لە ڕۆستەم چوو، شووی پێ کرد و پاشان کوڕێکی لێ بوو کە ناوی نا زۆراب و زۆراب کەم کەم گەورە بوو و پاشان بۆ پەیداکردنی باوکی لە سەمەنگانەوە بەرەو ئێران کەوتە ڕێ و دایکی بازووبەندێکی پێ دا کە بیکاتە باڵی، تا بتوانێ بەهۆی ئەو بازووبەندەوە خۆی بەباوکی بناسێنێ، بەڵام زۆراب باوکی نەناسی و بەدەستی ڕۆستەمی باوکی کوژرا.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- شانامەی فیردەوسی.

## پیر سوورەی هندلەیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر سوورەی هندلەیی سەرەتا لە شارەزووردا خەریکی خوێندن بووە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا نیوەی سەدەی هەشتەم کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر سوورەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو گردین دڵان، ئەو گردین دڵان     بارگەی شام وستەن ئەو گردین دڵان
نوختەش حازرەن حەل موشکڵان     ها یار داوودەن شەمع و مەشعەڵان
دادڕەس یاران نە ڕاگەی چۆڵان     ڕاهنمای یاران نە گشت مەنزڵان
یاران بیاوە نە ڕاگەی چۆڵان     وە کەلام و شوون وە پاکی زێڵان

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە تەواوی دڵەکاندا هەڵدرا، ئەو لە هەموو شوێنێکدا

ئامادەیە و گریّ کوێرەی خەڵک دەکاتەوە، ئەوا داوودیش بووە شەم و مەشخەڵی خەڵک، وە ئەو لە ڕێی چۆڵ و سەخت و هەڵەتدا دەگاتە فریای یاران و لە هەموو قۆناخێکدا ڕێنمای خەڵکە و، لە دەشت و چۆڵدا یاران پەیدا دەکا، کەوابوو هەموو بەپاکی و خاوێنییەوە دانیشن و ژیان بەرنەسەر.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

## پیر نیعمەتی تەوەردار

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر نیعمەت یەکێکە لە پیران و یارانی سان سەهاک کە لە تافی جوانیدا چووە لای ئەو و لە پاش چەندین ساڵ کە لە لای ماوەتەوە، خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و سەرئەنجام ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر نیعمەتەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو کفر و کینە، ئەو کفر و کینە          بارگەی شام وستەن ئەو کفر و کینە
کفری کفرشان نە دەم بەرشینە          پیر و پیرعالی داواشان هینە
شا دا جەلاشان جە قەهرو قینە          یاران پۆشاشان جامەی کەمینە

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە شاری کفر و کینەدا هەڵدرا، خەڵکی کفری کفریان لە دەم دەردێ، وەکو پیر بنیامین و پیر عالی کە لەسەر پیری بووە شەڕیان تا شا قار و قینی لە ناویان هەڵگرت و یاران لە بەرامبەری خاوەندکاردا کڕنۆشیان کرد و سەریان دانەواند.

کفری یەکێ لە شارەکانی کوردستانی عێراقە و دەڵێن کە ئەم شارە خەسرەو پەروێزی ساسانی (٥٩٠ – ٦٢٨ی زایین) ئاوای کردووەتەوە. ناوی شارەکە لە ناوی دارێکەوە وەرگیراوە کە لە ڕابردوودا لێڕێکی کفری لەم شارەدا هەبووە و بەهۆی بوومەلەرزەیەکی زۆر سەختەوە شارەکە و لێڕەکە لەناو چوون و پاشان شارەکەیان سەرلەنوێ ئاوا کردووەتەوە.



ریچ لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی: لە کفریدا شوێنەواری کۆن کە پەیوەندیی بەساسانییەکانەوەیە بەزۆری دەبینرێ و گەلێ دێزە و گۆزەی قوڕینی ئەو دەورەش کەوتووەتە دەست. جەماوەری شارەکە نزیکەی حەوت هەزار کەسن و خەڵکەکەی کوردن و زۆربەیان خەریکی کاری کشتوکاڵ و کاری بازرگانین. بەرهەمی شارەکە بریتییە لە گەنم و جۆ و کونجی و چەوەندەر و ترێ و سێو و هەرمێ. لەم شارەدا خەڵووز و نەوتیش بەزۆری دەست دەکەوێ و گۆڕێکیشی تێدایە بەناوی (بابە شاسوار) کە خەڵک دەچنە دیتنی و ڕازونیازی لەسەر دەکەن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- رحلە ریچ فی العراق ترجمە بهاالدین نوری – بغداد ١٩٥١.

## پیر دلاوەری دەرەشیشی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر دلاوەر زانا و پیرێکی زۆر بەرز بووە و لە هەموو زانستێکدا شارەزا بووە و ماوەیەکی زۆر لە شارەزوور و هەوراماندا ژیاوە و سان سەهاک زۆر خۆشی ویستووە و خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر دلاوەرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

وست و بەڕبەڕی، وست و بەڕبەڕی          بارگەی شام وستەن وست و بەڕبەڕی
پادشام ئاگا بی نە گشت هەوەڕی          یار پاک باوەر ئەو دەرگا و فەڕی
یاران نەکەران وە لەفز تەڕی          ها یوورت فیرعەون مەرد قەڕقەڕی
وێش کەرد وە خودا شاه و شەهپەڕی          نام وێش مەنیۆ هەیاس و شەڕی
بفرۆشۆ یاری وە جیفە و زەڕی          یاران ماوەڕۆ وە ڕاگە و شەڕی
فەردا خجاڵەت لاڵ مەوۆ کەڕی

واتە: بارەگا و خێوەتی خوام لە نێوان دەشتەکییەکاندا هەڵدرا. خوام لە گشت هەواڵێک ئاگەدارە، یارێک کە بڕوای پاک و خاوێن بێ، بەدەرگای خواوە نزیکە. ئەی یاران! ڕێ و ڕچەی خواناسی بەبێهوودە دامەنن و بایەخی پێ بدەن، فیرعەون ئەو دژمرۆیە، خۆی کردە خوا و شای پەرییەکان، بۆ ئەوەی ئەم ڕێ و ڕچەیە بەزێڕ و زیو بفرۆشێ و یاران بخاتە ڕێی خراپ و ئەهریمەنی و لە ڕێی ڕاست لایان دا. ئەو لە ڕۆژی پەسڵان لەلای خوادا شەرمەندە و لاڵ و کەڕ دەبێ.

پیر دلاوەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر ڕووداوی فیرعەون کە بەخەڵک دەڵێ: «اَنارَبُّکم الأعلی» واتە من خوای هەرە بەرزی ئێوەم. مووسا لە ماڵی ئەودا پێ گەیشت، ئەوەش بەو جۆرە بوو کاتێ دایکی زانیی کە نەسەقچیانی فیرعەون منداڵە ساواکەی دەکوژن، ئەوی خستە ناو سەندووقێکەوە و خستیە ناو ئاوی ڕووباری نیلەوە، ئاوەکە سەندووقەکەی برد و ئەوسا پیاوانی فیرعەون سەندووقەکەیان گرتەوە و دایانە ژنەکەی فیرعەون و ئەویش لەبەرئەوەی منداڵی نەبوو بۆ خۆی گەورەی کرد و مووسا سەرئەنجام بەسەر فیرعەوندا زاڵ بوو و جوولەکەکانی لە ستەمی ئەو ستەمکارە ڕزگار کرد.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

## پیر حەیاتی ماچینی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر حەیاتی ماچینی پیرێکی زانا و شارەزا و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بووە و لە دەوری لاویەتیدا چووەتە لای سان سەهاک و چەندین ساڵ لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا لەوێوە ڕۆیشتووەتە شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر حەیاتەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:



یاران هامڕا، یاران هامڕا  ...  رای راست بگێرن یاران هامڕا
یاری نەکەرن وە جەنگ و هەڕا  ...  وێنەی سامری خەلق کەرن گومڕا

واتە: ئەی یارانی هاوڕێ! ڕێی ڕاستی خوایی بگرن و لەناو خۆتاندا مەکەنە شەڕ و هەرا و وەکو سامری خەڵک گومڕێ مەکەن.

پیر حەیات لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر ڕووداوی سامری لە نەبوونی مووسادا کە چل ڕۆژ بۆ هێنانی تەورات ڕۆیشتبووە کێوی توور، خەڵکی لە ڕێ دەرکرد و ئەوانی هان دا کە گوێرەکە زێڕینەکەی بپەرستن.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

## پیر ناریی هەورامی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (سەرئەنجام)دا نووسراوە کە پیر ناریی هەورامی لە هەوراماندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە دەوری لاویەتیدا لەلای زانایان خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەکی زۆر لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر نارییەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یاران مزگانی شام نە کۆی مێرن  ...  مێرم نۆشزادەن سەرمایەی خێرەن
شاهم شاپوورەن پوور ئەردەشێرەن  ...  پەرێ دوشمنان چون وەچکە شێرەن
مێرش سەنجنی وە چەشمەی یاری  ...  نە بەرەش ئۆرمزد وێش دا دیاری
چاقا وارما وە ئاشکاری  ...  مێردانش جەم بین پەی ڕەستگاری
مەولام ڕەنگبازەن ڕەنگ مەدۆ وە کۆچ  ...  کۆچش تاریی شەو مەکەرۆ وە ڕۆچ

واتە: ئەی یاران! مزگێنی بدەن کە شام هاتە ماڵی مێرەک، مێرەکی نۆشزاد سەرچاوەی

خێر و خۆشییە. شام شاپووری کوڕی ئەردەشێرە و لە بەرامبەری دوژمناندا وەکو بەچکەشێر ڕادەوەستێ، ئەو مێرەکی بەسەرچاوەی یاری هەڵسەنگاند و کچەکەی ئەوی خواست و لە پەیوەندیی ئەوان ئۆرمزد پەیدا بوو. ئەوسا شا فەرمووی کە بەئاشکرا هەمووی خەڵک کۆبنەوە و جەژنێک بەدی بێن. خوام ڕەنگبازە و بەکۆچ و باری گیانەکان ڕەنگ دەبەخشێ و کۆچی ئەوان تاریکی شەو دەکاتەوە ڕۆژ.

پیر ناری لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە چیرۆکی کچی مێرەکی نۆشزاد و شاپووری ساسانی کە بەپێی شانامە، شاپووری هەوەڵ کوڕی ئەردەشێری ساسانی ڕۆژێکیان چووە ڕاو، کچێکی لە باخێکدا دی کە لەسەر بیرێکدا دۆڵێ قورسی هەڵدەکێشا کە چەند پیاو نەیدەتوانی ئەو کارە بکا کەچی ئەو بەئاسانی دۆڵەکەی دەکێشایە سەر. شاپوور کاتێ چاوی پێ کەوت بۆی دەرکەوت کە ئەو کچی مێرەکی نۆشزادە و لە دوژمنانی بابیەتی کە لە شەڕدا زۆربەی پیاوانی بنەماڵەکەی کوژرا بوون. شاپوور دڵی لێ چوو و خواستی و پاشان کوڕێکی لێ بوو بەناوی هۆرمز.


سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- شانامەی فیردەوسی.


## پیر نەریمانی شاهۆیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی بارگە بارگەدا نووسراوە کە پیر نەریمانی شاهۆیی پیرێکی ئاگا و شارەزا و زانا بووە و لە خواناسی و پیتۆڵیدا بەهرەیەکی زۆری بووە و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی رینوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دواییی کردووە.

لە پیر نەریمانەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یوورت موختار، ئەو یوورت موختار
بارگەی شام وستەن ئەو یوورت موختار



جە یانەی بن جان شا کەردش گوزار
عالەم ئەرواح شەو ڕۆ بێدار
بێ خورد و بێ خاو دایم بین وشیار
واردەنیشان بێ جە نوور ڕۆزگار
ئەحمەد موختار ناگا بی پەروار
زات و خواجام بێ نوور کەرەمدار
دێوە قووتش کەرد ڕۆح سەد هەزار
پەوکە سەرش شی وە قوللەی سەییار
نە شوون باوەش بی وە شەهریار
یەک زیندانش کەند یەمین و یسار
سەد هەزار مێرد بی تێدا گرفتار
باوەش تەیموور شا خەریک مەند ناچار
سەرانسەر مەخلووق مەکەردش نەزار
تا زیاوە ڕەحم زات شای سوار
کیانا وەلاش ئەو مەرد ئیختیار
کەردش نەسیحەت وە حەرف پندار
تا کە ئەحمەد شای با حشمەت ویقار
ئاوەردش دێوە بەستش نە رووی دار
چوارتەن، هەفتەنش چەوگا کەرد ئاشکار
میرزا زەریر بێ بنیامین یار
پیر مووسی وەزیر میرزا زەڕەقەتار
میرزا زەڕنەوڕۆز داوود نازار
میرزا زەڕهادی جە یوورت ڕەمزبار
مستەفا نامش قەبیل خوونخوار
زەردەبام بام زەڕبافت زەنگار
تەیموور شا ئێوەت جە ذات طەیار
ساقی کەوسەرەن ساحێب زولفەقار
نە ڕۆژ عوقبا ئاو مەدۆ وە یار

مەولام رەنگبازەن رەنگش عەجەب کار
مەنمانۆ رەنگ رەنگ پەی مێردان ئیقرار
مێردم گەرەکەن نەگێلۆ و تار
ژەی ڕەنگا رەنگە ئەو نۆش کەرۆ ژار

واتە: بارەگای شام چووە قالبی ئەحمەدی موختار و لە ماڵی جان کوڕی جان تێ پەڕی و گیانەکان لە جیهانی خۆیاندا شەو و رۆژ وریا بوون، بەبێ خورد و بێ خەو هەموو دەم وشیار بوون و خورد و خۆراکیان لە تیشکی ڕۆژگار بوو کە لەناو ئەواندا لە پڕ ئەحمەدی موختار پەیدا بوو و، ئەو لە تیشکی خوایی کەڵکی وەرگرت و لەم کاتەدا دێو گیانی سەد هەزار کەسی قووت دا و ئەوەبوو کە خۆی گەیاندە لووتکە چەرخی گەڕۆک و لەوێدا بزر بوو، وە لە دوای باوکی بووە شالیار و بەندیخانەیەکی گەورەی لە چەپ و راستەوە هەڵکەند و سەد هەزار کەسی تێدا بەند کرد و باوکی تەیموورشا لە کارەکانی سەری سووڕما و تەواوی خەڵک چاوەڕوان بوون تاکو خوای تاق و تەنیا بەزەیی بەخەڵکدا هات و ئەوسا باوکی پیرەمێردێکی ناردە لای ئەحمەدی موختار کە پەندی کوڕەکەی دابدا، ئەحمەد شای ژیر دێوەکەی هێنا و دای لە سێدارە و ئەوسا چوارتەن و حەوت تەنی ئاشکرا کرد کە بریتی بوون لە میرزا زەریر و میرزا قەتار و میرزا نەورۆز و میرزا زەڕهادی و قەبیلی خوێنخۆر و زەڕبافت و زەڕنیگار. خاوەنی زولفەقار مەیگێڕی کەوسەرە و، ئەو لە ڕۆژی دواییدا بەیاران ئاوی کەوسەر دەدا. خوا رەنگبازە و هەموودەم ڕەنگ دەپژێنێ و یارێکم دەوێ کە لە پەیمانی خۆی پەشیمان نەبێتەوە و دڵی لێڵ و تاریک نەبێ و ژاری ئەم ڕەنگانە بخواتەوە و نۆشی گیانی بکا.

ئەحمەدیی موختار یەکێکە لە پارێزگاران و فەرمانڕەوایانی دەوری کۆن کە یارەکانی بریتین لە: میرزا نەورۆز و میرزا قەتار و میرزا زەڕهادی و زەڕبافت و زەڕنیگار، قەبیلی خوێنخۆر کە هۆنەر هەر کام لەمانە بەنوێنگەی یەکێ لە پیرانی هەرە گەورەی سەدەی هەشتەمی کۆچی دادەنێ.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، جان کوڕی جان بەر لە سرشت بونی ئادەم هەبووە و پاشان ئادەم بەدی هاتووە و جان لە ئاگر و ئادەم لە خاک دروست بووە و، جان لە قورئانی پیرۆزدا بەواتای جنۆکەیە و لە ئایەتی ٢٧ی سورەی (حُجر)دا دەفەرموێ: «وَلَقَد خَلَقْنَا الاِنسْانَ مِنْ صلصالٍ من حَماءٍ مَسنوُنٍ وَ الجان خَلَقناهُ مِنْ قَبلُ مِنْ نارِ السَّموُمِ». واتە: مرۆمان لە قوڕی وشک و ڕش و بۆندار و کۆنە بەدی هێنا و جنۆکەمان لە ئاگر سروشت کرد.



هۆنەر هەروەها دیاردیی کردووەتە کەوسەر کە ناوی حەوزێکە لە بەهەشت و دەڵێن هەر کەسێک لە ئاوی ئەم حەوزە بخواتەوە ڕزگار دەبێ و، بەپێی سەرئەنجام، مەیگێڕی ئەم حەوزە، عەلی کوڕی ئەبووتالبە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

## پیر تەیاری خوراسانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر تەییاری خوراسانی لە پیتۆڵی و فەلسەفەدا دەستێکی باڵای هەبووە و لە تافی جوانیدا چووەتە لای سان سەهاک و ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر تەیارەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو یانەی دارا، ئەو یانەی دارا　　　بارگەی شام وستەن ئەو یانەی دارا
زیا و ئەسکەندەر جامش جان ئارا　　　خەرجش سەن نە قاف کەش و کۆی خارا
نە کوورەی ئافتاو چوار قەرنەی سارا　　　جە گشت بەڕووبار حوکمش و یارا
چەوگا جامەشان وە سڕو نارا　　　بنیام، ئەفلاتوون حەکیم یارا
داوود، ئەرەستو مەعریفەت کارا　　　لوقمان، پیر مووسی ئەشیا پێش وارا
نوورش وە درەخت سەوز مەوۆ جارا　　　مستەفا وە دوون ئەرزەق زیارا
ئێوەت موحەممەد شێرزاد زارا　　　کیسیا بانۆ یوورت ڕەمزبارا
هەفتەنان چەوگا شین نە پێوارا　　　بابا یوورت میر تەمام مەشمارا
جۆق هەفتەوان مێرد تۆمارا　　　مەولام عەیارەن نە جای عەیارا
نە هەر جامەیێ ڕەنگش نیارا　　　یارم گەرەکەن مێرد هۆشیارا
مەتای بێ داغمش نەبۆ نەیارا　　　یاران وە کەلام مەوان ڕستگارا

واتە: بارەگای شام لە کۆشکی دارادا هەڵدرا و ئەسکەندەر لەگەڵ جامی گیان ئارادا ژیا و، لە کێوی قاف و دەشت باجی وەرگرت و لە کوورەی خۆر و چوار لای دەشت و بیاوان و سەراسەری بەژ و دەریادا فەرمانڕەوایی دەکرد، یارەکانی هەر کام نوێنگەی یەکێ لە پیرانی یاری بوون ناویان بەم چەشنەیە: ئەفلاتوون، ئەرەستوو، لوقمان، کیسیا، محەمەد شێرزاد، بابا، کە ئەمانە ئاوێنەی: پیربنیامین، پیرداوود، پیرمووسا، مستەفا دەودان، ڕەمزبار و میرسوور و بوون. لەو کاتەدا حەوت تەنان لە پەردەی نهێنی هاتنە دەرەوە، لە هەر کوێدا عەیارەکان هەبن، سەرۆکمیش هەیە، ئەو لە هەر قاڵبێکدا ڕەنگی دەنوێنێ و یارێکم دەوێ کە هەمووەدم لەم ڕازانە وشیار بێ و کاڵاکەی بێ خەوش بێ. ئەی یاران! بەهۆی خوێندنەوەی پەڕتووکی سەرئەنجامەوە ڕزگار دەبن.

ئەسکەندەر کە دیاردی پێ کراوە، هەر ئەسکەندەری مەقدۆنی کوڕی فیلیپە کە لە ساڵی ٣٥٦ی بەر لە زاین لە دایک بووە و پیاوێکی وشیار و زیرەک و زانا و نەبەز بووە، باوکی نایە لای ئەرەستوو کە فێری خوێندن و زانستی بکا و لە تەمەنی بیست ساڵاندا نیشتە سەر تەخت. لە بەهاری ساڵی ٣٣٤ی بەر لە زاین لەگەڵ چل هەزار سەربازدا هێرشی بردە سەر ئێران و ئاسیای بچووک و ئەو وڵاتانەی گرت. هەروەها سەیدا و سوور و میسر و لیبیی داگیر کرد و لە شاری هەولێردا لەگەڵ دارای پادشای ئێراندا بەشەڕ هات و لەشکرەکەی تارومار کرد و لە پاش ئەو ڕووداوە دارا پێشنیاری ئاشتیی دا، بەڵام ئەسکەندەر قەبووڵی نەکرد و دیسانەوە لەگەڵیدا بەشەڕ هات و دارا لەشەڕدا کوژرا و ئێران کەوتە دەست ئەسکەندەر و تەختی جەمشیدی ئاگر تێ بەردا و پاشان هیندستانی گرت و ئەوسا گەڕایەوە بابل و خەریکی ڕابواردن بوو تا لە ساڵی ٣٢٣دا کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- تاریخ یونان قدیم. تالیف: دکتر احمد بهمنش - تهران ١٣٣٨.
٤- تاریخ ملل شرق و یونان. تالیف آلبرماله - ترجمه عبدالحسین هژیر - تهران ١٣٣٢.



# پیر عنوانی کەعبەیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر عنوانی کەعبەیی لە پێشەوایان و ڕابەرانی پارێزگاری یارییە کە ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشان خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر عنوانەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نە ئەو کۆی جەمشید، نە ئەو کۆی جەمشید
بارگەی شام وستەن نە ئەو کۆی جەمشید
وێش بی مەنووچێهر چاو روو ئومێد
جەمشێر، زەردەبام بی جە وەر زید
حاجات جەهان ئەو کەردش پەدید
تەعلیم حەیوان پا دەستش وەرزید
چوارتەن هەفتەنان شوونشان پەرزید
قوباد ها بنیام وەزیر شاهید
داوود بێ کاوە ئوستاد حەدید
فەرەیدوون رۆچیار دەفتەرش تەمجید
شیدە، مستەفا ڕوخسارش چون شید
رەمزبار، زەڕین گوڵ، والی ئیرەج وید
ئیرەج، زەردەبام چەنی حەق مورید
سەلم و توور سپاش وێنەی وەڵگ بید
مەولام رەنگبازەن رەنگشەن تەوحید
گایێ جە باتن، گایێ جە زاهید
یاران جە ڕەنگش نەوان نائومێد

واتە: بارەگا و خێوەتی لە کۆی جەمشیدا هەڵدرا. شام نوێنگەی مەنووچێر و سەرچاوەی هیوا بوو، جەمشیدیش نوێنگەی بابە یادگار بوو و، پێویستییەکانی جیهانی بەدی هێنا و وڵسات بەدەستی ئەو راهاتن و چوار تەن و حەوت تەن بەو جۆرە سەریان هەڵدا. قوباد، کاوە، فەرەدیوون، شیدە، زەڕین گوڵ، ئیرەج، سەلم و توور کە ئەمانە بریتی بوون لە: بنیامین و داوود، ڕۆچیار، بابە یادگار، رەمزبار، خوام ڕەنگڕێژە و ڕەنگەکەی ڕەنگی یەکتاپەرستییە و هەندێ جار لە دەروون و برێ جار لە ڕواڵەتەوە سەر هەڵدەدا. ئەی یاران: لە ڕەنگی ئەو نائومێد مەبن.

پیر عنوان لەم بەندەدا دیاردی دەکاتە جەمشیدی پێشدادی کە لە پاش تەهموورس بووە پادشا و شارەکان و دێکانی ئاوا کردەوە. بەپێی پەڕاوی (ئاڤێستا)، جەمشید جلوبەرگی داهێنا و کەشتیی دروست کرد و بژیشکیەتی فێری خەڵک کرد و وڵسات بەدەستی ئەو ڕام بوون و گەوهەری دەرهێنا و، لە زەمانی ئەودا نەسەرما بوو و، نە گەرما و، نە پیری بوو و، نە مەرگ و نە ڕژدی دێوەکان. لە پاش ئەم کارانە لە خۆی بایی بوو و خلێڵە کەوتە دڵی و ئەهریمەن بەسەریا زاڵ بوو و لە ڕێی خوای تاق و تەنیا دەرچوو و، داوای لە خەڵک کرد کڕنۆشی بۆ بەرن. ئەوەبوو کە ئەژیدەهاک بەسەریا زاڵ بوو و بەهەڕە دایان هێنا.

کاوەش کە دیاردی پێ کراوە، ئاسنگەرێکی کورد بووە و هەژدە کوڕی هەبوون کە پیاوکوژانی ئەژیدەهاک حەڤدەیان کوشت و مێشکەکەیان دایە دەرخواردی مارەکانی سەر شانی ئەو پاشا ملهوڕە و سەرئەنجام کاوە دڵی هاتە جۆش و کەوڵەکەی کردە ئاڵا و خەڵکی وڵاتی کۆ کردەوە و ئەوسا بەڕێبەرایەتیی کاوە هەموو هێرشیان بردە سەر ئەژیدەهاک و لەناویان برد و پاشان خەڵک ئاڵاکەیان بەزێو و زێڕ و گەوهەری جۆر بەجۆر ڕازاندەوە و ئەو ئاڵایە سەرئەنجام لە هێرشی موسڵمانان کەوتە دەست زرای کوڕی خەتات و ئەویش فرۆشتیە پیاوێک و ئیتر لەو ئاڵا ئاگەداریەکمان نییە و نازانین چیی لێ هاتووە.


سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- یسنا - تفسیر وتالیف پورداود - تهران ١٣٥٥.

٤- یشت ها - تالیف و تفسیر پورداود - بمبئی ١٣٠٧.






# پیر ئەحمەدی گەنجەیی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر ئەحمەدی گەنجەیی چەندین ساڵ خەریکی خوێندنی زانست بووە و گەلێ سان سەهاکی خۆش ویستووە و ماوەیەکیش لەلای ئەو ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دواییی کردووە.

لە پیر ئەحمەدەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

بەوێنەی بلال تۆیچ ئەحەد واچە　　یا هەر نە جەمدا ڕووکەر وە ناچە
وەگەر مەواچی ساتێ بساچە　　وەرنە ناهالان مەبۆن دووهاچە

واتە: تۆش وەکو بلال (اَحَد اَحَد) بڵێ و، یا لە جەمخانەدا بەبەڵێن و پەیمانەکەی خۆت ڕەفتار بکە و، ئەگەر ئەمە ناکەی، لەگەڵ خۆتدا بسازە و ڕازت مەدرکێنە، چونکە گێلەکان لە ڕازی تۆ بەهرە دەبەن. هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە بلالی کوڕی ڕباح کە بانگوێژی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بوو، کاتێ کە بووە موسڵمان، بتپەرستەکان دەستیان کردە ئازاردانی، چونکە ئەو خولام بوو نە ئازاد. یەکێ لەو کەسانەی کە زۆر ئازاری ئەوی دا، ئومەییەی کوڕی خەلەف بوو کە ڕۆژێکیان ئەوی لەناو زەرد و ڕەوەزەکانی مەکەدا خەواند و شەلاقی لێ دا و داوای لەو کرد کە لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕێتەوە و ڕوو بکاتە لات و عوزا، گەرچی کەوتبووە ناو سەخڵەتی، بەڵام هەموو دەم دەیوت (اَحَد اَحَد)، تاکو هافی ئەبووبەکر خوای لێ ڕازی بێ لەوێوە تێ پەڕی و قیژاندییە سەر بتپەرستەکان و وتی: لەبەرچی ئازاری دەدەن؟ ئومەییە وتی: ئەمەمان لێ بکڕە. ئەبووبەکر ئەوی کڕی و هێنایەوە ماڵ و ڕووداوەکەی بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام گێڕایەوە و پێغەمبەر فەرمووی: لەم ماڵەدا لەگەڵ تۆدا هاوبەشم. ئەبووبەکریش وتی: من لەبەر پێغەمبەری خوا ئەم کارەم کردووە.


سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- تاریخ اسلام تألیف دکتر علی اکبر فیاض - مشهد ١٣٣٩.

٤- تاریخ تمدن اسلام تالیف جرجی زیدان ترجمهء علی جواهر کلام - تهران.

# پیر نادری قەرەپاپاقی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی تایبەتی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر نادری قەرەپاپاقی پیرێکی ئاگا و زانا و ڕۆشنبیر بووە و خەرقەی لە سان سەهاک وەرگرتووە و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

پیر نادر هەندێ جار هۆنراوی هۆنیوەتەوە و زۆربەی هۆنراوەکانی لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

مەبەر بەوێنەی ئیشووع تایی   بت و بتخانەش چەوگا نیایی
هەر کە عاقڵەن مێرد دەرگایی   چا وەختە گێڵۆ عەقڵش پەیمایی
هەر نە رۆی ئەزەڵ هەتا وەیگایی   چەند کەس کەمینە گومڕا ڕووسیایی
بێ تەماکاری جیفەی دونیایی   وێش نیا خودا نە جای خواجایی
بەڵێ جە ئاخر نیشان سەدایی   خجەڵەت بیەنی، وە بێ بەهایی

واتە: وەکو ئیشووع مەبە کە بت و بتخانەی دانا. هەر کەسێک وشیار و نزیک بەدەرگای خوابێ و، ئاوەزی خۆی بخاتە کار، ڕێی ڕوون و ئاشکرا دەبڕێ. لە ڕۆژی بەرینەوە تا ئێستا، چەندین کەس گومڕێ و ڕووڕەش بووە و، لە ڕووی ئازوەری و تەماکاری، خۆیان دەکەنە خاوەندکار و هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن. بەڵێ لە ڕۆژی دواییدا دەنگی ئەم چەشنە کەسانە بەگوێی کەسێکدا ناگا و ئەوان لە بارەگای خواییدا شەرمەزار و بێ بەهرە دەبن.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر ڕووداوی ئیشووعی جوولەکە کە لە جێی عیسادا ئەویان لە دار دا. بەپێی پەڕاوەکانی ئاینی، عیسا جوولەکەکانی بانگ کردە سەر ئاینەکەی خۆی و ئەوان قبووڵیان نەکرد و داوای پەرجۆیان لێ کرد، ئەو مردوویەکی بەناوی خوا زیندوو کردەوە تا بەپێغەمبەریەتیی ئەو بڕوا بهێنێ. سەرئەنجام جوولەکەکان هاتنە سەر ئەوە بیکوژن و ئەویش لە دەستیان هەڵات، بەڵام یەکێ لە حەوارییەکان کە ناوی یەهوودا بوو، لە بەرامبەری سێ درهەم بەرتیلدا عیسای بەوان پیشان دا و جوولەکەکان ویستیان عیسا بگرن، خوا ئەوی لەبەر چاویان شاردەوە و ئیشووع سەرگەورەی جوولەکەکانی بەچەشنی عیسا دەرهێنا و ئەویان گرت و هەرچی هاواری کرد و وتی کە من



ئیشووعم سوودێکی نەبوو و، ئیشووعیان لە دار دا و عیساش بەفەرمانی خوا ڕۆیشتە ئاسمان. ئیشووع حەوت شەو و ڕۆژ لەسەر خاچەکەدا مایەوە، مریەم هەموو شەوێک دەهاتە بەر خاچەکە و دەگریا. شەوی حەوتەم عیسا لە ئاسمانەوە هاتە زەوی تا مریەم ئارام کاتەوە، حەوت کەس لە حەوارییەکانیش ئەو شەوە عیسایان دی تا بەرەبەیان لەگەڵ ئەودا بوون و پاشان عیسا ڕۆیشتەوە ئاسمان.

سەرچاوەکان:

١– سەرئەنجام (دەستنووس).
٢– بارگە بارگە (دەستنووس).
٣– تاریخ قرآن. تالیف صدر بلاغی – تهران ١٣٤١.
٤– قاموس کتاب مقدس ترجمه وتالیف مسترهاکس – بیروت ١٩٢٨.

# پیر مەحموودی لوڕستانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر مەحموودی لوڕستانی لە لوڕستاندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەلێ شوێن گەڕاوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لە لای سان سەهاک بۆ ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر مەحموودەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە هەندێکیان لە پەڕاوی سەرئەنجامدا تۆمار کراون. ئەمەش هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو یانەی خونکار، ئەو یانەی خونکار   بارگەی شام وستەن ئەو یانەی خونکار
چارەکێ یەویش نویسنا کردار   عوسمانە جوولاش کەرد وە زەڕەدار
کەردش وە پادشا تەخت حوکم ئاسار   نە چلەی زمسان ئەنگوور کەرد تەیار
مۆعجزەی ناوس دووەم کەرد ئیزهار   پەرێ زەعیفەی خەستەی ئەزیەت بار
دووەم مەیلش کەرد ئازیز سالار   چەوگا مەنیەران نەعلەین پەی ئیقرار
ئاوەردش وە جا شەرت نامەی پەی یار   ئاما پردیوەر خواجای ساحێبکار
یاران بەیدیوە دەور بکەری حەسار   شەرت پردیوەر باوەری و گوفتار

بی بوغض و مەنی نەبۆتان ئازار    داوود مۆعجزەش چەوگا کەرد ئیظهار
هەر رۆ زرێ یی مەکەردش تەیار    ئەوسا ئاوەردش شەرت نامە پەی یار
هەتا مەیلش کەرد ئازیز سالار

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە ماڵی خونکاردا هەڵدرا، لە چوار فریشتەکان هەر یەکێکیان کردەوەی خەڵک دەنووسێ، خوا عوسمانە جووڵای کردە خاوەن پلەوپایەی بەرز و ئەوی کردە پاشا و تەخت و فەرمانی دا پێ و لە چلەی زستاندا ترێی ئامادە کرد و بابە ناووس دیسان پەرجۆی خۆی دەرخست و بۆ دایە خەزان کە ئافرەتێکی پەشۆکاو بوو ئەم پەرجۆ و مۆجزەیە نواند. سالاری خۆشەویستم دیسان بەزەیی پێماندا هاتەوە و، بۆ یارانی خۆی پەیمانی خۆی بەجێ هێنا و خواجەی خاوەن کار هاتە پردیوەر. ئەی یاران! وەکو پەپوولە لە دەوری ئەودا حەڵقە بدەن و پەیمانی پردیوەر بەجێ بێنن، ئەگەر کین و ڕق لە دڵتان دەرکەن ئازارێک نابینن. داوود لەو سەردەمەدا پەرجۆی خۆی نواند و هەموو ڕۆژێک زرێیەکی دروست دەکرد و پاشان پەیمانی خۆی بۆ یار بەجێ هێنا و سالاری خۆشەویستم دیسان ڕەندی بەزەیی پێماندا هاتەوە.

خونکار و عوسمانە جووڵا لە ناودارانی سەدەی چوارەمی کۆچی یارین کە لە دەوری بابە سەرهەنگ (٣٢٤ی کۆچی)دا ژیاون کە هۆنەرە دیاردیانی پێ کردووە.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە داوود پێغەمبەر و زرێگەری ئەو کە هەموو ڕۆژێ زرێیەکی دروست دەکرد و دەیفرۆشت و دەیدایە دوو سەد دەرهەم و بەدەروێشەکان و هەژارەکانی دەبەخشی و پەیمانی خۆی بەجێ دەهێنا و لە ڕێی خوا هەنگاوی هەڵدەگرت.


سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).




## پیر نەجمەدینی پارسی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام کە یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک، لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیر نەجمەدین گەلێ سان سەهاکی خۆش ویستووە و هەر لەو خەرقەی وەرگرتووە و پاشان خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لەم پیرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر بەرز و تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو ئەردەوێڵی، ئەردەوێڵی    بارگەی شام وستەن ئەو ئەردەوێڵی
مێردان بەیەوە ئەو وەر و پێڵی    وە وێڵ مەماندی جە فام زێڵی
حیشمەت مەولام وە ڕەحمەت گێڵی    ساحێب تەدبیر ئاو و جۆ و بێڵی
ها هەفتەوانەن سکە و سەرخێڵی    مەکەران حاسل بەرز و گرد کێڵی
جەوزشان وە دەستەن سەرچەشمەی نێڵی    یاری نەکەران وە فەند و فێڵی
نکە جە ئاخر وێڵ بان جە ئێڵی

واتە: بارگە و خێوەتی شام لە شاری ئەردەوێڵدا هەڵدرا. ئەی یاران! هەمووتان لە دوارۆژدا لەسەر پردەکە تێ دەپەڕن و ئەگەر ئاوەزی خۆتان نەخەنە کار، ئاوارە و سەرگەردان دەبن. فەڕ و شکۆی خوام دەبێتە بەزەیی، ئەو خوای تەگبیر و ئاو و جۆگە و بێڵە، ئەوا حەوتەوانە دراو و ڕێبەری عێلاتی یارییە، ئەوان مایەی بەرهەمی ئێوە لە دەشت و کێو و بیاوان دان، گوێزی یاری کە سەرچاوەی نیازەکانە هانە بەدەستی ئەوانەوە. کەوابوو ڕێ و ڕەوشتەکانی یاری بەفڕوفێڵ ئەنجام مەدەن، نەکا لە ڕۆژی پەسڵاندا لە عێل و دەستە و گرۆی خۆتان بەجێ بمێنن و ئاوارە و سەرگەردان بن. هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر پردی سیرات کە وەکو دەڵێن باریکتر لە مووە و بەسەر دۆزەخەوەیە و لە ڕۆژی دواییدا مرۆ بەسەر ئەو پردەدا دەڕوا و ئەگەر چاک بێ لەسەری تێ دەپەڕێ و ئەگەر خراپ بێ دەکەوێتە خوارەوە دەچێتە دۆزەخ، جا هۆنەر دەڵێ: ئەی یاران! هەمووتان لە ڕۆژی پەسڵاندا لەسەر ئەو پردە تێ دەپەڕن و ئەگەر ئاوەزی خۆتان نەخەنە کار و خەریکی چاکە نەبن لەو ڕۆژەدا سەرگەردان و ئاوارە دەبن و، خوا بەبەزەییە و ئەو خاوەن ڕا و تەگبیر و ئاو و جۆگە و بێڵە و بیروڕای داوە پێتان کە ڕێی خۆتانی پێ ببەنە سەر و ئاو و جۆگە و بێڵیشی داوە پێتان کە بتوانن ژیانی خۆتانی پێ بەڕێوە بەرن.

گوێز یا جەوز کە لەم هۆنراوانەدا دیاردی پێ کراوە، بریتییە لە کڕنۆش کردن لە بەرامبەری خوای تاق و تەنیا و شکاندنی بەندی هەوا و هەوەس و بۆیە یارییەکان هەر لە دەوری منداڵییەتیدا هەر کام دەبێ گوێزێکی هیندی بشکێنن و سەری خۆیان بسپێرن، نیازیش بریتییە لە بەخشینەوەی خواردەمەنی و نوقڵ و نەوات و ئەم جۆرە شتانە کە ئەوەش بەپێی ڕێ و ڕەوشتێکی تایبەت ئەنجام دەدرێ و ئەمانەش پەیوەندییان بەڕێ و ڕەوشتی یارییەوە هەیە.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).

٣- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

## پیر نەقی تووکانی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر نەقیی تووکانی پیرێکی ئاگا و شارەزا بووە و لە پیتۆڵی و فەلسەفەدا دەستێکی باڵای هەبووە. جێی لەدایکبوون و مردنی دێی تووکانە. لە پیر نەقییەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

وست و سرِخانە، وست و سرِخانە  یاری یادگار دورِ یەکدانە

وەشش نمەیۆ چەنی بێگانە  وە هەدەر نیشۆ یار نە جەمخانە

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە جیهانی ڕاز و نهێنیدا هەڵدرا. ڕێ و ڕچەی یاری یادگارێکە وەکو مرواری سپی، شام خۆشی نایە لەو کەسە کە لەگەڵ بێگانەکاندا لە جەمخانەدا دانیشێ و کاتی خۆی بەبێهوودە بباتە سەر. مەبەستی هۆنەر ئەوەیە کە کەسێک کە ڕێ و ڕچەی یاری وەرنەگرتبێ و سەری نەسپاردبێ، نابێ لەگەڵ ئەو لەجەمخانەدا دانیشن، چونکە کەسێک بڕوای بەو ڕێ و ڕچەیە نەبێ، بەنامۆ و بێگانە دەژمێررێ.

سەرچاوەکان:

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- بارگە بارگە (دەستنووس).



## پیر هاشمی ڕوژی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر هاشمی روژی پیرێکی ڕۆشنبیر و زانا و شارەزا بووە و هەموو دەم لەگەڵ زانایان و شێخاندا دواوە و خەڵک ڕێزی ئەویان گرتووە و خۆشیان ویستووە. لە تافی جوانیدا چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لە لای سان سەهاک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە.

لە پیر هاشمەوە هەندێ هۆنراو بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەو مازەندەران، ئەو مازندەران  بارگەی شام وستەن ئەو مازەندەران

یاران مەکەردی جەنگ و قەوەران  کەیکاوس وێش بێ پادشای شاهان

سوڵتان یەکرِەنگ خواجای غولامان  برووزدا بەیان یوورت حەفتەنان:

ڕوستەم بێ بنیام پیر شەفاهان  هاگیو بێ داوود چەرخچیی جەهان

گۆدەرز پیرمووسی نوکتەی تیرنیشان  روستەم یەکدەست مستەفا دەودان

بەهرام بێ ڕەمزبار مێهر رەزم خوان  زەوارە وێش بێ یار زەردەبان

جیهانبەخش ئێوەت هام بەقای خواجان  چوارتەن هەفتەنان چەوگا بی عەیان

باقیی مێردان بێ رەزم پەهلەوان  مەولام ڕەنگبازەن ڕەنگ مەدۆ جەولان

هەر وەختێ ڕەنگش ئەو کەردەن بەیان  مێردم گەرەکەن وێڵ نەبۆ وەی ڕان

جەی عەیار بازییە نەبۆ سەرگەردان  نە راگەی چەفتی بەیۆ وە ڕاسان

وە کۆچ و کەلام بزیۆ نە مەیدان  بی شک مەزانۆ ڕاگەی دین حەقان

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە مازەندەراندا هەڵدرا. ئەی یاران! لەگەڵ یەک شەڕ و هەرا مەکەن، کەیکاوس کە شای شایان بوو، جلوبەرگی حەوتەنانی بەو جۆرە نواند و دەریخست: ڕۆستەم و گیو و گۆدەرز و ڕۆستەمی یەکدەست و بارام و زەوارە و جیهانبەخش لە قاڵبی: بنیامین و داوود و پیرمووسا و مستەفا دەودان و ڕەزبار و بابەیادگار و ئێوەتدا سەریان هەڵدا. چوارتەنیش لەو کاتەدا خۆیان دەرخست و، پیاوەکانی تر هەر کام لە لەشی یەکێ لە پاڵەوانان و قارەمانان‌دا سەریان هەڵدا. خوام ڕەنگرێژە و هەر دەم ڕەنگێک دەنوێنێ و

ڕەنگێک دەردەخا. پیاوێکم دەوێ کە لەم ڕەوە و ڕانە جیا نەبێتەوە و ئاوارە و سەرگەردان نەبێ و لە ڕێی نادروستەوە لادا و بێتە سەر ڕێی ڕاست. هەر کەسێک ئەگەر بەپێی فەرمانی خوا بجووڵێتەوە، بێ شک ڕێی ڕاست دەبڕێ و بەئایینی ڕاستەقینە دەگا.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا هێزی پاڵەوانان و قارەمانانی ئێرانی لەگەڵ هێزی بژۆنی پیرانی سەدەی هەشتەمی یاری پێک گرتووە و ئەوان بەنوێنگەی پیران دادەنێ و، ئەم بیروبڕوایە لە شوێنەواری هۆنەرانی کۆنی پارسیشدا دەبینرێ.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دامیار دامیار (دەستنووس).

## پیرەمێردی هۆردینی

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا نووسراوە کە پیرەمێردی هۆردینی لە پیتۆڵی و فەلسەفە و زانستی دەروونیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لە لای سان سەهاک ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیرەمێردەوە گەلێ هۆنراو لەسەر ئەنجامدا بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و دڵگرن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو دڵێ چلتەن، ئەو دڵێ چلتەن | بارگەی شام وستەن ئەو دڵێ چلتەن |
| ئەز وە فیدات بام ساحێب مەکر و فەن | چەنی مێردانت توون. کەردەن تەوەن |
| تۆ بەرزت کەردەن بێ حەد و بێوەن | کەمینە وێش نیان نە جای خوداوەن |
| ئاخر پەشیمان خەجلانی بەردەن | چەندین ڕووسیات بێ بەری کەردەن |
| ئامانەن ئامان ساحێب چوون و چەن | مێردان نەداران تاو زمافتەن |
| یاران پارێزبان چەی ڕەنگ و ڕەوغەن | یاران بەی دەستگا زێڵ کەران ڕەوشەن |
| ئەر سەرشان دادەن نەشکەنان سەوگەن | شەرت و پردیوەر قەدیمەن جەوشەن |
| چەنە زیاتەر نەکەران پەیوەن | خاسە غوڵامان مێردان پاک تەن |



واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە نێوان چلتەندا هەڵدرا. من بەسەرگەردت بم ئەی خاوەن شکۆ، لەگەڵ یارانتدا توونت کردە بەرد و تەوەن. تۆ خۆت بەندەت بێ ئەندازە دەبەیتە سەرەوە و بەندەش لەبەر نەزانی خۆی گوم دەکا و خۆی بەخوا دادەنێ، سەرئەنجام پەشیمان و شەرمەزار دەبێ. ئەوەیە کە چەندین گومڕای ڕووڕەش لە مێهر و بەزەیی خۆت بێ بەهرە دەکەی. هانایە ئەی خوای بێ وێنە و بێ هاوتا! پیاوان و مێردان تاو و تاوشتی تاقی کردنەوەی تۆیان نییە، یاران لەم ڕەنگ و ڕۆنەی جیهان بپارێزە و دڵیان ڕوون و خاوێن بکەرەوە. ئەی یاران! ئەگەر لەم ڕێگەدا سەریشتان لە دەست بدەن سوێندی خۆتان مەشکێنن، چونکە ئەو پەیمانەی وا لە ڕۆژی بەریندا بەستووتانە وەکو زرێ مەحکەمە و، لەمە زیاتر خۆتان پەیوەند مەدەن و، خوڵامان و پیاوانی پاک دەبێ وابن لە ڕێی خواوە بڕۆن.

چلتەن کە لەم هۆنراوانەدا دیاردیی پێ کراوە بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام بریتییە لە چل کەس و، یا چل فریشتە کە خوا ئەوانی لە ڕۆژی بەریندا بۆ ڕازداری بەدی هێناوە و گیانی ئەمانە لە سەدەی هەشتەمدا چووەتە لەشی چل کەسی خواناس بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی خەڵک بکەن و خەڵک بخەنە ڕێی خواپەرستی و ئەمانە مایەی ئاوەدانی جیهان و هێمنیی جیهانیانن.

توون کە بەواتای ئاگرگای گەرما و یا حەمامە، لە زاراوەی خواناسیدا بەواتای لەش و زیندانی گیانە، هەروەها بریتییە لە جیهان و ئاپوورەکانی جیهان بەردیش بریتییە لە بەزەیی خوا کە هەر کەسێ بەوە بگات لە مەترسی و پەتەری جیهان دوور دەکەوێتەوە.

سەرچاوەکان:
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- بارگە بارگە (دەستنووس).
٣- دەورەی چلتەن (دەستنووس).

## پیر شەمسەدین

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ئیتر سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی ئاگەدارییەکمان نییە و ئەوەندەمان بۆ ڕوونە کە پیرێکی زانا و تێگەیشتوو بووە و وەکو دەڵێن گۆڕەکەی لە دێی شێخاندایە.

لە پیر شەمسەدینەوە گەلێ هۆنراوە بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمارکراون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| یار زەردەبام، یار زەردەبام | ئیبراهیم وێش بێ، یار زەردەبام |
| ئەو چەنی نمرووود ستێزا نە زام | بت و بتخانەش کەرد وە وەرد یام |
| وە فەرمان شا وە ئەمر خواجام | بی وە گوڵستان ئاهر پەی ئیبرام |
| مێردم گەرەکەن وێڵ نەبۆ سەرسام | چەنی گومڕاهان نەپێچۆ نە دام |
| یاری بوێزۆ وە کۆچ و کەلام | رای ڕاست بگیرۆ بیاوۆ وە کام |

واتە: هافی ئیبراهیم لەگەڵ نمروودا بەربەرەکانێی کرد و بتەکانی شکاند و بتخانەکەی کاول کرد، وە کاتێ ئەویان خستە ناو ئاگر، بەفەرمانی خوا ئاورەکە بووە گوڵستان و ڕزگاری بوو. یارێکم دەوێ کە سەرگەردان و ئاوارە نەبێ و نەکەوێتە داوی گومڕێیان و ڕێگای ڕاستەقینە بەپێی پەڕاوی پیرۆز ببڕێ و ڕێی ڕاست بگرێ تا بگاتە کام.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە ڕووداوی ئیبراهیمی خەلیل کە نمروودی بانگ کردە سەر خواپەرستی و نمروود گوێی پێ نەدا، بەڵام ئیبراهیم دەستی هەڵنەگرت و ڕۆژێکیان تەواوی بتەکانی خەڵکی بابلی شکاند، نمروود لە پاش ڕاوێژ و تەگبیر دەستووری دا کە ئیبراهیم بگرن و لە ناو ئاگردا بیسووتێنن، بەڵام بەپێی فەرمانی خوا ئاورەکە بووە گوڵستان و ڕزگاری بوو. ئیبراهیم لە پەڕاوی تەوراتدا (ئەب رام) هاتووە کە لە عەرەبیدا بەواتای باپیرە پاشام گۆڕاوە و بووەتە (ئەبراهام) واتە باوکی کۆمەڵ، چونکە ئەو سەرەک هۆزی بەنی سمایل بووە. هۆنەر لە هۆنراوەکانیدا ئەوی بەناوی ئیبرام یاد کردووە.


سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– بارگە بارگە [دەستنووس].

٣– قاموس کتاب مقدس تألیف مسترهاکس – بیروت ١٩٢٨.




## پیر عەزیز هۆدانە

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهان کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە کە پیر عەزیزی هۆدانە پیرێکی ئاگا و شارەزا و زانا و ڕۆشنبیر بووە و لە شارەزووردا خوێندنی تەواو کردووە و ماوەیەکیش لەلای سان سەهاک بووە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر عەزیزەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو سوڵتانیان، ئەو سوڵتانیان | بارگەی شام وستەن ئەو سوڵتانیان |
| وە زاهر سوڵتان، وە باتن هودان | ڕۆژ ئەزەڵ رۆ ڕەنگش کەرد بەیان |
| وێش ئیجادش کەرد گرۆی کافران | جەو بۆن کافران فەرمان مەدەران |
| وە گەداش کەردەن گرد نامەوەران | تا جە وەر کافر تانە بوەران |
| بەدان و نیکان ئەزیەت بدەران | تا نیکان پاکتاو بەرشۆ نە سەران |
| نە عشق ڕای دین سەرشان بسپاران | خواجا پۆسەش نیان ئی بنای جەهان |
| سازا نە دلێ نیکان و بەدان | پەرێ ئازمایش مێردان دیوان |
| یاران بشنەوان جە پۆپەی دەوران | ڕاگەی دین یار قایم بگێران |
| وە شوون و کەلام ئیقرار بویەران | وە تەعنە باری یاری بجوران |
| وە دیدار یەک بیمشان بشۆران | مەولام مەدۆ کام بەو دیدەداران |

فەردا جە قاپی رجاش مەدەران

واتە: بارەگا و خێوەتی شام لە قاڵبی خونکارەکاندا هەڵدرا. ئەو لە ڕواڵەتدا خونکارە و لە دەروونندا هوودا یا سوودگەیەنەرە، خوا ئەم ڕێ و ڕەوشتەیە هەر لە ڕۆژی بەرینەوە داهێنا و ئەو بێ بڕواکانی سرشت کرد و هەر لەبەر ئەمەیە کە بێ بڕواکان فەرمانڕەوایی دەکەن، وە ناودارانی هەژار کرد تا بێ بڕواکان تانە و سەرکۆنەیان لێ بدەن بۆ ئەوەی لە لایەن خواوە تاقیی بکرێنەوە، تا پیاو خراپان پیاو پاکان ئازار بدەن و چاکانی پاک سروشت لە مەیدانی هەق دەرنەچن و بەئەوینەوە سەریان بسپێرن. خوا بینای ئەم جیهانەی بەم جۆرە نا، وە لە ناو چاکان و خراپاندا دیوانێکی بۆ تاقیکردنەوەی یارانی بەدی هێنا، ئەی یاران! دەبێ ئەمە چاک بزانن و بەگوێی کەن کە ڕێ و ڕەوشتی یاری دەبێ

چاک بپارێزن و بەدەستوورەکانی خوا گوێ بدەن و ڕێ و ڕچەی خۆتان لە دەست مەدەن و بەدیتنی یەکتر دڵی خۆتان شاد بکەن. خوام ئێوە دەگەیەنێتە کام و لە ڕۆژی پەسڵاندا تکاتان قبووڵ دەکات.

خونکار و پاشا لە ڕێبازی یاریدا بەڕێبەری ڕێ و ڕچە دەڵێن. بەڵام لە زاراوی خواناسیدا بەبار و کردەوەیەک دەڵێن کە بەپێی فەرمانی خوا هاتبێتە سەر گراو و دڵبراودا. هەروەها هوودا کە لەم هۆنراوانەدا دیاردی پێ کراوە لە زمانی پەهلەویدا هووداکە و لە ئاڤێستاییدا سوشیانتەکە بەواتای سوود گەینەرە و وا دەردەکەوێ کە ئەم نازناوە، نازناوی یەکێ لە فەرمانڕەوایان بووە کە بۆ ئاوەدانیی وڵات هەنگاوی هەڵگرتووە و کارەکانی بەسوودی خەڵک بووە، بۆیە هۆنەر لەم هۆنراوانەدا سان سەهاکی لە ڕواڵەتدا بەسان و خونکار زانیوە و لە دەرووندا بەهوودای دانا، واتە بۆ خەڵک بەکەڵک و بەسوودە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- بارگە بارگە [دەستنووس].

## پیر ڕۆستەمی سۆ

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، یەکێکە لە حەفتا و دوو پیر و لە یارانی سان سەهاک و بەسەردەستەی حەفتا و دوو پیر دێتە ژمار کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە پەڕاوی (بارگە بارگە)دا هاتووە، کە پیر ڕۆستەم خەڵکی دێی سۆ بووە و لە شارەزوور و بەغدا و شامدا خوێندوویەتی و لەلای سان سەهاک خەرقەی وەرگرتووە و سان سەهاک ئەوی کردووەتە سەردەستەی پیران و لەم ڕووەوە پلەوپایەیەکی هەرەبەرزی بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە.

لە پیر ڕۆستەمەوە هەندێ هۆنراو بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یەوەعدەی ڕۆوەن، یە وەعدەی ڕۆوەن    شەوێمان لوا یە وەعدەی ڕۆوەن
فەرزەن مەچرۆ نۆبەی بابۆوەن    وەشا پا کەسە وە یاریش خۆوەن
یاری وە کەلام جای گفتگۆوەن    جای گفتگۆوەن ڕای کۆچ و کەلام
مۆر بی هەفتاد و دوو بارگەی مەولام    باقیی بارگە سڕ نمەبۆ تەمام



واتە: شەو تێ پەڕی و ئەوا دەمە دەمی ڕۆژە. منداڵ بانگ دەکا و دەچڕێ و نۆرەی باوکە. خۆزگەم بەو کەسەی کە هەر تەنیا بەیارێک خووی گرتووە و هۆگری بووە. ئەی یاران! دەبێ بەپێی ڕەوشتی خوای تاق و تەنیا ڕەفتار کەن و لە ڕێی ئەوەوە قسە بکەن و ڕێ و ڕەوشتی خۆتان بەو چەشنە ببڕن. حەفتا و دوو بارەگا و خێوەتی شام تەواو بوو، بارگەکان و خێوەتەکانی نهێنیی خوا تەواو نابێ و پەرەی هەیە.

ڕۆژ لە زاراوی خواناسیدا بەواتای تیشکێکە لە لایەن خواوە دەچێتە ناو دڵان و شەویش بەجیهانی نهێنی دەڵێن کە جگە لە خوا کەسێک پەی پێی نابا و جا هۆنەر لێرەدا دەڵێ: شەو تێ پەڕی و ڕۆژ هات. واتە: هەر خوا لەو جیهانە ئاگەدارە و کەسێک کە ئەوی بوێ، تیشکی خۆی پێ دەگەیەنێ و دڵی ڕووناک دەکاتەوە و لە دوای منداڵ نۆرەی باوکە و خۆزگەم بەو کەسەی کە هەر تەنیا بەیارێک هۆگر بووە و لەگەڵیدا دەدوێ و لە ڕێگەیەوە دەڕوا و بەقسەی دەکا و دیارە سەرئەنجام ئەو کەسە بەپلەوپایەیەکی بەرز دەگا.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- بارگە بارگە [دەستنووس].

## خەلیفە شاشا

٦٧٤ - ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی لە ساڵی ٦٧٤ی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە. ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لەلای مەلا نەسووری شارەزووری خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی بووە و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی لێ بیستووە و هەر لە تافی جوانیدا لەگەڵ زۆربەی زانایان و هۆنەرانی شارەزوورا کۆبووەتەوە و سوودی لێیان وەرگرتووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا بەپلەوپایەی خەلیفەیەتی گەیشتووە و پاشماوەی تەمەنی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە خەلیفە شاشا یەکێکە لە حەوت خەلیفەکانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە. لە خەلیفە شاشاوە هەندێ هۆنراوە بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما شاشا، نامێما شاشا		مەشماری خەوەر نامێما شاشا
شام نە جامەی سرِ سەدەف مەپۆشا		چەنی پیر ڕەمزبار ئەو سرِ مەکۆشا
چا لەوح سەدەف مێردان خرۆشا		یەکایەک بادەی کەوسەرشان نۆشا
گیریا جەم پاک غولامان جۆشا		بنیامین چەوگا وە قوربان نیا
نریان نە ڕووی خوان نە جەمشان نیا		ئەز بیم خەلیفە چاگا نەو جەمدا
تەقسیم وایر ئەز بەشم مەدا		هەر نە ڕۆی ئەزەڵ نوختەی ئیبتدا
ئەز بیم وە وەکیل بنیام بەقا		جاگیر مەولام یەکدانەی ئەحەد
چاوگا سەرجەم بێ سەیید میر ئەحمەد		چونکە مەیلشەن ساحێب شەو و ڕۆ
نە پردیوەردا دیوان مەکەرۆ		ڕەزم قاب سرِ بەیان مەدەرِۆ
هەر گاهێ مەولام ئەو شەرت ئیقرار		چەنی بنیامین شیان وە پێوار
نە جانشینی پیر ڕدابار		ئێمە بەشمان دان نە خوان ئەسرار
نەو جاگیری حەق شای خاوەندکار		سەرجەم میر ئەحمەد دوعاشان تەیار
زات هەفتەوان دەستگیرەن دەرکار

واتە: من هەواڵ دەدەم کە ناوم شاشایە، شام لە قاڵبی نهێنیدا سەدەفی کردەبەر و لەگەڵ پیری ڕەزباردا تێ دەکۆشا. کاتێ کە جلوبەرگی سەدەفی کردەبەر، یارەکان هەموویان خرۆشان و یەکایەک بادەی کەوسەرییان خواردەوە. ئەوسا جەمێکی پاک و خاوێن پێک هێنرا و هەمووی بەندەکان و خولامان هاتنە جۆش. بنیامین لەو دەمەدا قوربانی کرا و ئەو قوربانییەیان نیایە خوانێک و هێنایانە ناو جەم: ئەز لەو جەمەدا خەلیفە بووم و گۆشتی قوربانییەکەم لە نێوان دانیشتووواندا دابەش کرد. هەر لە ڕۆژی بەرینەوە ئەم کارە بەئەستۆی منەوە بوو. بەپێی فەرمانی خوای تاق و تەنیا لەو دەمەدا سەید میر ئەحمەد سەرجەم بوو، وە من لەلای بنیامینەوە نوێنەر بووم، وە حەوتەوانە هەر لەو ڕۆژگارەوە بۆ دەستگیری و ڕێنوێنیی خەڵک بەدی هاتن.

خەلیفە شاشا لەم هۆنراوانەدا باسی ڕۆژی بەرین دەکا کە خوای تاق و تەنیا ڕۆحی یارەکانی کۆکردووەتەوە و بەڵێنیانی لێ وەرگرتووە کە لە جیهاندا بەچاکە ژیان بەرنە سەر و دەڵێ: ڕۆحی تەواوی پیران لەو کاتەدا لە دەوری مەولامدا بوون و هەر لەو ڕۆژەدا ڕێوڕچەی یاری بۆ خەڵک پێک هاتووە و حەوتەوانەش بەدی هاتوون تا لە جیهانی خاکیدا دەستگرۆیی خەڵک بکەن. وە ئەم باسانە جگە لە سەرئەنجام لە هیچ ئاینێکی تردا نییە.




سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- بارگە بارگە [دەستنووس].
٣- یادداشتی قرندی [دەستنووس].


## خەلیفە عەزیزی سلێمانی

٧٦١ - ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە دینەوەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەڕاوە و ماوەیەک لە شارەزوور بووە و لەلای زانایانی هەرەبەرز فەقهی ئیسلامی خوێندووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا پلەوپایەی خەلیفەیەتیی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦١ی کۆچیدا کۆچی دواییی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە خەلیفە عەزیزی سلێمانی یەکێ لە حەوت خەلیفەکانی سان سەهاکە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. کار و ئەرکی خەلیفە دابەشکردنی چێشت و گۆشت و ئەو خواردەمەنییانەیە کە قوربانی دەکرێن و دێننیە جەمخانەوە کە پاشان مجێور یا خادم لە نێوان دانیشتووانی جەمخانەدا بڵاوی دەکاتەوە.

خەلیفە عەزیز هۆنراوی جوانی دەهۆنییەوە و هەندێ هۆنراوی بەیادگار لێ بەجێ ماون و لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا تۆمارکراون. زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەپێکهێنانی جەم و دابەشکردنی ناچە و مووچە و بابۆڵەیە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامم عەزیزی، نامم عەزیزی		مەدەی شاهدی نامم عەزیزی
شام نە دوون (یا) کەرد ڕەستاخێزی		نە ژێر ساجنار مێردان کەرد ڕێزی
گیریا دیوان جەم تەمێزی		پیر و پادشام یەکتر شان دێزی
کەردن بیابەست شەرت شاقێزی		سپەردن وە یەک سەر وە ئاوێزی
یارزەردەبام چەوگا مەهمێزی		کەردشان وە ناچە پوختە و لەزێزی
نیاشان نە خوان جەم وە پیرۆزی		ئەز بیم خەلیفە خەرمان و جێزی
نا جێز خەرمان، نا خوان و ئیرەم		ئەز بیم وە وەکیل بنیام ئەقدەم
بەشم کەرد تەقسیم ڕەزم لاجرەم		نە وەکیلی شا، سوڵتان بێ غەم

سەیید میر ئەحمەد چەوگا بێ سەرجەم — نە پردیوەردا شام گرتەن دیوان
بەزم جە لای جام ها کەردش بەیان — هەر وەختێ مەولام شاە هەفت کەیوان
چەنی با بنیام شین وە کەس نەزان — ئەز جە وەکیلی بنیام دەوران
ئێمە بیەنیم بەشمان کەردەن خوان — ژ بەدەلی زات پاشای ئەحەد
چەوگا سەرجەم بێ سەیید میر ئەحمەد — زات هەفتەوان هەر هەفت سەرجەمەن

ذاتشان دەستگیر دایرەی کەمەن

واتە: من شایەتی دەدەم کە ناوم عەزیزە. شام لە دوونی یادا بوو کە مێردان لە ژێر هەتاودا ڕێزیان بەست و ڕاوەستان و لە پاشا دیوانێکی پاک و خاوێنیان پێک هێنا و پیر و پادشام لەوێدا یەکتریان ناسی. گیانی هەمووی یاران لەوێ لەگەڵ پاشادا یەکتریان ناسی و هەموویان لەو جەمەدا لەگەڵ پادشا پەیمانیان بەست و سەریان سپاردە یەکتر. بابە یادگار لەو زەمانەدا مامێزداری یاری بوو، وە لەو جەمەدا قوربانییان کرد و ناچەیەکی مەزەدایان فەراهەم کرد و قوربانییەکەیان لێ نا و خستیانە ناو خوانێک و نایانە بەردەم خەڵکەکە و من لەو خەرمانەدا خەلیفە بووم و قوربانی یەکەمم بەش دەکرد. لەو کۆڕەدا سەید میر ئەحمەد سەرجەم بوو، وە هەر کاتێ پاشا لەگەڵ پیر بنیامیندا دەچوونە گەشت و گەڕان کەس پێیانی نەدەزانی. من بەنوێنەرایەتیی پیر بنیامین لەگەڵ خەلیفەکانی تردا گۆشتی قوربانییەکەم دابەش دەکرد، حەوتەوانەش بۆ ڕێنوێنی و دەستگیریی خەڵک سرشت کران.

یارییەکان بڕوایان بەدوون بەدوون یا (حلول) هەیە کە لایان وایە خوا حەوت زات یا قاڵبی هەیە کە یەکێکی پایە و لە هەر قاڵبێکدا جیهانێکی تر بووە و ئەو جیهانەش بەڕۆژی بەرین دێتە ژمار.

سەرچاوەکان


١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- بارگە بارگە [دەستنووس].
٣- گلیم وە کول [دەستنووس].
٤- یادداشتی قرندی [دەستنووس].






## خەلیفە شەهابودین

سەدەی هەشتەم

ئەو هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی لە شارەزوورا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرئەنجام ڕۆیشتووەتە لای سان سەهاک و ڕێوڕەچەی (یاری)ی وەرگرتووە و لەلایەن سەهاکەوە پلەوپایەی خەلیفەیەتیی پێ دراوە و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. لە خەلیفە شەهاوەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان و شیرینن، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامم شەهاب دین، نامم شەهاب دین
مەدەری بەیان نامم شەهاب دین
شام نە شێوەی هوو مەکەردیش ئاین
ئۆساو شاگرد بین چەنی بنیامین
نە لەوح یاقیق یاران کە جەم بین
وێش کەرد وە قوربان مووسی وە یەقین
نیاشان نەخوان نە جەم پاک بین
چا خوان ڕەنگین نیاشان نە جەم
ئەز بیم خەلیفە بێ زیاد و کەم
بەشیم نمانام ئەو مێرادن نەو دەم
؛ئەز نە وەکیلی بنیامین پیر
مووچەم دان چا خوان وە ڕشتەی تەدبیر
نە جەم مێردان جە وەکیلی شا
چەوگا سەرجەم بێ سەیید موستەفا
چونکە مەیلشەن پادشای جەهان
جە پردیوەردا شەرت دانیشان
جامەی ئەزەلی یەک یەک مەو عەیان
هەر وەختای مەولام ساحێب سوروور
چەنی بنیامین شیان نە دەیجوور
نە جانشینی بنیام مەزبوور

ئێمه بیەنیم خەلیفەی حوزوور
بەشمان دان نه جەم یاران مەستوور
نه جاگیری جام خواجای ساحێب لوور
سەیید موستەفا دوعاش دان دەستوور
زات هەفتەوان سرشتا جه نوور
دەستگیر یاران غولامان سەبوور

واته: من ناوم شەهاوە. خوام بەرەوشتی خۆی ئاینێکی دانا، شام مامۆستا بوو و بنیامین شاگرد. له ئاسمانی سێهەم له ڕۆژی بەریندا که یاران کۆبوونەوە، پیر مووسا خۆی کرده قوربانی و ئەوسا ئەویان نایه خوانێکی پاک و خاوێن و من لەو دەمەدا خەلیفه بووم و گۆشتەکەم له ناو یاراندا دابەش دەکرد. من بەنوێنەری پیر بنیامین مووچەکەم دەدایه یاران. لەو جەم و کۆڕەدا بەنوێنەری پاشای جیهان، سەی مستەفا سەرجەم بوو. پاشای جیهان دەیەویست له پردیوەردا ڕێورەچەی یاری پێک بێنێ و ئەوە بوو کە قاڵبی یەک یەکی یارانی بۆ ئەو ڕۆژە دانا. هەر کاتێ سەرۆکی خاوەن هێز لەگەڵ پیر بنیامیندا دەچوونه گەشت و گێڵ، ئێمە هەر حەوت خەلیفە لە جەمدا خەلیفە بووین و قوربانییەکەمان دابەش دەکردە ناو یارانا، وە سەی مستەفاش دوعای دەخوێندەوە. حەوتەوانە لە تیشک سرشت کراون تا ڕێنوێنیی یاران و خوڵامان بکەن.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- بارگە بارگە [دەستنووس].
٣- دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].
٤- گڵێم وەکۆڵ [دەستنووس].
٥- یادداشتی قرندی [دەستنووس].



## خەلیفە باپیر

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی لە دینەوەردا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و ئەوسا بۆ خوێندن گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەک لە قرمیسین یا کرماشان بووە و لە پاشا لە هەمەداندا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لەوێوە چووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاکدا ماوەتەوە تا پلەوپایەی خەلیفەتیی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لەوێ لە خانەقادا بردووەتە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمدا کۆچی دوایی کردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە خەلیفە باپیر یەکێکە لە حەوت خەلیفەی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە خەلیفە باپیرەوە هەندێ هۆنراوە بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما باپیر، نامێما باپیر
ئەز مەدەی نیشان نامێما باپیر
شام نا ڕەنگ ڕیو مەنماناش تەزویر
نە لەوح گەوهەر بەستشان تەدبیر
پادشام چەنی بنیامین پیر
هەر دوو نە قودرەت نیاشان تەفسیر
نە قوڵەی ئەلدەست مێردان کەرد جەمهیر
نیاشان جەمێ دایرەی بەسیر
بەڵکم پادشا و پیر بیان ئەو سەریر
یا رنەدر وە عەشق نەکەردش تەقسیر
وێش کەرد وە قوربان ناجم و ئەمیر
نیاشان نە خوان نە ئەو هەفت جەزیر
ئەز بیم خەلیفەی دیوان کەبیر
نە جەم کەبیر ئەز خەلیفە بیم
نە جەم مێردان ڕەزمم کەرد تەقسیم
نە وەکیلی ئەو خواجای ساحێب دین

چەوگا سەرجەم بێ سەدی شەهاوەدین
چونکە مەیلشەن سوڵتان سەروەر
بەیان کەرۆ شەرت دین جە پردیوەر
شەرت خانەی سر ئاوەرد وە نەزەر
هەر وەختای وەرەسم مەولای ساحێب دوڕ
چەنی بنیامین شیانی ئەو سڕ
ئەز جە وەکیلی بنیام بێ گەرد
خەلیفە بیانی ئەز بەشم مەکەرد
جانشین ذات ئەو شای سەهەمگین
سەرجەم جەم بێ سەی شەهاوەدین
زات هەفتەوان دەستگیرەن یەقین
زاتشان جە نوور عازیز ڕەنگین

واتە: من خۆم دەناسێنم و ناوم باپیرە. خوام بۆ تاقیکردنەوەی یاران تەگبیرێکی کرد و لە ئاسمانی چوارەمدا کۆڕێکی پێک هێنا. پاشام لەگەڵ پیر بنیامینا هەردووکیان بەهێزی بەرین، پایەی ئاینی یارییان دانا. لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا یارەکان لە دەوری یەکتردا کۆبوونەوە و کۆڕێکیان پێک هێنا تاکو پاشا و پیر بێنە ئەوێ. ئەوە بوو کە یاری نەدر (مستەفا) خۆی قوربانی کرد و ئەویان نایە خوانێک و من لەو جەمە گەورەدا خەلیفە بووم و قوربانییەکەم دابەش دەکرد. بەنوێنەری خواجەی خاوەن دین، لەو کاتەدا سەی شەهاو سەرجەم بوو، وە پاشام مەبەستی ئەوە بوو کە ڕێ و ڕەچەی یاری لە پردیوەردا پێک بێنێ. وە هەر کاتێ پاشا لەگەڵ پیر بنیامیندا دەچوونە گەشت و گێڵ، من بەنوێنەری پیر بنیامینی بێگەرد، خەلیفە بووم و بەشەکانم دەدایە یاران. هەفتەوانە دەستگیری یارانن و ئەوان لە تیشکی شا بەدی هاتوون.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- بارگە بارگە [دەستنووس].
٣- دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].



## خەلیفە محەمەد

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی کە یەکێ لە پێشەوایان و زانایانی هەرەبەرزی کوردە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەم لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە. لە دەوری جوانیدا لەلای سان سەهاک بووە تا پلەوپایەی خەلیفەیەتیی پێ دراوە و پاشماوەی تەمەنی لە جەمخانەدا بەدابەشکردنی ناچەوموچە بردووەتە سەر تا مردووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا نووسراوە کە خەلیفە محەمەد یەکێکە لە خەلیفەکانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لە خەلیفە محەمەدەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرنن. ئەمەش هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامم محەمەد نامم محەمەد
مەدەی گەواهی نامم محەمەد
شام نە جامەی یا گەوهەر مەکەرد قەد
نە قوڵەی ئەلەست ئەڵڵاهوسەمەد
چەنی بنیامین نیاشان سەرحەد
ئەو شەرت یاری بەستن کەمەربەند
دەلیل بێ داوود شۆڵەی شەمس وەند
کریا جیهات مێردان ئەشەد
ژ عەشق مەولام پاشای بێ حەد
وێش کەرد وە قوربان یار داوود وە جەهد
نیاشان وە خوان ناو جەم بێ گەرد
ژ وەکیلی پیر بنیام ئەمجەد
نە جەم مێردان نووچە کەردن ڕەد
بەشم ئەو خوان دان تەقسیم عەدەد
عەدەد تەقسیم نەو جەم بالا
چەوگا بیم وەکیل بنیام عالا
سەرجەم بێ نەودەم سەیید بوولوەفا
چونکە مەیلشەن خواجای بەڕ و بار

جە پردیوەردا دیوان کەرۆ ئاشکار
ها کەردش بەیان ئەزەڵین ئیقرار
هەروەختێ پادشام شین وە ئەو نیهان
چەنی پیر مووسا نیاشان مەیدان
ئێمە دامان بەش وە جەم مێردان
وەکیل شا بین ذات هەفتەوان
هەر وەختێ بەوێش نەجەم دوعاش دان
بیای کان دوڕ ئاما وە زووان
وە ئەمر مەولام نەدارۆم گومان

واتە: من ناوم محەمەدە. شام لە قاڵبی (یا)دا گەوهەری ئەسمی و لە ڕۆژی بەریندا بەبێ نیازی و گەورەیی خۆی لەگەڵ بنیامیندا بنەڕەتی ڕێوڕچەی خواناسیی دانا و بۆ پەیمانی خواناسان تێ کۆشا و لەو کاتەدا داوود دەلیل بوو، وەکو تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و یاران لە دەوری ئەوا کۆبوونەوە. داوود بەئەوینی سەرۆکم ئەو پادشای بێ وێنە خۆی کردە قوربانی و ئەوسا ئەویان خستە ناو خوانێکی خاوێن و هێنایانە ناو کۆڕەکە، وە بەنوێنەرایەتیی پیر بنیامینی خۆشەویست، نووچە و تیکەکانی قوربانی دابەش کرا، وە دابەشکەرەکەش من بووم، وە من نوێنەری پیر بنیامین بووم و سەرجەمیش سەی ئەبوولوەفا بوو، پاشای بەژ و دەریا دەیەویست لە پردیوەردا دیوانێک ئاشکرا بێ، ئەوەیە کە پەیمانی ڕۆژی بەرینی ئاشکرا کرد، وە لەودەمەدا پاشای جیهان هەر کاتێ دەچووە گەشت و گێڵ، وە لەگەڵ پیر مووسیدا مەیدانی چۆڵ دەکرد، ئێمە خەلیفە بووین و ناچەمووچەکانمان دابەش دەکرد. هەفتەوانەش نوێنەری شا بوون، هەر کاتێ یەکێ لە سەیدەکانی هەفتەوانە دوعای دەخوێندەوە، باسی ڕۆژی بەرینی دەکرد. لە فەرمانی سەرۆکم هیچ شک و گومانێکمان نییە.


سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– بارگە بارگە [دەستنووس].




# خەلیفە ئەمیر

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی، یەکێکە لە خەلیفەکانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. نامەی سەرئەنجامیش ئەو ئاگەداریمانە بۆ دەسەلمێنێ و دەڵێ: کە خەلیفە ئەمیر لە هەموو زانستێکدا شارەزا و پسپۆر بووە و لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە تافی جوانیدا بۆ خوێندن چووەتە بەغدا و شام تا بەخزمەتی سان سەهاک گەیشتووە و لە پاش ماوەیەک سوڵتان پلەوپایەی خەلیفەیەتیی پێ داوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

خەلیفە ئەمیر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزی هەبووە و هەندێ هۆنراوی بەیادگار لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامم ئەمیرا، نامم ئەمیرا    ئەز مەدەی بەیان نامم ئەمیرا
شام نە جلوەی تاروێش کەرد زەهیرا    چەنی با بنیام کەردشان ویرا
هەر دوو شین نەسرِ جام جەمشیرا    وە یەکتر مەدان دەرس و تەحریرا
ژ عیلم لەدون بنیام جەزیرا    کەردشان جەمێ گشت وە تەدبیرا
بەڵکم پادشا و پیر بۆشان دەستگیرا    چەوگا ڕەمزبار نەکەرد تەئخیرا
وێش کەرد وە قوربان ژ ڕای قەدیرا    نیاشان نە خوان جەم و دڵگیرا
نەو جەم دڵگیر نیاشان نەخوان    ئەز بیم خەلیفە نەو جەم و دیوان
بەشم کەرد وایر نەو جەم پیران    ئەز ژ وەکیلی بنیام کامڵ
خەلیفە بیانی نەو بەزم عادڵ    ژ وەکیلی ذات شای ساحێب لقا
سەرجەم بێ چەوگا سەید حەبیب تا    چونکە مەیلشەن پاشای ئەنوار
هەفتەوان ژ کەوڵ وێش کەرد ئاشکار    پەی قەوڵ یاران، پەی ڕەشت تۆمار
هەر وەختێ مەولام کەردەن شوجاعەت    چەنی با بنیام شین ئەو سیاحەت
ئەز نە وەکیلی بنیام سەروەش    خەلیفە بیانان نە جەم دانم بەش
نەجاگیری جا شەرت شەهەنشا    دوعاش دان نە جەم سەید حەبیب شا
زات هەفت پوورە دەستگیرەن جەی ڕا    جامەشان جە نوور لقایی مەولا

واتە: من خۆم دەناسێنم کە ناوم ئەمیرە. شام لە جیهانی نادیاردا خۆی دەرخست و

لەگەڵ بنیامیندا وتووێژی کرد، هەردووکیان چوونە جامی جەم و لەوێدا وانە و دەرزیان دەدایە یەکتر. بنیامین لە زانستی خوایی بەهرەمەند بوو، وە یارەکانیش یەکتریان نەدەناسی. دڵی یاران بێ ئارام بوو، ئەوە بوو کە هەموویان کۆبوونەوە و جەمێکیان بەست تاکو پاشا و پیر ببینن. لەو دەمەدا ڕەمزبار خێرا لە ڕێی خوادا خۆی کردە قوربانی و قوربانییەکەیان نایە خوانێک و دایان نا، وە لەو جەمەدا من خەلیفە بووم و قوربانییەکەم دابەش دەکرد. من بەنوێنەرایەتیی پیر بنیامین لەو دیوانەدا خەلیفە بووم، وە بەنوێنەرایەتیی پاشا، لەودەمەدا سەی حەبیب شا سەرجەم بوو، پادشا دەیەویست هەفتەوانە ئاشکرا بکا، ئەوە بوو کە ڕێوڕچەیێکی بۆ یاران دانا، وە هەر کاتێ سەرۆکم لەگەڵ پیر بنیامیندا دەچوونە گەشت و گێڵ، من بەنوێنەریەتی پیر بنیامینی سەرخۆش، خەلیفە بووم و قوربانییەکەم دابەش دەکرد، وە سەی حەبیب شاش سەرجەم بوو. هەفتەوانە لە ڕێی یاری دان و دەستگیری و ڕێنوێنیی خەڵک دەکەن، وە لە تیشکی یەزدان بەدی هاتوون.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- بارگە بارگە [دەستنووس].

٣- یادداشتی قرندی [دەستنووس].

## خەلیفە جەبار

سەدەی هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی قرندی لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە و لە بنەڕەتا خەڵکی نەهاوەند بووە و لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە و لە ناو خەڵکدا بەچاکە و پارێزگاری ناسراوە و لە خزمەتی سان سەهاکدا ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و هەروەها لە لایەن ئەوەوە بەپلەوپایەی خەلیفایەتیش گەیشتووە.

لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هاتووە کە خەلیفە جەبار یەکێکە لە خەلیفەکانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و گڵکۆکەی لە دێی شێخان دایە و زۆربەی تەمەنی لەلای سان سەهاک بردووەتە سەر و ئەوی زۆر خۆش ویستووە.

لە خەلیفە جەبارەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ناما جەبار. ناما جەبار      مەدەی شاهیدی ناما جەبار

شام نە مەنهوودا مەکەردش گوزار      چەنی با بنیام شین ئەو پەردەی تار



هەردوو چەنی هەم نیاشان ئیقرار      نە دەیجوور نیان بەیابەست یار

نە حوجرەی شەمدا مێردان کوی یار      گرتەن یەک جەمێ نە لەوح حجار

بەڵکم پادشا و پیر بیان ئەو دیار      ڕۆچیار جە عەشق جەم کەرەمدار

وێش کەرد وە قوربان بێ سەبر و مدار      بێ سەبر و مدار زات ڕۆچیار

ئاوەردن نە جەم نیاشان نە خوان      ئەز بیم خەلیفە نا دلێ دیوان

بەشابەش کەردم دام وە غولامان      ئەز نە وەکیلی زات بنیامین

خەلیفە بیانان نە کورەی ڕەنگین      نەجاگیری زات خواجای پیر مووسا

چەوگا سەرجەم بێ سەیید باوەیسی      هەر وەختای مەولام ساحێب هەشت بەهەشت

چەنی با بنیام شیانی وە گەشت      ئێمە بیەنیم نە سەر خوان تەشت

ژ وەکیلی زات پادشای موتلەق      سەیید باوەیسی سەرجەم بێ وە حەق

سەرجەمەن وە حەق زات هەفتەوان      دەستگیرەن پەرێ جوملەی غولامان

واتە: من شایەتی دەدەم کە ناوم جەبارە. شام لە پێواردا دەگەڕا و لەگەڵ بنیامیندا دەچووە گەشت و گێڵ، هەردوو لەگەڵ یەکتردا پەیمانیان بەست و لە تاریکیدا بەیابەست و پەیمانی یارییان بەست و یاران وەکو شەم و پەپوولە لە دەور یەکتردا کۆبوونەوە و لەوێدا کۆڕێکیان پێک هێنا، بەڵکو پاشا و پیر بنیامین بێنە ئەوێ. لەو کاتەدا شا ئیبراهیم خۆی قوربانی کرد و قوربانییەکەیان نایە ناو سفرە و خوانێک و لەو دیوانەدا من خەلیفە بووم و قوربانییەکەم دابەش دەکرد. بەنوێنەرایەتی پادشام پیر مووسا سەرجەم بوو، وە هەر کاتێ سەرۆکم لەگەڵ پیر بنیامیندا دەچووە گەشت و گێڵ، ئێمە کۆڕمان پێک دەهێنا و سەیید باوەیسی دەبووە سەرجەم. حەوتەوانە کە لە تیشکی خوا دروست کراون هەموو دەم سەرجەمن و بۆ ڕێنوێنیی خەڵک بەدی هاتوون.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- بارگە بارگە [دەستنووس].

٣- یادداشتی قرندی [دەستنووس].

## نەرگز خانمی شارەزووری

٧١٣ – ...

ئەم هۆنەرەمان ناوی نەرگز و کچی مەلا شوکرولڵای شارەزوورییە و بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە ساڵی ٧١٣ی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. مەلا شوکرولڵا کە یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی بەناوبانگی ئەو دەورە بوو، کچەکەی فێری خوێندن و زانستی ئیسلامی کرد و نەرگز خانمیش کە بۆ خوێندن و لەبەرکردنی مەسەلەکانی زانستی ئامادەیی هەبوو، ئەوەندەی نەخایاند کە لە ناو خەڵکدا ناوبانگی دەرکرد و دەستی کردە هۆنینەوەی هۆنراو.

نەرگز خانم لە تەمەنی هەژدەساڵیدا شووی کردە عابدینی جاف و پاشان کە مێردەکەی ڕێوڕچەی یاریی وەرگرت ئەویش چووە سەر ڕێبازی شووەکەی و لەگەڵیا ڕۆیشتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمی کۆچی ماڵئاواییی لە جیهان کرد و لەشی لەوێدا بۆ هەمیشە نێژرا.

لە نەرگز خانمەوە هەندێ هۆنراو بەزاراوەی کرمانجی باشووری (سۆرانی) بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕتووکی (دەوری عابدین)دا تۆمار کراون. هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەو جگە لە هۆنینەوەی هۆنراوە لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرن کە دەڵێ:

ساقی لە جەم بادە دەدا — دەرسی ڕێگەی جادە دەدا
مێردان هەموو لە دەور پادشا — پێمان دەکەن گشت تەماشا
قەومێ بە من نەیبی باوەڕ — نەیێت بۆ جەم یاری یاوەر
هەر کە لەم دین یەقین نەکا — بەدڵ لە جەم ئامین نەکا
هەر کە بۆ یار خۆی نەکوژێ — خوێنی لە ڕێی یار نەرژێ
هەر کە نەگرێ قەوڵی دروست — بێ دین ئەوە وەک بتپەرست
هەر کە شکێ ببێ بەدڵ — باوەڕ نەکا بەشای عادڵ
هەر کە لە جەم نەگرێ ئەرکان — بەڕاست نەگرێ دینی سوڵتان
هەر کە بەیار بدا ئازار — کردەی ناچێ بۆ ناو تۆمار
(نەرگز) هەر کە بیبێ کینە — بێ شک گومڕا و هەم بێ دینە

واتە: مەیگێڕ لە جەمخانە و کۆڕی خواناساندا بادەمان پێ دەدا و وانە و دەرزی ڕێی



دینمان پێ فێر دەکا. هەمووی مێردان و پیاوان لە دەوری پاشادا کۆبوونەتەوە و سەرنجی ئێمە دەدەن. گەلێک کە بڕوای پێم نەبێ و نەبێتە کۆڕی یار، وە هەر کەسێک بۆ یاری خۆی نەکوژێ و خوێنی لە ڕێی ئەودا نەڕژێ و بەڕێبازی مە بڕوای نەبێ و لە کانی دڵەوە ئامین نەڵێ و قسەی دروست نەبێ، وەکو بتپەرست و بێ بڕوا وایە، هەر کەسێک لە دڵدا شک و گومانی هەبێ و بڕوای بەخوا نەبێ، وە بەڕێ و ڕەوشتی خەڵک ئاشنا نەبێ و ئاینی خوا بەڕاست نەزانێ و یار ئازار بدا، کردەوەی ئەو لە دەفتەردا نانووسرێ. ئەی نەرگز هەر کەسێک کینەی لە دڵدا بێ، بێگومان گومڕا و بێ دینە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا سەبارەت بەپیر دەڵێ:

بۆ پیر پیرە پیرم — بۆ ژیر ژیرە پیرم
بۆ بیر بیرە پیرم — بۆ سیر سیرە پیرم
بۆ کوڕ کوڕە پیرم — وەک گوڕ گوڕە پیرم
بۆ لێڵ لێڵە پیرم — بۆ فێڵ فێڵە پیرم
بۆ شین شینە پیرم — بۆ قین قینە پیرم
بۆ یۆز یۆزە پیرم — بۆ هۆز هۆزە پیرم
بۆ جەم جەمە پیرم — بۆ خەم خەمە پیرم
هەر وەک شەمە پیرم — شەم نە چەمە پیرم
وەک دڵبەرە پیرم — ئارامکەرە پیرم
وەک بەیبوونە پیرم — ڕێنموونە پیرم
(نەرگز) گەزە پیرم — گەز نە ڕەزە پیرم

واتە: پیرم کە دۆستی یارە، ئەو پیر و ڕێنمامە و ڕێنوێنیم دەکا. ژیر ئەو کەسەیە نەکەوێتە دووی جیهان و بەقسەی پیر بکا، وە بیرکردنەوە لە نیشانەکانی خوا بەهۆی ئەو ئاسانە. لەگەڵ کوڕدا وەکو کوڕ دەجووڵێتەوە و وەکو شۆڵەی ئاگر ڕوونی دەخاتە دڵەکان و لە کاتی تاریکی و لێڵییی هەوادا خۆی بەو جۆرە دەردەخا و کاتێ کەسێ فڕوفێڵی لێ بکا، ئەویش بەو جۆرە ئەو تاقی دەکاتەوە، وەیا کەسێک ڕقی لێ بێ، پیرم بەسەریا زاڵ دەبێ وەکو یۆز پڵنگ هەڵمەتی بۆ دەبا کە بیخاتە سەر ڕێی ڕاست، وە بەبنەماڵەکان خۆشەویستی دەنوێنێ و لەناو خەڵکدا وەکو شەمێکی ڕووناکە و تیشک دەخاتە دڵی گراوان و سەوداسەران. ئەو وەکو دڵبەر بەلەنجە و ناز دڵی گراوان دەسووتێنێ و لە پاشا ئارامیان دەکاتەوە. پیرم ڕێنمایە و پەیڕەوانی خۆی بەڕێی ڕاستی خوایی ڕێنوێنی دەکا، وە ڕێ و ڕەوشتی ئەو وەکو گەزۆ و ڕەز شیرینە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- بارگە بارگە [دەستنووس].

٣- دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].

## عابدینی جاف

٧٢٠ - ...

ئەم هۆنەرەمان ناوی عابدین و کوڕی نورولّلای جافە و بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، لە ساڵی ٧٢٠ی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری کە یەکێ لە زاناکانی هەرەبەرزی ئەو دەورە بووە، خەریکی خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی بووە و لەلای مەلا غەفووری شارەزووریش پیتۆڵی و فەلسەفەی خوێندووە و پاشان شوێنەکانی تری کوردستان گەڕاوە تا بووە بەمەلایەکی زانا کە ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە.

لەو سەردەمەدا کە ڕێوڕچەی یاری پەرەی سەندبوو، باوکی عابدین دەچێتە سەر ڕێبازی یاری و بەماڵەوە بار دەکاتە دێی شێخان و لەوێدا دەمێنێتەوە، عابدینیش دەکەوێتە ڕقەوە و لەگەڵ یارییەکاندا بەربەرەکانێ دەکا و ئەم هەواڵە دەگاتە باوکی و باوکیشی دەڕواتە لای سان سەهاک و ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و ئەویش چەند دەروێشێکی زانا و تێگەیشتوو دەنێرێتە لای عابدین و دەروێشەکان لە دوای وتووێژێکی زۆر عابدین هەڵدەخرێنن و ڕێوڕچەی یاریی پێ دەسەلمێنن و ئەویش قبووڵی دەکا و لەگەڵیاندا بەرەو دێی شێخان دەکەوێتە ڕێ و پاشماوەی ژیانی لەوێدا دەباتە سەر تا کۆچی دوایی دەکا و هەر لەوێدا دەنێژرێ. عابدینی جاف یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی ئەو سەردەمە بووە و گەلێ هۆنراوی بەشێوەی سۆرانی هۆنیوەتەوە و هۆنراوەکانی بەدەم تەموورەوە لە خانەقادا دەخوێندەوە. کۆمەڵێک لە هۆنراوەکانی کە نزیکەی سێ هەزار هۆنراوێک ئەبێ بەناوی (دەوری عابدین) کۆکراونەتەوە، وە بەیەکێ لە جزمەکانی پەڕتووکی سەرئەنجام دانراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

من عاشقی خاوەندکارم        عەشقی یارە وا بێ عارم
ئەمن گراو شا و چوار یارم        نوختەی مووسا وا لە زارم



ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم        بەڵەدمی کرد شای شاسوارم
بەزەربی دەست کەماندارم        بەفیدای یاری کردار دارم
کە منی خستە سەر ڕێی ڕاسی        هەتا بژیم بەبێ کاسی
من (عابدین)ی کاکەییم        ئاخر بەیاری خۆم گەییم

واتە: من گراو و دڵبراوی یاری ڕاستەقینەم، ئەو یارەی کە من و هەموو بەندەکانی بەدی هێناوە، ئەو بوو کە منی خستە سەر ئەم ڕێبازە، وە بەهەموو شتێک ئاگەدارمی کرد و شاڕێی ژیان و ڕێبازی پەسڵانی پێم پیشان دا و خستمیە سەر ڕێی ڕاستی، وە لەو وڕی و کاسی و سەرگەردانییە ڕزگارمی کرد و وریامی کردەوە و بەم بۆنەوە من گەیشتمە یاری خۆم و هیوای دەروونم هاتە دی. لە ئەم بڕە هۆنراوانەی تریشدا دەڵێ:

ئێوە هەرچەن داتان لێمان        ئەجر و گونا نەما پێمان
کردەی قەدیم هاتە ڕێمان        وەکو کوورەی ناری حەداد
قاڵ بووین بەدار قەومی شەداد        ئەمجار وەختە بێینە فەریاد
وەختە شالیار بێ بەدەسگیر        بچین بۆ لای ئاغەی ئەمیر
ئەم مەخلووقە دەرچێ لە ویر        دڵخۆشیمان بدەن لە جەم
بەشادی بێ ئەم کوورەی غەم        زوڵاڵ ببین لە تۆز و تەم
هەرچەن وڵاغ لێ دەن بەدار        زیاتر دەڕوا و دەبێ ڕەهوار
زووتر دەخەن لە کۆڵی بار        وەرن بچین بۆ جەمعی حەق
شکات بکەین لای شای موتڵەق        دینتان فەنا حاڵتان بێ شەق
ئینسان لە بۆ جیفەی دنیا        خۆی وە کوشتن قەزا دەدا
سوودی نیە لە ڕۆی عوقبا        ئەڵلا، بەزمی دینی حەقە
دار و حزبی ڕێگەی حەقە        کوشتن بۆ عەشق زۆر لایەقە
هەرکە بیوێ کوفر و کینە        بەیار نەیوێ ئەو یەقینە
خاری جەمعی بنیامینە        هەرکە شکی بوێ لە دڵ
باوەڕ نەکا بەشای عادڵ        کردەی نەقدی دەوێ باتڵ

عابدین لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

خودا ئاوی دا بەتۆمم        سەوز بوو گۆنەڵ لە ناو هۆمم
گوڵی کردە و بتەی جۆمم        گەییە کشتم بەهەفت یۆمم

هەر وەک حەنیف مێوو مۆمم    توایەوە لە تەک زۆمم
بەدووی ڕاستی گەڕا دۆنم    تا دەرکەوێ جێگە و شۆنم
دی کەس نییە بکا لۆمم    هەڵسێ و بێتە بەروبۆمم
چونکە پاک و ڕاست و ڕۆنم    لە بۆ دوشمن بای سەبۆنم
خودام ئەوێ و وەک ئەستۆنم    لە بۆ خەلقی. ڕەهنمۆنم

واتە: خوا ئاوی دایە تۆمم و لە گۆنەڵ و وەرزێکی تایبەتدا ئەو تۆمە لە بەروبوومدا ڕوا. ئەوسا بنەماڵەم پشکووت و پشکۆکانی کردەوەم بۆ ماوەی حەوتەیەک پشکووت و وەکو حەنیف، شەمی ژیانم ڕوون بووەوە و پاشان ئەو ڕووناکییەکەم کەم گەیشتە بنەماڵەم. لە پاشا لەدووی ڕاستەقینە گەڕام تا هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە. ئیتر کەسێک ناتوانێ سەرکۆنەم بکا و پێ بنێتە سنوور و بوومم، چونکە من پاک و خاوێنم بۆ دوژمنانی دین وەکو بای سەبوونم. من خوام ئەوێ و پەیڕەوی لەوەوە دەکەم و وێنەی هەستوون مەحکەمم و خەڵک ڕێنوێنی دەکەم.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردیی کردووەتە حەنیف و وشەی حەنیف لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. حەنیف لە قورئانی پیرۆزدا بەواتای دینی پاکی خوایییە. حەنیفەکان لە بەرابەری بتپەرستەکانەوە ڕائەوەستان. هافی ئیبراهیم حەنیف بوو. ئیبنی هیشام دەڵێ: وەرەقەی کوڕی نۆفڵ هەر لە باپیرە گەورەیەوە تا خۆی حەنیف بوون. مەسعوودی لای وایە ئێرانییەکان و ڕۆمییە کۆنەکان حەنیف بوون. وە هەموو پێغەمبەرەکان لەسەر ڕێوڕچەی حەنیف ڕۆیشتوون.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەوری عابدین [دەستنووس].
٣– دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].
٤– سیره ابن هشام تألیف: ابو محمد عبدالملک ابن هشام – مصر ١٣٢٩ هجری.



## دەمام

٧٥٧ – ٦٧٤

ساڵح کوڕی ئەسعەد کە نازناوی دەمامە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین، لە ساڵی ٦٧٤ی کۆچی لە دینەوەردا لە دایک بووە و تا هەژدە ساڵان لەوێدا بوو. لە دەوری منداڵیەتیدا خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی بووە و پاشان بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و لە دووی ڕێوڕچەی خواناسی ڕۆیشتووە و لەلای سان سەهاکدا ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٧ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

لە پەڕاوی (دەوری چلتەن)دا نووسراوە کە دەمام یەکێکە لە چلتەن و لە یارانی سان سەهاک کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و گۆڕەکەی لە دێی شێخان دایە.

دەمام لە خواناسان و زانایانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچییە و گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراو و شیرینی لێ بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر بەرزن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێم بێ قەیتەر، نامێم بێ قەیتەر    نەقولەی ئەلەست نامێم بێ قەیتەر
ئەوەڵ حەلقە بیم نە دجلەی بێ دەر    دایرەی زنجیر پێوەند بیم نەوەر
ناو ڕۆ زنجیر پاسبان بیام    چەوگا وارنامان قەدەم پەی وەردام
ئامانم نە چین چل نە یەک زمام    نە مەودای ئەنگوشت ئازیز مەولام
هەر چل زیانمی نە یەک شەست کام    حاڵ نە پردیوەر نامێما دەمام
جەی فەرش و سەنگە گرتنمان مەقام    دزاوەرمانەن ئەو ڕیشە و دەوام
بەی ئەو کلیل و ئاسمان و جام    قوفڵ باتنی مفتاح مینام
مایەی کەوسەری ئەز مەدریش تام    مەنۆشام ئەو نۆش دایرەی خواجام
ها دزاوەرەن هام لف مەولام    کۆک پەنجمانەن ئاوشەن بنیام
بنیام خانیا ئاوش ئەز نۆشام    ئاوش نەوی لێڵ نە هیچ تۆز و تام

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم قەیتەر بوو، من یەکەمین کەس بووم کە لەو ڕووبارە بێ بنەدا یارانم بۆ یەکتاپەرستی بانگ کرد و پاشان وەکو زنجیر لکاین بەیەکەوە و وەکو چەمەر دەستمان کردە پاڕانەوە و پاسینی خوا. لەو کاتەدا من پاسەوان بووم و ڕێبەرایەتیی چل کەسەکەش لەئەستۆی من بوو، وەبەربک و دیاردی شای خۆشەویستم

هەموو هاتینە دزاوەر و هەر چلمان بەکام و خۆشی ژیاین و ئێستاکە لە پردیوەرداین و لەم شوێنەدا نیشتەجێین و لە دزاوەردا بنجمان داکوتاوە. دڵ و دەروونم وەکو ئاسمان گەورەیە لەلای گەورەم ئاوی کەوسەرم خواردووەتەوە. دزاوەر هاوتاو هاوسەنگی گەورەمە و ئاوێکی زۆر خۆش و سازگاری هەیە. بنیامین وەکو سەرچاوەیەکە کە من ئاوی زانیاریی ئەوم خواردووەتەوە و ئاوەکەی بەهیچ گەرد و تۆزێک لێڵ نابێ.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەوری چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## شەمام

٧٥٨ – ٦٦٣

عەبدولقادر کوڕی شەمسەدین کە نازناوی شەمامە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٦٣ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و لە دەوری لاویەتیدا ماوەیەک شاگردی پیر ناری بووە و لەلای ئەو خوێندوویەتی و ئەوسا لەلای سان سەهاک چەندین ساڵ ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە. لە پەڕاوی (کورتەی سەرئەنجام)دا نووسراوە کە شەمام بۆ چینیش چووە و چەند جار بەپیادە ڕۆیشتووەتە نەجەف و ماڵی خوا و سەخڵەتییەکی زۆری کێشاوە.

لە پەڕتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە کە شەمام یەکێکە لە چل تەن و لە یارانی سان سەهاک. ئەو بەزاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنراوێکی زۆری هۆنیوەتەوە و گەلێکین لە پەڕاوی (چل تەن)دا تۆمار کراون.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام شەمام لە دەوری گەنجیەتیدا چووەتە لای سان سەهاک و ماوەیەک لە دێی شێخاندا ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە هەورامان و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:



نامێم بێ میزان، نامێم بێ میزان     نا قوللەی دەمام نامێم بێ میزان
دوویەم حەڵقە بیم نە دجلەی نیهان     دایرەی زنجیر بێوەندم جە کان
چاگا نە خواستر ئەزیچ بیم پاسبان     چەوگا وارنامان قەدەم پەی دوکان
جە مەودای ئەنگوشت ئازیز گیانان     گرد ئامایین نە چین چل نە یەک دیوان
حاڵ نە پردیوەر مەدەریمە بەیان     جە باڵای سەنگێ مەکەریم جەوڵان
گرتنمان نەی فەرش دزاوەر مەکان     جە ئی مەکانە مەدەریم پەیغام
دوویەمین کلیل ستاران مەقام     مفتاح فەرەج بلووری مینام
نەی جامەی بەشەر نامێمەن شەمام     جەی سەنگ و بەرە گرتنمان ئارام
شیشەی خەمەنان نەهورەخش زام     هام لەف مێردان ئازیزمەن بنیام
دزاوەرمانەن ڕیشەی گرد غوڵام     بنیامین ئانە ڕۆژش کەردەن لام
چەمەی زوڵاڵەن مەی کەردەن نە جام     ئاوەرد دا پێمان نەی بوخار و دام
ئێمە نۆشامان بەشەوق خواجام

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ڕێ و ڕەوشت بوو، وە لە ڕووباری بێ بنی شاراوەدا دووەمین ئاڵقەی ئەو کۆڕە بووم و لەوێدا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێنا. لەو دەمەدا من لە خواستردا پاسەوان بووم و بەفەرمانی گیانی گیانیان واتە: خوای گەورە و گران بەرەو دێی دوکان کەوتینە ڕێ و هەر چلمان ئێستاکە لە پردیوەردا ژیان دەبەینە سەر و لە سەر تاشە بەردێکدا دائەنیشین و لە دزاوەردا نێشتەجی بووین و لەم شوێنەدا بەخەڵک پەیغامی خوا ڕادەگەیەنین من دووەمین کلیلی ئەستێرەکانم و ئێستا لەسەر ئەم بەرد و دەرکەدا ئارامم گرتووە، بەڵام لەم سەر زەوییەدا دڵم پڕە لە خەم و پەژارە، کەچی خۆر (هووەرەخش) بەسەر هەموو شوێنێکدا تیشکی بڵاو دەبێتەوە و دڵەکانی پێ پاک و خاوێن دەکاتەوە. بنیامین ئەوا ڕۆژی لەلای من بردە سەر، وە ئەو وەکو سەرچاوەیەکی ڕوونە و هاتووەتە پۆلی ئێمەوە و بەهەر کامی ئێمە جامێکی بادەی دا و ئێمەش لە خۆشی خوای تاق و تەنیا ئەو بادەمانە خواردەوە.

خواستر کە دیاردیی پێ کراوە، لە ڕواڵەتدا ناوی جێگایەکە لە هەورامان. ئەم وشە لە پەڕاوی (ئاڤێستا) بەچەشنی خواسترا هاتووە و بەپێی یەشتی نۆزدەیەم ناوی ڕووبارێکە لە سیستان و ئاوەکەی دەڕژێتە دەریاچەی هاموون. خواسترا بەواتای چیمەن و لەوەڕگەی چاکە کە نیشانەیەکە بۆ خوای با و هەوا.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەوری چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– فرهنگ نامهای اوستا – تألیف هاشم رضی – تهران ١٣٤٦.

## قامووس

٧٦١ – ٦٨٣

عەبدولڕەحمان کوڕی عەلی کە نازناوی قامووسە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی لە دەوروبەری هەورامانا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و هەموو دەم چووەتە سەر گڵکۆی شێخەکان و چاوەڕوانی پیرێکی گەورە بووە کە دەستی بگرێ و ڕێی پێ پیشان بدا و لەم کاتەدا ناوبانگی سان سەهاکی بیستووە و خێرا بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و ڕێوڕەچەکەی ئەوی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لەلای ئەو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا بەخاک سپێرراوە.

لە قامووسەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە ناو سەرئەنجامدا تۆمارکراون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەیە کە دەڵێ:

نامێما ئەڵماس، نامێما ئەڵماس    نە قولەی ئەلەست نامێما ئەڵماس

سێیەم حەڵقەنان نە ڕۆی دجلەی خاس    دایرەی زنجیر بێوەندم نە تاس

نە قەهر ویراز جەولان دایم وە ڕاس    چەوگا ئامایمی پی وەرو ئەساس

شیایمی نە شێوەی مەریتەی قەسساس    ئامایمی نە چین نە ژێر یەک کەرواس

نە مەودای ئەنگوشت خواجای مەردوم ناس    سازشت یەک ذات نوور بێ ئەخماس

زات ئەو زاتەنان ئاگان جە گرد باس    دانا و توانا و زیندەن بەبێ هاس

ڕەحیم و جەببار، ئازیزەن پەی ناس    نە پردیوەردا پێمان دا لیباس

ئێگا چەی قەتار نامێما قامووس    جە ڕای لەقانان نەپەردەی فانووس

ئەو دزاوەرمان دیەن جای نامووس    ئاومشان نۆشا نە سەرچەمەی دووس

لێلاویش نیەن نە هیچ تەم و تووس    هەر کەس نەنۆشا جە یار بێ مایووس

واتە: لە لووتکەی کێوی بەریندا ناوم ئەڵماس بوو، وە سێیەمین ئاڵقەی ئەو کوڕە بووم و



لەگەڵ یارانی ڕۆحانیدا کۆرێکمان پێک هێنا و بەکوێرایی ویراز بەرەو لای ڕاست چووینە گەشت و گەڕان و پاشان بۆ دامەزران و پێکهێنانی بەرنامەی خوایی هاتین و لە لەش و قاڵبی مرۆدا سەرمان هەڵداو بەفەرمانی خوا لە چین لەژێر خێوەتێکدا کۆبووینەوە. خوا کە بێ هاوتا و بێ وێنەیە، ئەو نیشانەیەکی زۆری هەیە. ئەو لە هەموو شتێک ئاگەدارە و دانا و زانا و توانا و زیندوو بەبەزەیی و بەهێز و خۆشەویستە. ئەو بوو کە ئێمەی هێنایە پردیوەر. ئێستاکە من ناوم قامووسە و لەم جیهانەدا وەکو چرا و فانۆس دەدرەوشمەوە. ئەی دۆستان! دزاوەر مایەی ئابڕووە و ئێمە لە سەرچاوەی دۆست ئاوی زانیاریمان خواردەوە و ئەو ئاوە بەهیچ گەرد و تۆزێک لێڵ و شلوێ نابێ و هەر کەسێک لەوە نەخواتەوە لە دیداری یار بێ بەری دەبێ.

ویراز کە دیاردیی پێ کراوە، لە ڕواڵەتدا ناوی پیاوێکە کە خەنیمی هۆنەر بووە. وە لەم هۆنراوانەدا ئەوی سەرکۆنە کردووە و لە ڕیزی ناپارێزگاران هێناویەتە ژمار. بەڵام لە پەڕاوی ئاڤێستادا، ویراز ناوی یەکێ لە خواناسان و پارێزگارانە کە لە لیزگەی ناوەکانی یەشتی سێزدەیەم ناوی براوە و ستایشی کراوە.

لەم بەندەدا هۆنەر دیاردیی کردووەتە نیشانەکانی خوای مەزن کە خوای بەخوای یەکتا و زانا و بەدەسەڵات و زیندوو و بەبەزەیی و زۆردار داناوە و تەواوی جیهان و ئەوەی تیایەتیی ئەو بەدیی هێناوە. لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: «إِنَّ اللّهَ بِكُلِ شَيٍءٍ عَليم» واتە: خوا بەسەر هەموو شتێکدا ئاگەدارە و هیچ ڕازێک لە تۆی دڵان یا لە دڵی ئاسمانەکاندا لەو نادیار نییە. دیسان دەفەرمووێ: «إِنَّ اللّهَ عَلى كُلِ شَيٍءٍ قَدير» واتە: خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە و ئەو جیهانی بەدی هێنا و مرۆ دیسانەوە زیندوو دەکاتەوە و لە ڕۆژی پەسڵاندا دەیخاتە بەر لێکۆڵینەوە. دیسانەوە دەفەرمووی: « اللّهُ لا اِلَه إِلا هُوَ الحَيُ القَيوم» واتە: خوا زیندوو ڕاوەستاوە و هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی ئەو دایە و ئەو بەبەزەیییە و بۆ بەندەکانی لە دایک مێهرەبانترە و بۆ ستەمکاران و زۆرداران بەڕقە و ئەگەر کەسێک گوێ بەفەرمانی نەدا لە بەزەییی ئەو بێ بەش دەبێ و دەکەوێتە بەر سزای خوایی.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەوری چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– یشت ها – تالیف وتفسیر پورداود – بمبئی ١٣٠٧.

## ئەژدەر

٦٧٦ – ٧٣٩

مەحمـوود کوڕی سادق کە نازناوی ئەژدەرە، بەپێی یادداشـتی ئەعلادین، لە سـاڵی ٦٧٦ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشـتووە و خـەریکی خـوێندن بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشـتووەتە بەغدا و بەخـوێندنی تەواوکردووە و ئـەوسا گـەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێوە چووەتە دێی شێخان و ڕێوڕچەی یاری وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لـەوێدا بەڕێنوێنیی خـەڵک بردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ٧٣٩ی کۆچی ماڵئـاواییی لە جیهان کردووە و لەوێدا نێژراوە.

ئەژدەر گـەلێ حـەزی لە پیـتـۆڵی و ئاینەکـانی کـۆن کـردووە و لە هـۆنینەوەی هـۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و پەیڕەوی لە هۆنەرانی هاوچەرخی خۆی کردووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماوە کـە زۆر شـیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانن ئەمـەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامـێـمـا بەرقی، نامـێـمـا بـەرقی ... نە قـولەی ئەلەست نامـێـمـا بـەرقی
چوارەم حەڵقە بیم نە دجلەی شـەرقی ... دوور کەردم جە کەوک سونقور و قەرقی
هەتا نەمـانۆ تـەزویـر زەرقی ... نەجـامـەی هووە کـە بیـمـان غـەرقی
تا قـەدم نیایم پەی سـەنگ و کەمـەر ... حـەق حـەق مـەواتن مووروان سـەراسـەر
مـحـەک مـێـردان سـوڵتـان سـەروەر ... زامـایمی جـە لـەوح سـەنگ دزاوەر
ئامانم نە چین چـڵ نە یـەک ئەنوەر ... جە مـەودای ئەنگوست شای بینا بەسەر
مـەدەیم گـەواهـی بزەنگۆ بەشـەر ... بـرووز دمـیـم سـڕ خـالق ئەکـبـەر
دیوانمان گـرتـەن حـاڵ نە پردیوەر ... قـاب مـێـهـرم ئەز نـامـێـمـا ئەژدەر
پیـاڵە و جـامـم، جـام مـونەووەر ... حـەڵقـەی پاڵووی شـام دایم نە کـەمـەر
مـفـتـاح حـەجـجام شـجـام جـەوهـەر ... کلیل چـوارەم هائـۆم ئەخـزەر
ئیسا نەی پەردە جەممان بەست یەکسەر ... هـەر یـەک وە یەکـڕەنگ مەدەریم خەوەر
ڕۆژمـان وە سـەر بەرد گـرد نە دزاوەر ... ئاومـان نۆشـا چون شـەهد و شـەکـەر
هەر کەس نەنۆشا جە یار بی بێوەر

واتە: لە لووتکەی کـێـوی بەریندا ناوم بەرقـی بوو و چوارەمـین کـەس بووم وە مـن باز و هەڵۆم لە کـەو دوور کـردەوە تا خـراپە و سـتـەم و زۆر لەنـاو بچـێ. کـاتێ لـەناو باسی



خـواناسیدا نوقم بووین و هەنگاومـان نایە ئەم جیـهانەوە، تەواوی پەلەوەران نەوای خـوایان دەخـوێندەوە و خـوای تاق و تەنیـایان سـتایش دەکرد، وە کاتێ گـەیشـتینە دزاوەر، بەپێی فـەرمـانی خـوام کـەوتینە پاڕانەوە و ئێـسـتا لـە پردیوەردا کـۆڕێکمـان پێک هێنا، من ناوم ئەژدەرە و پیـاڵە و جـامم، جـامـێکی ڕوون و خـاوێنە کە شـادی بـەدڵەکـان دەبەخـشێ. من ئاڵقـەی کۆڕی پاشـا و کلیلی سـەرمـام. هائۆمی سـەوزە لە پارێزگـارانە. ئێسـتـا لە دەوری یەکتردا کۆبووینەتەوە و هـەر کـام بەچەشنێک خـەڵک لە نیشانەکانی خـوا ئاگەدار دەکـەین. ئەوا ئێـسـتـا لە دزاوەردا دەژین و ئاوێک بەشـیـرینیی هەنگوێن و شـەکـەر دەخـۆینەوە، هـەر کەسێک لەو ئاوە نەخواتەوە لە دیداری یار بێ بەری دەبێ.

هائۆمی سـەوزە کە لەم بەندەدا دیاردیی پێ کراوە، لە ڕواڵەتدا ناوی یەکێ لە پارێزگارانی سەدەی هەشـتەمی کۆچییە کە هۆنەر ئەوی سـتایش کردووە. ئەم ناوە لە پەڕاوی ئاڤێستادا بەشـێوە هەئۆمە نووسـراوە کـە ناوی زانایەکی پارێزگارە کە بۆ درواسپ قوربانی دەکات و ویستی ئەوەیە کە بەسـەر ئەفراسیاوی تۆرانیدا سـەرکەوێ.

سـەرچاوەکان

١– سـەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەوری چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– ویسپردگزارش پورداود – تهران ١٣٤٣.

## ئەنوەر

٦٦٨ – ٧٣٣

هاشم کـوڕی سـەعـیـد کـە نـازنـاوی ئەنوەرە، بەپێی یادداشـتی ئەعـلادیـن لە سـاڵی ٦٦٨ی کۆچی لە دەوروبەری قرمیسـیندا لە دایک بووە و هـەر لەوێشـدا پـێ گەیشـتووە و خـەریکی خـوێندن بووە و لە تـافی جوانیدا ڕۆیشـتووەتە شـێخـان و لـەلای سـان سـەهاک مـاوەتەوە و لەسـەر ڕێوڕچەی خـواناسی ڕۆیشـتـووە و ئەوسـا گـەڕاوەتەوە زێد و مـەڵبـەندەکـەی خـۆی و پاشـمـاوەی ژیانی بەڕێنـوێنیی خـەڵک بـردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ٧٣٣ی کۆچی لە تـەمـەنی شەست و پێنجساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هـەر لەوێدا نێژراوە.

ئەنوەر لە نێوانی هۆنەرانی دەوری خـۆیا پلەوپایەیەکی بەرزی هەبووە و لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە فـەلسـەفەدا دەسـتێکی باڵای هـەبووە. لە ئەوەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار

ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما جەوهەر، نامێما جەوهەر     نە قولەی ئەژدەر ئامێما جەوهەر
پەنجوم حەڵقەنان نە دجلە و حەجەر     دام بەند زنجیر بێوەند ئەژدەر
ئەژدەرەن قەهارنە جلوەی دەیجوور     وە قەهرو مۆبەت جەولان دایم بلوور
وارنامان قەدەم پەی یانەی مەستوور     نە چوار عەناسر ها بیمان پەیجوور
نەی بەرگ وە پەنج حس ئامایم نە حوزوور     ئامانیم نە چین چل بەیەک دەستوور
جە ناز مەولام ئەو ساحێب سەبوور     مەقتوول بیم ئانە نە جامەی فتوور
هەر نە ڕۆی ئەزەڵ زیام وە شعوور     ئیسا دیوانمان گرتەن بەزەروور
تا ئاشکار بۆ فەرق زوڵمەت و نوور     جەی حەڵقەی دیوان نامێما ئەنوەر
دزاوەرمانەن پیر دەستاوەر     ئاومان وەردەن ئاو موعەتتەر
هەر کەس نەنۆشاوێش وست نەخەتەر

واتە: لە لووتکەی کێوی بەریندا ناوم جەوهەر بوو، وە لەو کۆڕەدا پێنجەمین کەس بووم و ئەژدەرمان خستە بەند و داو و ئەوسا تیشکی خوا بارییە دڵمانەوە و بەقار و خۆشەویستی بەسەر لەشی تاریکی خۆمانا زاڵ بووین و هەنگاومان نایە جیهانی نهێنییەوە و داوای چوار شتمان کرد و ئێستا بەم قاڵبە خاکی و پێنج هەستە هاتین و هەر چلمان لە چیندا چووینە لای سەرۆکمان. بەڵام لەم کاتەدا گیان و دڵی ئێمە سست بووەوە، کەچی لە ڕۆژی بەریندا هەست و خوستێکی ترمان هەبوو و لە هەموو شتێک تێ دەگەیشتین. ئێستا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە تا تۆفیری ڕۆشنایی و تاریکی بۆ هەموو ئاشکرا کەین. لەم دیوان و کۆڕەدا ناوم ئەنوەرە و پیرمان لە دزاوەردا ئێمەی سەرئەفراز کرد و لە سەرچاوەی زانیاریی ئەو قومێ ئاومان خواردەوە و بەڕاستی ئەو ئاوە زۆر بۆنخۆش بوو کە خواردمانەوە، وە هەر کەس ئەو ئاوە نەخواتەوە خۆی دەخاتە ناو مەترسی و تەگەرە.

هۆنەر لەم بەندەدا گەلێ زاراوی پیتۆڵی بەکارهێناوە وەک: جەوهەر، ڕۆشنایی و تاریکی و هەستی پێنجگانە کە ئەوا بەکورتی لە بارەیانەوە دەدوێین. جەوهەر بنەڕەت و کورتەی هەموو شتێکە. هەستی پێنجگانە بریتییە لە: دیتن و بیستن و چێژتن و بۆنکردن و دەست لێدان. سوورە بەردی لە پەڕاوی (حکمە الاشراق)دا دەڵێ: بۆ مرۆ و وڵسات پێنج هەست سرشت کراوە و یەکێکیان دیتنە کە هەموو شتێکی پێ دەبینێ، بەڵام وڵسات لە دەست لێداندا زۆر بەهێزترن، وە لە بارەی ڕۆشنایی و تاریکییەوە دەبێ بڵێم کە زۆربەی زانایانی ئێرانی لەسەر ئەو بیروڕایەن کە سەرئەنجام ڕۆشنایی بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێ و



سەردەکەوێ و ئەو کەسەی کە لە ڕۆشناییەوە پەیڕەوی بکا لە زانستدا بەهرە دەبا و بەپلەوپایەیەکی بەرز دەگا.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤- حکمە الاشراق تألیف: شهاب الدین یحییٰ سهروردی - تهران ١٣٣١ هجری.

## گەوهەر

٧٢٩ - ٦٥٨

جەلال کوڕی محیەدین کە نازناوی گەوهەرە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٥٨ی کۆچی لە دەوروبەری هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە دەوری لاویەتیدا ماوەیەک بەفەقێیەتی گەڕاوە و هەموو دەم لەگەڵ شێخان و خواناسان و پارێزگاراندا کۆبووەتەوە و سەرئەنجام ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک بووە و پاشان خەرقەی وەرگرتووە و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ٧٢٩ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا هەر لە دێی شێخاندا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە گەوهەرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. دەڵێن کە هەندێ پەڕاویشی بەزمانی فارسی و عەرەبی نووسیون کە بەداخەوە لەناوچوون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما دەییان، نامێما دەییان     نە قولەی ئەلەست نامێما دەییان
شەشەم حەڵقەنان نە دجلەی پنهان     ڕەزم زنجیر بیام بێوەند خوادان
نە قاب ئەزم هەنگاممان نیان     ئامانم نە چین چل نە یەک مێزپان
نە مەودای ئەنگوشت ئازیز سەرسان     وە ئەمرو فەرمان ئەو جان جیهان
نە دزاوەردا گەواهیمان دان     کەردین وە یەک یار زاتمان زیان
گرد زیاین جەنوور چل نەیەک مەزهەر     نە جام سەما چەرخ مودەووەر
کلیل شەشەم ئەزەنان مەتەر     نەی وەر و ڕاگە نامێما گەوهەر
ها ئەزم کەی ئووس هامتای دزاوەر     دزاوەرمانەن وە ڕەمز ئەکبەر

سەرچەمەی نوورەن سوڵتان سەروەر    ئەو نە جام وەردەن سەرچەشمەی کەوسەر
نیەنش تەڵخی بۆشەن بۆی عەنبەر    هەر کەس نەنۆشا وتەن بێ خەوەر

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم دەییان بوو و شەشەمین کەس بووم لەو کۆڕەدا و گیانم بەزنجیری خوادان گرفتار بوو، وە کاتێ هەنگاومان نایە ئەم جیهانەوە، من لەگەڵ یارانی ترما هاتم و بوومە مێوانی ئەوان. بەڕێک و دیاردی و فەرمانی گیانی جیهان، کە داهێنەری جیهانە، ئێمە لە دزاوەردا بڕوامان بەگەورەیی و شان و شکۆی ئەو هێنا و هەمووشمان لە لەشێک و گیانێکدا ژیانمان بردە سەر و دڵمان لە شەپۆلی تیشکی خواییدا نوقم بوو، وە لە چەرخی ئاسماندا کە بارانی بەزەیی دەباری، من ناوم گەوهەر بوو. ئەوا من کەیکاوس هاوتای دزاوەرم و دزاوەر گەورەیە و سەرچاوەی خۆرە و سەرۆکم خۆرە. ئەو لە سەرچاوەی کەوسەر ئاوی خواردووەتەوە و ئەو ئاوە بۆنخۆشە و هەرکەس لێی نەخواتەوە. لە خەوی بێ خەبەری دایە.

خوادان کە دیاردیی پێ کراوە، لە ڕواڵەتدا ناوی پیاوێکە کە خەنیم و ملۆزمی هۆنەر بووە، بەڵام لە ئاڤێستادا بەچەشنی خوادائینا هاتووە و لە یەشتی سێزدەیەمدا ناوی ئەو هاتووە و ستایش کراوە.

وشەی گیانی جیهان کە دیاردیی پێ کراوە، بریتییە لە هێزێکی نەدیو و شاراوە کە دیارە خوای مەزن و داهێنەری مرۆ و هەردوو جیهانەکە هەموو شتێک لە ئەوەیەوە و ئەو سەرچاوەی هەموو شتێکە.

سەرچاوەکان


١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەوری چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤- گاتها - تألیف و ترجمهء پورداود - بمبئی ١٩٢٧.




## نگین

٦٦٤ - ٧٣٢

حەسەن کوڕی ئەبو تاهیر بەپێی یادداشتی ئەعلادین، لە ساڵی ٦٦٤ی کۆچی لە مەندەلیدا لە دایک بووە و هەر لەوێش پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە بەغدا و پیتۆڵی و ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامیی خوێندووە ئەوسا گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و لەوێدا خوێندنەکەی کۆتایی پێ هێناوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاکدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٢ی کۆچی لە تەمەنی شەست و هەشتساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

لە نگینەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما زمڕووت، نامێما زمڕووت    نە قولەی گەوهەر نامێما زمڕووت
هەفتەم حەڵقە بیم نە دجلەی فرووت    دایرەی زنجیر بێوەند بیم ئەرشووت
نە لەوح کوورە دەیجوور دایم برووت    چاگا ئامایمی پەی چاڵ هارووت
ئامانم نەچین چل نە یەک سرووت    جە مەودای ئەنگوشت شای خاوەند فەرهووت
چلتەن نە یەک تەن بیەمنی ناسووت    نە سەمای سەرین کۆی خێر و شەڕ بووت
هەفتەم کلیلەنان نە تاش کەبووت    کەبووت ئەزەڵ دیوان سەنگین
بەزم دزاوەر پێمان بێ موبین    نە پردیوەردا مەکەریم ئامین
ناچە و مووچەمان پای خوان ڕەنگین    پەرێ دزاوەر تەدبیر مەوانین
ئاومان وەردەن نەدەست بنیامین    بیمش زەردەگڵ مەزەشا شیرین
هەر کەس نەنۆشا وست نە دڵش کین

واتە: لە لووتکەی کێوی بەریندا ناوم زومرد بوو، وە لەو کۆڕەدا حەوتەمین کەس بووم و لەوێدا بەکەمەند و زنجیری ئەرشووت گرفتار بووم و کاتێ کە لەگەڵ یاراندا لە جیهانی تاریک تێ ئەپەڕین، هاتینە چاڵی هارووت و هەر چلمان دەستمان کردە خوێندنەوەی سروود و ئەوسا بەفەرمانی خوا، هەر چلمان هەنگاومان نایە جیهانی ناسووت ، جیهانێ کە لەوەدا چاکە و خراپە و بەختەوەری و چارەڕەشی و بەدبەختی و نەگبەتی تێدایە، وە من ئێستا حەوتەمین کەسێکم کە لە کێوی کەوودا ژیان دەبەمە سەر، ئەو کێوەی کە لامان زۆر گەورەیە و لەسەریا کۆ دەبینەوە، بەزمی دزاوەرمان بۆ ئاشکرابوو و ئێستا لە پردیوەردا خەریکی ستایشی خوای تاق و تەنیاین و ناچە و مووچەمان لەسەر سفرە و خوانێکی

ڕەنگین داناوە و بۆ دزاوەر تەدبیرێک دەکەین. ئێمە ئاوی یەکتاپەرستیمان خواردەوە، ئاوێک کە تامێکی شیرین و خۆشی هەیە و هەر کەسێک لێی نەخواتەوە ڕق و دوژمنی لە دڵیدا دەمێنێتەوە.

ئەرشووت کە هۆنەر دیاردی پێ کردووە، لە ڕواڵەتدا ناوی پیاوێکە کە خەنیم و مێملی هۆنەر بووە و ئەم ناوە لە پەڕاوی ئاڤێستادا بەچەشنی ئەرشوەنت هاتووە و یەکێکە لە پارێزگاران و ناودارانی کۆن کە لە یەشتی سێزدەیەمدا ناوی هاتووە و ستایشی کراوە.

چاکە و خراپە کە دیاردیی پێ کراوە، سوورە بەردی لە پەڕاوی (حکمە الاشراق)دا دەڵێ: سەرچاوەی تیشکی ئەهوورامەزدا کە داهێنەری جیهانە، هەمووی چاکەیە و جوانە و پیرۆزە و پاکە. لە چاکە خراپ پەیدا نابێ، و خراپە لە کەمایەتیی مرۆییییەوە دێتە دی، وە زۆربەی خراپەکان بەهۆی هێزی مێشکی مرۆییییەوە پەیدا دەبێ و ئەوەش لە کەمایەتییەوە دێتە دی، ئەگینا بنیادەم بەچاکە سروشت کراوە، بۆیە حەز لە چاکە دەکا.

ناچە کە دیاردی پێ کراوە، چەند لەتی نانە کە گۆشت دەخەنە ناوی و بابۆڵەی دەکەن و مووچەش چەند لەتی گۆشتە کە دەیخەنە ناو بابۆڵەکە و ئەوەش لە جەمخانەدا دابەش دەکەن.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەوری چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– حکمە الاشراق تألیف: شهاب الدین یحی سهروردی – تهران ١٣٣١ هجری.
٥– یشت ها – تالیف وتفسیر پورداود – بمبئی ١٣٠٧.

## مسکین

٧٥٨ – ٠٠٠

شەریف کوڕی تاهیر کە نازناوی مسکینە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە دەوروبەری هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا بەفەقێیەتی گەڕاوە و بۆ خوێندن چووەتە شارەزوور خوێندنەکەی لەوێدا تەواو کردووە و ئەوسا بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تاساڵی ٧٥٨ی کۆچیدا جیهانی بەجێ هێشتووە و لەوێدا نێژراوە.



لە مسکینەوە هەندێ هۆنراو بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما لاڵە، نامێما لاڵە    نە قولەی قودرەت نامێما لاڵە
هەشتەم حەڵقە بیم نەو دجلە و قاڵە    وە نوور پادشا یاوام وساڵە
نوورەش چون هوەرشیت ساف و زوڵاڵە    چەوگا نیامان تاریخ ساڵە
ئەوسا زیانمی نێوەر جەماڵە    ئامانم نەچین چل نەیەک ماڵە
نە جیلوەی ئەنوەر شای بێ زەواڵە    جە دزاوەردا نامێم قەواڵە
قەواڵەی چلتەن نە ئی سەرزەمین    حاڵ نە پردیوەر گرتەنمان ستووین
ئاومان وەردەن نە چەمەی ڕەنگیند    هەر کەس نەنۆشا دڵش بێ غەمین

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم لاڵە بوو، وە لەو کوڕەدا هەشتەمین کەس بووم بەهۆی تیشکی خواییەوە گەیشتینە ئامانج. تیشکی پاشا وەکو تیشکی خۆر ڕوون و پاکە و بەسەر هەموو جێ و شوێنێکدا بڵاودەبێتەوە. ئەوسا مێژووی ساڵمان دانا و بەچاکە و خۆشی ژیاین و ئێستا لە دزاوەردا ناوم قەواڵەیە و قەواڵەی چلتەن لەم وڵاتە دایە و هەنووکە لە پردیوەرداین و بۆ هەمووی خەڵک وەکو کۆڵەکە و هەستوونین و لە سەرچاوەیەکی ڕەنگین ئاوی زانیاریمان خواردەوە، هەر کەسێک ئەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، دڵی پڕ لە خەم و پەژارەیە.

هۆنەر لەم بەندەدا دیاردی کردووەتە هوەرشیت کە بەواتای خۆر و هەتاوە و سوهرەوەردی لە پەڕاوی: (هیاکل النور)دا دەڵێ: تیشک گەورەترین و بەرزترین داهێنەری خوایە و ئەو باوکی پیرۆزی پاشایە، ئەو خۆرە کە ڕووناکیی ئەو بەهەموو شوێن و جێگایەکدا بڵاودەبێتەوە، ئەو فەرمانڕەوای ئاسمان و بەدیهێنەری ڕۆژی بەهێزە.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– هیاکل النور – تألیف شیخ شهاب الدین سهروردی – تهران ١٣٤٥.

## مۆمن

٦٦٨ - ٧٦١

مەنسوور کوڕی سەدرەدین کە نازناوی مۆمنە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٦٨ی کۆچی لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە زانستی ئەو دەورەدا دەستێکی باڵای هەبووە. لە تافی جوانیدا بەفەقێیەتی گەلێ شوێن گەڕاوە و پاشان چووەتە دێی شێخان و ماوەیەک لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦١ی کۆچی لە تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە مۆمنەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نە ئەزەڵ قودرەت، نە ئەزەڵ قودرەت
نامێم زوڵاڵ بێ نە ئەزەڵ قودرەت
نە قولەی ئەلەست نەویمان سوورەت
نۆیەم حەڵقە بیم کە کەردم سوحبەت
زلق زنجیر بیم نە دام حوججەت
کوورەی نار بیام نە شەو بەهەیبەت
جە مەودای ئەنگوشت شای ساحێب روخسەت
جە (نور الانوار) بیەنم شەوکەت
هانا پەی نا ئەهل سڕ نەکەران فاش
ئانە حیکمەتەن چون سەرچەشمەی تاش
ئاوش بوەرن بنیشن نە پاش
وە ڕەمز بواچن حەق دەرۆ جەزاش
مۆبەت بوانن چێگا وە بێ کین
قەڵەم وە دەستەن پیر مووسا یەقین
ئیسا نەی دەورە نامێما مۆمین
ئاومان وەردەن جەلان پەی جەمین
سرووڕەن پەی زێڵ ئەو ئاوە یەقین
هەر کەس نەنۆشا بێوەر بی نەی دین



واتە: من لە ڕۆژی بەریندا ناوم زوڵاڵ بوو، وە لەو دەمەدا لەش و ڕوومەتم نەبوو و هەر گیانم بوو، وە من لەو کۆڕەدا نۆیەمین کەس بووم و کەوتمە داوی پاشای خاوەن تیشک من گەیشتمە فەڕ و شکۆ. هانا کە ئەم ڕازانە بۆ ناپیاو مەدرکێنن. چونکە ئەوانە پیتۆڵییە و دەبێ لەوان بیشارنەوە و هیچ کات مەیدرکێنن، وە وەکو سەرچاوەی چیا لە ئاوەکە بخۆنەوە و لە پاڵیدا دانیشن و بەگۆشە و پلار بیلێنە خەڵک تاکو خواش پاداشتی چاکەتان بداتەوە. لەگەڵ یەکتردا بەخۆشەویستی ژیان بەرنە سەر و ڕقوقین لە دڵ دەرکەن. ئێستا لەم دەورەشدا ناوم مۆمنە و لەگەڵ یاراندا ئاوی زانیاریم خواردووەتەوە، ئەو ئاوە تەوێڵ و هەنیە ڕوون دەکاتەوە و بۆ دڵ مایەی شادی و خۆشییە و هەر کەسێک لێی نەخواتەوە لەم ڕێوڕچەیە بێ بەهرە و بێ بەش دەبێ.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دەڵێ: ڕازی خوایی و پیتۆڵی دەبێ لە خەڵک بشارنەوە و مەیدرکێنن و ئەگەر ویستتان بەدۆستەکان و یارەکانتان بیلێن، دەبێ بەگۆشە و پلار ئەو قسانە بکەن، لەم بارەوە سوهرەوەردی لە پەڕاوی (حکمە الاشراق)دا دەڵێ: لە نێوان پێشینیان و پیتۆڵاندا بۆ وتنی مەبەستەکانی فەلسەفی جیاوازیی هەیە و هەندێ لایان وایە کە ئەو قسانە دەبێ بەگۆشە و پلار بیلێن، چونکە پێشینیان ئەو کارەیان، دەکرد و قسەکانیان بەگۆشە و پلار دەردەبڕی وە بڕوایان ئەوە بوو کە نابێ ئەو مەبەستانە بەڕوونی بۆ خەڵک بکەن، چونکە شتێکی لێ تێ ناگەن و لەوانەیە کە گومڕێش بن.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## سەفیر

٦٧١ - ٠٠٠

یەعقوب کوڕی یوسف کە نازناوی سەفیرە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٧١ی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەگەلێ دێ و شاری کوردستاندا گەڕاوە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە، وە لەسەر ڕێوڕچەی خواناسی ڕۆیشتووە و پاشماوەی ژیانیشی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

سەفیر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی بەیادگار لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە هۆنراوەکانیدا وا دیارە لە فەلسەفە و پیتۆڵیدا دەستێکی باڵای هەبووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما شەمیار، نامیا شەمیار     نە قولەی ئەلەست نامێما شەمیار
دەهەم حەڵقە بیم نە دجلەی جەببار     بێخ زنجیر بیم نەدەیجوور تار
قولەی ئایر بیم نە ژێر ساجنار     ئایرو ئەروان جە نوور دادار
چەوگا ئاوەردیم قەدەم پەی وەر یار     ئامانم نە چین چل نە یەک حەسار
نە مەودای ئەنگوشت زات کەرەمدار     سرشت نووریم نە جام ئەنوار
نەی دزاوەردا گرتەنمان قەرار     ئیقرار قەدیم نیامان وە تەدبیر
دەفتەرم نە دەست پیر مووسا وەزیر     ئاومان وەردەن پاڵفتەی حەریر

هەر کەس نەنۆشا نیەنش شەرت پیر

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم شەمیار بوو لەو کۆڕەدا دەیەمین کەس بووم و لەو جیهانە تاریکەدا لە ژێر هەتاودا لووتکەی ئاور بووم و ئاگر و گیان هەردووکیان تیشکی خوایین. لەو دەمەدا چوومە لای یار و هەر چلمان وەکو قەڵایەک بووین و بەفەرمانی خوای تاق و تەنیا دیسانەوە لە جامی خوایی پێکهاتم و ئێستا لە دزاوەردام و پەیمانی ڕۆژی بەرین جێبەجێ دەکەم و ئێمە ئاوی زانیاریمان خواردەوە و هەر کەس لەو ئاوە نەخواتەوە، بێ پەیمان و بێ بەڵێنە.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە ئاگر یا تیشکی پیرۆزی خوایی کە سوهرەوەردی لە پەڕاوی (حکمە الاشراق)دا لەم بارەوە دەڵێ: ئاگر برای ڕەوان و گیانە و بریتییە لە تیشکی خوایی. پیتۆڵەکان و زانایانی پارس هەر لە کۆنەوە داوایان لە خەڵک دەکرد کە ڕوو بکەنە ئاگر و لە کاتی پاڕانەوەشدا لای لێ بکەنەوە و بۆ ئاگر ئاگرگایان دروست کرد و یەکەمین کەسێک کە بۆ ئاور ئاورگای دروست کردووە، هۆشەنگ بوو، وە لە دوای ئەو جەمشید و پاشان فەرەیدوون و ئەوسا کەیخەسرەو بوو کە ئاگریان بەخاوێنی دەپاراست و لە کاتی پاڕانەوە و نوێژکردندا ڕوویان تێ دەکرد.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤- حکمە الاشراق - تألیف: شیخ شهاب الدین سهروردی - تهران ١٣٣١ هجری.



## کەبیر

٦٨٢ - ٧٦٦

جەمالەدین کوڕی ڕۆستەم کە نازناوی کەبیرە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٨٢ی کۆچی لە دەوروبەری شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە، پاشان بەفەقێیەتی گەڕاوە و چووەتە بەغدا و شام و لەلای زانایانی ئەو مەڵبەندانەدا خوێندوویەتی و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاکدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٦ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و نێژراوە.

هەندێ هۆنراو لە کەبیرەوە ماوەتەوە کە زۆر بەرز و شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما زوهرە، نامێما زوهرە     نە قولەی مۆمن نامێما زوهرە
یازدەیەم حەڵقەم نەو دجلە و نەهرە     دام زنجیر بیم کە بەردم بەهرە
وەر حەق بیام خەیاڵم قەهرە     چەوگا نیامان قەدەم پەی شوهرە
گرد ئامایین نە چین چل نە یەک چێهرە     چێهرەی یەکڕەنگی نوورەنیم هەر چل
نە مەودای ئەنگوشت ئەو شای بەرزەمل     نوورەنم جە ڕووی یەک دانە سونبل
پیاڵەیی نۆشام نە بادەی عادڵ     گرتەنمان مەقام نەی سەنگ قابڵ
قابلەن جامان چێگا بی حەریر     حاڵ نە پردیوەر نامێما کەبیر
دزاوەرمان بی وە مایەی پەنیر     ئەزیش قەڵەمم بیم وە سەروەزیر
ئاومان وەردەن نەچەمەی قەریر     هەر کەس نەنۆشا ئانە کەرد تەقسیر

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زوهرە بوو و لەو کۆڕەدا یازدەمین کەس بووم و لەو جیهانەدا کەوتمە داو و لەو داوە بەهرەم برد. من هەتاوی ڕاستەقینە و تیشکی خوا بووم و لە نێوانی جیهانی گیان و لەشدا ڕاوەستا بووم. لەو کاتەدا هەمووومان هەنگاومان نایە جیهان و هەر چلمان ڕوومەتێکمان هەبووە بەم ڕوومەتە یەکڕەنگییە تیشک لە ڕوومەتمانەوە دەباری. بەفەرمانی ئەو شای بەرزەملە، ئێمە وەکو تیشکێکین کە لەسەر لاچکێک داین. من لەو بادەی ئەو شا دادگەرە پیاڵەیەکم خواردەوە و ئێستا لێرەدا ناوم کەبیرە و دزاوەر بووە هەوێن و مایەی پەنیر و منیش قەڵەمم و بوومە سەرەک وەزیر و هەر کاممان ئاومان لە سەرچاوەی یەکتاپەرستی خواردەوە و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە هەڵەی کردووە.

هەتاوی ڕاستەقینە کە هۆنەر دیاردی پێ کردووە، لە زاراوی خواناسیدا بریتییە لە تیشکی خوایی و یەکیەتی. لە پەڕاوی (عدە)دا هاتووە: پیر دەڵێ: خۆزگە ڕۆژێکیان کە هەتاوی فەڕ و شکۆی تۆ چاوێکی دەخشاندە ئێمە، خۆزگە کاتێ کە هەتاوی ڕوومەتی تۆ هەواڵێکی بەئێمە دەدا، گیانی خۆمان دەکردە قوربانی، بازێ کە لە ئاسمانی تۆدا دەفڕێ، دڵی خۆمان لە پێناویدا بەخت دەکەین. ئەی لاو! دەسا مەناڵە ئەوا بەزوویی هەتاوی ڕاستەقینە لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ و خەم و پەژارە بەهۆیەوە هەڵدێ و چاو و دڵ و گیان هەرسێکیان نیگەرانی ئەو دەبن.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## ناری

٦٧٨ - ٧٣٦

خەسرەو کوڕی ئیبراهیم کە نازناوی نارییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٧٨ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەشارەکان و دێکاندا گەڕاوە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان ساهاک ماوەتەوە و ڕێ و ڕەوشتی یاریی وەرگرتووە و سەرئەنجام لە ساڵی ٧٣٦دا کۆچی دوایی کردووە.

ناری لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و پتر پەیڕەوی لە هۆنەرانی دەوری خۆی کردووە و گەلێ هۆنراوی بەیادگار لە شوێن بەجێ ماون و وەکو دەڵێن: پەڕاوێکی بەهۆنراو بەناوی (گوڵ و بوڵبوڵ) سەبارەت بەئاکاری جوان و خواناسییەوە هۆنیوەتەوە کە بەداخەوە لەناوچووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما مەهرە، نامێما مەهرە | نە قولەی ئەلەست نامێما مەهرە |
| دوازدەهەم حەڵقەم نەو دجلە و دەهرە | هەر کەس غەفڵەت کەرد ئانە پەیش زەهرە |
| ئەز زیام نە ژێر هوەرشیت ئەنوەر | چەوگا نیامان پا وە پردیوەر |
| گرد ئامایں نە چین چل نە یەک فەنەر | جە مەودای ئەنگوشت ئازیز کەوسەر |
| ئاهر پەیدا بێ جە دلێ شەجەر | بانگێ بەرئاما نە کۆ و دەشت و دەر |





| | |
|---|---|
| دی نۆشام جامێ نە بادەی جەوهەر | ئاوسا نەو دەشتە ئەز بیم وە داوەر |
| مەدەرم بەیان کۆف ئەسراری | ها چێگا مەوجوود نامێما ناری |
| قەڵەم وە دستەن پەی دەفتەرداری | دیدەوانەنان بەرق و زەڕساری |
| ئاومان وەردەن نەچەشمەی یاری | یاوەرمان یارەن وە بێ ئازاری |

هەر کەس نەنۆشا نە دین بێزاری

واتە: من لە ڕۆژی بەریندا ناوم مەهر بوو، وە لەو کۆڕەدا دوانزدەمین کەس بووم و لە ژێر تیشکی خواییدا دەژیام . هانا هەر کەسێک لە ڕێی خوا لابدا و دڵی لە ڕاستەقینە دوور بکەوێتەوە و پەیڕەوی لە نەوس بکا، ئەو کارەی بۆ وەکو ژارە. من لە ژێر هەتاوی خواییدا ژیام و پاشان لە قاڵبی مرۆییدا پێمان نایە پردیوەر و هەر چلمان وەکو چرا دەدرەوشاینەوە. بەفەرمانی خوای خۆشەویست، ئاگر لە نێوانی دار پەیدا بوو و دەنگێکی لێوەهات و ئەو دەنگە دەشت و کێوی داگرت. پاشان جامێک لە بادەی جەوهەرم خواردەوە و لەو دەشتەدا بوومە داوەر. ئێستا کێوی ڕاز و نهێنی دەردەبڕم و ناوم نارییە و پیر مووسا قەڵەم بەدەستیش دەفتەردارە و ئەو پاسەوان و دیدەوانی زیرەکانە و ئێمە لە سەرچاوەی خواناسییەوە ئاومان خواردووەتەوە و خوا یار و یاوەرمانە و هەموومان بێ ئازارین و هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، لە دین بێزارە.

پەیدابوونی ئاگر لە دار، دیاردییە بەئایەتی «إِني أَنا اللّه» واتە: من خوام کە بەپێی قورئانی پیرۆز، مووسا کاتێ بۆ ئاگرکردنەوە لە شێوی (طوی)دا دەگەڕا، ڕوانی کە دارێک ئاگری گرتووە و کە چووە پێشەوە دەنگێکی لێ بەرزبووەوە و وتی: «إِني أَنا اللّه» واتە: من خوام. ئەم دەنگە فەرمانی دایە مووسا کە بڕواتە میسر و داوا لە فیرعەون بکا کە خوابپەرستێ و جوولەکەکانیش لە بەندی ئەو ئازاد بکا.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## سابق

٧٤٨ – ٠٠٠

تاهیر کوڕی غەیاسەدین کە نازناوی سابقە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین، لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و پاش ئەوەی کە خوێندنەکەی تەواو کردووە، ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ڕێوڕچەی یاریی وەرگرتووە و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٤٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە سابقەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە ئاینە کۆنەکانی هیندوئێرانی ئاگەداریەکی زۆری بووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما سەفدەر، نامێما سەفدەر
نە قولەی ئەلەست نامێما سەفدەر
سێزدەم حەڵقەم نە دجلەی بێ دەر
دام زنجیر بیم وە دەست ئەندەر
ئەندەر زەڕین نە ژێر نوور وەر
نوورئەفشانی کەرد چەنی مۆنگ و خوەر
ئامانم نە چین چل نە یەک سەفەر
نە مەودای ئەنگوشت شای ساحێب نەزەر
ساختەی نێوەک ڕەنگ چل دان یەک سەمەر
دیوانمان گرتەن نەی سەنگ و سەنگەر
سەنگەر مەولام خارقەن خارق
حالا نەی قەدەم نامێما سابق
مۆر قەواڵەم سەرمەشق تاریق
نە دەست زەردەبام ئەزەنان خاریق
دیدەوانمەن لایقەن لایق
ئاومان وەردەن نە چەمەی یاقیق
هەر کەس نەنۆشا نیەنش تەریق



واتە: لە ڕۆژی بەریندا ناوم سەفدەر بوو، وە لەو کۆڕەدا من سێزدەمین کەس بووم و کەوتمە داوی ئەندەر، وە ئەندەری عەرەبانە زێڕینی پارێزگار لە ژێر تیشکی هەتاوا وەکو مانگ و خۆر تیشکی دەپژاند، هەر چل تەنی ئێمە لە چینەوە هاتین بەفەرمانی خوام هەر چلمان بەچاکی سرشت بووین و بەرێکمان دا، وە ئێستا لەم سەنگەرەدا کۆڕێکمان پێک هێناوە. سەنگەری سەرۆکم نەریتی بێ بڕوایی و ناخوایی لەناو دەبا. ئێستا ناوم سابقە و مۆری قەواڵەم سەرمەشقی مێژووە و خوا پاسەوان و دیدەوانی ئێمەیە و ئێمە لە سەرچاوەی یاقووت ئاوی زانیاریمان خواردووەتەوە و هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە ڕێی خوای لە خۆی بەستووە.

ئەندەر کە دیاردی پێ کراوە، ناوی یەکێک لە پارێزگارانە و هۆنەر ئەوی بەڕێبەری خۆی داناوە و ئەوی بەمانگ و خۆر چواندووە و مانگ و خۆر لە زاراوی سۆفییەکان و خواناساندا نوێنگەی خواناسییە و بەخواناسێکی زۆر بەرز ئەوترێ.

ئەندەر لە پەڕاوی ئاڤێستادا بەشێوەی ئەندرەیە و یەکێکە لە دێوان و ناوی لە ڕیزی دێواندا هاتووە. بەڵام لە پەڕتووکی (ریگ ویدا)دا، ئەندەر یەکێ لە گەورەترین خواکانە و لە چیرۆکەکانی ویداییدا گەلێ ڕێزی گیراوە. هەندێ جار ئەندەرە و وایۆ هەر بەیەک کەس وتراوە، وە ڕەنگە ئەندەر یەکێ لە قارەمانانی کۆن بێ کە بەو جۆرە بەرزیان کردووەتەوە.

بەپێی پەڕاوی (ریگ ویدا) ئەندەر لە ئاسماندا هەموو دەم لەگەڵ وایۆ دایە. ئەوان لە عەرەبانە زێڕینەکەیان دادەنیشن کە دوو ئەسپی باڵدار ئەو عەرەبانە دەکێشن، لە پەڕاوی ئاڤێستاشدا سەبارەت بەم مەبەستە گەلێ شت هەیە.


سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– وند یداد ترجمەء سید محمد علی داعی الاسلام – بمبئی ١٣٢٧.
٥– ریگ ویدا ترجمەء سید محمد رضا جلالی نائینی – تهران ١٣٢٨.

## قانوون

٦٥٨ – ٠٠٠

حوسەین کوڕی جەعفەر کە نازناوی قانوونە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لەساڵی ٦٥٨ی کۆچیدا لە دەوروبەری قرمایسیندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و وەکو دەڵێن لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزا و زانا بووە. لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە. لە قانوونەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما ئەیار، نامێما ئەیار | نە قولەی قەیلدا نامێما ئەیار |
| چواردەیەم حەڵقەم نەو دجلە و جۆبار | شۆر زنجیر بیام پێوەند تەیار |
| چەوگا ئاوەردیم قەدەم پەی تەلار | گرد ئامایین نە چین چل وێنەی سەرار |
| نەی فەرش و سەنگە مەوانیم تۆمار | جە مەودای ئەنگوشت شای بێ حەد شمار |
| سازیان جە نوور یەک چەمەی فەووار | فەووار دیوان مێردان بوتوون |
| جەی وەر و حوزوور نامێما قانوون | قەواڵەی ئەزمەن نە سرِ هاموون |
| یار زەردەبام نەی شارەن نگوون | دزاوەرمانەن نە سرِدا مەوزوون |
| ئاومان وەردەن نە چەمەی جەیحوون | هەر کەس نەنۆشا نیەنش ستوون |

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ئەیار بوو، وە لەو جۆبارەدا من چواردەمین کەس بووم بەهۆی بیستنی فەرمایشتی خوای تاق و تەنیا کەوتمە ناو شادی و خۆشی و زنجیری پەرای یارە ڕاستەقینەکەم بەستە پشتم، ئەوسا چوومە تالار و کۆشکی یار و هەر چلمان بەرِەگەزێکی پاک و خاوێن هەڵبژێراین و ئێستا لەم شوێنەدا کە بەبەرد چنراوە، تۆمار و نووسراوەکانی خوا دەخوێنینەوە. بەفەرمانی خوای تاق و تەنیا ئێمە لە سەرچاوەیەکی تیشک سرشت کراین و لەگەڵ پیاوانی خوادا کۆڕێکمان پێک هێنا و ئێستا ناوم قانوونە و دڵم پڕیە لە ئەوین، وە قەواڵەکەم لە دەشتی ڕاز و نێهێنییە و ئێمە لە سەرچاوەی جەیحوون ئاوی زانیاریمان خواردووەتەوە، هەر کەس ئەو ئاوە نەخواتەوە، هەستوون و کۆڵەکەیەکی بۆ دوارِۆژ نییە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].



## سەیياد

٧٦٩ – ٠٠٠

قوباد کوڕی ناسر کە نازناوی سەییادە بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە دەوروبەری شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە. سەیاد هەر لە منداڵییەوە وشیار و چوست و چالاک بووە و لەلای باوکی و هەندێ لە زانایانی تر خەریکی خوێندن بووە و خێرا پێشڕەوتی کردووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتوونەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٩ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە سەییادەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە زۆر بەرز و تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەو ناممەن بەرق، ئەز ناممەن بەرق | نا قولەی ئەلەست ئەز ناممەن بەرق |
| پانزدەیەم هەڵقەم نەدەریا بیم غەرق | دام زنجیر بیم نە قولەی کۆی شەرق |
| مەشرق ئەزەڵ مەبەرۆ سەواد | پەرتەو و نوورش دەروون کەرۆ شاد |
| دیدەوان بیام پەی یار نە بنیاد | قودرەت و ئاگا چێگامان ئوفتاد |
| گرد ئامایین نە چین نە شوون ئوستاد | هەر چل نە سارا مەکەردیم فەریاد |
| بەلامان مەوات نە جام جەماد | ئیسا نەی دەورە نامێما سەییاد |
| ساجنارەنم جە ئایر نیهاد | ئاومان وەردەن زولاڵ پەی ئیرشاد |

هەر کەس نەنۆشا شا مەکەرۆش پاد

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم بەرق بوو، وە لەو کۆڕەدا پانزدەمین کەس بووم و پاشان لە لووتکەی خۆرهەڵاتدا کەوتمە داوی یار. خۆرهەڵاتی بەرین کە هەتاوێکی خواییە، تارمایی و ڕەشییەتی دەبا و تیشکەکەی دڵ و دەروون شاد دەکا. من لە بنەڕەتا بۆ یار دیدەوانیم دەکرد و لەو کاتەدا ئاگەدار بووم و هێزی گرت. هەموومان لە چینەوە لەدووی مامۆستا هاتین و هەر چلمان لە دەشتی بەریندا هاوارمان دەکرد و (بەلێ)مان دەوت. ئێستا لەم دەورەدا ناوم سەیایە و لە دووی ئاگر و ئەوینی خوام. هەموومان ئاوێکی ڕوونی زانیاریمان خواردووەتەوە تا خەڵک ڕێنوێنی بکەین، هەر کەسێک لەو ئاوەی، نەخواردبێتەوە، شا ئەو لە بەزەیی خۆی بێ بەری و بێ بەش دەکا.

خۆرهەڵاتی بەرین کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە، بریتییە لە تیشکێک کە دەپژێتە دڵی خواناسان و بەهۆی ئەو تیشکەوە دەگەنە گەورەیی و بەختەوەری. لە پەڕاوی (عدە)دا

نووسراوه: خۆرهەڵاتی بەرین هەتاوێکە کە بدا لە سینگی هەر کەسێک بەختەوەر و خۆشبەخت دەبێ و دەرگای شادمانیی بۆ دەکرێتەوە و بەهەر کوێ و هەر جێگایەکدا بڕوا، مەبەستی دەرگای خوایە، دەستی لە جیهان کورت دەبێتەوە و ئەوینی پەرەدەسێنێ و پەرێشانی و پەشێوی ئەو نیشانەی بەختییەتی، وە لە سەریدا تانجی گەورەیی دادەنرێ و لە دڵ و دەروونی بانگی خواناسی هەڵئەقوڵێ، ئەمەیە ڕێگای پێغەمبەران و عەبداڵان و خواناسان.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤- فرهنگ اصطلاحات عرفانی تألیف: دکتر سید جعفر سجادی - تهران ١٣٥٤.

## لامی

٧٧١ - ٠٠٠

فەروخ کوڕی شاپوور کە نازناوی لامییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و ماوەیەکیش بەفەقێیەتی گەڕاوە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە بەغدا و خوێندنەکەی لەوێدا تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک چووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لەساڵی ٧٧١ی کۆچی لەوێدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە لامییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما زەمی، نامێما زەمی        نە قولەی ئەزەڵ نامێما زەمی

شانزەیەم حەڵقەم نەو دجلە و شەمی        تان تەجرید بیم پەی عەشق و جەمی

نە مەودای ئەنگوشت ئەو شای خاوەن شەوق        گردمان جەم بیم نە پای یەک وەرەق

چەوگا کە ئاماین پەرێ دەرگای حەق        زکر حەق واناین تا ئاخر ڕەمەق

ئیسا نەی دەمدا نامێما لامی        مەنۆشم بادە و شەربەت و جامی

نە دزاوەردا مەوێنم سامی        ئاومان وەردەن ئاو وەش تامی

چەمەش نە زەردەن نە دەست ڕامی        هەر کەس نەنۆشا وێڵ و نەفامی



واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زەوی بوو، وە لەو جیهانە درەخشانەدا شازدەمین کەس بووم و بەهۆی ئەوینی خواییەوە دەستم لە خۆشییەکانی جیهان داشۆری و بەفەرمانی بینایی چاوان، هەمووومان لە پێی گەڵای دارێکدا کۆبووینەوە و ئەوسا تا دواهەناسە خەریکی ڕازونیاز لەگەڵ خوادا بووین و ئێستا ناوم لامییە و بادەی یەکتاپەرستی دەخۆمەوە و لە دزاوەردا ئەو پایەبەرزە دەبینم. ئێمە هەمووومان ئاوێکی ڕوون و خۆش تاممان خواردەوە و سەرچاوەی ئەو ئاوە لە دێی زەردە دایە ئەوەش لە ژێر دەستی فرێشتەیەک دایە بەناوی ڕام کە هەر کەسێک لەو ئاوە نەخواتەوە سەرگەردان و ئاوارە دەبێ.

ئەم چەشنە بیروبڕوایە لەناو ئاینەکانی مانەوی مەزدەکی و زەردەشتی و هیندوئوروپاییشدا هەبووە، و ئەوان لایان وابووە کە زەوی و ئاسمان و ئاو و با و خاک و ئاگر هەر کام فرێشتەیەک پاراستوویە و دیدەوانی لێوە کردووە، کە لەم بەندەشدا هۆنەر دەڵێ: سەرچاوە و ئاوی دێی دزاوەر لە ژێر دەستی فرێشتەیەک بووە بەناوی ڕام و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێوڕچەی یاری لە بیروبڕوای ئاینەکانی کۆنی هیندوئوروپایی و ئێرانی پێک هاتووە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## پێشەنگ

٧٦٧ - ٦٧٩

فەرۆخی کوڕی بیهرۆز کە نازناوی پێشەنگە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٧٩ی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. سەرەتا خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بەڵام پاشان تیشکێک لە دڵیدا پەیدا بووە و کەوتووەتە دووی ڕاستەقینە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەشارەکان و دێکاندا گەڕاوە و ماوەیەک لە بەغدا بووە و ماوەیەکی زۆریش لە شام خوێندوویەتی و لە پاشا لە میسر خوێندنی تەواو کردووە و لەم گەشت و گێڵەیدا لەگەڵ زانایاندا وتووێژ و هەڵسوکەوتی بووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٦٧ لە تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

پێشەنگ یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی دەوری خۆی بووە و لە پیتۆڵی و فەلسەفەدا دەستێکی بەرزی هەبووە و هەندێ هۆنراوی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما زەبوور، نامێما زەبوور — نە قولەی قەدیم نامێما زەبوور
هەڤدەهەم حەڵقەم نە دجلەی جەمهوور — ستێزام نە دەیر چەنی وای دەبوور
مۆر یەکرەنگی وە ناز دام نە ڕەنگ — چەوگا ئاوەردیم قەدەم پەی سەرهەنگ
نە مەودای ئەنگوشت ئازیز خودرەنگ — ئەز کلیلەنان نە سەمای نیلرەنگ
دیوانمان گرتەن نەرەمز ئی سەنگ — حالا نەی بەزمە نامێما پێشەنگ
نە ئی سەفەردا پێکیان وە خەدەنگ — دزاوەرمانەن مایەی زەرد و وەنگ
ئاومان وەردەن، بەرۆ نە دڵ ژەنگ — چەمەش ئەو نوورەن بۆ وە شا قەشەنگ
هەر کەس نەنۆشا فانی بی و دڵتەنگ

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زەبوور بوو، وە لەو کۆڕەدا هەڤدەمین کەس بووم، وە لە جیهاندا لەگەڵ ڕەشەبای هەوا و هەوەسدا بەشەڕ هاتم، وە مۆری یەکرەنگیم بۆ خۆم هەڵکەند. ئەوسا هەموومان ڕۆیشتینە لای سەرۆکمان. بەفەرمانی سەرۆکی خۆشەویستم، لە ئاسمانی خواناسیدا من وەکو کلیلم و ئێستا لەم شوێنەدا کۆڕێکمان پێک هێناوە و لەم بەزمەدا ناوم پێشەنگە. لەم گەشت و گێڵەدا تیرم خوارد. دزاوەر مایەی ڕێ و ڕەوشتی مرۆیە. ئێمە هەمووما ن ئاوی زانیاریمان خواردەوە، ئاوێ کە ژەنگی دڵان لادەبا و پاک و خاوێنی دەکاتەوە. سەرچاوەی ئەو ئاوە تیشکە و لەلای شادا زۆر جوانە. هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، دڵتەنگ و زویر بووە. گەشت و گێڵ کە دیاردی پێ کراوە، لە زاراوەی خواناساندا ڕووکردنی دڵە بەرەو لای خوای تاق و تەنیا. ئەنساری دەڵێ: مووسا کە بەرەو کێوی توور کەوتە ڕێ، سێ ڕۆژ لەم گەشت و گێڵەدا چاوەڕوان مایەوە و لەم ماوەدا خواردن و خواردنەوە نەکەوتە بیری و لە برسیەتی و تینوویەتی ئاگای نەبوو هەستی بەوانە نەدەکرد، چونکە لەم گەشت و گێڵەدا مەستی ئەوینی خوا بوو. لە کاتی گەڕانەوەدا دی کە جوولەکەکان ڕێیان ون کردووە و گوێرەکە دەپەرستن، دیسان کەوتە ڕێنوێنییان و ئەوەندە ئامۆژگاریانی کرد. تا کەوتنەوە سەر ڕێی خواپەرستی.


سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– مصباح الهدایه ومفتاح الکفایه تألیف عزالدین الکاشانی – طهران ١٢٢٥.




## ئەوڕەنگ

٧٨١ – ٠٠٠

مەسعوود کوڕی عەبدوڵڵا کە نازناوی ئەوڕەنگە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و هەر لە سەردەمی جوانییەوە ڕۆیشتووەتە لای سان سەهاک و زۆربەی تەمەنی لەلای ئەو بردووەتە سەر و ئیتر ئاگەداریەکمان لەسەر چۆنییەتیی ژیانی ئەوە نییە، بەڵام لە ساڵی ٧٨١ی کۆچی لە دێی شێخاندا مردووە و لەوێدا نێژراوە.

لە ئەوڕەنگەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما تۆمار، نامێما تۆمار — نە قولەی ئەلەست نامێما تۆمار
هەژدەیەم حەڵقەم نە دجلەی ڕوویبار — زومرەی زنجیر بیم پێوەند پێوار
چەوگا قەدەممان ئاوەرد پەی هەوار — نە مەودای ئەنگوشت ئازیز سالار
ئافەریدەم کەرد جە نوور بیم بێدار — دیدەوان بیام نە بەحر هوون وار
ئەز کلیلەنان نە جام شەهسەوار — دیوانمان گرتەن جەی سەنگ و جۆیبار
فەقر و فەقێری بەفشار وە من هەنگ — حالا نەی دەمدا ناما ئەوڕەنگ
بەدەست قابل کەمانکێش تەنگ — تیر نە مەوج ئەز مەوست و پەڕەنگ
دزاوەرمانەن ڕەمز نە شێوەی سەنگ — ئاومان وەردەن وێنەی تام هەنگ
هەر کەس نەواردەن میزانش بی لەنگ

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم تۆمار بوو، وە لەو کۆڕەدا هەژدەیەمین کەس بووم، وە من لەو کاتە گیان و ڕۆح بووم و لە جیهانی نەدیودا دەژیام. ئەوسا هەنگاوم نایە جیهان و بەفەرمانی خوای گەورە و گران، لە تیشک بەدی هێنرام و لە ئەم جیهانەدا لە دەریا دیدەوانم دەکرد و ئێستا دڵم پڕە لە زانیاری و لەم شوێنە لەگەڵ یارانا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە. خوا هەژاری بەمن بەخشی و بەهۆی ئەو هەژارییەوە بەفەڕ و شکۆ گەیشتم. هەنووکە ناوم ئەوڕەنگە و بەدەستی تیرهاوێژێک ئەنگێوراوم. ئێمە هەموومان ئاوێکمان خواردەوە کە تامی هەنگوینی دەدا و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، تەرازووی لار دەبێ،

هەژاری کە هۆنەر دیاردی پێ کردووە، بریتییە لە فەرمانڕەوایی و فەڕ و شکۆ، لە پەڕاوی (شرح التعرف)دا نووسراوە هەژاری پیت و پێزە و بەندە هەمیشە نیازمەندە و نیازمەندیش

هەژارە، چونکە بەندایەتی یانی پێویستی بەخێوە، وە خێوی بەندەش خوایە. هەروەها دەفەرمووێ: «أَنتُمُ الفُقَرَاءُ وَاللّهُ هُوَ الغَني» واتە: ئێوە هەژارن و خوا دەوڵەمەندە، وە هەژاری ئەوەیە کە سامانت نەبێ، وە ئەگەر هەتبێ هی تۆ نییە و هەژار ئەو کەسەیە کە پێویستی بەخوا بێ، خواجە دەڵێ: هەژاری سیمرخێکە کە هەر ناوی هەیە و کەسێ فەرمانڕەوای نییە. هەژار وشیارێکە و هەژاری دیوانەییەکە. ئەنساری لە پەڕتووکی (عدە)دا دەڵێ: هەژار دووانە، یەکێ ئەوەیە کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام درووودی خوای لەسەر بێ لێی بێزار بووە و فەرموویەتی: «أَعوذُ بِكَ مِنَ الفُقر» واتە پەناهم بەتۆ لە هەژاری و دووەم ئەوەیە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: «الفَقْرُ فَخْری» واتە هەژاری بۆ من شانازییە، هەوەڵەکەی نزیکیی بێ بڕواییە و ئەویتری نزیکیی خوایە. مرۆ دەبێ لە زانست و خواناسیدا هەژار نەبێ، ئەگینا سامان نابێتە دەوڵەمەندی.


سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤- شرح التعرف تألیف ابو اسحق محمد البخاري - تهران ١٣٤٤.

٥- كشف الاسرار وعدة الابرار تألیف خواجة عبدالله انصاري - تهران ١٣٤٤.


## خەزاوی

٧٧٥ - ٠٠٠

قەیتاس کوڕی زۆراب کە نازناوی خەزاوییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزوورا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەوێدا نیشتەجێ بووە و پاشان چووەتە لای سان سەهاک و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی خۆی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

خەزاوی زۆر حەزی لە ڕێ و ڕچەی خواناسی کردووە و هۆنراوی جوانیشی هۆنیوەتەوە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا پەیڕەوی لە هۆنراوی دەوری خۆی کردووە و هەندێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:



نامێما بەرزەخ، نامێما بەرزەخ     نە قوڵەی بەرین نامێما بەرزەخ
نۆزدەیەم حەڵقەم نە دجلەی بێ ڕەخ     پەی دووریی پاشام سۆزیام چون دۆزەخ
عاشق یار بیم نە ئەزەڵ کاوێ     هەم شۆڵەی شەم بیم نە دەریا و ئاوێ
چەوگا ئاوەردیم قەدەم پەی ڕاوێ     گرد ئامایین نە چین چل نە یەک باوێ
نە مەودای ئەنگوشت خواجای پاکتاوێ     سازیایین جە نوور سەنگ و حەساوێ
ئەز کلیلەنان نە جام ماوێ     دیوانمان گرتەن جەی فەرش و شاوێ
چێگا نەی شێوە نامم خەزاوێ     زات ئاسوارەنان ئەسپ سیاوێ
نەی خەراباتە یانە خەراوێ     ئاما و زێڵم بەرد شیم نە سەراوێ
ئاومان وەردەن نەداریم خاوێ     هەر کەس نەوەردەن با هەر ناشاوێ

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم بەرزەخ بوو، وە لەو کۆڕەدا نۆزدەمین کەس بووم، وە لە دووریی پاشا و سەرۆکم وەکو ئاگری دۆزەخ سووتام و هەر لە ڕۆژی بەرینەوە گراو و شەیدای یار بووم، وە لە دەریا و تەواوی جیهاندا شۆڵەی شەم بووم و ئەوسا هەر چل تەنی ئێمە بۆ ڕاووشکار بەڕەوشتێک هاتین. بەفەرمانی خواجە و سەرۆکم ئێمە لە تیشک بەدی هاتین. من لە جام و دڵی خواناساندا وەکو کلیلم و ئێستا کۆڕێکی خواناسیم بەدی هێناوە و لەم دەورەدا ناوم خەزاوییە و سواری ئەسپێکی ڕەشم و لەم خەراباتەدا یانە خراوێ هات و دڵمی لەگەڵ خۆیا برد و منیش چوومە بەردە تراوێلکەیەک و لەوێدا لەگەڵ یاران ئاومان خواردەوە و ئێستا خەومان نییە و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە با هەر خەمبار و زوێر بێ.

وشەی خەرابات کە دیاردیی پێ کراوە بەواتای مەیخانەیە. بەڵام لە زاراوی خواناساندا بریتییە لە پیاوی خواناس کە مەستی بادەی خواناسی بێ و دەستی لە خۆشییەکانی جیهان داشۆریبێ و هەر بەبیری خوای تاق و تەنیاوە بێ.


سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## عەزازیل

٧٧٩ - ٠٠٠

یوسف کوڕی یەحیا کە نازناوی عەزازیلە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە تافی جوانیدا خەریکی خوێندن بووە و ماوەیەک لە حوجرەی فەقێیان وانەی خوێندووە و پاشان ڕۆیشتووەتە بەغدا و خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاشا چووەتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٩ی کۆچیدا جیهانی بەجێ هێشتووە و لەشی بۆ هەمیشە لەوێدا نێژراوە.

لە عەزازیلەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما زەمیر، نامێیا زەمیر | نە قولەی ئەزەڵ نامێما زەمیر |
| دووەم حەڵقە بیم نە دجلەی ئەمیر | پێشەنگ کاروان بیم چون بیم و سەفیر |
| نە مەوج دەریا شیم نە کوێ ئاهر | گرد ئامایین نە چین چل نە یەک باهر |
| وە ئیشارەی شا زیاین نە زاهر | دووەم حەڵقەنان نا جام جاگیر |
| دیوانمان گرتەن نەی سەنگ و سەریر | وە فەرمان شای ئازیز و جەلیل |
| ئەز فریشتە بیم نامێم عەزازیل | هارووت و مارووت کەفت نە چای بابیل |
| کەشکۆڵم نە دەست داوود دەلیل | دزاوەرمانەن بنەی گردین تویل |
| ئاومان واردەن ڕۆشن و بێ لیل | نیەنی لایق زاڵم و زەلیل |

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زەمیر بوو و لەو کۆڕەدا بیست و یەکەمین کەس بووم. کاتێ بوومە باڵوێز، پێشەنگی کاروان بووم و لەبەر شەپۆڵی دەریا پەنام بردە کێوی ئاگری ئەوینی خوایی، وە هەر چلی ئێمە لە چینەوە هاتین و بەفەرمانی شا بەئاشکرایی ژیاین و ئێستا کۆڕێکمان لە پاڵ ئەم بەرد و تەختەوە پێک هێناوە. بەفەرمانی خوای خۆشەویست من فریشتە بووم و ناوم عەزازیل بوو، وە لەبەرئەوەی لە ژێر تاقیکردنەوەی خوایی دەرنەچووم گەڕامەوە بەڵام هارووت و مارووت لەبەرئەوەی لە فەرمانی خوا سەرپێچییان کرد کەوتنە چاڵی بابل. ئێستا کەشکۆڵەکەم لە دەستی داوودی دەلیلە و دزاوەر بنکەی هەمووی ئاوارەکانە. ئێمە ئاوێکی ڕوون و خاوێنمان خواردەوە، وە خواردنەوەی ئەو ئاوە بۆ ستەمکاران و پیاوانی پەست شیاو نییە.

عەزازیل کە دیاردیی پێ کراوە، یەکێ لەو سێ فریشتەیە: (هارووت، مارووت، عەزازیل)



کە خوای مەزن ئەوانی ناردە گۆی زەوی تا وەکو بنیادەم ژیان بەرنە سەر و لە کاری خراپە خۆیان بپارێزن، ئەگینا سزا دەدرێن. عەزازیل لە پاش ماوەیێک بۆی دەرکەوت کە لە تاقیکردنەوە دەرناچێ، ئەوە بوو گەڕایەوە، بەڵام ئەو دوو فریشتەکەی تر فریوی ژنێکیان بەناوی زوهرە خوارد و مەی و بادەیان خواردەوە و ناوی خوایان بەو وت و لە سزای ئەو کارەیان لە چاڵی بابل هەڵواسران، عەزازیل بەپێی بەڵگەکانی ئیسلامی بەئەهریمەن یا شەیتانیش دەوترێ، بەڵام مەبەستی هۆنەر یەکێ لەو سێ فریشتانە بووە کە هاتوونەتە زەوی.

لە قورئانی پیرۆزدا تەنیا ناوی هارووت و مارووت هاتووە، بەڵام یەکێ لە مێژوونووسان دەڵێ: ئەو فریشتانەی کە هاتنە زەوی سێ کەس بوون و سێیەمەکەیان ناوی عەزایا یا عەزابیا بووە و هەر لە ڕۆژی یەکەما پەشیمان بووەوە و داوای لە خوای کرد کە بیگەڕێنێتەوە ئاسمان و دوعاکەی لە دەرگای خوادا قبووڵ بوو و گەڕایەوە ئاسمان و بەخشرا، بەڵام ئەو دووانەکەی تر تووشی گوناه بوون و لە چاڵی بابلدا هەڵواسران.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤- قصص الانبیاء تألیف ابو اسحاق نیشابوری - تهران ١٣٤٥.

## ئیدراک

٧٦٢ - ٠٠٠

ئیبراهیم کوڕی عەبدولقادر کە نازناوی ئیدراکە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە دەوروبەری هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی هەورامان گەڕاوە و لە تافی جوانیدا بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٢ی کۆچی لە ژیان ماڵئاوایی کردووە و نێژراوە.

لە ئیدراکەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما زەورەد، نامێما زەورەد | نە قولەی ئەزەڵ نامێما زەورەد |
| سێیەم حەڵقەنان نە دجلەی بێ گەرد | ئامام وە دەمیک چون مووسا نە زەرد |
| سامری نامێ قەست گیانم کەرد | چەوگا قەدەممان پەی دەگا ئاوەرد |
| زیاین نەئەنگوشت شای بێ هەمتا و فەرد | سێیەم کلیلەنان نە جام بادەم وەرد |
| جەی لەوح و سەنگە دیوانمان کەرد | نەی وەر و دەمی نامێما ئیدراک |
| ئاومان واردەن نە سەرچەمەی پاک | هەرگیز نەنۆشان خەڵک دڵ شەککاک |
| بارگەی سرەنان ڕەسم و ڕستەی شاک | ئەسباب و ڕەختی جامەی شای سەهاک |
| سەیید محەمەد پەرێ پوختەی پاک | دیدەوانمەن چەنی باد و خاک |

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زەورەد بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و سێیەمین کەس بووم. پاشان هاتینە زەوی وەکو مووسا، سامری ناوێک قەستی گیانمی کرد و ویستی لەناوم بەرێ و ئەوسا هاتینە دێ و بەفەرمانی شای بێ هاوتا ژیاین. من سێیەمین کلیلم و پیاڵەیێ بادەی یەزدانیم خواردەوە و سەرمەستی یەکتاپەرستی بووم. ئێستا ناوم ئیدراکە و ئێمە ئاوی زانیاریمان لە سەرچاوەیەکی پاک و خاوێن خواردەوە. ڕێ و ڕەوشتی پاشام بارەگا و خێوەتی ڕاز و نهێنییە و سەی محەمەد پاک و خاوێنە و خوا دیدەوانی ئێمە و ئاو و با و خاکە.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە ڕووداوی مووسا و سامری کە بەپێی مێژووەکانی ئیسلامی، پیاوێک لە لایەنگرانی مووسا بەناوی سامری کاتێ کە مووسا چووە کێوی توور، گوێرەکەیەکی لە زێڕ دروست کرد و دەستگایەکی خستە ناو زکی گوێرەکە زێڕەکە و دەنگێکی لێوە دەهات و داوای لە خەڵک کرد کە بیپەرستن. هاروون هەر چەندە پەندی ئەوانی دا سوودی نەبوو، ئەوسا سرۆش بەمووسای وت کە جوولەکەکان گومڕا بوون و لە ڕێی خوا لایان داوە. مووسا بەخەفەتەوە گەڕاوە ناو گەلەکەی و سامریی سەرکۆنە کرد و ئەوسا گوێرەکەکەی سووتاند و خستیە دەریا و خەڵکەکەش پەشیمان بوونەوە و بڕوایان بەخوای تاق و تەنیا هێنا.

سەرچاوەکان


١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤- اعلام قرآن – تألیف دکتر محمد خزائلي – تهران ١٣٥٥.




## خوونجی

٦٦٧ – ٧٢٥

گوشتاسپ کوڕی شالیار کە نازناوی خوونجییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٦٧ی کۆچی لە هەورامانەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە دەوری جوانیدا هەموو دەم چووەتە سەر گڵکۆی پیر شالیار و هەندێ جار ڕۆیشتووەتە سەر گۆڕی هەجیج و خەریکی پاڕانەوە بووە و ئارەزووی پیر و ڕێبەرێکی گەورەی کردووە کە دەستی بگرێ و پاشان ناوبانگی سان سەهاکی بیستووە و بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و ئەوسا لەلای ئەو ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٢٥ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە.

لە خوونجییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما نەوەرد، نامێما نەوەرد | نە قولەی ئەزەڵ نامێما نەوەرد |
| چوارەم حەڵقە بیم نە دجلەی بێ وەرد | تەسلیم دەرد بیم پێوەند و زەوەرد |
| چەوگا قەدەممان پەی دەگا ئاوەرد | زیاین بەفەرمان ئەو شای تەنیا و فەرد |
| دیوانمان گرتەن نەی تەخت و سەربەرد | بەرد مێهر سڕ ئەزەڵی زنجی |
| حالا نەی دەمدا نامێما خوونجی | هەر کەس شا ناسا جاشەن سڕ ساجی |
| دزاوەرمانەن کاوەکەی حاجی | ئاومان واردەن جە چەمەی ڕەنجی |

نەنۆشان ناپوخت وە حەق نەسەنجی

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم نەوەرد بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و چوارەمین کەس بووم، لەو دەمەدا ئەز چوارەمین ئاڵقە بووم و لەو جۆبارە بێ بنەدا لەبەرئەوەی لە یار دوور بووم، زۆر ڕەنجم دەکێشا. پاشان هەر چل تەنی ئێمە ڕۆیشتینە دێ و بەفەرمانی شای تاق و تەنیا لەوێدا ژیاین و ئێستا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە. بەزەیی و مێهری بەرینمان بۆ خۆمان کردووەتە خانووچکەی پەژارە و ئێستا ناوم خوونجییە و هەر کەسێک خوا بناسێ، ئەو ڕازی خوای بۆ دەردەکەوێ. دزاوەر پەناگای ئاوارەکانە. ئێمە ئاوی زانیاریمان لە سەرچاوەی ڕەنج و مەینەت خواردووەتەوە و بۆ ئەو کەسانەی کە خوایان نەناسیوە، خواردنەوەی ڕەوا نییە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## وردی

٧٨٠ - ٠٠٠

نەریمان کوڕی فەیرۆز کە نازناوی وردییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بەفەقێیەتی زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە لەلای وانە و دەرزی خوێندووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش چەند ساڵێک ڕووی کردووەتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٨٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە وردییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما ساتێش، نامێما ساتێش          نە قولەی ئەقدەم نامێما ساتێش
هەفتەم حەڵقەنان نە دجلەی ئەندێش          ستێزام چەنی لاهی و هەم سەرکێش
زێڵم پڕ ڕازەن پەی ئەزی نەردی          ئیتر جە ناکەس هیچ مەوۆ سەردی
ئەوسا کە ئامام جەی وەر و پردی          گرد ئامایـن نەچین چل نە یەک مەردی
بەفەرمان شای پەیمان پەروەردی          هەفتەم کلیلەنان نە جام و جەردی
جە دزاوەردا نیامان کەردی          نەی وەر و دەمدا نامێما وردی
پەردەی لەقانان فەنەر و فەردی          دزاوەرمانەن نە ڕای گرد شەردی
ئاومان واردەن شەفای گرد دەردی          هەر کەس نەنۆشا فەردا ڕوو زەردی

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ساتێش بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و حەوتەمین کەس بووم و لە ڕووباری بیر و کەڵکەڵەشدا حەوتەمین ئاڵقە دەهاتمە ژمار وە لەگەڵ یاخی و سەرکێشدا بەشەڕ هاتم. دڵم پڕە لە ڕازی خوایی و ئەمەش مایەی بەختەوەرییە، ئیتر ناکەسان و لەچەرەکان ناتوانن من دڵسارد بکەنەوە. لە پاش ئەوە بەرەو پردی ئاپۆرە کە





جیهانە هاتم، بەفەرمانی شای خاوەن بەڵێن و پەیمان من حەوتەمین کلیلم. لە دزاوەردا کۆڕێکی خواناسیمان بەدی هێنا و من لەو زەمانەدا ناوم وردی بوو، وە ئێمە ئاوێکمان خواردەوە کە هەموو دەردێک چارەسەر دەکا و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، لە ڕۆژی پەسڵاندا شەرمەزار دەبێ.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## نیشان

٧٨٥ - ٠٠٠

تایەر کوڕی عەولسەمەد کە نازناوی نیشانە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین، لە دەوروبەری هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی هەورامان گەڕاوە و هەر لە تافی جوانیدا ڕووی کردووەتە دێی شێخان و لەوێدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٨٥ی کۆچیدا سەری بۆ هەمیشە ناوەتەوە و لەوێدا نێژراوە.

لە نیشانەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما ئەرشێش، نامێما ئەرشێش          نە قولەی ئەزەڵ نامێما ئەرشێش
هەشتەم حەڵقەنان نە دجلەی پەرێش          پەی مێردان خاس سەد هەزار فەرێش
ئی دونیای بەدکێش هەر بەد ها نەرێش          چەوگا ئامانم پەی دەرگای دەروێش
وە فەرمان شای فەرد بێ ئەندێش          حەی دیوانەدا زاممان بی سارێش
حالا نەی وادەی نامێما نیشان          خەڵک دزاوەر فەرمانبەر شان
ئاومان واردەن سەرچەشمەش نە ڕان          هەر کەس نەنۆشا مەخلووق گومڕان

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ئەرشێش بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و هەشتەمین کەس بووم و لە ڕووباری پەرێشانی و پەشێویدا هەشتەمین ئاڵقە بووم. بۆ پیاوانی چاک و خواناسان و پارێزگاران سەد هەزار ئافەرین، چونکە ئەم جیهانە، خراپەی

له شوێنه و بنیادەم دەبێ چاک و ڕوو له خوا بێ. پاشان چوومە دێی دەروێش و بەفەرمانی شای بێ هاوتا، ئێستا لەم شوێنەدا برینەکانی دەروونمان سارێژ بووەتەوە. هەنووکە ناوم نیشانە و خەڵکی دزاوەر فەرمانبەری شان. ئێمە ئاوێکمان خواردەوە کە سەرچاوەکەی لە نێوانی ڕێ دایە و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، گومڕایە.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا خۆی بەئەرشێش داناوە و ئەمەش نازناوێک بووە کە لەو سەردەمەدا داویانەتە پارێزگاران و خواناسان. لە پەڕاوی ئاڤێستادا ئەم ناوە بەچەشنی ئەرشیە هاتووە کە یەکێک بووە لە پارێزگاران و خواناسان کە لە یەشتی سێزدەمدا ستایش کراوە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە فرەوەهری ونگهووی کوڕی ڕێز گیراوە، وە ئەرشی لەو دەمەدا زۆر ناسراوە و خەڵک ڕێزی گرتووە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– یشت ها – تالیف وتفسیر پورداود – بمبئی ١٣٠٧.

## چەرگا

٧٥٥ – ٠٠٠

شەمسەدین کوڕی خەلیل کە نازناوی چەرگایە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی ماوەیەک گەڕاوە و لە پاشا ڕووی کردووەتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٥ی کۆچیدا تۆماری ژیانی بۆ هەمیشە پێچاوەتەوە و نێژراوە.

لە چەرگاوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر بەرز و شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دەڵێ:

نامێما زێوەر، نامێما زێوەر          نە قولەی ئەزەڵ نامێما زێوەر
نۆیەم حەڵقەنان نە دجلەی بێ دەر          بەند زنجیر بیم زنجیر سێوەر
زێوەرم دورەن وەرنە گرد ئەشیا          نە چوار بەحردا ئازمایی دریا
نە یانەی یەخدا ئەو بی وە مینا          چەوگا قەدەممان پەی دەگا نیا



گرد ئامایین نە چین چل نە یەک دەریا          هەر ان زیاین وە فەرمان شا
نۆهەم کلیلەنان نە جام سەما          دیوانمان گرتەن نەی سەنگ و سەرا
نە جامەی بەشەر نامێما چەرگا          بەشەر وە مەرگش نە جیهان زیا
ئەوسا پا نیا وە دوون هەزیا          ئاومان واردەن، ئاوێ وەش بیا
هەرگیز نەنۆشان پەست و بێ حەیا

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زێوەر بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و نۆیەمین کەس بووم و لە دجلەی بێ بندا نۆیەمین ئاڵقە بووم و لە بەند و زنجیردا بووم. زێوەرم وەکو مرواری سپییە و بەر لە هەموو شتێک لە چوار دەریاردا تاقی کرایەوە، وە لە خانووی سەهۆڵدا بووە مینا. پاشان هەنگاومان نایە دێیەکی پیرۆز. هەر چلمان لە دەریایەکەوە هاتین و بەفەرمانی خوا ژیاین. من لە جامی ئاسماندا نۆیەمین کلیلم و ئێستا لەم شوێنەدا کۆڕێکی خواناسیمان بەدی هێناوە و من لەم قاڵبەدا ناوم چەرگایە. بنیادەم بەهۆی مەرگییەوە لە جیهانی تردا ژیانی تازە پەیدا دەکا و بەم چەشنە ئەژدیهای هەوا و هەوەس پێشێڵ دەکا. ئێمە ئاوی زانیاریمان خواردووەتەوە. بەڕاستی ئەو ئاوە ئاوێکی خۆش بوو، وە هەر کەسێک لەوەی نەخواردبێتەوە، پەست و بێ شەرمە.

مەرگ کە دیاردیی پێ کراوە بریتییە لە دەرچوونی گیان لە لەشدا و لە پاش مەرگ مرۆ ڕوو دەکاتە جیهانێکی تر و لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و مردنی بۆ نییە، واتە لە دوای مەرگ سەرەتای ژیانێکی نوێیە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## سەقا

٧٥٩ – ٠٠٠

شەریف کوڕی حوسێن کە نازناوی سەقایە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا بەفەقێیەتی گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە لەلای ماوەتەوە و وانە و دەرزی لەلا خوێندووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و چەند ساڵێک لەوێدا

ژیاوه و ئەوسا بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و لەوێدا پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٩ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و نێژراوە.

لە سەقاوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما فەغفوور، نامێما فەغفوور    نە قولەی جەمهوور نامێما فەغفوور
دەهەم حەڵقەنان، نە دجلەی مەقهوور    بەند زنجیر بیم نە سەمای غەفوور
مایە دام و بار، باری وە کافوور    چەوگا گرد ئاماین پەی دەگای مەخموور
هەر چلمان ئامāین گرد کەردین زوهوور    وە فەرمان شا بیەنیم مەستوور
دەهەم کلیلەنان نە جام سورور    جەی سەنگ گرتەنمان دیوانێ مەشهوور
ئیسا مەکۆشین نە دارولغورور    بەڵکو بڕەسین وە دارولسورور
مەشهوورم وە شار ئەزەڵی لەقا    نەی شێوەی فانی نامەن سەقا
بێ مەتای یاران ئەزەنان داغما    مەتای یار خاس مەولا کەرد عەتا
ئاومان واردەن ئاوێ گەوارا    هەر کەس نەنۆشا نەفرین پێش وارا

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم فەغفوور بوو، وە لەو کۆڕەدا سێیەمین کەس بووم و لە بەندی زنجیری ئاسمانی خوای بەخشێنەردا گرفتار بووبووم. بارانی بەزەیی خوا دای لە گیانم، وە لە پاش ئەوە هەموومان هاتینە دێی مەخموور و هەر چلمان لەوێدا سەرمان هەڵدا و بەفەرمانی شا بزربووین. من لە جامی شادی و خۆشیدا دەیەمین کلیل بووم و ئێستا لێرەدا کۆڕێکمان پێک هێناوە و تێ ئەکۆشین کە لە خانووی فیز و هەوا ڕزگار بین و بگەینە خانووی شادمانی. من لەم قاڵبەدا ناوم سەقایە و بەبێ کاڵای یار دڵتەنگم و سەرۆکم کاڵای چاکی پێم بەخشی، ئێمە ئاوێکی ڕوونمان خواردەوە و هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردەوە نەفرین بەسەریا باری.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– وردە سەرئەنجام [دەستنووس].



## مەرزی

٧٧٨ – ٠٠٠

ئیسماعیل کوڕی حەسەن کە نازناوی مەرزییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە بۆ خوێندن گەلێ ناوچە و هەرێم و مەڵبەندی کوردستان گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە، چووەتە لای و وانە و دەرزی خوێندووە، هەتا بووە بەمەلایەکی باش، ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە دوای چەند ساڵێک ڕووی کردووەتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی پەیڕەوان و لایەنگرانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٧٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە مەرزییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر شیرین و دڵگر و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما ئاهر، نامێما ئاهر    نە قولەی ئەلەست نامێما ئاهر
یازدەهەم حەڵقەم نە دجلەی باهر    بەند زنجیر بیم ئەو ڕۆ نە زاهر
باران و تەوەرگ وارا وە تەرزی    مایەی کەوسەری لەزەت و حەوزی
گرد ئامāین نە چین چل نە یەک بەرزی    دیوانمان گرتەن پەی وام و قەرزی
ها ئەز نەی دیوان نامێما مەرزی    تووبا جە ئێمە بنیامش سەوزی
ئەز کلیلەنان جە چەرخ و ئەرزی    دزاوەرمانەن چەمەی بێ هەرزی
ئاومان واردەن مایەی گرد وەرزی    هەر کەس نەنۆشا نەوانا دەرزی

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ئاگر بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و یەکەمین کەس بووم و لە بەند و زنجیری ئەو ڕۆژگارەدا دەتلامەوە. باران و تەرزەی بەزەیی خوایی لە حەوزی کەوسەر گەیشتە من. هەر چل کەسی ئێمە لە بەرزییێکەوە هاتین و لەم شوێنەدا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێنا و لەم کۆڕەدا ناوم مەرزییە. ئێمە نوێنگەی درەختی تووبا (طوبا)ین و ئەز لەم زەوییەدا کلیلم و دزاوەر وەکو سەرچاوەیەکی ڕوونە و ئێمە ئاوێکمان خواردووەتەوە کە مایەی کشت و کێڵە هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، دیارە وانە و دەرزی نەخوێندووە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].

## بیا

٧٥٦ – ٠٠٠

عەلی کوڕی شاپوور کە نازناوی بیایە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە دینەوەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و ئەوسا بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە و ماوەیەکیش لە شارەزووردا بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە دوای چەند ساڵ بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و پاشماوەی ژیانی لەلای سان سەهاک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٦ی کۆچیدا لە جیهان ماڵئاوایی کردووە و نێژراوە.

لە بیاوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما بادر، نامێما بادر — نە قولەی ئەزەڵ، نامێما بادر
دوازدەهەم حەڵقەم نە دجلەی چادر — بەند زنجیر بیم ئەو دەم پەی زادر
تا ئەو دەم یاوام وە جامەی ڕدا — مایەی تاریکی ئەز کەردم سیا
چەوگا قەدەمم پەی سەنگە نیا — گرد ئامایین نە چین زیاین پەی بەقا
ئەو کلیلەنان نە مەوج سەما — حالا نەی دەورە نامێما بیا
دیوانمان گرتەن نەی سەنگ سۆما — شەرت گرد مێردان وە ئەزی دریا
قازان عیسا ئەز بیام چاگا — لوقمە و لەقای حەق یاران گرد دریا
ئاومان واردەن نە چەمەی ئالا — وێنەش هیچ نییەن نە دەورەی بالا

نەنۆشان بێ ڕەنج نەوێژان والا

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم بادر بوو و لەو کۆڕەدا سی و دوویەمین کەس بووم، وە لەو دەمەدا گیرۆدەی زاد بووم. ئەوسا جلوبەرگی پارێزگاریم دەست کەوت و من جەوهەری تاریکیم. لە پاش ئەوە هەنگاوم نایە ئەم زەردە و هەمووومان بۆ بەقا ژیاین. من لە شەپۆلی ئاسمانا کلیلم و ئێستا ناوم بیایە و کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێنا و پەیمان و بەڵێنی پیاوان سپێرڕایە من و قازانی عیسا بەدەستی من بوو و لەوە بەش یارانم دا. ئێمە



ئاوێکمان لە سەرچاوەی ئالا خواردەوە کە وەکو ئەو ئاوە لە هیچ جێ و شوێنێکدا پەیدا نابێ، هەر کەسێک بۆ ئەو ئاوە ڕەنج نەکێشێ بەپلەوپایەیەکی بەرز ناگا.

زادر کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە، لە پەڕاوی ئاڤێستادا بەچەشنی زاتر هاتووە. ئەم وشە لە ناو یەشتەکان و یەسنادا بەواتای ئاوی پیرۆزە کە لە ڕاستەقینەدا چەشنە پێشکەشیەک بووە کە لە ڕێ و ڕەوشتەکانی ئاینیدا دەیاندایە خەڵک.

جلوبەرگ کە هۆنەر لە هۆنراوەکانی دیاردیی پێ کردووە، بریتییە لە بڕوا و پارێزگاری. ئەبولعەباس دەڵێ: «لباس الهدی للعامە ولباس الهیبە للعارفین ولباس الزینە لأهل الدنیا ولباس اللقاء للاولیاء ولباس التقوی لأهل الحضور ولباس التقوی ذلک خیر» واتە: جلوبەرگی ڕزگاری بۆ تەواوی خەڵک و جلوبەرگی سام و ترس بۆ خواناسانە و جلوبەرگی گوڵی و ڕشمە بۆ ئەوانەیە وا بەدووی دنیادان، جلوبەرگی لقا بۆ عەبدالانە و جلوبەرگی پارێزگاری بۆ پارێزگارانە کە لە هەمووی باشترە.

بەقا یا مانەوە کە دیاردیی پێ کراوە بەواتای مانەوە و ژیانە. بەڵام لە زاراوی خواناساندا بریتییە لە ڕێی خوادا گیان بەختکردن کە مرۆ دەبێ بەجارێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ جیهاندا بپچڕێنێ.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤– یەسنا – تفسیر وتالیف پورداود – تهران ١٣٣٧.
٥– یادداشت گاتها – نگارش پورداود – تهران ١٣٣٦.

## تەوار

٧٨٣ – ٠٠٠

ئیسحاق کوڕی عەلی کە نازناوی تەوارە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پایەی خوێندەواریی ئەو سەردەمەش خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و خوێندنی فقهی شافعی و هەندێ پەڕاوی فارسی بووە کە تەواریش ئەمانەی لە قوتابخانە و حوجرەی فەقێیاندا خوێندوون و ئینجا چووەتە فەقێیەتی و ئەو شوێنانەی کە زۆر تێدا

مابووبێتەوە بەغدا و شام بووە و، لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک شارەزوور بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی لایەنگرانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٨٣ی کۆچیدا بادەی مەرگ لە مەیگێڕی ئاکام وەردەگرێ و دەیخواتەوە و لەو گۆڕستانی شێخاندا دەنێژرێ و بۆ هەتا هەتایە سەری لەوێدا دەنێتەوە.

لە تەوارەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما دەریا، نامێما دەریا　　نە قولەی ئەزەڵ نامێما دەریا
سێنزەهەم حەڵقەم نە جام حەیا　　بەند زنجیر بیم ئەو دەمی تەنیا
لەنگەر و چەرخ بیم نا دام دەستگا　　قەدەممان نیا گرد ئامایین وەیگا
قورس نوورینەن نە جام خەزرا　　دیوانمان گرتەن نەی سەنگ و سەرا
جام کەی ئەزنان نە دەست یەکتا　　مەنمانی ڕەوشەن نەحوزوور شا
ئاومان واردەن ئاوێ گەوارا　　هەر کەس نەنۆشا حەق لێش ڕەنجیا

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم دەریا بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و سێیەمین کەس بووم و لە جامی شەرمدا سێزدەمین ئاڵقەم و لەو دەمەدا لە بەندی زنجیر بووم و لە داوگەی ڕاماندا لەنگەر و چەرخ بووم، وە هەر چلمان هەنگاومان نایە ئەم جێ و شوێنە و ئێمە لە جامی سەوزدا ڕووناکین و ئێستا لەم ناوەدا کۆڕێکمان پێک هێناوە و من جامم و سەرمەستی بادەی یەکتاپەرستیم. ئێمە ئاوێکی ڕوونمان خواردەوە و هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، هەقی لێ ڕەنجاوە.

جام بریتییە لە دڵی خواناس و پڕە لە زانیاری، هەروەها جامی سەوز بریتییە لە دڵی پارێزگار و خواناس کە هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردیی پێ کردووە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].



## سەراف

٧٦٠ – ٠٠٠

مەسعوود کوڕی قادر کە نازناوی سەڕافە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر بەمنداڵی خەریکی خوێندن بووە و نیشانەی وریایی لە ناوچەواندیا دیار بووە و لە کەمترین کات لە زانستدا بەپلەوپایەیەکی بەرز گەیشتووە و لە پاشا چووەتە فەقێیەتی و ئەوسا ڕووی کردووەتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی لایەنگرانی سان سەهاک و ماوەیەک لەوێدا ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەراف لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزی هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لە سەر ڕێ و ڕچەی خواناسی هۆنیوەتەوە و بەڕاستی هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما دەوار، نامێما دەوار　　نە قولەی گەوهەری نامێما دەوار
چاردەهەم حەڵقەم نا دجلەی عەممار　　لۆی زنجیرەنان نە جام ئەیار
ئەدەم تۆمار بیم نە سەرکۆف قاف　　ڕۆشنیمان وست نە سەر دەشت و تاف
گرد ئامایین نە چین چل نە یەک ئەوساف　　چاگا نیامان قەدەم پەی مەساف
ئیسا گرتەنمان دیوانێ چون ئاف　　ئەز کلیلەنان جە دلێ گرد ناف
تاج و جوقەمەن سەردارەکەی جاف　　ئێگا نەی شێوە نامێما سەرراف
ذەوق شەوقمەن پەی یار مەدۆ لاف　　ئاومان واردەن نە سەرچەمەی تاف
ڕێش غولامان مەولام کەردەن ساف　　نەنۆشان ئەو کەس خودبین گەزاف

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم گەوهەر بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و چوارەمین کەس بووم و لە جامی یاردا سەرخۆش بووم. من لە کێوی قافدا تۆمار بووم و هەر چل کەسمان ڕۆشنی ڕووناکیمان بەخشییە دەشت و کێو و تاڤگەکان و هەمووومان بەچەشنێک لە چینەوە هاتین و ئێستا بۆ شەڕی دوژمنان هەنگاومان ناوەتە ئەم شوێنە. ئێستا کۆڕێکمان وەکو هەتاو پێک هێناوە و من لە نێوان هەموو هۆزەکاندا وەکو کلیلم و تاج و جوقەی من سەردارەکەی جافە. ئێستا لەم قاڵبەدا ناوم سەڕافە و بۆ یار لە خۆشی دام و

لافی دیداری دڵبەر لێ دەدەم. ئێمە ئاوێکمان لە سەرچاوەی تاف خواردووەتەوە، وە برینی غولامان بەو ئاوە ساڕێژ بووەوە و هەر کەسێک لێی نەخواردبێتەوە، بێ ئەندازە خۆپەسەند و بادی هەوایە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤- وردە سەرئەنجام [دەستنووس].

## سروور

سەدەی هەشتەم

ئەبولفەتح کوڕی عەلی کە نازناوی سرووره، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان، وە بۆ خوێندن هەموو ناوچەکانی شارەزوور گەڕاوە و لە دواییدا لە دینەوەر خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و لە پاش چەند ساڵێک ڕووی کردووەتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی لایەنگرانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

سروور بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی دەوری خۆی دەژمێردرێ و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و هەندێ لە هۆنراوەکانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما تەیفوور، نامێما تەیفوور     نا قولەی ئەزەڵ نامێما تەیفوور
پانزدەهەم حەڵقەم نە دجلەی مەشهوور     بەند زنجیر بیم نە بەیتولەعموور
تا جە دزاوەر ئەز کەردم زوهوور     هەر کە نەی دەگا ئەز شیم وە حوزوور
چەنی گرد یاران غەرق بیم نە کوێ نوور     پەی ویساڵ یار ئەزەنان سەبوور
جەی دەشت گرتەنمان دیوان مەنشوور     پەرێ داتەک و قانوون و دەستوور
ئاومان واردەن مایەی ئەنطەهوور     نەنۆشان ئەو کەس نە دین کەرد خوتوور

واتە: من لە لوتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم تەیفوور بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و پێنجەمین



کەس بووم، وە لە دڵی خواناسان و پارێزگاران گرفتاری بەند و زنجیر بووم تاکو لە دزاوەردا سەرم هەڵدا و کاتێ گەیشتمە دێی پیرۆز، چوومە لای پیرم، وە لەگەڵ یارەکانی تردا نوقمی تیشک بووم و بۆ گەیشتن بەیار ئارامم و لەم دەشتەدا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە، ئەویش بۆ دانانی یاسا و دەستوور. ئێمە ئاوێکی پاک و خاوێنمان خواردووەتەوە، هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە لە دین تێ پەڕی.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- کورتەی سەرئەنجام [دەستنووس].

٣- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٤- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## حەریر

سەدەی هەشتەم

عابدین کوڕی عەبدولڕەحیم کە نازناوی حەریرە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و وەکو هاوتەمەنەکانی خۆی لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و لە تافی جوانیدا کاتی خۆی بەخوێندنەوەی هۆنراوی هۆنەرەکانی کورد ڕابواردووە و سەرئەنجام ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی پەیڕەوانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمی کۆچی هەر لەوێدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە حەریرەوە هەندێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما جۆبار، نامێما جۆبار     نە قولەی جەوهەر نامێما جۆبار
شانزەهەم حەڵقەم نە دجلە و ڕووبار     بەند زنجیر بیم ئەودەم نە پێوار
گرد ئامایین نە چین وە فەرمان میر     میرم بەرحەقەن نییەنش نەزیر
زیایین بەفەرمان پادشای کەبیر     پەرێ حەقیقەت ئامایین پەی تەقدیر
حەقیقەت حەقەن، پەی مێرد بەسیر     مەبۆ بکەرۆ جە کاران تەدبیر
ئاومان واردەن جە چەمەی سەریر     هەر کەس نەنۆشا شەریرەن شەریر

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم جۆبار بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و شەشەمین کەس بووم، لەو کاتەدا کە لە جیهانی ڕۆحدا ژیانم دەبردە سەر، لە بەندی ئەو جیهانەدا بووم، پاشان کە لەگەڵ یاراندا هاتینە جیهانی لەش، بەفەرمانی میر هەموو لە چینەوە هاتین. میرم بێ وێنە و بێ هاوتایە. پاشان بەفەرمانی پادشای گەورە خەریکی کاروباری ژیان بووین و بۆ ڕاستەقینە هاتین، ڕاستەقینە هەقە، پیاوی زانا و بینا دەبێ کارەکانی بەتەدبیر ئەنجام بدا، ئاوێکمان لە سەرچاوەی سەریر خواردەوە، هەر کەس لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە گەندەڵە و خراپە.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].
٣– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٤– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## تۆفێق

سەدەی هەشتەم

تامازی کوڕی شالیار کە نازناوی تۆفێقە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی دەست پێ کردووە، لە پاشا چووەتە فەقێیەتی، بۆ خوێندن هەمووی هەورامان گەڕاوە، ماوەیەکیش لە بەغدادا بووە و لەوێوە چووە بۆ شارەزوور و لەم وەختەدا ناوبانگی سان سەهاکی بیستووە و ڕووی کردووەتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

تۆفێق لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وە لە هۆنراوەکانیدا نازکی بیر و وردیی مانا و جوانیی ناوەڕۆک دەردەکەوێ و دەتوانین بڵێین کە هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

نامێما شاوەر، نامێما شاوەر      نە قوولەی وەرین نامێما شاوەر
هەڤدەهەم حەڵقەم نە دجلەی هەوەر      خواجام مەدرەوشا وێنەی مانگ و وەر
وەشا پا کەسێ ئەو بۆش وە داوەر      وە هەر لا مەشۆ بۆش بەیاوەر
خەوەرەش بدرەوشۆ بۆ وە پایەوەر      بۆ وە سەردار و پادشای زاوەر



سا ساقی جامێ مەیم پەی باوەر      ئەز کلیلەنان نا جام خاوەر
دیوانمان گرتەن نەی دەشت و هاوەر      ئاومان واردەن نە چەمەی ڕاوەر
هەر کەس نەنۆشا نییەنش باوەر      جە ناچە و مووچەی یار مەبۆ بێوەر

واتە: من لە لووتکەی بەریندا ناوم شاوەر بوو، وە لەو کۆڕەدا سی و حەوتەمین کەس بووم. سەرۆک و خواجەم وەکو مانگ و خۆر دەدرەوشێتەوە، خۆزگە بەو کەسەی کە ئەو ببێتە داوەری و بۆ هەر کوێ بڕوا بێتە یار و یاوەری. خەوەری ئەوی لەسەر بدرەوشێ و بگاتە پلەوپایەیەکی بەرز و ئەوسا ببێتە سەردار و پادشایەکی توانا ئەی مەیگێڕ جامێ بادەم بۆ بێنە. من لە جامی خۆرهەڵاتدا کلیلم و ئێستا لەگەڵ یاراندا هەمووومان کۆڕێکمان لە دەشت و چۆڵدا پێک هێناوە. ئێمە ئاوێکمان لە سەرچاوەی ڕێبەرمان خواردووەتەوە و هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە بڕوای بەخوا نییە و لە بەهرەی بەشی یار بێ بەر دەبێ.

وشەی خوەرە کە دیاردیی پێ کراوە بریتییە لەو تیشکەی کە خوا دەیبەخشێتە پێغەمبەران و پیاو چاکان و پارێزگاران و بەئەو تیشکەوە دەگەنە پلەوپایەیەکی بەرز لە خواناسیدا. ئەم وشە لە پەڕاوی ئاڤێستاوە سەرچاوەی گرتووە. سوهرەوەردی لەم بارەوە دەڵێ: ئەو تیشکەی وا لەلایەن خواوە دەگاتە پیاوچاکان و خواناسان، ژیری و ئاوەزێکی زۆر بەوان دەبەخشێ و بەیارمەتیی ئەو تیشکە گیانەکان ڕووناک دەبنەوە و ئەو تیشکە وەکو هەتاو دەدرەوشێتەوە.

زەردەشت لە پەڕاوی ئاڤێستادا دەڵێ: خوەرە تیشکێکە کە لە خواوە دەگاتە دڵی پیاوانی چاک و خواناس و بەهۆی ئەو تیشکەوە مرۆ دەگاتە سەروەری و گەورەیی و بەسەر خەڵکدا فەرمانڕەوایی دەکا، وە بەهۆی ئەو تیشکەوەیە کە هەر هونەرمەندێک دەتوانێ کار و هونەرەکەی خۆی پیشان بدا و بگاتە پلەوپایەیەکی بەرز.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– کورتەی سەرئەنجام [دەستنووس].
٣– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٤– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٥– حکمە الاشراق، تألیف شیخ شهاب الدین سهروردی.
٦– ویسپرد گزارش: پورداود – تهران ١٣٤٣.

# ڕەزتاو

سەدەی هەشتەم

مقداد کوڕی مەجید کە نازناوی ڕەزتاوە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە دینەوەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا هەندێ شەریعەتی ئیسلامیی لە حوجرەی فەقێیان خوێندووە و پاشان ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێوە چووەتە بەغدا و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ڕووی کردووەتە هەورامان و ماوەیەک لەوێدا ماوەتەوە و بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و چووەتە ڕیزی لایەنگرانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەم کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئەو دێیەدا نێژراوە.

لە ڕەزتاوەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریەتیدا بۆ دەردەخا. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما شیدۆش، نامێما شیدۆش | نە قوڵەی نوورین نامێما شیدۆش |
| هەجدەهەم حەڵقەم نە ڕووی ڕەنگەپۆش | ئامام وە جیهان وە جۆش و خرۆش |
| ئەز جۆش میامی جە چەمەی مووجاو | جیلوەنان نە عەین پرشنگ ئافتاو |
| چاگا نیامان قەدەم پەی وەرکاو | گرد ئامایین نە چین چل نە یەک میراو |
| جە نوون و قافی زیاین وە قەراو | ئەز کلیلەنان جە دەریای ئەراو |
| نەی گا گرتەنمان پۆلێ وە حەساو | چەوگا ئەزەنان نە دلێ پۆلاو |
| نەی دەم و دەوردا نامێما ڕەزتاو | دزاوەرمانەن مەحەک و زەڕساو |
| ئاومان واردەن ڕۆشن چون مەهتاو | هەر کەس نەنۆشا نیەنش حجاو |

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم شیدۆش بووە، وە لە ڕووباری ڕەنگەپۆشدا کە مەلەم دەکرد سی و هەشتەمین کەس بووم. لە پاشا بەجۆشوخرۆشەوە هاتمە ناو جیهان و لە سەرچاوەی خواناسی مووجاودا هەڵئەقوڵێم و ئەوسا وەکو سەرچاوەی تیشکی هەتاو دەرکەوتم و پاشان هەر چلی ئێمە چووینە بەردەمی کێو و هەموومان لە نوختەیەکەوە هاتینە دی. من لە دەریای ئەراودا کلیلم و ئێستا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە و ناوم ڕەزتاوە و دزاوەر وەکو بەردێکە کە ڕەچەڵەکی زێڕ و زێوی یارانی پێ تاقی دەکرێتەوە. ئێمە ئاوێکی ڕوونمان خواردەوە و هەر کەسێک کە لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە، پەردەی شەرمی نییە و بێ شەرمە.



ڕەنگەپۆش و ئەراو کە لەم هۆنراوانەدا دیاردیان پێ کراوە، لە ڕواڵەتدا ناوی دوو ڕووبارن و ئێمە ئێستا کە نازانین ئەو ڕووبارانە لە کوێ دان وە ناوی ئەو ڕووبارانە لە ئاڤێستادا بەچەشنی بار ڕەنگە و ئەروەند هاتووە و ئەوەش ڕوونە کە ئەم ڕووبارانە ئەفسانەیی نەبوون و بەڵکو لە شوێنێکی وڵاتەکەماندا بوون و ڕەنگە ئێستاش هەبن و ناوەکەیان گۆڕا بێ.

لە یەشتەکانی ئاڤێستادا دوو جار لە ڕووباری ڕەنگە ناوبراوە... لە پەڕاوی (بوندهشن)دا ئەم ڕووبارە بەڕووبارێکی زۆر گەورە زانراوە، بەڵام ناڵێ لە کوێ دایە. دارمستتر لای وایە کە ڕووباری ڕەنگە لە خۆرئاوای دەجلەدا بێ، کە ڕەنگە سیروان بێ. هەندێکیش دەڵێن بەڕووباری جەیحوون دەڵێن، هەندێکیش دەڵێن کە ڕووباری دجلەیە.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].
٤- یشت ها - تفسیر وتالیف پورداود.

# قەندیل

سەدەی هەشتەم

هەورام کوڕی مەردان کە نازناوی قەندیلە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەم لە هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەلێ شوێن گەڕاوە و ماوەیەکی زۆر لە بەغدا و بەسرادا بووە و لە پاشا لە شارەزوور خوێندنی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش چەند ساڵێک ڕووی کردووەتە دێی شێخان و چووەتە ڕیزی لایەنگرانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمدا کۆچی دوایی کردووە.

قەندیل لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما مەنۆش. نامێما مەنۆش    نا قولەی هەربورز نامێما مەنۆش
نۆزدەهەم حەڵقەم نە دجلەی چوارگۆش    بەند زنجیر بیم نە یانەی شیدۆش
ئەزی مایەنان پەرێ گردین شێر    ئیسا مەسووچم وێنەی شەم و هێر
ئەز کلیلەنان نە جام جەزیر    جەی سەنگ نیامان بەزم بێ نەزیر
کۆگای سڕەنان پەرێ گردین پیر    حالا نەی دەورە نامێما قەندیر
دزاوەرمانەن مایەی شادی و سویر    پەرێ کەش ف زێڵ شام بی وە دەستگیر
ئاومان واردەن مایەی گرد هەمیر    چەمەش شادیەن، وەشەن چون عەبیر
نەنۆشان ئەو کەس خام دین فەتیر

واتە: من لە لووتکەی کێوی ئەلبووزدا ناوم مەنۆش بوو، وە لە کۆڕی ڕووباری دجلەی ڕۆژی بەریندا سی و نۆهەمین کەس بووم، وە لە ماڵی شیدۆش لە بەند و زنجیردا بووم. من بۆ هەموو پیاوانی دلێر و نەبەز مایەی هێزم و ئێستا وەکو شەم و ئاور دەسووتم و لە جامی جیهان نمادا کلیلم و ئێستا لەم شوێنەدا بەزمێکی بێ وێنەمان ڕازاندووەتەوە و بۆ پیران مەکۆی ڕازم و ناوم قەندیلە. دزاوەر مایەی سوور و شادییە و بۆ دۆزینەوە و پشکنینی دلان، شام ڕێنوێنیم دەکا. ئێمە ئاوێکمان خواردووەتەوە کە هەوێنی هەر هەویرێکە، وە سەرچاوەی ئەو ئاوە ئاوی شادییە و زۆر بۆن خۆشە، هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە بڕوای سستە.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].



# شەمیل

سەدەی هەشتەم

شیرۆش کوڕی شارەوان کە نازناوی شەمیلە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیاندا هەندێ فقهی ئیسلامی و فەلسەفەی خوێندووە و ئەوسا چووەتە دێی شێخان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە. لە شەمیلەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما ئەنۆش، نامێما ئەنۆش    نە قولەی وەرین نامێما ئەنۆش
حەڵقە و چلەنان نە دجلەی خەمۆش    بەند زنجیر بیم نە یانەی مەنۆش
ئەوسا ئازاد بیم وە ڕبک سرۆش    وە فەرمان خواجەم ئەز ئامام وە هۆش
چاگا گرد ئامایین وە ڕاگەی دەلیل    دیوانمان گرتەن جەی سەنگ و سجیل
ئەزەنان نە سڕ سوور ئیسرافیل    بێدار کونەندەی یاران زەلیل
حالا نەی لەوحە نامێما شەمیل    هەر چلمان نە سڕ نە تۆی یەک زەمیل
نە کۆی کەسنەزان گرد ئامایین وەی جام    دزاوەرمانەن ڕاز و سڕ. پەیغام
ئاومان واردەن مایەی گردین کام    هەر کەس نەنۆشا ناپوختەن هەم خام

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم ئەنۆش بوو، وە لەو کۆڕەدا چلەمین کەس بووم. لە ماڵی مەنۆشدا لە بەند و زنجیر بووم، ئەوسا بەفەرمانی سرۆش ئازادبووم و بەفەرمانی خواجە و سەرۆکم هاتمەوە هۆش و پاشان هەموومان هاتینە ڕێی ڕێنما و ڕێ پیشاندەری خۆمان و ئێستا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە و من لە جیهانی نهێنیدا شاخنەفیری ئیسرافیلم و ورياكەری پیاوانی کەساسم و ناوم شەمیلە و هەر چلمان لە جیهانی نهێنیدا ژیان دەبەینە سەر و لە یەک جیا نابینەوە، وە لەوێوە هاتینە جیهان و لە دزاوەردا پەیغاممان دایە خەڵک. ئێمە ئاوێکمان خواردەوە کە مایەی خۆشی و شادییە و هەر کەسێک لەو ئاوەی نەخواردبێتەوە ناپوختە و خامە.

سەرچاوەکان
١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].
٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## شمشاڵ

٧٦٨ – ...

پەروێز کوڕی ڕۆستەم کە نازناوی شمشاڵە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە شارەزوور و لەوێشەوە چووەتە بەغدا و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێوە بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و چووەتە ڕیزی پەیڕەوانی سان سەهاک و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٦٨ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان کردووە.

شمشاڵ لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و هەندێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی لە شوێن بەجێ ماوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما ئەمیر، نامێما ئەمیر  نە قوڵەی زمرووت نامێما ئەمیر
بیستەم حەڵقەتان نەو دجلە و جەزیر  دوچار دەرد بیم نە سارای کەبیر
چەوگا ئاوەردیم قەدەم پەی وەرماڵ  بەناز خواجام بیەنم زوڵاڵ
بیستەم کلیلەنان نە جام جەماڵ  دیوانمان گرتەن جەی سەنگ و نەواڵ
حاڵانەی دەم دا نامێما شمشاڵ  نە جای بەرقەنان پەی قەسد قتاڵ
پەی جیهاد نەفس ئامام چون شەماڵ  ئاومان واردەن ئاوێ وێنەی لاڵ
چەمەش بێ گەردەن وێنەی چەمەی هاڵ  پەی حەرام جۆیان هیچ نییەن حەلاڵ

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم میر بوو، وە لەو کۆڕەدا بیستەمین کەس بووم و من لەو دەشتە پانوبەرینەدا بەهۆی دووریەتی لە شام تووشی دەرد و ڕەنج و سەختڵەتی بووم و پاشان هەنگاوم نایە بەر دەرگای خواجەم و بەفەرمانی ئەو پاک و خاوێن بوومەوە و ئێستا لە جامی جوانیی ئەودا بیستەمین کەسم و لەوێ لەگەڵ یاراندا کۆڕێکمان پێک هێنا و من ئێستا ناوم شمشاڵە و بەهۆی کوشت و کوشتاری دوژمنانی دین، وەکو برووسکە شەڕ دەکەم و وەکو با بۆ خەباتی نەوس هاتووم. لێرە لەگەڵ یەکدا ئاوێکی ڕوونمان خواردەوە، وە سەرچاوەی ئەو ئاوە وەکو سەرچاوەی ئاوی کوێستان ڕوونە، ئەم ئاوە بۆ ئەوانەی کە لە دووی شتی ناڕەوان، خواردنەوەی ڕەوا نییە.



سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## سەیقاڵ

٦٧٧ – ٧٧٣

هاروون کوڕی سەدرەدین کە نازناوی سەیقاڵە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ٦٧٧ی کۆچی لە شارەزوور لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و ماوەیەک لەلای مەلا ئەلیاسی شارەزووری و مەلا قەدووری شارەزووری فقهی ئیسلامیی خوێندووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و ئەوەندەی نەخایاندووە کە لە لایەن سان سەهاکەوە خەرقەی پێ دراوە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٧٣ی کۆچی لە تەمەنی نەوەد و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەیقاڵ هۆنراوی جوانی هۆنیوەتەوە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن، وە هەندێ هۆنراوی بەیادگار ماونەتەوە کە ئەوا چەند هۆنراوێکی دێنین:

نامێما زەندیق، نامێما زەندیق  نە قولەی ئەزەڵ نامێما زەندیق
یەکەم حەڵقەنان نە دجلەی عەمیق  کەرفەت کارم بیەن وە ڕەحیق
شۆڵە و زوڵماتم نە بەحر تەوفیق  چەوگا ئامانم پەی دەگای حەقیق
ئامانم نە چین چل نەیەک فەریق  دیوانمان گرتەن نەی ڕاگە و تەریق
ساقی نمانا جام بادەی ئاڵ  حالا نەی دەمدا نامێما سەیقاڵ
دیوانم گرتەن بەی بەزم و ئەحواڵ  دزاوەرمانەن ڕۆژان زەواڵ
ئاومان وەردەن ڕۆشن و زوڵاڵ  چەمەش گەوهەرەن وێنەی نوختە و خاڵ

هیچ لایق نییەن پەرێ بەدخەیاڵ

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم زەندیق بوو و لەو کۆڕەدا بیست و یەکەمین کەس بووم، کارە چاکەکانم بووە هۆی پیرۆزی و سەرکەوتنم و لە تاریکی و ڕوونیی ئەم جیهانە ڕێم دەرکرد. پاشان چوومە دەرگای یار و لە ڕێی ئەودا هەنگاوم هەڵگرت و هەر چلمان

کوڕێکی خواناسیمان پێک هێنا. مەیگێڕ جامێ بادەی ئاڵی بۆم هێنا و ئێستا ناوم سەیقاڵە و دیوان و دادگاییەکم پێک هێناوە و لە دزاوەردا ڕۆژەکان دەبەمە سەر. ئێمە ئاوێکی ڕوونمان خواردووەتەوە، وە سەرچاوەی ئەو ئاوە گەوهەرە و بەوێنەی نوختە و خاڵە، وە بۆ پیاوانی خراپ خواردنەوەی سزاوار نییە.

نوختە و خاڵ کە دیاردی پێ کراوە، بریتییە لە یەکیەتیی ڕاستەقینە و بنەڕەتیی هەموو شتێک لە نوختەوە دەست پێ دەکرێ. لە پەڕاوی (کشاف)دا نووسراوە: کە خاڵ بریتییە لە تاریکیی گوناه کە لە نێوان ڕۆشناییی چاکەدا وەکو پێچە وایە، وە ئەگەر چاکە کەم بێ خاڵی پێ دەڵێن، نوختەش بوونی هەموو شتێکە و هەموو شتێک لە نوختەوە بەدی هاتووە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– کشاف تألیف محمد ابن علی التهانوی – هند ١٨٦٢.

## مەستی

٧٥٢ – ٠٠٠

بارام کوڕی شاپوور کە نازناوی مەستییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەگەلێ شوێنی کوردستانا گەڕاوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی شێخان و لەوێدا لەلای سان سەهاک ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٥٢ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە مەستییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و دڵگرن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نامێما قەندیل، نامێما قەندیل      نە قوولەی ئەزەڵ نامێما قەندیل
پەنجەم حەڵقە بیم نە رووبار نیل      وێنەی سیمرغ بیم نە دەشت و نە کیل
مێردان یەکڕەنگ کە وە ڕەنج بەستی      چەوگا گرد ئامایین پەی دەگای نیستی
ئەز ئامام نە چین چل نەیەک دەستی      نەی وەر و دەمە نامێما مەستی
پەنجەم کلیلەنان نە جام شەستی      هاکا تۆش ئامای وە مە پەیوەستی



دنیا زیندانەن هەر کاتێ ڕەستی      دی جە بادەکەی ڕۆی ئەلەست مەستی
ئاومان واردەن چون نوور و ئەستی      هەر کەس نەنۆشا بی نە ڕای کەستی

واتە: لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم قەندیل بوو، وە من لەو کۆڕەدا بیست و پێنجەمین کەس بووم. من پێنجەمین ئاڵقە بووم لەو ڕووبارەدا، وە لە دەشت و شیودا وەکو سیمرخ (پیاوێکی خواناس) وا بووم. پیاوانی یەکڕەنگ کە بەیەکڕەنگییەوە ژیان دەبەنە سەر، بەڕەنج و مەینەت دەژین. لە پاشا هاتینە دێی نەبوو. ئێستا ناوم مەستییە، چونکە مەستی بادەی یەکتاپەرستیم و نزیکە کە تۆش بگەیتە ئێمە، چونکە جیهان زیندانە و هەر کاتێ لەم جیهانە ڕزگارت بوو، ئیتر لە بادەی ڕۆژی بەرین سەرمەست دەبی. ئێمە ئاوی زانیاریمان خواردووەتەوە و ئەو ئاوە وەکو تیشک بوو، وە هەر کەسێک لەوەی خواردەوە، ئەو لە بێ ڕێ و گومڕاییدا ژیان دەباتە سەر.

هۆنەر لە یەکێ لە هەڵبەستەکانیدا دیاردی دەکاتە فەرمایشتێکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دەفەرمووێ: «الدُنیا سِجنُ المؤمن وَجَنَةُ الکافِر» واتە: جیهان زیندان و بەندی خواپەرست و مۆمنە و بەهەشتی بێ بڕوایە. لە پەڕاوی (عدە)دا نووسراوە: کە ژیان سێ جۆرە، یەکێکی بەگیان زیندووە، یەکی تری بەزانست و زانیاری زیندووە، یەکێ تری بەهەق زیندووە و ئەوەی کە بەزانست زیندووە، بەخۆشەویستی و بیرکردنەوە زیندووە، وە ئەوەی کە بەهەق زیندووە، ژیان بۆ ئەو شادمانی و خۆشییە. خوایا ژیانی ئێمە بۆ تۆیە، شادی و خۆشی ئێمە لە تۆیە، گیان ئەوەیە کە تۆ بناسێ، ئەگینا با هەر بماسێ.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].

٢– دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣– یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

٤– اربعین جامی با مقدمە و تصحیح کاظم مدیر شانەچی – تهران ١٣٦٠.

## غازی

۷۷۲ - ۰۰۰

عەلی کوڕی نوعمان کە نازناوی غازییە، بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە دینەوەردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە دەوری منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە بەغدادا بووە و ئەوسا چووەتە شام و خوێندنەکەی لەوێدا تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش چەند ساڵێک بەرەو دێی شێخان کەوتووەتە ڕێ و لەوێدا لەلای سان سەهاک ماوەتەوە تا لە ساڵی ۷۷۲ی کۆچیدا چاوی لە جیهان پۆشیوە و نێژراوە.

لە غازییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نامێما غەدیر، نامێما غەدیر | نە قـــولەی ئەزەڵ نامێما غەدیر |
| شەشەم حەڵـقەنان نە دجلەی ئەمیر | نامووسم پاراست جە مێرد شەریر |
| تا قەدەم نیام دایرەی زنجـــیر | ئەوسا ئامام پەی دەگای بێ نەزیر |
| گرد ئامایـن نە چین چل نەیەک سەریر | شەشەم کلـــیلەنان نە جام زەمیر |
| نەی سەنگ نیامان دیوان حەریر | حەریــــر والآ ئەزەڵ ئیعجازی |
| تەپـڵ شاهێـــنان ڕەزم ئاوازی | وە قەسوەت دڵ تۆ چۆن مەسازی |
| نەی جامەی بەشەر نامێما غازی | دزاوەرمـانەن جای فەخر و نازی |
| ئاومان واردەن مایەی گرد هــازی | نەنۆشان ناکەس کەردەی مەجازی |

واتە: من لە لووتکەی ڕۆژی بەریندا ناوم غەدیر بوو، وە لەو کۆڕەدا بیست و شەشەمین کەس بووم و هەروەها شەشەمین ئاڵقە بووم لە ڕووباری دجلەی میردا. ئایینی خوام لە دەست پیاوانی خراپ و بەدکار پاراست، تا پێم نایە چەمەرەی جیهان و ئەوسا هاتمە گوندێکی بێ وێنە و پاشان هەر چلمان بەتەخت و ئەو ڕەنگێکەوە هاتینە ئەوێ، وە دڵی من ئێستا مەکۆی ڕاز و چۆڵگەی خۆشەویستیی خوایە و لێرەدا کۆڕێکی خواناسیمان پێک هێناوە و تەپڵی شایی و ئاوازی پیاوانی خوا لەوەدا دەبیسرێ. من نازانم هەندێ بەدڵبەردییەوە چۆن ژیان دەبەنە سەر، ئەز ئێستا لەم قاڵبەدا ناوم غازییە و دزاوەر مایەی شانازی و نازە و ئێمە ئاوی زانیاری کە سەرمایەی هێزە خواردوومانەتەوە، ناکەسان لە خواردنەوەی ئەو ئاوە بێ بەرین.



سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].

٣- یادداشتی ئەعلادین [دەستنووس].

## هۆنەرانی شارەزوور کە دژی ڕێ و ڕچەی یارسان بوون

ڕێ و ڕچەی یارسان کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، ڕێ و ڕچەیەکی کۆنە و هیچ پەیوەندیەکی بەئیسلامەوە نییە و لە ئاینە کۆنەکانی ئێرانی وەکو: ئاینی مانەوی و مەزدەکی و زەردەشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، وە لە دەوری ئیسلامەتیدا ڕەنگ و بۆنی ئیسلامی بەخۆی گرتووە و گەلێ شتی تری تێ کەوتووە.

یارسانەکان بڕوایان بەدوونادوون هەیە کە لە عەرەبیدا (تناسخ)ی پێ دەڵێن. لایان وایە کە هەر بنیادەمێک چ پیاو بێ و چ ژن گیانەکەی هەزار و یەک قاڵب یا لەش دەگۆڕێ و لە پاش گۆڕانی هەزار و یەک لەش دەڕواتە جیهانی جاویدانی و نەمری کە لە شارەزووردایە، هەروەها لایان وایە کە خواش دەڕواتە لەشی بنیادەمەوە و قاڵب دەگۆڕێ، وە لایان وایە کە چوار فریشتەی دەرگای خوا لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا چوونەتە قاڵبی پیر بنیامین و پیر مووسا و پیر داوود و مستەفا دەودان، واتە: خوا و فریشتەکان گیان و لەشیان بۆ پەیدا دەبێ دێنە ناو خەڵکەوە تا تاقییان کەنەوە. وە ئەمانە لەگەڵ ڕێ و ڕەوشتی ئیسلامدا یەک ناگرنەوە و بەڵکو بەبێ بڕوایی دێنە ژمار.

کەوا بوو ڕێ و ڕچەی یارسان، ڕێوڕچەیەکی تایبەتە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینەکانی ئێرانی، تەنانەت گەلێ مەبەستی ئاینی هیند و ئەورووپایی و خۆرپەرستیشی تێدا دەبینرێن، چونکە دوونادوون لە ئاینی هیندۆئیزمدا هەیە و ئەمانە ویستوویانە کە ڕێ و ڕچەی کۆنی باو و باپیریان زیندوو بکەنەوە لەناو خەڵکدا و پەرەی پێ بدەن.

جا لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا کاتێ سان سەهاک و یارەکانی سەریان هەڵداوە و ڕێ و ڕچەی یارسانیان لەناو خەڵکدا پەرەیان پێ داوە، لەبەرئەوەی زۆربەی مەلاکان و خوێندەوارەکان چوونەتە ڕیزی لایەنگرانی ئەو، مەلاکانی شارەزوور ئەمەیان پێ ناخۆش بووە و لە بەرابەریانەوە ڕاوەستاون و بەربەرەکانێیان کردوون و موسڵمانەکانیان لە بەرابەریانەوە ڕاوەستاندووە و گەلێ شەڕوشۆڕ قڕە و کێشە لە ناویانا قەوماوە.

لەبەرئەوەی سان سەهاک و یارەکانی ڕێ و ڕچەی یارسانیان بەهۆنراوی دە هیجایی گۆرانی بەخەڵک ڕاگەیاندووە. ئەوانیش هاتوون بەهۆنراوی هیجایی بەشێوەی سۆرانی

ئەوانیان داشۆریە و عابدین و هاوڕێیەکانیان سەرکۆنە کردووە و گەلێ پەندیان داداون کە پاشگەز ببنەوە و بێنەوە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام، سەرسوورمان لەوە دایە ئەم هۆنراوانەش هەر لەلای یارسان یا کاکەییەکاندا بەیادگار ماونەتەوە و لە پەڕاوی دەورەی عابدیندا کە زۆربەی هۆنراوەکانی عابدینی جافی تێدا نووسراون، تۆمار کراون.

بەڵام هۆنراوی هۆنەرانی شارەزوور بەپێچەوانەی هۆنراوی هۆنەرەکانی یارسان، لەنگ و لۆرییان زۆرە، گەرچی لەسەر هیجا هۆنراونەتەوە، بەڵام هەر بەیتێکیان کێشێکی تایبەتی هەیە و دەتوانین بڵێین کە وەکو هۆنراوی بەیتەکانی موکریانە و لە ڕاستەقینەدا سامانێکی گەورەی وێژەییە و دەتوانین بڵێین کە هەر کام لەم هۆنەرانە خزمەتێکی زۆریان بەزمان و وێژەی کوردی کردووە و ئەو هۆنەرانەش کە هۆنراوەکانیان گەیشتووەتە دەستی ئێمە بریتین لە: «مەلا ئەلیاسی شارەزووری، مەلا جامیی شارەزووری، مەلا سوورەی شارەزووری، مەلا غەفووری شارەزووری، مەلا نەسووری شارەزووری، مەلا قودووری شارەزووری، مەلا شوکروڵڵای شارەزووری، مەلا شەفێعی شارەزووری» کە ئەوا لێرەدا سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیان و شوێنەواریان دەدوێین و هۆنراوەکانیان دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## مەلا ئەلیاسی شارەزووری

٧٨٣ - ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. مەلا ئەلیاس لەبەرئەوەی مەلا زادە بووە سەرەتا لەلای باوکی خوێندوویەتی و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور و دینەوەر گەڕاوە و پاشان لە بەغدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و لەوێدا خەریکی دەرز وتنەوە و پێشەوایی و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لەبەرئەوەی لە داوەریدا دەستێکی باڵای بووە و بووەتە داوەر و قازی و بەم جۆرە لە هەموو لایەکەوە خەڵک ڕوویان تێ کردووە تا سەرئەنجام لە ساڵی ٧٨٣ی کۆچیدا کۆچی دواییی کردووە و نێژراوە.

مەلا ئەلیاس وەکو لە هۆنراوی هۆنەرانی هاوچەرخ و دەوری خۆیدا دەردەکەوێ، لە فیقە و لێکدانەوەی قورئان و کاری داوەریدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ ئیجازەی بەفەقێیان داوە و تەنانەت سان سەهاکی بەرزنجەی لەلای ئەو خوێندوویەتی، وا دیارە لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لە پەڕاوی دەورەی عابدیندا گەلێ



هۆنراوی لێ تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم زانا هەرە بەرزە کە لەوەدا پەندی عابدین دادەدا و دەڵێ:

ڕۆڵە بۆچی دەکەی ئەم داوا و جەنگە
تۆ بۆ جادوو و سیحری شەیتانی دەبەنگە
جەهدی کاکەیی بۆچی دەکەی بۆ هەتیوی عیسا
بەم فەقێیانی ڕەفێقت بۆ تۆ دەکەی جەنگە
جارێ کە دەباری نووری پاکت لە چێهرە
ئێستاکە تۆ چارەت بۆچی بێ ڕەنگە؟
دینی کاکەیی یان فەرزەند تارە بەهیچە
دینی موسڵمان ئەقدەمە وەک سکەی سەنگە
سەوگەند بەخودا کاکەیی کافر و بێ دینن
دینیان حایلە پەربووتە چینی فەرەنگە
مەزهەبی ئیسلام شیرینە وەکی شیرەی خورما
دینی ئەوان لاقۆزیە بوستانی خەرەنگە
ئیسحاق نییە لەو عیسا نوتفەیی زۆڵە
توخمی چوار دەروێشی دگان ژەنگە
لە باوش مندا گەورە بووە تەعلیمی وە من بوو
بۆچ لەم ڕۆشنییە خۆت دەخەیە ئەو شەوەزەنگە
ئەو شەیتانە بەجادوو تۆی کردووە شێت
ئەمە بۆچ لێتان خستووە دار پەڵەنگە
میللەتی کاکەیی مەحروومی قیامەت ڕۆژی مەحشەر
سا وەرە وازبێنە ئەتۆ لەم حەرفە چەرەنگە
ئەم دووپای ساغە و دەستی سلامەت
تۆ وەرە بۆ ئیسحاق خۆت مەکە لەنگە
حەیفە تۆ وازبێنی و گوزەشت کەی لەو عیلمی قەدیم
لەو سوحبەتی مەدرەسە و فەقێیانی چەڵەنگە
وەرنە بەئایەت کارێ دەکەم بە فەلەقە و دار
هێندەت بکوژم لێت ببڕم هێز و هەرەنگە

بەسزای سەخت و جەزا گۆشتت دەبڕم باری دیگەر
دەتخەمە چاهی عەزاب بەو کۆت و پەرەنگە
شاهد و ئەشهەدی خۆت بێنە بەئیمانی دروست
بۆ کاکەیی خۆت مەکە ریسوا دامی درەنگە
هۆشی خۆت بێنە بەسەر قامەت بەتەواوی
بەجادووی کاکەیی ناپاک بۆچ بووگی دەبەنگە
نەرگزە ڕیسوا ئەکەم بەپەن لە گەڵی تۆدا بەعام
جەڕتان یەک ڕێس ئەدەم و چرپۆ شەنگ و تەنگە

واتە: ڕۆڵە بۆچی ئەم هەنگامەتە بەرپا کردووە و بەجادوو ئەفسوون ڕێی ڕاستت لێ گۆڕاوە و بادیهەوا بوویت؟ بۆ کوڕەکەی شێخ عیسا لەبەر چی لەگەڵ فەقێکاندا بەشەڕ دێی؟ تۆ لە پێشا لە ڕوومەتت تیشک دەباری کەچی ئێستا ڕوخسارت سیس و بێ ڕەنگە، دینی کاکەیی تاریک و هیچە، بەڵام دینی ئیسلام بەرز و ڕووناکە و برەوی هەیە، ئەوان بێ دینن و دینیان بۆ کەس ڕوون نییە و ئاینی ئیسلام شیرینە وەکو خورما، دینی ئەوان لاقۆزیە وەکو ژاڵە تاڵە، سان سەهاک لە باوش مندا گەورە بووە و لە ڕێی بابی لای داوە، بۆچ لەم ڕوونییە کە ئیسلامە خۆت دەخەیتە شەوەزەنگی کاکەیی، لە ڕاوێژی شیرینی فەقێکان بۆ خۆت لادەدەیت؟ ئەوان بەهۆی ئەهریمەنەوە جادوویان لێت کردووە، کاکەییەکان لە ڕۆژی پەسڵاندا بێ بەشن، کەوابوو خۆت بۆ ئەوان لەنگ مەکە و لە ڕێی چەوت و چەوێڵی ئەوان خۆت لادە، ئەگینا بەفەلاقە و دار سزات دەدەم، دەسا خۆت ڕیسوای خەڵک مەکە و تۆ و نەرگزەی دەزگیرانت ڕیسوا دەکەم و وەکو پشیلە جۆتان دەدەم و تەنگتان پێ هەڵدەچنم.

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی مەلا ئەلیاس پەندە و ئەو دەیەوێ عابدین بەپەند پاشگەزکاتەوە وە زۆریش سادەیە و بەزمانێکی ساوکار لەگەڵیدا دواوە، بەڵام کێشی هۆنراوەکان لەگەڵ یەکدا یەک ناگرنەوە و هەر کام کێشێکی تایبەتیان هەیە و لەسەر هیچجا هۆنراونەتەوە و هۆنراوەکان لە باری زمانناسییەوە زۆر گرنگن و گەلێ وشەی تێدایە کە ئێستا لە شێوەی سۆرانیدا کەمتر بەکاردێن وەکو: دەبەنگ، پەڕبووت، لاقوزی، خەرەنگ، دار پەڵەنگ، چەرەنگ، هێز و هەرەنگ، پۆشەنگ.

سەرچاوەکان

١– دەورەی عابدین (دەستنووس).

٢– کورتەی سەرئەنجام (دەستنووس).



## مەلا جامیی شارەزووری

٧٩٧ – ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕتووکی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە منداڵیدا سەرەتا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە بەغدا و خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە مەلا جامییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕاوی دەورەی عابدین تۆمار کراوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی کە دەڵێ:

عابدین ئەمە جێی عەجەبە کەوتیتە ئەلخەنناس
ئەم دەعوایە کۆتاکە و مەعرەکە و باس
کفرت وەئیمان وێ، بێ مەکە ئەم واوەیلا
وەرنە بەباڵبەست ئەتوەین بۆ مەلا ئەلیاس
وەڵڵاهی بەفەلاقە و دار جەرگت دەبڕین
تا دەرکات و نەمێنێ لە کەللەت وەسواس
ئەم جادوویانە کردگە لێت کاکەیی بێ دین
چونکە غەزات کردگە لێیان تۆ بەئەلماس
تۆ بەدەست ئێمە بەکوشت ئەگەیێن
بەم لۆنە دەسێن حەقیان بەقەساس
وەرە وازبێنە ئەتۆ بێ قەتڵ و فەنای خۆت
با نەوی بەو ڕیسوای کولونناس

واتە: ئەی عابدین! ئەمە جێی سەرسووڕمانە کە لەگەڵ ئێمەدا وەکو مەرگ و ئەهریمەن بەربەرەکانێ دەکەی، وەرە ئەم قڕە و کێشە و هەنگامەیە کۆتاکە، کفرت بەجێی بڕوا قبووڵ کردووە و وەرە پاشگەز و پەشیمان بەرەوە، ئەگینا بەباڵبەست دەتبەینە لای مەلا ئەلیاس، بەخوا بەفەلاقە و دار جەرگت ئەبڕێ تا خلێڵەی ئەهریمەن لە دڵت دەرێنێ. کاکەییەکانی بێ دین، جادوو ئەفسوونیان لە تۆ کردووە، چونکە هەندێکت لێیان کوشتووە و دەیانەوێ بەکوشتنت بدەن تا مافی خۆیان وەرگرنەوە، وەرە لەو ڕەوشتە دەست هەڵگرە تا بێ هۆ نەبیتە ڕیسوای هەمووی خەڵک.

سەرچاوەکان

١- دەورەی عابدین [دەستنووس].

٢- کورتەی سەرئەنجام [دەستنووس].

## مەلا سوورەی شارەزووری

٠٠٠ - ٧٦٩

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خوێندنیشی لە شارەزوورا تەواو کردووە و زۆربەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٩ی کۆچی ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و لە زێدەکەی خۆیدا نێژراوە.

لە مەلا سوورەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی دەورەی عابدیندا تۆمار کراون و دیارە زۆربەی ئەو هۆنراوانە لە پەندی عابدیندا وتوویەتی، وەکو دەڵێ:

عابدین گرانە، عابدین گرانە — ئەم کارە مەکە و بۆ تۆ گرانە
قەوڵی شەیتانت بکە وێرانە — کاکەیی سنگی تۆشەی نیرانە
بۆ دەکەی کفری خودا و پیرانە — ئێژی کە سەهاک شای کەبیرانە
کوڕی شێخ عیسا شەمی ئێرانە — خودا لە سڕی بێ خەبیرانە
ناوی ئەو هەرگیز هەر مەیێرانە — وەرە بژنەوە ئەم تەعزیرانە
کاکەیی کوڕی نان فەتیرانە — وەرنە لە ملتە ئەو زنجیرانە
سازوو کەو، بڕوات بەخوا بێرانە

واتە: ئەی عابدین! ئەم کارە مەکە و بۆ تۆ گران دەبێ، خانووی ڕێ و ڕەوشتی ئەهریمەن کە لە سەری دای وێران و کاول بکە، کاکەییەکان لە ڕۆژی دواییدا دەبنە تۆشەی ئاگری دۆزەخ و تیایا دەسووتن، ئیتر بۆ بەپیران ناسزا دەڵێی و بڕوات بەخوا نەماوە و دەڵێی: کە سان سەهاک شای پیاوە گەورەکانە و شەمی ئێرانە، دەسا ناوی ئەو هەرگیز مەهێنە و وەرە ئەم پەندانە ببیسە و بەکاری ببە و پەشیمان بەرەوە، ئەگینا لە ڕۆژی دواییدا زنجیر دەخەنە ملت و دەتبەنە دۆزەخ، هەتا زووە بڕوات بەخوا بهێنەوە و خوا بەتاق و تەنیایی بناسە کە زۆر خاسە.

سەرچاوەکان

١- دەورەی عابدین [دەستنووس].

٢- سەرئەنجام [دەستنووس].



## مەلا غەفووری شارەزووری

٠٠٠ - ٧٩١

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕاوی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. غەفوور لەبەر ئەوە مەلا زادە بووە سەرەتا لەلای باوکی و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی و بۆ خوێندن هەموو شارەزوور گەڕاوە و پاشان لە شام خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە ڕابواردووە تا لە ساڵی ٧٩١ی کۆچیدا بادەی لە مەیگێڕێ ئاکام وەرگرتووە و خواردوویەتەوە. مەلا غەفوور لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزی بووە و وا دیارە هۆنراوی زۆری هەبووە، بەڵام هەر تەنیا چەند پارچە هەڵبەستێکی گەیشتووەتە دەستی ئێمە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی کە دەڵێ:

عابدین مەکە جەهدت بۆ کاکەیی دین پەستە
هەموو ڕیش بڵم و سمێڵ شۆڕ ودان زەرد هەروەکو خەستە
تەماشای چێهرەی ئیسلام کە وەکو پرشەیی نوورە
لە سایەی قورئانەوە هەم فاتحی نەستە
تابعی ئیسلام بێ حەد و سامانییە
سوجە لەشکری کین بەکین کاکەیی قەستە
خوداوەند ئەم دونیایە کە سازان ڕۆژی ئەزەڵ
ئاسمان و زەمین بەو نووری محەممەد مەستە
شێت بووگی بۆ ئیسحاق، بۆ جادووی ناپاک
بۆ ساحری شەیتان بووگی چاوبەستە
بۆچ ئەم جەهدە دەکەی تۆ لەگەڵ ئێمەدا
ڕووڕەشی قورئانی و بۆ کاکەیی پەیوەستە
حەیفە و جاریێ دەکەین ڕەحمێ بەتۆ
وەرنە بەدار داتدەڕزێنین جەستە
خوداوەند کە ناوی دوڕ دەرچوو بەدەر
(قالوا بلا)ی کرد لەو جامی ئەلەستە
ڕۆحی موسڵمان لەو وەختە بەلای کرد بەلا
بەئایەتی قورئان بوون ئیشارەتی شەستە

شــــــەیتـــــــان لـەو عــــــەهـدە وتــی: تـابـعـم دەویٚ

خـــودا فـــەرمـــووی: تۆ گـــەورەی بیٚ بـانگت بـەدەســتـــە

لـە دونیـــا نـاکـــەن بـاوەڕی دینی مــــوســــڵـــمـــان

لە قیامەت مەحروومی بەهەشت میوەی مەی ڕەستە

ئـەمـــە ئـەمـــری خـــالـقـــە بـیٚ دینی وە شـــەیتـــان دا

وەرە ئـەم کـــاکـــەییـــیـــانە شـــەیتـــان پەرســـتـــە

عـــابدین وازبێنـە و حـــەیاکـــە لـەو عـــیلمـــە لەلاتە

ئـەم کـــفـــرە دەرێنـە لـە دڵ فـــرە مـــێـــهـــر پـەســـتـــە

واتە: ئەی عابدین! ئەمە بۆچی بۆ کاکەییەکان تیٚ دەکۆشی کە هەموویان ڕیش بڵم و سمێڵ شۆڕ و ددان زەردن. تەماشای ڕوومەتی ئیسلام کە کە وەکو پرشەی خۆرە، لایەنگرانی ئیسلام بیٚ ژمارن. خوای مەزن کە ئەم جیهانەی لە ڕۆژی بەریندا بەدی هێنا، ئاسمان و زەویی بەتیشکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام ڕازاندەوە، مەگەر تۆ بۆ تەقەلا دەدەی؟ تۆ ڕووڕەشی قورئانی و خۆت بەکاکەییەکانەوە لکاندووە. حەیفە جاریٚ ئێمە ڕەحمیٚ بەتۆ دەکەین ڕەنگە پەشیمان بێتەوە. خوای مەزن کە لە ڕۆژی بەریندا لە دوڕەکە هاتەدەر، پەیمانی لەگەڵ گیانی یاراندا بەست. شەیتان لەو کاتەدا وتی منیش لایەنگرم دەویٚ، خوا فەرمووی تۆ گەورەی دەستەیەک لە فریشتەکانی، ئەو کاکەییانە کە بڕوایان بەئیسلام نییە، لە ڕۆژی پەسڵاندا لە میوە و بەری بەهەشت بیٚ بەرین. دەسا وازبێنە و شەرمیٚ کە لەو زانستە کە لەلاتە، ئەم کفرە دەرێنە لە دڵ و بگەڕێوە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام. هۆنەر لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر شەیتان و دەڵیٚ: کە خوا فەرموویە تۆ گەورە و سەردەستەی فریشتەکانی کە بەپێی پەڕاوەکانی ئیسلامی شەیتان سەرەتا سەردەستەی تاقمێک لە فرێشتەکان بووە و خوا داوای لیٚ کردووە کە کڕنۆش بۆ ئادەم بەریٚ و ئەویش سەرپێچی دەکا و دەڵیٚ: من لە ئاور سرشت کراوم و ئەو لە خاک و من لە ئەو گەورەترم و کڕنۆشی بۆ نابەم و ئەوسا خوا ئەوی دەرکرد و نەفرینی کرد. شەیتان وتی: چونکە منت دەرکرد، مەرج بیٚ لە گومڕێکردنی مرۆیاندا کۆتایی نەکەم، ئەوسا ئادەم و حەوای فریودا و بووە هۆی دەرکردنی ئەوان لە بەهەشت. وە لە ڕاستەقینەدا ئەهریمەن دوژمنی بنیادەمە و بنیادەم لە بەختەوەری دووردەخاتەوە و دەبێتە هۆی چارە ڕەشی و بەدبەختیی مرۆ.

سەرچاوەکان


١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٢- دەورەی عابدین [دەستنووس].




## مەلا نەسووری شارەزووری

٧٨٧ - ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزوورا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پیٚ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەڕاوە و خوێندنەکەی لە بەغدادا تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٨٧ی کۆچیدا مردووە و لەوێدا نێژراوە.

مەلا نەسوور لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای بووە، وا دیارە گەلیٚ هۆنراوی بووە، بەڵام هەر تەنیا چەند هەڵبەستێکی گەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئەوەش لە پەند دادانی عابدینە کە لە پەڕاوی دەورەی عابدیندا نووسراوە. ئەمەش هۆنراوەکانی کە دەڵیٚ:

عـــــابدین چە بەڵاتە و بۆچی بووگی هەڵە

بۆ تۆ حەیفە و سەروسیمات مەشکەڵە

کـــەم بکە مـــەدحی کـــاکـــەیی پیس و دڕن

هەموو بیٚ تەهارەت و نوێژ، بەخێڵ و دەغەڵە

خـــــۆراکـــــیـــــان بورە و نانی حـــــەرام

گـــشت ڕەش و ڕووتن لەو کـــۆی جـــەنگەڵە

دینیان بەدروستی دەرپیٚ و تێکەڵی بەکۆ بیٚ

ئەمـــە کـــەی بووگـــە بەشـــەرتی دینی ئەزەڵە

وەرە مـــەیکە قەبووڵ ئەم دینە کـــە هیـــچـــە

بدە ڕووی ئیـــســـــحـــاق و داوودە کـــەچەڵە

واتە: ئەی عابدین! بۆچی لە ڕێی ڕاست دەرچوویت و لە ڕێی هەڵە دای بۆ جوانێکی وەکو تۆ حەیفە کە ڕێی ناڕاست بگریتە بەر. کەم بەکاکەییەکاندا هەڵبڵیٚ، هەموویان ناپاک و پیس و دڕنن، خۆراکیان نانی نارەوایە و بەرەش و ڕووتی لەناو جەنگەڵ و بێشەدا دەژین. دەڵێن دینمان دروستە کەچی شەواڵی یەکتر ئاوێتە دەکەن و بیٚ شەرمن و ئەمە کەی پەیمانی ڕۆژی بەرینە؟ وەرە لەم کارە پەشیمان بەرەوە و ئەم دینە هیچە، بدە لە ڕووی ئیسحاق و داوودە کەچەڵە.

لەم هۆنراوانەدا لەنگ و لۆری دەبینریٚ و هەندیٚ لە هۆنراوەکانی دە هیجاییە و هەندێکی

یازده و هەندێكی دوازده و هەندێكی سێنزه هیجایین، وه دیاره ئەم چەشنە هۆنراوانە لەو دەورەدا باو بووه و هۆنراوی زۆربەی هۆنەرانی تریش كە لە بەرابەری كاكەییەكانەوە ڕاوەستاون هەر وایە.

٢

عابدین دەهران، عابـــدین دەهـــــران ... دیاره چووگی سەر قەوڵ دینی دەهران
مەغزت پڕ بووگە لە جادووی سیحران ... كـــوا نوێژ و سەلا و سوحبەتی جاران
ئێستە خەجالەت بووگی لە قورئان ... لە گەڵمان دەكەی بەكینە و جەهران
وەڵلا دەتكوژیـــــن بەژار و زەهــــــران ... كەی دینیان پاكە ئەو چڵكن چێهران
دەموچاو ناشۆن لە سەر جۆ و نەهران ... میـلـــلەتی شەیتان بێ بەش و بەهران

واتە: ئەی عابدین! لەبەرچی ڕێ و ڕەوشتی دەیرییەكانت وەرگرتووە و دیارە مێشكت لە چاچۆڵ و جادوو پڕ بووە، كوا نوێژ و سەلا و قسەكانی جارانت؟ ئێستە شەرمەزاری لە قورئانی پیرۆز و لەگەڵ ئێمە بەڕقوكینە ڕەفتار دەكەی، دەسا ئەگەر پاشگەز نەبیتەوە. بەژار دەتكوژین، ئەوانە كەی دینیان پاكە بەو چڵك و چەپەڵییەوە كە لە ڕوومەتیان دیارە، خۆ تەنانەت دەموچاویشیان لەسەر ئاوی جۆ و ڕووباردا ناشۆن، ئەوانە لایەنگری شەیتانن و لە ڕۆژی پەسڵاندا بێ بەهرە و بەشن.

هۆنەر لە هۆنراوەكانیدا دیاردیی كردووەتە سەر دەیرییەكان كە ئەمانە دەستەیەك بوون و لایان وابوو كە دەهر یا ڕۆژگار زۆر كۆنە و ئەو مرۆ بەهەر جۆرێ كە بیەوێ دەریدێنێ، خوای مەزن كە داهێنەری ڕۆژگار و سروشتە ئەوان قبووڵیان نەبوو و دەیانوت ڕۆژگار ئێمەی بەدی هێناوە و لە ڕاستەقینەدا ڕۆژگارپەرست بوون.

سەرچاوەكان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی چلتەن [دەستنووس].



## مەلا قودووری شارەزووری

٧٩٣ - ٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەراوێزی (دەورەی عابدین) لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی كۆچی لە شارەزووردا لە دایكبووە و هەر لەوێش پێ گەیشتووە. خوێندنیشی هەر لە شارەزوورا تەواو كردووە و پاشان خەریكی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵك بووە تا لە ساڵی ٧٩٣ی كۆچی هەر لەوێدا كۆچی دوایی كردووە.

مەلا قودوور لە هۆنینەوەی هۆنراوی كوردیدا دەستێكی بەرز و باڵای هەبووە و وا دیارە گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام ئێمە هەر تاقە پارچە هەڵبەستێكی ئەومان دەستكەوتووە، ئەویش لە پەندی عابدیندا هۆنیوەتەوە و داوای لێ دەكا كە لە بیر و بڕوای خۆی پاشگەز بێتەوە و بێتەوە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەكو دەڵێ:

ئەمە بۆچ وا ئاخرت شەڕ بووگە مەلا عابدین
جەهد و داخوازی دەكەی بۆ كاكەیی فەنادین
بۆچی كفری بەناحەق ئێژی قورئان و چەوا شەر
ئەم دوونای دوونە چییە ئیسحاق بەخودا بۆچین
بەئایەی: (قُلْ اللّهُ أَحَـــدُ اَللّهُ الصَّـــمَـــدُ)
یەعنی خوداوەند وێنەی یەكتایە بەعالەم نابین
(لَم یَلِدْ وَلَمْ یُولَدْ وَلَمْ یَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدُ)
خودا نابێ لە كەس و كەس نابێ لە ئەو ئەی لادین
لە ئەو هیچ ئینسانێ نەبووە بەجەمی عەین
وە خالقی غەیب و ساحیبی ئەمرە بۆ دونیایی موبین
كانی عەوالمی خلقەت و ئەشیایی رمووزە
ساوەرە بازگەشت بەئەتۆ لەم شەیتانی لەعین
لەم نوێژ و سەلای چوار یاری نگین
بۆ كاكەیی چەر خاوی میللەتی ناری سجین
لە گەلی ئیسلام جەهد و شەڕی شەرەر دەنوێنی
ڕۆژی قیامەت سفری لە سەفی خولدی بەرین

قورئان فەرموویە مەلا: «بَعدُ الرَسولُ لا يَأتي نَبي»
یەعنی بەعدی محەمەدی نایە پێغەمبەری موبین

ئەتۆ چۆن ئێژی کە ئێستا مەوجودە لە هاوار
نامی بنیامە و پێغەمبەری رووی زەمین

ئێمە قەت ناکەین باوەڕ و سدقی ئیمان
تۆش ئیمامی نوێژی بۆی مەیێنە یەقین

وەرنە دەکێشین چوار مێخەت وەکو دەڕ
هێندەت ئەکوژین بەفەلاقە گۆشت ئەتاشین

واتە: ئەی عابدین! ئەمە بۆچی وا ئاخرت شەڕ بوو، وە خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی کاکەییەکانی؟ لەبەرچی بڕوات بەقورئان نەماوە و بێ بڕوا بوویت؟ ئەم دوونای دوونە چییە کە لات وایە ئیسحاق نوێنەری خوایە؟ خوای مەزن لە قورئاندا دەفەرمووێ: خوا تاقانە و بێ نیازە و نازێ و کەسی لێ نابێ و لە کەسیش نەبووە و کەسێکیشی نییە و ئەو پەروەردگاری هەردوو جیهانە و کانیی بەدیهێنانی ڕازە، کە وابوو لە ئەهریمەنی چەپەڵ خۆت لادە و بگەڕێوە سەر دینەکەت. لە نوێژ و پاڕانەوە و ڕێ و ڕەوشتی چوار یار دەستت کێشاوە و ڕووت کردووەتە ئاینی کاکەییەکانی دۆزەخی، لەگەڵ موسڵمانانندا شەڕ دەکەی و دیارە لە ڕۆژی پەسڵاندا لە بەهەشتی بەرین بێ بەری دەبێ، خوا لە قورئاندا فەرموویەتی دوای پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەرێکی تر نایە، ئیدی تۆ چۆن دەڵێی کە ئێستا پێغەمبەر لە هاوارە و ناوی بنیامە، ئێمە هیچ کاتێ بڕوامان پێی نییە و تۆش پێش نوێژی خەڵکی و باوەڕی پێ مەکە و ئەمە درۆیە، ئەگینا فەلاقەت دەکەین و دەتکێشینە چوار مێخە و دەتکوژین.

لە کێش و پاشڵی هۆنراوەکاندا نارێکی دەردەکەوێ، وە ئێمە نەمانویست دەست لە هۆنراوەکان بدەین و هەروا نووسیمانەوە، دیارە ئەوانەی وا ئەم هۆنراوانەیانە نووسیوەتەوە ئاڵوگۆڕیان تێدا بەدی هێناون و ڕەنگە گەلێ وشەی تریان لە کاتی نووسینەوەیدا لێ داخستبێ، بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆر بەرزن و لە باری ناوەڕۆکیشەوە زۆر پەسندن.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی عابدین [دەستنووس].



## مەلا شوکروڵڵای شارەزووری

٦٩١ - ٧٨٣

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوێزی پەڕاوی (دەورەی عابدین)[١]، لە ساڵی ٦٩١ی کۆچی لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور گەڕاوە و ماوەیەک لە بەغدا بووە و لە پاشا لە شام خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بەسەر بردووە تا لە ساڵی ٧٨٣ی کۆچیدا لە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

ئەم هۆنەرە وا دیارە هۆنراوێکی زۆری هۆنیوەتەوە، بەڵام هەر تەنیا ئەم پارچە هەڵبەستەیە بەئێمە گەیشتووە کە لێرەدا دەینووسین، ئەویش پەندی عابدینی داداوە کە بگەڕێتەوە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و دەست لە بیر و بڕوای پووچ و خراپ و بێ بڕوایی هەڵگرێ، وەکو دەڵێ:

عابدین بەڕەسووڵ، عابدین بەڕەسووڵ    گەواهی و ئیمان بێژە بەڕەسووڵ
مەترسە لە ڕەنگ ئیبلیسی فوزووڵ    بخوێنە ئایەت قورئانی مەقبووڵ
تا لێت ڕەحم بێ شەیتانی مەجهووڵ    خودا نیازت بۆ بکا قەبووڵ

هۆنەر لێرەدا عابدین ڕێنوێنی دەکا و دەڵێ: ئەی عابدین دیسانەوە بڕوا بەپێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەربێ بهێنە وا لە ڕەنگی ئەهریمەنی ناپاک مەترسە و قورئانی پیرۆز بخوێنە تا بەجارێ ئەهریمەن لەبەرچاوت بکەوێ و خودا نیازت قبووڵ بکات.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی عابدین [دەستنووس].

(١) پەڕاوی (دەورەی عابدین) داگری هۆنراوەکانی عابدین و نەرگز خانمی ژنیەتی و لەو دەمەدا کە عابدین بووەتە پەیڕەوی ئاینی یارسان، لەبەرئەوەی مەلا بووە، مەلاکانی شارەزوور پێیان نەنگ بووە و هەر کام گەلێ ڕێنوێنییان کردووە، تاکو لە کردەوەی خۆی پاشگەز بێتەوە، بەڵام سوودی نەبووە. جا ئەو هۆنراوانەی وا هۆنەرانی شارەزوور بۆ ڕێنوێنیی ئەو هۆنیویاننەتەوە لە ئاخری ئەو پەڕاوەدا لەگەڵ کورتەیەکی بەسەرهاتیان نووسیویانە کە بۆ ئێمە زۆر بایی‌دارە.

## مەلا شەفیعی شارەزووری

٠٠٠ – ٧٦٨

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی عابدین)، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە دەوری منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور گەڕاوە، لە پاشا لە دینەوەر خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و پاشماوەی ژیانی بەدەرزوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٦٨ی کۆچیدا مردووە و نێژراوە.

لە مەلا شەفیعی شارەزوورییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەندی عابدیندا وتوویەتی، وا دیارە هۆنراوی زۆر بووە، بەڵام هەر پارچە هەڵبەستێکی گەیشتووەتە دەستی ئێمە کە لەوەدا دەڵێ:

کاکە مەلا گەل بەسە ئەم داوایە کۆتاکەن
هیچ چارە نەماوە و قەتڵی، فەناکەن
هەرچەن زەمی کاکەییمان کرد سوودی نەبوو
عاری نییە، ئێوە کە بەحس و خەتاکەن
دارێ کە لە ڕیشە دەرچوو نایێتە جێی خۆی
کەڵکی نەماوە بەحەدیس کەم زار و زناکەن
ئەرعیلمی جیهانی بۆ بکەن جەم جەوابی دەدا
بەخودا چارە نییە و کەم چەن و چەناکەن
شەیتانی لە پشتە هەرچی بێژێ بەرپەرچی دەدا
بیوەین بۆ مەلا ئەلیاس دەلقی جیاکەن
ئەو باش عالم و بەعیلمە و فاتحی سیحرە بەعیلم
بیخەینە بەردەس ئەو هەر بۆی تووناکەن
بێ ئیزنی مەلا ئەلیاس چاک نییە قەتڵی بکەین
با خۆی فەوتی بکا و خۆتان وە پەناکەن
نەواکەی عەتەوێ بگرێ لە ئێمە
شکاتی بکەن و هەم قەسدی بناکەن



چونکە لەمەوپێش دادپرسی بووگە بەدائم
ئێوە بەبێ شەرتی ئەو نابێ خەتاکەن
بەوەختایە کە ئەو دەستوور بدا بەفوتووەت
ئیمجار بیکوژین، سەری وەگەرمی کوناکەن
سا قەتڵی مەکەن بیوەن و باڵبەستی بکەن
ئیمجار لەوێ ئاخرین مەدح و سەناکەن

واتە: ئەی مەلاکان! بەسە ئیتر ئەم گێرە و کێشە کۆتاکەن و دوایی پێ بهێنن، هیچ چارەیەک نەماوە جگە لەوەی کە لە ناوی بەرن، هەرچەندە کاکەیییەکانمان سەرکۆنە کرد، سوودێکی نەبوو، کەوابوو قسەکردن لەگەڵ، ئەودا بێ کەڵکە، دارێک کە لە بنج و ڕیشەوە بێتەدەر ناچێتەوە جێی خۆی، ئایەت و نیشانەکانی خوا سوودێکیان بۆ ئەو نییە، ئەگەر زانستی جیهانی بۆ باس کەن، ئەو لە بەرابەریا دەوەستێ و وەڵامێک دەداتەوە، چونکە شەیتان و ئەهریمەنی لە پشتە و هەرچی بڵێن بەرپەرچی دەداتەوە، باشتر ئەوەیە کە بیبەین بۆ لای مەلا ئەلیاس چونکە ئەو زانایەکی گەورەیە و ئەو بەزانست جادوو بەتاڵ دەکاتەوە و با بیخەینە بەردەستی ئەو و ئەو خۆی سزای دەدا و بەبێ دەستووری ئەو چاک نییە لەناوی بەرین، نەوا ڕقمان لێ هەڵبگرێ، چونکە ئەو لەمەوپێش دادپرسی خەڵکی بەدەستەوە بووە و هەر ئەو دەبێ فەرمانی بۆ دەرکا و بەبێ فەرمانی ئەو کوشتنی ڕەوا نییە.

لە کێش و پاشڵی ئەم هۆنراوانەشدا لەنگ و لۆری دەبینرێ و هەر کام لە هۆنراوەکانی کێشێکی تایبەتییان هەیە و هەمووی لەسەر کێشێک نەهۆنراونەتەوە، بەڵام لە چاوی وێژەوە زۆر گرنگن چونکە هۆنراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ هەشت سەد ساڵ لەمەوپێش کە لە وێژەی کوردیدا بایەکی زۆریان هەیە، هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی زۆر سادەیە و کەمتر سەنعەتی هۆنراوی تێدا بەکاربراوە، بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا گەلێ هۆنەر بەزاراوەی سۆرانی هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

سەرچاوەکان

١– سەرئەنجام [دەستنووس].
٢– کورتەی سەرئەنجام [دەستنووس].
٣– دەورەی عابدین [دەستنووس].

# مەلا پەرێشانی لوڕ

٨٢٥ – ٧٥٧

مەلا پەرێشان یەکێ لەو ئەستێرە هەرە گەشانەیە کە لە ئاسۆی ئاسمانی بەرەبەیانی وێژەی کوردیدا هەڵاتووە و بەپرشەی جوان و دڵڕفێنی خۆی، گوڵزاری دیوانی هۆنەرانی کوردستانی ڕازاندووەتەوە. ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە ناوی ئەبولقاسم و نازناوی (پەرێشان)ە، بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان، لە ساڵی ٧٥٧ی کۆچی لە دینەوەری لای کرماشاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ٨٢٥ی کۆچی لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

خوالێخۆشبوو فەتالیی حەیدەری کە دیوانەکەی مەلا پەرێشانی لە چاپ داوە، لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەڵێ: پەڕاوێک کە بەپێنووسی سەی عەبدولحوجەتی بەلاغی بەناوی: ژیننامەی شەمسولعورەفای تارانی لە ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی لە چاپ دراوە و ئێستاش لە خانەقای نیعمەتوڵڵاهیی کرماشاندا هەیە، لە بارەی مەلا پەرێشانەوە دەڵێ: مەلا پەرێشان ناوی محەمەد و دانیشتووی دینەوەری لای کرماشانە، بەڵام لە زۆربەی نوسخەکانی دیوانەکەیدا ناوی ئەبولقاسم نووسراوە. هەروەها بەلاغی بۆ پیشاندانی ڕۆژگاری ژیانی مەلا پەرێشان، ئەم هۆنراوەی لە دیوانەکەی هێناوە کە دەڵێ:

شێخ ڕەجەب بورسی، وە ئەو گشت قورسی      لە وەحدەت حەرفێ ئەو ژ من پرسی

پەنجا ساڵ تەریق خدمەتم گوزاشت      جوز وە یەک ڕشتە جوربزە نەیاشت

واتە: شێخ ڕەجەب بورسی بەو هەموو قورسی و گەورەیییەوە، سەبارەت بەتاق و تەنیایی خوا پرسیارێکی لە من کرد، من پەنجا ساڵ لە ڕێی ئاینەوە خزمەتم کردووە، بەڵام ئەو جگە لە ڕشتەیەک شتێ تری نەدەزانی.

بەپێی ئەو دوو هۆنراوە، شێخ ڕەجەب بورسی لەگەڵ مەلادا پرسیار و وەڵامێکیان پێکەوە بووە و ئەم وتووێژەش بەپێی پەڕاوی ژیننامەی (شمس العرفا) لە ساڵی ٨٠١ی کۆچیدا پێک هاتووە، چونکە شێخ ڕەجەب بورسی لە زانایانی سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچییە و پەڕاوێکیشی بەناوی (طرائق الحقائق) لە چاپ دراوە.

مەلا پەرێشان بەپێی دیوانەکەی کە لە دەستدایە، لە زانیارییەکانی ئیسلامی بەتایبەت لە وێژەی کوردی و عەرەبیدا شارەزایەکی زۆری هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام تێهەڵکێش کردووە، وە لە (فەلسەفەی مەنطق و عیرفان)دا شارەزایەکی زۆر باشی بووە، وە زۆربەی هۆنراوەکانی پڕە



لە زاراوی زانستی و خواناسی. مەلا پەرێشان لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و پاراو و ڕەوانن.

مەلا سەرەتای دیوانەکەی کە ناوی ناوە (پەرێشاننامە) بەناوی خوای مەزنەوە دەست پێ دەکا و لە پارچە هەڵبەستێکیا نیشانەکانی خوای تاق و تەنیا هەڵدەدا و دەڵێ:

یا ڕەب تۆ ڕەززاق ڕۆزی خوارانی
مەنشەء سەحاب قەترەی بارانی
ڕازق جەنین تفلّ سەغیری
ڕەحیم و ئەرحەم شێخ کەبیری
(ربولئەرزەین) هەفت سەماواتی
ممیت الاحیاء محی الامواتی
موزهر نەمای جسم کەسیفی
ئولفەت دەهەندەی ڕۆح لەزیفی
قادر و قەههار، هەم بوردباری
ژ درەخت سەوز ئاگر بەرئاری
خالق و باری هەم موسەوری
عەزیز و جەببار موتەکەبری
سانع و خالق و ڕەحمەت کەسیری
کەریم غافر زەنب کەبیری
قەسر جەلالش بەرز و ناپەیدان
کەمەند خرەد جەلاش نارەسان
کورسی نیشینان تەخت نەبووەت
قاعدان ڕووی فەرش فتوەت
هیچ کام نەزانان ئەو چێشەن چوونەن؟
ژ کنە عقوول تەمام بیروونەن
ژ ما عرفناک حەدیثم وانان
زانام کە زاتش کەسێ نەزانان
بەعزێ ژ حودوود تەجاوز کەردن
پا وە بیاوان زەڵالەت بەردن

دەلیل پەیایەی وە جا ماوەردن
وە عەقڵ ناقس وەی تەور فام کەردن
حلوول واجب، وە کولل مەوجوود
قەویم و عالم، وەحدەت وجوود
ژ لای عوقەلا کەی مەبۆ مەسمووع؟
یەکێ بۆ وجوود سانع و مەسنووع
یا فالقولبەحر پەی مووسا ژ نیل
یا رزوان نمای ئاگر پەی خەلیل
یوونس خەلاس کەر ژ بەتن ماهی
یووسف ژ چاە بەر وە تەخت شاهی
یاری کونەندەی یووسف پەی یەعقووب
وە ئیسلاح ئاوەر، زەرەر ژ ئەییووب
یا پەزیرەندەی تۆبە ژ داوود
یا مرسەلولریح پەی عاد و ثەموود
حەیات بەخشندەی عزام ڕەمیم
شاهی عەتا کەر وە تفلٚ یەتیم
ڕۆزی دەهەندەی شەریف و وەزیع
ئولفەت بەخشندەی موورزعە و رەزیع
ئەی مژین ئامووز تفل شیرەخوەر
نووربەخش قەمەر ژ پەرتە و خوەر
ئەی بەرازندەی عیوون ژ حەجەر
شەجەر ژ زەمین، سەمەر ژ شەجەر
بە نام خودای ڕەحمان و ڕەحیم
بەخشندەی حەیات تەوانای قەدیم
ثەناگۆی زاتش کۆتا مەقالەن
پەی بەردەن وەکنە زاتش مەحالەن
پەی کەلیماتش ئەر میداد یەم بۆ
سەقەلەین کاتب، ئەشجار قەلەم بۆ



وەسفش وە تەحریر بێ ئیحتمالەن
قل لو کان البحر شاهد و حالەن
هەر کەس دەم بدۆ وە زات بێ چوون
وان یقولوا مالا یعلمون
زاتش قەدیمەن قایم وە زاتەن
ژ کنە زاتش کول عەقلی ماتەن
موجیر و موغیس، فاتحولئەبواب
فەریادڕەس فەرد، هازمولئەحزاب
بینای لایەزال، دانای لایوعلەم
مەعبوود لارەیب، کارساز عالەم
وحدە لاشەریک، حەی لایەموت
مالکولڕەقاب، ساحیب جەبەرووت
واحدو ئەحەد، فەرد سەمەدەن
تەنهای لەم یەلد، وەلەم یوولەدەن
دانای دروستکار، حاکم و عادل
عەلیم و حەلیم، حەکیم کامل
سەمیع و بەسیر، نەسیر و خەبیر
قەوی و عەلیم، عەزیم و کەبیر
ڕەفیق و شەفیق، وەسیق و کەریم
عەزیز و قەدیر، قەدیر و موقیم
جەلیل و جەمیل، وەکیل و کەفیل
موقیل و مونیل، هادی و دەلیل
لەتیف و بێ جسم، بێ کسوە و لیباس
بێ ئەکل و بێ شورب، بێ نەوم و نوعاس
خودای خەتاپۆش، بێ مانەند و وەند
مەولای گونابەخش بێ مەعنا و پەیوەند
موبەرا ژ نەقس، سەتتار عەیبەن
موخبر و سادق، عالم غەیبەن

عالمەن علمش بێ تەعللومەن
مورید و مودریک موتەکەللیمەن
علمش عەین زات، زاتش ناپەیدان
قەییووم قادر، قودرەت، هووەیدان
فەرمانت فەرمان خەدیوان بەزان
زەلیلەن ژ لای قودرت عەزیزان
قەزات موبرەمەن حوکمت موحکەمەن
زەهرت تریاقەن زەخمت مەرهەمەن
جۆیای غەیر تۆ خەیاڵش خامەن
مەتلەب هەر تۆنی غەیر ژ تۆ کامەن
وەسەن پەی تەنبیه هەر ساحێب شعوور
الا الی اللە ترجع الامور

واتە: خوایا تۆ ڕۆزیدەری ڕۆزی خۆرانی و سەرچاوەی هەور و بارانی و ڕۆزیدەری ئەو منداڵەی کە لە زکی دایک دایە، وە خاوەن و پەروەردگاری حەوت ئاسمانی و گەورە و مەزن و پشوودرێژی، داهێنەر و بەبەزەیی بەخشێنەری گونا و زانا و دانایت و هەر تۆ ڕێی دەریای نیلت بۆ مووسا کردەوە و ئاگرت بۆ ئیبراهیمی خەلیل کردە گوڵستان و یونست لە زکی ماسیدا ڕزگار کرد و یوسفت لە بیرەکەوە گەیاندە تەختی پادشایەتی، یارمەتی یەعقووبت دا وە ئەییووبت ڕزگار کرد و تۆبە و پەشیمانیی داوودت قەبووڵ کرد و بات بۆ لەناوبردنی عاد و سەموود هەڵکرد و ئێسکی ڕزیو زیندوو دەکەیتەوە و بەساوای هەتیو شایی دەبەخشی، وە منداڵی ساوا فێری مژینی مەمکی دایکی دەکەی و داران بەفەرمانی تۆ بەردەدەن هیچ کەس ناتوانێ پەی بەزاتت ببات، ئەگەر تەواوی داری جیهان ببێتە پێنووسی کەسێ ناتوانێ باست بەتەواوی بنووسێتەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە تۆ تاق و تەنیا و بێ هاوتا و بێ باب و بێ دایک و دانا و زانا بیسەر و بینەر و گەورە و ڕێنما و بێ خەو و بێ خورد و بێ خۆراکی، وە فەرمانی تۆ فەرمانی پادشاکان لەناو دەبا و، زەهرت تریاقە و برینت مەڵهەمە و هەر کەسێک تۆی نەوێ و بەدووی تۆدا نەبێ، خەیاڵی خاوە و مەبەست هەر تۆیت و جگە لە تۆ ئیتر کێ هەیە، هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ لای تۆ و هەموو کارێک هەر بەتۆیە، ئەوەی ترسی تۆی لە دڵا نەبێ ڕەنجەڕۆیە.

پەرێشاننامەکەی مەلا پەرێشان پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و هەر پەندێکی وەکو گەوهەرێکی شەوچرا وایە، کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەو چەشنە و بەو جوانییە پەند



دابدا . وەکو دەڵێ:

مودەرریس واتش فەرزەند خەلەف
عەزیز، وە دانات کەردەن موکەللەف
نەوا ژی تەکلیف نمانی مەلوول
پەی ڕەهنماییت کیانان ڕەسوول
کیانان نەبی و کتاب و ئیمام
پەرێ ئەمر و. نەهی حەلاڵ و حەرام
موعەییەن کەردەن تەمامی ئەحکام
حوجەت تەمام بی، باقی وەسەلام
نە فەرمان حەق سەرکەشی مەکەر
خاکی نەژادی ئاتەشی مەکەر
عەلەقە و موزغەی من منی مەکەر
نە جەمع مەردوم خودبینی مەکەر
ئافەریدە بیت ژ قەترەی مەنی
سزاوار نییەن ژ مەنی مەنی
مەنی ژ ئەفعال دێو بەدکارەن
ڕەجیم دەرگای پەروەردگارەن
ئەر باهۆشی گۆش وەشەیتان مەکەر
ئومێد عەفو حەق وە عسیان مەکەر
ژ فکر ئیبلیس هیچ مەبە ئیمەن
کەی دژمەن ئیمەن بییەن ژ دژمەن
ئەر ئیمەن مەبۆت ژ دێو شەروور
لا یغرنکم باللە الغرور
ژ مەکر ئیبلیس ئیمەنی سەهلەن
ژ خەوف خودا ئیمەنی جەهلەن
ئیمەن ژ عەین تاعەت عیسیانەن
ژ عسیان باعیس کوفر عەیانەن
خۆف و ئومێدت هەر دوو شعار بۆ
ژ هەم نشینی بەدانت عار بۆ

ژ بەدان بگوزەر، وە نیکان بگرە و
ژ خۆی خاسشان بگێرە گرەو
هەم نشینی بەد مەکەرۆت زەلیل
لباس تەقوات مەدەرەۆ وە نیل
پەرێت باوەرم ژ قورئان دەلیل
ژ «لم اتخذ» فولانەن خەلیل
ئامانەن نیکان باوەرە وە دەست
تا کە ژ ئیبلیس ناوەری شکەست
عوبباد و موخلَس و ژ مەعسیەت دوور
جاهل و سابر، قانع و شەکوور
نەعرەشان تەکبیر، گومنامیشان نام
کارشان تاعەت، ناکامیشان کام
حصنشان تەحلیل، رومحشان تەمجید
درعشان تەسبیح، تیغشان تەوحید
ئەر نەسیب نەبۆ سوحبەت ئینان
بگیرە تەریق عوزلەت گوزینان

واتە: ئەی ڕۆڵە! خوا فەرمانی پێت داوە و لە سەرتی داناوە کە زانست فێر ببی، وە بۆ ئەوەی ئەم ئەرکەتە بەجێ بێنی، بۆ ڕێنموونیت پێغەمبەری هەناردووە و بۆ پێغەمبەریش پەڕتووکێکی ناردووەتە خوارەوە، وە بۆ ڕەوا و ناڕەوا و کردن و نەکردن، فەرمانی دەربڕیوە، جا تۆش نابێ لە فەرمانی خوا سەرکێشی بکەیت و جێگەی خۆت بێ هۆ لێژ بکەیت، تۆ لە لەختەیەک خوێن و گۆشت بوویت و گەیشتیتە ئەم پایە، دەسا لەناو خەڵکدا خۆپەسەند مەبە، چونکە لە دڵۆپێ ئاو بەدی هاتی، ئیتر سزاوار نییە خۆت هەڵکێشی، لەبەرئەوەی خۆپەسەندی کردەوەی دێوی بەدکارە و بەردەباران کراوی دەرگای پەروەردگارە، ئەگەر خۆت بەوشیار و ژیر دەزانی، مەکەوە شوێن قسەی ئەهریمەن، وە سەرکێشی مەکە، دوژمن کەی لە دەستی دوژمن ڕزگار دەبێ، ترس و ئومێد بکە درۆشمی خۆت و لەگەڵ پیاوانی خراپدا هاونشینی مەکە و لەگەڵ چاکاندا ببە بەهاوەڵ، وە خووی چاکیان بگرە، چونکە پیاوی خراپ خراپت دەکا و جلوبەرگی پارێزگاریت دەداتە دەم ئاوی نیلەوە، هانات لێ دەکات کە لەگەڵ چاکاندا هەڵسوکەوتت هەبێ تا لە ئەهریمەن شکست نەخۆی، پیاوانی پارێزگار لە گوناه دوورن هاواریان «الله اکبر»ە، وە کاریان پەرستنی خوایە و ناکامیان



کامە و قەڵایان خواپەرستییە و ڕم و نێزەیان پاڕانەوەیە و زرێیان هێنانی ناوی خوایە و شمشێریان یەکتاپەرستییە، وە ئەگەر هاونشینیی ئەم چەشنە کەسانە نەبێتە بەشت، کەوابوو گۆشەگیری کەو لە کونجێکدا گۆشەگیر بە.

مەلا پەرێشان لە ڕێکخستنی وشە و گونجاندنی مانادا بێ وێنە بووە و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی کە مەبەستێک لە تاکە هۆنراوەیەکدا بگونجێنێ، کەچی ئەگەر بەتەواوی لە هۆنراوەکانی مەلا ورد بینەوە دەبینین کە هەمووی لە ئەوپەڕی جوانی و شیرینی و پاراوییەوەن. مەلا لە پارچە هەڵبەستێکیدا کارەساتی کەربەلامان دەخاتەوە بیر و بەم چەشنە ئەو ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

ژ گوفتەی ڕاسان شنەفتم نەوید
کوشتەی عەشق ئەو شەهیدەن شەهید
تۆ کە دەسڕەسی بوینی وە چەم
بێ سەر و سەردار نە سەحرای ستەم
سەران وە نێزەی ئەعدا بێ بەدەن
تەنان نە سەحرای میحەن بێ کەفەن
ژ خوون وێشان ڕەنگین پاو دەست
خەزماب مەدهۆش ژ بادەی ئەلەست
عەجەب عەشقیان پەروەردە خاسان
نامشان نمەبۆ بەری و ئاسان
دوشمەن ئەفکەنان وە بازوو یەلی
شێران بێشەی مورتەزا عەلی
نیکوو قامەتان گوڵ ڕووی بۆی وەک موشک
ترنجەبین لەب ژ تەشنەگی خوشک
هاشمی ئەسڵان ژ نەسڵ حەیدەر
پەی مەیدان سەبقەت وە یەک دیگەر کەر
بێ نەوا سەران نەینەوا مەدفەن
یووسف سوورەتان، گوڵگوون پیراهەن
نە مەعرەکەی عەشق ژ سان گوزەشتن
ژ گیان شیرین ئاسان گوزەشتن

چونکە وەسڵ دۆس مەنزوورشان بێ
سەر و گیان باختەن دەستوورشان بێ
ئەی شەمسولزوحا ژ تەشنەگی زەرد
ئەی گوڵگوون قەبای مەعرەکەی نەبەرد
ئەی ثابت قەدەم شوجاع ڕۆی ڕەزم
سەروەر مەردان شێر ساحێب عەزم
کەس چون تۆ سابر وە بەڵا نەوی
موبتەلا وە دەشت کەربەلا نەوی
جەدد تۆ خەلیل ڕەهبەر ئەنام
یەک قوربانی کەرد ئەویش ناتەمام
هەفتادو دووتەن قوربانی کەردی
حەققا نە ڕای حەق مەردانی کەردی

واتە: لە چاکانەوە ئەم مزگێنییەم بیست کە هافی حوسێن لە ڕێی ئەویندا کوژراوە، کەوابوو ئەو لە ڕێی خوادا کوژراوە، جا تۆ کە نەتتوانیوە کەربەلا ببینی تا ئەوینداران و گراوانت چاو پێ بکەوێ، دەبێ ئەوە بزانی سەری کوژراوانی ڕێی خوا بەنێزەی دوژمن پەڕی و لەشی ئەو خواپەرستانە لە دەشتی کەربەلادا بێ کفن مایەوە، وە بەخوێنی خۆیان دەست و پێیان ڕەنگین بوو، بەڕاستی ئەوان گراوبوون و ناویان هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، ئەو دوژمن شکێنانە و ئەو شێرانە لە بێشەی هافی عەلیدا، لە مەیدان و گۆڕەپانی شەڕدا بەجۆرێ شەڕیان دەکرد کە هەر کام دەیانویست بخەنە پێش یەکترەوە، بەڕاستی ئەو یوسف ڕوومەتانە لە شەڕ و پەیکاری ئەویندا لە سان تێ پەڕین و لە گیانی شیرین بەئاسانی بووردن، چونکە مەبەستیان ئەوە بوو کە بەیار بگەن، بۆیە سەر و گیانیان لە ڕێی یاردا بەخت کرد، ئەی سەروەری پیاوان و ئەی شێری مەردان کەس وەکو تۆ ئۆقرەگر نەبوو، وە کەس وەکو تۆ لە دەشتی کەربەلادا گرفتار نەبوو، باپیرەی تۆ ئیبراهیمی خەلیل کە ڕێبەری خەڵک بوو، قوربانیەکی کرد، ئەویش ناتەواو مایەوە، بەڵام تۆ حەفتا و دوو کەست کردە قوربانی و بەڕاستی لە ڕێی خوادا ئەوینی خۆتت سەلماند.

مەلا پەرێشان پارچە هەڵبەستێکی هەیە بەناوی: (ساقی نامە) کە بەڕاستی دەتوانین بەشاکارێکی وێژەیی دابنێین، وە مەلا لەم پارچە هەڵبەستەدا زاراوەگەلی بادە و مەیی زۆر بەکار بردووە، وە بەپێی بیروڕای ئەو بۆ گەیشتن بەدەرگای خوای دڵاوا کە مەیخانەی ڕاستەقینەیە، دەبێ خواناسان ئەوەندە بادەی یەزدانی بخۆنەوە تا مەست و سەرخۆش بن،



جا لەم ڕێگەدا دەبێ گەلێ ئەرک و ڕەنج و سەخڵەتی بکێشن تا بەنیازی خۆیان بگەن، وەکو دەڵێ:

ساقی باوەرە جامێ پەی مەستی
سوودم مەستییەن زیان ژ هەستی
جامێ کە مەغزم باوەرۆ وە جۆش
دنیا و مافیها بکەم فەرامۆش
نە ژەو بادەی بەزم حەریفان ڕەد
مەنهی من الله موظلل خەرەد
مەستان مەجاز دێوەن مەس نییەن
هەواپەرستان حەق پەرەس نییەن
ژەو بادەی بێ غەش خومخانەی دێرین
شێر مەرد ئەفکەن تەڵخ لەب شیرین
بدەر تا یەکجا پاک ژ گونا بووم
مەستی باوەرۆ فەنا فیللا بووم
موسڵمانی کەر من تەشنە کامم
کافر زوهدم موورید جامم
فیدات بام ساقی، تەڕ زووانم کەی
من دەردەدارم دەوای گیانم کەی
ژ جام تەوحید یەکجا مەستم کەی
زەڕێ نابوودم بەڵکم هەستم کەی
بدەر بنۆشم وە یاد مەستان
پەنجەی ئیبلیس پێچ هەواپەرەستان
ساقی پڕ بکە جام یەک مەنی
بەڵکە بگزەرم ژ ماو مەنی
تا کە بنۆشم وە یاد کەسێ
کە هەستی مەرگەن بێ ئەو نەفەسێ
یەک نەفەس وە ئەو گەر ڕووە ڕووبووم
کافرم ئەگەر جۆیای مینوو بووم

چ حاجەت وە خولد حوور و قوسوورەن
من خودپەرەس نیم دۆسم مەنزوورەن
زاهد تۆ و حوور و بەهەشت بەرین
من و خاک کۆی دڵڕوبای دێرین
من وە ئاو عەشق خاکم سرشتەن
یەک جەفاش وەلام چون هەشت بەهەشتەن
هەر تیریٚ ژ شەست ساف دڵبەرەن
زهرەیش ژ میوەی تووبا خوەشتەرەن
بیٚ زەخم خەدەنگ موژەی دلارام
نەنگەن پانیان وە صەحرای قیام
دەرعەین مەستیم بەڵکم یاریم کەین
نەوا بلەغزم نگەهداریم کەین

واتە: ئەی مەیگێڕ! جامێ بادەم بۆ بێنە تاکو مەست و سەرخۆش بم، چونکە سوودم لە مەستییە و زیانم لە بوون، جامێک کە مێشکم بهێنێتە جۆش تا جیهان بەجارێ لە بیر بەرمەوە، نە لەو مەیەی کە خوا قەدەغەی کردووە و ئاوەز تێک دەدا، مەستانی ئەو بادەیە دێو خوون و مەست نین، هەواپەرستەکان خواپەرست نین، لەو بادەی بێ خەوشی کۆنە کە زۆر بەکەڵک و پیاوشکێن و شیرینە، جامێکم پێ بدە تا بەجارێک لە گوناه پاکەو بمەوە و ئەوسا مەست و نابووت بم، موسڵمانی بکە کە من تینووم و کافری پارێزگاریم و دەروێشی جامی بادەم، بەقوربانت بم ئەی مەیگێڕ، زمانم تەڕ بکە، من نەخۆشم و دەردەکەم چارەسەر بکە، لە جامی یەکتاپەرستی بەجارێ مەستم بکە، بەڵکو بەو بادە زیندووم بکەیتەوە، بدە تا بەیادی مەستان بیخۆمەوە، بەیادی دەست و پەنجەی ئەهریمەن پێچان و هەواپەرستان، ئەی مەیگێڕ، جامێ یەک مەنیم بۆ پڕ بکە، ڕەنگە لە ئارەزووەکانی جیهانی لادەم تا کە بەیادی کەسێک بیخۆمەوە کە ژیان بەبێ ئەو مەرگە، ماوەیەک ئەگەر بەبێ ئەو ڕووبەڕو بم، کافرم ئەگەر بەدووی بەهەشتدا بم، من چ پێویستیەکم بەپەری و کۆشک و تەلار هەیە، خۆ خۆپەرست نیم، یارم دەوێ. ئەی پارێزگار تۆ و پەرییەکان بەهەشتی بەرین و من و خاکی یاری دێرین، ئەز بەئاوی ئەوین خاکم شێلراوە، وە ستەمی ئەو لەلای من وەکو هەشت بەهەشت وایە، هەر تیرێک لە دەست و پەنجەی دڵبەر دەربچێ، ژەهری لە میوەی بەهەشت خۆشترە، وە بەبێ برینی تیری برژانگی یاری دلارام، پێ نیان بەدەشتی ڕۆژی پەسڵان نەنگە، لە کاتی مەستیمدا بەڵکو یارمەتیم بدەی، نەوا بخلیسکێم ڕام گرە.





مەلا پەرێشان وەکو دەڵێن گەلێ هۆنراو و نووسراوی بەزمانی کوردی و عەرەبی هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی کۆنەکراونەتەوە، جگە لە پەرێشاننامەکەی ئەوانی تری دەست بەدەست کەوتوون و تیاچوون. پەرێشاننامەکەی لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە کرماشان لەسەر ئەرکی فەتالیی حەیدەریی زیباجویی لە چاپ دراوە، کۆکەرەوەی دیوانەکەی مەلا پەرێشان لەبەرئەوەی شارەزاییەکی تەواو لە زاراوەی گۆرانی نەبووە، گەلێ هەڵەی تێدایە و جگە لەوەش بەشێوەی کۆن لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوان ملا پریشان کورد گرد آوردهء: فتح علی حیدری زیباجوئی - کرمانشاه ١٣٣٥.
٢- سرایندگان کرد - نوشتهء نگارنده - تهران ١٣٤٥ (خطی).
٣- ڕۆژنامەی کوردستان (مەلا پەرێشان) بەپێنووسی دوکتۆر موفتی زادە.
٤- کەشکۆڵێکی کۆن کە نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٥- پەرێشاننامە هۆنراوەی مەلا پەرێشانی کورد [دەستنووس].
٦- ساقی نامە هۆنراوەی مەلا پەرێشانی کورد [دەستنووس].

## شاوەیس قولی

٨١٠ - ...

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕاوی (دەورەی قرمزی) کوڕی پیر قەنبەری شاهۆییە و نازناوی قرمزییە و لە ساڵی ٨١٠ی کۆچی لە دێی دەرزیانی شاهۆدا لە دایک بووە و ئیتر لە بارەی چۆنییەتیی ژیانییەوە ئاگەدارییەکمان بەدەستەوە نییە و ژیانی زۆر تاریکە و ئەوەش کە مابێتەوە دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا نووسراوە کە شاوەیس قولی لە دێی دەرزبانی شاهۆ لە ماڵی کوێخا قەنبەری دەرزیانی سەری هەڵداوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە پاشا بنەماڵەیەکی بەناوی بنەماڵەی شا مێوان پێک هێناوە. ناوی هەندێ لە یارەکانی کە هاوڕاز و هاوبیری بوون ئەمانەن: «پیر قەنبەر، کاکە عەرەب، کاکە ڕەحمان، کاکە پیرە، خاتوون زەڕبانۆ». مێژووی لە دایکبوون و مردنی ڕوون نییە، بەڵام هەندێک دەڵێن لە ساڵی ٨١٠ی کۆچی لە دایک بووە.

لە شاوەیس قولییەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە و هۆنراوەکانی ئەو و یارەکانی لە پەڕاوێکدا بەناوی (دەورەی قرمزی) کۆکراونەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەسڵەن جە کورد، ئەسڵەن جە کورد     بابۆم کـــوردەنان ئەسڵەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەســـتەی گورد     سڵسڵەی سپای زوحاک کەردم هورد

واتە: ئەگەر لە بنەچەکە و ڕەگەزم دەپرسن، بابم کوردە و لە ڕەسەنی کوردم. من ئەو شێرەمە کە لەگەڵ کۆمەڵێکدا، لەشکری زوحاکم لەناوبرد.

قرمزی لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر ڕووداوی کاوەی ئاسنگەر و ئەژی دەهاک و خۆی بە نەوە و نەتەوەی کاوە دادەنێ کە بەیارمەتیی خەڵک ئەو پادشا ملهوڕ و ستەمکارەی لەناوبردووە و ئیتر خەڵک لە پەتەری ئەو زۆر کارە ڕزگاریان بووە.

سەرچاوەکان

١- برهان الحق تألیف نور علی الهی.

٢- دەورەی قرمزی [دەستنووس].

٣- سەرئەنجام [دەستنووس].

## خاتوون زەڕبانوی دەرزیانی

٨٤٥ - ...

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕاوی (دەورەی قرمزی) کچی یوسف بەگی دەرزیانی و دایکی شاوەیس قولییە کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەم لە دێی دەرزیاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و پاشان مامۆستای بۆ گیراوە و خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا کاتی خۆی بەخوێندنەوەی پەڕاوی سەرئەنجام و دیوانی هۆنەرانی کورد بردووەتە سەر، بەجۆرێ کە لە پاش ماوەیەک خۆی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و نازناوی (خاتوون)ی بۆ خۆی داناوە. وەکو دەڵێن زۆر بەخشندە و بەبەزەیی و میهرەبان بووە و هەموو دەم ڕێنوێنیی ژنانی کردووە.

خاتوون جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و وەکو دەڵێن لە ساڵی ٨٤٥ی کۆچیدا بادەی مەرگی لە مەیگێڕی گەردوون وەرگرتووە و خواردوویەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

گرد بییەن رزوان، گرد بیەن رزوان     کارخانەی خواجەم گرد بیەن رزوان
ئێد ئەو سوارەن شێتش کەرد خەزان     نە پردیوەردا وست وە کەس نەزان

واتە: هەموو یاران و هاوەڵان لە دەوری خواجە و سەرۆکمدا کۆبوونەتەوە. ئەو ئەو شاسوارەیە کە دایە خەزانی شێت کرد، وە لە پردیوەردا بزر و پێوار بوو.



خاتوون لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر بابە ناووسی جاف کە سەرەتا دایە خەزان لە بەرابەرییەوە ڕاوەستا و بەربەرەکانێی لەگەڵدا کرد و پاشان ڕێ و ڕچەکەی وەرگرت و چووە ڕیزی لایەنگران و پەیڕەوانی. جا هەندێک دەڵێن کە ئەو بۆ پەندی خەڵک، دایە خەزانی شێت کردووە و پاشان بەهۆی پاڕانەوەی خۆش بووەتەوە و ئەویش چووەتە ڕیزی لایەنگرانی.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام [دەستنووس].

٣- دەورەی قرمزی [دەستنووس].

٣- دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].

## کاکە عەرەبی هەورامی

٨١٤ - ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی دەورەی قرمزی، ناوی عەرەب و کوڕی بارامی هەورامییە و لە ساڵی ٨١٤ی کۆچی لە دەوروبەری کێوی شاهۆدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە دێی دەرزیان و ماوەیەک لەلای شاوەیس قولیدا ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و بەجۆرێ کە نووسیویانە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆیەمی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە دێی دەرزیاندا نێژراوە.

لە ئەم هۆنەرەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی دەورەی قرمزیدا تۆمار کراون. ئەمەش دوو هۆنراوی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

کەمان و سەختی، کەمان و سەختی     کەماندار مەنمـــۆ کەمان و سەختی
غوڵام ئەو کەسەن بشناسۆ وەختی     خواجەمان ئاما ئەو وە سەرسەختی

واتە: کەواندار کەوانەکەی بەسەختی دەکێشێ، خوڵام کەسێکە کە کاتناس بێ، ئێستاکە ڕێبەر و خواجەمان سەری هەڵداوە ئەو بناسن و سەری پێ بسپێرن.

مەبەست لە کەواندار ئەو کەسەیە تیروکەوانی هەیە و ڕاو دەکا و ئەم نازناوەش بەڕێبەرانی گەورە و خواناسان دەدرێ جا لێرەدا کاکە عەرەب دەڵێ: کەواندار بەسەختی دەتوانێ لە تیروکەوانەکەی کەڵک وەرگرێ و خەڵک بخاتە داوی ڕێ و ڕچەی خواناسی و ڕێگەیان پێ پیشان بدا، خوڵام و بەندەش بەکەسێک دەڵێن کە کات بناسێ و لە کاتی خۆیدا

ئەرکی خۆی سەبارەت بەڕێ و ڕچەکەی ئەنجام بدا، کەواتە ئێستاکە ڕێبەرمان سەری هەڵداوە و ئەو بەچاکی بناسن تا لەگەڵتاندا سەرسەختی نەکا.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی قرمزی [دەستنووس].
٣- دەفتەری ساوا [دەستنووس].

## کاکە ڕەحمانی دەرزیانی

سەدەی نۆیەمی کۆچی

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی قرمزی)، لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە لای شاوەیس قولی و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانیشی هەر لەگەڵ ئەودا ڕابواردووە و هەر لەوێشدا کۆچی دواییی کردووە. لە کاکە ڕەحمانەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە لە پەڕاوی دەورەی قرمزیدا تۆمار کراوە. ئەمەش دوو هۆنراوی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نەگێرۆ ڕۆژە، نەگێرۆ ڕۆژە    هەر کەس جە یاران نەگیرۆ ڕۆژە
سێ ڕۆژە گیران نە ئاتەش سۆزە    خواران نەزانان یەکما سێ ڕۆژە

واتە: هەر کەسێک کە خۆی بەخواناس دادەنێ و یارە دەبێ سێ ڕۆژ ڕۆژووی تایبەتی بگرێ، وە ئەگەر کەسێک سێ ڕۆژ ڕۆژووی تایبەت نەگرێ لەناو ئاگری دۆزەخدا دەسووتێ، ئەڵبەت ئەم سێ ڕۆژە جگە لەو سی ڕۆژەیە کە خوا دای ناوە.

یارییەکان هەروا لە پێشا باسمان لێوە کرد لە وەرزی زستانا سێ ڕۆژ ڕۆژووی تایبەت دەگرن و ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنی سان سەهاکە بەسەر عێلی چیچەکدا کە ویستیان ئەو و یارەکانی بکوژن و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەو عێلە کەوتبوونە شوێنیان کە سەهاک و یارەکانی لە پڕ چاویان کەوتە ئەشکەوتێک و پەنایان بردە ئەو ئەشکەوتە لەوێدا سێ ڕۆژ بەبێ ئەوەی شتێ بخۆن مانەوە و پاشان کە لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە، سان سەهاک دەستووری دایە لایەنگرانی کە هەموو ساڵێک سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرن.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی قرمزی [دەستنووس].



## کاکە پیرەی دەرزیانی

سەدەی نۆیەمی کۆچی

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی قرمزی) یەکێکە لە یارانی شاوەیس قولی کە لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە و ئیتر سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانییەوە ئاگەداریەکمان نییە و هەر ئەوە نەبێ کە لە هۆنراودا نازناوی پیرە بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە لای شاوەیس قولی و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە و خەرقەی لێ وەرگرتووە.

لە کاکە پیرەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

کارساز کاران، کارساز کاران    پادشای ئەلەست کارساز کاران
لوتف و کەرەم کەرد شای کەرەمداران    ئەو ڕۆ زیندە کەرد قرمزی یاران

واتە: پادشای ڕۆژی بەرین و کارسازی کارەکان، بەزەیی پێماندا هات و شاوەیس قولیی بۆمان هێنا و ئەویش دڵی یارانی زیندوو کردەوە و شادیی پێمان بەخشی.

٢

دڵ پڕ جە ئەندۆ، دڵ پڕ جە ئەندۆ    یاشا ئامانەن دڵ پڕ جە ئەندۆ
هەر کەس ڕۆچە گرت جە قەوم نەنۆ    داخڵ وە میللەت هەفتا و دوو گرۆ

واتە: ئەی شا ئامان کە دڵ پڕ لە پەژارە و خەفەتە، هەر کەسێک ڕۆژوو بگرێ لە دەستەی حەفتا و دوو گرۆی ئیسلام دێتە ژمار و لە ڕیزی پارێزگاران و خواناسان دایە.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- دەورەی قرمزی [دەستنووس].

## عالی قەڵەندەر

۸۳۸ – ...

ئەم هۆنەرە بەپێی سەرئەنجامی دەستنووسی کاکایی، لە ساڵی ۸۳۸ی کۆچی لە دەوروبەری داڵاهۆدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. ئەو هێشتا منداڵێکی سێ ساڵە بوو کە باوکی کۆچی دواییی کرد و ئەوسا بەهۆی دایک و خزم و کەسوکارەکەی خەریکی خوێندن بووە، وە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو چەشنە نووسراوێکی دەخوێندەوە و پاشان ڕۆیشتە دێی شێخان و لەلای زانایانی ئەو دێیەدا خەریکی خوێندنی پەرتووکی سەرئەنجام و ڕێزمانی عەرەبی بوو، لە پاشا بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ و لەوێدا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بوو، وە ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لەگەڵیدا دوژمنی بکەن و سەرئەنجام ئەویان کوشت و لایەنگرەکانی ئەویان لەوێدا ناشت.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا نووسراوە کە عالی قەڵەندەر لە دوای سان سەهاک سەری هەڵداوە و پلەوپایەی ئێوەتی بووە و دوژمنەکانی ئەویان کوشتووە. لە پاش کوژرانی ئەو، دوو کەس لە یارەکانی بەناوی دەدە عەلی و دەدە حوسێن بنەماڵەیەکی ئاینییان بەناوی بنەماڵەی عالی قەڵەندەری پێک هێنا.

لە عالی قەڵەندەرەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

١

سەر وێم سەندەن، سەر وێم سەندەن      عالـییەنان عالی سەر وێم سەندەن

پەیکەرەی جامم هیچ کەس نەوەندەن      جەمشید بیانی جەم وێم بەندەن

واتە: من ناوم عالییە و سەرمیان سەند، هیچ کەسێک پەیکەرەی جامەکەی نەخوێندووەتەوە، من جەمشید بووم و کۆڕ و جەمی خۆمم پێک هێنا و بەکەیفی خۆم ژیانم ڕابوارد.

هۆنەر لەم دوو هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە جامی جەم کە بەپێی چیرۆکەکانی ئێرانی جامێک بوو کە جەمشید هەمووی جیهانی لەوەدا دەدی. بەپێی شانامە، کەیخەسرەو بۆ ئاگەداربوون لە کاری بێژەن، لە دەمەدەمی نەورۆزا تەماشای ئەو جامەی کرد و بێژەنی لەبن چاڵێک لە تۆراندا دی و ئەوسا ڕۆستەمی بۆ ئازادکردنی ئەو نارد.



٢

مەست و مەدهۆشۆ، مەست و مەدهۆشۆ      عالییەنان عالی مەست و مەدهۆشۆ

ئاسمان و زەمین وە هەم مەخرۆشۆ      سیاوەخشەنان هوونم مەجۆشۆ

واتە: من ناوم عالییە و سەرمەست و مەدهۆشم، ئاسمان و زەوی لەگەڵ یەکدا دەخرۆشن، سیاوەشم و خوێنم دەجۆشێ.

هۆنەر لەو دوو هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە چیرۆکی سیاوش کە بەپێی شانامە: سیاوەش لە پاش ئەوەی فێری هونەری شەڕ بوو، گەڕایەوە لای باوکی و ئەوسا سوودابەی باوەژنی دڵی دا بەئەو، بەڵام سیاوش گوێی پێ نەدا و سوودابە ڕقی هەستا و مێردەکەی خۆی لێ بەدبین کرد، پاشان سیاوش چووە توران و لەلای ئەفراسیاودا مایەوە و ئەویش فەرەنگیسی کچی خۆی بۆ مارە بڕی، بەڵام لەوێشدا گەرسیوەز بووە دوژمنی و سەرئەنجام ئەفراسیاو ئەوی کوشت و کوشتنی ئەو بووە هۆی شەڕوشۆڕی نێوانی ئێران و توران.

٣

مەست و دێوانە، مەست و دێوانە      عالییەنان عالی، مەست و دێوانە

پێڵ وە پێڵ گێلام یانە وە یانە      وەش وە ئەو گەلە عالیش چۆپانە

واتە: من عالیم و لە بادەی یەزدانی مەست و دێوانە بووم، پرد بەپرد و ماڵ بەماڵ گەڕام، خۆزگە بەو ڕان و ڕەوەکە عالی شوانیەتی.

٤

ئەو کۆی سەرەندیل، ئەو کۆی سەرەندیل      عالییەنان عالی ئەو کۆی سەرەندیل

قوربانیم کەردەن نەوانی دەلیل      هابیل بیانی کوشتم کەرد قابیل

واتە: لە کێوی سەرەندیلدا، لەو شوێنە پیرۆزەدا پلەوپایەی من بەرز بوو، چونکە من وەکو هابیل بۆ ئەوەی خۆم بەبارەگای خوا نزیک کەمەوە، قوربانیم کرد تا لە دەرگای خوا ڕیسوا نەبم، بەڵام قابیل هیوا و ئارەزووەکانی منی دایە با و کوشتمی.

هۆنەر لەو دوو هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە سەر بەسەرهاتی هابیل و قابیل کە بەپێی پەڕاوەکانی ئیسلامی، کوڕەکانی ئادەم هابیل و قابیل هەر کام بۆ ئەوەی بەخوا نزیک بنەوە، قوربانییەکیان سەربڕی وە لەبەرئەوەی قوربانییەکەی هابیل لە درگای خوا قبووڵ بوو، قابیل براکەی خۆی کوشت.

٥

گـــردی دوونـادوون، گـــردی دوونادوون     مــــەبۆ بـوانـیم گــــردی دوونـادوون
ئامـایم دوون وە دوون بگەندیم ئەو شـوون     ئیــــرەج بیانم پـــــوور فـەرەیدوون

واتە: دەبێ چۆنـیـیـەتیی دوونادوونی خـۆم بۆتان بگێـڕمـەوە، مـن دوون بەدوون هـاتم، واتە گیـانم لە لـەشـێکەوە فـڕییـە لەشـێکی تر تا ئێسـتـا گـەیشـتـمـە ئەم شـوێنە، وە لە ڕابردوودا ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون بووم.

سەرچاوەکان
١- برهان الحق تألیف نور علی لهی.
٢- سەرئەنجام [دەستنووس].
٣- دەورەی پیرعەلی [دەستنووس].

## سەی ئەکابری خامۆش

٨٤٤ - ...

ئەم هۆنـەرەمـان بەپـێی یادداشــتی قـرنـدی، ناوی ئەکـابـر و کـوڕی شـێـخ عـەلـی و نازناوی خـامـۆشـە و لە سـاڵی ٨٤٤ی کـۆچی لە دێی شـێـخـاندا لە دایک بووە و هـەر لـەوێشـدا پێ گەیشتووە. لە دەوری مـنداڵیدا خـەریکی خـوێندن بووە و پاشـان ڕێزمـانی عـەرەبی و وێژەی فارسیی خوێندووە و ئەوسا خێی داوەتە فـەلسـەفە و خواناسی و لەم بارەوە گەلێ پەڕتووکی خوێندووەتەوە و لە پاشا باری کردووەتە یەکێ لە دێکانی هـەورامان و لەوێدا نیشتەجێ بووە و پاشـمــاوەی ژیانی بەڕێنـوێنیی خــەڵک بردووەتە ســەر و وەکـو دەڵێن لە ئاخـر و ئۆخـری سەدەی نۆیەمی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە نامیلکە دەسـتنووسەکانی تری یاریدا هاتووە کە خامۆش لە نەوەکانی سـەی بوولوفایە و بەیـەکێ لە ڕێبـەرانی یاری دێتـە ژمـار کـە لە سـەدەی نۆیەمی کـۆچیـدا ژیاوە و گـەلێ هۆنراوی سـەبارەت بەڕێ و ڕچەی یاری هـۆنیوەتەوە کـە زۆر بەرز و تەڕ و پاراون. ئەمـەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

١

ڕەفێقی سفلە و هامڕایی گومڕا     هـەرگــیز مـەکەرن یاران هەمڕا
مـەکـەفن وە شـوون کـۆر و نـاڕەزا     پـەی وێتـان پەیدا پیـرێ شـارەزا



واتە: ئەی یاران! لەگەڵ سپڵە و گومڕادا هاوڕێیەتی مەکەن و خـۆتان لەم چەشنە کەسانە لادەن، وە مـەکـەونە شـوێن پیـاوێ کوێر و نائاگـا و بۆ خـۆتان پیرێ ژیر و ئاگـا پەیداکـەن و پەیڕەوی لێ بکەن و بەدوویدا بڕۆن.

٢

کوتە خشـتێ بیم جە بنە دیوارێ     ناگا بەزبـــــــان ئاما وە جارێ
واتش ئەمن بیم دێــــوانەی یارێ     ئێسا خـامـۆشم هـام نە پێوارێ

واتە: لەبن دیوارێکدا کوتە خشـتێکم دی کە لەپڕ هاتە زوان و وتی: من دێوانە و شـەیدای یارێک بووم و ئێستا بێ دەنگ و خامۆشم و لەم شوێنەدا ژیان دەبەمە سەر.

خـامـۆش لەم هۆنراوانەدا لای وایە کـە جیـهـان بەهـۆی کـۆمـەڵێک گـەردیلە هاتووەتە دی و ئەم گـەردیلانە هـەمـیـشــەیین و لەشـی بنیـادەمیش و لەم تۆزقـاڵانە پێک هـاتووە کـە لە پاش مـەرگ لە قـاڵبەکانی تردا دیسـان پەیدا دەبێ هەروەها کە ئنم گەردیلانە لە خشـتی دیواری مـاڵەکان و قـوڕی گـۆزەکـان و سـەوزە زارەکاندا دەبینـین و هـەندێ جـاریش لـەگەڵ ئێـمـەدا وتووێژ دەکەن.

٣

بینای گشت کاران، بینای کشت کاران     ئازیز هەر تۆنی بینای گشت کاران
ئەر ســـیـــوەیلەنـان مـــەڕژی نـــەداران     دڵدار مـــەوێنی ســـوب و ئێـــواران

واتە: تۆ کـە بینای گـشت کـارەکانی، دڵدار و خـۆشـەویسـتی منی و منیش بەهـۆی تۆوە وەکو ئەستێرەی سیوەیل تیشک دەڕژێنمە دارەکان و پەرە دەدەمە خووخدەی چاک و هەموو دەمە بەیان و ئێوارەیەک دڵبراو و مایەی ژیانی خۆم دەبینم.

سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام [دەستنووس].
٢- کەلامی سەی خامۆش [دەستنووس].
٣- دەفتەری پردیوەر [دەستنووس].

## پوور فەرەیدوونی شیرازی

سەدەی حەوتەم و هەشتەم

ئەم هۆنەرەمان کە ناوی پوور فەرەیدوونی شیرازییە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دان لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. مامۆستا سەعیدی نەفیی کە لە ژمارەی پانزەیەمی گۆڤاری پەیامی نوێدا کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویا چاپ بووە نەفیسی دەڵێ: کۆنترین بەڵگەیەک کە لە پوور فەرەیدوون و دووبەیتییەکانی ئەوەوە دواوە، پەڕاوی (نظم گزیده)ی نووسراوی «محەمەد سادق»ی تەورێزییە. محەمەد سادق کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی پانزەیەمی کۆچییە، لە ساڵی ١٠٣٦ی کۆچیدا ئەو پەڕاوەیە نووسیوە. پەڕاوەکە داگری هۆنراوی هۆنەرانی فارسی بێژی ئێرانییە و لە چەند بەشدا دانراوە. لە بەشی هەوەڵیدا لە بارەی پوور فەرەیدوونەوە دەڵێ: پوور فەرەیدوون لە کوردەکانی پارێزگەی فارسە، وە بەیەکێ لە هۆنەرانی دڵسووتاوی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کورد دێتە ئەژمار، هۆنراوەکانی ئەو کە زۆربەیان داگری دووبەیتین بەزاراوەی لوڕین و گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن.

شوعاعی شیرازییش کە لە نیوەی سەدەی چواردەیەمی کۆچیدا ژیاوە، لە پەڕاوی «تذکرە شکرستان پارس»دا لە بارەی پوور فەرەیدوونەوە دەڵێ: پوور فەرەیدوون یەکێ لە پارێزگاران و خواناسانی کوردی شیرازە، وە گەلێ دووبەیتیی بەزاراوەی لوڕی داناوە کە بەداخەوە کۆنەکراونەتەوە، وە جگە لە چەند دووبەیتی ئەوانی تری تیاچوون. لە پەڕاوی «مرآە الفصاحە»یشدا هاتووە کە پوور فەرەیدوون خواناسێکی ڕەند و بێ پەروابووە، وە هەندێ دووبەیتیی بەزاراوەی لوڕی لێ بەجێ ماون کە گەلێ ناسک و پاراون.

نووسراوێ تر کە لە پوور فەرەیدوونەوە دواوە، فەرهەنگی جیهانگیرییە کە جەمالودینی حوسێنی کوڕی فەخردین لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا نووسیویە، وە لەو فەرهەنگەدا لەژێر وشەی «لەو»دا کە بەواتای لێوە، بەیتێکی لە پوور فەرەیدوونەوە بۆ بەڵگە هێناوە.

دوکتۆر خانلەرییش دیسان لە ژمارەی هەشت و نۆی گۆڤاری پەیامی نوێدا دەڵێ: بێگومان پوور فەرەیدوون بەر لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا ژیاوە، واتە بەر لە نووسینی فەرهەنگی جیهانگیری. وە لە نێوانی هۆنەرانی ئێراندا دوو کەس بەناوانی پوور بەهای جامی و پوور حەسەنی ئسفەراینی دەناسین کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمدا ژیاون و هەردووکیان خەڵکی خوەراسان بوون، وە لێرەدا دیارە کە نازناوی ئەم دوو هۆنەرە کە بەوشەی پوور دەستی پێ کردووە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا باوبووە و هەر بەم بۆنەوە پوور فەرەیدوون لە دوایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەمدا ژیاوە. وە لەوەی



کە نازمی تەورێزی ئەوی بەکورد داناوە دیارە لە کوردەکانی وڵاتی فارس بووە، چونکە لەو سەردەمەدا کوردەکان لە ناوچەکانی جۆر بەجۆری فارسدا دەژیان.

حاجی لوتف عەلی بەگی ئازەربێگ دلیش لە پەڕاوی «ئاتەشکەدە»دا لە بارەی پوور فەرەیدوونەوە دەڵێ: پوور فەرەیدوون لە وڵاتی فارسدا لە دایک بووە، وە بەیەکێ لە خواناسان و پارێزگارانی سەردەمی خۆی دێتە ئەژمار. هۆنراوەکانی کە زۆربەی دووبەیتین بەزاراوەی لوڕی هۆنراونەتەوە و ئەم زاراوە هەروەها دەزانین یەکێ لە زاراوەکانی کوردییە.

ڕەنگە بپرسن کە پوور فەرەیدوون لە وڵاتی فارسدا سەری هەڵداوە، چۆن کورد بووە، لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: کوردەکان هەر لەمێژەوە، لە ناوچەکانی جۆر بەجۆری وڵاتی فارسدا بەتایبەت لە ناوچەی ئابادە و ئیزەدخاست و شوانکارە و شاری بابەکدا دەژیان، بەڵام نازانین کە پوور فەرەیدوون لە کام یەک لەو ناوچانەدا سەری هەڵداوە، ئەوەشمان بۆ ڕوونە کە زۆربەی کوردەکانی فارس لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا لە ناوچەی ئابادە و ئیزەدخاستدا ژیاون، وە دەگونجێ پوور فەرەیدوونیش لە یەکێ لەو ناوچانەدا لە دایک بووبێ.

هەروەها وتمان زۆربەی هۆنراوەکانی پوور فەرەیدوون دووبەیتییە، وە هەندێ لە دووبەیتییەکانی ئەو کەوتووەتە ناو دووبەیتییەکانی بابە تایەرەوە. ئەوا بۆ نموونە هەندێ لە دووبەیتییەکانی ئەو دێنین:

ئەگەر مەستان مەستیم ئەز تەئیمان          وەگەر بی پا و دەستیم ئەز تەئیمان
ئەگەر گەوریم تەرسا وەر موسلمان          بەهەر میللەت کە هەستیم ئەز تەئیمان

واتە: ئەی خوای گەورە و گران! ئەگەر مەستین و تووشی خۆپەسەندی بووین و، لە ڕووکردن بەدەرگا و ڕووگەی تۆ کۆتاییمان کردووە، لە تۆین و بەندەی خۆتین. ئەگەر گەورە و فەلە و موسڵمانین. وە یا لە ئاین نەتەوەیەکی ترین خۆ هەر بەندەی تۆین و پەیوەندمان بەخۆتەوە هەیە، وە جگە لە دەرگای بەخشیش و بەزەیی تۆ پەناگایەکی ترمان نییە. لە دوو بەیتێی تردا دەڵێ:

دیلا تا مەن وە سەرداروم دەم تە          نەداروم عالەمی جوز عالەم تە
جیهان بشی و دل بشی و جان شی          نەشی نەشی ژدیل شەوق غەم تە

واتە: ئەی دڵ تا من ئاخوداخی تۆم لە دڵایە، جگە لە جیهانی تۆ جیهانی ترم نییە. جیهان ئەگەر بڕوا، دڵ و بڕوا و گیان لە دەست دەرچێ تاسەی خەم و پەژارەی تۆ لە دڵ دەرناچێ و هەر دەمێنێ. وە لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

دیلا جوز شەوق تو بازوم نە بازوم          بەجوز تو وا کەسی سازوم نە سازوم
توێی ناز و نیاز هەردوو کەونوم          بەجوز وەسلت ژحەق خوازوم و نەخوازوم

واتە: ئەی دڵ جگە لە تاسەی تۆ شتێ ترم ناوێ، وە جگە لە تۆ لەگەڵ کەسێکی تردا ڕێک ناکەوم، چونکە هەر تۆی ئاواتی هەردوو جیهانم، وە جگە لە گەیشتن بەتۆ لە خوا شتێ ترم ناوێ.


سەرچاوەکان

١- پیام نو - شماره ١١ سال ١٣٢٤ (پور فریدون به قلم سعید نفیسی).

٢- تذکرەء شکرستان، تالیف شعاع شیرازی - تهران ١٣٣٢.

٣- فرهنگ جهانگیری، تالیف جمال الدین حسین بن فخرالدین - لکنهو ١٢٩٣ هجری.

٤- آتشکده تالیف حاج لطفعلی أذر بیگدلی - بمبئی ١٢٩٩ هجری.


## هۆنەرانی دەورەی ئەردەڵان

٦١٦-١٢٨٥

سەبارەت بەدامەزراندنی میرنشینی ئەردەڵان هەر کام لە مێژوونووسەکان قسەیەکیان کردووە، میر شەرەفخانی بتلیسی لە پەڕاوی شەرەفنامەدا دەڵێ: بابە ئەردەڵان کە زۆربەی ژیانی لەناو هۆزەکانی گۆراندا ڕابواردووە لە دەوری مەغوولەکان ٦١٦ - ٧٣٦ی کۆچیدا بەبێ شەڕوشۆڕ سەری بۆ چەنگیزخان دانەواندووە و ئەوسا دەستی بەسەر شارەزوورا داگرتووە و میرنشینی ئەردەڵانی دامەزراندووە و لەم مێژووەوە میرنشینی ئەردەڵان هەندێ جار بەسەربەخۆیی و برێ جاریش لە ژێر ڕکێفی پاشایانی ئێرانیدا بووە و تا ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی دەوڵەتەکەیان بەردەوام بووە و لە پاشا ناسرەدین شای قاجار بنەماڵەی ئەردەڵانی هەڵداشت و بەم چەشنە میرنشینی ئەردەڵان لە گۆڕستانی مێژوودا نێژرا.

لە ماوەی ئەم شەش سەد ساڵەدا والییەکانی ئەردەڵان بۆ پەرەپێدانی خاکەکەیان تێ کۆشاون و سنوورەکەیان گەیاندووەتە حەریر و کەرکووک و کرماشان و هەمەدان و گۆمی ورمێ و لەم ماوە درێژەدا گەلێ پرد و کاروانسەرا و مزگەوت و ڕێ و باخ و خانوویان دروست کردووە و لە پاشا سلێمان خانی ئەردەڵان ١٠٤٦ - ١٠٦٦ی کۆچی پایتەختەکەی لە حەسەن ئاواوە گوزاوەتەوە سنە و لە سنەدا زانکۆیەکی ئاینی دامەزراندووە و ئەم زانکۆیە گەلێ زانای پێ گەیاندووە و وای لێ هاتووە لە تەواوی کوردستانەوە ڕوویان تێ کردووە.

ئەردەڵانەکان گەلێ بایەخیان داوەتە زانست و وێژە و هونەر و هۆنەرانیان هان داوە کە هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بهۆننەوە و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک لە والییەکانی ئەردەڵان وەکو



کەڵبالی خان و خەسرەوخان و ئەمانوڵڵا خان خۆیان هۆنەر بوون و دیوانیان لە شوێن بەجێ ماوە.

لە دەوری ئەردەڵانەکاندا گەلێ هۆنەر و زانا و پیتۆڵ و هونەرمەند پێ گەیشتوون و ڕاژە و خزمەتیان بەزمان و وێژەی کوردی کردووە کە هەندێکیان بریتین لە شێخ شەهاوی سوورەبەردی، سەیدیی هەورامی، خانای قوبادی، بێسارانی، مەلا وەلەد خانی گۆران، مەلا خدری ڕوواری، مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەهجووری، مەستوورەی کوردستانی، مەلا ئەبووبەکری موسەنیف، وەلی دێوانە، شێخ محەمەدی فەخرولعولەما و گەلێکی تر کە ئەگەر خوا حەزکات باسیان لێوە دەکەین.

## شێخ شەهاوی سوورەبەردی

٥٣٩- ٦٣٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی شەهابودین و کوڕی عەبدوڵڵا و نازناوی «شەهاب»ە و بەشێخ شەهاوی سوورەبەردی بەناوبانگە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ٥٣٩ی کۆچی لە دێی سوورەبەردی گەڕووس پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەمووی شارەزوور گەڕاوە و ئەوسا چووەتە بەغدا و لەلای ئەبوو نەجیبی مامی خەریکی خوێندن بووە و هەر لەلای ئەو کەوتووەتە داوی تەریقەتەوە و خەرقەشی لە ئەو وەرگرتووە و ماوەیەکیش لەلای شێخ عەبدولقادری گەیلانی و شێخ نەجمەدینی کوبرا، فێری زانست و خواناسی بووە و لە پاشا هەر لە بەغدا ماوەتەوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا ساڵی ٦٣٢ لە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی داروسەلامی بەغدادا نێژراوە.

شێخ شەهاو بەیەکێ لە زانایان و خواناسانی گەورەی کورد دێتە ژمار و گەلێ لە زانایان و هۆنەران لەلای ئەو وانەیان خوێندووە کە یەکێ لەوانە سەعدی شیرازییە ئەو ڕێ و ڕچەیەکی تایبەتی بەناوی: «سوهروەردی»یە داهێنا و گەلێ شاگردی پێ گەیاند ڕێ و ڕچەکەی لەگەلێ وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەرەی سەند. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پەڕاوی بەکەڵکی بەزمانی عەرەبی نووسیوە کە زۆربەیان لە چاپ دراون.

شێخ شەهاو گەلێ هۆنراوی بەعەرەبی و فارسی و کوردی هۆنیوەتەوە، هۆنراوە عەرەبی و فارسییەکانی گەرچی کەمن، لەناو پەڕاوەکانی مێژووی فارسی و عەرەبیدا نووسراون، بەڵام هۆنراوە کوردییەکانی لەم دواییەدا کەوتنە دەستمان و لەناو بەیازەکانی دەوروبەری

هەوشار و گەڕووسدا نووسراون و وا دیارە ئەو هۆنراوانەی لە تافی جوانیدا هۆنیوەتەوە کە ئەوا لێرەدا هەندێکی دێنین:

گشت پێغەمبەران، گشت پێغەمبەران
یا نوور دیدەی گشت پێغەمبەران
ڕەسووڵ ڕەهبەر پەی ڕا گوم کەران
باش مورسەلان پەیغام ئاوەران
حەبیب دانای مەعبوود بێ غەم
بەتۆش دان خەڵات شەفیعولئومەم
لەولاک لەولاک بەتۆ واچیان
بەتۆ بێ مەنسەب خەتمولئەنبیان
تۆ سەر دای جە شەمس نە برج مەککە
وە نەقد ئیسلام تۆ پێکای سککە
تۆ دات بەحەیدەر شی کەندش خەیبەر
بەنگوشت شادەت شەق کەردی قەمەر
نمانات ئیعجاز بەقەوم کوففار
پەیدات کەرد جە سەنگ دار پڕ ئەسمار
موعجزەی تۆ پەی خەتمولئەنبیان
بوزغالەی بریان زەهرش کەرد عیان
ئەر تۆ نمەبی سەردار ئوممەت
جە کۆ مەبی عەرش دنیا و قیامەت
پەی چێشش مەکەرد ئی ملّک ئافاق
پەی کێ هۆرمەدا ئی چەطر هەفت تاق
زەمین و زەمان سەمای لاجیوەرد
گشت جە بۆنەی تۆ ئافەریدەش کەرد
جە شەوق تۆ بی مەحبووب مەعبوود
کولل کائنات ئاوەرد وە وجوود
جە لای نام وێش نام تۆش وانا
پەوکە قورئانش پەی تۆ کیانا



جە مەرکەزەی ئەرز نامت محەمەد
جە هەفت ئاسمان مەوانات ئەحمەد
هەور و هەوا و مانگ، شەمس و هەساران
بەحر و بەڕ و ئەرز، گوڵزار و ساران
باغات و بۆستان ڕەنگ ڕەنگ نەباتات
ئەشجار و ئەسمار، ڕزق مەخلووقات
جە یومن تۆبێ نەپەردەی عەدەم
ئاوەرد بە وجوود جن چەنی ئادەم
وەحیی ڕەببانی وێش پەی تۆ کیاست
بنمانی باڵش چەنی ڕاە ڕاست
بوراق، جبرەئیل پەی تۆ کیانا
تۆشان تا بەعەرش کورسی ڕەسانا
بوراق جبرەئیل مەندەن وە بێ باڵ
هەنیچ نەبینان نە قووە نە حاڵ
چادر دیت لوای بەجەزبەی جەلیل
تار لامەکان، بێ یار و دەلیل
چون غونچەی نەورەس بەرئامای جەپۆست
تا یاوای وە حەد سەراپەردەی دۆست
یاهوو نزیکتر جە قاب قەوسەین
یا چون سفیدی کناچلەی عەین
جە چەند جا گەدا لێت کریا سەلام
ئەژنەویت بەگۆش بێ نوتق و کەلام
تۆ نە جای سەلام عەرز کەردی سەنا
تەحییات وانای پەرێ ڕەببەنا
نە دەرگای داوەر حەل بیت موشکلات
ئەدای پەنج فەرزەت کریا وە خەڵات
جە میعراج ئامای بەمژدەی نەوی
هەژدە هەزار ساڵ بەنیمەشەوی

ئاوەردت بەرات موتاع شادی
پەرێو ئوممەتان خەت ئازادی
گوشادی کلید دەروازەی بهشت
شۆرنای کتاب پێغەمبەران گشت
یا ڕەسوولڵلا پەنای عاسیان
ئومێد ئەرجووی دین دڵ سیان
جەودەم بارگای مەحشەر مەبۆ پا
پەرێت هۆرمەدان سەیوان خەزرا
مەوج مەدۆ عاسی نەدەشت مەحشەر
شەرمەندەو خەجڵ پا پڕ جە نێشتەر
مەغز کەللەشان قول مەدۆ وە جۆش
وێڵ وێڵ مەگێلان عوریان و بێهۆش
کەس جە حاڵ کەس نەداران خەبەر
گشت کەڕو بێ قڕ چەم وە بان سەر
تەرازوو میزان ماوەرۆ نیگار
مەنیەرۆ سرات نە ڕووی سیا نار
نە پای میزان کێش عاسی مەنالا
شەڕ مەبۆ سەنگین خێر مەشۆ بالا
ئەسحابولشەمال عومالان شەڕ
مەڕانان عاسی وە نار سەقەر
جەو دەمدا مەشی وە قاپی ڕەحمەت
مەوانی پەرێو ئوممەت شەفاعەت
عومر ئۆمەتان گشت بەفدێت بۆ
جەو دەم ویرو فکر (شەهاب) با پێت بۆ

واتە: ئەی سۆمای چاوی هەموو پێغەمبەران! تۆ خۆشەویستی خوای مەزنی و لە دوای هەموو پێغەمبەرەکانەوە بۆ ڕێنوێنیی خەڵک هەڵبژێرراوی و لە دوای تۆ پێغەمبەرێکی تر نایە. تۆ بوویت کە پەرەت دایە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بۆ یەکەمین جار ئاڵای ئیسلامت لە جیهاندا شەکاندەوە، وە هەر تۆ بوویت کە بەقامک مانگت کردە دوو لەتەوە، وە هەر لەبەر تۆ




بوو کە خوا ئەم بوونەوەریە داهێنا و قورئانی بەخەڵات بۆت نارد، وە خوا جبرەئیلی نارده لات تا برۆیتە سەرەوە و بەم چەشنە چوویتە میعراج و بەخوا نزیک بوویتەوەو لە نزیکەوە سڵاوت لێ کرد و ئەوسا پێنج فەرزەی نوێژی بۆ خۆت و ئۆمەتت بەخەڵات پێ دا، کە لە میعراج گەڕایتەوە شادی و ئازادیت بۆ خەڵک هێنا. ئەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام! تۆ پەناگای گوناهکارانی، لەو کاتەدا کە ڕۆژی پەسڵان دێتە دی و تەواوی خەڵک بۆ لێپرسینەوە زیندوو دەبنەوە، هەموو بەڕووتوقووتی ڕادەوەستن و تەرازوو دادەنرێ کردەوەی خەڵک لەوێدا هەڵدەسەنگێنرێ، ئەوەی گوناهکار بێ دەخرێنە ناو دۆزەخ و ئەوەی بێ گوناه و پاک بێ دەڕۆنە بەهەشت و تۆش لەو کاتەدا لای خوا بۆ ئۆمەتت تکا دەکەیت تا ڕزگار بن. دەسا هەموو خەڵک بەقوربانت بێ، لەو کاتەدا (شەهاب)یشت لەبیر بێ.

سەرچاوەکان

١- عوارف المعارف تالیف: شیخ شهاب الدین سهروردی- تهران ١٣٣٠.

٢- بەیازێکی کۆن کە دووسەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٣- کەشکۆڵێکی کۆن کە هەندێ هۆنراوەی شێخ شەهاوی تێدا نووسراوە.

## شێخ سەفیەدینی ئاردەوێڵی

٦٥٠-٧٣٥

ئەم هەستیارە بەهەستەمان کە پیرێکی خواپەرستە، ناوی شێخ سەفیەدین کوڕی شێخ ئەمینەدینی جبرەئیل کە بەچەند پشت دەچێتەوە سەر فەیرۆز شای زەڕین کڵاوی سنجاری کە بەپێی پەڕاوی (صَفوةُ الصَفا) لە ساڵی ٦٥٠ی کۆچی لە دێی سەنجاندا لەدایک بووە. دێی سەنجان کەوتووەتە چەند کیلۆمەتری شاری ئاردەوێڵەوە.

هەر لەو پەڕاوەدا نووسراوە کە باووباپیری شێخ سەفی لە کوردەکانی شافعی مەزەوی سنجار بوون. مامۆستا موحیتی تەباتەبایی لە وتارێکدا دەڵێ: باووباپیری شێخ سەفیەدین لە بنەڕەتا کورد بوون و شێخ سەفی خۆی هەر بەزمانی کوردی دەدوا و لەسەر ڕێ و ڕچەی شافعی دەڕۆیشت و زنجیرەی سەفەوییە کە لە ساڵی ٩٥٧ تا ١١٤٥ی کۆچی لە ئێراندا پاشایەتیی کردووە لەو کەوتوونەتەوە، بەڵام پاشان بوونەتە شێعە و بەرە بەرە زمانەکەشیان گۆڕاوە بەزمانی تورکی دواون.

شێخ سەفی هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوەو لە پاشا بووەتە دەروێشی شێخ زاهیدی گیلانی و

کچەکەشی خواستووە و بووەتە زاوای، کە لە ساڵی ٧٠٠ی کۆچی شێخ زاهید دنیای بەجێ هێشتووە، بووەتە جێنشینی ئەو ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووەو لە هەموو لایەکەوە ڕوویان کردووەتە خانەقاکەی و تەنانەت پاشاکان و فەرمانڕەوایانی وڵاتە ئیسلامییەکان هاتوونەتە خانەقاکەی و پیت و پێزیان لێ وەرگرتووە و ژیانی بەم چەشنە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٧٣٥ لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت خانەقاکەیدا نێژراوە.

شێخ سەفیەدین دەروێشێکی ڕەند و خواناس و بێ پەروا بووە و بەیەکێ لە زانایانی هەرە بەرزی سەردەمی خۆی دێتە ژمار، لە شێخەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی لوڕی بەیادگار ماونەتەوە کە هەندێک بەشێوەی ئازەری داویانەتە قەڵەم.

مامۆستا سەی ئەحمەدی کەسرەوی لە پەڕاوەکەیدا دەڵێ: لە شێخ سەفیەدینی ئاردەوێڵییەوە هەندێ هۆنراو بەجێ ماون کە لەسەر شێوەی دووبەیتییەکانی بابە تایەری هەمەدانی هۆنراونەتەوە، وە لە مێژەوە ئەم چەشنە دووبەیتییانەیان بەفەهلەویات داناوە کە لە ئازەربایجان و شوێنەکانی تردا باوە. ئەمەش چەند دووبەیتییێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| دێرەکین سەر بەسەودای تە گێجی | دێرەکین چەش چو خوێنین ئەسرە ڕێجی |
| دێرە سەر بە ئاستانە ئەچ تەداروم | خود نەواچی کو وەربەختی چو گێجی |

واتە: دەمێکە کە سەرم لە ئەوین و سەودای تۆدا گێژە، دەمێکە کە چاوم فرمێسک و دەسری خوێنین دەڕێژێ، دەمێکە کە سەرم داناوەتە سەر ئاستانەکەت تا تۆ نەڵێی کە چ بەختێکی گێژ و وێژە. لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| بە من جانی بدە ئەز جانەوەر بووم | بە من نوتقی بدە تا دەماوەر بووم |
| بە من گۆشی بدە ئار جەشنەوا بووم | هەر ئانکە وانکە بوو ئەز ئاخەبەر بووم |

واتە: ئەی حوای گەورە! بەمن گیانێک ببەخشە کە دڵم بەتیشکی زانیاری و خواناسی زیندوو بێتەوە وە بەمن زمان و دوانێک بدە تا دەمەوەر بم، وە بەمن گوێی بدە کە تەواو سروشتی جیهانی نادیار ببیسم و لە هەموو شتێک ئاگەداربم. دیسان دەڵێ:

| | |
|---|---|
| سوخەن ئەهل دلان دوری بە گوشوم | دوو کاتب نشتە دایم بە دوشوم |
| سەوگەندم هوردە بە دل چو مەردان | بە غەیرەز توو بە جای چەش نەروشوم |

واتە: قسەی خاوەن دڵان وەکو دوڕێکە لە گوێدا، وە من هەمیشە چاودێری لەو قسە و پەندانە دەکەم، چونکە دوو فریشتە هان لەسەر شانمەوە کە نووسەری کردار و کردەوەمن، وە وەکو پیاوانی خوا سوێندم خواردووە کە جگە لە خوای گەورە چاوم، بەکەسێ ترەوە نەبێ.



سەرچاوەکان

١- أذری تالیف احمد کسروی- تهران ١٣٥٥
٢- یک دو بیتی از شیخ صفی الدین اردبیلی- یحیی ذکا در مجله دانش سال سوم شماره ٧.
٣- صفوه الصفاء تالیف ابن بزاز (دەستنووس)
٤- روزنامه سحر شماره ٢٥٧- ١٣٤٠- سرنوشت کردهای ترکیه نوشته محیط طباطبائی.

## سەیدی هەورامی (یەکەم)

٨٥٠-٩١٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی سەی حەمە سادق کوڕی سەی عەلیی هەورامی و نازناوی (سەیدی)یە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ٨٥٠ی کۆچی لە دێی ڕەزاو پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی هەورامان گەڕاوە و سەر ئەنجام لە لای مەلا جەلالی گەورە لە خۆرماڵدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ٩١٨دا، کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

مامۆستا حەمەومینی کاردۆخی کە دیوانەکەی سەیدەیی کۆکردووەتەوە و لە چاپی داوە، بەداخەوە تووشی هەڵە بووە و هۆنراوەکانی سەیدیی هەوەڵی بەهی سەیدیی دووەم داناوە و لای وایە کە هەر سەیدییەک بووە و ئەویش لە سەدەی یانزەمی کۆچیدا ژیاوە، کەچی هۆنراوەکانی سەیدیی هەوەڵ بەشێوەی زۆر کۆن هۆنراونەتەوە و لەگەڵ هۆنراوەکانی سەیدیی دووەمدا زۆر تۆفیریان هەیە و هەر کەسێک کە بەزاراوەی هەورامی ئاشنایەتیی هەبێ و چاوێک بەهۆنراوەکانی سەیدی هەوەڵ و دووەمدا بخشێنێت ئەمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

مامۆستا محەمەد ساحیب لە پەڕاوی (پیرشالیار)دا دەڵێ: سەیدی کە ناوی سەی حەمە سادق و کوڕی سەی عەلییە لە سەدەی دەیەمدا واتە لە ٩٤٠ی کۆچیدا ناوبانگی دەرکردووە و بیروباوەڕ و جۆری هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکن بۆ هۆنراوی ئەو سەردەمە کە باسی سروشت و هەوارگە ڕەنگینەکانی ئەم ناوچەیە، هەروەها لە پیاهەڵدان و ستایشی ئاینی و چۆنییەتی ژیانی ئەو سەردەمە ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا ژیاوە.

لە ڕۆژنامەی ژینیشدا وتارێک سەبارەت بەسەیدەیی هەوەڵ لەژێر ناوی هۆنراو و هۆنەرەکانماندا لە چاپ دراوە کە زۆر سەرنجڕاکێشەرە و لەم وتارەدا هاتووە کە سەیدی لە

ساڵی ٩٢٠ی کۆچیدا جیهانی بەجێ هێشتووە و لە دێی ڕەزاودا نێژراوە کە ئەم مێژووە لەگەڵ، ئەو مێژووەی وا کەوتووەتە دەستی ئێمە یەک دەگرێتەوە.

سەیدی جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو، لە هونەری پزیشکیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و وەکو دەڵێن: لە گوڵی وەنەوشەو هێندێ گژوگیای کوێستانی ناوچەی هەورامان دەوایەکی دروست کردووە کە بەوە نەخۆشیی ڕەشە گرانەتای چارەسەر کردووە.

هۆنراوەکانی سەیدی کە زۆربەیان دڵدارین، زۆر تەڕو پاراو و شیرین و ڕەوانن و زۆربەیان لەسەر شێوەی کۆن هۆندراونەتەوە. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

دڵبەر دڵ ئەستانای جە من، شەرت ئی دڵستانی نیۆ
جەورش مەدەی رەنجش مەکەر، خۆ کافرستانی نیۆ
شەرتەن بکێشۆ دڵ جەفات، با یادگار مانۆ جە لات
تۆ بۆت نە دڵ خۆفی خودات خۆ کافرستانی نیۆ
ئامام ڕات پی جەستەوە، گیرەم سڵۆم چیت نەستەوە
پی حاڵی جەستەی خەستەوە، خۆ کافرستانی نیۆ
هەی نەونەمامی باغی دڵ، پەی تۆ سیان بەیداخی دڵ
سا مەرهەمێ پەی داخی دڵ، خۆ کافرستانی نیۆ
هەی ڕەندی توحفێ نازەنین، خاڵت جە عەنبەر گوڵ جەمین
سا مەرهەمێ دەر پەی برین، خۆ کافرستانی نیۆ
بیمار تۆم حۆرو پەری، ئەر خواهیشەن ئەر سەرسەری
شەرتەن عەیادەتمان کەری، خۆ کافرستانی نیۆ
دادەم پەنە چڵێو ڕێون، قیمەتشەنە سۆنەم گیۆن
چی مامەڵە مەگنەم زێون، خۆ کافرستانی نیۆ
وێڵ وێڵ مەگێلام کۆ بەکۆ، دەردم گران بێ ڕۆ بە ڕۆ
سا حاڵو دەردیم پەرسە تۆ، خو کافرستانی نیۆ
تەرک و وڵاتیت کەردمۆ، ژاراو دووریت وەردەمۆ
پەرسە بە حاڵی دەردەمۆ، خۆ کافرستانی نیۆ
عوریان و کەڵپۆس پێڵەنۆ، شەیداو بیابان گێڵەنۆ
داپەرسە پەی کێ وێڵەنۆ، خۆ کافرستانی نیۆ



ئەرشەت و بەینت ویرتەن، خۆف و خواو پیرتەن
بۆ لام ئەگەر چی دیرتەن، خۆ کافرستانی نیۆ
یام بارە تەشریف یانەمۆ، یا دوورو پەرسە حاڵمۆ
تەرسە هەناسەی کاڵمۆ، خۆ کافرستانی نیۆ
قەومان خۆیشان هامسەران، لۆمە و مەنامان چی کەران؟
خاسەن تەئەسوفمان وەران، خۆ کافرستانی نیۆ
(صەیدی) گرانو ئەلویداش، هیجران مەدۆ هەردەم جەفاش
هەی پەی خوای بەیدێ وەلاش، خۆ کافرستانی نیۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! دڵت لێ سەندم و ئەمەش دروست نییە کە دڵ بڕەنجێنی و ئازاری بدەی، ئەوا دڵەکەم لەلای تۆ بەجێ دێڵم، تۆش ترسی خوات لە دڵا بێ. ئەی نەونەمامی باخی دڵەکەم! ئاڵای سپی دڵم بۆ تۆ ڕەش بووە، دەسا مەڵهەمێکم بدەرێ تا برینەکانی سارێژ بێتەوە، ئەی نازەنینەکەم! خاڵی سەر گۆنات عەنبەرە و ڕوومەتت گوڵە، بۆیە من بیماری تۆم، دەسا وەرە لام و هەواڵێکم بپرسە.

ماوەیەک بەشاخ و داخا دەگەڕام و دەردم ڕۆژ بەڕۆژ گرانتر دەبوو، خۆ تۆ کارێکت پێم کرد کە وڵاتەکەم بەجێ بێڵم و ژاری دووریم خواردەوە و کەڵپۆسم کردە کۆڵ و بۆ تۆ کەوتمە دەشت و بیاوان، دەسا ئەگەر ترسی خوات لە دڵایە وەرە لام خۆ کافرستانی نییە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا ڕوو دەکاتە ڕێحانی خۆشەویستی و پێی دەڵێ:

ڕیۆن، داخۆ باڵا تەڤە هەزار یۆ، دەردەدارەنێ
گرد کوشتەو ئا دیدەتەنێ، تەدیدەت جادووکارەنێ
باڵات نەمامی نەوبەرۆ، مەمیت مەرەجێو نارەنی
کوڵمێت ساڤۆ، دلێ دەرۆ، مەمێت مەرە جێو نارەنێ
زوڵفێت گرنج و خاوەنێ، سەرلوولەنێ سیاوەنێ
چنوورو ڕاگا و کاوەنێ، کەمەندە یا شامارەنێ
گەر لۆمەنۆ، ئەگەر مەنۆ، ئەز عاشقۆ، باڵاوتەنۆ
پی دینە، با تەپڵم ژەنۆ، وەس نیا خاسم یارەنێ
ئەشکت پێسەش وستەن کەلێم، بییەن بایس یەی خجڵنێم
سەر تاوار و نەتۆو دڵێم، حەرفی تمێت دیارەنێ
بێ مێر غوزار دونیا تەمۆم، چەنی ئاڤۆ هەرسۆ چەمۆم
کەی مەینەتۆ، یاگۆ خەمۆم دیدەی من ئینزارەنێ

زێدم چۆڵۆ، ماوام بەرۆ، پیمۆ نومۆ، پەی تە هەرۆ
تاکەی ئەڤداڵ مسیۆ بەرۆ، بەر گولەشیم دەورانێ
تاڵەم کەمۆ، خەمێم فرۆ، پەی تەم پۆشان، بەرگ و کوفۆ
من ئادوو بەینم هەر یوڤۆ، بەلام تە مۆڵەت دارەنێ
ئەزمەجنوون و وێڵ و تەنۆ، شێت و ئەراگێڵ و تەنۆ
دایم چەنی، خێڵێ تەنۆ، کۆمێم چنیم بێدارەنێ
تۆنی حەیات و نەفەسم، ساسێ مەنام کەراکەسم
کەلامولڵا و بابۆیم قەسەم، من هەر ئێدەم گوفتارەنێ
ساوەس چەنیم توندی کەرە، داڵێوە خەمخواریم کەرە
بافتەن کەروو، ڕاتنە سەرە، ئەر تە قسێت هەموارەنێ
ئەگەر تە، قەوڵت سادقۆ، پێسە و یاران موافقۆ
وەس دەر جەفاوو عاشقۆ، فەقێرەنێ، هەژارەنێ
(سەیدی) فدێو سیمین لە شۆن، گرفتار و بالان وەشۆن
خەیاڵیش لاو، دیدە ڕەشۆن، چەم سیاوێش، دەرکارەنێ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! لە داخ قەد و بالای تۆ هەزار کەس دەردەدارە و هەموویان کوژراوی چاوە جوانەکانی تۆن، چونکە چاوەکانت ئەفسوونن و بالات نەمامی تازە بەرە و چاویشت نەرگسە و کوڵمیشت سێوی ناو باخە و مەمکیشت هەنارە و زوڵفەکانیشت گرنج و خاون، ئەگەر لۆمەم کەن و ئەگەر بەرم بگرن، من هەر سەوداسەری بالای تۆم، خەم و پەژارەم زۆرە و ئەوا لە داخا کفنم پۆشیوە و وەکو مەجنوون وێڵ و دەربەدەر بووم، دەسا کەم ئازارم بدە و وەرە لام و بمدوێنە، خۆ بۆ تۆ دڵم خوێنە.

سەیدی ئەو پەردانە دادەداتەوە و سەبارەت بەبێ ئەمەگیی جیهان دەکەوێتە وتووێژ و پەندی خەڵک دادەدا و دەڵێ:

یاران دێوانە، یاران دێوانە
ئەبلە کەسێوەن شێت و دێوانە
چی دونیای فانی بسازۆ یانە
بەئاوایش وانۆ ماوای وێرانە
دونیا مەنزڵێن وێرانە فانی
یانەش نەدان ساز کەس جە وێرانی



یاران هەر مەسکەن وێرانە زێد بۆ
ئەبڵە ئەو کەسەن بەوش ئومێد بۆ
هەر کەس عاقڵ بۆ چەنەش چی نیشۆ
ڕەنجی بێ حاسڵ، پەی دونیای کێشۆ
هەر ئێد خاستەرەن بگنۆ نەرای
تا یاوۆ وە لای ئەبەد ماوای
عاقڵانێ دەور قەدیم ئەیامان
یانەی دونیاشان وێنەی پول فامان
هەرچەند بمانی نەو ڕاگوزەردا
حاسڵش ئێدەن بشیش وە سەردا
ئەر کەسێ و نەبۆ، وێڵ و دێوانە
وە بانی پوڵدا کەی کەردەن یانە
دونیا شارێوەن چوون قەدیم شاران
ساکنەن تێشدا هەزار هەزاران
وەلێ کەس جاوید چەنەش نەمەندەن
هەر پەنج ڕۆ، کەسیۆ چاگەنە بەندەن
نە ئارامێ هەن، نە هۆ قەرارێ
جەی شار بەرمەشان، هەرۆ هەزارێ
مەویەران بەجەخت یاران بەپۆڵدا
گشت مەبان پێوار جە خاک و خۆڵدا
پەیاپەی مەشان یاران بەو ڕاوە
یەکێ نمارۆ سەر بەدوماوە
عەقڵ تۆ پێسەن، ئی دونیای فانی
کەس تێش نەمەندەن تۆ چەنەش مانی
مەشغووڵ بەکاوگڵ یانە مەسازی
سەفەرێ سەختەن دوورو درازی
شێتا فکرو تۆ خەیاڵت پووچەن
خەیاڵ هەر سەفەر کارسازی کووچەن

وەس لیباس شوغڵ دونیایی پۆشە
ڕای سەفەر دوورەن پەیداکەر تۆشە
گا نەفکر حرس جەمعی ماڵەنی
گا پەرێ مەنسەب نە خەیاڵەنی
گا چەنی فەرزەند شادی و زەوقتەن
گا پەرێ دیدار یاران شەوقتەن
کەللەی سەر جە کار دونیا کەر خاڵی
کاتێ مەزانی شادی بەتاڵی
ئەوسا مەزانی ئەجەل تۆش داگیر
پاش نیای نەدام سلسلەو زەنجیر
دەروون پڕ حەسرەت خاتر پەرێشان
دوور کەفتی جە ئەهل جەقەوم و خوێشان
نە ماڵ نە فەرزەند ناما بەکارت
تۆ مەندی نە قەبر کۆی عوسیان بارت
ئەوسا جەو دوما وا حەسرەتا بۆ
تا یاگەی نیشتەی نەبەر ئامات بۆ
کەردەی زشتی وێت وەنەت بی دوچار
یا واردیش چون وەرگ یا گەستیش چون مار
گیر وەردەی کردار فعل زشت وێت
بێ تۆشەو بێ زاد خاڵ مشت وێت
عاسی و ڕووسیا گوناهکار وێت
گرفتار قەبر، تەنگ و تار وێت
غەرق گێج بەحر، سیاسەت وێت
شەرمەندەو ڕوو زەرد قیامەت وێت
(یاغافرالذنب) سرپۆش سەتتار
بویەر جە جورم (سەیدی) خەتاکار

واتە: ئەی یاران! بێ ئاوەز و گەوج ئەو کەسەیە کە لەم جیهانەدا خانوو دروست بکات و ئەم کەلاوە کۆنە بەهی خۆی بزانێ، ئەم جیهانە وەکو وێرانە و کەلاوە کۆن وایەو سەرئەنجام



لەناو دەچێت، هیچ کەس لە وێرانە خانوو دروست ناکا، وە ئەو کەسەی کە بەبوونی ئەم جیهانە هیوادار بێت شێتە، هەر کەسێک تۆزێ ژیر بێ، ڕەنج بۆ ئەم جیهانە ناکێشێ، پیاوانی دەوری کۆن جیهانیان بەپردێک داناوە کە دەبێ هەموو بەسەر ئەو پردەدا تێ پەڕین، جیهان زۆر کۆنە و بەکەس ئەمەگی نەنواندووە، هەر کەسە چەند ڕۆژێک تێیدا ژیاوە و پاشان باروبنەی پێچاوەتەوە، وە کەس ئیتر ناگەڕێتەوە، جا دەبێ بەبیری خۆتەوە بی و تۆیشووبەرە بۆ ڕۆژی دوایی کۆکەیتەوە، چونکە لەو ڕۆژە نەماڵ و نەمنداڵ بەکارت نایەو تەنیا کردەوەی چاکە کە بەکەڵکت دێ و دەگاتە فریات و، ئەگەر کردەوەت لەم جیهانەدا خراپ بێ، ئەو کردەوە لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە قۆرت و دەچێتە ملت، دەسا هەتا دەتوانی چاکە بکەو لە چەوت و چەوێڵی و فڕوفێڵ لادەو پەشیمان بەرەوە و ڕوو لە خوای تاقانە بکە.

سەرچاوەکان


١- دیوانی سەیدی- کۆکردنەوەی محەمەدئەمین کاردۆخی- سلێمانی ١٩٧١.
٢- کەشکۆڵێکی کۆن کە کورتەی ژیان و هەندێ هۆنراوەی سەیدی تیا نووسراوە.
٣- پیر شالیاری زەردەشتی- محەمەد بهاءالدین صاحب- بەغدا ١٩٦٨.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەیدی.


## بابە جەلیلی دەودانی

٨٨٣- ...

بابە جەلیل کەکوڕی میر جەوزی دەودانییە، بەپێی یادداشتی کاکاڕدایی لە ساڵی ٨٨٣ی کۆچی لە دێی دەوداندا لەدایک بووە، وەکو دەڵێ:

وە سەنەی هەشت سەد هەشتاو سێی شەعبان
جەلیل جە دەودان ئاما وە جیهان

واتە: لە ساڵی هەشت سەد و هەشتا و سێی شەعباندا، جەلیل لە دێی دەودان پێی نایە مەیدانی ژیانەوە.

بابە جەلیل هەر لەوێدا پێ گەیشت و خەریکی خوێندن بوو، وە لە تافی جوانیدا خەریکی گەشت و گێڵ بوو، وە گەلێ دێ و شار و شارۆچکەی کوردستان گەڕا و لەگەڵ زانایان و خواناسان و پارێزگاراندا وتووێژی کرد و سەرئەنجام گەڕایەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بوو، وە گەلێ لایەنگری پەیدا کرد.

لە پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل)دا نووسراوە کە بابە جەلیل پیاوێکی خواناس و پارێزگار

بوو، وە لەگەڵ زۆربەی پیاوە گەورەکانی ئەو دەورە حەزیان دەکرد کە لەگەڵیا ڕاوێژکەن، بەڵام ئەو کەمتر دەهاتە ناو خەڵک و کەمتر دەدواو زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ یارانیا ڕادەبوارد و ئەوانی ڕێنوێنی دەکرد.

لە پەڕاوی (برهان الحق)دا هاتووە: کە بابە جەلیل لەپاش شاوەیس قولی و بەر لە ئاتەش بەگ و شائەیاز سەری هەڵداوە و یەکێکە لە شا مێوانەکان، بەڵام بنەماڵەیەکی پێک نەهێناوە و ڕۆژگارێکی کورت لەگەڵ هەندێ لە یارانیدا ژیاوە و پتر گۆشەگیر بووە و لە گۆشەگیریدا ژیانی بردووەتە سەر. ناوی هەندێ لە یارانی بەم چەشنەیە:

میر عەتار، میر هەیاس، میر جەوزی، دەدە بەگتر، میرزا قولی، سەمەن، (سایی) لە بابە جەلیل و یارەکانییەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوێکدا ناوی (دەورەی بابە جەلیل) تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەجرما عەزیم، ئەجرما عەزیم   ئەز وزورگەنان ئەجرما عەزیم
خۆف غۆلامان هیچ نیان پەریم   پەنەم مەواچان جەلیل ڕەحیم

واتە: پاداش و مزی کارم زۆر گەورەیە، من گەورەم و ترسێکم لە خولامەکان نییە و دەزانم کە بەقسەم دەکەن، بەمن دەڵێن بەخشێنەر، چونکە ئەوەی وا خوا پێمی داوە بەخەڵکی دەبەخشم و خواش خۆشمی دەوێ.

٢

ریازەت کێشم، ڕیازەت کێشم   ئازیزم پەی تۆ ریازەت کێشم
بزێ کەر وە حاڵ دەروون ڕێشم   گوڵم وە دەستەن پەی چێشەن بێشم

واتە: ئەی یار! من نەوسی خۆم دەکوژم و بۆ خووخدەی باش و ئاکاری جوان بەرگەی ئەم هەموو ڕەنج و سەخڵەتییە دەگرم، وە ئەم هەموو ڕەنج و سەخڵەتییە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزای تۆیە، دەسا بەزەییت بێتە حاڵی زار و دەروونی ڕێشم، چونکە من شوێنەواری ئەو ڕەنجە کە گوڵە لە دەستم دایە، کەوابوو ئەو هەموو دەرد و ڕەنجەت لەبەر چییە؟


سەرچاوەکان
١- سەرئەنجام (دەستنووس).
٢- یادداشتی کاکاردایی (دەستنووس).
٣- دەورەی بابە جەلیل (دەستنووس).
٤- برهان الحق تالیف نور علی الهی.




## دەدە بەگتری دەودانی

٨٨٦- ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل)، لە ساڵی ٨٨٦ی کۆچی لە دێی دەودانیدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە، وە بۆ خوێندن زۆربەی هەورامان گەڕاوە و لە دێی شێخان و سازان و هاوار ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە و پەڕاوی سەرئەنجامی بەتەواوی خوێندووە و پاشان چووەتە لای بابە جەلیل و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە دێیەکانی هەورامان و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و پاشماوەی ژیانی بەم چەشنە بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

لە دەدە بەگترەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی (دەوری بابە جەلیل)دا نووسراون. ئەمەش دوو هۆنراوی ئەو کە دەڵێ:

ئەی پیر پێشەوا، ئەی پیر پێشەوا   ئەز چەنی تۆمەن ئەی پیر پێشەوا
وە دەست تۆوەن کلیلد و دەرگا   سا نازی بۆزە تا بەیۆ خواجا

واتە: ئەی پیری پێشەوا! من لەگەڵ تۆمە، وە کلیلی دەرگای ڕازی خوایی بەدەستی تۆیە، کەوا بوو نازێ بکە و بپاڕەوە تا ڕێبەر و خواجەم سەرهەڵبدا و خۆی دەربخا.


سەرچاوەکان
١- دەورەی بابە جلیل (دەستنووس).
٢-سەرئەنجام (دەستنووس).


## میرزا قولیی دەودانی

٨٩١- ...

ئەم هۆنەرەمان بەپێی پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل) لە ساڵی ٨٩١ی کۆچی لە دێی دەودانیدا لە دایک بووە و هەر لەسەردەمی منداڵی لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا کەوتووەتە گەشت و گێڵ و بۆ خوێندن زۆربەی مەڵبەندەکانی هەورامان گەڕاوە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و چووەتە لای بابە جەلیل و لەپاش ماوەیەک خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە هەورامان و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە.

له میرزا قولییەوه هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوه کە له پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل)دا تۆمار کراون. ئەمەش دوو هۆنراوەی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

وستەن ئەو دمشق، وستەن ئەو دمشق          زەماو زەماوەند وستەن ئەو دمشق

وە دەست غولامێک جەم بی وە فەرشەق          وەشڵە وا جەستەی شام مەبی پەشەق

واتە زەماوەند و گۆبەند و شایی کەوتە شاری دمشق، وە بەدەستی خولامێکی زیرەک و وشیار جەمێک پێک هات. خۆزگە شام بەزەیی پیاماندا دەهات و سەری هەڵدەدا و خۆی دەردەخست و دەهاتە ناومان تا بەدیداری شاد دەبووین.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- دەورەی بابە جەلیل (دەستنووس).

## سەمەن خانی دەودانی

سەدەی نۆهەم

ئەم هۆنەرە بەپێی پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل) لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا ژیاوە و بەیەکێ لە یارانی بابە جەلیلی دەودانی دێتە ژمار و ئیتر سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی ئاگەدارییەکمان نییە و هەر ئەوە نەبێ کە نووسراوە لە ساڵی ٩٣٦ی کۆچیدا بابە جەلیلی دیوەو شەیدای زانست و پارێزگاریی ئەو بووە و ئیتر وازی لە خۆشییەکانی جیهان هێناوە و پاشماوەی ژیانی بەخواپەرستی و کوشتنی نەوسی خۆی بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە. لە سەمەن خانەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە پەڕاوی (دەورەی بابە جەلیل)دا تۆمار کراوە. ئەمەش دوو هۆنراوی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یا دۆڵدۆڵ سوار، یا دۆڵدۆڵ سوار          ئامانەن ئامان ساحیب ذولفەقار

وە ناز ئەو وەقت تۆشیت نە جەببار          بنمانە ڕەمزێ باقی ئاشکار

واتە: ئەی خاوەن زولفەقار و ئەی دوڵدوڵ سوار لە تۆ داوای زینهار و ئامان دەکەم و سوێندت دەدەمە ڕۆژی بەرین کە نوقمی ناز بوویت، ڕازی یاریمان پێ بڵێ و خۆت ئاشکراکە و سەرهەڵدە تا بەدینت شادبین.

سەرچاوەکان

١- سەرئەنجام (دەستنووس).

٢- دەورەی بابە جەلیل (دەستنووس).



## عێل بەگی جاف

٨٩٨- ٩٦١



ئەم هۆنەرەمان بەپێی دیوانێکی دەستنووس کە کەوتووەتە دەستمان، لە ساڵی ٨٩٨ی کۆچی لە شارەزوورا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ٩٦١ی کۆچی لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: وەکو وا دەڵێن عێل بەگی چوارسەد ساڵێ لەمەوپێش ژیاوە. فەتالی حەیدەرییش لە سەرەتای (دیوانی مەلا پەریشان)دا دەڵێ: عێل بەگی گەلێ بەر لە خول و ڕۆژگاری نادرشادا ژیاوە.

بەپێی بەڵگەکانی دەستنووسی گۆرانی کە کەوتووەتە دەستمان، عێل بەگی لە شارەزوورا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و، خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکی زۆریش لە هەورەمان بووە و لە پاشا لە بەغدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و لە پاش ماوەیەک لەوێوە چووەتە هەورامان و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا ماڵئاواییی لە جیهان خواستووە و لەوێدا نێژراوە.

ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ ئێمە ئەوەیە کە لەسەردەمی عێل بەگدا زۆربەی هۆنەران هۆنراویان بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە کەچی ئەو بەزاراوەی کرمانجی باشووری یا سۆرانی هۆنراوەکانی خۆی هۆنیوەتەوە، ئەڵبەت ناتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەو ئەم ڕچەیە شکاندووە، چونکە بەر لە ئەو گەلێ لە هۆنەرانی شارەزوور بەسۆرانی هۆنراویان هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی گۆرانییان بەزاراوەیەکی پیرۆز داناوە.

لە عێل بەگییەوە دیوانێک بەیادگار ماوەتەوە کە زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەپێشگۆتن و لەم هۆنراوانەدا بەپاشایەتیی نادرشا و زەندییەکان و قاجارییەکان و ڕژێمی پەهلەوی و کۆماری دیاردیی کردووە و هەروەها لە بەدیهاتنی فڕۆکە و ماشێن و برووسکە و شەڕەکانی جیهانی و ڕووداوە تازەکان گەلێ شتی نادیار و شاراوە کە لەمەولا ڕەنگە بێنەدی دیاردییەی کردووە.

ئەوەش دەبێ بڵێین کە پێشگۆتن و پێش بینی هەر لە مێژەوە لەناو ئێرانییەکاندا باو

بووەو بەشێ لە وێژەی زەردەشتی بریتییە لە پێشبینی و پێشگوتن بەتایبەت پەڕتووکی (زەند و هوومەن یەسن) و (دینکەرد) و (بوندهشن) و (زەردەشت نامە) و پەڕتووکی (جاماسپنامە) پڕە لە پێشگۆتن و پێشبینی.

ئەوا هەندێ لە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە دێنین و لێی دەکۆڵینەوە و لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوودا پێکیان دەگرین:

١

من بەقەوڵی گۆران دەکەم　　قسە لەژێر هەوران دەکەم
هەمووی لە بۆ سۆران دەکەم　　ئیتاعەتی دەوران دەکەم
هەروا بووەو هەروا دەبێ

واتە من بەپێی فەرمانی گۆران ڕەفتار دەکەم و بەپێی قسەی پیاوە گەورەکانی ئەم عێلە ڕازی نهێنی و شاراوە ئاشکرا دەکەم تا ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆ کوردەکانی سۆران و کەڵک و سوودی لێ وەرگرن و ئەم ڕەوشتە بەر لە ئێمە بەم جۆرە بووە و دوای ئێمەش هەر بەم چەشنە دەبێ.

گۆران کە لە خشتەکی یەکەمدا دیاردی پێ کراوە، بریتییە لە عێلی گۆران کە لە خۆرئاوای کرماشان و شوێنەکانی تری کوردستاندا نیشتەجێن و زۆربەیان پەیڕەو و لایەنگری ڕێ و ڕچەی یارین کە لە ئاینە کۆنەکانی ئێران سەرچاوەی گرتووە، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ڕەنگ و بۆی ئیسلامیی گرتووەتە خۆی.

سۆران کە لە خشتەکی سێیەمدا هاتووە بریتییە لە عێلی سۆران کە هەر لە مێژەوە لە دەوروبەری هەولێر و هەریر و ڕەواندز و شەقڵاوە و هەندێ شوێنی تری کوردستاندا دەژیان و پاشان ئەم هۆزە دەوڵەتێکیان بەناوی سۆران پێک هێنا. مێژوونووسان دەڵێن کە کەوڵۆس ناوێک لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا هاتووەتە هەولێر و لە ناوچەی ئاواندا ناوبانگی دەرکردووە و یەکێ لە کوڕەکانی بەناوی عیسا لە هەرایەکدا سەرکەوتووە و بووەتە سەردار و سەرۆک و بەناوی جێگای شەڕەکە ناوبانگی (سۆران)ی بۆ ماوەتەوە. جا دەوڵەتی سۆران ئەم عیسا دای مەزراندووە بەڵام وشەی سۆران زۆر لەوە کۆنترە. لە دەوری سلێمان بەگی سۆراندا خەڵک لە ئەوپەڕی خۆشی و هێمنیدا ژیاون و وێژە و زمانی کوردی پەرەی سەندووە و پاشان خانزادی خوشکی وڵاتی سۆرانی بەڕێوە بردووە و دواین میری سۆران حەمە پاشا کوێرەی ڕەواندوزە کە تاساڵی ١٢٥٣ی کۆچی فەرمانڕەوایەتیی کردووە و بەگەورەترین میری سۆران دێتە ژمار.



٢

خاسان وە بێ وەتەن دەبێ　　مورغان دوور لە چەمەن دەبێ
شاهان وە بێ کەفەن دەبێ　　دەوران وە کامی زەن دەبێ
هەروا بووە و هەروا دەبێ

واتە: پیاوچاکان و خاسان ئاوارە و دەربەدەر دەبن و بەبێ نیشتمان و مەڵبەند دەمێننەوە و پەلەوەران و باڵندەکان لە مێرگ و چیمەن دوور دەبنەوە و فەرمانڕەوایان و شایان بەبێ کفن دەنێژرێن و ئەوسا چەرخ بەکامی بنەماڵەی زەند دەسووڕێتەوە.

عێل بەگی لەم بەندەدا دیاردی ئەکاتە سەر فەرمانڕەوایەتی زەند کە لە ساڵی ١١٧٢ تا ١٢٠٩ی کۆچی لە ئێراندا فەرمانڕەوایەتی کردووە و دامەزرێنەری ئەم زنجیرەیە کەریم خانی زەندە کە پیاوێکی دڵپاک و دادگەر و ژیر و وریا و خواناس و لە خواترس بووە و هەر لەبەرئەمە ناوی خۆ ناوە (وکیل الرعایا) و پاشان شاری شیرازی کردووەتە پایتەخت و لە دەوری ئەوا وڵات بەجارێ ئاوەدان بووەتەوە و خەڵک لە ئەوپەڕی خۆشی و هێمنیدا ژیاون و ئەم پیاوە گەورەیە لە ساڵی ١١٩١ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە پاش ئەو چەند پاشای تر لە بنەماڵەی زەند پادشایەتییان کردووە و سەرئەنجام قاجارییەکان زنجیرەکەیان پووچ کردووەتەوە.

٣

شۆڕش لە ئێرانی دەبێ　　سەرێ جۆش و گرانی دەبێ
گەلێ مەردان فانی دەبێ　　ڕفی دۆستی. گیانی دەبێ
هەروا بووەو هەروا دەبێ

واتە: لە ئێراندا شۆڕش و بزووتنەوە دێتەدی و هەمووی خەڵک یەک دەگرن و ئەو شۆڕشە پێک دێن و لەم شۆڕشە گەلێ کەس دەکوژرێ و لە پاشا دەبێتە قاتی و قڕی و دۆستی گیانی رفی دۆستی خۆی دەکا.

عێل بەگی لەم بەندەدا دیاردی دەکاتە شۆڕشی نەتەوەیی ئێران کە لە زەمانی موزەفەردین شا ١٣١٣- ١٣٢٤ی کۆچیدا بەهۆی سەتارخان و هاوەڵانییەوە ڕووی دا و سەرەتا لە ئازەربایجان و زۆربەی شارەکانی تری ئێراندا ئەم بزووتنە دەستی پێ کرد و سەرئەنجام شا بەناچاری فەرمانی مەشرووتەی مۆر کرد. میرزا مەحموودخان لە یاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ: لەم ڕۆژگارەدا وڵاتی ئێران کەوتە ناو قاتی و قڕی و شەڕوشۆڕ، بەجۆرێ خەڵک دەڕژانە سەر کەلاکی تۆپیو و دەیانخوارد.

٤

مەردان مەردی گەزاف دەکەن　　هەم بەڕاستی خەلاف دەکەن
قسان بەتیر قەلاف دەکەن　　بەڕێگەی دوور مەساف دەکەن
هەروا بووه و هەروا دەبێ

واتە: مەردان و پیاوان درۆ و گەزاف دەکەن و لە ڕێگەی ڕاست لادەدەن و قسان بەهۆی تەلەوە لە ڕێگەی دوور بەیەک دەگەیەنن و ئەوسا ڕامیاری و شەڕۆشۆڕ لەناو ولاّتدا بلاّودەبێتەوە.

هۆنەر لەم بەندەدا دیاردی دەکاتە بێ تەل و تەلەفۆن و تەلگراف کە خەڵک بەهۆی ئەمانەوە لە ڕێگەی دوورەوە قسەی خۆیان بەیەکتر دەگەیەنن. لە دەوری کۆن لە ئێراندا خەڵک بەهۆی ئاورکردنەوە هەواڵیان بەیەکتر دەگەیاند. لە هەندێ ولاّتی تریشدا بەهۆی کۆتری نامەبەرەوە ئەم کارەیان دەکرد تاکەود شاپ لە ساڵی ١٧٩٤ی زایینیدا تەلگرافی هەواییی داهێنا و پاشان کۆک هەر لەو ساڵەدا بەهۆی ئەلکتریستەی ئاسن ڕفێنەوە پەیامی لە شوێنێکەوە دەگەیاندە شوێنێکی تر، بەڵام ساموێل مۆرس لە ساڵی ١٨٣٢ تەلگرافی بەچەشنێکی تر داهێناوە. پاش ئەو گراهام بیل تەلەفۆنی بەدی هێناوە لە ساڵی ١٩٣٠یشدا مارکونی دەستگای بێ تەلی داهێناو بەم چەشنە بێ تەل و تەلەفۆن و تەلگراف لە جیهاندا بلاّوبوونەوە و لە ڕۆژگاری قاجارییەکاندا تەلگراف هاتە ئێران و کەڵک و سوودیان لێ وەرگرت.

٥

تەیرێ وەک ڕەعد و بەرق دەبێ　　گوێچکەی لە دووکەڵ غەرق دەبێ
دەشت و دەری پێ لەق دەبێ　　بەرووی هەوا مۆلەق دەبێ
هەروا بووه و هەروا دەبێ

واتە: پەلەوەرێک وەکو برووسکە دەبرووسکێنێ و لە گوێیەوە دووکەڵ هەڵ دەستێ و خەڵک دەشت و کێوی پێ دەبڕن و ئەو پەلەوەرە بەڕووی هەواشدا ڕادەوەستێ و مۆلەق دەبێ.

هۆنەر لەم بەندەدا دیاردیی کردووەتە سەر بەدیهاتنی فڕۆکە و مووشەک و ئەم جۆرە شتانە. کەڵکەڵەی فڕین بەئاسمانەکاندا هەر لە مێژەوە لە مێشک و دڵی ئادەمیزاددا بووە و مرۆ ویستوویەتی لە زەوییەوە وەکو پەلەوەر بفڕێتە ئاسمان. لە ئەفسانەکانی یونان و چین و ئێراندا ئەم هەوایە دەبینرێ و لە ئەفسانەکانی کوردیشدا هاتووە کە یەکێ لە



سەردارەکانی کورد سواری چەرخ و فەلەک بووە و ئاسمانی پێ بڕیوە.

لئۆناردۆ داوینچی لە یەکێ لە پەڕتووکەکانی خۆیدا دەڵێ: مرۆ سەرئەنجام بەهۆی باڵی بزوێنەرەوە دەتوانێ وەکو پەلەوەران بفڕێتە ئاسمان وە هەر ئەم زانایە لە ساڵی ١٥٠٠ی زایندا دەزگایەکی دروست کرد کە ماوەیەک فڕییە ئاسمان و لە شوێنێکدا نیشتەوە. لە ساڵی ١٦٧٨دا فەرەنسەوییەکان دەستگایەکیان داهێنا کە باڵەکانی ئەو دەزگایە بەهۆی مرۆو دەجووڵایەوە تا لە ساڵی ١٩٠٣دا برایانی ڕایت لە ئەمەریکادا فڕۆکەیەکیان داهێنا کە بەهۆی ماتۆڕی نەوتییەوە کەوتە فڕین و بۆ یەکەمین جار مرۆ توانیی بفڕێتە ئاسمان و بەفڕۆکە شار بەشار بکاو پاشان چەشنەکانی فڕۆکە هاتەدی.

٦

گەلێ دڵم بەتەنگ دەبێ　　سەدای تۆپ و تفەنگ دەبێ
شەڕی سەرباز بەشەنگ دەبێ　　ئێران دیلی فەرەنگ دەبێ
هەروا بووه و هەروا دەبێ

واتە: دڵم زۆر تەنگ دەبێ و دڵتەنگ و زویر دەبم، چونکە دەنگی تۆپ و تفەنگ لە هەموو لایەکەوە هەڵدەسێ و ئەوسا سەرباز بەفیشەک شەڕ دەکا و جیهان بەجارێ ئەکەوێتە ناو هەراو ئاژاوەوە و ئێرانیش دیلی فەرەنگ دەبێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە.

هۆنەر لەم بەندەدا دیاردی ئەکاتە شەڕی یەکەمی جیهانی کە فەرەنگەکان ئێرانیان پێشێل کرد. شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە ساڵانی ١٩١٤– ١٩١٨ی زایینیدا ڕووی داوە، بلیۆن و نیوێک کەوتوونەتە ناو شەڕ و هەنگامە. لەم شەڕەدا ٣٤٠ ملیۆن لە هاوپەیمانەکان چوونە گژ ١٦٠ ملیۆن ئەڵمانی و نەمسەوی و مەجەری و تورکیدا. لەم شەڕەدا شەست ملیۆن کەس لەژێر چەکدا بوون و هەشت ملیۆنیان لە پێناو چلێسیی چەند کەسێکدا کوژران و هەژدە ملیۆنیش بریندار کەوتە ناو جیهانەوە، وە دوای شەڕەکەش هەڤدە ملیۆن کەس بەبرسیەتی و دەربەدەری و نەخۆشی و ڕشانەوە و پەرێشانییەوە مردن کەواتە چل و سێ ملیۆن کەس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوون بەگاووگەردوونی چەند کەسێک.

بناغەی ئەم شەڕەش ئەوە بوو کە فرنسیس شای سوربیا لەگەڵ ژنەکەیدا لەناو دروشکەدا بوون و لە لایەن چەند کەسێکەوە تیرۆر کران و ئیتر ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕو ئاژاوەیە کە سەری ئەو هەموو خەڵکەی تیا برد.

٧

(عـێل بەگی) دی دڵگیـر دەبێ     فـەرەنگسـتـان زنجـیـر دەبێ
ئێـران و ڕۆم نەخـجـیـر دەبێ     ئەوسـا فـەزا تەسـخـیـر دەبێ
هەروا بووە و هەروا دەبێ

واتە: عێل بەگی زویر و دڵگیر و خەفەتبار دەبێ، چونکە فەرەنگستان وەکو زنجیر دەلکێ بەیەکەوە و فەرەنگەکان بۆ گرتنی وڵاتە ئیسلامییەکان یەکدەست دەبن و ئەوسا ئێران و ڕۆم بەدەستی ئەوان دەگیررێ و لە پاشا ئاسمانەکان بەدەستی مرۆو ئەگیررێن.

مرۆ هەر لە مێژەوە کەڵکەڵەی پەرواز لە ئاسمانەکان و گرتنی ئەستێرەکان و مانگی لەسەردا بووە و بەهیوای ئەو ڕۆژە بووە کە بتوانێ لەناو مانگ و ئەستێرەکاندا دابەزێ و لە ناویدا بگەڕێ و سەر لە چۆنییەتیی مانگ و ئەستێرەکان دەربێنێ و ئەم هەویایەش لە ناو ئەفسانەکانی گەلانی جیهاندا دەبینرێ. هەروەها دەزانین کە ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٦١ گاگارینیان بۆ گەڕان بەدەوری گۆی زەویدا ناردو بەم چەشنە ڕێی گرتنی ئاسمانیان بۆ بنیادەم کردەوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٦٩دا ئاپۆلۆی یانزە و دوانزە لە گۆی مانگدا دابەزین و سەر نشینەکانی گەلێ ئاگەدارییان لە بارەی مانگەوە بەدەست هێنا پاشان زانایانی جیهان کەوتنە بیری ئەوەی کە لە ئەستێرە گەڕۆکەکانیش زانیاری بەدەست بێن و ئەوسا وڵاتە گەورەکانی جیهان گەلێ کەشتی ئاسمانیان ناردە ئەستێرەکانی برجیس و بارام و کەیوان و بەم جۆرە پێی مرۆ لە فەزادا کرایەوە.

٨

تاعەت بەمەجبووری دەبێ     دی بازاڕی بلووریی دەبێ
چینی و فەغفـووری دەبێ     گوڵبانگی جەمهووری دەبێ
هەروا بووە و هەروا دەبێ

واتە... پەرستنی خوا بەزۆرەملێ بەخەڵک ئەنجام دەدرێ و خەڵک بەزۆر ناچار دەکەن کە نوێژ بکەن، ئەوسا بازاڕ پڕ لە دەفری بلوور و چینی دەبێ و دەنگی کۆماری لە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە و ڕژێمی وڵات لە پاشایەتییەوە دەگۆڕێتە کۆماری.

وشەی کۆمار یا جەمهووری هەر لە مێژەوە لەناو گەلاندا باو بووە. ئەفلاتوون پەڕاوێکی بەناوی کۆمار یا جەمهوور نووسیوە و لەم پەڕاوەدا دەڵێ: ئەو کەسانەی کە لە باری خوو و ڕەوشت و بیری بەرزەوە باڵادەستن هەیە، دەبێ لەلایەنی خەڵکەوە هەڵبژێرێن تا ڕێبەرایەتیی




خەڵک بگرنە ئەستۆو وڵات بەویستی خەڵک ببەنە ڕێوە.

لە کۆمارییەکانی ڕۆمدا دەوڵەت بەدەستی هەڵبژێرراوەکانی چینی دەرەبەگ بوو، وە تورکەکانی عوسمانی وشەی کۆماریان لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدەمی زاینیدا لە وشەی (جمهور)ی عەرەبی بەواتای خەڵک داهێنا. لە ڕژێمی کۆماریدا دەبێ خەڵک بەویستی خۆیان نوێنەرێک هەڵبژێرن و ئەو نوێنەرە وڵات بەڕێوە با و ئەگەر ساتمەبردن و هەڵەیەک لە کارەکەیدا بینرا خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە ڕای گەین، و ئەگەر بەقسەیانی نەکرد دەتوانن لەسەر کار لایبەن و یەکێ تر هەڵبژێرن.

دیوانەکەی عێل بەگی لەلایەن دانەرەوە لە ساڵی ١٣٦٠ بۆ جاری یەکەم لە چاپ دراوە کە دەتوانن بڕواننە ئەو پەڕاوەدا.

سەرچاوەکان

١– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا ١٩٥٢.
٢– دیوانی مەلا پەرێشان – فەتالی حەیدەری – کرماشان. ١٣٣٠.
٣– دیوانی عێل بەگی جاف (دەستنووس).
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعێل بەگی.



نموونەی لاپەڕەی دوایی دەستخەتێکی دیوانی عێل بەگی کە لە ساڵی ١٢٧١ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

## شێخ شەهاوی کاکۆ زەکەریایی

۱۰۰۳ –۱۰۷۲

ئەم زانا هەرەبەرزە ناوی شێخ شەهابەدین و کوڕی شێخ ڕەزییەدینی کاکۆ زەکەرییاییە و بەپێی پەڕاوی (نور الانوار) لە ساڵی ۱۰۰۳ی کۆچی لە دێی کاکۆ زەکەریا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە حەڤدە ساڵیدا لەسەر دەستی باوکی خوێندنی تەواو کردووە و لە بیست و دوو ساڵیدا دەستی کردووەتە ڕێنموونی و ڕێ پیشاندانی خەڵک و لەسەر ڕێ و شوێنی ڕێ و ڕچەی نەقشبەندی چووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ۱۰۷۲ لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا لە دێیەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کردووە و هەرلەوێ نێژراوە.

شێخ شەهاو خواناس و زانایەکی هەرە بەرز بووە و خەڵک زۆر ڕێزیان گرتووە و مەولانا عەبدوڕەحمانی بانەیی پارچە هەڵبەستێکی تەڕ و پاراوی لە ستایشی شێخ شەهاودا هۆنیوەتەوە و تیایا باسی خواناسی و زانایی ئەوی کردووە. خاوەن پەڕاوی (نورالانوار) دەڵێ: کاتێ لەشکری سەفەوی هاتە سەر مەریوان و لە دێی کاکۆ زەکەریا، خەریکی تاڵان و چەپاو و کوشت و کوشتاری خەڵک بوون و ئەوسا شێخ لە خوا پاڕایەوە کە بەسزایان بگەینێ و دەڵێن کە ئەو لەشکرە لە پاش پاڕانەوەکەی شێخ نزیکەی دوو هەزار کەسیان تووشی دەرد و نەخۆشی بوون و مردن و ئەوانەش وا مابوون لە گەڕانەوەدا بەدەردەوە لەناوچوون. دەڵێن کاتێ لەشکری سەفەوی کەوتە تاڵان و چەپاو کوشتوکوشتاری خەڵک، شێخ شەهاو ئەم پارچە هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە کە دەڵێ:

پیر یونس هانا، پیر یونس هانا      مەزڵوومان دایم لای تۆشەن هانا

نەبیرەی ئەکرەم شاه مەردانی      فەرزەند دڵبەند شێخ زەکەریانی

پەی وایە مەندان عەجەب دەریانی      چون شێر کەمین حازر مەیدانی

ئینتقام جاگەی بابای ئەکرەمت      بەشەپۆل کین قەلب قولزەمت

بستان جە لەشکر دوشمن بێ ئەندێش      نمازی یەکێ بشۆ وە جای وێش

واتە: ئەی پیر یونس هانا! ستەملێکراوان هانا دێننە بەر تۆ، چونکە تۆ نەوەی شای مەردانی و کوڕ و جگەرگۆشەی شێخ زەکەریایت، وە وەکو شێر لە پەنادای، دەسا هانایە کە تۆڵەی ئێمە لە لەشکری دوژمن بستێنەو مەهێڵە تاقیان دەرچن. (شەهاب) هەرچی بێ وەچی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە و نەوەی پاکی عەلی و بەتوولە.



شێخ شەهاب کاتێ گەیشتووەتە بارەگای بەرز و پاکوخاوێنی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، ئەم پارچە هەڵبەستەی لە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، هۆنیوەتەوە کە دەڵێ:

جەماڵێوەم دییەن یاران تەعالا سونع ڕەببانی

مەلایک یا پەریزادەن بەوێنەی شکڵ ئینسانی

یەدەینش چوون یەد بەیزا، دوو ئەبرۆش نەقش بیسمیللا

دوو دیدەش نەرگس شەهلا، (ومازاغ البصر) خوانی

بەعاریز مەشعەل نوورەن، بەباڵا شەمع کافوورەن

جەبینش مەتلەع نوورەن، پەرێ ئەفواج نوورانی

بەگۆنا یوسف چاهەن، بەخەت خزروبە ڕوو ماهەن

بەلەب عیسای مەسیحاهەن، مەبەخشۆ ئاو حەیوانی

بەدندان شەککەرو قەندەن، بەباڵا شۆخ و دڵبەندەن

هەزار دڵ پەیش ئەرامەندەن، یەکێ چون پیر کەنعانی

جە دەفتەرخانەی شاهین هەزاران سەد هەزارانەن

نییەن مەیلش جە کەس پەرسۆ عێراقی یا خوەراسانی

دوو موشکین قەوس ئەبرۆشەن، ڕەوایی دڵبەریش دۆشەن

(شەهاب)ش پەی سیاپۆشەن، خودا وینۆش بەئاسانی

واتە: ئەی یاران! جوانی کەسێکم دیوە کە خوای مەزن ئەو جوانییەی پێ بەخشیوە، نازانم بڵێم فرێشتەیە یا پەریزادەیە؟ هەر چی هەیە لە پەیکەرە و لەش بنیادەمە دەستەکانی وەکو دەستی سپی هافی مووسایە و برۆکانی نەخشی (بسم الله)یە.

چاوەکانی وەکو نێرگسەو کوڵمەکانی وەکو تیشکەو باڵای وەکو شەمەو تەوێڵی دەڵێی تیشکی خۆرە کە هەڵدێ و گۆنا دەڵێ یوسفە لەناو چاڵدا و لێوی وەکو عیسایە و ئاوی ژیان بەمرۆ دەبەخشێ و ددانەکانی شەکر و قەندەو باڵای بەرز و شۆخ و دڵگیرە وە هەزار دڵ ئەرامەندەو سەرگەردانییە، وە لە دەفتەرخانەی شاییی ئەودا هەزار هەزار کەس ڕاوەستاوە بۆ دیتنی، برۆکانی موشکینی وەکو کەوانە و شەهابیش بۆی قەڵاخییە کە بەڵکو بەئاسانی چاوی پێ بکەوێ.

بەداخەوە هۆنراوەکانی شێخ شەهاو کۆنەکراونەتەوە و ئەو دووپارچە هەڵبەستەش کە لێرەدا هێنامانەوە لە پەڕاوی (نورالانوار)دا نووسراون.

سەرچاوەکان

١– بنەماڵەی زانیاران– دانراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس– بەغدا ١٩٨٤
٢– چەمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان، وەرگێڕاوی حەمەی مەلا کەریم بەغدا ١٩٧٠
٣– نورالانوار تالیف. سید عبدالصمد توداری  کە لە ساڵی ١٠٩٩ کۆچی نووسراوە.
٤– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

## کەلبالی خانی ئەردەڵان

٠٠٠٠– ١٠٨٩

کەلبالی خان، کوڕی سلێمان خانی ئەردەڵان، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمی کۆچی لە دێی حەسەن ئاوای سنەدا لەدایکبووە و هەر لەوێشدا لە لای زانایان خەریکی خوێندن بووە و لە ساڵی ١٠٦٨ی کۆچی بەفەرمانی شا عەباسی دووەم (١٠٥٢– ١٠٧٧ی کۆچی) کراوەتە والیی ئەردەڵان و لە سەرەتای دەسەڵاتدارییتەکەیدا خەڵکی خووزستان ڕاپەڕین و ئەویش بەلەشکرێکەوە هێرشی بردە سەریان و سەرئەنجام هوێزە و تەواوی ناوچەکانی تری خوزستانی داگیر کرد و سەرکێشەکانیشی بەسزای خۆیان گەیاند و گەڕایەوە. وەکو  دەڵێن کەلبالی خان بۆ ئاوەدانی و هێمنیی خەڵکی کوردستان زۆر تێ کۆشا و گەلێکیش بەخشندە و جوامێر بووە و نزیکەی بیست و دوو ساڵ والییەتیی کردووە و ساڵی ١٠٨٩ کۆچی کردووە و تەرمەکەی لە دێی حەسەن ئاودا نێژراوە.

مەستوورەی کوردستانی لە مێژووی ئەردەڵاندا سەبارەت بەکەلبالی خان دەڵێ: ئەو پیاوێکی بەخشندە و دادگەر و دڵپاک و بەبەزەیی بووە، زۆر حەزی لە ئاوەدانی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و زانیاری کردووە و گەلێ پرد و مزگەوت و گەرماو و ڕێ و باخ و بێستانی لە کوردستاندا دروست کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزی بەکۆبوونەوە لەگەڵ هۆنەران و زانایانی کورد کردووە و هۆنەرانی هان داوە کە بەکوردی هۆنراو بهۆننەوەو خۆیشی لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە هەندێکی لە شوێن بەیادگار ماونەتەوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم والییەیە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| بینایی دیدە، بینایی دیدە | ڕۆشنیی نووربەخش بینایی دیدە |
| باڵا سپی سەوڵ شا پەسەندیدە | فریشتەی شەریف حەق ئافەریدە |
| دیدە ئاهووی وەحش بیابان وەتەن | سونبوڵ نەورەس ڕەوێڵەی خوتەن |
| لەب جام یاقووت پڕ جە مرواری | دەنگ ڕێزەی شەربەت شەفای بیماری |



| | |
|---|---|
| بیان بەسوورەت فەرهاد کەندە سەنگ | ئەندامت ڕاستەن باڵا شۆخوشەنگ |
| (کەلب عەلی) حەیران زوڵف وەشبۆتەن | پێکیای خەدەنگ موژەو ئەبرۆتەن |

واتە: ئەی بینایی دیدە و ئەی ڕووناکیدەری چاوەکانم! ئەی باڵا سپی سەوڵی شاپەسەند و ئەی فریشتەی جوان کە خوا بەم جوانییە خوڵقاندووتی، ئەی ئاسکی دەشت و لاسکی تازەڕواوی خوتەن، لێوت وەکو یاقووت و مرواری وایە و دەنگت دەردی دەردەدار چارەسەر دەکا، ئەوا من وەکو فەرهادی بەردتاش مات و سەرگەردانی ئەندامی ڕاست و باڵای شۆخوشەنگت بووم، کەلبالی سەرسامی زوڵفی بۆنخۆش و پێکاوی تیری برژانگ و برۆتە.

سەرچاوەکان

١– تاریخ مردوخ (ج ٢) تالیف أیت الله مردوخ– تهران ١٣٢٤.
٢– تاریخ اردلان اثر مستورەء کردستانی بەاهتمام ناسر أذاد پور– سنندج ١٩٤٦.
٣– شرفنامه تألیف امیر شرفخان بتلیسی باهتمام محمد عباسی تهران ١٣٥٦.
٤– شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی وەرگێڕاوی هەژار– تاران ١٩٨١.
٥– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەکەلبالی خانی ئەردەلان.

## شێخ ئەحمەدی تەختەیی

١٠٢٦– ١١٣٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی شێخ مستەفای تەختەییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٠٢٦ی کۆچی لە دێی تەختە لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە.

ماوەیەک لە نۆدشە بووە و ماوەیەکیش لە بیارە خوێندوویەتی و سەرئەنجام لە سنەدا خوێندنەکەی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٣٤ لە تەمەنی سەدوهەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

مەلا ئیسحاقی تەختەیی لە پارچە هەڵبەستێکی فارسیدا ئەوی لاواندووەتەوە و داخ و موخابنی بۆی خواردووە و دەڵێ: کە هەموو کەسێ خۆشی دەویست و بەهۆی مردنیەوە، جیهانێک کەوتە ناو خەم و پەژارەوە و لە پاشا مێژووی مردنی دیاری دەکا کە دەکاتە ساڵی هەزار و سەد و سی و چواری کۆچی، وەکو دەڵێ:

دریغـا احـمـد أن شـیخ زمـانـه          برون رفت از جـهـان بگذاشت منزل

قبـول خـاص وعـام خلق می بود          بەپیـــش جمله عـالـــــم بود مـقبل

ز فوت او جـهانی گشت غمگین          از أن تاریـــخ مرگش شد (غمین دل)

شـێخ ئەحـمـەد بەیەکێ لە زاناکـانی هەرەبەرزی کورد دێتـە ژمـار و گـەلـێ ودمی داوەتە فەقێیان و وەکو دەڵێن هەمـوو حەوتەیەک دووجار بۆ خەڵک دواوە و خـەڵکی ڕێنوێنی کردووە و لە مـاوەی تەمـەنی خۆیدا گـەلێ پەڕاو و نامـیلکەی بەزمـانی فـارسی و عـەرەبی سـەبارەت بەئاینی پیرۆزی ئیسلام نووسیوە و هـەروەها لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گـەلێ هۆنراوی بەفـارسی و عـەرەبی و کوردی هـۆنیـوەتەوە کـە بەداخـەوە هێشتا لە چاپ نەدراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەمان دەڵێ:

دیـــدەم لـــواوە دیـــدەی مـــن دیـــا
دیدەم دیدەش کـــەرد جـــە دیدەم جـیـــا
دڵ شـی وە دومـــای دیدەو گـــیـــانم
مـــەر پەرســـۆ هـەواڵ دیدەی دیدانم
بەڵێ هـەواڵ دا، دڵ وەلای گـــیـــانم
وا کـــە بێ دیدە چۆنشـــەن ژیان
بەبۆ بەخـــەڕوو، قـــاعـــدە ئێـــدەن
چـــۆن دیـــدەم دیـــان دیـــدە وا دیـــدەن
گـــیـــان کـــە ئەژنیش واتەی دیدەو دڵ
بەرشی جـــەلای من شی وە دمـــای دڵ
بەهـیـمـــەت یاربان خـــوێش و بێگانان
پاکـــیـــان لوا گـــرد وە لای گـــیـــانیـــان
من مـــام چەنی چەور ســـەخت تەنیـــایی
ڕوو بـــە ڕوو بـــڕیـــای ڕۆی ئـــەلـــوەدایـــی

سەرچاوەکان

١- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەهۆنەرانی کورد

٢- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش سنووسراوە.



## بێسارانی

١٠٥٣- ١١١٤



ئەم هـۆنەرە پایەبەرزە کـە یەکێ لە ئەسـتـێـرەکـانی هەرە بەرزی ئاسمانی کوردەوارییە ناوی (مـەلا مستەفا) و کوڕی (مـەلا قوتبـەدین)ی بێسـارانییـە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کـە لە دەسـتـدایە، بێـسـارانی لە سـاڵی ١٠٥٣ی کـۆچی لە دێی بێسـاران پێی ناوەتە مـەیدانی ژیانەوە. بێسـاران یەکێ لە دێیـەکانی ناوچەی ژاوەرۆیە کـە کـەوتووەتە لای خـۆرئاوای هـەورامانەوە.

بێسـارانی هـەر لە سـەردەمی منداڵیدا خـەریکی خـوێندن بووە و سـەرەتا پەڕاوەکـانی فـارسیی وەکو: (گـوڵسـتـان) و (بووسـتـان)ی خـوێندوون و لە پاشـا بۆ خـوێندن هەمـوو شـوێنەکـانی هەورامـان گـەڕاوە و لە نۆدشـە و پایگـەلان و شـاری سنە فـەقێیـەتیی کـردووە و هـەر لە سنەش خـوێندنەکـەی تەواو کــردووە و ودمی مــەلایەتیی وەرگــرتووە و گــەڕاوەتەوە بۆ بێـســاران و لەوێدا خــەریکی ڕێنمـوونیی خـەڵک و وانە وتنەوە بووە و گـەلێ ودمی بەفـەقێـیان داوە و ژیانی بـەم چەشنە ڕابواردووە تا لە سـاڵی ١١١٤ی کۆچی لە تەمەنی ٦١ سـاڵیدا هەر لە دێی بێساران کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی (پیرە هەژار)دا نێژراوە.

بەپێی (شـەجـەرەنامە)یەک کە مـەلا محـەمـەدی قـازیی جوانرۆ نووسیـویەتی، بەرەی قـازی دەچێتـەوە سەر نەتەوەی مـەلا مستـەفای بێسـارانی و، شەجـەرەنامـەیە بەم جۆرە نووسراوە: مـەلا محـەمـەدی قـازی، کوڕی مـەلا مـەحموود، کوڕی مـەلا مـەهدی کوڕی مـەلا هادی کوڕی مەلا قاسم، کوڕی مەلا مستەفای بێسارانی، کوڕی مەلا قوتبەدین کوڕی مەلا شـەمسـەدینە، کە بەپێی ئەم ڕەگـەزنامەیە قـازی لە دەوروبەری سـاڵی ١٢٩٠ی کـۆچی لە ژیاندا بووە و هـەر بەپێی ئەو بەڵگەش ئەو چەند پشتـە کـە تا مـەلا مـستـەفـای بێسـارانی هاتووەتە خـوارەوە نزیکەی ١٨٠ سـاڵی خـایانـدووە و ئەگـەر ئەو مـاوە لەم مـێـژووە کـەم بکرێت سـاڵی ١١١٠ی کۆچی پێک دێت کە لەگەڵ ساڵی لەدایکبوون و مردنی بێسـارانیدا ڕێک دەکەوێ کـەوابوو بێسارانی لە سەدەی یازدە و دوازەدی کۆچیدا ژیاوە.

مـامـۆسـتـا (عـەلائەدین سـەجـادی)یش لە پەڕاوی (مـێـژووی ئەدەبی کـوردی)دا دەڵێ: بێسارانی لە سـاڵی ١٠٥٢ی کۆچیدا لە دێی بێسـاران هاتووەتە دنیاوە و لە سـاڵی ١١١٣ی

کۆچی لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانەکەی بەینی دووڕوو و ڕەزاو و تەراخاناوادا نێژراوە. پرۆفیسۆر مینۆرسکیش لای وایە کە بێسارانی لە ساڵی ١١٧١ی کۆچیدا مردووە و دیارە لە دایکبوونیشی بەقسەی ئەو دواتر کەوتووە کە ئەمەش هەڵەیە و دروست نییە.

بێسارانی وەکو زۆربەی هۆنەرانی تری کورد شەیدای سروشتە جوانەکەی کوردستان بووە و دیارە دیمەن و چاوەندازی زێد و مەڵبەندەکەی دەرگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە و وەکو بولبولی سەرچڵی دارانی بێساران کەوتووەتە نەواخوانی و لە پاڵ ئەمەشەوە شۆخوشەنگیی یارە خۆشەویستەکەی ئەوەندەی تر ئاگری کورتژمی خۆش کردووە.

دەگێڕنەوە و دەڵێن کە بێسارانی لە تافی جوانی و لاوێتی لە دێی پایگەلاندا گراوی ئامینە ناوێک بووە و شۆخوشەنگیی ئەم کچە بەجارێ کاری کردووەتە سەری و ئیتر بەجارێ سەرچاوەی هۆنراوی هەڵقوڵیوە و دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە.

دەڵێن جارێکیان بێسارانی لە دێی پایگەلاندا دەچێتە سەربانی مزگەوتەکە کە چاوی بەیارە خۆشەویستەکەی بکەوێ، بەڵام دارتوویەک لە حەوشەکەدا دەبێ و لەبەرئەوەی لقوپۆی بەناوی حەوشەکەدا بڵاو بووبووەوە، بێسارانی نەیتوانی بەئاواتی دڵی بگا و ئەمەش بووە هۆی پەژارە و خەفەتێکی قورس بۆ ئەو و ئەوسا لە کانی دڵەوە ئەم هۆنراوانەی هۆنییەوە:

چڵێ جە پەنا، چڵێ جە پەنا  چڵێ چۆن ڕەقیب مەدران جە پەنا
هۆرئامان مەدران نە ڕووی تەمەننا  مەر باد قودرەت بدەرۆش فەنا
وە باد قودرەت لەتار لەتار بۆ  نمازۆ بالای قیبلەم دیار بۆ
بسۆچۆ باهیر بازەدەی سەحەر  ڕیشەش جە زەمین بەربارۆ وە بەر
تا بالای قیبلەم چۆن شەم خانان  بوینووش وە چەم جە بەرزە بانان

واتە: چڵ و لقێک لە پەناوە وەکو مێمڵ و مڵۆزم دیارە و خۆی داوە بەسەر خۆشەویستەکەمدا و ناهێڵێ چاوم پێی بکەوێ و بالا و بەژنی جوانی ببینم. مەگەر بای قۆرەتی خوایی لێ بدا و بەجارێ لە ناوی بەرێ و، بەهۆی ئەو پایەوە لەت و پەت و پارچە پارچە بێ، چونکە ناهێڵێ بەژن و بالای یارە خۆشەویستەکەم دیار بێ. یاخوا بەو بایە کە لە بەرەبەیاندا هەڵدەکا بسووتێ و بگەشێتەوە و بنج و ڕیشەکەیشی لە زەوی دەربێنێ تا بەژن و بالای یارە شۆخوشەنگەکەم وەکو شەمی ماڵە گەورەکان بەچاوی خۆم لە سەر بانە بەرزەکانەوە ببینم.

بێسارانی لەگەڵ یارەکەیدا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و گلەو سکالا کردن و پێی دەڵێ: ئەی



خۆشەویستەکەم! ئەگەر ساتێ لە تۆ دوور کەومەوە، یا خوا نەمێنم کە ئەو ڕۆژە ببینم، کەڵکەڵە وەکو نەشتەر دڵم لەت دەکا و، دڵ ڕقی خۆی بەچاوان دەڕێژێ و لافاوی زووخ و کێم دەخاتە ڕێ، بەم چەشنە چاوانم سۆما و بیناییان تێدا نامێنێ و، دنیا لەبەرچاوم تاریک دەبێ، دەسا بیکە بەخاتری شای شایان ئەی خۆشەویستەکەم لەناو چاوانمدا دانیشە، چونکە بینایی چاوانم تۆیت:

چراغ ئەر ساتێ، دوور گنوون جەتۆ  نەمانوون شەڵڵا، بوینوون ئەو ڕۆ
خەیاڵ چون نەشتەر، دڵ مەکاونۆ  دڵ جە دیدەم سەیل زووخ مەتاونۆ
دیدەم بینایی تێش نمەمانۆ  پەڕوباڵ نە دەور زوڵمات مەشانۆ
بەشق شای شاهان، هەی بەرگوزیدە  بیناییم تۆنی بۆ شۆم نە دیدە

بێسارانی بەپێچەوانەی ئاوات و ئارەزووی خۆی لە یارە خۆشەویستەکەی دوور دەکەوێتەوە و، لە دووریی یارەکەی ژیانی بەجارێ لێ تاڵ دەبێ و هەموو دەم فرمێسک دەڕژێنێ ئەڵهای دیتنی ئەو دەکا و بەم چەند هۆنراوە یادی دەکا:

چراخم نە جەرگ، چراخم نە جەرگ  هیجران دووریت چنگ پێکان نە جەرگ
سەرتاپا سیا قەلاخیمەن بەرگ  هەر ڕۆ مەوازوون سەد ئاوات بەمەرگ
دیدەم بێ نوورەن جە تاو ئەسرین  هوون جێش مەتکیۆ چون سفتەی برین
جەوساوە دیدەم دوور کەفتەن جە تۆ  لێلاویش لێلەن لێلاوتر مەبۆ
ڕۆشنی بسات لێم بیەن بەتار  زیندەگیم تاڵەن وێنەی ژار مار
کەسێ کە بەی تەور حاڵ و جەستەش بۆ  پێسە جۆیای وەسڵ ئاوات وەستەش بۆ
خاسش هەر ئێدەن مەرگش مێمان بۆ  مەگەر ئەو بە مەرگ دەردش دەرمان بۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم، دووریت چنگی لە دڵ و جەرگم هەڵپێکاوە و ئەوا منیش بەرگی ڕەشم بۆی لەبەر کردووە و هەموو ڕۆژێ سەد جار بەئاواتی مەرگم. لەو ڕۆژەوە کە چاوم لە تۆ بڕاوە و لە تۆ دوور کەوتوومەتەوە چاوم پڕی بووە لە فرمێسک و بەجۆرێ کە خوێنی تێ زاوە و ڕووناکیی تێدا نەماوە و، ڕووناکی ژیانم لێ تاریک بووە و ئەوەتە ژیانم وەکو ژاری مار لێ تاڵ بووە. کەسێک کە ژیانی بەم چەشنە ڕابوێرێ و بیەوێ بەخۆشەویستەکەی بگات، باشتر وایە مەرگ ببێتە مێوانی، چونکە هەر بەهۆی مەرگەوە دەتوانێ چارە و دەرمانی دەردی خۆی بکات.

بێسارانی گراو و سەوداسەری سروشت و جوانییە و، بەقووڵی سەرنجی سروشت دەدا و پێیدا هەڵدەڵێ، ئەو زۆرتر لە ڕاستەقینە دواوە و ئەوەی بەچاو کە بینیویە لە هۆنراوەکانیا پیشانی داوە و، لە کەڵکەڵە و خەیاڵیش بەهرەی وەرگرتووە. ئەو گراوی دیمەنە جوانەکان و

کێوه بەرزەکان و قەڵبەزەکان و باخ و گوڵزارە ڕەنگینەکانی هەورامانە و باسی دیمەنی جوانی هەورامانی بەوشەی جوان و ساکاری کوردی لە هۆنراوەکانیدا کردووە و دیارە هۆنراوەکانی ئەو لە سەرچاوەی ژیانی کوردەوارییەوە هەڵقوڵیون. لەم پارچە هەڵبەستەیدا باسی سروشتمان بۆ دەکا و دەڵێ:

چراغ وەنەوشە، چنوور چەنی گوڵ    عەزم ڕای وساڵ تۆشان ها نە دڵ
چنوور جە سەرکۆ، وەنەوشە جە چەم    گوڵ جە گوڵستان وە هەم بیەن جەم
واتشان بەمن بەندەی فلانی    چۆن حاڵ زانەنی بەحاڵ مەزانی،
بۆ نە ڕای ئەڵلا بکەرە کارێ    بیاومی بەوەسڵ ئەو دڵبەر جارێ
چراغ یا هەر سێم بەستن بەدەستە    جە دەستە، دەستەی زگاران بەستە
هەر سێم یا ئاوەرد چون خاکساران    هەر یەک وایەی وی وە چەم مەداران
چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن    وەنەوشە سەودای خاڵ خەیاڵشەن
گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چون شەم    جە دووریت نشتەن نە پاش خار خەم
ساحێب مایەنی بڵند بۆ پایەت    باوایە گێران هەر مایۆ جە مایەت

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم، وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵدا سەودای دیتنی تۆیان کەوتە دڵ، چنوور لەسەر کێو و وەنەوشەش لە چەم و گوڵیش لە گوڵستان یەکیان گرت و کۆبوونەوە و، هەرسێکیان شەیدای تۆ بوون و دەیانەوێ بێنە لات و تێر تێر سەیرکەن باڵای ئالات، ئەوا هەر سێکیانم بەدڵی زویر و دەستی بەستەوە هێنایە لات، چنوور بۆ زوڵفت حاڵی پەشێوە و وەنەوشەش بەهیوای خاڵانتو گوڵیش بۆ ناوچەوانت وەکو شەم دەسووتێ و بەهۆی دووریتەوە دڵی پڕ لە پەژارەیە، دەسا تۆ کە پایەبەرز و خاوەن مایەی، ئەوا ئەوان هاتنە لات تا بەئاوات بگەن.

بێسارانی ڕۆژگار بەسەریا تێ ئەپەڕێ و کەم کەم ڕدێنی سپی دەبێ و داخ و موخابنی دەوری منداڵی خۆی دەخوا و دەڵێ: ئاخ و داخ بۆ خولی منداڵی، چونکە لەو دەمەدا دڵم لە خەم و پەژارە خاڵی بوو و، گوێم بەهیچ چەشنە تانە و خۆشی و ناخۆشییەک نەدەدا و، لەگەڵ یاراندا هەر گەمە و یاریم دەکرد و دەچوومە باوەشی نازک نازداران و ئەوان لەو کاتەدا ئیتر شەرمیان لێم نەدەکرد و خۆیان دانەدەپۆشی و منیش سەیری زوڵفی بۆنخۆشیانم دەکرد، ئێستاکە بەداخەوە زەمانە ڕووی لێم وەرگێڕاوە و ناسک نازدارانیش کە چاویان پێم دەکەوێ سڵم لێ دەکەن:



ئاخ پەی منداڵی، ئاخ پەی منداڵی    ئاخ وا درێغا پەرێ منداڵی
گۆشەی خاترم جە خەم بێ خاڵی    لاقەید بیم جە تەعن بە وەشی و تاڵی
هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران    مەشیم وە باوش نازک نازاران
نازاران جەمین لێم نمەپۆشان    مەکەردم سەیران زوڵف وەشبۆشان
ئیسە جە شوومیی زەمانەی باتڵ    نازاران یەک یەک لیم مەکەران سڵ

بێسارانی لە پارچە هەڵبەستێکیا بەیاران و هاوەڵانی ڕائەسپێرێ کە کاتێ مرد، لەناو دارستانی ڕەز و مێودا بەخاکی بسپێرن، دەڵێ لە نزیک تاڤگە و قەڵبەزێکەوە بمسپێرنە خاک کە پرشنگی ئەو قەڵبەزە لێم بدا، با خاکی گڵکۆکەم تێکەڵاو بێ لەگەڵ گەڵای خەزانی دارەکاندا، بەجۆرێ کە خاکی گۆڕەکەم خاکی کۆنەی سەد ساڵە بێ، بەڵکو خۆشەویستەکەم لە پڕێکدا بەبۆنەی ڕاوەوە جارێکیان بەسەر گۆڕەکەمدا تێ پەڕێ و نەزانێ ئەمە گۆڕە و پێیەک بنێ بەپێما، تاکوو بەم چەشنە دەردەکەم داساکێ، ئەگینا بەردی گۆڕەکەمیش بەهۆی ئاخ و داخمەوە ئەسووتێ:

چراخ ڕەزان بۆ، چراخ ڕەزان بۆ    خاس ئێدەن گلکۆم نە پای ڕەزان بۆ
نزیک وە پرشنگ پای قەلوەزان بۆ    ئامێتەی خاکم وەڵگ خەران بۆ
با خاک گلکۆم خاک نۆ نەبۆ    با یەکجار کۆنەی سەد ساڵ کۆنە بۆ
بەڵکە قیبلەی وێم جە ناکام جارێ    بەیۆ وە سەیران عەزم شکارێ
نابەڵەد بنیۆ پا وە گلکۆم دا    وە قەبر تازەی تەنیایی نۆم دا
تا جە ژێر سەنگ ساکن بۆ دەردم    نەبا سەنگ سۆچۆ بە ئاه سەردم

بێسارانی سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوەیەک. دڵدارێتی، کۆمەڵایەتی، ئاینی. لە باری کۆمەڵایەتییەوە گەلێ هۆنراوی هەیە کە زۆربەی پەندە و ئامۆژگاری خەڵکی کردووە، هەندێ جاریش مەبەستێکی کۆمەڵایەتیی دەربڕیوە و لەسەری ڕۆیشتووە. لە پارچە هەڵبەستێکیدا داوا لە خەڵک دەکا کە ئەو کەسانەی وا لە زێد و مەڵبەندی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و هاتوونەتە ناویان ڕێزیان بگرن و ئازاریان نەدەن و قسەی خراپیان پێ نەڵێن و نەیانڕەنجێنن، چونکە خوا خۆشی لەو چەشنە کەسانە نایێت کە غەریب بڕەنجێنن:

چراخ نە دڵەن، چراخ نە دڵەن    هەر کەس غەریبەن هەر داخ نە دڵەن
دڵەی غەریبان چون پەڕەی گوڵەن    گوڵ خار تێش نیشۆ خەیلێ موشکڵەن
گوڵ ئەر بنیشۆش خارێ نە ڕوخسار    جە زەخم ئەو خار زایف مەبۆ زار
غەریب ئەر پەنەش بواچان سەردێ    هەر سەردێ پەرێش مەبۆ بەگەردێ

دڵەی غـەریبـان مـیـسلـی گـوڵ دارۆ — کـافـر ئەو کـەســەن غـەریب ئازارۆ
مــڵک غـریبـیم بێ حـەسـاو دیەن — داخ غـەریبـیم چە حـەد بەرشـیــەن
هەر کـەس مـەکـەرۆ غـەریب نەوازی — بێـشـــک خـوداوەن لێش مـەبۆ ڕازی
هەر کەس مـەگێرۆ غـەریبان عزەت — پەی وێش مـەسازۆ جایێ نە جـەننەت

واتە: هـەر کـەسێ لە زێد و مـەڵبـەندی خـۆی دوور بکـەوێتـەوە داخـی لە دڵدایە، دڵـی ئەو چەشنە کەسانە وەکو پەڕەی گوڵە، ئەگەر گوڵ چقڵ و درۆی تێ چەقێ زۆر سـەختە، ئەگەر دڕکـێک بچـەقـێتـە پەڕەی گـوڵێک. جـێی ئەو زام و برینە سـاڕێژ نـابێتـەوە و ئەو گـوڵەش هەمـوودەم زەرد و زایف دەبێ. ئەگـەر قسـەیەکی سـارد بەغـەریبێک بڵـێن، ئەو قسـە وەکو نەشـتـەرێک دەچەقـێتـە دڵی، دڵـی ئەو کـەسـانە وەکـو پەڕەی گـوڵە و نـاخـوا و بـێ بڕوا ئەو کەسەیە کە دڵـی غـەریب برەنجێنێ و ئازاری بدا. من گـەلێ غـەریبیم دیوە و داخـی غـەریبیم چەشتووە، هەر کـەسێک غـەریبی خـۆش بوێت و ڕای گرێ بـێ گومـان خوای لێ خـۆش ئەبێ و، هەر کەسێک ڕێزیان بگرێ ئەوا جێگەی بەهەشتە و خوا بەوە پاداشتی دەداتەوە.

بێـسـارانی ئەو پەردانە دادەداتەوە و خـۆی دەخـاتە جـیـهـانێکی ترەوە و ئـیـتـر پاش ئەوە هۆنراوی لە ڕێی خواناسیدا وتووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ:

شیرین شەرم نییەن، شیرین شەرم نییەن — شیریـن پەی خاسان ئانە شەرم نییەن
پەی چی مەواچان حیجاب خاس نیــیەن — جە ئافتاو خاستەر کـەسێ کەی دییەن
ئەگەر پەی خـاسـان حیجاب خـاس مـەبی — ئافـــتـاو و مـەهتـاو کەی جودا مـەبی
کـەسێ وێنەی تـۆ شــەوق بۆ جــەمـینش — لازم پـــــەروانـان مـــەیان وە دینش
ئێــمــەیچ پەروانـەی شــــەم شناســـانیم — پـەڕ و باڵ سـفـتــەی دین خـاسـانیم
مـــیللەت پاک دین پێــغــەمــبــەرانیم — نـەک جــــە تـایفـــەی کـــەم نـەزەرانیـم
بنمـــــانە جـــــەمین نوور پاکـــتـــەن — ئـەر تۆ پـاکــەنی جــە کـێ باکــتــەن

واتە: ئەی شیرین ڕووبەند شتێکی چاکە نییە و بۆ تۆ کە شۆخوشەنگی ئەوە شـەرم نییە، ئەگەر ڕووبەند چاک بووایە، خـۆر و مـانگ لە یەک جـوێ نەدەبوونـەوە، کەسێک کـە وەکو تۆ ناوچەوانی بدرەوشـێتـەوە بێ گومـان پەپوولەکان دێنە دیتنی، ئێمـەش ئەو پەپوولانەین کە شـەم دەناسین و بەدەوریا دەسـووڕێنەوە، چونکە پـەڕ و باڵ کونکراوی دینی پیـاوچاکانین و ئێمەش وەکو پەپوولەمان لێ دێ و بۆیەش وامانە لێ دێ پەیڕەوی لە دینی پاکی پێغەمبەران دەکەین و دوایین پێـغـەمـبـەریش پێغـەمـبـەری گـەورەی ئیـسلامـە کـە ئێمـە لایـەنگری ئەوین کەوابوو تۆش ناوچەوانی پاکی خۆت دەرخە و ئەگەر پاکی ئیتر باکت لە کێیە؟



بێـسـارانی لێرەدا دیاردی دەکـاتە سـەر ئایەتـی (ان الدین عندالله الاسلام) واتە: دین لە لای خوا هەر دینی ئیسلامە.

دیوانەکەی بێسـارانی کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەهۆی منەوە لەم دواییە لە چاپ دراوە و لە پێشـیـشـا هەندێ لە هـۆنراوەکـانی لە لایەن کـەیومـەرس نیک ڕەفـتـارەوە کـۆکـراوەتەوە لە چاپ دراوە بەڵام گـەلێک لەو هۆنراوانەش هـی بێـسـارانی نیـیـە و بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون.

سەرچاوەکان

١– مێژووی ئەدەبی کوردی– عەلائەدین سەجادی – بەغدا ١٣٧١ی کۆچی.
٢– دیوانی بێسارانی – کۆکردنەوەی کەیومەرس نیک ڕەفتار – بەغدا ١٣٦٠ی هەتاوی.
٣– دیوانی بێـسـارانی – کـۆکردنەوەی مـامـۆسـتـا سـەید تایەری هاشـمـی – کـرمـاشـان ١٣٢١ی هـەتاوی. (دەستنووسە).
٥– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەبێسارانی.

## شێخ حەسەنی مەولاناوا

١١٣٦ – ١٠٧٠

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە ناوی حەسەن و کوڕی شێخ موحسین و نازناوی سادق و ناوبانگی زاهدە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کـە کـەوتووەتە دەسـتـمـان، لـە سـاڵی ١٠٧٠ی کـۆچی لە دێی خوڕخوڕەی سەقزدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، سەرەتا لە لای باوکی خەریکی خوێندن ئەبێ و پاشان لە لای مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خەریکی خوێندنی قورئان و گوڵستان و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و ڕێزمانی عەرەبی دەبێ و ئەوسا بەفەقێیەتی بەزۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستاندا دەگەڕێ و لە سـەردەمی لاویەتی و جوانیدا دەڕواتە میسر و لەوێدا خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی دەبێ و هەر لەوێدا ودمی مەلایەتی لە زانایانی ئاینی ئەو وڵاتە وەردەگرێ و دەڕواتە شام و لە شامیشدا ماوەیەک دەمێنێتەوە و لەوێوە دەڕواتە عێراق و ئەوسـا دەگەڕێتـەوە زێد و مـەڵبـەندەکەی خـۆی و دەڕواتە دێی مەولان ئاوا و پاشـماوەی ژیانی خۆی بەڕێنمـوونیی خەڵک و وانە وتنەوە و پەڕاونووسین و هۆنینەوەی هۆنراو تەرخان دەکا تـا لە سـاڵی ١١٣٦ی کـۆچی لە تەمـەنی شـەست و شـەش سـاڵیـدا شـەرابی مـەرگ لە مـەیگێڕی گـەردوون وەردەگرێ و دەیخـواتەوە و بەپێی ئەسپـاردەی خـۆی لە گـۆڕستـانی دێی مەولان ئاوای خوڕ خوڕەدا دەینێژن.

(شیخ حسن حق) مێژووی ساڵی مردنی کە بەپێی ژمارەی ئەبجەد دەکاتە ١١٣٦ی کۆچی.

ئایەتوڵڵای مەردووخ لە لاپەڕەی ۸۸ی پەڕاوی. (مێژووی کوردستان)دا لە بارەی شێخ حەسەنەوە دەڵێ: شێخ حەسەن پارێزگارێکی بێ وێنە و خواناسێکی گەورەبووە، دایکیشی پارێزگارێکی بەرز بووە و، وەکو دەڵێن بەبێ دەستنوێژ هیچ کاتێ شیری بەحەسەنی کوڕی نەداوە و، لە پارێزگاری و خواناسیدا بێ هاوتای ڕۆژگاری خۆی بووە و، هەر لەبەرئەوەیە کە زیارەتکەران سەرەتا ئەچنە زیارەتی ئارامگاکەی دایکی و پاشان زیارەتی گۆڕەکەی شێخ حەسەن دەکەن و بەمرازی دڵیان دەگەن.

شێخ حەسەنی مەولان ئاوا بەیەکێ لە زانایان و هۆنەرانی خواناسی گەورەی کورد دەژمێررێ، ئەم زانا هەرەبەرزە گەلێ پەڕتووک و نامیلکەی بەزمانی عەرەبی و فارسی نووسیون کە بەداخەوە هیچکامیان تا ئێستا لە چاپ نەدراون، دیوانێکی بەرز و نایابیشی بەکوردی هەیە کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، چەن پەڕاو و نامیلکەشی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە کە بەیادگار ماونەتەوە. قورئانێکیشی بەخەتە جوانەکەی خۆی نووسیوەتەوە کە لە جیهاندا بێ هاوتا و بێ وێنەیە و لەسەر بارگاکەیدا دانراوە.

هۆنراوەکانی شێخ حەسەن گەلێ بەرز و ناسک و سادە و ڕەوانن و، زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و ئاینین. شێخ حەسەن وەکو گەلێکی تر لە بوێژ و هۆنەرەکانی کوردەواری لە سەرەتاوە کورتژمی هەڵبەستی لە ئاوێنەی ڕوومەتی پەری ڕووەکانەوە وەرگرتووە و، وا دیارە هەموو بیر و هۆشێکی بەلای دڵدارەکەیەوە بووە، بۆیە دڵ و دەروونی بریندار و زامدار بووە و خوێنی تێ زاوە و، تک تکی زووخاو لە زامەکانییەوە تکاوە و، خەو و خۆراکی بووەتە شین و گریان و بێ ئارام بووە و ئەوسا ئاگری ئەوینی دڵی گڕی گرتووە و تەنافی خێوەتی وەقرە و ئارامییەتیی سووتاندووە و لە پاشا ئارەزووی دیتنی یارەکەی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بیبینێ، چونکە لێی دوور کەوتووەتەوە، ئیتر چارەیەکی نەبووە، جگە لەوەی دانیشێ و پەژارەی دووریی یاری بخوا و، ساتێکی بەساڵێ لێ چووەتە سەر و تاسەی یارەکەی ئارامی لێ بڕیوە، بۆیە دەڵێ:

دایم خەیالم فکر دەروونەن    جەفکر دووریت دڵ پڕ جە هوونەن
تک تک مەتکیۆ زووخ نە زامانم    چون جەیحوون جەم بی نە پای دامانم
خەو و خوەراکم شین و زاری یەن    مەتای مایەکەم بێ قەرارییەن
گڕەی نار عەشق بڵێسەی دووری    مەسووچنا تەناف خەیمەی سەبووری
ئارەزووی دیدار یارانم کەردەن    هەوای سەیرانم وە دڵ ئاوەردەن
بەڵام چێش کەروون گەردش چەپگەرد    دووری وە مابەین من و تۆ ئاوەرد
کار گەردوونەن ئازیز گیان تۆ    وەرنە من جە کۆ دووریی تۆ جە کۆ؟



سدیق بۆرەکەیی (۲۸)

دەروونم دایم جە هوون کەیل تۆن    حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن
ساتێ وە ساڵێ جە لام ویەردەن    فەراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن

شێخ حەسەن پەردەی دڵداریەتی دادەداتەوە و دەکەوێتە کۆڕی مەینۆشانی مەیخانەی ئاینەوە و، لە جۆشی کوورەی دەروونێکی پڕ لە سۆز و جۆش و خرۆشەوە سوێند بۆ یارە ڕاستەقینەکەی دەخوا و پێی دەڵێ: ئەگەر فرێشتەی مەرگ نامەی مەرگم بخوێنێتەوە و بێتە سەر تەختی سینەم و گیانی شیرینم بکێشێ، تۆم لەو کاتەدا لەبیر ناچێتەوە، ئەوساکە کەسوکارانم بەپێی ئاین و ڕەوشتی خوایی بەئاو ئەمشۆن و لەناو کفندا ئەمپێچنەوە و ئەدەنە سەر خۆیاندا و شین و شیوەنم بۆ دەکەن تا لە گۆڕستانێکدا لەناو گۆڕێکی تەنگ و تاریکدا دەمنێژن، شەرت بێ تۆم لەو دەمەدا لەبیر نەچێتەوە. جا با ئەم هەستە پاک و خاوێنەی هەستیارانە لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە ئەفەرموێ:

چراغم وە باد، چراغم وە باد    قوربان عومرەکەم تەمام شی وە باد
هەردەم جە تاو دەرد مەکەرووم فەریاد    شەرت بۆ جەو دەم دا تۆم نەشۆ جە یاد

***

عزرائیل نامەی مەوتم مەوانۆ    مەلایک پەی قەبض ڕۆحم مەکیانۆ
مەیۆ نە سەر تەخت سینەم مەنیشۆ    بەچەند سیاسەت گیانم مەکێشۆ
خوێشان پەی فەوتم گشت مەبان ناشاد    شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

مەڕێزان وە ئاو جە سەر تا وە پا    بە قانوون شەرع فەرموودەی خودا
ئەو وەختە ڕۆحم بەرمەشۆ جە تەن    ماوەران مەلا شوشتشۆم مەکەن
کەس نمەتاوۆ دەردم کەرۆ داد    شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەو وەختە پەرێم کەفەن مەدۆزان    مەدەن بە سەردا جەرگەی دلسۆزان
قامەتم نە تۆی کەفەن مەپۆشان    یاران بە زاری پەرێم مەجۆشان
سەرگوزەشتەی من باوەران جە یاد    شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەساسەی مەوتم مەگێران وە جەخت    گشت حازر مەبان پەی ئەوڕاگەی سەخت
مەنیۆ وە زەمین سێ جار وە تاقەت    نەو داگەی پڕ بێم پڕ جە شەفاعەت
تا عەفووم کەرۆ شای موشکڵ گوشاد    شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەو وەخت مەزارم مەکەران تەمام — مەنیشۆ جە دەور تەمام خاس و عام
جەو دەمدا مەلا چەنی گشت یاران — لاشەم نە دڵەی تابووت هۆرداران
تەمام وارسان مەکەران فەریاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەو وەختە لاشەم ماوەران وە پێش — مەنیەران نەوجای ڕاگەی پڕ ئەندێش
سەنگی ئەلحەدم مەکەران موحکەم — تەلقین و پەندم مەوانان دەم دەم
نەو قەبر تاریک جای تازە ئیجاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

مەلەکان مەیۆن جە قەبرمەوە — مەپرسان چەنیم جواب دەمەوە
جە پڕخۆفی گورز مەواچۆم هەی داد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەو وەختە ڕاهی مەکەران پەی شام — منیش جە ڕاوە خاتر پڕ جە خام
بە چەندێ حساب خێر و شەڕ یەکسەر — مەبۆ گشت جەرای سڕات کەین گوزەر
جەرگەی بێ گوناه مەویەران وە شاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

هەر کەسێ چون من ساحێب گونا بۆ — مەبۆ ئەو بەناز دۆزەخ فەنا بۆ
ئەو وەخت پادشای کەرەم بێ پایان — بزانۆ گەردین وە پاداش نادان
قاپی رەحمەتش مەکەرۆ گوشاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد
خوداوەند وە لوتف ڕەحم کا لێمان — جایێ نە جەننەت عەتا کا پێمان
پەی پەی جەو دەمدا شەربەت کەوثەر — مەوەران جەمیع مۆمنان یەکسەر
جە ئیلتاف و لوتف گشت مەبن دڵشاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەر تۆ نە بەهەشت نەوێنم وە چەم — حەرام بۆ تەمام ئەو جاگەی بێ غەم
نەنیشۆم تێدا وە کامەرانی — نەو جاگەی پڕ ساف بە جاویدانی
پەی پەی نەدینت مەواچۆم هەی داد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد

***

ئەر حۆریان چون هەزاران هەزار — ببەخشۆ پێمان حەی جیهاندار
حەرام بۆ بێ تۆ ڕەغبەت کەم پێشان — وە مەیل کامڵ نەزەر کەم لێشان
نە خوازم لێشان من وە خاترشاد — شەرت بۆ جەو دەمدا تۆم نەشۆ جە یاد



شێخ حەسەن دیسان ڕوو دەکاتە یارەکەی و پێی دەڵێ: ئەی خۆشەویستەکەم! من لە بادەی ئەوینت بەبێ مەی مەست و سەرخۆشم، نەک مەستێکی وا کە لەتر بدەم و دەستم بگرن، بەڵکو سەرمەستی بادەی ڕۆژی ئەلەستم، هەر لەبەرئەوەیە کە بەبێ پەروایی دەگەڕێم، بڵێسەی ئاگری ئەوینم بەجۆرێ بەرزبووەتەوە کە شا و گەدایەکم لە لا وەک یەک وایە و، ئەگەر تەواوی شێخەکان بێن و بەنۆرە تۆبەم دابدەن، ساتێک لە سەودات دڵسارد نابمەوە، چونکە سەودات مایەی زیندەگانیمە:

قیبلەم مەستەنان، قیبلەم مەستان — بێ مەی جە بادەی عەشقت مەستەنان
نەک مەست مەخموور دەست بەدەستەنان — سەرشار سەرمەست ڕۆی ئەلەستەنان
هەر دەم مەگێڵۆن چون لائوبالی — خاتر جە ڕەغنەی ڕەقیبان خاڵی
شۆر شەیداییم یاوا وە جایێ — جە لام فەرق نییەن شا جە گەدایێ
ئەر شێخان عەسر نۆبە بە نۆبە — بدەران تۆبەی «حەسەن» جە تۆبە
ساتێ جە سەودات دڵسەرد نمەبۆ — دەمێ جە عەشقت بێ دەرد نمە بۆ
سەودات سەرمایەی زیندەگانیمەن — نوسخەی ئازادیت بەندەگانیمەن

شێخ حەسەن دیوانێکی بەرز و نایابی هەیە کە بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١– نامەیەکی شێخ مەلا نەوەی شێخ حەسەن لە قادرئاوای هەوەتوو.
٢– مێژووی کوردستان – نووسراوی مەردۆخ – تاران ١٣٢٤.
٣– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەو پێش نووسراوە.
٤– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ حەسەنی مەولاناوا.

## خانای قوبادی

١٠٨٣ – ١١٦٨



خانای قوبادی ئەو ئەستێرە گەشەی کە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا درەوشاوەتەوە و دەدرەوشێتەوە، بەپێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٠٨٣ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٦٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. خاوەنی ئەم بەسەرهاتە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە لامانە، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و مەلای هۆزی قوبادی بووە و لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو خول و ڕۆژگارە بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و پەڕاوە وردەڵەکانی ئەو دەمە کە زۆربەیان فارسی بوونە لە لای مەلاکانی هەورامان خوێندووە و پاشان سەرێکی داوە لە سنە و لەوێدا خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووە و لە پاشا پەڕەوازە بووە و بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لەهەر کوێ مەلایەکی بینیوە لەلای ماوەتەوە و وانە و دەرزی لەلای خوێندووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە ناو هۆزەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٦٨ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی: مێژووی ئەدەبی کوردی لە بەشی باخی هۆنەراندا دەڵێ: خانای قوبادی لە ساڵانی ١١٢٠ تا ١١٧٩ی کۆچیدا ژیاوە و دیارە ئەم مێژووەش هەڵەیە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی)دا بەبێ ئەوەی دیاردی بکاتە سەرچاوەیەک دەڵێ: خانا لە ساڵی ١١١٦ی کۆچی لە دەرنێدا لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٩٢ لە تەمەنی حەفتاو شەش ساڵی لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵی لە وڵاتی باباندا کۆچی دوایی کردووە و دیارە ئەم مێژووەش هەڵەیە، چونکە خانا ئەگەر تا ئەو مێژووە زیندوو بمایایە، گەلێ شوێنەواری بەنرخی تریشی دادەنا.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە خانا چەند چیرۆکی هۆنیوەتەوە کە لە هەندێکیان دیاردی بەمێژووی دانانی ئەو چیرۆکانە کردووە. بۆ وێنە پەڕاوی خەسرەو و شیرینی لە ساڵی ١١٥٣ی کۆچی داناوە و پەڕاوی لەیلا و مەجنوونەکەی لە ساڵی ١١٥٤ هۆنیوەتەوە، وەکو خۆی دەڵێ:



غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی      حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزار و یەکسەد پەنجا و چوارەن      ڕۆشنتەر جە سۆی شۆڵەی نەهارەن

خانا بەپێی پارچە هەڵبەستێکی کە سکاڵا و گلە لە پیریەتیی خۆی دەکا، دیاردی بەمێژووی هۆنینەوەی ئەو هۆنراوانەی کردووە و دەڵێ: بۆ مێژووی تەمەنم گەڕام و ئێستا ساڵی ١١٦٠ی کۆچییە و ئەوا پیری بەبێ دەنگ و لە ناومی برد و دیارە کە زۆر پیر بووە بۆیە دەڵێ:

پەی سەنەی ساڵم، پەی سەنەی ساڵم      دیام وە تاریخ پەی سەنەی ساڵم
یە سەد و شەستەن هەرەس وە ماڵم      پیری وە بێ دەنگ بی وە زەواڵم

خانا یەکێ لە هۆنەرانی بەرزی کورد دێتە ئەژمار و، لە شێوەی هۆنراوی گۆرانیدا مامۆستا بووە و سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە، دڵداری، ئاینی، هەڵگوتن. خانا گەلێ پەڕاو و نامیلکەی داناون، بەڵام بەداخەوە جگە لە چەند پەڕاوێ نەبێ هەموو تیاچوون. ئەو پەڕاوانەی کە ماونەتەوە بریتین لە: خەسرەو و شیرین، یوسف و زلێخا، لەیلا و مەجنوون، ئەسکەندەر نامە، حەوت بەندی خانا، دیوانی خانا. جگە لەم پەڕاوانە کە ناومان برد، دەڵێن قورئانی پیرۆزیشی بەهۆنراوی گۆرانی لە چەند بەرگدا لێکداوەتەوە، کە بەداخەوە ئەم شوێنەوارە گرنگەشی تیا چووە و تەنیا چەند بەندی لێ بەجێ ماوە ئەوەش دەم بەدەم دەیگێڕنەوە.

لە حەوت بەندەکەیدا دەرئەکەوێ کە خانا مەلایەکی زانا و شارەزا بووە و بەدووی ڕاستیدا گەڕاوە و، هەر بەپێی ئەم نامیلکەی دەتوانین خانا بەیەکێ لە پیتۆڵان و فەیلەسووفانی کورد بهێنینە ئەژمار.

نەک هەر حەوت بەندەکەی، بەڵکو پەڕاوی «خەسرەو و شیرین»یشی لە بارەی ڕوونکردنەوەی پایەی زانستیی خاناوە، گەلێ شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. خانا هەروەها وتمان پەڕاوی خەسرەو و شیرینی لە ساڵی ١١٥٣ی کۆچی داناوە، وەکو دەڵێ:

تاریخ هجـــرەت (ختم المرسلین)      موتیع دیوان شەرح شەرع دین
ڕۆژی دووشەمەمە بێ (ذی حجە الحرام)      هەزار و پەنجا یەکسەد سێ تەمام

لە خەسرەو و شیرینەکەیدا گەلێ بابەتی وامان دەکەونە بەرچاو کە بیروباوەڕی خانامان لە بارەی گەلێ ڕووی ژیانەوە بۆ دەردەکەوێ، ئەوەی کە ئەو پەڕاوە ئەخوێنێتەوە لە هەستی شانازی خانا بەخۆی، بەکورد، بەکوردستان ئاگەدار دەبێ. خانا شانازی بەکورد و زمانی کوردی دەکا و دەڵێ: هەرچەندە دەڵێن کە فارسی وەک شەکر وایە و شیرینە، بەڵام کوردی

لە فارسی شیرینترە و، پێویستە لەم جیهانەدا هەر کەس زمانی خۆی کە خوا پێی داوە بەکاری بێنێ و بەزمانەکەی خۆی وانە بخوێنێ:

ڕاستەن مەواچان فارسی شەکـــــەرەن    کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئی دنیای بەدکێش    مەعلــــوومەن هەر کەس بەزبان وێش
مـــەعلوومـــەن هـەر کــەس بەهەر زبانێ    بواچـۆ نـەزمێ جــە هەر مـــەکـانێ،
وینەی عەرووســان زێبای موشـــک چین    مەکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
خارج جە مەعـــنی نەبـۆ مەزموونـــش    گۆیا بۆ چون شیعر (جامی) مەوزوونش
جەلای خیرەدمەند دڵ پەســـەند مەبۆ    شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ
جە عەرصەی دنیای دوون بەدفەرجام    بە دەســــتوور نەزم (نظـــامی) مەقام
لە لەفـز کـوردی کـوردســـتـان تەمـام    پێش بووان مـەحـزووز باقی وەســەلام

خانا لە خول و سەردەمی سەفەوییەکاندا ژیاوە و، لەبەرئەوەی دیلی و کەنەفتی ڕۆژە ڕەشی و چەوساوەیی گەلەکەی خۆی بەدەست کاربەدەستانی ستەمکاری ڕژێمی بۆگەنی پاشایەتییەوە دیوە، لە تاقیکردنەوەی ژیانیدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە ڕژێمی ستەم، جیهان بەرێوە دەبا و، داد و دادپەروەری مانایەکی نییە، بەڵام نائومێدیش نەبووە و ئارەزووی ڕێبەرێکی دادپەروەری بۆ گەل و کۆمەڵ کردووە و دەڵێ: ئەگەر ڕژێمی کۆمەڵایەتی ڕژێمی بێ بۆ سوودی کۆمەڵانی خەڵک، زەوی دەبێ بەبەهەشت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ڕژێم ڕژێمێکی ستەمکار بێ و بیر لە سوودی گشتی نەکاتەوە، وڵات وێران دەبێ و خەڵک حەسانەوە بەچاوی خۆیان نابینن:

خانا بۆ وەســــــەن زبـــان درازی    کۆن ئەو ساحێب عەدل تۆ پێش بنازی
کـۆتاکـــەر ئی حـــەرف بە دەوان دەو    ویر دەر بە فـەرمـان دڵگیـر خـەسـرەو
بەڵێ جە خانـــای عـــوتارد خـــامە    مونشی وەسف وزلف عەنبەر شەمامە
بە ســەمع شـەریف بشنەو حـیکایەت    ئەر قـەســـدش خـێرەن والیی ولایەت،
بەجـای گوڵ زەمین ماوەرۆ گــــوهەر    سـەنگ مەبۆ بەلاڵ، خاکش بە عەنبـەر
ئەر والی بێ عەدڵ، شەرارەت پێشـەن    بەدجنـــس بەدکار، دوور جە ئەندێشـەن
وڵکەی مەملەکەت کەی مەعموور مەبۆ؟    ئیمنـــی و ڕاحەت جە خەلق دوور مەبۆ؟

شێوەی وڵاتداری و چارکردنی گیروگرفتی وڵاتی، بەپرس و ڕاوێژ و شورای خەڵک زانیوە و، لای وابووە تەنیا بەلێکۆڵینەوە و ڕاوێژکردن و بەیەک کردنی گەل و کۆمەڵ کار ئەنجام دەدرێ و، بیری تاقە کەس با ئەو کەسەش گەلێ وریا و ژیر و خاوەن بیر بێ ناگاتە ئەنجام:



بەڵێ دەستوورەن نە عەرسەی دەوران    وەختێ کارێ سەخت ڕوودۆ نە ئینسان
ئەر چون ئەفلاتوون مووشکاو مەبۆ    فرێ پێش خەریک هەم خەرکاو مەبۆ؟
خەسرەو کەرد بەهۆش ڕۆشنی زەمیر    ئی کـارە بەدەســـت روجووع تەدبیر
پەی چێش؟ مەواجان یە پەند پیرەن    تەحلـــــیل موشکوڵ هەر بەتەدبیرەن

خانا یەکێ لە هۆنەرانی ئازادیخوازی کورد دێتە ئەژمار و، ئەم هەستەی لە هۆنراوەکانی خۆیا دەربڕیوە، لە تاکە هۆنراوەیەکیدا دیاردی دەکاتە (عمادەدینی نەسیمی) هۆنەری ئازادیخوازی تورکی ئازەربایجانی کە لە ساڵی ٧٧١ی کۆچی تا ٨٢٠ دا ژیاوە و، وەکو دەزانین ئەم هۆنەرە بەهۆی ئازادیخوازییەوە لە لایەن کۆنەپەرستانەوە پێستیان گرتەوە خانا لە تاقە هۆنراوەیەکیدا ناوی ئەو دەهێنێ وەک کەسێک لە بیروباوەڕی خۆی پاشگەز نەبێتەوە یادی ئەو دەکا و دەڵێ: ئەگەر وەکو نەسیمی پێستم بگرنەوە، سوێندت بۆ دەخۆم هەتاکو زیندووم تۆ لەبیر نەبەمەوە و، هەر تۆ دۆستی منی:

ئەر چون نەسیمی مەکەنان پۆسم    هەر تا زیندەنان هەر تۆنی دۆسم

ئەم تاقە هۆنراوەی خانا کە دیاردییەی بەهۆنەری ئازادیخوازی ئازەربایجانی، عمادەدینی نەسیمی کردووە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بیری شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازی لەو سەردەمەدا لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و، دیارە خەڵکی کوردستانیش لەو سەردەمەشدا، واتە لە تاریکاییی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە بیری ئازادیخوازی بێ بەش نەبوون و، لەگەڵ ڕژێمی بۆگەنی پادشایەتیدا بێگومان بەربەرەکانێیان کردووە و، بەڵگەمان بۆ ئەم مەبەستە مێژووی گەلەکەمانە.

وا دیارە خانا لە مۆسیقاشدا شارەزاییەکی بەرزی هەبووە، چونکە لە چەند شوێنی «خەسرەو و شیرین»ەکەیدا ناوی هەوا و مەقام و پەردەکانی مۆسیقا کە لە ڕابردوودا لەناو کوردەکانی بەر لە ئیسلامدا باو بووە دەهێنێ. بۆ نموونە ناوی هەندێ پەردەی کوردی بەم چەشنە هێناوە:

«عێراقی، حیجاز، گەورە شاناز، گەنجی باهێنەر، گاگەنج، گەنج سووتاو، شادوروان مرواری، تەختی تاقدیسی، ناقووسی، کاوسی، موشک دانە، هەتاوی ڕازاوە، نیوەڕۆ، کلیلی ڕۆمی، سەوڵستان، سەوڵی سەهی، نۆشین بادە، موشکماڵی، دڵخوازی شەودێز، شەوی پیرۆز، ڕۆژی پیرۆز، خونچەی خاسەکەو، نەچیرەوان، کینی سیاوەحش، کینی ئیرەج، باخی شیرین، نەورۆز، ئەویندارا، ماهوور، تێشکاو».

هەروەها خانا ناوی گەلێ لە ئامرازەکانی مۆسیقاشی وەکو: ساز، چەنگ، شمشاڵ، تەمبوور، سەمتوور، دەف، تار، قانوون–ی هێناوە:

ئاما بارەبەد چون بلبلْ سەرمەست
لەب خەندان چون گولْ بەربەتێ بەدەست
نشت نە پای سەریر خەسرەو بە ئەعزاز
جە سی دەستان ساز لەحن وەش ئاواز
گوزین کەرد پەی شای لالْ پۆش مەی نۆش
گاهێ دلْ مەبەرد گا مەستانا هۆش
گاهێ بە نەوای «گەنج باد ئاوەرد»
ئارامش جە دلْ عاشقان مەبەرد
گا جە «گاوگەنج» مەبی نەغمەسەنج
زەمین جە شادی هۆرمەشانا گەنج
جە «گەنج سووختە» چون نەوای بلبلْ
مەشکاوا غونچەی دلْ چون دەستەی گولْ
هەم بە «شادوروان مرواری» دلبەر
پڕمەکەرد بسات پەروێز جە گەوهەر
«تەخت تاقدیسی» چون مەکەردش ساز
مورغ خەستەی دلْ ماوەرد نە پەرواز
نەغمەی «ناقووسی» و «ئەورەنگی» نەگۆش
مەبەردش جە دلْ سەبر و جە سەر هۆش
جە «حوقەی کاوس» چون قەند مەبێزا
شەکەر شیرەی وێش دەرلاد مەخێزا
چە ئاوازەی وەش «ماه بەرکۆهان»
مەشکاوا چون گولْ ڕۆح و دلْ و گیان
وەختێ کە مەژەند ساز «موشکدانە»
مەکەردش خوتەن، جە بۆی موشک یانە
تا جە ئارایش خورشید مەدا دەم
مەگورێزا سپای سەرهەنگان خەم
مەنوازا ئاهەنگ «نیمەرۆ» چون ساز
ماوەردش بە ڕەقس زوهرە بە ئاواز



چون «سەبز دەرسەبز» مەژەند بە ئاهەنگ
سەدای تەئسیرش مەتاونا سەنگ
جە «قفلْ ڕۆمی» دلْ مەکەرد گوشاد
کۆکۆ کۆگای غەم هەر مەدا وە باد
هەرگا بە ئاهەنگ «سەروستان» مەژەند
بەزم شا مەکەرد پڕ جە شیرەی قەند
ئەر «سەرو سەهی» مەنوازا بە زەوق
عاشقان تەمام مەست مەبین جە شەوق

خانا لە پەڕاوی «خەسرەو و شیرین»ەکەیدا بەجوانترین شێوە باسی ئەوینی خەسرەو و شیرینی کردووە، لەو دوانەدا بارەبەد لە زمانی خەسرەو و نەکیسا لە زمانی شیرینەوە دەدوێن و، ڕازی دڵی یەکتر دەردەخەن، لە پارچە هەڵبەستێکدا بارەبەد بەزمانی خەسرەوەوە دەڵێ: ئەی شەمی شەو ئەفرۆز و ڕووناکی من! و ئەی شابازی شەشدانگی دڵپاکی من، ئەگەر بەتیری برژانەکانت نەپێکرێم و زیندوو بمێنم، ئەمجارە لە فەرمانت دەرناچم و پەنات بۆ دێنم، سەرێ کە لە ڕێگەی تۆدا تێ نەکۆشێ و چاوێ کە نەبێتە خاکی بەر پێت، ئەو سەرە یاخوا لە لەش جوێ بێتەوە و، ئەو چاوەش لە خوام دەوێ کە لە هەردوو جیهاندا کوێر بێ. بەڕاستی من هەر چەند تێ کۆشام کە ئەوینی تۆ لەبیر بەرمەوە، نەمتوانی بەسەر هەست و مەبەستی خۆما زاڵ بم، ئێستا پەشیمانم و پەنام بەتۆ هێناوە، چونکە دڵم بۆ تۆ سووتاوە، تۆش بەزەییت بێتە منی دڵسووتاودا:

بارەبەد هۆرگرت بەربەت بەئاواز
بەی تەور بەئاهەنگ «عێراقی» و «حیجاز»
وات: ئەرێ هەی شەم شەوئەفروز من
شاباز شەشدانگ نەچیردۆز من
ئەر تێغ غەمزەت لێم مەستانۆ سەر
ئەمجار جە ئەمرت نەمەشوون وە بەر
سەرێ بە ئیخلاس پاک نە ڕات نەبۆ
چەمێ تووتیاش خاک پات نەبۆ
ئەو سەر سەرنگوون جە تەن کنیا بۆ
ئەو چەم نابینای هەر دوو دنیا بۆ

بەڕاس من هەی شۆخ جورعەی شەربەت نۆش
زوحاک پڕزۆر، موشکین مار بەدۆش
هەرچەند کەکۆشام مەر بەرشی نەدڵ
بەرنەشیت ئاخر فێشتەر بیم خەج
ئیسە پەشیمان کۆگای خەم بەکۆم
پەشێوتەر جە زوڵف پڕ پەشێو تۆم
ئەر مەشوون بەشام، ئەر بەخوەراسان
نمەبۆ جە تۆ دڵم هەراسان
جەوساوە کەفتم من جە بالآت دوور
بینایی دیدەم تێش نەمەندەن نوور
سەوگەند بەزوڵفت زامم خەتەرەن
جە دێردینی تۆ، مەردەن وەشتەرەن
ئەر بگنیم وە دەس شەکەر ڕێزەی ڕاز
شۆخ شیرین ڕەنگ، نازک غەمزە و ناز
تەخت خەسرەویم یاگەی نازتەن
تاج و تۆمارم پایەندازتەن
ساچون جە ڕای لوطف بوزورگی کەردی
دەردەسەر کێشای قەدەم ئاوەردی
تۆ چون شا، من چون بەندەی بێ نیاز
با بەپابۆست ببوون سەرفراز
تاکەی بوینی ئی بار لێوم
ئی حاڵ خەستەی تەمام پەشێوم
ئێد وات و کێشا بەوێنەی قەقنەس
ئاهێ ئاهرین، جە پەردەی نەفەس
جەو ئاهە دەروون شیرین دڵبەر
گڕ سەند چون شۆڵەی نائیرەی سەقەر

خانا لە هۆنینەوەی هۆنراوی ئاینیشدا دەستێکی بەرز و بالآی هەبووە و، لە هۆنراوە ئاینییەکانیدا دەردەکەوێ کە پێوەندیەکی زۆری بەئاینەوە هەبووە. لە «میعراج نامە»کەیدا



کە بەشێکە لە چیرۆکی خەسرەو و شیرین، لە بارەی «میعراج»ی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامەوە درودی خوای لەسەر بێ کە بەجوانترین شێوە باسی کردووە دەڵێ: شەوێکیان کە سەراسەری زەوی ڕووناک و ڕۆشن بوو، جبرەئیل لە لایەن خوای مەزنەوە هاتە لای پێغەمبەر و پێی وت: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، خوا داوای لێت کردووە کە بچیتە میعراج و، پێغەمبەر لەگەڵ جبرەئیلدا بەسواریی بوراق کەوتە ڕێ و پاش ماوەیەک گەیشتە «مسجد الاقصی» و لە پاش دیتنی ئەو مزگەوتە دیسانەوە سواری بوراق بووەوە و بەرەو بارەگای خوایی کەوتە ڕێ و، لە پاش بڕینی حەوت نهۆمی ئاسمان گەیشتە بارەگای بەرزی خوایی و، خوای مەزن ئەو شەوە پێغەمبەری گەیاندە پلەوپایەیەکی بەرز و پاشان بەفەرمانی خوا گەڕایەوە زەوی:

جبرەئیل چەنی مەلاێک بەدەو
ڕاهی بین وە ڕا ئامان بەیەک شەو
بە تەکبیر گۆیان وەر جە سوب شەفەق
شین وە پای سەریر ڕەسووڵ بەرحەق
ئەو شەو جە جوجرەی جای ئومم هانی
میهمان بێ ڕەسووڵ حەی سوبحانی
ئاخر بەسەد عز بەسەد ئیحترام
مبلغ الوحی علیەالسلام
جە مەروەحەی باڵ قورس بۆ عەنبەر
بێدار کەرد جە خاو سالار مەحشەر
واتش یا سید لَعَمُرك[1] مقام
تەلەبکار تۆن حەی لایەنام
پەرێ سوواریت بوراقێ جە نوور
کیاستەن جەناب پاشای غەفوور
ئێد کە شنەفتش شای بدرالدجا
بەسەد شادی و زەوق هۆرێزا وە پا

(١) لعمرک: مەبەست لە ئایەتی: (لَعَمُرکَ اِنَّهُم فِي غَمرَتِهم لیَعمَهوُن)ە کە خوا سوێندی تیا دەخوا بەگیانی پێغەمبەر و دەفەرمووێ: بەگیانی تۆ قەسەم ئەوان لە گومڕایی خۆیاندا سەریان لێ شێواوە.

قەبووڵ کەرد بەناز پێغەمبەر ئەو ڕاز
سوار بی وە ئەسپ حەی بی نیاز
ئیسرافیل چەنی مەلایک بەدەو
گرتشان ڕکاب هومایوون ئەو
وێنەی غولامان حەڵقەی دوڕ نە گۆش
کێشاشان قودسی غاشیەش بەدۆش
زومرەی سەبووحی یەکسەر بەتەمام
بە وێنەی مەشعەل شاهان جەم جام
ڕۆح هومایوون ذەنبیا و ئادەم
ئامان وە پێشواز سەیید خاتەم
ڕەسووڵ نە ئەو شەو بی وە پێشواشان
ساتێ نشت وە عەیش عشرەت جەلاشان
دیسان سوار بی وە پشت بوراق
یاوا بەئەیوان گەردوون شەش تاق
سەبعەی سەییارە چەنی مانگ و خوەر
کەردشان پابۆس سەیید سەروەر
برجیس و ناهێد، کەیوان و بەهرام
بەخەت شەریف عوتارد تەمام
سپەردن بەئەو بوزورگی و نامی
بە چەند ئیحترام نامی و گرامی
مریخ ڕکابش بۆسا بەئعزاز
پەی نەسرش هەم نەسر تایر کەرد پەرواز
سا وەختێ تەی کەرد بەفەزڵ بێ چوون
سەتح هەفت ئەوڕەنگ چەرخ بێ ستوون
بە تەئیید حەی زات بێ هەمتا
تەشریف بەرد وە سەدر سدرالمنتهی
جبرەئیل چۆگە بەختر مەلوول
عەرز کەرد وە پایەی سەریر ڕەسووڵ



وات: ئەر من چەنی تۆ ببوون ڕاهی
مەسووچوون بەنوور ذات ئیلاهی
ئاخر کە سەیید ڕەسووڵ سەروەر
جە سەواد عەرش عەزیم کەرد گوزەر
مەحرەمان غەیب گشت مننەت بەردن
ڕەفرەفێ جە نوور پەرێش ئاوەردن
سوار بی چۆگە بەڕەفرەف هەی کەرد
ڕاگەی پانسەد ساڵ لامەکان تەی کەرد
ئامان نێدا لێش نە پەردەی ئەسرار
واتن: (لاتخف) سەیید موختار
ڕەسووڵ بەجەناب صەنعەت ساز فەرد
هەرچی بێ مەطلەب سەراسەر عەرض کەرد
شای کەسیرولطف بێ هەمتای وەهاب
جە ڕای مەرحەمەت کەردش موستەجاب
هەم ئەو شەو قەییوم فەرد بێ ئەندێش
یاوناش دەرسات بەمەقام وێش
ئومێدم بەزات بەخشەندەی داوەر
(خانا)ی خەم خەیاڵ زام دڵ خەتەر
ببەخشۆ گوناش جە عەرسەی مەحشەر
بەو شەمع میحراب ڕەسووڵ سەروەر

هەروەها وتمان خانا بەدووی ڕاستیدا گەڕاوە و، لە هەندێ هۆنراوەکانیدا وا دەردەکەوێ کە ڕێگای پرس و تۆژینەوە و گومانی گرتووەتە بەر و، هەر بەم بۆنەوە دوکتور سەعید خانی کوردستانی لە پەڕاوی (نزانی، مزگانی)دا لە بارەی خاناوە دەڵێ: خانا یەکێ لە هۆنەران و پیتۆڵانی کورد دێتە ژمار و، بەوێنەی خەیام خاوەن بیرێکی فەلسەفی بووە و ئەم هەڵبەستانیشیە لە بارەیەوە وتووە:

مەبەر بە وێنەی خانای قوبادی — شێت و ئەراگێڵ بەی دنیای بادی
شەمشەلە کۆرەی ئاسیاوە کۆنە — جە خودا دوور و جە خەڵک بێ گۆنە
وە فەلسەفەی وێش، وێش وستش ئەو تۆڕ — هەر وا کۆر ئاما و کۆریچ شی نەگۆڕ

خانا لە «حەوت بەند»ەکەیدا مەسەلەی «جبر و اختیار»مان بۆ دەردەخا کە موعتەزیلەکان لایان وابوو مرۆ خۆی دروستکەری کاری خۆیەتی و، جەبرییەکانیش بڕوایان لەسەر ئەوە بوو هەر کارێ کە بەسەر بنیادەما بێ لە لایەن خوایەوەیە و، لە بەندی یەکەمی حەوت بەندەکەیدا لەم بارەوە دەڵێ: ئەی خوای تاق و تەنیا و بێ وێنە و بێ هاوبەش، هەر تۆ شادی و خۆشی بەدڵان دەبەخشی و دیارە بێ باک و بێ پەروایت و لە هیچ نالەخشیی، هەر خۆت گەورە و بەخشندە و یەکتای، هەمیشە زیندوو و بێ هەمتای، خوایا هەر خۆت بەندەکانت سرشت کردووە، یەک یەکی ئەوانت بۆ لای خۆت بردووە، ئەوا خانای قوبادی تاوانبار و گوناهکارە، فریوی ئەهریمەنی خواردووە لەم ڕۆژگارە، خوایا دەسا بۆ خاتری پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، ئەو لە ئاشۆی شەیتان لادە و دڵی بەوە شادە کە تۆ شەرمەزاری لای خۆتی نەکەی و بەزەییت پێیدا بێ، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم، لە ڕۆژی پەسلاندا بەلای خۆتەوە شکات لە خۆت ئەکەم:

قەدیم موتلەق، قەدیم موتلەق
یا قایم بە زات قەدیم موتلەق
حەی بێ زەوال قەییووم بەرحەق
نیگارەندەی نەقش نۆ تاق ئەزرەق
لاهووت بێ شەریک بینای بێ مانەند
یەکتای بێ نەظیر بێ میسل و پەیوەند
واجب الوجوود لائوحصا ثەنا
مونەززە جە عەیب عاری جە مەنا
مونشی ڕەقەم سەنج ئینشای شادی و ذەوق
بێ پەروا جەطەعن ئەشیای تەحت و فەوق
بەخشندەی بوزورگ بێ باک جە طانە
نازکێش زومرەی خوێش و بێگانە
بۆ بەشق ئەو شا، بێ حەد صفاتەن
باعث ئیجاد گشت مەخلووقاتەن
باجتی سەیید ختم المرسلین
شای قاب قەوسەین ڕب العالمین
بە حەق ئەرباب شەو زیندەداران
بەئیخلاص پاک طاعەت گوزاران



خانای قوبادی مەعصیەت بارەن
فریفتەی شەیطان شووم بەدکارەن
جەفتنەی شەیطان شەیطەنەت پێشە
جە شوومی ئی نەفس دوور جەئەندێشە
تا یوم الممات نگەداریش کەر
علاج دەردان شەرمساریش کەر
پەی چێش نافەرمان شێت مەغروورەن
چون بێ دەوڵەتان جەطاعەت دوورەن
مەگەر هەم بەڕەحم چون تۆ ڕەحیمێ
عمیم الاحسان عەطا عەظیمێ
بیۆ بە ئیخلاص گوناکاری ئەو
ئی کەم خزمەتی و شەرمساری ئەو
وەرنە بە ذاتت جە لای ذات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی دووهەمی (حەوت بەند)ەکەیدا دەڵێ: خوایا تۆ هەر خۆت بەهانای خەڵکدا ئەگەی و تۆ هەر خۆت دڵ لە خەم دەرئەکەی و، تۆ هەر خۆت بەزەییت بەخەڵکدا دێ، گەلێ بەخشندە و گەورە و مەزنی  و، بێگانە و خوێش ئومێدی بەتۆیە، ئەوەی ناوی تۆی لە دڵا نەبێ ڕەنجەڕۆیە، ئومێد و هیوام ئەوەیە کە تا زیندووم و بەسەربساتەوە ماوم، ناوت هەمیشە لەبیر نەبەمەوە تا لە دڵ دەرچێ زووخاوم، ئەی خاوەنی هەر دوو جیهان، بەهانای خانا بگە و دەوای دەردی کە، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم ، لە ڕۆژی پەسلاندا بەلای خۆتەوە شکاتت ئەکەم:

یا حەی کەس چون تۆ پەرێ کەس نییەن
کەس چون تۆ بەداد مۆمن ڕەسەن نییەن
کەس چون تۆ کەریم کەرەمدار نیەن
کەس چون تۆ غەففوور هەم غەففار نییەن
لوتفت بێ شمار عەفوت عەزیمەن
ڕەحمت بێ پایان عەتات عەمیمەت
جە قاف تا بەقاف مەعنی شکاوان
کەس عەقڵش بە کونه زاتت نەیاوان

بێ شبه و شەریک تاک تەنیانی
نەقشبەند ئەوزاع دەور دنیانی
بوزورگی و بەخشش خەتمەن بەنامت
سەرسامەن شاهان جیهان جە سامت
قاهران دەور جە قەهرەت ماتەن
وەسف عەزیمت بێ حەد سفاتەن
عەفوت جای ئومێد بێگانە و خوێشەن
لوتفت دڵنەواز گەدا و دەروێشەن
ئومێدم ئێدەن لا شەریک بێ باک
بەشق شای ئەوڕەنگ و ما ارسلناک
جە عەرسەی مەحشەر مەکەر تەریقم
بە جەزبەی تەوفیق بدەر تەوفیقم
هەر تاکە زیندەم مەوجوود موتڵەق
قەیيووم قایم، قەدیم، بەرحەق
زبانم جە زکر وێت مەکەر خاموش
نامت با جە لام نەبۆ فەراموش
جیهان ئافەرین بەخشندەی ئەکبەر
«خانا» بێچارەن فەریادرەسیش کەر
وەرنە بەزاتت جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی سێیەمدا دەڵێ: ئەی خوایا من بەندەی نافەرمانی تۆم و، لە گۆمی گوناه و تاواندا نوقمم بۆ خۆم، دەسا ئەوا چون گوناهکارم و تۆش بەخشندە و بەبەزەییت، دەبێ ببەخشی و لە تاوانم ببووری، سوێندم بەگەورەییت، گونا و تاوانم لە ئەندازە بەدەرە، تۆش دیارە بەخشندەییت بێ ژمارە، منیش ئومێدم بەتۆیە، خانا بەهیوای ئەو ڕۆژەیە کە دڵی شاد کەی و لە ڕۆژی پەسڵاندا ئەو ئازاد کەی، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم، لەو ڕۆژەدا بەلای خۆتەوە شکاتت لێ دەکەم:

یا ڕەب من بەندەی نافەرمان تۆم
بێ پەروا جە فیعل عیسیان بێ شۆم





حەی لا شەریک فەرد فەریادڕەس
کەریم کارساز پەی بێ کەسان کەس
چون من گونابار مەینەت وە کۆێی
چون تۆ بەخشندەی کەرەم بێ شۆێی
چون من شەرمسار شووم بەدکارێ
چون تۆ کەرەمدار نیکوو کردارێ
چون من نافەرمان خەتا عەزیمێ
چون تۆ ساحێب ڕەحم فرە ڕەحیمێ
چون من ڕووسیای جە تاعەت دوورێ
چون تۆ پادشای فەرد غەفوورێ
سەوگەند بە ذاتت یەکتای یەگانە
نیەن نە عەرسەی دەور زەمانە
مەعلوومەن جە لات حەی تەوانا
قەیووم قائم، قەدیم دانا
جەو پەی جە عێسیان دلێریم کەردەن
تەقسیرم جە حەد حیساب ویەردەن
ئەرێ فیدات بام نامت غەففارەن
بەخشەندەگی و عەفو تۆ بێ شمارەن
یا عظیم العفو لا احسی سنا
ئەر تۆ بە تاعەت ببەخشی گونا
ئەمرت موتاعەن حوکم هەر حوکم تۆن
بەڵێ فیدات بام سا عەتای تۆ کۆن
من ئومێدم هەن جە تاممەی کوبرا
بە ئەلتاف وێت بێ بەیع و شەرا
خانای خەم خەیاڵ خاتر شاد کەری
جە عەرسەی مەحشەر سەر ئازاد کەری
وەرنە بە زاتت جە لای زات تۆ
مەکەروون رۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی چوارەمدا دەڵێ: خوایە ئەگەر بەدخوو بم یا پاکیزە خوو، گوناهی من چییە؟ بەندەی خۆتم. سوێندم بەگەورەییت ئەگەر لەو ڕۆژەدا من دەسەڵاتێکم بووایە کارێکم دەکرد کە ئەم جیهانە پڕوپووچەم بەچاو نەدیایە، ئێستاکە کەوایە بەگەورەیی و شکۆی خۆت بمبەخشە و، لە پیت و پێزی خۆت بێبەریم نەکەی، وەگەرنە بەشان و شکۆ و مەزنیت قەسەم، لە ڕۆژی پەسڵاندا بەلای خۆتەوە شکاتت لێ دەکەم:

یا حەی ئەر بەدخۆم، ئەر پاکیزە خۆم
گونای من چێشەن ئافەریدەی تۆم
شەڵڵا ڕوی ئەزەڵ ئەر نەبیا وە جەور
نەکێشای تەسویر هەستی من وەیتەور
ساکە کێشانت بەنای باڵا دەس
من هەر سونع تۆم ئەر خاسم ئەرگەس
حاکمی تۆ هەم وێت کەر بە قاضی
کەس بە سونع وێش چۆن نیەن ڕازی
سونع تۆ بەدەست وێت ئافەریدەن
ئەر نەبۆت پەسەند کێ پەسەندیدەن
بەڵێ هەی عەلیم ئاگای سڕڕ غەیب
موبەررا جە شرک عاری جە هەر عەیب
ئەو ڕۆ کە هەستی منت کەرد ڕەقەم
«واللە و باللە» بە ذاتت قەسەم،
ئەر مەبی وە دەس من ئیختیارێ
منیش جەو دەمدا مەکەردم کارێ
دنیای بێ وەفای تۆ نەدیام بە چەم
وەی تەور نەکەفتام نە گێجا و غەم
ئیسە چونکە تۆ عەلیم دانا
بێ تەعلیم علم دانا و تەوانا
ناڕەزا بەستی ئەجزای تەرکیبم
عەزاب دنیات کەرد وە نەسیبم
بۆ بەشق پاکی پیر تەریقەت
بە ڕوکن ئەحکام کولل شەریعەت



بە قەیوومی وێت یا قایم بە ذات
خانا جە دیوان عەرسەی عەرەسات،
نەکەری جە فەیز فەزڵ وێت مەحرووم
نەنویسیش جە ئەهل مەخزوولان شووم
وەرنە بە زاتت جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی پێنجەمدا دەڵێ: ئەی خوای گەورە و توانا کە ئاو و ئاور و با و خاکت بەدی هێناوە و مرۆ کەڵکی لێ وەردەگرێ و کەچی ڕێگەی ڕاستیش نابڕێ، منیش بەندەی زەبوون و دێوانەی تۆم و لە هیچ بابەتێک بەهانە مەگرە، چونکە هەموو کارێکم لەژێر فەرمانی تۆیە و، من هیچ دەسەڵاتێکم نییە، بەڵکو هەموو کەسێک چ شێخ بێ، چ سۆفی و چ زانا و چ نەزان هەمووی بەفەرمانی تۆ دەڕوا، شەیتان لەبەرئەوەی نافەرمانیتی کرد، تەوقی نەفرین چووە ملی تا ڕۆژی پەسڵان بەو دەردەوە دەبێ بتلێتەوە جا ئەگەر خانا لە ڕۆژی پەسڵاندا نەبەخشی کاری زارە و هیوای هەر بەتۆیە، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم، لە ڕۆژی پەسڵاندا بەلای خۆتەوە شکاتت لێ دەکەم:

پادشای شاهان ئیقلیم هەستی
نەققاش تەسویر بڵندی و پەستی
میعمار تەرکیب دەوران دڵکەش
دەفتەربەند نەوع هەفت و چار و شەش
بۆ بەشق قودرەت لاتەناهی وێت
بە شکۆی عەظیم پادشاهی وێت
جەی بەندەی عاجز شێت دێوانە
نە هیچ بابەتێ مەگیر بەهانە
پەی چێش لایەزال بێ شبهـ و مانەند
مونەززە جە قەید چوون و چرا و چەند
غەیر جە زات تۆ نەداروون ئەندێش
هیچ ئەمرێ نییەن کەس بەدەست وێش
مەرکێن ئیختیار وە دەست وێشەن
سا خوردەگیری و بەهانە چێشەن

ئەر شێخ کوبرا ئەر سۆفی سافەن
ئەر دانا و نادان ئەر مووشکافەن

بێ جەزبەی تەوفیق چون تۆ فەریادڕەس
هیچ کەس نەبەردەن پەی بە مەقسەد کەس

کەسێ جە ئبلیس ساعی تەر نەبێ
چون جەزبەی تەوفیق تۆ یاوەر نەبێ

بە عەبەس بەرشی جەفا بەردەنش
تەوقێ جە لەعنەت شی نە گەردەنش

بە سەعی و کۆشش ئەر نمەبی شووم
بەرسیسای عابد کەی مەبی مەحرووم

«خانای» خاتر تەنگ جەعەرسەی مەحشەر
ئەگەر نەبەخشیش دەهەندەی داوەر

وەرنە بە زاتت جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی شەشەمدا دەڵێ: ئەی خوای گەورە و گران! تۆ تەنیا و بێ هاوتا و بێ هاوبەشی و، داهێنەری زەوی و ئاسمان و هەموو گیانلەبەرانی و، لە هەموو شتێکەوە ئاگەداری و نادیاری، بەڵام چەند پرسیارێکم هەیە لە تۆ و، ئەوەش ئەمەیە: بەندەکانت تاوانیان چییە کە شەیتانت بەسەریاندا زاڵ کردووە و تووشی گونا و سەرپێچییان دەکا و، چەندین گونایان ئەکەوێتە ئەستۆ و سەرەنجام خۆیشت بەئاگری دۆزەخ سزایان دەدەی و، دیارە هەر چارەنووسێ کە تووشی مرۆڤبێ لە لایەن تۆیەوەیە و، لە لایێ تریشەوە دەزانم کە هیچ کەس ناتوانێ بەبێ دەسەڵات و فەرمانی تۆ کارێک بکا و، منیش بەهیوا و ئومێدی بەخشندەیی تۆوە ئەم پرسیارەم لێت کرد و، هیوایە لێم ببووری و، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم، لە ڕۆژی پەسڵاندا بەلای خۆتەوە شکاتت لێ دەکەم:

کەریم کار ساز بەخشندەی داوەر
ڕەونەق بەخش سەتح ڕەواق شەشدەر

تەمام قادری بە دەست قودرەت
بێ ئیمداد غەیب، بەی تەرز و سوورەت

بێ گونیا و خەت بێ شەبەکە و سیم
بێ خشت و ستوون ئوستاد و تەعلیم



بێ فەعلە و بێ ڕەنگ، بێ خامە و شەنگەرف
بە مەحز ئیزهار ئیشارەی دوو حەرف

سیماب گۆن سەقف نە سپهر بەرز
سەتح سەرزەمین بەتەرکیب و تەرز

جیهان ئافەرین جیهان دار فەرد،
نە عەرز شەش ڕۆ ئافەریدەت کەرد

بنازوون بەی سونع بەی جیهان سازیت
بەی بەخشەندەگی و چێهرە پەردازیت

تەعالا، نییەن کەس بە سفاتت
عاریەن جە عەیب بوزورگی ذاتت

بەڵێ هەی عەلیم ئاگای سڕڕ غەیب
گۆیای کەلیمەی بورهان لارەیب

«خانا» جە دەرگای زات بێ زەواڵ
جە ڕووی گوستاخی مە پەرسۆ هەواڵ

سا جە بەندەگان کێ تەقسیرشەن؟
کێ ساحێب قەزا و کێ تەقدیرشەن؟

گا شەیتان گا نەفس شووم شەڕئەنگێز
مەکەری پێشان تۆ بەدەست ئاوێز

مەنیەی نە گەردەن چەندین گوناشان
باهر دۆزەخ مەدەی سزاشان

هەر چە ڕەضاتەن مەکەری تەقدیر
گشت کەردەی وێتەن کێن ساحێب تەقسیر

چونکە بەی تەورەن، ئومێدم هەن پێت
ببەخشەم وە عەشق بێ پەروایی وێت

وەرنە بەزاتت جە لای زات تۆ
مەکەروو ڕۆی حەشر من شکات تۆ

خانا لە بەندی حەوتەمدا دەڵێ: ئەی خوای تاق و تەنیا و بێ وێنە، هەرچەندە ئەمن گوناهکار و تاوانبارم، بەڵام هەمووی ئەو گوناهانەم بەهۆی ئەهریمەنەوەیە و، من

دەسەڵاتێکم نییە و هەر خۆت فەرمانڕەوای و فەرمانت بەڕێوە دەبرێ، هەرچەندە ئەم قسەم لە شێوازەوە دوورە، بەڵام سوێندم بەشان و شکۆ و گەورەییت کە هەمووی کردەی خۆتە و خە خۆتیش بەخشێنەری گوناهی، کەوابوو بۆ خاتری پێغەمبەری گەورەی ئیسلام من لە بوومەلەرزەی ڕۆژی پەسڵان بپارێزی و بەزەییت پێمدا بێ، وەگەرنە بەشان و شکۆ و گەورەییت قەسەم، لە ڕۆژی پەسڵان بەلای خۆتەوە شکات لە خۆت دەکەم:

یا قایم بە زات قەدیم قەیووم
هەر چەند کەج ڕەفتار هەم بێ ئابڕوو
قەسەم بە زاتت یاگەی ئومێدەن
ئەر مەکەیم وەسەنگ ڕاستش هەر ئێدەن
نە ذەرێ گونای نەفس ئەمارەن
نە فتنەی شەیتان شووم بەدکارەن
هەرچی مەکەرێو بە ئیرادەی تۆن
کەسێ چ کارەن ساحێب وجوود کۆن
ئەمرت موتاعەن مەشۆ وە ڕاوە
نیەنی وەتەنگ شا و گەداوە
هەرچەند ئی حەرفە جە ئەدەب دوورەن
خارج رای شەرع ئەهل شعوورەن
قەسەم وە زاتت گشت کەردەی وێتەن
گونای کەس نییەن بنیادەم شێتەن
چونکە تۆ بەی تەور ساحێب هیمەتی
(شدیدالعقاب) والا شەوکەتی
بە عەشق ڕەسووڵ سەیید سەروەر
جە زەلزەلەی سەخت هایلەی مەحشەر
ڕەببا، بێ شەریک فەریادڕەسیم کەر
یا ڕەحیم ڕەحمێ وە بێ کەسیم کەر
وەرنە بە زاتت جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی جەشر من شکات تۆ



هۆنراوە دڵدارییەکانی خانا گەلێ پاراو و دڵڕفێن و شیرینن. لە پارچە هۆنراوەیەکیدا ڕوو دەکاتە دڵخوازەکەی و دەڵێ: ئەی دڵخوازەکەم، من لەگەڵ تۆمە، وەرە خەڵکیش بهێنە و جەرگم تۆ تۆ و بەند بەند بگەڕێ پێیدا، ئەگەر بێجگە لە خۆشەویستیی تۆ هیچی کەی تیا بوو بەنووکی ئەڵماس دەری بێنە وەک زۆر جار دەرت هێناوە:

من چەنی تۆما تۆم بۆ چەنی عام　　　تۆ، تۆ تۆی جەرگم جیاکەر جە هام
تۆ تۆ بەند وە بەند بگێڵەش پێدا　　　گەر تۆ دیت تۆیی غەیر جە تۆ تێدا
ئەوسا وێت ئاسا باوەرەش وە بەر　　　وە مەودای ئەڵماس پارە پارەش کەر

خانا سووتاوی ئەوین بووە، ئەوینێکی پاک و خاوێن، ئەوینێکی خوایی کە لە دڵی هەموو خواپەرستێکدا تیشک دەداتەوە و، ئەگەر بێت و تیشکی ئەو ئەوینە بدا لە کێوی قەزاڵە(٢) بەجارێ ئەیسووتێنێ و، وەک بووڵ و خۆڵەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ دەکا:

بەرق، سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان　　　عەکس ماوی خاڵ خورشید جەمینان
ئەر بگنۆ وە کۆی قولەی قەزاڵە　　　مەکەرۆش وە بووڵ سفتەی سەد ساڵە

سەرچاوەکان

١- خسرو و شیرین خانای قبادی ویراستەی اورنگ با همکاری سدیق صفی زادە (بورەکەیی) تهران ١٣٤٨.
٢- شیرین و خوسرەو شاکاری خانای قوبادی ساغ کردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم بەغدا ١٩٧٥.
٣- خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی - ساغ کردنەوەی سدیق بۆرەکەیی تاران ١٣٦١.
٤- پیر شالیاری زەردەشتی دانەری محەمەد بەهائەدین ساحب بەغدا ١٩٦٨.
٥- دیوانی مەولەوی کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس بەغدا ١٩٦١.
٦- تەڵای دەستەوشار - نووسراوی سدێق بۆرەکەیی (دەستنووسە)
٧- حەوت بەندی خانا (دەستنووسە)
٨- بەیازێکی دەستنووس کە لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا نووسراوە.
٩- حدیقەء سلتانی تالیف محمد علی سلتانی - باختران ١٣٦٤.
١٠- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخانای قوبادی.
١١- نزانی، مزگانی - دکتر سعید خان کردستانی - تهران ١٣٠٩.

(٢) قەزاڵە یام قەرزاڵە ناوی لووتکەیەکی بەرزە لە کێوی ئاتەشگا بەرانبەری شاری پاوە کە دەڵێن ئەو لووتکە لە ڕۆژگارانی زوودا ئاورپژێن بووە.

## شێخ شەهابی لهۆنی

١١٨٥-١١١٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی شەهاب و کوڕی شێخ ئەمینی لهۆنییە و بەپێی بەیازێکی کۆن کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١١٢ی کۆچی لە لهۆندا لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی مەڵبەندەکانی هەورامان گەڕاوە و ماوەیەکیش لە سلێمانی خەریکی خوێندن بووە و سەرئەنجام لە سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٨٥ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

شێخ شەهاب بەپێی تاقە هۆنراوێکی کە دەڵێ: «ئێد مەوانان نە بەزم نەووەهاری نادری» هاوچەرخی نادرشای هەوشار (١١٤٨-١١٦٠)ی کۆچی بووە، وەکو دەم بەدەم دەیگێڕنەوە نادر چەند خەڵاتێکیشی بۆ ناردووە.

شێخ لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. بەداخەوە هۆنراوەکانی کۆ نەکراوەتەوە و زۆربەی دەست بەدەست کەوتوون و لەناوچوون، ئەوەش کە مابێتەوە لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراون و بەیادگار ماونەتەوە.

شێخ شەهاب بڕە هۆنراوێکی سەبارەت بەسروشت و بەهار هۆنیوەتەوە کە بەڕاستی لە ستایشی بەهار و سروشتدا بێ وێنەن و لەم هۆنراوانەدا وەرزی بەهار و سروشتی ئەو دەمەمان بۆ دەخاتە بەرچاو و دەڵێ:

گوڵانی جۆر بەجۆر لە دەشت و بیاوانەکاندا ڕواون و وەکو ڕایەخ هەموو جێ و شوێنێکیان داپۆشیوە و تیپ تیپی کەوەکان و بوڵبوڵان و قومرییان و قوڵنگان و تاووسان ڕیزیان بەستووە و نەواخوانی دەکەن و لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ دەفڕن و، نێرگسان وەکو دڵبەرانی مانگ ڕوو داوێنی کوێستانەکانیان داگرتووە و لە هەر گۆشە و کەنارێکەوە نەوای چەنگ و چەقانە و ساز و نەی دێتە گوێ و دڵبەرانیش ناز و لەنجە دەفرۆشن و لاوانیش گەلێ دڵخۆشن و مەیگێڕان بەپیاڵەی زێڕین مەی دەگێڕن و خەم و پەژارەی دڵ دەبەن. بەهار جوانە و بوڵبوڵیش بەهیوای بەهارە تاکو چاوی بکەوێتە گوڵ، بەڵام چ سوود کە (شەهاب) بەهیوای دیداری یارە و لە دووریی ئەوا . ژیان دەباتە سەر و دڵی کەوتووەتە ناو کەسەر، وەکو دەڵێ:



دیدە گریان، جا بیابان هەمچو قەیس عامری
گوڵ حەنا، لەولاو و ڕەیحان، شەست پەڕ و گوڵ جەعفەری
بۆی گێسووی قەرنفل مەرهەمی دەرد دڵان
وێش پەرێشان، زوڵفداران، عاشقان را خون خوەری
زوڵف عەرووس و تاج خورووس و زەعفەرانی گوڵ وەهار
ڕۆژپەرست و دیدە مەست و لالەهای دوختەری
چەند هەزاران ڕەنگ شکوفتە تەوق توحفەی خاوەران
هەر چڵێ کەردەن بەسەردا چەند گوڵێ بۆ ئەسفەری
سەد هەزاران گوڵ هەزاران ڕەنگ چون بازاڕ چین
شەوق مەدۆ یەک یەک نە دڵ چون مانگ و زوهرە و موشتەری
نیم بیەن حەیران خار و نیم بیەن حەیران دار
نیم بەر ئامان ئەز شکاف سەنگ خارا و مەرمەری
تیپ بەتیپ، تەوق تەوق کەبک جەم بەجەم سان دا وەهار
سەف بەسەف، سەف سەف، سەفەن سەف سەف دان سەر عەسکەری
زومرە زومرە گوڵ بەقۆشەن بەرد پەرێش ئەو پای کووب
شای وەهار بەخشا بە خەشخاش تەوق توحفەی ئەحمەری
چاوشان قازڵاخ دەنگ دا نە هەفت ئەوڕەنگ فەلەک
شاهی نادر نەو وەهاران نشت نە تەخت ئەخزەری
عەندەلیب و بوڵبوڵ و قومری و هەزاردەستان نە باغ
فاختە و تووتی و تەزەروو تاوس و کەبک دەری
چەهچەهەی بوڵبوڵ نە باغ و هوهوی قومری نە ڕاغ
قەهقەهەی کەبکان نە داغ و دڵ بە سەد جۆش ئازەری
باقی شنقار و وەحش و تەیر و تاوس تەیار
هەر یەکێ دەنگێ بە ڕەنگێ خوەش نەوا ئەلحان کەری
هەر یەکێ با ساز و ناز و بەربەت و چەنگ و غەزەل
گرد مەوانان بە نەزم نەو وەهاری نادری
فەرش عەنبەر، تەخت تاوس، گوڵ جە کاوس تاجدار
پڕ حویوور و پڕ تویوور و پڕ فرشتەی پەرپەری

سەیر دەستان، بەزم مەستان، حوور پەرستان سەد هەزار
ناز پەرستان، گوڵ بەدەستان، دەست پڕ ئەنگوشتەری
فەسڵ ساز و فەسڵ ناز و فەسڵ غەمزە و فەسڵ ڕاز
عیشوە سازیی، بۆسە بازی، سەرفرازی، یاوەری
فەسڵ جۆش و فەسڵ نۆش و فەسڵ هۆش و غەم خەمۆش
دەس نە دۆش و دوڕ نە گۆش و نازفرۆشان پەری
فەسڵ چەنگ و فەسڵ دەنگ و فەسڵ ڕەنگ و فەسڵ مەی
فەسڵ حەیی و فەسڵ نەیی و فەسڵ مەیی و مەی خوەری
فەسڵ شورب و فەسڵ شەهد و فەسڵ قورب و فەسڵ بوعد
چەم بە ئیما، ڕوح بە سیما، لەب عەقیق و ئەحمەری
فەسڵ وەسڵەن، هەر کە ئەسڵەن، سەعی و کۆشش نۆش مەی
عەیش و شەوقەن، وەقت زەوقەن، ماچ و مۆچ و یاوەری
ئەسفەهانی بێخ کاوان، ئەرغەوانی بانەوی
وەش نەوازی، نەغمەسازی، ڕاز شیرین شەککەری
عەزیزم تۆنی گوڵ خاستر جە گوڵزار وەهار
دڵ مونەووەر بی بە دینت هەمچو شەمس خاوەری
ئارەزووی بوڵبوڵ وەهارەن ڕەنگ گوڵ وێنۆ وە چەم
ئارەزووی من تۆنی دڵبەر چون جە ئینان وەرتری
بۆ (شەهاب)ت بۆ سەراپات فیدا ئەی نازەنین
فەسڵ سەیر و نەو وەهاران تۆ جە گوڵها خاستەری

بەڕاستی ئەم هۆنراوانەی شێخ شەهاب نموونەیەکی بەرزن لە وێژەی کوردیدا و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەم چەشنە بەسروشت و بەهاردا هەڵبڵێ و بەهار بەجوانییەکی ئەوتۆ بڕازێنێتەوە و پەلەوەران ڕیز ببەستن و کیژان و کوڕان ڕاوەستن و گوڵان بەدەم سروەی با بشەکێنەوە و قوڵنگان لە گەرمیان بەرەو کوێستان بێنەوە و بکەونە نەواخوانی.

شێخ شەهاب لە بازاڕی دڵداریشدا خۆی نواندووە و لەبەرئەوەی دڵبەرەکەی دڵی ڕفاندووە و ئاگری دڵی گەشاندووەتەوە، دێنێ بەو جۆرە گلە و گازندە و سکاڵا لە دڵبەرەکەی دەکا و دەڵێ:

جە تۆ عەفوەن، جە من تاوان جە تۆ فێشتەر بەکێ نازم
فیدات بام شۆخ شیرین وەش، ئەنیس مەحرەم ڕازم



وەشی و شادی و دڵ و دیدەم، حەیات و قووەت و ڕۆحم
خودا ئاگاهەن ئەی دڵبەر یەقین گشت سەر
زەعیف و زەرد و زارم وێم پەرێو یەک نیم نیگاه تۆ
بوێنی قالب مەردیم، بوانی ڕۆح پەروازم
نەدارۆ قووەت چەندان، بپێچۆن سەر جە عومر تۆ
بە هەر جایێ تۆ واچی شۆ، جەوەردابیت مەبۆن عازم
نییەن مەیلت بەمن ئەسڵەن عەجەب بێ مەیلەنی سەد حەیف
کەمێ نامای بدەی مەڵهەم پەرێو ئی زام مارگازم
نییەن شەرت بوزورگیی تۆ پەنەم دەی مننەت چەندان
پەرێ چی قاعیدەت پاسەن، بەڵێ منت نییەن لازم
خودا زانان نە عالەم دا نەمەندەن زەڕڕەیۆ شادیم
بەڵێ جەو ساوە تۆ پۆشان دەرۆ گۆشت جە ئاوازم
فەڵەک کەڕ بی، جە ناڵینم، زەمین تەڕ بی بە ئەسرینم
جە تاو هەیبەت دووریت، بوڵەند بی سۆز و ئاوازم
(شەهاب)ت پڕخەم و خەستەن، زەعیف و زار و ناجەستەن
سیا حەیتار تۆ گەستەن، ئەرێ هەی شای شەکەرڕازم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ئەگەر من تاوانێکم بێ، دەبێ تۆ بمبەخشی و ئیتر من جگە لە تۆ بەکێ بنازم؟ بە قوربانت بم ئەی شۆخوشەنگەکەم و ئەی هاوڕازی ڕازم، تۆ مایەی خۆشی و شادی دڵمی و تۆ بیناییی چاو و ژیان و هێز و گیانمی، خوا خۆی ئەزانێ کە ئامادەم خۆم بکەمە قوربانت و، بۆ دیتنی تۆ لاواز و ڕەنگ زەردم، ئەوەندە خەم و پەژارەی تۆم خواردووە کە هێزێکی وام نەماوە و نازانم چۆن دەتوانم ژیان بەرمە سەر؟ بۆ هەر کوێ بڵێی دەکەومە بەرتەوە و لەگەڵتدا دێم، دیارە تۆش خۆشت لە من نایە، چونکە نەهاتی مەڵهەم بدەی لە برینەکانم، لەبەرچی ڕەوشتت وایە؟ بەڵێ دیارە منت ناوێ. خوا خۆی دەزانێ کە تۆزقاڵێک شادی لە دڵمدا نەماوە، خۆ چەرخ لە ناڵینم کەڕ بوو و، زەوی بەهۆی فرمێسکی چاوانمەوە تەڕ بوو و، لە تاوی دووریت، سۆزی دەروونم بەرز بووەوە، (شەهاب) دڵی پڕ لە خەم و پەژارەیە و بەتەواوی لاواز بووە، چونکە پەلکە ڕەشەکانی تۆ کە وەکو مار وایە، دڵی گەستووە و بەتەواوی بریندارە و دەبێ هەر خۆت برینەکانی سارێژ کەیتەوە.

سەرچاوەکان

١- مجمع البيان بەیازێکی کۆنە کە لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- تەڵای دەستەوشار یا مێژووی بوێژانی هەوشار (دەستنووسە).
٣- چامەسرایان کرد نوشتەء: صديق صفى زاده (بورەکەئی).
٤- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ شەهاوی لهۆنی.

## مەلا وەلەد خانی گۆران

١١٩٠-١١٢٧

ئەم هۆنەرەمان ناوی مەلا وەلەدخان و کوڕی مەلا شەهاوی گۆرانە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٢٧ی کۆچی لە زەهاودا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. مەلا وەلەدخان لەبەرئەوە مەلازادە بووە سەرەتا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووە و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە. ماوەیەک لە دینەوەر بووە و لە پاشا لە بەغدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک ڕابواردووە تا لە ساڵی ١١٩٠ی کۆچیدا لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە.

مەلا وەلەد خان لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە ماوەی تەمەنیا چەند چیرۆکی جوانی دڵداریی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە بریتین لە: «شیرین و فەرهاد» و «یوسف و زلێخا» و «لەیلا و مەجنوون». مەلا وەلەدخان هاوچەرخی نادر شای هەوشار (١١٤٨-١١٦٠ی کۆچی) بووە و لە هەندێ هۆنراویدا دیاردیی بەنادرشا کردووە.

مەلا وەلەد خان پەڕاوی شیرین و فەرهادی لە ساڵی ١١٥٠ی کۆچیدا هۆنیوەتەوە، وەکو خۆی دەڵێ:

غەین و قاف و نوون جەم کەر وە حەساو     لێش مەبۆ ڕۆشن چون قورس ئافتاو

ئەمەش چەند هۆنراوێک لە پەڕاوی «شیرین و فەرهاد» کە دەڵێ:

### کۆتەڵ گێڕانی شیرین بۆ فەرهاد

فەرهاد فیدای زام سەخت تازەت بام
فیدای ڕەنج بەردەی بێ ئەندازەت بام



فیدای داخ و دەرد حەسرەتانت بام
فیدای زەردیی ڕەنگ جە هیجرانت بام
فیدای زام سەخت بێ دەرمانت بام
فیدای بەرگ سوور هوون ئەفشانت بام
فیدای بێ دەنگی، کش و ماتت بام
فیدای تەی کەردەی ڕای نەهاتت بام
فیدای پەیاپەی قوڵنگ شانات بام
فیدای ئێش زام کەس نەزانات بام
فیدای سەنگ سەرد نە باڵینت بام
فیدای دەرد سەخت شەوناڵینت بام
فیدای باهوو باڵ شۆخ‌وشەنگت بام
فیدای چارەی چەفت بەخت لەنگت بام
فیدای زەمزەمەی شار چینت بام
فیدای قەسر و تاق بلوورینت بام
فیدای تەمەتەراق پای تەلارت بام
فیدای شانشین میناکارت بام
فیدای نادیاریی خزم و خوێشت بام
فیدای زووخ و زام جەرگ ڕیشت بام
فیدای سپا و سان پشت سەرت بام
فیدای خولامان تەن پەروەرت بام
فیدای ساقییان دەست وەبادەت بام
فیدای ڕەقاسان ساوا و سادەت بام
فیدای کەوکەبەی شەودیوانت بام
فیدای بەزم ئارای مەی نۆشانت بام
فیدای نازاران ترمەپۆشت بام
فیدای چاوشان پڕ فرۆشت بام
فیدای جقەی تاج دانەبەندت بام
فیدای ئەساسەی وە جامەندت بام

فیدای تەخت عوود زەڕنیقابت بام
فیدای شاتران پای ڕکابت بام
فیدای مەرکەبان بازی بازت بام
فیدای بەحرییان وە بێ نازت بام
فیدای کەنیزان ئەتلەس پۆشت بام
فیدای مەحرەمان دوڕ نەگۆشت بام
فیدای دەروون پڕ جە خارت بام
فیدای خامۆش ڕای مەزارت بام
سەرگەرد سامان کەس نەدینت بام
فیدای فەرمایش شار چینت بام
بێدار بەر نە خاو فیدای خاوت بام
فیدای زەبوونیی کۆ و کاوت بام
فیدای قار و قین جۆش و جەنگت بام
فیدای قەست قەتڵ گەرا ڕەنگت بام
کۆکەن بە فیدای لاشەی هەردەت بام
فیدای بێ نازی بێ کەس مەردەت بام
فیدای نگوونی خاک و خوونت بام
فیدای بێ کەسی بێ ستوونت بام
فیدای نەعش خاک وە بێ خەوشت بام
فیدای شانازی قەسر و هەوشت بام
فیدای سەنگ تاشی بازووانت بام
فیدای دەستکاری تاقەوسانت بام
فیدای دەرد سەخت کەس نەزانات بام
فیدای پەیاپەی قوڵنگ شانات بام
فیدای شوجاعەت زۆر و زاتت بام
فیدای دڵەی تەنگ پڕ ئاواتت بام
فیدای مەل و مۆر دەوروبەرت بام
فیدای زام سەخت فەرق سەرت بام



فیدای خەفت و خێز نەی جای چۆڵت بام
فیدای هەوارگەی وەی وە کۆڵت بام

واتە: ئەی فەرهاد! بەقوربانی برینی سەختی تازەت بم و بەقوربانی ڕەنجی زۆر و ڕەنگ زەردی و دووری و دەردی بێ دەرمانت بم، بەقوربانی بازووی مەردانە و خزم و کەس و کار و سپاوسان و خوڵامەکانت بم. بەقوربانی دەروونی پڕ لە پەژارە و بێ دەنگیی گڵکۆکەت بم. دەسا لە خەو ڕاپەڕە بەقوربانی خەوت بم. ئەی کۆکەن بەقوربانی لاشەی خوێناوی و بێ کەسی و بێستوونت بم. بەقوربانی نەبەزی و دڵی تەنگ و ئاواتی ئەو دڵەت بم کە بۆ من گیانی خۆتت لە دەست دا و لەم هەوارگەیەدا بەبێ کەس سەرت نایەوە.

مەلا وەلەد خان جگە لەو چیرۆکە دڵدارییانە کە بەیادگار بۆمانی بەجێ هێشتوون، گەلێ هۆنراوی دڵداری و ئاینی کۆمەڵایەتیشی لێ بەجێ ماون کە بەداخەوە هێشتا بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە و لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

بەدەن سیم ساف سەدەف ڕەنگ چون بەت        سفیدتەر نە پەڕ بەتان سەر شەت
دەستەی شاماران سیای حەنایی        چین وەردەی پای خاڵ گەردەن ڕەعنایی
سەراوێز وە پای کەچ کولای کەچدا        شێوەی لوول قەزح قازاخی پێچ دا
سەیر ورشەی نەقش وەنەوشە خاڵان        شەونم پەروەردەی گۆنای نەوهاڵان
تەماشای ئالای دوگمەی دوڕ نە دەم        زڕەی دەسبازی قوفڵ یەخە و مەم
«مەلا» تەجرەبەی خاڵ لەیلش بی        مەجنوون بەرنشین کۆی دوجەیلش بی

واتە: لەشی یارە خۆشەویستەکەم وەکو بەت سپییە و تەنانەت لە بەتانی کەناری ڕووباری سپیترە، پەلکەکانی کە وەکو شامار وایە بەسەر خاڵی گەردنیا چینیان خواردووەتەوە و لە ژێر شەدەی لاریدا سەرئاوێزی کردوونەتەوە و خاڵەکانی سەر گۆنای وەکو وەنەوشە کە شەونمی پێدا بپژێ دیارن و، کاتێ دوگمەی سەر سینگی لادا، مەمانی دەردەکەوێ و، مەلا وەکو مەجنوون ئاوارە و دەربەدەری دەشت و کێو دەبێ.

سەرچاوەکان

١– شیرین و فەرهاد – مەلا وەلەدخان – لەسەر ئەرکی حوزنی موکریانی – بەغدا ١٩٤٦.
٢– شیرین و فەرهاد – لەسەر ئەرکی دوکتور سدیق موفتی زادە– تاران ١٣٣٨.
٣– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٤– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەهۆنەرانی کورد.

## مەلا خدری ڕواری

۱۱٤۷– ۱۲۱۰

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان، ناوی خدر (خضر) و کوڕی مەلا ئەحمەدە و لە دێی ڕواری هەوراماندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. سەبارەت بەمێژووی لەدایک بوونی مەلا خدر جیاوازی هەیە. مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە گۆشەی باخی هۆنەراندا ساڵی ۱۱٤٥ی کۆچی بۆ لەدایکبوونی و ساڵی ۱۲۱۰ی بۆ مردنی داناوە. مامۆستا محەمەد ساحیبیش لە پەڕاوی (پیرشالیاری زەردەشتی)دا هەر ئەو مێژووەی بۆ داناوە. مامۆستا محەمەدی سەراجودینی لە پەڕاوی (ڕۆڵە بزانی)دا ساڵی ۱۱٤۹ی کۆچی بۆ لەدایک بوونی و ساڵی ۱۲۱۰ی بۆ مردنی داناوە. مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس لە پەڕاوی : (علماونا) دا ساڵی ۱۱٤۰ی کۆچی بۆ لەدایکبوونی داناوە و لای وایە کە لە پاش ساڵی ۱۲۰۰ی کۆچیدا لە جیهان ماڵئاوایی خواستووە و هەروەها نووسیویەتی کە نامیلکەی (ڕۆڵە بزانی) لە ساڵی ۱۱۹۷ی کۆچیدا داناوە و ئەمەش بەپێی ئاخری (دەوڵەتنامە)کەیە کە مەلا خدر لەوێدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| تاریخ نەزمش بایەد شنەفتەن | هەزار و یەک سەد نەوەد و هەفتەن |
| مانگ ڕەمەزان شەهر مبارەک | ئی نەزمە پەی خەیر دریا تەدارەک |

بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان و هەندێ لە هۆنراوەکانی مەلا خدری تێدا نووسراون، ساڵی لەدایکبوونی ۱۱٤۷ی کۆچی دانراوە، بەڵام ساڵی مردنەکەی نەنووسراوە.

مەلا خدر بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوەکردن، لە ساڵی ۱۱٤۷ی کۆچی لە دێی ڕوار پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و سەرەتا لە لای باوکی دەستی کردووەتە خوێندن و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و لە پاشا بەفەقێیەتی بەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و سەرەنجام چووەتە قەڵاچوالان و لە لای شێخ محەمەد وەسیم فقهی ئیسلامی خوێندووە و ئەوسا ودمی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەوانە وتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بەسەر بردووە تا لە ساڵی ۱۲۱۰ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانەکەی ڕواردا نێژراوە.

مەلا خدر بەپێی ئەو شوێنەوارانەی کە لە شوێنی بەجێ ماوە، لە زانیارییەکانی ئیسلامی





بەتایبەت لە لێکدانەوەی قورئان و ڕێزمانی عەرەبی و مێژووی ئیسلام و وێژەی کورد و عەرەبیدا شارەزایەکی زۆری هەبووە و، زۆربەی هۆنراوەکانی پڕن لە زاراوی خواناسی و زانستی. هۆنراوەکانی زۆر جوان و شیرین و دڵگر و تەڕ و پاراون. هۆنەری نەمر حاجی قادری کۆیی لە بارەیەوە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| وەک مەلا خضری ڕوودباری نییە | شیعری ئاوی حەیاتە تاڵی نییە |

مەلا خدر وا دیارە گەلێ هۆنراوی دڵداری و خواناسی و کۆمەڵایەتیی بەزمانی کوردی و عەرەبی هەبووە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی دەست بەدەست کەوتوون و لەناوچوون و جگە لە کۆمەڵە هۆنراوێکی کە بەناوی دیوانی مەلا خدری ڕواری کۆکراوەتەوە، دوو نامیلکەشی بەناوەکانی (ڕۆڵە بزانی) و (دەوڵەت نامە) لێ بەجێ ماون کە پلەوپایەی زانستیی ئەومان بۆ دەردەخەن.

مەلا خدر لە پارچە هەڵبەستێکیدا پەندی خەڵک دەدا و دەڵێ: ئەم جیهانە پڕ و پووچە و ئەگەر بنیادەم شا بێ یا گەدا، دەوڵەمەند بێ یا هەژار، ناشیرین بێت یا جوان، سەرئەنجام دەمرێت و دەچێتە ژێر خاک. نادروستی و ناڕەوایی پەرەی سەندووە و ڕاستی لەناو چووە، کەوابوو وریا بنەوە، جیهان ئەوەندەی نەماوە، جا ئەگەر کەیخەسرەو و جەمشێد بی و، یا وەکو قەیسەری ڕۆم خاوەن سپاوسان بی و، ئەگەر وەکو کەیکاوس و ئەفراسیاب بی و، یا وەکو سلێمان و ئەسکەندەر و خاقانی چین و سەنجەر بی و، یا وەکو زانایان بی و، یا سەد هەزار کەس پشتیوانت بی و یا وەکو یوسف جوان بی و، یا وەکو قاروون سامان و داراییت هەبێ و، یا وەکو ڕۆستەم خاوەن زۆر و سام بێ، سەرەنجام دەبێ بەخاک و، لە دەوری ئادەمەوە تا پێغەمبەری گەورەی ئیسلام هەر کەسێک ڕۆژێک لە دایک بووە و ڕۆژێکیش مردووە. کەوابوو کەمێک بیرکەرەوە و ڕێی ڕاستی خوایی بگرە بەر، چونکە ئەم جیهانە ڕوونەت لێ تاریک دەبێ:

| | |
|---|---|
| زەمانەی ئەندەن، زەمانەی ئەندەن | قاپی سەرگوشاد دەر خێر بەندەن |
| ئی دوو ڕۆژ عومر باقیات مەندەن | ئەویچ فانییەن ئاخۆ تا چەندەن |
| تەور دەست دەور جە ڕیشەش کەندەن | های بێدارۆ بن ئاندەش نەمەندەن |
| ئەگەر کەیخەسرەو جەمشێد جام بی | چون قەیسەر ڕۆم خاوەن سپا بی |
| ئەگەر پادشای عالی جەنابی | ئەگەر کەیکاوس، ئەفراسیابی |
| ئەگەر سلێمان ئەر ئەسکەندەری | ئەر خاقان چین، ئەگەر سەنجەری |
| ئەر چون حەکیمان خاوەن دەورانی | ئەگەر پادشای فەرمانڕەوانی |
| ئەرچون شای مەردان فەتحت بەدەسەن | ئەر پشتیوانت سەد هەزار کەسەن |

ئەر یوسفەنی بە حوسن و جەماڵ — ئەگەر قاروونی خاوەن گەنج و ماڵ
ئەگەر ڕوستەمی سەهمەت سەهمناک — ئەسڵت جە خاکەن هەم مەبی بەخاک
ئادەم تا خاتەم جەی دنیای پڕ دەرد — فامێوە کەردی کێ بێ کێ نەمەرد
فامێوە کەردی بە فکر باریک — ئی دنیای ڕۆشن لێتان بۆ تاریک

مەلا خدر بڕوانامەیەکی هەیە بەناوی «ڕۆڵە بزانی» کە وا دیارە بۆ کوڕەکەی هۆنیوەیەتەوە و لە قاڵبێکی ڕێکوپێک و لە ئەوپەڕی سادەیی و ڕەوانیدا دای ناوە و بەچەشنێکی جوان، مەبەستەکانی لە چوارچێوەی هۆنراوەدا جێ کردووەتەوە بەبێ ئەوە ناڕێکییەکیان تیا هەبێت.

مەلا خدر لەم بڕوانامەدا سەبارەت بەخوایەتیی خوای مەزن و پێغەمبەریەتیی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ باس دەکات و ڕێ و ڕەوشتەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هۆنراوی جوان و سادە شی دەکاتەوە، وەکو دەڵێت:

ڕۆڵە بزانی، ڕۆڵە بزانی
فەرزەن وەر جە گشت مەبۆ بزانی
ئەسڵ و فەرع دین چەنی ئەرکانی
چەنی ئەحکامان پەی موسڵمانی
مەبۆ بزانی هەر یۆ پەنجەنی
ئەر چە پەنجەنی ئەمما گەنجەنی
ئەسڵ دینمان زاتەن و سفات
مەبدەء و مەعاد، پەنجەم نوبوات
فەرع دینمان نمانە و ڕۆچی
زەکات، حەج، غەزا، بزانە تۆ چی
ڕوکنێو دینمان ئەووەڵ شەهادەت
سەلات، سەوم زەکات، حەج ئیستتاعەت
حوکمێو ئیسلامی واجب و حەرام
سوننەت و مەکرووە، موباح وەسسلام
ذات یانێ خودای زاتش بە حەقەن
(واجب الوجود) فەرد موتڵەقەن
سفاتش یانێ قەدیمیەنی
چەنی و زات وێش ئەزەڵ بیەنی



پێسەش فەرماوان یاگەو گرد کەسیم
ئوستادی شێخی محەمەد وەسیم
خودا بە جەقەقەن زیندە و دانا
بینا و شنەوا، گۆیا و تەوانا
ساحێب ئیرادەن، باقیەن دایم
بەی هەشت سفاتە دڵت بۆ قایم
مەبدەء یانێ های ئێمە نەبیەنمێ
ئێمە و گرد عالەم خودای کەردەنمێ
مەعاد یانێ های گردی مەشمێوە
حەشرمان مەبۆ زیندە مەبمێوە
مەعاد یانێ های گردی مەشمێوە
حەشرمان مەبۆ زیندە مەبمێوە
نوبووەت یانێ بکەردمی باوەڕ
خودای کیاستەن پێمان پێغەمبەر
سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
خودا کیاستەن پەی مەخلووق ڕەهبەر
سێسەد و سێزدە ڕەسووڵ مورسەل
محەمەد ڕەسووڵ جەگردین ئەفزەل
مورسەل یانی های خاوەنی ئوممەت
جەلای خوداوەند مەئموور بە ڕەحمەت
ڕوکنیما شەشەن بزانە تەمام
هەوەڵ خوداوەند دانای لایەنام
(واجب الوجود) قەدیم موتڵەق
حازر لامەکان قادر بەرحەق
دوەم فریشتان تەمام بەرحەقەن
گرد بەندەی خودای فەرد موتڵەقەن
مەلایک فرێن حسابش بێ حەد
کەسێ مەزانۆ بە غەیر ئەحەد

سێهەم قورئانەن خودای کیاستەن
پێغەمبەرانی گرد بیەن ڕاستەن
سەد و چوار کتاب کیاستەن جە سەر
باخێک سوحوفەن، باخێکی فێشتەر
دەپەڕی ئادەم، پەنجا پەڕی شیس
جەو دما ئاما سی پەڕی ئیدریس
دەپەی ئیبراهیم، تەورات پەی مووسا
زەبوور پەی داوود، ئینجیل پەی عیسا
فورقانەن پەرێ (ختم المرسلین)
ئی چوار کتێبە گەورەن جە گردین
جە گرد شیرنیتر قورئان موبین
مانای گردیشان تێدا هەن یەقین
فورقان، قورئانەن تا (یوم المحشر)
باقییەن پەرێ ڕانمای بەشەر
چوارەمین گردین پێغەمبەرانەن
گرد خاس مەقبوول خودای مەننانەن
پەنجەمینشان فەردای قیامەت
هۆشت بۆ سوودش نییەن نەدامەت
شەشەم هەر کارێ جە خێر و جە شەر
خودا بە قودرەت کەردەن موقەدەر
عیلمەن چون درەخت، عەمەل سەمەرەن
عیلم بێ عەمەل باغ بێ بەرەن
عیلم و عەمەل و عومرت بۆ زیاد
عیلمت بێ عەمەل نە دەری وە باد
هەر چێو زایع بۆ پەرێش هەن بەدەل
ئیللا بێ بەدەل، عومرەن وە عەمەل
حەیفەن عومر وێت بدەی بە زایە
جە دنیا بەرشی بێ دایە و مایە



واتە: ڕۆڵە دەبێ بزانی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام چییە و لەبەرچی هاتووە. دەبێ بزانی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج شت دانراوە کە هەر کام لەم پێنجە وەکو گەنجێک وان و، ئەم پێنجە بریتین لە: تاق و تەنیایی خوای مەزن بە (زات) و (سیفات) یەوە و، سەرەتا و گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژی پەسڵان و پێغەمبەریەتی پێغەمبەریی گەورەی ئیسلام، فەرعی دینیش پێنجن و بریتین لە: نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و خەزا. ڕوکنی دین یەکەم بڕواهێنان بەخوا و پێغەمبەر و ئەوسا نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەجە ئەگەر دەست بدا. ذات یانێ خوا تاق و تەنیا و بێ هاوتایە، سفاتیش یانێ خوا کۆنە و هەر لە مێژەوە بووە و هەر هەیە و زیندووە و مردنی بۆ نییە، وەهای فەرمووە ئەو کەسەی کەوا لە جێگەی هەموو کەسێکم دایە، واتە مامۆستا و شێخم شێخ محەمەد وەسیم، خوا زیندووە و بەهەموو شتێکم ئاگەدارە و بینەر و بیسەر و گۆیا و توانا و خاوەن دەسەڵاتە و هەرگیز نامرێ، هەمووی ئێمە خوا دروستمانی کردووە و لە ڕۆژی دوایيشدا هەموو زیندوو دەبینەوە بۆ لێپرسینەوە، هەروەها دەبێ هەموو بڕوامان بەپێغەمبەری خوا بێ، چونکە خوا ئەوی بۆ ڕێنموونیی ئێمە هەناردووە و، ئەم پێغەمبەرانە بریتین لە سەد و بیست و چوار هەزار کە سێسەد و سێزدە پێغەمبەریان نێرراوی خوان کە یەکێ لەوانە پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە، هەستوونەکانی دینیش شەشن کە دەبێ بڕوامان پێیان بێ، یەکەم خوا ناخەوێ و خەوی بۆ نییە و لە هەموو جێیەکدا هەیە، دووەم فریشتەکانی خوایە و ئەوانیش بەندەی خوان و زۆر و زەبەند و بێ ئەژمارن، سێیەم قورئانە کە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە و جگە لە قورئان خوا سەد و چوار پەڕاوی تری ناردووە بۆ پێغەمبەران کە هەندێک لەوانە نامەیە کە دەی بۆ ئادەم و پەنجای بۆ شیس و دەی بۆ ئیبراهیم و هەروەها تەوراتی بۆ موسا و زەبووری بۆ داود و ئنجیلی بۆ عیسا و قورئانی بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام ناردووە و ئەم چوار پەڕاوە کە ناومان برد لەوانی تر گەورەترن و، لە هەمووی پیرۆزتر و شیرینتر قورئانە، کۆڵەکەی چوارەم لە دیندا پێغەمبەرەکانە کە هەموویان هەڵبژاردەی خوای مەزنن و، ئەستوونی پێنجەم ڕۆژی پەسڵانە و ئەبێ لەم جیهانەدا هۆشت، بەخۆتەوە بێ کە سەرەنجام پەشیمان نەبیتەوە، چونکە ئیتر پەشیمانی سوودێکی نییە. هەستوونی شەشەم چاکە و خراپەیە کە خوای مەزن هەر لە ڕۆژی بەرینەوە ئەندازەی بۆ داناوە و بەدەسەڵاتی خۆ پاداشتی کاری چاک دەداتەوە و سزای ئەو کەسەی کە کاری خراپی کردووە دەدا. جا دەبێ ئەوە بزانی کە زانست وەکو دار و درەخت وایە و کردەوەش وەکو بەر و میوەی ئەو درەختەیە و، زانستی بێ کردەوە، وەکو باخێکی بێ بەر وایە و یا خوا زانست و کردەوەی چاک و تەمەنت درێژ بێ و، زانستت بەبێ کردەوە نەدەیتە بادا، دەبێ ئەوەش بزانی کە هەرچی لە ناوچێ، دەتوانی وێنەی ئەوە پەیدا کەی، بەڵام تەمەن و کات و کردەوە لە دەست دەچێ، کە واتە حەیفە تەمەنی خۆت بەهیچە

بەفیرۆ بدەی و لە جیهاندا بەبێ مایە و بێ سوود دەرچی، واتە. تەمەنت بەکردەوەی چاک ببەسەر تا ببێتە توێشووی ڕۆژی پەسڵان.

لەم هۆنراوانە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە مەلا خدر بەچەشنێکی سادە و ڕەوان مەبەستی خواناسی و بڕوا بەخوای تاق و تەنیا و پێغەمبەرەکان و فریشتەکان و پەڕاوەکانی ئاسمانی لە قاڵبێکی جواندا جێ کردووەتەوە و بەپێی بەڵگەو دەستاوێز بەکورتی ڕازاندوویەتەوە.

هۆنەر لە پاش ئەوەی کە بەپێی بەڵگە باسی یەکێتی و گەورەیی خوای تاق و تەنیا دەکا، ئەوسا دەست دەکا بەهەڵدانی بەشی دووەم کە بریتییە لە پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، وەها کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ڕۆڵە بشناسە جە گرد وەرتەری | هەوەڵ خوداوەند و هەم پێغەمبەری |
| پێغەمبەریمان ئەدا و بابایەش | بشناسە چەنی بابە و ئەدایەش |
| وێش محەمەدەن بابەش عەبدوڵڵا | عەبدولموتتەلب هاشم چاگەوڵا |
| عەدولمەنافەن چاگەولا قوسەی | کلاب و مەررە، کەعبەن و لوئەی |
| غالب و فەهر و مالکەن سادەی | نەزر و کەنانە، چەنی خوزەیمەی |
| مودرەکە و ئلیاس، موزەر و نەزار | معدد و عەدنان بگێرە قەرار |
| ویست و یەک پشتەن بەبێ خیلافەن | چاگەولا واچان ئەمما گەزافەن |
| پیغەمبەریمان ئەداش ئامینی | بە لەفظ گۆران ماچان هەمینی |
| بابەش وە هەبەن ئەگەر پەرسا بی | عەبدولمنافەن زوهرە و کلابی |
| هەر دووی پەشتی میاوان بەیۆ | جە کلابەیۆ نەپۆشۆ ئەو تۆ |
| بابایەش هەنی پەنج پێغەمبەری | شیس و ئیدریس و نوح و واچە یەرێ |
| ئیبراهیم چوار، پەنجەم ئیسماعیل | جە عەدنان وەرتەر بەبێ قال و قیل |
| جە هەفت کتێب و ئیبنی حەجەری | سابتش کەردەن پەی پێغەمبەری |
| ئەدا و بابایەش کافر نەبینی | بەپاک ئامێنێ و بەپاک شیەنی |
| دینشان دینیۆ خەلیلوڵڵاهەن | دین و وەرین ڕەسولوڵڵاهەن |
| واچینش پەنە دینو حەنیفی | هەر پاسە خەلق و مەکەی شەریفی |
| هەر تاکو بتش جە شام بێ شکە | عەمر ئیبن لوحەی ئاوەرد وە مەکە |
| غالب و مەکە کافر بیەنی | ئەجداد و پاکش جە دین نە شیەنێ |

واتە: ئەی ڕۆڵە، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڕوات بەخوا و پێغەمبەر بێ و ئەوسا دایک و



باوکی پێغەمبەر بناسە، ناوی پیرۆزی محەمەدە و باوکی عەبدوڵڵایە و ئەویش کوڕی عەبدولموتتەلبە و باپیرە گەورەی عەدنانە کە بیست و یەکەمین پشتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە، ناوی داکی پێغەمبەر ئامینەیە کە کچی وەهەبە و وەهەبیش کوڕی عەبدولمەنافە کە لە چوار پشتەوە باب و دایکی لە کلابەوە دەگەنە یەک و لە یەک بنەماڵەن. لە باو و پاپیری پێغەمبەردا پێنج پێغەمبەر سەریان هەڵداوە کە ئەوانە بریتین لە: شیس و ئیدریس و نوح و ئیبراهیم و ئیسماعیل و، ئیبنی حەجەر لە حەوت پەڕاودا ئەمەی سەلماندووە، دایک و باوکی پێغەمبەر بێ بڕوا نەبوون و بەپاکی هاتوون و بەپاکی چوون و، لەسەر ئاینی ئیبراهیم ڕۆیشتوون کە ئاینی حەنیفە و، خەڵکی مەکەش هەر لەسەر ئەم ئاینە بوون تاکو عەمری کوڕی لوحەی بتی هوبەلی لە شامەوە هێنایە مەکە و داوای لە خەڵک کرد کە ئەو بتە بپەرستن، بەڵام ئەو بانگێشتنە کاری نەکردە سەر باو و باپیری پێغەمبەر و ئەوان هەر لەسەر دینەکەی خۆیان مانەوە و، پێغەمبەریش لە دەوری منداڵی و تافی جوانیدا لەسەر ئاینی حەنیف بوو.

مەلا خدر پاش هەڵدانی چەند پشتی پێغەمبەر و سەلماندنی ئەوەی کە بنەماڵەی پێغەمبەر پشت بەپشت لەسەر ئاینی ئیبراهیم ڕۆیشتوون و بتیان نەپەرستووە، دێتە سەر باسی هەندێ ڕەوشتی پێغەمبەر و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| نیمێ صفەتش مەبۆ بزانی | نەک بە جاهلی تێدا بمانی |
| حەزرەت عەرەبەن مەککی و قورەشی | ڕەسووڵ ئۆمی حای شادی و وەشی |
| نوور نوورین بی بەڕەنگ و چەرمە و سوور | چون مانگ چاردە درەخشان جە دوور |
| ئاو و ڕەنگ شیرین گوشاد پێشانی | ئەبرۆ کەشیدە و ددان نوورانی |
| لامل بناگۆش چون نوقرەی تەڕ بێ | ڕیشش سیا و شیرین و پەڕ بێ |
| ئایشە خاتوونی هۆر شمارا بێ | مووی چەرمەی ڕیشش ویست نەیاوابێ |
| نوور و حیکمەتێ پێشانیشەوە | مۆر و نوبووەت جە شانیشەوە |
| وەسەن پەی وەسفش قورئانی کەریم | انَّكَ لَعَلى خُلقٍ عَظيم |
| یا گۆ حەزرەتی مەبۆ بزانی | جە کۆ پەیدا بی جە کۆ بی فانی |
| مەککە پەیدا بی ڕەسووڵ سەروەر | جە چلساڵەدا بی وە پێغەمبەر |
| پەی چل و پەنجی جە مەککەی شەریف | بەردشان میعراج مەرتەبەی زەریف |
| دماو چل ساڵی، دوانزە ساڵی | جە مەککە بەند بێ بە هەزار حاڵی |
| دماو دوانزە ساڵ پەرێ ئەم دینە | هیجرەتش کەردەن لوان مەدینە |
| یازدە ساڵی تر چاگە بەند بیەن | هەم جە مەدینە بە ڕەحمەت شیەن |

عومر شەریفش شەست و سێ ساڵەن    زیادتـــــر واچیـــــان قال و مەقاڵەن
ها جە مەدینە ڕەوزەی مـــــونەوەر    جە لای پایگاش بووبەکر و عومەر
فەرزەند جەلای من وەتۆ وەسیەت بۆ    زیاد جە وەسیەت هەم نەسیحەت بۆ
هەرگیز جە سەڵوات غافڵ مەنیشە    دایم سەڵوات دای بەکەرە پیشە

واتە: پێویستە هەندێ لە نیشانەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بزانی، نەوا بەنەزانی بمێنیتەوە، پێغەمبەر عەرەبە و خەڵکی مەکەیە و لە هۆزی قورەیشە و نەخوێندەوار بووە و، ڕوومەتی وەکو مانگی چواردە درەوشاوەتەوە و ڕدێنی ڕەش بووە و تەوێڵی پرشنگی لێ باریوە و هەر ئەوە بەسە کە قورئان سەبارەت بەئەو دەڵێ: ئەی پێغەمبەر تۆ خاوەنی خوو و خدەیەکی بەرزیت، پێغەمبەر لە مەکەدا لە دایک بووە و لە تەمەنی چل ساڵیدا لە لایەن خواوە بەپێغەمبەری هەڵبژێرراوە و، لە چل و پێنج ساڵیدا چووەتە میعراج و پاشان لەبەر پەرەسەندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کۆچی کردووەتە مەدینە و لە تەمەنی شەصت و سێ ساڵیدا هەر لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە و لە تەنیشت بارەگاکەیەوە ئەبووبەکر و عومەریش خوایان لێ ڕازی بێ نێژراون، ئەی ڕۆڵە ئەمە ئەسپاردەی منە و پەندێکە بۆ تۆ کە دەبێ ل بیرت نەچێ و هەمیشە (سەڵوات) بەدیاری پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بنێری تا خوا بەزەیی پێتدا بێ.

بروانامەکەی مەلا خدر لە هەر بابەتێکەوە ڕێکوپێک و جوان و بێ وێنەیە و ئەگەر بەوردی لێی ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خاوەنی ئەم باوەڕنامەیە لە هۆنراو و هۆنەریدا بێ هاوتا بووە و سەروا و پاشلی هۆنراوەکان بەچەشنێکی مامۆستایانە بەجۆرێکی سادە و ڕەوان بۆ خەڵک شی کردووەتەوە کە هەر کەسێک بیخوێنێتەوە و، با بیبیسێ لێی تێ دەگا و ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ پلەوپایەی زانیاریی ئەم هۆنەرەمان.

بەپێی قسەی مامۆستا مەلا کەریم، مەلا خدر لە دەوری ئەحمەدسانی ڕواریدا ژیاوە و لە پاش ئەوەی ودمی مەلایەتیی لە شێخ محەمەد قەسیم وەرگرتووە، گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە مامۆستا و ڕاوێژکاری ئەحمەد سان و چەند جاریش لە دەوری کەریم خانی زەند (١١٧٢–١١٩٣ی کۆچی)دا لەگەڵ ئەحمەد ساندا بۆ کاروباری ناوچەکە ڕۆیشتووەتە شیراز، لەگەڵ ئەوەدا زانا و هۆنەر بووە، لە خەتخۆشی و نووسەریشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەند پەڕاوێکی ئاینیی بەخەتە خۆشەکەی خۆی نووسیوەتەوە.

سەرچاوەکان


١– ڕۆڵە بزانی هۆنراوەی مەلا خزری ڕواری – لەسەر ئەرکی صدیق وەزیری تاران ١٣٥٢.





٢– ڕۆڵە بزانی – شیکردنەوەی محەمەد سراجەدین – تاران ١٣٠٥.
٣– پیر شالیاری زەردەشتی نووسینی محەمەد بەهائەدین مەلا ساحب – بەغدا ١٩٦٨.
٤– بنەماڵەی زانیاران – دانەر مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – بەغدا ١٩٨٤.
٥– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی بەغدا ١٩٥٢.
٦– علماءنا فی خدمه العلم والدین تألیف عبدالکریم محمد المدرس – بغداد ١٩٨٣.
٧– کەشکۆڵێکی کۆنی دەستنووس.
٨– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا خدری ڕواری.


## شێخ حەمە شەریفی خاکی

١٢٢٢–١١٥٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەمە شەریف و کوڕی مەلا مستەفای شێخولئیسلام و نازناوی هۆنراوی (خاکی) و ناتۆرەی (قازی)یە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچی لە دێی حەسەن ئاوادا لە دایک بووە. حەسەن ئاوا گوندێکە لە چەند کیلۆمەتریی شاری سنەدا.

شێخ حەمە شەریف لە بنەماڵەی مەوالی سنەیە و مەوالییەکان بەتایبەت لە مەلا حوسەین بەدواوە لانکی زانست و خاوەنی زانیاری بوون و لە سنەدا پیاوی وەکو عەبدوللەتیفی قازی و مەلا یەعقووب و مەلا عەباس و مەلا خەلیل و مەلا عەبدولکەریم و مەلا مستەفایان لێ هەڵکەوتووە کە پشت بەپشت تا شێخ حەمە شەریف هەموویان قازی و زانا بوون و ڕەوڕەوەی زانستی ئەو دەورەیان بەدەستەوە بووە.

شێخ حەمە شەریف هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە زمان و ڕێزمانی فارسی و عەرەبی ماوەیەکی باش ڕۆیشتووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و ماوەیەک لە نۆدشە بووە و ماوەیەکی زۆریش لە بیارە خوێندوویەتی و لە پاشا چووەتە سنە و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و هەر لەوێدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر و هەروەها لە جێی باوکیشی دانیشتووە و بووەتە قازی و خەریکی داوەری خەڵک بووە و ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچیدا بادەی مەرگی خواردووەتەوە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی تەرمەکەی لە دێی حەسەن ئاوادا نێژراوە.

سەبارەت بەمەرگی ئەو خواجە سادق لە پارچە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

بگفتا بتاریخ او هاتـــفی    شد از جنس أدم محمد شەریف

که خشتی دووەم بەپێی ژمارەی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١١٥٢ی کۆچی.

مامۆستا شێخ محەمەد مەردووخ لە بەرگی یەکەمی مێژووەکەیدا دەڵێ: شێخ حەمە شەریف کوڕی مەلا مستەفای شێخولئیسلامە کە پشت بەپشت قازی بوون و پیاوێکی زانا و هۆنەر و وێژەوان و خۆشنووس بووە و لە ئەستێرەناسی و مێژوودا زانیارییەکی زۆری هەبووە.

خاکی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. زۆربەی هۆنراوەکانی لە ناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراوە و بەیادگار ماوەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

وەنەوشەی وەشبۆ کەچ کەردەن گەردەن
ئاموختەن بەتۆ ذکر حەق کەردەن
ئەی سالک ڕا وەنەوەشەوار بە
تارک ئەغیار تاڵب یار بە
نەک غافڵانە گەردەن کەچ کەری
بێ بەهرە و نەسیب سوودێو نەبەری
جە تەئسیر دەم مەسیحای مەریەم
زیندە مەبۆ باڵ بالیی ڕڕەمەم
جە جەذبەی بێ وەقت زوڵمەت مەخێزۆ
بێ شک جە مورید موراد مەگورێزۆ
جازب باقی گەر کێشۆ باڵت
مەجزووب بە تاقی وەش مەبۆ حاڵت
پێسەش فەرماوان پیر خەرابات
نمەیۆ بە کار کەشف و کرامات
چونکە ها نە رات وەرطەی بێ حساب
کرامەت پەرێت مەبۆ بە حجاب
نەمیاوی بە کەشف کنارەی نەجات
ئەو کۆ ئێد جە کۆ هەیهات هەیهات
ئەگەر کەشفت بۆ بکەریش ئیزهار
کەشف وار مەبی جەی ڕای ناهەموار



کەشف و رەفت جە کۆ مەنزڵ ها جەکۆ
رابەی دشواری هەیهۆوەن هەیهۆ
خوسووسەن ئیدراک زکر ماسەوا
جاهل و عالم فی ننوکری سەوا
ئەگەر جە ئایەی (لا تفقهون)
تغلیبن لکن لایفقهون
گۆش دەر بە واتەی دنیای کوهەن ساڵ
ئێد مەواچۆ پێت بە زبان حاڵ:
ئەجرام گشت مەشعوول ذکر مەعبوودەن
جە فەنای موتڵەق رەزام مەقسوودەن
چون دنیای فانی سا تۆیچ فانی بە
جە ڕەضای مەقسوود جاویدانی بە
تۆبە کەر جە جورم کەردەی مامەضی
وەل مەردەی نامەرد هەوڵ دەر پەی رەزی
جە تەریق حەق نەبوت کۆتاهی
تا داخڵ مەبی فیفای ئاگاهی
واچە ئیلاهی مەقسوود رەزاتەن
ئەر رەزات نەبۆ چێش دەستەڵاتەن
(خاکی) خاک بەسەر جەو بەیدای بێ دەر
خاکت بەرباد بۆ فانی بە یەکسەر

واتە: وەنەوشەی بۆنخۆش بەو جوانییە ملی لارکردووەتەوە و دەیەوێ تۆ فێری خواپەرستی بکا. دەسا ئەی ڕاڕەو تۆ ئەگەر دەتەوێ خوا بپەرستی وەکو وەنەوشە بەو واز لە بێگانە بێنە و لە دووی یار برۆ، نەکو بەسستییەوە ملت لار کەیتەوە و لەم ڕێگەوە بێ بەهرە بیت و سوودێک نەبەی، بەهۆی هەناسەی مەسیحای مریەم. ئێسقانی رزیو بەناوی خوا زیندوو دەبێتەوە، لە جەزبەی بێ وەختا تاریکی دێتە دی و بێ شک لەم کاتەدا سۆفی لە شێخەکەی هەڵدێ و لەلای نامێنێتەوە، پیری خەرابات ڕاستی وتووە کە: کەشف و کرامات بەکار نایە، چونکە گێژاوێکی زۆر لە ڕێتدایە و لێرەدا کرامەتت بۆ دەبێتە پەردە، کەشف و ڕەفت لە کوێ و ماڵی دواییت لە کوێ؟ گوێ بدە بەقسەی جیهانی کۆن کە بەزمانی خۆی

دەڵێ: ئەوەی کە لەناو ئەم جیهانە و ئاسماندایە، شەو و ڕۆژ خەریکی کڕنۆشی خوایە و، هەموو بۆ ڕەزامەندیی خوا لەناو دەچن، دەسا تۆیش وەکو ئەم جیهانە نابووت ببە بۆ ڕەزای خوا. جاویدانی بەو، لە کردەوەی خراپت پەشیمان بەرەوە و بۆ ڕەزامەندیی خوا تێ کۆشە و ژاری لەسەر بنۆشە، لە ڕێی خوا کۆتایی مەکە تاکو بچیتە ڕیزی پیاوچاکان و بڵێ: خوایا مەبەستم هەر ڕەزای تۆیە، ئەی (خاکی) لەم دەشت و بیاوانەدا خاک بکە بەسەر خۆتدا و خۆت بۆ ڕەزای خوا نابووت کە.

خاکی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا خۆی سەرزەنشت دەکا و دەڵێ:

ڕووسیای بێ شەرم تا کەی بێ باکی
بێ خەبەر جە شورب شەراب. تاکی
ساقی تا بە کەی مەست و بێ باکم
تا کەی تا بەکەی جە تاک هیلاکم
بێ مەی غەمناکم وەختەن سەرپاکم
بسۆزۆ بە سۆز سینەی چاک چاکم
نە گوداختەن مس، ئامێختەن ئیکسیر
پێسەشان واتەن نەدارۆ تەئثیر
فیدای دەمت بام عیسا دەم سادەم
بە تاو بدۆ تاو کوورەی دڵ دەم دەم
سۆزان دەی بەو تەور ئەنگشت بتاوە
ئەنگوشت گەزان کەی پەی دەم کاوە
بە عەشق پیران مایەی فوتۆحم
فیدات بام قیبلەم بتاونە ڕۆحم
جەو ئیکسیر فەیز شێخان جە لاتەن
برێزە نە تۆش ڕۆحم فیداتەن
بەڵکە جە تەئسیر شیوخ کیبار
جە ڕۆح پەیدا بۆ تەڵای دەستەوشار
خاکی دەی سادەی جەی سەروەخت دەی
گران کەر جەستەی چون زنج بەستەی نەی
چون فرۆزینە هەر فرۆزان بە
تا زەڕێ مانۆ سینە سۆزان بە



واتە: ئەی ڕووڕەشی بەشەرم! تۆ تاکەی بێ باکی و لە خواردنەوەی بادەی یەزدانی بێ ئاگایت، ئەی مەیگێڕ! من دەبێ تاکەی مەست و بێ باک بم، چونکە بەبێ خواردنەوەی مەی خەمبارم، دەسا پیاڵەیێ مەیم پێ بدە تا دڵ و دەروونم بەجارێ بسووتێ. ڕاستیان وتووە کە توانەوەی مس و ئاوێتەکردنی ئیکسیر هیچ کاریگەر نییە بەقوربانی دەمت بم ئەی عیسای کوڕی مریەم. کوورەی دڵ و دەروونم بەدەم و هەناسەی خۆت تاو بدە و بیهێنە جۆش و، وەکو خەڵووز ڕەشی کەرەوە، ئەی خۆشەویستەکەم! تۆش وەرە گیانم بتاوێنەوە بەهۆی ئیکسیری پڕپیتی پیران و شێخان کە لە لاتە، بیڕژێنە ناو دڵم، تاکو لە گیانمدا تەڵای دەستەوشار پەیدا بێ. ئەی خاکی لەم زستانەدا لەشی خۆت گڕ بدە و وەکو چێو و چیلکە بۆ خۆت بسووتە و سینگت گڕ بدە تاکو بڵێسەت بەجارێ بەرز بێتەوە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا لەم بارەوە دەڵێ:

مامۆ قانوونە قانوون بزانە — حاڵ و مەقامم پەی شێخ بوانە
بەدوعای شەریف سوب سەحەرگاهی — جە بەند جەهلم زوو کەرۆ ڕاهی
سا تۆیچ مەعلوومەن نەتیجەی پاکی — دوعاکەر پەرێ شەریف خاکی
تا تەریق حەق بکەرۆ ڕەونەق — هەر کەس مونکر بۆ بواچۆ سەدەق

واتە: ئەی مامە! ئەمە قانوون و دەستوورە و دەبێ بیزانی و، پلەوپایە و بارودۆخی من بۆ شێخ بگێڕەوە، بەنزایەکی باش کە لە دەمەدەمی بەیانیدا بەجێی بێنی، لە نەزانی دەردەچم، تۆیش دیارە پاکی و نزا بکە بۆ شەریفی خاکی، تاکو ڕێ و ڕەوشتی خوایی پەرەبستێنێ و هەر کەسیش لە لاڕێوە بڕوا، بێتە سەر ڕێی خوایی و بڕوا بێنێ.

سەرچاوەکان

١- مجمع البيان بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- تاريخ مردوخ جلد دوم تاليف. أيه الله مردوخ – تهران ١٣٢٤.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ حەمە شەریفی خاکی.

## وەلی دێوانە

١١٥٨–١٢١٦

وەلی دێوانە کە یەکێ لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە ناوی ڕەزا و کوڕی کوێخا حەمەی جافە. ساڵی لەدایک بوون و مردنی وەلی دێوانە بەتەواوی نازانرێ و هەر کەسێک قسەیەکی لێوە کردووە و ئێمە ئەو قسانە دێنین و لە سەری دەکۆڵینەوە و ئەوسا بیر و بڕوای خۆشمان دەڵێین تا ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: وەلی دێوانەی کەماڵەیی لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٠٢دا مردووە. مامۆستا س.ع. شادمان لە سەرەتای (دیوانی وەلی دێوانە)دا دەڵێ: وەلی دێوانە لە ساڵی ١١٦٠ی کۆچی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢١٣دا کۆچی دوایی کردووە. کاک ڕازی کە هۆنراوەکانی وەلی دێوانەی گۆڕاوەتە سەر شێوەی سۆرانی دەڵێ: وەلی دێوانەی کەماڵەیی لە ساڵی ١١٨٠ی کۆچیدا لە دایک بووە، بەڵام ساڵی مردنەکەی نەنووسیوە.

لە بەیازێکی کۆن کە لەم دواییەدا کەوتە دەستمان، سەبارەت بەوەلی دێوانە نووسراوە. ڕەزای کوڕی کوێخا حەمە کە بەوەلی دێوانە بەناوبانگە لە ساڵی ١١٥٨ی کۆچیدا لە وڵکەی ئەردەڵان لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢١٦ لە تەمەنی ٥٨ ساڵی لە باکووری هەرێمی گۆباندا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (داری ئیمام عەلی) کە ئێستاکە بەداری خەلە بەناوبانگە نێژراوە.

وەلی دێوانە هاوچەرخی کەیخەسرەو بەگی جاف بووە و لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە و بۆ کەیخەسرەو بەگی ناردووە و لەم پارچە هەڵبەستەدا داوای لە کەیخەسرەو بەگ کردووە کە بەسامان یا بەزۆر شەمی بۆ خوازبێنی بکا و بەئاواتی بگەیەنێ. کەیخەسرەو بەگ کە هاوچەرخی فەتالی شای قاجار (١٢١١–١٢٥٠ی کۆچی) بووە، لە ساڵی ١٢٤٤ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و ڕیچ ئەوی لە ساڵی ١٢٤٠دا چاو پێ کەوتووە و لە گەشت نامەکەیدا یادێکی کردووە.

وەلی دێوانە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوەکردن، لە ساڵی ١١٥٨ی کۆچی لە دێی شیروانەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و پاشان باوکی ناردوویەتە خوێندن و ڕەزا لە تەمەنی منداڵیدا زیرەکی و لێهاتوویی خۆی دەنوێنێ و لە خوێندندا سەر دەکەوێ و، بەجۆرێ دەم بەدەم دەیگێڕنەوە، لەو کاتەدا کچێک بەناوی شەم لە قوتابخانەکەدا لەگەڵ وەلی و شاگردەکانی تر وانە و دەرس دەخوێنێ و وەلی کە گەورە



دەبێ کەم کەم ئەوینی ئەو کچە ئەچێتە دڵی و ئەویندار دەبێ و ئیتر دەکەوێتە ناو بیر و کەڵکەڵە و سەودای ئەو کچە کارێک لە وەلی دەکا کە بکەوێتە هۆنراو هۆنینەوە، ئەوە بوو کە باوکی وەلی، شەمی بۆ خوازبێنی کرد و بڕیار وابوو کە لە پاش ساڵێک شەم بۆ وەلی بگوێزنەوە، بەڵام لەم ماوەدا نێوانی هەردوو هۆزەکە تێک چوو و، ئیتر وەلی نەیتوانی دەزگیرانەکەی ببینێ و دایە کەژ و کێو و ئیتر هەرگیز نەگەڕایەوە ناو هۆزەکەی خۆی تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٢١٦ی کۆچیدا بەداخ و پەژارەی شەمەوە گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپارد.

مامۆستا شادمان لە سەرەتای دیوانەکەی وەلی دێوانەدا دەڵێ: وەلی هەر لە منداڵییەوە لەبەر هەژاری و بێدەسەڵاتی بووە بەشوان و سەودای ئەوین و دەشت و کێوەکانی کوردستان بووە، لە دوای جۆشی پەرەسەندنی هەرزەکاریدا سەودای ئەوینی کچی سەرەکی عێلی جاف بووە کە ناوی شەم بووە، وە لە نێوانی ئێلاخ و ئێلاخاندا گەرمیان و کوێستانیان کردووە و ئیتر وەلی دەکەوێتە جیهانی خەیاڵ و بیرکردنەوە و لە ئاواتی و مەبەستی دوور و نزیکی لە خەیاڵی تەماوی لە نوێنەری جوانی شەم، وە ئەگەر بێتو بچووایە بۆ کوێستان ئیتر ئەم لە تاریکایی ژیاندا پەلەقاژیی دەکرد و دەکەوتە دانانی هۆنراوە. لە ئەنجامدا بەدڵشکاوی و بەئاهی شەمەوە لەو کەژ و کێوانە سەری نایەوە، ئەو ئەوینە پاکە و بەسۆزەی لەگەڵ خۆیدا بردە گۆڕەوە و لە کوێستانی سەید سادق ناشتیان.

مامۆستا سەید تایەری هاشمی سەبارەت بەوەلی دیوانە دەڵێ: وەلی دێوانە لە هۆزی شێخ سمایلییە و گراوی کیژێک بووە بەناوی شەم و سەرەنجام وەکو مەجنوون، ئاوارەی کێو و دەشت و دەر بووە، گەرچی بێ سەواد و نەخوێندەوار بووە، بەڵام بەهۆی ئەوینەوە توانیویەتی باشترین هۆنراو بهۆنێتەوە. لە پیاوێکی خاوەن بڕوا و ڕاست بێژ بیستم کە دەیوت: حەفتا ساڵ لەمەوپێش دڵخوازەکەی وەلی واتە شەمم دی کە تەمەنی لەو کاتەدا حەفتا ساڵ بوو. مەولەوی تاوەگۆزی ئەوی بەشێت و دێوانەی شەم داناوە و تاقە هۆنراوێکی وەلی دێوانەی لەناو پارچە هەڵبەستێکیدا هێناوە.

تا ئێستا سێ چوار جار دیوانەکەی وەلی دێوانە لە چاپ دراوە و گەلێ شت لەسەری نووسراوە، بەڵام زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە بەناوی وەلییەوە چاپ کراوە هی ئەو نین، جگە لەوەش گەلێ هۆنراو بەشێوەی سۆرانی بەناوی وەلییەوە لە چاپ دراوە کەچی وەلی دێوانە تاقە هۆنراوێکی بەشێوەی سۆرانی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو هەمووی هۆنراوەکانی بەزاراوەی گۆرانی یا هەورامییە. لەم دواییەدا دیوانەکی دەستنووسی وەلی بەخەتی (سالمی سنە) کەوتە دەستمان کە لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکاندا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

مەلا عومەری ڕەنجووری کە هاوچەرخی وەلی دێوانە بووە، لە شیوەن و لاواندنەوەی وەلی دێوانەدا پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە، گەرچی ساڵی مردنی دانەناوە، بەڵام لە تاکە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ: وەلی دێوانە لە هۆزی گێژ بوو، بەڵام ئەو گێژ نەبوو، بەڵکو خۆش ڕەفتار و خۆش تەرز بوو و، سەری هۆزەکەیشی بەرز کردبووەوە.

وەلی دێوانە یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە، زۆربەی هۆنراوەکانی وەلی دڵدارین و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە.

وەلی دێوانە وەکو زۆربەی هۆنەرانی تری کورد سەرەتا شەیدای دیمەنی ئێلاخان بووە، چونکە زۆربەی تەمەنی لە ئێلاخاندا بردووەتە سەر، لە پاڵ ئەمەشەوە شۆخوشەنگیی شەمی خۆشەویستی ئەوەندەی تر کاری کردووەتە سەر هەستی بۆیە بەدڵێکی پڕ لە ئاگرینەوە بەسروشتدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| گوڵەن چەمەنەن، گوڵەن چەمەنەن | وە مەیلت دیدەم گوڵەن چەمەنەن |
| وەهارەن سەوزەن، ئاوەن پای کاوەن | هاژەی وە فراوەن شاخەی شەتاوەن |
| تەمەن دووکەڵەن، گەردەن غوبارەن | فرمێسکەن، چەمەن، سەیلەن فووارەن |
| سەنگەن، کۆسارەن، سەرکۆهەن، هەردەن | وەنەوەشەن، شەوبۆن، گوڵەن، باوەرەن |
| سەرعیەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن | فراقەن، وەسڵەن، یا ماڵەن، هوونەن |

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی وەلی دێوانە، شەمی دڵخوازی بووە کە بەڕاستی بەجۆرێ لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ بەتەواوی دڵی وەلی ڕووکاندووە و هۆش و بیری لێ سەندووە، بەجۆرێ کە داویەتە کەژ و کێوا و ئەوسا بەم جۆرە لەگەڵیدا کەوتووەتە ڕاز و نیاز:

قیبلەم شەم مەبۆ، قیبلەم شەم مەبۆ
مەر هەر کەس چون تۆ نامش شەم مەبۆ
جەمینش چون بەدر دوو هەفتە مەبۆ
پەورانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەر کەس باڵاش سەوڵ ساف مەبۆ
گێسووش پڕ جە عەتر موشک ناف مەبۆ
سەردار ڕەندان ئێل جاف مەبۆ
چون تۆ بێ مروەت بێ ئینساف مەبۆ



چون تۆ شەکەر لەب غونچە دەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەرکەس ئەبرۆش چون کەمان مەبۆ
زولف و خاڵ سیوەنگ چەم قەتران مەبۆ
وێنەی تۆ فتنەی ڕووی زەمان مەبۆ
وێنەی تۆ بێ ڕەحم بێ ئەمان مەبۆ
بێ شەرت و بێ بەین مۆبەت کەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
هەر کەس پێشانیش پڕ جە نوور مەبۆ
ساق گەردنش چون بلوور مەبۆ
مەلایک تەلعەت نەسڵ حوور مەبۆ
بێ پەروا جە ڕای خودا دوور مەبۆ
چون تۆ دەلیلە لوای ڕەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەر کەس چون تۆ لیمۆش کاڵ مەبۆ
سینەی سەدەف تا بووم لاڵ مەبۆ
ناف ناف غەزال ختەن ماڵ مەبۆ
نازار باوان چاردە ساڵ مەبۆ
چون تۆ مۆبەتش مەردوم کەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەر کەس وەشبۆش سا چون لەیل مەبۆ
مۆژانش نە گەرد سورمە کەیل مەبۆ
هەزار کەس نەراش سەرتوفەیل مەبۆ
ناشی و نەزانحاڵ هەر بێ مەیل مەبۆ
شەوقش بە وێنەی سپی شەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! مەگەر هەر کەسێک کە وەکو تۆ ناوی شەم بێ و تەوێڵی وەک مانگی چواردە بدرەوشێتەوە، دەبێ دڵی بنیادەم زویر بکا. مەگەر هەر کەسێک بەژن و باڵای

بەوێنەی سەوڵ بێ و، پەلکەکانی بۆنی خۆشی لێ بێ و، سەرۆکی ڕەندانی عێلی جاف بێ و، لێوی وەکو شەکر و غونچەدەم بێ، دەبێ وەکو تۆ بێداد بێ؟ کەسێک زوڵف و خاڵی ڕەش و سێوەنگ بێ، دەبێ وەک تۆ لە ڕووی زەماندا ئاژاوە بنێتەوە و، بێ بەزەیی و بێ بەڵێن و بێ پەیمان بێ و دڵی مرۆ زویر کا؟ بۆ هەر کەسێک تەوێڵ و هەنیەی پڕ لە تیشک بێ و، ئەستۆی وەکو بلوور بێ و، وەکو فریشتە بێ، دەبێ بێ پەروا بێ و لە خوا دوور بێ و دڵی بنیادەم زویر بکا؟ مەگەر هەر کەسێک وەک تۆ لیمۆکانی کاڵ بێ و ناوکی وەکو ناوکی ئاسک بۆنخۆش بێ و نازاری چواردە ساڵ بێ، دەبێ وەکو تۆ مۆبەتی کەم بێ؟ مەگەر هەر کەسێک وەکو لەیل بێ و، هەزار کەس لە ڕێیدا ببێتە سەرگەردی، بۆ دەبێ ببێتە هۆی زویری دڵی مرۆ؟

وەلی کە شێت و شەیدای ئەوینی شەم بووە، ئیتر ناو ئاوایی لێ بێزاوە و ڕووی کردووەتە دەشت و بێدی و ئەوسا لەناو خەڵکدا بە (وەلی دێوانە) ناسراو و ئەوە بوو لە شەرما نەیدەتوانی بگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ناچار شەماڵی کردە ڕاویار و بەم چەشنە پرسیاری لێ کرد:

دەلیل شەم نەدیت، دەلیل شەم نەدیت؟
جە لێلاخ ئامای سپی شەم نەدیت؟
ئاهووی سەرقەتار نەوای ڕەم نەدیت؟
نوور بینایی هەر دوو چەم نەدیت؟
سەر سەوز و بۆرچین گولاوان نەدیت؟
نازداران نە پای وەفراوان نەدیت؟
وەنەوشەی بێ خەوش سۆسەن گوڵ نەدیت؟
دەوای بیماران، دەوای دڵ نەدیت؟
نیلووفەر نە مەوج گۆلاوان نەدیت؟
نەسرین نە پایەی شەوتاوان نەدیت؟
سەرقەتار ڕەم ئاهووی چین نەدیت؟
غەزالەی خوتەن نە ماچین نەدیت؟
شاباز شاهین شیروانی نەدیت؟
سوراحیی بێ گەرد دیوانی نەدیت؟
گوڵەندام شێوەی لەیلا تەرز نەدیت؟
سەردار ڕەندان بالا بەرز نەدەیت؟



شای کەمەند وە پێل عزرا تەور نەدیت؟
هلال کامل گۆشەی هەور نەدیت؟
دەلیل ئامانەن قیبلەی من نەدیت؟
هەم ڕۆح هەم ئیمان دنیا و دین نەدیت؟
دەلیل ئامانەن ئامای جە لێلاخ
قیبلەکەم نەدیت بەیۆ بێ دەماخ
دەلیل ئامانەن مژدە بدەر پێم
حالات قیبلەم ئیزهار ببۆ لێم
بزانۆم قیبلەم وە شادی نشتەن
سەرتاپاش وە نوور نەو سوەیل ڕشتەن
مەیل من پێشەن ئەو شیرین شێوە
وەی تەور من پەی ئەو شێت بووگم لێوە
یام خۆ نامەکەی بێ شەرتی وەندەن
وە تەحقیق دوندان دۆستیش کەندەن
سەردیی ئێلاخان مەیلش کەردەن سەرد
سەردش جەو ئیقرار چەنی ئێمەش کەرد
بەشق ڕای ڕاسان دەلیل یە ڕاسەن
ئەر ڕاسەن جە من بێزاریش واسەن
ڕاس بواچە پێم تا دڵنیا بام
قەیس ئاسا عەوداڵ دەور دنیا بام
ئەگەر بزانۆم جە من وەیەردەن
ئیقرار کەردەی وێش بە جا ناوەردەن
منیش وە تەحقیق مەویەرووم جە ئەو
دەمێ شیم نە خاو ئەوم دی نە خەو
بەڵکم جە ئەلتاف جەمین جامش
جە بێخ شەوبەند خەیاتەی خامش
(ڕەزای) بێچارەی دێوانەی دڵڕیش
خەلاس بۆ جە دەست جەفای ئێش نێش

واتە: ئەی شەماڵ کاتێ لە لێڵاخەوە دەهاتی سپی شەمت نەدی؟ توخوا پێم بڵێ ئاسک و سۆمای چاوان و سەرسەوز و بۆر چینی گۆلاوان و وەنەوشەی بێ خەوش و گوڵی سۆسەن و دەوای دەردی نەخۆشان و دەوای دڵت نەدی؟ نیلووفەری سەر شەپۆلی ئاوی گۆلاوان و نەسرینی پای شەتاوان و بەڕەزای سەرشاخان و ئاسکی خوتەن و ماچین و شاباز و گوڵەندام شێوە و لەیلا وێنە و سەرداری ڕەندان و باڵابەرز و مانگی یەکشەوەی منت نەدی؟ شەماڵ توخوا کاتێ کە لە لێلاخەوە دەهاتی یارەکەمت بەبێ دەماخی نەدی، توخوا مزگێنیم پێ بدە با لێم ڕوون بێتەوە بزانم کە یارەکەم شادمانە و هەر دڵی پێمەوەیە کە بۆی شێت و شەیدا بووم؟ یا کو نێوانی خۆشەویستی تێک داوە و ساردیی ئێلاخەکان ویستی گۆڕاوە و مەیلی سارد کردووەتەوە، توخوا شەماڵ ڕاستم پێ بڵێ ئایا لە من بێزارە، ڕاستم پێ بڵێ تا دڵنیا بم و، وەکو قەیس عەوداڵی دەوری دنیا بم، ئەگەر بزانم کە دڵی لە من ساردبووەتەوە و، بەڵێن و پەیمانی خۆی بەجێ نەهێناوە، دیارە منیش سارد دەبمەوە تاکو بەهۆی میهرەبانیی خۆیەوە، ڕەزای بێچارەی دێوانەی دڵ بریندار، لە دەستی سزای ڕۆژگار ڕزگاری بێ.

وەکو دەڵێن وەلی دێوانە ماوەیەکی زۆر بەکەژ و کێوانەوە ژیانی بردووەتە سەر، ئەویش لە ئەوپەڕی خەم و پەژارە و تاڵییەوە و، ساتێک ژیانی بەخۆشی نەبردووەتە سەر و هەر لە پەژارەی شەمدا بووە. بۆیە لەم بڕە هۆنراوەدا داخ و پەژارە و کەسەری دڵی خۆی دەردەبڕێ و بەسۆزێکەوە دەڵێ:

هەر من ناشادم، هەر من ناشادم
گشت عالەم شادن، هەر من ناشادم
هەر من نەیاوان وە لای حەق دادم
هەر من نا ئومێد قاپی مرادم
هەر من بازی باز نەردەن نە بارەم
هەر من ڕای شەشدەر بەندەن نە چارەم
هەر من ناسزان فەڵەک وە بەختم
هەر من گیرۆدەی ئازار سەختم
هەر من چەرخ چەپ وەنەم نە قینەن
هەر من تاڵەم پەست خاک زەمینەن
هەر من ستارەم سیا بی نە سەر
هەر من فرشتەم کەفتەن دەربەدەر



هەر من ئیقبالم خاوێر خەفتەن
هەر من نە ڕووی ئەرز ڕای ڕاسم چەفتەن
هەر من خەمیدەی دەور گەردوونم
هەر من جورعەنۆش جام مەجنوونم
هەر من پەروانەی پەشێو حاڵ جەستەم
هەر من پەڕسفتەی خەمناک خەستەم
هەر من چون بوڵبوڵ یەک فەسڵم وەسڵەن
هەر من سێ فەسڵ عومرم بێ ئەسڵەن
هەر من ڕۆی ڕۆشن وەدیدەم تارەن
هەر من زیندەگیم چون ژار مارەن
هەر من گرفتار جەور و عەزاوم
هەر من پەرێ دۆس دیدە لێڵاوم
هەر من سزاکێش دەرد و داخانم
هەر من چەمەڕای ڕای لێلاخانم
هەر من چەپەی دۆس لێلاخنشینم
ها وەختەن بەرشۆ گیان شیرینم
تا ئەو ڕۆ کە خێڵ شیان وە دامان
من هام نە سزای جەور بێ سامان
مەر موشکڵ گوشا بدۆ مرادم
وەرنە تا مەردەن خاتر ناشادم

واتە: هەموو کەسێک شادە و هەر من ناشادم، هەر من دادم ناگاتە لای خودا و هەر من نائومێدی دەرگای مرادم، هەر من شەش دەری نەردم گیراوە و هەر من چەرخی چەپ چەوتە لە بەختم و، هەر من گیرۆدەی ئازاری سەختم، هەر من فریشتەی بەختم تۆراوە، هەر من بەختەکەم خەواڵووە و خەوتووە، هەر من ڕێی ڕاستم لە ڕووی زەوی چەوت بووە، هەر من ڕۆژی ڕوونم تاریک بووە و ژیانم وەکو ژاری مارە و گیرۆدەی دەرد و ئازارم، هەر من سزاکێشی دەرد و زووخاو و ئاخ و داخم، هەر من چاوەڕێی ڕێگای لێلاخەکانم، هەر من لەبەر دۆست بوومەتە لێلاخ نشین و نزیکە گیانی شیرینم دەرچێ، لە ئەو ڕۆژەوە کە خێڵ چووە داوێنی کێو، من هەر لە سزادام، مەگەر خوای مەزن مرادم بدا، ئەگینا تا ڕۆژی مردن هەر دڵم ناشادە.

وەلی دێوانە کە ئیتر ژیانی بەجارێ لێ تاڵ بوو بوو و، لە دەشت و کێوا دەژیا و، لە دووریی شەمی خۆشەویستیا دەینالاند، ئەوەبوو خەڵک هاتنە سەر ئەوەی کە داوا لە سەرەک هۆزی جاف بکەن، بەڵکو شەم و وەلی بگەیەنێتە یەک و ئەوسا وەلیش کە ئەمەی بیست پارچە هەڵبەستێکی هۆنییەوە و دایە دەستی خەڵکەکە کە بیدەن بەکەیخەسرەو بەگی جاف تا بەهیوای دڵی بگەینێ.

خەڵکەکە نامەکەیان دایە کەیخەسرەو بەگ داوایان لێ کرد کە یان بەسامان و دارایی و، یان بەتکا شەم بۆ وەلی خوازبێنی بکا، بەڵام لەبەر ناکۆکیی هۆزی شەم و وەلی، کەیخەسرەو بەگیش نەیتوانی کارێک بکا و ئەوە بوو وەلی بەتەواوی نائومێد بوو. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی وەلی کە بۆ کەیخەسرەو بەگی هۆنیویەتەوە.

خەسرەو خەیاڵێ، خەسرەو خەیاڵێ
ئاخ پەی خان خاس، خەسرەو خەیاڵێ
ساحێب سپاوسان دارا ئیقباڵێ
موهەییا نە گەنج خەزێنە و ماڵێ
بەخشندەی بێباک کۆی کەرەم بەیا
ساحێب شەوق و زەوق دڵ بێ غەم بەیا
باما وە شکار سەردیاراندا
وە ماوای مەجنوون ڕۆزگاراندا
بدیا وە جەستەی خەم پێ وارامدا
وە کۆمەی دیوان وەحشی سارامدا
وەسەیل ئەسرین دیدەی تارمدا
وە دەرد دەروون ئەندۆبارمدا
وە عوریانی تەن تەنیای تاکمدا
وەسەنگ باڵین خەفتەی خاکمدا
وە سەرگەردانیی سارای چۆڵمدا
وە عاسا و کەشکۆڵ پۆس کۆڵمدا
وە ئاه و ناڵەی شەوان تا ڕۆمدا
وە زایەڵەی سەخت شین بێ شۆمدا
وە پەشێویی بەخت شوومی چارەمدا
وە زوخاو زام جەرگ پارەمدا



وە بڵێسەی بەرزگڕ تێ بەستەمدا
وەخەستەی خاتر خار جەستەمدا
بەزەییش باما وە جەستەی حاڵم
بزاناش کوشتەی کامین نەوهاڵم
جە کێوەن خاتر خەستەم گرتە خەم
سفتەی سۆزانم چون پەروانەی شەم
سەرمایەی عەقڵم کێ کەردەن غارەت
کام دڵبەر بەردەن وەیەک ئیشارەت
پەی ئەو خەیاڵ نوفڵ نە دڵ بەرد
گیان وێش هلاک ژار قاتڵ کەرد
نەکەردا ئەو فکر ناوەردا نە دڵ
نەشیا نە سەودای خەیاڵ باتڵ
یا وە گەنج و ماڵ یا وەزۆر وێش
شاد کەردا خاتر دێوانەی دڵڕیش
بکەردا هیممەت چون خان حاتەم
شەم واسڵ وە من، من واسڵ وە شەم
هەر چەند مەوینوون نەی ڕۆزگاران
کەس نییەن دڵسۆز سیا ستاران
مەرهەم خوداوەند گوشایەندەی بەخت
ڕەها بدۆ بەخت من نەی بەند سەخت
وەرنە ئی بەندە زنجیر پامەن
تا مەردەن چون قەیس وا حەسرەتامەن

واتە: ئەی خەسرەو خاوەن سپا و سان، تۆ بەبەخشێنەر لەناو خەڵکدا ناسراوی، بەڵام وا دیارە بۆ ڕاو و نێچیری سەر کێوان نەهاتووی تا لەشی خەمبارم ببینی و بزانی کە لەگەڵ وڵساتی کێویدا ژیان دەبەمە سەر و فرمێسک بەخوڕ لە چاوانمەوە دێ و دڵ و دەروونم پڕە لە خەم و پەژارە و، لەم دەشت و کێوەدا ڕووت و قووتم و بەشەوا بەردێ دەکەمە ژێر سەرینم و دەخەوم و بەڕۆژیشدا ئاوارە و دەربەدەری دەشت و کێوم و بەناڵە و شین و زاری ژیان دەبەمەسەر و، وەکو بەپوولە بەهیوای باڵای شەمم، چونکە ئەو ئاوەز و هۆشمی بەتاڵان

بردووه، دەسا بەڵکو بەگەنج و سامان و، یا بەزۆر من و شەم بگەیەنێتە یەک و بەیەک شادمان کەیتەوە، هەرچەندە دەزانم کە کەسێکیش دڵسۆزیم بۆ ناکا، مەگەر هەر خوا بەزەیی پیامدا بێ و بەکامم بگەیەنێ، ئەگینا تا مردن دەبێ وەکو قەیس هەر ئاخ هەڵکێشم و ئاوارە و دەر بەدەر بم.

وەلی کاتێ بۆی دەردەکەوێ کە ناتوانێ بەئاواتی دڵی بگا، ئیتر بەجارێ نائومێد دەبێ و لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکەوێتە وتووێژ و پێی دەڵێ: ئەی دڵ بۆ کەسێک ئاخ وداخ بخۆ کە ئەویش وەکو تۆ خەمبار بێ، بەجۆرێ کە تۆ وەکو پەپوولە و ئەویش وەکو شەم بێ، بۆ کەسێک جەرگت لە داخا کەیل بێ، کە تۆ وەک مەجنوون و ئەویش وەکو لەیلا بێ، داخ بۆ کەسێک هەڵکێشە کە ئەویش داخت بۆ هەڵکێشێ و، تا سەر خەمخوارت بێ، نەک وەکو شەم نەترس و ناخوابێ، ئەگەرچی لە قشلاخدا بێ یا لە لێلاخدا، چونکە ئەو هیچ بەبیرتەوە نییە، ئیتر وازبێنە و کەم سزا بکێشە. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

دڵە ماتەم بۆ، دڵە ماتەم بۆ
دەروونت وە دەرد کەسێ ماتەم بۆ
تۆ مەینەت کێش بی، ئەویچ وە خەم بۆ
تۆ چون پەروانە ئەو وێنەی شەم بۆ
پەی کەسێ جەرگت جە داخان کەیل بۆ
تۆ مەجنوون خەیاڵ ئەو وێنەی لەیل بۆ
داخ پەی کەسێ کێش داخمان دیار بۆ
غەمخوار و دڵسۆز تا وەسەر یار بۆ
نەک چون شەم بێ خۆف بێ خودا و بێ پیر
ئەر ها جە لێلاخ ئەر جە گەرمەسیر
هیچ نییەن وە قەید جەفا و جەور تۆ
جەفا بەردەی سەخت سزای دەور تۆ
دڵە ئامانت دەستم وە دامان
بەیۆ مەکێشە جەفای بێ سامان

وەلی دێوانە لە کەژ و کێوا کاری هەر هۆنینەوەی هۆنراو بووە و بەم چەشنە ویستوویەتی دەردی دڵی خۆی بەبادا و پەژارەی دڵی برەوێنێتەوە و خەڵک لە ڕازی دڵی خۆی ئاگەدار بکا، ئەوەبوو کە بەشەوا چاوی دەبڕییە ئەستێرەکان و بەڕۆژدا لەگەڵ پەلەوەران و ولساتی



کێویدا دەبووە هاودەم و لە ئەنجامدا کە ئومێدی نەما بەم چەشنە دوا ڕاسپاردەی خۆی بۆ شەمی دڵخوازی بەهۆنراو هۆنینەوە کە لەوەدا داوا لە شەمی خۆشەویستی دەکا لە کاتی گیان دانیدا بێتە سەرینی و بەبێ شەرم و ترس سوورەی یاسینی بخوێنێ و ئەوسا دەڵێ: ئەگەرچی فریشتەی گیان کێشەر سزام بدا، چونکە تۆ لەسەر سەرینمەوەی ئەو گیان کێشانمە پێ خۆشە و، ئەگەر بەو چەشنە گیانم دەرچێ، بەخوا ئەوەم پێ ئاسانە، ئاخ چەندە خۆشە کە لە خاکی بەری پێی تۆدا گیانم دەرچێ، ئەگەرچی گوناهکارم، خوا حەزکات بەهەشت جێمە. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

قیبلەم مەردەنم، قیبلەم مەردەنم
ئامانت فەرزەن وادەی مەردەنم
نە حالات وەخت وەسیەت کەردەنم
نە ئاکام سەخت گیان سپەردەنم
وەسیەتم ئێدەن شای شەم ڕوخساران
بێ وەبالینم چون بەینەتداران
بێ خۆف و ئەندێش جەکەس نەکەی شەرم
هۆردارە پەردەی حیجابت بە نەرم
نەپۆشی جەمین شەمس خاوەری
بۆ وە زانۆدا چون ئەسمای پەری
بنیشە وە بان بالینم وە ناز
بوانە سوورەی یاسین وە ئاواز
زوان بە ڕێزەی شەکەر ڕازەوە
ڕەنگ وە سەدای خاس وەش ئاوازەوە
جەمین وە عەرەق بۆ گولاوەوە
گۆنا و ئەگریجە و زوڵف خاوەوە
جەو عەرەق نە دەور گۆنای مەهپارە
جە سەر بتکیۆ بگنۆ وە چارە
تا گۆش وە سەدای ڕێزەی ڕازت بۆ
بەو سوورەی شەریف وەش ئاوازت بۆ
ئەر سەدجار قابز سزا بدۆ پێم
هەنی نیم وە تەنگ گیان کێشان وێم

ئەگەر بەو تەور بۆ ڕۆح ڕەوانم
بیلا وە ئاسان بەرمەشۆ گیانم
های چ وەش مەبۆ عومر و زیندەگیم
نە خاک پای تۆ بکەردام تەسلیم
ئەگەر وە تەحقیق سەد کۆ گونامەن
ئینشاڵلا بەهەشت هەشتەمین جامەن

دیوانە دەستنووسەکەی وەلی دێوانە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ و ئەوەی کە ڕوونە، وەلی گەلێ هۆنراوی هەبووە کە بەداخەوە زۆربەی دەست بەدەست کەوتووە و لەناوچووە.

سەرچاوەکان


١- دیوانی وەلی دێوانە کۆکردنەوەی مەحموود خاکی - سلێمانی ١٩٨٣.
٢- دیوانی وەلی دێوانە لەسەر ئەرکی ڕازی - بەغدا ١٩٧٩.
٣- دیوانی وەلی دێوانە بەخەتی سالمی سنە - سنە (دەستنووسە)
٤- عێلی جاف - نووسراوی مستەفا بەگی جاف - وەرگێڕاوی: سدیق بۆرەکەیی.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا ١٩٥٢.
٦- رحله ریچ فی العراق تالیف: کلودیوس ریچ - ترجمه بهاءالدین نوری بغداد ١٩٥٦.
٧- دیوانی ڕەنجووری - لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی- بەغدا ١٩٨٣.
٨- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە وەلی دێوانە.


## میرزا شوکروڵڵای دیناوەردی فەیلی

١١٦٤-١٢٥٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی شوکروڵڵا و کوڕی ئەحمەدی دیناوەردی و لە هۆزی فەیلییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لەساڵی ١١٦٤ی کۆچی لە پشتکۆدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو مەڵبەندە خەریکی خوێندن بووە و لە ماوەیەکی کەما فێری زمان و ڕێزمانی فارسی و عەرەبی بووە و لە پاشا چووەتە کرماشان و لەوێدا گوڵستان و بۆدستانیشی خوێندوون و فێری خەتخۆشی و وێنەکێشانیش بووە و هەر لەم کاتەدا هەوەسێکی زۆری کەوتووەتە سەر هۆنراو و خەریکی هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەمیرزایەتی و کاری کشتوکاڵ ڕابواردووە تا لە ساڵی ١٢٥٩ لە تەمەنی نەوەد و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە پشتکۆدا نێژراوە.



میرزا شوکروڵڵا بەرزتر هۆنەرێکی ئەو ڕۆژگارەی پشتکۆ و پێشکۆ بووە و لەسەر شێوەی لەکی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا وەکو دەڵێن سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە وتنێکەوە. دڵداری، ئاینی، سروشتی، بەڵام ئێمە هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەمان کەوتووەتە دەست ئەویش لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا لە چاپ دراوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی کە لە سەردێری پیری هۆنیوەیەتەوە کە دەڵێ:

دڵا ها گوزەشت، دڵا ها گوزەشت
خوەشی و شادی و زەوق ساڵان ها گوزەشت
ماجەرای پیری دیت چە ڕەنگی ڕەشت؟
کالام بی وە بەرگ خەزان کەردە نەشت
سپیدەپۆش بییەن سەرتاپای باڵام
ناپەسەند بییەن قوماش ئاڵام
ئەلف قامەتم چون دال وەردەن خەم
دیدەی دووربینم پۆشاش پەردەی تەم
عەقڵ و هۆش و فام لە لام بییەن کەم
کەللەم چون کەشتی ها لە حاڵ تەم
هانا جوانی بۆ وە دماوە
تا گلەی پیریت بکەم وە لاوە
پیری هاتیتە وە پیریمەوە
تەک دای وە بان گشت دڵگیریمەوە
پیری بی وە تەوق کەفت نە گەردەنم
لە ویر نمەچۆ حاشا کەردەنم
ئەگەر بواچووم قسە وە بێ تۆ
وەنەم مەواچن لێوە و خەرەف گۆ
دی نەمەن تاقەت توانای پیریم
بەڵکەم خوداوەند بدەی صەبیریم
هەر تا جوانیم ماوەرووم ئەو ویر
ژە وێنەی خونچیر مەپێکۆم وە تیر
سەیاد تەڕدەست چابوک تون ڕەو
بەرق چەخماخم چون شەهاب شەو

سەدای ماردەمم وە کاوانەوە
کۆوان گشت وەک هەور مەلاوانەوە
باریک بیم چون مار، ساف چون شۆڵەی وەر
دینانەوە سەر کێشیام ئەو وەر
خڕەی خاک پای وێم نامام وە گۆش
وەحشیان کۆ مەکەردم خامۆش
لە سەیر و سەیران کۆوان کەفتەنم
نزیکەن سەفەر یەکجار ڕەفتەنم
ئیسا خاڵخاسان لێم مەدەن تانە
بیمەوە تەمەڵ قاپی دەرگانە
خاسە نازاران ئەوسا منەت بار
ئیسا لە ڕوخسار پیریم بین بێزار
هەر کام کە دارۆن نیشانەی ژە لەیل
ئاهێ مەکیشن مەکەن حەیف و مەیل
هەر کام عەقڵ و هۆش لە لاشان دویرە
لەو خەندە مەکەن (شوکروڵڵا) پیرە

واتە: ئەی دڵ: خۆشی و شادی ئەوا تێ پەڕی و دیت کە بەسەرهات و سەرگوروشتەی پیری چ ڕەنگێکی ڕێژ، وە کالاّی جوانیمی کردە گەلاّی خەزان، ئەوا سەرتاپای بالاّم سپی بووە و پارچە بەرگی لەشم لە لای خەڵک ناپەسەند بووە و بالاّم چەماوەتەوە و تەم بان چاوانمی گرتووە و ئاوەز و هۆش و فامم کەم بووەتەوە. ئەی جوانی! هانا وەرەوە تا گلەی پیریت بۆ بکەم. ئەی پیری هاتی بەپیریمەوە وەتەکت دا بەبان گشت دڵگیریمەوە. پیری بووە تەوقێک و چووە ملم و ئیتر ناتوانم خۆم لێی لادەم، ئیتر تاقەتم نەماوە، مەگەر خوای مەزن بەزەیی پێمدا بێ و جوانیم بخەمە بیری خۆم کە لەو دەمەدا خەریکی ڕاو و شکار بووم و دەنگی ماردەمم (تفەنگم) لە کێوانەوە دەهات و، کێوەکان وەکو هەور بروسکەیان لێوە دەهات، ئێستا ئیتر لە سەیر و سەیرانی کێوەکان کەوتووم و نزیکە گیانی شیرینم دەرچێ و، خاڵخاسان و نازاران تانەم لێ دەدەن و لێم بێزارن و پێم دەکەنن و دەڵێن (شوکروڵڵا) پیرە.



سەرچاوەکان
١– گۆڤاری دەنگی گێتی تازە – ژمارە ٥ ساڵی ١٩٤٥.
٢– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا شوکروڵڵای دیناوەردی.

## میرزا شەفێعی مامێزکی

١١٦٩–١٢٣٨

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە ناوی شەفێع و کوڕی ئەحمەدە، لە دێی مامێزکدا لە دایک بووە. سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی میرزا شەفێع جیاوازیی بۆچوون هەیە.

مامۆستا مەردووخ لە (مێژووی کوردستان)دا ئەوی لە ڕیزی وێژەوانانی سەدەی سێزدەمی کۆچیی کوردستاندا هێناوەتە ژمار، مامۆستا سەی تایەری هاشمی دەڵێ: میرزا شەفێع لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچیدا لە پارچە هەڵبەستێکدا خەسرەو خانی ئەردەڵانی ستایش کردووە. جا بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بەسەرتاسەری هۆنراوەکانیدا بچین تا گۆشەیەک لە چۆنییەتیی ژیانی ئەم هۆنەرەمان بۆ دەرکەوێ، بەتایبەت کە ساڵی لەدایکبوونمان بۆ دەر دەخا، وەک لە (نوفڵ نامە)کەیدا دەڵێ:

ئی ساڵ کە ئی فیکر کەردم پەرێ توو     عومرم یاوا بی من وە سی و دوو
لیقای بێ زەوال عومر خەسرەو بۆ     بەری جە ئاسیب چەرخ کەچڕە و بۆ
تاریخ حەقیر عەبد جەفاکێش     گەدای خۆشەچین ئەربابان پێش
ناپوختەی ناچیز بێ ئەجزا و نمەک     جە سەنەی هەزار دووسەد چەنی یەک

واتە: ئەو ساڵەی کە بیری دانانی ئەم چیرۆکەمە بۆ تۆ کەوتە سەر، تەمەنم سی و دوو ساڵ بوو، یا خوا تەمەنی خەسرەوی ئەردەڵان لە دەرد و بەڵای چەرخی کەچڕەو دوور بێ. مێژووی دانانی ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٢٠١ی کۆچیدا بووە. کە لەمەوە مێژووی لەدایکبوونی میرزا شەفێعمان بۆ دەردەکەوێ.

بەڵام بۆ ساڵی مردنەکەی کە دیارە خۆی نەیتوانیوە دیاردی پێ بکا و ئەمەی زۆر تاریک بوو کە خۆشبەختانە لەم دواییەدا بەیازێکمان کەوتە دەست کە لە خوار هۆنراوەکانیدا نووسرابوو، ئەمە بوو هۆنراوەکانی میرزا شەفێع کە لە ساڵی ١٢٣٨ی کۆچیدا لە جیهان ماڵئاوایی خواستووە و، بەم چەشنە ساڵی لەدایکبوون و مردنی میرزا شەفێع بەتەواوی ڕوون بووەوە.

میرزا شەفێع بەپێی ئەو بەڵگانە کە باسمان لێوە کرد، لە ساڵی ١١٦٩ی کۆچی لە دێی مامێزک پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە منداڵیدا هەر لەو دێیە خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە پاوە و سنە و قەرەداخ خوێندوویەتی و عەرەبی و فارسی و کوردیی بەباشی زانیوە و هۆنراوی پێ گوتوون و لە پاشا ماوەیەک ڕۆیشتووەتە سنە و لەوێدا ژیاوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەڕێنموونی خەڵک و وانە وتنەوە و هۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٣٨ لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا شەفێع یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و گەلێ هۆنراوی بەکوردی و فارسی و عەرەبی هۆنیوەتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی بڵاوە و هەر چەند پارچە هەڵبەستێکی لە بەیازێک و کەشکۆڵێکدا نووسراوە و گەلێ هۆنراویشی دەست بەدەست کەوتوون و لەناو چوون، جگە لە دیوانەکەی کە دانەر کۆی کردووەتەوە، سێ پەڕاوی تریشی بەناوی. (نۆفل نامە) و (درەخت نامە) و (شەماڵ و زەلان) بەهۆنراو هەیە کە هێشتا لە چاپ نەدراون.

وەکو دەڵێن میرزا شەفیع زۆر گەڕاوە و زۆر حەزی لە گەڕان و سەیران کردووە و، زۆر حەزی لە تێکەڵ بوون و دانیشتنی زانا و هۆنەرەکانی کوردی کردووە و پەیوەندیی لەگەڵیانا بووە، یەکێک لە هاوەڵەکانی میرزا شەفێع، ئەلماس خانی کوردستانییە کە گوایە پێکەوە خوێندوویانە، پاشان کە ئەڵماس خان لە لایەن فەتالی شای قاجار (١٢١١–١٢٥٠ی کۆچی) گیراوە و براوەتە تاران، لە ڕێگەی نامەوە بەهۆنراو پەیوەندییان بەردەوام بووە.

وەکو لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ، میرزا شەفیع لە زۆربەی زانستەکانی دەوری خۆی وەکو: ئاین و ڕێزمان و پیتۆڵی و مێژوودا شارەزا بووە و وا دیارە زۆر حەزی لە شانامە کردووە و، هۆنراوەکانی زۆر جوان و پاراو و شیرین و دڵگرن.

جا بۆ ئەوەی پلەوپایەی میرزا شەفێعمان لە مەیدانی وێژەدا بۆ دەرکەوێ، ئەوا هەندێ لە هۆنراوەکانی دێنین و دەیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. میرزا شەفێع وا دیارە لە سەرەتای لاویەتیدا گراو و سەوداسەری کیژێکی پەری پەیکەر بووە بۆیە بەم چەشنە ڕووی تێ دەکا و پێیدا هەڵدەڵێ و بەسۆزێکەوە دەڵێ:

چراخم بەندەن، چراخم بەندەن　　ڕیشەی دڵ بەتای زولف تۆ بەندەن
نە خاو نە خۆراک نە تاقەت مەندەن　　نیم نیگای دیدەت توانام سەندەن
دێوانەم کەردەن مەجنوونی ئاسا　　دیدەم نە دیدار یاران تواسا
خەیاڵ هەر نەفیکر شۆڵەی خاڵ تۆن　　دل پێکیای پەیکان دیدەی کاڵ تۆن



ئەڵماس دیدەت وێنەی تیر خار　　یەک یەک نە ڕیشەی جەرگم کەردەن کار
تەمام سەرتاپام ئالوودەی زامەن　　هەر شەو نە مەردەن بەدتەر سزامەن
سەد لوقمان بەیۆ نە شارانەوە　　بە داو و دەرمان عەتارانەوە
بیللا نمەبۆ شەفای زامانم　　ساکن نمەبۆ شەوان ئامانم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ڕیشەی دڵ بەهەودای زوڵفەکەتەوە بەندە و، لەو کاتەوە کە تۆم چاوپێ کەوتووە، خەو و خۆراک و توانام نەماوە، نیو نیگات بەجارێ هێز و توانای لێم سەندووە و وەکو مەجنوون شێت و دێوانەمی کردووە و بەجارێ لە دیداری یاران دڵسارد بوومەتەوە، چونکە بیرم هەر ها بەلای شۆڵەی خاڵەکانتەوە و دڵ بەتیری چاوی کاڵت پێکراوە، ئەلماسی برژانگەکانت وەکو دڕک کاریان لە ڕیشەی جەرگم کردووە و تەواوی لەشم بریندار بووە و هەر شەو لە مردن خراپتر سزا دەکێشم، ئەگەر سەد بژیشکی وەکو لوقمان لە شارەکانەوە بەداوودەرمانەوە بێنە لام، بەخوا برینەکانم چارەسەر ناکەن و ئێشەکەی داناساکێ.

میرزا شەفیع لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا گەرچی هەندێ جار پەیڕەویی لە هۆنەرەکانی پێشوو کردووە و لەسەر پێ و شوێنی ئەوانەوە ڕۆیشتووە، بەڵام گەلێ شتی تازەشی داهێناوە و، زۆربەی هۆنراوە کوردییەکانی لەسەر کێشی هیجا هۆنیوەتەوە. بۆ وێنە: زوڵفی یارەکەی بەڕێحان و گۆنای بەگوڵ و لێوی بەهەنار چوواندووە، وەکو دەڵێ:

نەواتەن شیرین، نەواتەن شیرین　　ڕێزەی ڕازوناز نەواتەن شیرین
دەهەن چەشمەی ساف حەیاتەن شیرین　　سینە لەوح سیم فەتاتەن شیرین
هەی هەی نە کەمەند قەترانیی شیرین　　وەی وەی نە پرشنگ پێشانیی شیرین
غەضەب ها نە بەین دوو ئەبرۆی شیرین　　ڕۆ ڕۆ نمەزان خەدەنگ جۆی شیرین
زوڵف دەستەی ڕێحان ئەشەدبۆ شیرین　　هیچ بەندەی نەدیم وێنەی تۆ شیرین
گۆنا گوڵ وەرەق وەهارەن شیرین　　ڕاگەی گوڵ عەرەق پێوارەن شیرین
لەو لەعل یاقووت ڕۆمانیی شیرین　　نازک چون قێرتاس مەرجانیی شیرین
زەردەخەنەی خاس ژێر لەب شیرین　　زەنەخ زەنەخدان چای غەبغەب شیرین
ساف گەردەن بلوور مینای مەی شیرین　　مادام نەکەردش بەزم کەی شیرین
ساف گەردەن بلوور مینای مەی شیرین　　مودام نەگەردش بەزم کەی شیرین
جفتێ شەکەر سێف گوڵ وەدەم شیرین　　ورشەی ماوی خاڵ ناو مەم شیرین
کەمەرگا بێ عەیب حەوز ناف شیرین　　گەنجوور کۆی گەنج قولەی قاف شیرین
شەرت بۆ تا (شەفێع) بمانۆ شیرین　　تەعریف شۆخیت بوانۆ شیرین

واتە: ئەی شیرین! ڕێزەی ڕاز و نازت وەکو نەوات وایە و شیرینە، دەمت سەرچاوەی ژیانە و سینگت ئارامیی گیانە، تەوێڵت ڕووناکە و پرشنگی لێ دەبارێ و ڕق و قین ها لە نێوانی هەردوو ئەبرۆکانتدا و کاتێ ڕقت هەڵسێ، تیری ناز و غەمەزەت دەبارێنێتە سەرما و تیرەکانی ناز و لەنجەت ئیتر ڕۆڕۆ نازانن و گوێ بەهیچێ نادەن، زوڵفت وەکو دەستەی ڕێحانە و، من هیچ بەندەیەکم بەشۆخی و جوانیی تۆ نەدیوە، گۆناکانت وەکو گوڵی بەهارییە و لێوت وەکو یاقووت و هەنارە و بەوێنەی قاقەز نازکە، کاتێ بزە بگریتەوە، ئەستۆت وەکو پەیمانەی مەی دەدرەوشێتەوە و، خاڵی سەر مەمانت ورشەی دێ و سەرتاپای بەژن و باڵات بێ وێنەیە. بەڵێن بێ تا (شەفێع) بمێنێ بەجیهانەوە، بەشۆخوشەنگیی تۆدا هەڵبڵێ.

میرزا شەفیع پەردەی دڵداری دادەداتەوە و دەکەوێتە کۆڕی مەی نۆشانی خواپەرست، بەم چەشنە دەست دەکاتە ڕاز و نیاز و دەڵێ:

تاک توانا، تاک توانا
ئەڵڵا لاشەریک تاک توانا
عەلیم حەلیم، حەکیم دانا
بەستەر زەمیر نیک و بەد زانا
فەرمان فەرمای مولک دوو هەفتەم تەبەق
بێ میسل مەعبوود بێ چوون موتلەق
زات بێ زەوال پشت پەردەی غەیب
بوحران جاری ساز جە لیقای بێ عەیب
دەهەندەی نزام سەبعەی ستاران
داننەدەی حساو قەترەی ئەمتاران
مەعسیەت ئاموز ڕەند بادەنۆش
بە تاعەت مەغزووب جامەی ڕیاپۆش
یەکتای لایەنام بینای لایەمووت
میزان و ساعەت حەمەل تا وە حووت
قەسیم نەعیم، جان ئەفزای شەمیم
ئەحیا ساز عەزم، عێزام ڕەمیم
شاهان ئیخراج کەر نە تەخت شاهی
ئاگا جە ئەحواڵ مەه تا بەماهی



شەوق ئەفزای گوڵان فەسل ڕەبیعی
بە موفلسان بەخش پایەی ڕەفیعی
قادر بە ئیعجاز شۆڵەی نوور توور
سامع بە ئاواز شنۆی ڕێجل موور
بە فەرموودەی وێت نە ماوای عەدەم
بە موڵک وجوود نیانم قەدەم
جەو دوما شەباب جۆشا و خرۆشا
تەن جامەی شەریر شەیتانی پۆشا
سەر بێ ئیختیار جە هەواو هەوەس
تەن وێنەی تەررار شار بێ عەسەس
هەر ئەمرێ خیلاف شەرع ئەنوەربێ
تەقالام پەرێش تووواناتەر بێ
کالای هەر عێسیان شەیتان پەسەندەن
جە کارخانەی شووم شەیتانم سەندەن
بەسا بەند بار عێسیانم بەستەن
تەناف نیکیم جە هەم گوسەستەن
ئیسە چون مەستان مەی زەدەی قەهار
جە خاو غەفڵەت بیەنان بێدار
نامەی دەست ڕاست نیگام کەرد پێدا
حەرف خێر تەحریر هیچ نەوی تێدا
ئی نامەی ئەعمال خێر تۆ تێشەن
سەرتاپا نە ڕەنگ سفیدیی وێشەن
ئیسە ئەز زانام دنیا بێ وەفان
بازاڕ بێ سوود پڕ جەور و جەفان
مەعلوومەن هەر کار حسابێ دارۆ
هەر تەقسیراتێ عەزابی دارۆ
قادر بە ئیعجاز زات قەدیمت
نە نوور حیجاب عەرش عەزیمت

بە ناڵەی غەریب موبتەلا جە دەرد
بە ئاه مەزڵووم وەخت شەوق زەرد
بە تاو ئەسرین دیدەی ئەسیران
بە نازکی تەبع وجوود پیران
بە یاهوو یاهووی ئەبدالان چۆڵ
تەن لوخت و عوریان یەکتای لۆنگ وەکۆڵ
بە حاجەتی قەدر قورب گردێشان
تەقسیر «شەفیع» ببەخشی پێشان
ئەو ساحێب تەقسیر تۆ پادشاهی
ڕای عەرزش بڕیا جە ڕووسیاهی
غەرقەن نە عێسیان جە ڕای بەدنەخشی
مەغفێرەت جە تۆن مەبۆ ببەخشی
ئومێد نە دەرگات پەی خەلاسیەن
ئافەریدەی تۆن ئەر سەد عاسیەن

واتە: ئەی خوای تاک و تەنیا، تۆ بێ هاوتا و بێ هاوبەشی، زانا و گەورە و مەزنی و ئەوەی لە چاکە و خراپە کە لە دڵدا تێ دەپەڕێ تۆ پێی دەزانی و هەستی پێ ئەکەی و فەرمانی تەواوی ئاسمانەکان و زەویش بەدەستەوەیە و تۆ بێ وێنە و بێ هاوتای و، ڕێکخەری هەر حەوت ئەستێرەکانی و لە هەموو شتێک ئاگەداری و تەنانەت حەساوی دڵۆپی باران دەزانی، یەکتا و زیندوو و، نەمری و، خۆت گیان بەمرۆ دەبەخشی و ڕۆژی بەش دەکەی و ئێسکی ڕزیو زیندوو دەکەیتەوە و، شاکان لەسەر تەخت دەرئەکەی و، لە وەرزی بەهارا گولان ئەڕوێنی و هەژاران دەگەیێنێتە پلەوپایەیەکی بەرز و، کێوی توور دەسووتێنی و تەنانەت خشەی پێی مێرووله دەبیسی. خوایا من بەفەرمانی خۆت پێم نایە ئەم جیهانەوە و، لە تافی جوانی و لاویەتیدا ئەهریمەن فریومی دا و کەوتمە ناو هەوا و هەوەسەوە و، هەر فەرمانێک کە بەپێچەوانەی ئاین بوو ئەنجامم دا، باری نافەرمانیم بەستەوە و تەنافی چاکەم پچڕا، کەچی ئێستاکە وەکو سەرخۆشان لە خەو وریا بوومەتەوە و تازە زانیومە کە جیهان بێ ئەمەگە، دەسا سوێندت دەدەمە ئاخ و داخی هەژاران و دەردی دەردەداران و ستەم لێکراوان، دیسان سوێندت دەدەمە پیران و عەودالانی دەشت و چۆڵ کە گوناهی (شەفێع) ببەخشێ، چونکە ئەو ئومێدی بەدەرگای تۆیە و ئەگەر نەیبەخشی ڕەنجەڕۆیە.



میرزا شەفێع ئەم پەردەش دادەداتەوە و دەکەوێتە بیری پێشینیان و لە چاوێکی پیتۆڵییەوە بەبیرێکی جوان و ورد باسی مێژووی زەمان دێنێتەوە یاد و دەڵێ:

هامسەران وە یاد، هامسەران وەیاد — پێشینان پێش باوەرین وە یاد
هەر جە شای مەردان تا وەکەی قوباد — نمروود و فیرعەون تا شەدداد و عاد
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە — میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: ئەی هاوەڵان! وەرن با پێشینیان بخەینەوە بیری خۆمان و لێی ورد بینەوە، هەر لە شای مێردانەوە تا دەگاتە کەی قوباد، تەنانەت نمروود و فیرعەون تا شەداد و عاد کە ستەمکار بوون بخەینە بیری خۆمان، بەڕاستی ئەمانە دەورانیان، بەکامی دڵی خۆیان نەبردە سەر، ئەی میرزا! ئەی گەڕانی دەوری دنیای تۆ کامەیە؟

شای مەردان بەو دەست خەیبەر کەندەوە — بەو پرشنگ سەیف قودرەت ژەندەوە
بەو بەند دەریای دوجەیل بەندەوە — مەزڵوومان نە دەست زاڵم سەندەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە — میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: شای مێردان یانێ عەلی کوڕی ئەبوو تالب خوای لێ ڕازی بێ، قەڵای خەیبەری گرت، ئەو بەشمشێرەکەی کە پرشنگی لێ دەباری بت پەرستەکانی کوشت و هەژاران و ستەم لێکراوانی لە دەست ستەمکار سەندەوە، ئەو نەیتوانی دەوران بەکامی دڵی خۆی بباتە سەر، ئەی میرزا! ئەی گەڕانی دەوری دنیای تۆ کامەیە؟

داوود وە حیکمەت زرێ گەریوە — سلێمان وە سان دێو و پەریوە
ئەسکەندەر بەو تەپڵ ئەسکەندەریوە — فیردەوسی وە نەزم سوخەنگەریوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە — میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: داوود بەکاری زرێ گەرییەوە و، سلێمان بەسانی دێو و پەرییەوە و، ئەسکەندەر بەتەپڵی پادشایەتییەوە و، فیردەوسی بەهۆنەریەتییەوە، ئەمانە هەموویان نەیانتوانی دەورانیان بەکامی دڵی خۆیان ببەنە سەر، ئەی میرزا، ئەی گەڕانی چەرخی دنیای تۆ کامەیە و ئەوە بزانە کە ئەم چەرخە وا بەرچاوت دەکەوێ زۆر کورتە:

هۆشەنگ شا بەو جاو بەو جەلالەوە — قاروون بەدەوڵەت گەنج ماڵەوە
سەڵساڵ بەو تەلسم بەستەی داڵەوە — زوحاک وە شاهیی هەزارساڵەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە — میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: هۆشەنگ شا بەو فەڕ و شکۆیەوە و، قاروون بەو هەموو سامان و دارایییەوە و، سەڵساڵی دێو بەو جادوو و، تەلسمەوە و، ئەژی دەهاک بەهەزار ساڵ پاشایەتییەوە،

نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵی خۆیان ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکام ببەیتە سەر؟

جەمشید شا وە بەزم و جام زەڕەوە    فەرەیدوون بەو زۆر بەو گشت فەرەوە
قوباد وە جوقەی تاوس پەڕەوە    مەجنوون وە سارای بێدی و بەرەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: جەمشید شا بەبەزم و پیاڵەی زێڕەوە، فەرەیدوون بەو هەموو زۆرە و بەو گشت فەڕەوە، قوباد بەجوقەی تاوس پەڕەوە، مەجنوون بەدەشت و چۆڵەوە، ئەمانە نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵیان ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکام ببەیتە سەر؟

بارام بەو کەمەند چەرم گۆڕەوە    ئیرەج وە سپای سەلم و توورەوە
قارەمان وە زۆر کۆی بلوورەوە    چەنگیز وە شاهی میر تەیموورەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: بارامی گۆڕ بەکەمەندی چەرمینەوە، ئیرەج بەسپای سەلم و توورەوە، قارەمان بەزۆری کۆی بلوورەوە، چەنگیز بەشاهی میر تەیموورەوە، نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەنە سەر ئیتر میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

ئەسکەندەر بەو سەد یەئجووج بەندەوە    باجش نە دەریای عوممان سەندەوە
شای ئەفراسیاب بەو کەمەندەوە    پیران وەیسە بەو گشت فەندەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: ئەسکەندەر کە دیواری چینی دروست کرد بۆ ئەوەی بەری یەئجووج و مەئجووج بگرێ و، باجی لە خەڵکی کەناری دەریای عوممان سەند و، شای ئەفراسیاب بەو هەموو فەڕ و شکۆیە و، پیرانی وەیسە بەو هەموو فڕوفێڵە، نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

ڕوستەم بەو گشت زۆر کۆڵ ڕەخشەوە    وە برزوو و، زۆراب جیهان بەخشەوە
ڕۆبیتەن وە تەیر زەدەی تەخشەوە    کەیخەسرەو وە هوون سیاوەخشەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: ڕۆستەم بەو هەموو زۆرەوە چووە کۆڵی ڕەخشەوە و، خوا برزوو و، زۆراب و جیهان بەخشی پێ بەخشی، ڕۆبیتەن کە نازناوی ئەسفەندیارە سەرەنجام بەتیری ڕۆستەم کوژرا و، کەیخەسرەو سەرەنجام تۆڵەی خوێنی باوکی سیاوەشی سەندەوە، ئەمانە نەیانتوانی



دەوران بەکامی دڵ ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

گودەرز بەو حەفتا و حەفت فەرزەندەوە    بیژەن وە زیندان قەید بەندەوە
گیو وە ڕیازەت خەسرەو سەندەوە    دارا وە شاهی پەی نەمەندەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: گودەرز بەحەفتاوحەفت کوڕیەوە و، بیژەن بەزیندان و بەندەوە و، گیو بەسەختی خەسرەوی سەندەوە و، دارا بەپادشایەتی چەندین ساڵەوە، نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەنەسەر، ئیتر تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی خۆت ببەیتە سەر؟

سیمرغ بەو باڵ و بەو پڕشتەوە    گەرشاسب بەو زۆر و بەو بڕشتەوە
شاهان وە شاهی پشتەڵپشتەوە    نادر وە قۆشەن ئێران گشتەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: سیمرغ بەهێزی باڵییەوە توانیی زاڵ لە کێوی ئەلبورز هەڵگرێ و بەخێوکا و، گەرشاسب بەو هەموو زۆر و بڕشتییەوە و، پاشاکان بەپاشایەتی پشت بەپشتیانەوە و، نادر بەهەمووی لەشکری ئێرانەوە، نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

ڕایی وە سپای کەیوومەرسەوە    ئەفلاتوون وە حوکم فەیلەقووسەوە
نۆزەر بە سەدای تەپڵ کووسەوە    زەڕینە کەوشان گشت بە تووسەوە
نەکەردن دەوران دنیا تەمانە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: ڕایی بەلەشکری کەیوومەرسەوە و، ئەفلاتوون بەفەرمانی فەیلەقووسەوە، نۆزەر بەدەنگی تەپڵ و کووسەوە، زەڕینەکەوشان کە لە ڕەچەڵەکی تووسن، نەیانتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەنە سەر، ئیتر ئەی میرزا! تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

وەی کاڵە و پێتاو گیوەی پاتەوە    وەی شان و کۆڵ دەست وە عەساتەوە
وەی سمێڵ چەفت لاوەلاتەوە    تۆ مەشی وە ڕا کەس نەهاتەوە
عالەم نە جەورش تەمام سەرسامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: بەم کاڵەو پێتاوی کڵاشی پێتەوە، بەم شان و کۆڵ و دەست بەگۆچانتەوە، بەم سمێڵی لاری لا بەلاتەوە، تۆ هەر دەڕۆیتە ڕێوە و کەسیش لە مردووان نەهاتەوە، خەڵکی جیهان لە ستەمی ئەم چەرخە سەریان سوڕماوە، ئەی میرزا، ئیتر تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

میرازم نەسیحەت حاجی پەی تۆشەن    ئەرسەد خوداوەند پەردەی سرپۆشەن
هەر کەس نەسیحەت حاجی نە گۆشەن    زبانش نە زکر یاهۆ یاهۆشەن
(شەفێع) هۆر گێڵە نەی کار خامە    میرزام گێڵیای دەور دنیای تۆ کامە؟

واتە: ئەی میرزام! پەندەکانی حاجی بۆ تۆیە، ئەگەرچی خوا پەردەی ڕاز پۆشە و ڕازی کەس ناخاتە دەر و، هەر کەسێک پەندی حاجی لە گوێ بێ، هەمووەدم لە بیری خوادایە و زمانی بەیاهوو خووی گرتووە. ئەی (شەفیع) لەم کارە نارەوایە بگەڕێرەوە و خۆت لێی لادە، تۆ چۆن دەتوانی دەوران بەکامی دڵ ببەیتە سەر؟

میرزا شەفیع وا دیارە لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا چەرمەسەرێ و سەختیی زۆری دیوە، بۆیە ژیانی لێ بێزاوە و لەگەڵ خەم و پەژاردا بووەتە ئاوەڵ و هاودەم و ئەوسا لەگەڵ چەرخدا دەکەوێتە وتووێژ و دەڵێ:

میرزام جە دەرد بیم، میرزام جە دەرد بیم
نە تفڵی شاگرد کارخانەی دەرد بیم
نەک جە وینەی ڕەنگ خەزان ئەز زەرد بیم
سفتەی سیادێز هەناسەی سەرد بیم
پۆسە ڕاست وێم جە چەپ شناختەن
فەڵەک نەرد ڕاست چەنیم نە باختەن
گشت عالەم نەی عەهد ئەمن ئامانەن
من شادیم غارەت خان خەمانەن
بۆی عەترم نە بۆی زوخ زامەتەن
ڕۆژ ڕاحەتم ڕۆی قیامەتەن
گۆشم نەشنەفتەن سەدای ڕێزەی ڕاز
مەر نە ڕیشەی دڵ کزەی گیر و گاز
پەنجەم کار کەردەن چەم وە خاوەوە
پەنجەی وێم دییەن وە زووخاوەوە
سەیر سواریم سای سەنگ سەردەن
نەشئەم چون مەجنوون نە بێدی هەردەن
(شفێع) نە ڕای سەخت سزاوارشەن
بزانە میرزام ئینە کارشەن



تۆ هەر سات شادیت نە ئەندازە بۆ
من هەر ڕو پەریم دەردی تازە بۆ
تۆ وێنەی بولبول مەست هەوای گوڵ
من چون مایەی مس چەنی نەوای دڵ
پەرێ تۆ ڕاحەت پەرێ من زامەت
هەر تۆ سلامەت تا ڕۆی قیامەت

واتە: هەر لە منداڵییەوە من بوومە شاگردی خەم و پەژارە، نەوەکو بەوێنەی خەزان زەرد بووم، بەڵکو بەجۆرێ سووتام کە ڕەش هەڵگەڕامەوە و بەجارێ هەناسەسارد بووم، لە ڕۆژێکەوە کە ڕاستم لە چەپەوە ناسیوە چەرخی گەردوون نەردێکی ڕاستی پێم نەدۆڕاندووە، هەمووی خەڵک لەم دەورەدا لە هێمنی دان، کەچی خانی پەژارە شادیی منی بەتاڵان بردووە، بۆنی خۆشم بۆنی زوخی برینەکانمە و ڕۆژی هێمنیم ڕۆژی دواییە، هیچ کاتێ خۆشیم نەدیوە و بنچینەی شادیم ڕووخاوە و، وەکو مەجنوون کەوتوومەتە چۆڵ و دەشت و بیاوان و، خەم و پەژارە پشتمی چەماندووەتەوە و بەجارێ لە ژین بێزارمی کردووە، مەگەر لە ڕۆژی پەسلاندا خۆشی ببینم.

میرزا شەفێع کە ماوەیەک ژیان بەخەم و پەژارە دەباتە سەر، بەرە بەرە تەمەنی دەچێتە بان و پیر دەبێ و ئەوسا تەماشای ئاوێنە دەکا و بەم چەشنە بەپیریەتیی خۆیدا هەڵدەڵێ:

نیگای جامم کەرد، نیگای جامم کەرد
یەک ڕۆ جە تەقدیر نیگای جامم کەرد
سیاو و چەرمەم شناسامەوە
شیم وە تاس مەرگ هەم ئامامەوە
نە دڵ هۆرکێشام هەناسان سەرد
موو چون ماران گاز نە کەللەم باد بەرد
پەرسام ئەر هەی تار بێ وادەی ڕەشتە
هەوای سەرد و گەرم ڕوزگار نەچەشتە
پەی چێش تۆ جە خۆف حەق نمەترسی
هەیما خۆ سالت نەیاوان بەسی
تار وات ئەحواڵ سفیدیی ڕەنگم
مەر من جە تۆ نیم جە سیا سەنگم

ئەوسا تۆ کەماڵ شایی و زەوقت بێ
ڕو جە ڕو ئامای نیشتەر شەوقت بێ
قولەی قەڵای دڵ نەگرتەبیش تەم
ڕۆشن بێ چون جام جیهان نمای جەم
فەڵەک پەی خەمان من پەسەند کەردەن
سەرتاپای تەنم وە خەم پەروەردەن
غەم شییەن نە تۆی مەنزڵگەی شادیم
هەر غەمەن مەیۆ موبارەک بادیم
دڵ بی وە بۆتەی مەنزلخانەی خەم
سەد قافڵەی خەمان تێدا گرتەن جەم
ڕیشەی موو چەنی ڕیشەی دڵ بەندەن
پۆچی میسکم دان کافوورم سەندەن
(شەفێع) مووی سفید ڕوو سفیدیتەن
هەر چەند نیشانەی نائومێدیتەن

واتە: ڕۆژێکیان کوت و پڕ تەماشای ئاوێنەم کرد و دیم دانامەم کەوتووە و مووی ڕەش و سپیم ناسییەوە، هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و ئەوسا لە مووەکەم پرسی لەبەرچی وا بەم زووە سپی بووی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەوکاتەی لە کامەرانی و خۆشیدا سەر لووتکەی دڵت تەم نەیگرتبوو، بەڵام ئێستاکە خەم ڕووی تێت کردووە و ئیتر بەتەمای چیت؟ ئەی چەرخ تۆ بۆ باری خەم منت پەسەند کردووە و بەخەم من پەروەردە دەکەی. ڕیشەی مووم بەڕیشەی دڵەوە بەندە، بۆیە مووی ڕەشم کە وەک موشک بوو، داومە بەکافووری سپی کە ڕەنگی تازەی ڕدێنمە. ئەی (شەفیع) مووی سپی ڕووسپییەتیتە، هەر چەندە کە نیشانەی نائومێدیتە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی میرزا شەفیعی کولیایی کۆکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی ١٣٤٨.
٢- نوفل نامە - هۆنراوەی میرزا شەفیعی کولیایی کۆکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی.
٣- درەخت نامە- هۆنراوەی میرزا شەفیعی کولیایی - کۆکردنەوەی بۆرەکەیی.
٤- پیر شالیاری زەردەشتی - دانەر محەمەد بەهائەدین ساحیب - بەغدا ١٩٦٨.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا ١٩٥٢.
٦- مێژووی کوردستان - نووسراوی مەردووخ - تاران ١٣٢٤.
٧- مناجاتهای جاویدان ادب کردی - باهتمام محمد علی سلطانی - تهران ١٣٦٢.



# سەیدیی دووهەم

١١٨٩-١٢٧١

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد سلێمان و کوڕی حاجی سەی مەحموود و نازناوی (سەیدی)یە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٨٩ی کۆچی لە دێی خانەگای نزیکی پاوە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی هەورامان گەڕاوە و ماوەیەک لە بناری شارەزوور بووە و ماوەیەکیش لە پایگەلاندا خوێندوویەتی و سەرەنجام لە بیارەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاشا چووەتە هەورامانی تەخت و لەوێدا نیشتەجێ بووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک و کاری کشتوکاڵ بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٧١ی کۆچیدا لە تەمەنی هەشتا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. مامۆستا کاردۆخی کە هۆنراوەکانی سەیدی دووەم و سەیدی یەکەمی کۆکردووەتەوە و بەناوی دیوانی سەیدی کە مەبەستی سەیدیی دووەمە لە چاپی داون، لای وایە کە هەر یەک سەیدیی بووە و ئەویش لە ساڵانی (١١٦٥- ١١٩٥ی کۆچی) بووە و لە هەورامانی تەخت جێگیر بووە و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کردووە. بەداخەوە مامۆستا عەلائەدین سەجادی و مامۆستا موحەمەدی مەلا ساحیبیش تووشی هەڵە بوون و هۆنراوەکانی سەیدیی دووەمیان بەهۆنراوی سەیدیی یەکەم زانیوە کەچی هۆنراوی سەیدیی یەکەم بەشێوەی کۆنی هەورامییە و هۆنراوەکانی سەیدیی دووەم بەشێوەی تازەیە ئەمەش بۆ هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە.

سەیدیی دووەم لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی دڵدارین، سەبارەت بەئاین و سروشتە جوانەکەی هەورامانیش گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

هارە سەختەنی، هارە سەختەنی
تو خۆ کەم قیمەت سەنگ سەختەنی
جای بولند ئیقبال ساحیب بەختەنی
یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی
تراشیدەی دەست سەر ئۆستادی باش
جەستەی پڕ زەخم قولنگەی سەنگتاش

یادگار ئۆسای قەدیم زەمانان
دەس ئاس دەس کێش خەیاتەی خامان
چمان تاشیای تیشەی فەرهاد بێ
دەستت جە نەمام دار شمشاد بی
ئارۆ قیبلەی من بە لەنجەو لارە
تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە
دیم شیرین نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن دەور مەدۆ نە وێش
مەگێلۆ بە دەو چون چەرخ چەپگەرد
هەیاهووش گەرمەن مەناڵۆ جە دەرد
دوو لیمۆی وەش بۆش تەرح شەمامە
جمە جمشانا نە یەخەی جامە
کەس چون تۆ ئازیز جە لای یار نەبی
هارە جەی وەشی سا چی هار مەبی
دەخیلەن دەستت بە دەست یارەن
پەنجەش ڕێش نەبۆ هارە هاوارەن
شیرین بە سەد ناز مەکێشۆ دەستە
دانە مەدۆ پێت چون ئاوات وەستە
دانەش مەسانی چون ستەمکاران
مەکەریش وە گەرد تووتیای شاران
طاقەت شی جە لام واتم ئەی هارە
بە مەودای ئەڵماس بای پارە پارە
تۆ دەست شیرین دەستە کێشتەن
ئاواتت بڕیان ناڵەی چێشتەن؟
با من بناڵوو ڕۆان تا شەوان
زەدەی هیجرانم دەردم بێ دەوان
هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ
وەس دەور دە نە وێت چون دێوانەی وێڵ



ئانە شیرینەن دلبەر دڵستان
دڵ چێت مەسانۆ مەکەرۆت داستان
چەنی کەس تا سەر هەرگیز یار نییەن
یار ساحێب شەرت وەفادار نییەن
هەر کاتێت زانا هۆریزا بە قەس
چون بێ بەینەتان جە تۆش کێشا دەس
شی بە ماوای وێش تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وە لای داخ و دەردەوە
کوتاییی سەدا و نەعرەتە و دەنگت
بێ قیمەت گنای کەساس بێ سەنگت
بە دڵەی پڕ سۆز مەینەت بارەوە
پێچیای بە دەرد دووریی یارەوە
ئەوسا چەنی زام بێ دەوای خەتەر
مات مەبی، بێ دەنگ جە (سەیدی) بەتەر

واتە: ئەی هارە! تۆ بەردێکی سەرسەختی و ئێستاکە وا بەخت ڕووتی تێ کردووە و یار هاتووەتە لات، دەسا بۆچی خۆت پەشێو و پەرێشان ئەکەی و یار بەجێ دەهێڵی؟ و کاتێ دێتە لات وەکو ستەمکاران دانەی لێ وەردەگرێ و وردی دەکەی. کەچی من شەو و ڕۆژ بۆ یار دەناڵێنم، بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم بەپەیمان و بەڵێنی ئەو یارە دەستخەرۆ مەبە، چونکە ئەمەگی نییە و ئازارێکی زۆرت دەدات. هارە لە وەڵامدا وتی: من بەوە دەزانم بەڵام دەست خۆم نییە و کاتێ کە یار دێتە لام شێت و هاردەبم ئەوەش دەزانم کە بەجێم دێڵی و ئازارم دەدا.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

دڵە زوخاڵ بای، دڵە زوخاڵ بای
بە ئاه قۆرەت بە کۆی زوخاڵ بای
چەنی غەم خەریک شادی بەتاڵ بای
چون مورغ بێ پەڕ شکستە باڵ بای
یا خوا جە ئاسمان غەزەب وارۆ لێت
یەتۆ کەردەن پێم، نەژنەوای سەرشێت

چەند واتم بە عەشق بارگەی ئیمامان
مەگنە وە سەودای نەوتوول نەمامان
بێ سوودەن سەودای عەشق نازداران
نازداران تا سەر وەفا نەداران
ئەر تۆ بکێشی سەد ساڵ جەفاشان
تا سەر چەنی کەس نییەن وەفاشان
نە شنەوای پەندم چون نا پەسەندان
تا کەفتی چون سەید نە دام ڕەندان
تا پێچیای بە قەید بەند دامەوە
تەن بە ئێش و دەرد زووخ و زامەوە
نە بە شەو قەرار، نە ڕۆ خاوت بێ
پەی دووریی دڵبەر گلاراوت بێ
دڵە هەر شەیدا و وێل و نەفام بی
جەفای یار کێشای سا وەفاش کام بی؟
ئاخر جە لای یار خۆ کەفتی وە بێز
پارە پارە بای دەک وە تێغ تێز
نارەوا و کەساس، کەس نەسەندەی وێت
چەقیای هەڕگاو ئەرامەندەی وێت
بەدەشنەی قەساو بکێشا قیمەت
تۆ (سەیدی)ت کەردەن پووڵی بێ قیمەت

واتە: ئەی دڵ! یا خوا شەرمەزار و ڕووڕەش بی وەکو خەڵووز و بەئاخی منەوە بسووتێی و، لەگەڵ خەم و پەژارەدا هاوبەش و هاودەم بی و، وەکو پەلەوەری پەڕ و باڵ شکاوت لێ بێ و یاخوا لە ئاسمانەوە بەڵات بەسەرا داباریٚ، ئەمەش تۆ پێت کردم، من چەند جار پێتم وت کە نەکەویتە دووی ئەوینی نازدارانەوە، چونکە نازاران بێ ئەمەگن، کەچی تۆیش لە چاوی یار کەوتی و ئێستاکە کەساس و کلۆڵی و خوا بکا کە هیچ کات شادی نەبینی و بەو دەردەوە بتلێیتەوە.

سەیدی ئەو پەردانە دادەداتەوە و دەکەوێتە ستایشی سروشت و سەبارەت بەهاتنی بەهار و ڕوانی گوڵانی نەورۆزییەوە دەڵێ:



نەورۆز گوڵ خێزان، نەورۆز گوڵ خێزان
وادەی وەهارەن نەورۆز گوڵ خێزان
بەدەن کافووران خاڵ خوردە ڕێزان
پۆشان مایەی عەتر بۆی عەنبەر بێزان
نەورۆز گوڵ جاسووس گوڵان تازەن
وەهار کیانان نزانی وازەن
بافتەن پەی زینەت ڕەندان دڵبەر
چون جوقەی تاووس بپێکان وە سەر
خاسەی نەورۆزان نە پای هەردەوە
یەک یەک بەرئامان نە تۆی پەردەوە
هێما خۆ زمسان تەشریف نەبەردەن
نەورۆز گوڵ موژدەی وەهار ئاوەردەن
نزانی مەدۆ زمستان ویەرد
تەخت یەخ بەندش هەوا دا بەگەرد
بەڵێ جارچییان نەورۆز جار مەدان
جاڕ پادشای نەو وەهار مەدان
باد وادەی وەشت جە کۆسار مەیو
یاران نزانی نەو وەهار مەیۆ
پادشای وەهار وادەی وەختشەن
بە تەعجیل مەیۆ ئامای جەختشەن
وەختەن شای وەهار بنیشۆ نەدەور
جاڕ بکێشۆ ڕەعد تەم و تل و هەور
وەختەن بگیرۆ ڕوی دەشت و سارا
کەوکەبەی وەهار وێنەی شا دارا
وەختەن بەیۆ بەر ئوردووی گوڵاڵان
گیران دەر و دەشت چون هەردە ساڵان
وەختەن برۆسان گوڵان هەزار ڕەنگ
چەرمە و زەرد و سوور چون دیبای فەرەنگ
وەختەن شای وەهار بکیانۆ خەڵات
سەوزەی ئەتڵەس ڕەنگ پەی ڕووی سەربسات

وەختەن شەقایق سەر بارۆ وە بەر
هوردۆ ئالآی سوور جە بالآی کەمەر

وەختەن بولبولان جە شیرین خاودا
بێداربان جە ملک خاسەی زەهاودا

وەختەن سارێژ بۆ خاترشان جە داخ
لەت بینان بە عەزم گولگەشت لێلاخ

فەصل نەو وەهار وەخت گولگەشتەن
سەرزەمین بە ڕەنگ سارای بەهەشتەن

وەخت شادی و عەیش، ئەییام سەیرەن
پەنەش دلشادەن، ئەر وەحش و تەیرەن

ئەگەر خاتریو ناچاخەن زویر
وەهار بێ کەیفیش مەبەرۆ جە ویر

چونکە شای وەهار شادی مەوازۆ
هیچ کەسێ غەمناک مەلوول نمازۆ

(صەیدی) چون مەلوول هجران یارەن
فێشتەر غەمناکیش وسڵ وەهارەن

واتە: گوڵی نەورۆز ڕواوە و ئەوا وەرزی بەهارە و نازاران خۆیان ڕازاندووەتەوە و نەورۆز گوڵ زیرەوانی گوڵانی تازەیە و بۆ ئەوە ڕواوە کە هەواڵی گوڵانی تر بداتە خەڵک، دەگەرچی ساردیی هەوا گیان و لەش دەتەزێنێ، بای فێنک لە کۆسارەوە دێت و مژدەی بەهاری تازە دەدات و، گوڵان ئاڵای سوور و سپی هەڵدەکەن و، دەشت بەرگی سەوز و شینی لەبەر کردووە و وادەی خۆشی و شادی و سەیرانە و، زەوی وەکو بەهەشتی لێ هاتووە و بولبوڵەکان لە خەوی شیرین هەستاون و بۆ گوڵ دەچریکێنن و، هەموو کەسێک کەیف خۆش و شادمانە، بەڵام من لە دووریی یار خەمگین و پەرێشانم.

سەرچاوەکان

١– دیوانی سەیدیی هەورامی – کاردۆخی – بەغدا ١٩٤٦.
٢– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا ١٩٥٢.
٣– پیر شالیاری هەورامی – محەمەدی مەلا صاحیب – بەغدا ١٩٦٥.
٤– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەیدیی دووەم.



## مەلا قاسمی پایگەلانی

١١٩٧–١٢٥٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی قاسم و کوڕی عەبدولحەقی پایگەلانییە و بەپێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١٩٧ی کۆچی لە دێی پایگەلانی ژاوەرۆ لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچە و دێکانی هەورامان گەڕاوە و سەرەنجام لە سنە ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و هەرلەوێ نێژراوە.

مەلا قاسم بەیەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و وەکو دەڵێن زۆر خەت خۆش بووە و گەلێ پەڕتووکی نووسیوەتەوە کە هەندێکیان بەیادگار ماونەتەوە.

مەلا قاسم لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و عەرەبیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

هەرگا من پێکیای پەیکان لەیل وام        جە بێ مەیلیی لەیل وەتەن دوجەیل وام
چ باک بەدی بەدکارانمەن        چ پەروای تانەی ئەغیارانمەن

واتە: هەر کاتێ کە من پێکراوی تیری لەیل بم و لەبەر ڕوو تێ نەکردنی لەیل مەڵبەندم کێوی دوجەیل بێ، ئیتر باکم چییە لە خراپی و بەدیی ئەو کەسانەی خراپەم دەڵێن و، لە کوێ ماوەی خەمخۆری کردنم هەیە بەتانە و تەشەری بێگانە؟

سەرچاوەکان

١– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا قاسمی پایگەلانی.

## سلێمان بەگی زەنگەنە

١١٦١–١٢١٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی سلێمان و کوڕی مەحموود بەگی زەنگەنە و نازناوی زەبوونییە و بەپیی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٦١ی کۆچی لە کرماشاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لەلای مامۆستای تایبەتی وێژە و زمانی فارسی و عەرەبیی خوێندووە و بۆ خوێندن ماوەیەکیش چووەتە بەغدا و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و مڵکدارییەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢١٩ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا لە دێی قەیتوول کۆچی دواییی کردووە و نێژراوە.

زەبوونی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. وەکو دەڵێن هۆنراوێکی زۆری بووە کە بەداخەوە هێشتا کۆ نەکراونەتەوە و ئەویش کە کەوتووەتە دەستی ئێمە پارچە هەڵبەستێکیەتی بەناوی (خوەر نەوەزان) واتە: ئەو شوێنەی کە لە سێبەردا بێ و تیشکی هەتاوی پێ نەگات. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی:

هامسەران ڕۆێی، هامسەران ڕۆێی
ڕۆێی جە تەقدیر جە ڕۆان ڕۆێی
غارێک دیم نە چاک دامان کۆێی
چەنی بەگلەران، خەسرەوان خۆێی
چ غار؟ بە وێنەی کەللەیی کۆی قاف
فەرقش چەنی فەرق قاف مەدا گەزاف
ئێسم مەعرووفش خوەر نەوەزانەن
بەهەشتەن ماچی جە ئی جەهانەن
باغاتەن وە دەور حاشیەی دەربەن
هەیوان و سەیوان سەیر سای سەمەن
سەیل بەفراوان سەر تاف کەڵبەز
مەواران جەو تاق بەرز هەزار گەز
بەڕەزا جەرووی تاش وەرمەغار
پەراوێز چون زوڵف مەیاش جە ڕوخسار





نم نم واران مەیا جە رووی تاش
عەتر وەرکەمەر جە تاش مەبۆ پاش
تەکیەگایێ دیم جە پای ئەو شاخدا
جە سای ئەو شاخ بوڵەند دەماخدا
نەغمەی قومریان جای قووشخانە و باز
نەوای دڵنیشین بوڵبوڵ وەش ئاواز
پەرسام ئەی جەننەت بێستوون میسال
ئافەریدەی سونع بینای لایەزال
بەشق شای ئەو کەس تەرحت نەواختەن
ئی جای بەزمگا کێ جە سات ساختەن؟
ئاما وە جواو چون دەردەداران
نالەش چەنی ئاه ڕۆی ڕۆزگاران
واتش هەی دەردین ڕەنج ویەردە
خار غەم چون من جگەر ڕێش کەردە
ئەگەر مەپرسی شەرحێ جەی گوزەر
پەرێت مەواچۆ جە پا تا وەسەر
«ئەحمەد بەگ» نامێ جە نەوەی شێران
سەردار سپای عێل زەنگ زوان
ئەحمەد بەگ نامێ جە نەوەی ئەڵقاس
نمۆ چەنی کەس بکریۆ ئەو باس
خولاسەی یەک ڕەنگ خاس خەیاڵان بێ
سەردار سپا و سیامالان بێ
وەخت بەزم و ڕەزم خەسرەو کەی بی
بەسەخا و بەخشش حاتەم تەی بی
هەر وەختێ مەکەرد عەزم باز شکار
مەخێزا جە بورج قەڵای خورمادار
مەنیشتن نە کۆڵ ئەسپان ڕاهرەو
بای چوست و چابوک بەدەوان تیژ ڕەو

جە تاو پڕتاف تازی ترمەپۆش
مەکێشان وە جەنگ جەیران و خەرگۆش
دەنگ قەواقووی شکارەوانان
مەنیشت نەجەبەل کۆ و سەربانان
وە ڕۆ ڕاو مەکەرد تا خوەر مەوی گەرم
ئاما وە سای من پەی مەزاق وەرم
جە سەلاحودین هەتا وەی دەورە
نەدیم بەگلەرێ وەی تەرز و تەورە
وەختێ هۆرگێلا چەرخ چەپ ڕەوشت
میر و بەگلەر و ساقی و مونشی گشت
یەکایەک خەڵتان خاک سارا کەرد
چون خەیاڵ خاو ئاما و زوو ویەرد
منیش ها عومرم پادا وە پەنجا
دونیام وە میزان عەقڵ وێم سەنجا
منیش وێنەی جوغد وێرانەی هەردە
ڕۆ ڕۆمەن پەی عومر گەنج باد بەردە

واتە: ئەی هاوەڵان! ڕۆژێکیان چوومە سەیران و ڕێم کەوتە ئەشکەوتێک کە لە داوێنی کێوێکدا بوو و ئەم ئەشکەوتەش ناوی خوەرنەوەزان بوو کە وەکو بەهەشت وابوو، باخ و باخات دەورەی ئەشکەوتەکەی دابوو و بەفراو لەسەر کێوەکەوە دەرژایە ناو قەڵبەزەکانەوە و بەڕەزا لەسەر بەردەکانی ئەشکەوتەکەوە ڕوابوو و، وەکو زوڵفی یار ڕژابووە سەر ڕوومەتی کێوەکەوە، نم نمی بارانیش دەیدایە سەر بەردەکان و بۆنی خۆشی گوڵی وەرکەمەر بەهەموو شوێنێک بڵاو بووبووەوە و، قومرییەکان بەکووکوو نەوایان دەخوێند، بولبولێش بۆ گوڵ دەیچریکاند. لە کێوەکەم پرسی توخوا پێم بڵێ کە ئەم بەزمگایە کێ دروستی کردووە و کێ سازی داوە؟ لە پڕ وەکو دەردەدارەکان هاتەوە لام و بەناڵەوە وتی: ئەی هەژاری خەفەتبار! ئەم شوێنە ئەحمەد بەگ ناوێ سازی داوە کە سەرۆکی عێلی زەنگەنەیە لە نەوەی ئەلقاسە و زۆر بەخشندە و جوامێر و نەبەزە و، هەر کاتێ کە لە برج و قەڵای دێی خورمادار[١] بۆ ڕاو و شکار دەردەچوو، گەلێ سوارەی تر بەبازو و قووشەوە لەگەڵیدا دەڕۆیشتن و جیهانیان

(١) دێی خورمادار ناوی پێشووی دێی قەیتوولە کە لە چەند کیلۆمەتریی شاری کەرکووک دایە و بنکەی فەرمانڕەوایی میر ئەحمەدی زەنگەنە بووە و سلێمان بەگیش هەر لە بنەماڵەی ئەو بووە.



دەکردە تەپ و تۆز و ئەوسا بەخۆشییەوە دەگەڕانەوە لام، لە دەوری سەلاحەدینەوە تا ئێستا پیاوێکی وامە نەدیوە و ئیتر لە دوای ئەو منیش شادیم نەماوە و خەم دەروونمی داگرتووە.

سەرچاوەکان

١- گۆڤاری دەنگی (گێتی تازە) ژمارە ٥ ساڵی ١٩٤٦.

٢- بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسلێمان بەگی زەنگەنە.

## میرزا مستەفا دڵ دڵی

سەدەی سێزدەم

ئەم هۆنەرەمان ناوی مستەفا و کوڕی ئەحمەدە و بەمیرزا مستەفا دڵ دڵی بەناوبانگە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ئاخر و ئۆخری سەدەی دوازدەمی کۆچی لە دێی دشەدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا هەندێ زانستی ئیسلامییشی لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندووە و ئەوسا فێری خەت خۆشی بووە و پاشان چووەتە سنە و بووەتە میرزای یەکێ لە والییەکانی ئەردەڵان و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەمیرزایەتی و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لەوێدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە دشەدا نێژراوە.

میرزا مستەفا بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و ئەو لەبەرئەوەی گەلێ حەزی لە مێژووی کۆنی گەلەکەمان کردووە، هەندێ لە شانامەی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی گۆرانی کە بەڕاستی زۆر بەرز و دڵگر و شیرینن.

یەکێ لە چیرۆکەکانی شانامە، چیرۆکی کەیخەسرەو شای کەیانییە کە بەفەرمانی سرووش لە پاشایەتی دەچێتە کنارەوە و دەڕواتە کێوی دەماوەند و لەوێدا پێوار دەبێ. ئەم چیرۆکە بەخەودیتنی کەیخەسرەوەوە دەست پێ دەکا و دەڵێ:

یەک شەو کەیخەسرەو زادەی کەی کەیان
شەخسێ نە خاو دی وەنەش کەرد عەیان
واتش کەیخەسرەو وەنەت عەیان بۆ
باقی عومرتەن بواچون وە تۆ
ستانای قساس بابۆت ژ تورکان
ئاوەردی وەدەست هوون موشرکان

شای ئەفراسیاو نمانای هیلاک
پەی تەنخوای بابۆت کەردی جگەر چاک
بەردی وە تووران کاویانی درەوش
ڕوخسار تووران تەمام بی بەنەوش
هەفت ئیقلیم تەمام هیند و سند و چین
ژ قاف تا وە قاف تا بەربەر زەمین
دێوان جادوو تەمام دای شکەست
چەند نامی نامدار ئاوەردی وەدەست
حوکم کردگار وەی تەورە بیەن
سەحەر ڕەوان بەر جای مەدار نیەن
مەبۆ نەمانی جەی دنیای پڕفەن
تەشریف بوەری پەرێ دەماوەن
چوونا ژ ئەزەڵ بەی طەور بی نازڵ
نە ئەو سەرزەمین بکەری مەنزڵ
بشی بەو ماوای شار خامۆشان
بکەری مەسکەن وێنەی مەدهۆشان

واتە: ڕۆژێکیان کەیخەسرەو شای کەیانی، سرووشی لە خەودا دی و پێی وت: ئەی کەیخەسرەو! ئەوا تەمەنت ڕوو لە ئاوابوونە و دەبێ لەم جیهانەماڵئاوایی بکەی. تۆڵەی باوکتت لە تورکەکان سەندەوە و ئەفراسیاو شات لەناو برد و درەوشی کاویانیت بردە تووران و هند و سند و چینت داگیر کرد و تەواوی دێوەکانت شکست دا و دەبێ سبەینێ لە بەرەبەیاندا بەرەو کێوی دەماوەن بکەویتە ڕێ و بچیتە شاری خامۆشان و لەوێدا نیشتەجێ بی دیسان لەم بارەوە دەڵێ:

کەیخەسرەو شنەفت ژ هاتف گوفتار      سەحەر هۆرێزا نەکەردش مەدار
تەڵەب کەرد نەوەر موشکۆیان تەمام      بانۆ بانوان بالا نەونەمام
کەنیزان تەمام چەنی غولامان      گێسوو کەمەندان نەوبەر نەمامان
تەمام سوجدەدان وە شاه کەیان      دەست وە ڕووی سینە بەرابەر مەدران
واتش مەحبووبان کەنیزان من      خاتر ئازیزان نازاران من
بکەن حەلالم وە لای خوداوەن      مەبۆ من بچم پەرێ دەماوەن



هاتف شەو وە من دادەنش خەبەر      مەبۆ غایب بم نە ئەو کۆی خەتەر
مەحبووبان چەنی کەنیزان شا      خولامان خاس گوزیدەی دەرگا
ساکە شنەفتن جە خەسرەو خەبەر      کەردن شۆڕ و شین بە هوون جگەر
بەشین و شیوەن خاک کەردن وەسەر      بی وە ڕەستاخێز چون ڕۆژ مەحشەر
شیوەن کەردشان هەرتا کە تاوان      سەنگ سەرزەمین کۆان مەتاوان
واتن کەیخەسرەو لاڵ بەخش لاڵ پۆش      مەشێون شادی بانۆی بادە نۆش
بانۆی نیک پەی چون نازی نەجا؟      چێش مەکەی چەنی شێران هەیجا؟

واتە: کەیخەسرەو کاتێ ئەمەیە لە سرووش بیست، لە بەرەبەیاندا هەڵسا و تەواوی ژنان و خولامان و کەنیزانی بانگ کردە لای خۆی و پێیانی وت: هەمووتان دەبێ، گەردنم ئازاد بکەن، چونکە من بەفەرمانی سرووش دەبێ بەرەو کێوی دەماوەن بکەومە ڕێ و لەوێدا پێوار بم. نازداران و کەنیزان کاتێ ئەم هەواڵەیان بیست دایانە سەر خۆیاندا و دەستیان کردە شین و شیوەن و وتیان: ئەی کەیخەسرەو! شادی و خۆشیمان مەشێوێنە و بەبێ تۆ ژیان بۆ ئێمە ناکرێ. دیسان دەڵێ:

واتەش قسمەتەن ژ لای کردگار
مەبۆ فەنا بم جەو کۆف و کۆسار
هەنی مەکەرن شین و زەلاڵەت
یەکایەک پێشان بدا دەلاڵەت
جاڕدا وە ئێران تەمام سەراسەر
سان سەرداران دلێران ژەی وەر
بەگ و بەگلەران شاه کەمەر لاڵ
گرد ئەولاد سام ڕوستەم چەنی زاڵ
گۆدەرز دلێر ئەولاد میلاد
نەوزەری نەژاد تەمام فەڕوخزاد
یەکسەر خەوەر کەرد ئێران سەراسەر
ئامان وە پابۆس شاه دلاوەر
گردیان جەم بین نە دەرگای خەسرەو
کەفتن نە ڕووی خاک مەدران وە ئەدەو
شا واتش پێشان بەڵێ سەرداران
گەردن ئازاد کەن یاران یاوەران

ئەر خاس ئەر ناخاس چەنیتان کەردم
ئیسە ژەی دنیای فانی ویەردم
بەلێ ویەردم ژەی دنیای پڕ فەن
مەبۆ ڕاهی بم پەرێ دەماوەن
چوونا یەقسمەت حوکم یەزدانەن
مەبۆ ڕاهی بم وەنەم عەیانەن
ساکە ئێدش وات ئەو شای کەمەر لاڵ
ڕوو کەرد وە ڕوستەم بە خاتر مەلاڵ
هەم واتش وەزاڵ شاه دڵ نەجۆش
ئامانت ئێدەن نەکەن فەرامۆش
لوهراسپ فەرزەند نوور دیدەی من
فەرزەند عەزیز بەرگوزیدەی من
ئامانەت ئەو مەدەرم پێتان
ئێوە مەندەنین وە بەخت وێتان
بنەرۆن وە تەخت فەرزەند دڵڕیش
پادشاهیی من بدەرن وە پێش
تاج شاهیی من بنەرۆن بەسەر
حوکمش ڕەوان بۆ چون شاهان ژەی وەر
هەر تەورێ ژەی وەر پەرێ من کەردەن
دلێریی وێتان بە جا ئاوەردەن
سەد بالا بکەن نە بارەی لوهراسپ
وەشحاڵ بۆ ژ دەست نەوادەی گەرشاسپ

واتە: کەیخەسرەو وتی: ئەمە فەرمانی خوای مەزنە کە دەبێ لەو کێوەدا لەناو چم، ئیتر ئێوەش شین مەکەن و ئەوسا فەرمانی دا کە بەناو وڵاتدا جاڕ بکێشن کە تەواوی سەرۆکان و پاڵەوانان و بەگ و بەگلەران و نەوەی سام و ڕۆستەم و زاڵ و گۆدەرز هەموویان کۆ بنەوە و بگەنە خزمەتی کەیخەسرەو شا. کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان کۆبوونەوە و شا ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: ئەی سەرۆکان و خۆشەویستەکانم ئەوا من دەمەوێ بڕۆم و دەبێ گەردنم ئازاد کەن. هەر کە شا ئەمەی وت: هەموو دەستیان کردە گریان و شیوەن، ئەوسا



ڕووی کردە ڕۆستەم و زاڵ و وتی: ئەوا لوهراسپی کوڕمم سپاردە ئێوە کە دەبێ بیننە سەر تەختی پادشایەتی و تاجەکەی من بننە سەری و لەگەڵیدابن. دیسان دەڵێ:

ساکە پیلتەن شنەفتش ئەحوال   دەست کەرد وە زاری ڕوستەم چەنی زاڵ
گرەوان وە سۆز وە زاری و گرین   ڕێزان جە چەمدا سێلاو ئەسرین
تەمام ئێرانی سەرداران سەر   شین وشۆڕ کەردن چون ڕۆژ مەحشەر
واتن فیداتیم شاه کەیانی   دومات چون کەریم ئێمەی ئێرانی
شاهێ وێنەی تۆ کەی مەبۆ پەیدا؟   ئێمە جە دووریت شێت مەویم شەیدا
بویەر جەی ڕاگەی پڕ خۆف و خەتەر   ئی خەیاڵاتە وە نەزەر ماوەر
کەیخەسرەو بدا پێشان دەلالەت   هەنی نەکەرن شین و زەڵاڵەت
یە ڕەزای حەقن مەکەرن زاری   پەنا بەن وە زات پەروەردگاری
وەی تەور حوکم بییەن وە ڕەزای یەزدان   پەرێ دەماوەن مەبۆ بم ڕەوان
ساکە ئێدش وات سوار بی وە زین   ڕەوانەی ڕا بی وە دیدەی ئەسرین
دەست کەرد وە گەردەن یەکا یەک وە زار   واتش ئەی ئێران خودا نیگەهدار

واتە: ڕۆستەم دیسان دەستی کردە گریان و سەرۆکەکانی سپاش گریان و وتیان ئەی شای کەیانی لە دوای تۆ ئێمە چی بکەین. کەی شایەکی وەکو تۆ پەیدا دەبێ؟ وەرە ئەم بیرە لەسەرت دەرکە. کەیخەسرەو وتی: ئەمە فەرمانی خوایە و هەمووتان پەنا ببەنە ئەو و من دەبێ بڕۆمە دەماوەن و لەوێدا پێوار بم. ئەوسا سواری ئەسپەکەی بوو و دەستی کردە ملی یەک یەکی سەرۆکەکان و وتی: ئەی ئێران خوا بتپارێزێ و ڕۆیشت.

سەرچاوەکان

١– حەوت ڕەزم وەرگێڕاوی میرزا مستەفا دڵی دڵی (دەستنووس)
٢– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە میرزا مستەفا دڵی دڵی.

## سەی حەمە سادقی سەفاخانەیی

۱۲۱۲–۱۲۸۰

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد سادق و لە سەیدەکانی سەفاخانەی هەوشارە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ۱۲۱۲ی کۆچی لە دێی سەفاخانەدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان، بۆ خوێندن گەلێ شوێنی هەورامان گەڕاوە و سەرەنجام لە شاری سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک کەوتووەتە گەشت و گێڵ و چەند ساڵێک لە دێی کوچک چەرمگ و باینچوو گەونتوو بووە و پاشان گەڕاوەتەوە دێی سەفاخانە و لەوێشەوە چووەتە دێی تیلەکۆ و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ۱۲۸۰ی کۆچی لە تەمەنی شەست و هەشت ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

سەی حەمە سادق وەکو دەگێڕنەوە زۆر جوان و پێکەوتوو بووە و هەروەها لە دەنگخۆشی و سوارچاکی و ڕاو و شکاریشدا بێ وێنە بووە و لە تافی جوانیدا دڵی چووە لە کچێک بەناوی سوراحی و لە پاش مارەبڕین ئەو کچە مردووە و ئەویش لە داخان سەری خۆی هەڵگرتووە و بەدەشت و کێودا وێڵ بووە و ئەوسا خزم و کەسوکارەکەی دەچنە شوێنیا و دەیبەنە دێی تەوێڵە و داوا لە شێخ عوسمانی سێراجەدین دەکەن کە لە خوا بۆی بپاڕێتەوە تا بێتەوە سەر خۆی و سەی حەمە سادق لەبەرئەوەی چاوی بەرایی نادا بڕواتەوە سەفاخانە، لەوێوە دەڕواتە دێی کوچک چەرمگ و لەوێدا سەی حەمە سەعیدی کوچک چەرمگی شەیدای جوانی و پیاوەتی و زانایی دەبێ و جیهان ئارای کچی خۆی بۆ مارە دەبڕێ کەچی جیهان ئاراش بەر لە گوێزانەوەی تووشی نەخۆشی دەبێ و دەمرێ و سەی حەمە سادق ئیتر بەجارێ شێت و لێوە دەبێ و لەو کاتەدا ئەم پارچە هەڵبەستە دەهۆنێتەوە:

تاڵەی شوومە خوەم، تاڵەی شوومە خوەم
هانا هامسەران تاڵەی شوومە خوەم
زێد و مەسکەن نامەعلوومە خوەم
غەریب و بێ کەس وێنەی بوومە خوەم
دوور جە قەوم و خوێش بێگانانە خوەم
وێل و ئەراگێل دێوانانە خوەم
بە سەودای لەیل ڕسوا بووگە خوەم
عەقڵ و فام و هۆش کول دەرچووگە خوەم



وە سپای مەینەت دەور دریاگە خوەم
دەستاخ و قەڵاخ وا کریاگە خوەم
کوور ئاوارە وێڵ نادیارە خوەم
وێڵ تەوێڵە ڕای بیارە خوەم
دوور کەفتەی وەتەن کوور ئاوارە خوەم
دڵ وە سەر مەودای هیجران یارە خوەم
زەدەی شەست زام هەورامانە خوەم
هوون ئاڵوودەی زام بێ سامانە خوەم
سەراو سەرچەشمەی ئیقباڵ لێڵە خوەم
پێکیاگەی خەدەنگ سەر ڕەوێڵە خوەم
مەحرووم باڵای چەم مەستانە خوەم
کوشتەی شێوەی ڕەند هەورامانە خوەم
ئەعزای شکستەی بێ چەراحە خوەم
بێ جیهان ئارا و بێ سوراحە خوەم
هیجران بەدبەخت سیاتاڵە خوەم
بێ سوراح، بێ مەی، بێ پیاڵە خوەم
ئاهووی مەست جە کول من بڕیاگە خوەم
کوورەی دڵ وە جۆش نار گڕیاگە خوەم
«سادق» تا مەردەن واچە ئاخە خوەم
بێ پەرداخ داخ بێ دەماخە خوەم

واتە: ئەی یاران! بەختم ڕەشە و زێد و مەڵبەندم نادیارە و بێکەس و بێ وەر وەکو بایەقوش ماومەتەوە و وێڵ و دەربەدەر و دێوانە بووم بۆ یار ڕیسوا بووم و ئاوەز و هۆشم بەجارێ لە دەست دەرچووە و لەشکری مەینەت و پەژارە گەمارۆمی داوە و دەستاخ و قەڵاخ کراوم و بەجارێ کووڕ بووم و ئاوارەی دێی تەوێڵە و بیارە بووم و لە زێد و مەڵبەندی خۆم دوور کەوتوومەتەوە و بەتیری ئەوینی یار پێکراوم و ئازای لەشم شکاوە و جیهان ئارا و سوراحیم لە دەست داوە و کوورەی دڵم بڵێسەی بەرز بووەتەوە، ئەی (سادق) تا مردن هەر ئاخ هەڵکێشە و بۆ مەرگی یارەکەت هەر بناڵێنە. سەی حەمە سادق لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە لێرەدا دێنین:

وه نالانەوه، وه نالانەوه      تەک دام وه سەنگێ وه نالانەوه
شیم نه ویر فکر هەر سالانەوه      دڵ زەدەی هیجران خاڵ لالانەوه
پای حەسرەت پێچام وه دامانەوه      پەنجەی غەم مالام و زامانەوه
ئەسرهوون به ڕووی گریبانەوه      کەس ناما وه دەنگ غەریبانەوه
پەنجەم جه زانۆ وەنارانەوه      ناما ئەحوالّی نه یارانەوه
دیویاگم جه دەرد وەسواسانەوه      سۆچیاگم جه سۆز هەناسانەوه
قەیس ئاسا قەدیم وه کاوانەوه      ئیمشەو ناڵەم سەنگ مەتاوانەوه
داخۆ شەهبازم کەس ناسانەوه      جه سەییاد وێش تواسانەوه
گۆشدان وه تانەی بەدکارانەوه      نەمەدەن وه مەیل هەر جارانەوه
یاران، هامسەران گشت بیانەوه      ئیمشەو بار غەم سەر لێم دانەوه
دڵ پێچام وه پیچ شامارانەوه      نمەک دام وه زام بیمارانەوه
شەفام ها بەلای زوڵف خامانەوه      وه نەسیم عەتر شەمامانەوه
«سادق» بی بێدار سەربەرزانەوه      وەڵگ دڵ وه سۆز غەم لەرزانەوه

واته: ئەی یاران! بەنالانەوه تەکم دایه تاشه بەردێکەوه و ئەوسا کەوتمه ناو بیری سالانی پێشووەوه که گراو و سەوداسەری ڕوومەت ئاڵێک بووم. له پاشا پەنجەی خەمم ساویه برینەکانم و فرمێسکی خوێنین له چاوانمەوه دەهات و کەچی هیچ هەواڵێکم له یارانەوه پێ نەگەیشت، ئەوەبوو بەجارێ شێت و لێوه بووم و ئێستا وەکو قەیس کەوتوومەته دەشت و کێو و ئەوا ئەمشەر ناڵەم بەرد دەتاوێنێتەوه. ئەی یاران ئەمشەو باری خەم سەری لێم داوه و دەرمانی دەردم ها بەلای یارەوه و چارێکم بکەن.

سەی حەمه سادق له پارچه هەڵبەستێکی تردا ڕوو دەکاته یاره ڕاستەقینەکەی که پێغەمبەری گەورەی ئیسلامه و دەڵێ:

قیبلەم جەمالت، قیبلەم جەمالت
ماشەڵڵا جه شەوق شۆلەی جەمالت
جه سورخی عەقیق لەبان لالت
جه دەستەی حەی تار زولف زوخاڵت
جه صوراحی صاف بەیضای گەردەنت
گۆ جه سەر مەیدان خاسان بەردەنت
جه بالای عەرعەر تووبا کردارت
جه خوڵق عەزیم نیکی ڕەفتارت



جه ئینس و جه جن جه مەلایکان
مەخلووق نەکەردەن حەق چون تۆ ئینسان
چون جه لای خالق عززەت بێ شۆنی
وه تەحقیق شەفێع ڕۆی مەحشەر تۆنی
چون بەتۆ ماچان سەردار ئوممەت
تۆنی سزاوار پەرێ شەفاعەت
قیبلەم بەشق حەق مەزانی چێشەن
هەر کەسێ هەوڵش پەی سەرفەی وێشەن
ئەرسەد ڕووسیام حەبیب دانا
به ئۆمەت تۆ نامم مەوانا
چون عەرەب دەخیل دەسم وه دامان
جەو دەم عاسیان مەبان سەرگەردان
گومان مەبەره کەسێم تر پیر بۆ
به بوزرگی وێت منت جه ویر بۆ
ئەر سەد خائنان گوناشان بی شۆن
قائم ئومێدشان به سەرداری تۆن
«سادق» ئیخلاسمەند ئاڵ ڕەسووڵەن
ئینشاڵڵاجه لاش عەرزم قەبوولەن

واته: ئەی یاره خۆشەویستەکەم! ڕوومەتی تۆ وەکو هەتاو دەدرەوشێتەوه، لێوانت سوور و ئاڵه و گەردنت سپییه و گۆ له مەیداندا له پیاوچاکان دەباتەوه، خوو و خدەت زۆر بەرز و گەورەیه و لەناو ئادەمیزاد و فریشتەکان خوا کەسی وەکو تۆی نەخوڵقاندووه و، تۆ له ڕۆژی پەسلاندا تکا بۆ هەموو خەڵک دەکەی، ئەی خۆشەویستەکەم ئەگەرچی من ڕووڕەش و گوناهکارم، بەڵام له ڕیزی پەیڕەوانی تۆم و وەکو عەرەب دەسەودامێنت دەبم و گومان مەکه که جگه له تۆ کەسێکی ترم بیر بێ، بەگەورەییی خۆت منت له بیر بێ و «سادق» له ڕیزی بنەماڵەی تۆیه و خوا حەزکات نیازم له لات قبوول دەبێ.

له پارچه هەڵبەستێکی تردا دەکەوێته پەندادانی دڵی و بەم چەشنه ئامۆژگاریی دەکا و دەڵێ:

دڵه بەشق حەق وەس خەیالان کەر
ساتێ سەر نه تۆی یانەی دەروون بەر

بزانە ڕاگەت چەندە دشوارەن
مەنزڵت بەعید گرانت بارەن
ڕەفیقان بلان تۆ وە جا مانی
مەبو چۆنت بۆ ئەو زیندەگانی
بێ ئاو و تۆشە ڕەهزەن نە ڕات بۆ
وە مەنزڵ یاوای چێش تەمەننات بۆ
سەهلەن بەهەر ڕەنگ یاوی وە مەنزڵ
پەی بەدی مەنزڵ وە سەرداکەر گڵ
بێ تۆشە و چرا سەوقات ناوەردە
یانە وەی کەم خەلق مۆبەت نەکەردە
ئای جە کەردەی وێت چێش بێوت وە سەر
مەر هەر هەڕ پێمی تا وە ڕۆی مەحشەر
وەی بۆ میهمانە یانە وێش بەمێر
نەواچۆ پەنەش وەش ئامای بەخێر
هەر دوو وەسەردا مەر ئەو میهمانە
مەبۆ چێش وێنۆ وەشی جەو یانە
«سادق» ئەر دارۆ پیریت پێمای هەر
سا هەر هەڕ پێمە هەر وە بان سەر

واتە: ئەی دڵ بەسە ئیتر کەم بکەوە ناو وتوویرە ساتێک سەر بکە ناو خانووی دەروونداو و بزانە ڕێگاکەت چەندە سەخت و چەتوونە و باریشت گران و قورسە، هاوەڵانت بڕۆن تۆ بەجێ دەمێنی و ئیتر چۆن دەتوانی ژیان بەیتە سەر؟ نە ئاوت هەیە و نە توێشوو بەرەو چەند قۆناخیش دەبێ ڕێ ببڕی، مەگەر هەڕگ بکەیتە سەرتا، نە تۆشەت هەیە و نە چرا، ئاخۆ چیت بێتە سەرا و مەگەر قوڕ بپێوی تا ڕۆژی دوایی و خۆت بخەیتە ناو لیل.

سەرچاوەکان

١- دیوانی سەی حەمە سادقی سەفاخانەیی (دەستنووس).
٢- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی حەمە سادقی سەفاخانەیی.



## مەلا ئەحمەدی عارف

١٢٠٦-١٢٦٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی مەلا سەعید و نازناوی هۆنراوی (عارف)ە. بەپێی ئەو زانیارییانە کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٠٦ی کۆچی لە یەکێ لە دێیەکانی تیکانتەپەی هەوشارا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان و موکریان گەڕاوە و سەرەنجام لە سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٣ لە تەمەنی پەنجا و حەوتساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

عارف لە هۆنینەوەی هۆنراوی هەورامی و موکریدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. وا دیارە عارف وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر سەرەتا گراو و سەوداسەری پەری پەیکەرێک بووە، بۆیە سەرچاوەی هۆنراوی هەڵقوڵیوە و کەوتووەتە هۆنراو هۆنینەوە، بەجۆرێ لەگەڵ دڵخوازەکەیا کەوتووەتە ڕاز و نیاز و دەڵێ:

دیدە بێ جەلای سورمەی دیدەکەت
دڵ بێ یاد گوڵ نەو دەمیدەکەت
ئەر ئەو خاوش بۆ گلاراوش بۆ
ئەر ئێد تاوش بۆ زوخاو ئاوش بۆ
خەیاڵ ئەر بێ نەقش خاڵت مەشعووڵ بۆ
دنیا ئەر بێ دین دیدەت مەقبووڵ بۆ
یا خوا ئەو یاگەی پەژارە و غەم بۆ
یا شا ئێد ماوای شین و ماتەم بۆ
تاقەت ئەر بێ تاق ئەبرۆت باقی بۆ
گیان ئەر نە سەرگەرد جیلوەی ساقی بۆ
ئەو مەحکووک بەلەوح هەستی ڕەقم بۆ
ئێد مەسلووک نە سلک ڕشتەی عەدەم بۆ
زبان ئەر بێ زکر نامت ناتق بۆ
لەبان ئەر بێ فکر خامەت شایق بۆ

ئەو لاڵ بۆ نە بەخت ئەحوالات وێش
ئێد نەنۆشۆ نێش بێ غەمفەزای نێش
مەیخانە بێ مەی لەعل مەی بارت
خانەقا بێ شەوق جیلوەی دیدارت
ئەو هەر خەرابات وێرانە جا بۆ
ئێد خالی نە فکر ذکر ئەڵڵا بۆ
«عارف» ئەر بێ وەسڵ ئازیز رازی بۆ
حاڵش موستەقبەل ئەر سەد مازی بۆ
ئەو مەهجوور نە جەم زومرەی یاران بۆ
سەرتوغرای دەفتەر سیاکاران بۆ

واتە: چاوێک کە نەڕوانێتە چاوی کلەکێشاوت و دڵێ یادی گوڵی ڕوومەتت نەکا، ئەو چاوە یاخوا گلاراوی بێ و ئەو دڵەش یاخوا زووخاو ببێتە ئاوی. خەیاڵ ئەگەر بەبێ نەخشی خاڵەکەت خەریک بێ و، دنیا ئەگەر بەبێ دیتنی چاوەکانت پەسەند بێ، یاخوا ئەو ببێتە جێگەی پەژارە و خەم و ئەمیش هەر لە شین و شیوەندا بێ. تاقەت ئەگەر بەبێ تاقی برۆت بمێنێتەوە و، گیان ئەگەر نەبێتە سەرمەشکانەی مەیگێڕ، یا خوا ئەو لەسەر ڕووی ڕۆژگار پاک بێتەوە و ئەمیش بەکشتەکی نەبوون سەرەوژێر بێ، زمان ئەگەر بەبێ یادی ناوت بێتە قسە و لێو ئەگەر بەبێ بیری زولفەکانت ئارەزوومەند بێ، یاخوا ئەو لاڵ بێ و ئەمیش بەبێ ئێش نەتوانێ ببزوێ، مەیخانە بەبێ بادەی لێوی مەی بارت و خانەقا بەبێ شەوقی دیدارت، یاخوا ئەو کاول بێ و ئەمیش لە بەزەییی خوا دوور بێ. «عارف» ئەگەر بەبێ دیتنی یار ڕازی بێ، لە خوام دەوێ لە جەمی یاران دوورکەوێتەوە و ناوی لە ڕیزی گوناهکاران بنووسرێ.

عارف ئەو پەردە دادەداتەوە و دەکەوێتە کۆڕی مەی نۆشانی خواناسییەوە و دێنێ بەوردەکاری و ڕێکخستنی وشەی جوان و ڕەنگین باسی مەی و مەیگێڕ و مەیخانە دەکا کە ئەمانە زاراوەگەلی خواناسین وەکو دەڵێ:

ساقی وەرە قوربانی مەی و جامی مەییت بم
قوربانی قەدی هەر وەکو نەوڕوستە نەییت بم
لەم دایرەدا مەرکەزی زومڕەی عورەفایی
مەی بێنە فیدای جەڵقەیی مەستانی حەییت بم



موترب بە هەوای جیلوەیی یار لێ دە هەوایێ
قوربانی دەف و بەربەت و تەنبوور و نەییت بم
جانا وەرە ڕوحمێ لەگەڵ ئەم مەستە گەدایە
قوربانی شکۆ و سەڵتەنەت و بەزمی کەییت بم
دونیا وەکو فێردەوس لە بەری جەماڵت
قوربانی گوڵ و سونبوڵ و نەسرین و نەییت بم
بەو لەشکری خوێنڕێژی موژەت (عارف)ە مەقتوول
کەیخەسرەوی، قوربانی سپای مولکی ڕەییت بم
ئەو لەعلی ڕەوان بەخشی تۆ ئارامی دڵانە
حاتەم نەسەبی خۆم بە فیدای جوود و ماتەییت بم

واتە: ئەی مەیگێڕ! وەرە بەقوربانی مەی و جامی مەی و قەدی هەروەکو تازەڕواوی نەیجەت بم. لەم چەمەرەدا کە چەقی پۆلی خواناسانە، مەی بێنە تاکو هەموو مەست و سەرخۆش بن. ئەی چاوەش! دەسا تۆش بەهەوای خۆنواندنی یار هەوایەک لێ دە، بەقوربانی دەف و بەربەت و تەنبوور و شمشاڵت بم، گیانە وەرە بەزەییت بەم مەستە گەدایە بێت، جیهان بەهۆی جوانیتەوە بووەتە باخی بەهەشت، بەقوربانی گوڵ و نەسرین و گوڵانی جۆر بەجۆرت بم. "عارف" بەهۆی لەشکری خوێنڕێژی برژانگەکانت کوژراوە، بەقوربانی ئەو سپایەت بم کە وەکو کەیخەسرە و خۆت دەنوێنی. لاڵی لێوەکانت ئارام بەخشی دڵە و تۆش وەکو حاتەم بەخشندەیت و منیش بەهیوای بەخششی تۆم.

سەرچاوەکان

١– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەو پێش نووسراوە.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا ئەحمەدی عارف.

# ئەحمەد بەگی کۆماسی

١٢١٣–١٢٩٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد بەگ و لە هۆزی کوماسییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢١٣ی کۆچی لە دێی بەردەسپیی مەریوان لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و ئەوسا بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە و ماوەیەک لە سنەدا بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و کاروباری مڵکدارییەوە بردووتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٦ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دێیەکەی خۆیدا نێژراوە.

ئەحمەد بەگ گەرچی خوێندنی بەرزی نەبووە، بەڵام بەهۆی خوێندنەوەی دیوانی هۆنەران و سروشتە جوانەکەی کوردستان توانیوتی هۆنراوی جوان بهۆنێتەوە.

ئەحمەد بەگ و مەولەوی گەلێ جار بەهۆنراو نامەیان بۆ یەکتر نووسیوە و مەولەوی گەلێ جار هۆنراوەکانی ئەحمەد بەگی خستووەتە ناو هەڵبەستەکانییەوە، وەک ئەوە کە دەڵێ:

بوڵند کەر مەقام دڵسۆز راسی     تەنزیلەش فەردگەل خاڵۆی کۆماسی

«ڕۆی وەسڵت هەر بیم ئەی ڕووە پێم بی     جەو بۆنۆ دایم ڕۆ ڕۆ خدێم بی»

ئەحمەد بەگ وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی جوانی کوردستان بووە و سروشتە جوانەکەی کوردستان دەرگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە لە پاڵ ئەمەش شۆخوشەنگی و جوانیی یارە خۆشەویستەکەی ئەوەندەی تر ئاوری کورتژمەکەی خۆش کردووە. لە تافی جوانیدا چووە لە شیرین ناوێک و شیرین بەشیرینی خۆی دڵی ئەوی بردووە و ئیتر سەرچاوەی هۆنراوی هەڵقوڵیوە و کەوتووتە هۆنراو هۆنینەوە، بۆیە ڕوو دەکاتە یارەکەی و پێی دەڵێ:

چراخم شەوبۆ، چراخم شەوبۆ     شەوێ جە شەوان چراخم شەوبۆ

هەراس بیم جە داخ شەوبۆی زوڵف تۆ     نا عیلاج چنیم دەسەی شەوبۆی کۆ

تاکە بۆی زوڵفت کەمێ بەیۆ لێش     بەڵکەم زامانم کەمتر کەرۆ ئێش

چەند وە دڵ نیام ئەو بۆیی شەوبۆ     بۆ مەدا ئەمما نەک چون زوڵف تۆ

فیدای ئەو دەس بام تۆش ئیجاد کەردەن     زوڵفانت گرەو نە شەوبۆ بەردەن

ئەر شەوبۆی زوڵفت بدەم وە شەوبۆ     دەیری بوون نە جەمع دەیرییان کۆ

"ئەحمەد" تا زیندەن هەر سەرگەردانەن     پەی شەوبۆی زوڵفت وێڵ هەردانەن





واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! شەوێکیان لە داخی زوڵفی شەوبۆی تۆدا کە هەراسان بووم، سەری خۆم هەڵگرت و چوومە هەرد و کێو و چەپکێک شەوبۆم چنی تاوەکو بۆنی زوڵفی تۆی لێوە بێ و برینەکانم کەمتر بێتە ئێش، وە ماوەیەک بەدڵ بۆنی ئەو دەسکە شەوبۆیەم کرد، بۆنی بوو، بەڵام بۆنی زوڵفی تۆ نەبوو، بەقوربانی ئەو کەسە بم کە تۆی بەدی هێنا، زوڵفەکانت بەڕاستی گرەویان لە شەوبۆ بردووەتەوە، ئەگەر شەوبۆی زوڵفەکانت بدەم بەشەوبۆ، یا خوا شێت و لێوە بم. "ئەحمەد" تاکو زیندووە هەر سەرگەردان و دەربەدەری تۆیە، وە بۆ زوڵفی شەوبۆت وێڵی هەردانە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

تا وە سەر یار بۆ، تا وە سەر یار بۆ     یار هەر ئەو خاسەن تا وە سەر یار بۆ

مەیلیش وە وێنەی سەیل وەهار بۆ     دووریی یار پەرێش چون ژار مار بۆ

چون کوورەی ئاهێر بجۆشۆ وە تاو     وەبی یار نەشۆ شەو نە دیدەش خاو

ئاه سەرد کێشۆ شەوان جە جێ دا     بێزار بۆ جەو جا یار نەبۆ تێ دا

واتە: یارێ چاکە کە هەتا سەر ئەمەگی بێ و مەیلی وەکو لافاوی بەهار بێ و دووریی یاری لە لا وەکو ژاری مار بێ و وەکو کوورەی ئاگر بڵێسەی بەرز بێ، وە بەبێ یار خەو نەچێتە چاوی، وە لە ناو جێدا ئاخی سارد هەڵکێشێ، وە لەو جێ و شوێنە بێزار بێ کە یاری تێدا نییە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا سەبارەت بەیارەکەی دەڵێ:

ئازیز نە خاوم، ئازیز خاوم     بەختم بێدار بێ، ئامای نە خاوم

دیای وە سینەی پڕ نە زوخاوم     وە دڵەی سووچیای وێنەی کەواوم

وێنەی ئەفلاتوون نەزمت گرت زانای     ئازارش چێشەن دەوا نمانای

واتت هەر کەسێ دەردەش ئی دەردەن     مەبۆ بەی تەورە عیلاجش کەردەن:

دوو عونناب لە بان، دوو بادام چەم     دوو سێف گۆنا، قەترەی ئاو دەم

جە پیاڵەی غەبغەب سافش بکەران     جە سایەی گەردەن پەی پەی بوەران

جەو دما نە باغ پادشای حەییان     پەی ساکنی دڵ بۆ کەرە بەیان

ئیسە ئازیزم شۆخ نازاران     من گێڵیام جە لای گردین عەتاران

هیچ کام جەی دەوا نمەگنۆ بە دەس     ئیختیار بە تۆن بە فەریادم ڕەس

هەنی چێش واچۆن نەزان حاڵ دەرد     من نە ڕاگەی تۆ چەندێ جەفام بەرد

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! کاتێ هاتیتە خەوم بەختم وریا بووەوە، چونکە بەسەر

سینەی پڕ لە زووخاومدا تێ پەڕیت و بەدەوری دڵی سووتاومدا گەڕای و وەکو ئەفلاتوون نەزمی دەستمت گرت و زانیت نەخۆشیم چییە و دەرمانت بۆ نواند، وە وتت هەر کەسێک ئەمە دەردی بێ دەبێ بەم جۆرە چارەی بکرێ، دوو لیمۆی عوننابی و دوو چاوی بادامی و دوو سێوی گۆنا لە ناو پیاڵەی تینیدا تێکەڵاو بکرێ و لە سێبەری گەردەندا لەسەر یەک بخورێت. لە پاشا دەردی دڵی خۆت هەڵبڕێژە، وە من لە لای هەموو دەرمان فرۆشەکان گەڕام، هیچکام لەم دەرمانانەم دەست نەکەوت، جگە لە لای تۆ نەبێ، ئیتر تۆچی دەڵێی کە ئەم هەموو ئازارەم لە ڕێی تۆدا کێشا.

دەگێڕنەوە و دەڵێن: ئەحمەد بەگ لە پاش خواستنی شیرینیی خۆشەویستی ماوەیەک لەگەڵیدا ژیاوە و لە پاشا مردووە و بەجارێ داخداری کردووە و ئەویش بەم جۆرە هاوسەری ژیانی خۆی لاواندووەتەوە کە دەڵێ:

گلکۆی تازەی لەیل،گلکۆی تازەی لەیل
ئارۆ شیم وە سەیر گلکۆی تازەی لەیل
نە پایەی مەزار ئەو لەیل پڕ مەیل
نە دیدەم وارا ئەسرینان چون سەیل
شیم وە سەرینش وە دڵەی پڕ جۆش
سەنگ مەزارش گرتم نە ئاغۆش
واتم: ئەی دڵسۆز قەیس لونگ نە کوڵ
مبارەکت بۆ یانەی تەنیای چۆڵ
سەرهۆدار نە خاک سەوڵ خەرامان
من مەجنوون تۆم وەی تەور پێم ئامان
کۆچ بێ وادەت کارێ پێم کەردەن
بێزارم جە گیان، ڕازیم وەمەردەن
گڕەی نار عەشق دووری بالای تۆ
کارێ پێم کەردەن نەونەمام نۆ
وەختەن چون قەقنەس ببوون وە زوخاڵ
شاد بۆ وە گەردم زەلان و شەماڵ
سەوگەند بەو خالان فیرۆزەی شەوڕەنگ
بەو دەستەی زوڵفان پەشێویای پای سەنگ



جەوساوە گەردش چەرخ پڕستەم
من و تۆش وەی تەور جیاکەرد جە هەم
تۆ بەردەن وە خاک سیای تەنگ و تار
من مام پەی سزا و جەفای ڕۆژگار
هەر ڕۆ چون مەجنوون خاترجەخەم کەیل
هەر لەیل لەیلمەن نە هەردەی دوجەیل
خەم و پەژارە ڕەفێق ڕامەن
چەنی جەفا و جەور دایم سەودامەن
سپای خەم وەی تەور هجووم ئاوەردەن
قافڵەی فامم وە تاراج بەردەن[١]

واتە: ئەمڕۆ چوومە سەیری گڵکۆی یارەکەم و لەبەردەمیدا ڕاوەستام و لە چاوم فرمێسک وەکو باران باری و دەستم کردە گریان و ئەوسا چوومە ژوور سەریەوە و بەردی گۆڕەکەیم گرتە باوەش و وتم: ئەی دڵسۆزی قەیسی پێست لە کوڵ، ئەم ماڵەت پیرۆز بێ، بڵێسەی ئاوری ئەوینی دووریی تۆ کارێکی وای پێ کردم کە نە بەڕۆژ ئارامم هەیە و نە بەشەو خەوم پیادەکەوێ، وە لەو کاتەوە کە چەرخی چەپگەرد من و تۆی لە یەک جیاکردەوە، تۆی بردە ناو خاکی ڕەش و منی بۆ ئازار و دەردی ڕۆژگار هێشتەوە، هەموو ڕۆژێ وەکو مەجنوون لەسەر هەرد و کێودا لەیل لەیلمە و سپاو لەشکری خەم بەو جۆرە هێرشی بۆم هێناوە و کاروانی فام و هۆشمی بەتاڵان بردووە.

ئەحمەد بەگ لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی پیربوونی خۆی دەکات و دەڵێ:

ڕاستە کە من بادەم لە ناو مزگەوتدا خواردووەتەوە و چوومەتە سەر ڕێبازی فەلە و خەرقەی قەشەکانم کردووتە بەر و گسکی بتخانەم داوە، ئەمانە هەمووی لە کاتی نەزانیمدا بووە کە دەوری سەرمەستی و جوانیم بووە، کەچی ئێستا لەو کردەوانەدا پەشیمانم و ئێستا وادەی پیریمە و جوانیم تێ پەڕیوە و نۆرەی توبەمە و هیوادارم کە خوا لە گوناهەکانم ببوورێ. وەکو دەڵێ:

فەلەک بەردەنم، فەلەک بەردەنم    ڕاسەن سوجدەی دەیر تەرسا بەردەنم
مەی نە پای میحراب مەسجد وەردەنم    تەحدید مەزهەب عیسا کەردەنم
گرتەنم نە دۆش خەرقەی ڕوهبانان    کێشانم جارووی فەرش بتخانان
فتوای بەرەهمەن گرتەنم نە گۆش    دینم دان وە مەی جە لای مەی فرۆش

(١) ئەم پارچە هەڵبەستەی ئەحمەد بەگ زۆر درێژە و ئێمە چەند هۆنراوەیەکمان لێ هەڵبژارد.

ئانە گشت جە وەخت نادانیم بییەن    فەسڵ سەرمەستی و جوانیم بییەن
ئیسە ها جەگشت پەشیمانیم بەرد    وادەی پیریمەن جوانیم ویەرد
وادەی پیریمەن یاوانم نۆبە    نۆبەی تۆبەمەن کەرەمدار تۆبە
ئومێدم ئێدەن وەنەم نەگیری    بویەری نە جورم وادەی کەم ویری

دیوانەکەی ئەحمەد بەگ کە نزیکەی سێ هەزار هۆنراوێک دەبێ هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی کە لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچیدا نووسراوە.

٢- دیوانی مەولەوی کە لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچیدا نووسراوە.

٣-یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەحمەد بەگی کۆماسی.

## مەستوورەی کوردستانی

١٢١٩-١٢٦٣

ئەم هۆنەرەمان کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش و ترووسکەدار لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە ناوی ماشەرەف خانم و کچی ئەبولحەسەن بەگی قادری و نازناوی هۆنراوی "مەستوورە"یە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە، مەستوورە لە ساڵی ١٢١٩ی کۆچی لە شاری سنەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢٦٣ لە تەمەنی چل و چوار ساڵی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

ڕەزا قوڵی خانی هیدایەت لە بەرگی دووەمی پەرتووکی (مجمع الفصحاء) لە لاپەڕەی ٤٥٦دا لە بارەی مەستوورە دەڵێ: "مەستوورەی کوردستانی کچی ئەبولحەسەن بەگ و خێزانی خەسرەوخانی والی سنە بووە کە یەکێ لە ژنانی بەشەرم و داوێن پاکی ناودار و بەناوبانگە، وە لە خەت خۆشی و جوانی و جوامێریدا بێ وێنە بووە. ئەم ژنە بەناوبانگە لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچیدا دنیای بەجێ هێشتووە".

میرزا عەلی ئەکبەری سادقولولک کە مێژووی کوردستانی لە ژێر ناوی (حدیقە ناصریە)دا نووسیوە، لە بارەی مەستوورەوە دەڵێ: «لە بنەماڵەی ئێمەدا کچێکمان لێ هەڵکەوتووە کە ئامۆزای منە و ناوی ماشەرەف خانم و نازناوی هۆنراوی مەستوورەیە و لە زانست و هۆنەری خەت خۆشی و خۆش نووسی و هۆنراو هۆنینەوەدا بێ وێنە و بێ هاوتایە و دەتوانم بڵێم کە بلیمەتێکە و لێم ڕوونە کە مێژوونووسان لە داهاتوودا ناوی ئەو



لە مێژووەکەی خۆیاندا تۆمار دەکەن و ڕووپەڕێک بۆ خۆی تەرخان دەکا. نزیکەی بیست هەزار هۆنراوەی هۆنیوەتەوە کە یەک لە یەک جوانتر و تەڕ و پاراو و ڕەوان و دڵڕفێنترن. ئەو کیژە داوێن پاکە لە پاش چل و چوار ساڵ ژیانی ئابڕوومەندانەدا لە ساڵی ١٢٦٤ چاوی لە دنیا پۆشی و لەو جیهانە کەوتە خۆشییەوە. ئەم ئامۆزای منە ژنی خەسرەوخانی کوردستان بووە کە بەخەسرەوخانی ناکام بەناوبانگ بووە».

ئایەتوڵڵای مەردووخی کوردستانی لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێ: مەستوورە کچی ئەبولحەسەن بەگە و ناوی بنەماڵەکەیان قادرییە کە خزم و کەسوکاری مەستوورە زۆربەیان لە دیوانی فەرمانڕەوایەتیی ئەردەڵاندا کاربەدەست بوون. مەستوورە یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە کە دیوانێکی بەرزی لێ بەجێ ماوە و لە چاپ دراوە.

مەولەویی تاوەگۆزی کە ئاڵا هەڵگری هۆنەرانی کۆن و نوێیە. و ناوی ئەو مایەی شانازیی هەموو کورد زمانێکە، جوانی و زانایی مەستوورەی ستایش کردووە و بەدوو تاکە هۆنراو پەسنی جوانی و بیرتیژی و زانستی ئەوی داوە و دەڵێ: ئەو هەتاوە کە بەناز و لەنجەیە و سەردەستەی تەواوی نازدارانە، لە خانووی ئابڕوودا دانیشتووە و بەهەموو لایەکدا تیشکی زانست ئەپژێنێ، وەکو کە دەڵێ:

خورشیدەکەی ناز ئەوج بورج سەور    سەرتوغرای دەفتەر مەحبووبان دەور
ها نە یانەکەی بورج شەرەفدا    نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا

مەستوورە بەپێی داب و دەستووری ئەو ڕۆژگارە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە ناو خێزانی خۆیدا بەلای مامۆستاکانییەوە وێژەی فارسی و عەرەبی و فقهی ئیسلامی خوێندووە تا گەیشتووەتە دواپلەی شارەزایی و لەبەرئەوە مرخێکی سروشتی و ڕەوانی هەبووە، کەوتووەتە سەر ڕێبازی هۆنراو و هۆنەری و پاش چەند ساڵێک مەستوورە لە ڕێگای زانیاری و هۆنەری و خۆشنووسی و جوانی و پاکییەوە ناوبانگی دەرکردووە لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی زانیاری و وێژەییدا، ستایش و تاریفی لە سەرەتای هەموو باسێکەوە بووە.

مەستوورە لە پەڕاوی (مێژووی ئەردەڵاندا) دەڵێ: لە ساڵی هەزار و دووسەد و چل و شەشی کۆچیدا نەخۆشیی چاو قووڵکە و ڕشانەوە کەوتە ناو سنەوە و گەلێ لە پیاوە گەورەکانی شاری سنەی لەناوبرد، وە لە پاش ساڵێک ئەو نەخۆشییە نەما و ئەوانەی کە لە ترسی ئەو نەخۆشییەدا هەڵاتبوون، دیسان گەڕانەوە بۆ ناو شاری سنە. لەم کاتەدا دەوڵەتی ڕووس کەوتبووە تەمای داگیرکردنی ئێران و بەشێک لە مەڵبەندی ئازەربایجانی گرتبووە ژێردەست و هەندێ لە سەرۆکانی کوردستان کە لە لایەن خەسرەوخانەوە خرابوونە

سەر کار، لە ژێرەوە لەگەڵ فەرماندەرە سوپاییەکانی ڕووسدا یەکیان گرتبوو، وە حوسەین قولی خانی خاڵۆی باوکم کە فەرمانڕەوایەتیی ئەسفەند ئاوای لێ سەنرابووەوە، باوکمی هەڵخەڵەتان کە لەگەڵیاندا هاوکاری بکات، وە باوکم لەو کاتەدا خەزانەداری والی بوو، پاش چەند ڕۆژ خەسرەوخانی والی بەو پیلانەی زانی و هەموو پیلانگێڕەکانی گرت و خستنیە بەندیخانەوە، هەندێکیان بەسزای کردەوەی خۆیان گەیشتن و باوکم و مامەکانم کە بێ تاوان بوون لە لایەن خەسرەوخانەوە ئازاد کران و خەلاتیان پێدرا، وە بۆ ئەوە والی دڵپاکیی خۆی سەبارەت بەبنەماڵەی ئێمە بسەلمێنێ، منی خوازبێنی کرد و پاشان بەفەڕ و شکۆیەکی زۆرەوە زەماوەنیان کردم بۆ خەسرەوخان و بەم چەشنە چوومە ڕیزی ئەو بنەماڵە گەورەیە.

وەکو دەگێڕنەوە، ئەوینی خەسرەو خان و مەستوورە سەبارەت بەیەکتر گەیشتبووە ڕادەیەک کە نازانرێ بەکامیان بوترێ دڵبەر و بەکامیان بوترێ دڵبراو، بەڵکو هەریەکەیان لە چاوی ویستنی یەکترەوە هەم دڵبەر بوون و هەم دڵبراو.

چونکە خەسرەو خانی مێردی مەستوورەش هۆنەر و بوێژ بووە و گەلێ هۆنراوەی فارسیی لە شوێن بەجێ ماون و دیارە پێکەوە هۆنراوەیان گۆڕاوەتەوە، وەکو دەگێڕنەوە خۆشەویستیی مەستوورە بۆ خەسرەوخان پتر لەبەرئەوە بووە کە ئەویش هۆنەر و بوێژ بووە و هەموودەم بەیەکەوە هۆنراویان وتووە، وێژەدۆستیی خەسرەوخان بووەتە هۆی ئەوە کە مەستوورە لە هەلومەرجێکی ئەو ڕۆژگارەدا کە بۆ چینی ئافرەت هەبووە، بگاتە پلەوپایەیەکی وەها بەرزی هۆنەری و زانیاری کە لە هەموو لایەکدا ناوبانگی دەبیسترا و هۆنراوی دەخوێنرایەوە، بەجۆرێ کە بووە تاقە گوڵی هەمیشە گەش و بۆنخۆشی باغچەی وێژەی کوردەواری.

مەستوورەی کوردستانی بەیەکێ لە هۆنەران و مێژوونووسانی بلیمەتی کورد دێتە ژمارە. ئەو بەرهەمانەی کە لە مەستوورە بەجێ ماون بریتین لە:

١– دیوانی مەستوورە: کە بەشایەتیی میرزا عەلی ئەکبەر بریتی بووە لە بیست هەزار هۆنراوە کە زۆربەیان بەزاراوەی گۆرانی و بەشێوەی سۆرانی بوون کەچی تەنیا تۆزێک لە هۆنراوە فارسییەکانی بەناوی دیوانی مەستوورە لە چاپ دراوە.

٢– مێژووی ئەردەلان: کە مێژووی بنەماڵەی ئەردەلانەکانە و بەزمانی فارسی نووسراوە و لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی بەتەقەلای ناسری ئازاد پوور لەگەڵ سەرەتایەکدا لە شاری سنە لە چاپ دراوە.

٣– نامیلکەی (عقاید و شرعیات). کە لە بارەی ڕێ و ڕەوشتی ئیسلامەتی و خواناسی و خواپەرستییەوە کە بەزمانی فارسی نووسیویەتی و بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراوە.



مەستوورە کە بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی دەوری خۆی دێتە ژمار، وەکو دەگێڕنەوە لەگەڵ هۆنەرانی ئەو سەردەمەدا وەکو: نالی و یەغمای جوندەقیدا ڕاز و نیازی هەڵبەستی بووە و نالی لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا پارچە هەڵبەستێکی توانج ئاویی سەبارەت بەمەستوورە هۆنیوەتەوە و ئەو پارچە هەڵبەستە بەم تاقە هۆنراوەیە دەست پێ دەکا کە دەڵێ:

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێک و عیتابێ

زۆربەی هۆنراوەکانی مەستوورە کە کەوتووتە دەستمان لە لاواندنەوەی خەسرەوخانی ئەردەلانیدا وێژراون، وە شێوەی هۆنراوەی مەستوورە لە هۆنراوی کوردیدا شێوەی خانای قوبادی و میرزا شەفێع بووە، وە لە ماناو ناوەڕۆکدا لە هۆنەرە ناسراوەکانی شێوە کوردیی گۆرانی پەیرەوی کردووە، بەچەشنێکی وەها کە ئەگەر هۆنراوەکانی لە ڕیزی هۆنراوەکانی هۆنەرانی بەرزی کورد وەکو میرزا شەفیع و خانا و ئەلماس خاندا دابنێین، بێ گومان هۆنراوەکانی مەستوورە ئەگەر ڕێکوپێکتر و پڕ ماناتر و قووڵتر نەبن، کەموکوڕییەکیان نییە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە لە لاواندنەوەی خەسرەو خاندا هۆنیویەتەوە:

| | |
|---|---|
| خەسرەوم وەهار، خەسرەوم وەهار | یا شا نەبۆوە، ئیمساڵ نەووەهار |
| بەر نەیان وە بەر گوڵان جە گوڵزار | نەکەرۆ درەخت شکۆفە ئیزهار |
| نە سەحن چەمەن نەوانۆ بولبوڵ | هەنی نەنیشۆ ژاڵە نە رووی گوڵ |
| نیلووفەر تا حەر بەر نەیۆ جە ئاو | جە ڕووی گوڵ سورخ نەکێشو گولاو |
| وەنەوشە و سونبوڵ، نەسرین و شەوبۆ | تا قیام بەرنەیان جە کۆ |
| سۆسەن و لالە، رەعنا و گوڵە زەرد | هەنی سەوز نەبان چەنی سۆز و دەرد |
| سپای گوڵالان خوار و نگوون بان | شەقایق ڕەنگ زەرد جگەر پڕ هوون بان |
| نەسیم سەبا نەیۆ وە چەمەن | نەشانۆ شەونم وە رووی نەسترەن |
| جەعفەری و سەمەن، ڕێحان و بەیداخ | نەرۆیان جە خاک چەنی ئاخ و داخ |
| ئاغەم! دومای مەرگ دیدەی شەهلای تۆ | یاشا کەس نەرگس نەکەرۆ وە بۆ |
| بگێرۆ وە دەس هەر کەس دەسەی گوڵ | وێنەی نێش خار بپێکۆش نە دڵ |
| قەهقەهەی کەبکان نەیۆ نە کۆسار | نە ڕەنگ گوڵ بۆ، نە بەزم گوڵزار |
| بەرەژۆ سووەیل ئیمساڵ چوون ساڵان | ڕەنگ سوور نەکەرۆ بەرگ نەوهالان |

پەی چێ، خەسرەوبەند نە تۆی مەزارەن "مەستوورە" جە سەیر وەهار بیزارەن

واتە: ئەی خەسرەو! یاخوا ئیمساڵ بەهار نەیتەوە و دار و درەخت نەپشکوێ، بولبول لە چیمەن و مێرگدا نەچریکێنێ و ئیتر لە لای گوڵدا نەنیشێتەوە و لیلۆپەڕ تا ڕۆژی پەسڵان لە ناو ئاودادەرنەێی و وەنەوشە و نەسرین و شەوبۆ هەر سەوز نەبن و لە ڕووی گوڵی سووردا گوڵاو نەگرن، با لەشکر و سپای گوڵەکان پەست بن و لەناوچن و هەڵاڵەش با هەر ڕەنگ زەرد بی و دڵی پڕ بێ لە خوێن، با هەر شنەی بای شەماڵ لە ناو چیمەندا هەڵنەکا و شەونم نەپڕژێنێتە ڕووی نەستەرەندا، وە گوڵی جەعفەری و سەمەن و ڕێحان و بەیداخ لەگەڵ ئاخ و داخدا نەڕوێ. ئەی گەورەم! لە پاش مەرگی تۆ لە پاش چاوپۆشینت لە جیهان، یاخوا هیچ کەسێ بۆنی نێرگس نەکا، ئەگەر هەرکەسێک دەستەیێ گوڵ بگرێتە دەستییەوە، وەکو دڕک بچەقێتە دڵیدا و بیپێکێ. با قاسپە قاسپی کەوان لە کوێستانەکاندا دەنگ نەداتەوە، نە گوڵ ڕەنگی بێ ونە بەزمی گوڵزار بێ. لەبەرچی خەسرەو لە ناو گڵکۆدا بەند بووە و (مەستوورە) لە سەیر و تەماشای بەهار بێزار بووە؟ سوێندم بەخوای تاق و تەنیا، ئەم چەند ڕۆژەی تەمەنم تا کاتی مردن، لە دوای خەسرەو سەیری دەشت و چۆڵ و ئارەزووی چیمەن و گەشت بەناو گوڵ و گوڵزار و تەماشای گوڵان و شەمامە و شەوبۆ لەم جیهانە پڕ فڕوفێڵەدا لە من حەرام بێ.

٢

خەسرەو وەهارەن، خەسرەو وەهارن
کۆر بام جە دیدە، فەسل وەهارن
مەوسم جلووس گوڵ گوڵزارەن
وادەی تەماشای سەیر و شکارەن
یە وەخت تەفریح قەلب دەماغەن
فەسل ئارەزووی گوڵگەشت باغەن
قەهقەهەی کەبکەن نە سەر کلاوان
فەزای چەمەنەن، شاخەی شەتاوان
ئەوەڵ خەیمەی، ئەلوان گوڵەن
ئیبتدای سۆزش ناڵەی بوڵبوڵەن
سەحرا و باغ خەڵات ڕەنگاوڕەنگ پۆشان
عەندەلیب بادەی عەشق گوڵ نۆشان



غونچەی گوڵ سورخ نە سەحن چە مەن
وە خەندەی غوروور واز کەردەن دەهەن
دیدەی نەرگسان پڕ جە خومارەن
زینەت ئارای بەزم خان وەهارن
موسەلسەل گیسووی پڕ جەعد سونبڵ
لەرزانەن بە ناز پەرێ دام دڵ
شەوبۆ، کۆساران کەردەن موعەتتەر
سەف پێکان نە پای سپای سیس عەنبەر
هەر یەک وە ڕەنگێ بەرئامان وە بەر
خودسازی کەردەن پەی تەماشاکەر
زومرود گوون کەردەن بەرگ درختان
پەی کۆریی دیدەی قەڵاخی ڕەختان
ئەرچەمەن، وەرباغ، وەر سەحراو دەشتەن
ماچی نموونەی سەحرای بەهەشتەن
بوڵبوڵ وە ئاواز غەم زدای دڵۆ
مەوانۆ وە عیشق دیدار گڵۆ
قومری وەش دەماخ فەسڵ سەروانەن
چنار فاختەش پەی نەواخوانەن
بەی تەورە ئاین بەزم وەهارەن
ویساڵ موراغان کەبک و هەزارەن
ئەمما بەگیانت شای لاڵ کەمەرم
جەی دەمدا بێ تۆ وێم زام خەتەرم
کۆربام جە دیدە فەرەیدوون فەر
ئیمساڵ کێ کەرۆ سەیر دەشت و دەر؟
کێ مەشغوول وە سەیر کۆ و سەحرا بۆ؟
کێ سەراپەردەی عەیشش وە پا بۆ؟
ناڵەی نەوای کێ بەیۆ نە باخان؟
کێ کەرۆ نە سەحن چەمەن چراخان؟

کێ نۆشو نەپای درەخت گوڵ مەی؟
کێ گۆش بدەر و بەئاهەنگ نەی؟
پەی تەماشای باخ کێ بکەرو عەزم
نە (خەسرەو ئاوا) کێ بگێرۆ بەزم؟
موتریب پەرێ کێ بنوازۆ سازان
کێ بدەرۆ فیکر بەڕێزەی رازان؟
گولان وەهار کێ بکەرۆ بۆ؟
هانا وە بەختم وەی وەیانەم ڕۆ؟
ناڵەی بەزم کێ گۆش بکەرۆ کەر
کێ نیشو نە توی خەلوەت مەنزەر؟
کێ نە (فیردەوس)ی سپاو سانش بۆ
کێ زەمزەمەی عەیش نە دەورانش بۆ
کێ بەزم شادی نە (کارێز)ش بۆ؟
کێ هەوای گوڵ گەشت (باوەرێز)ش بۆ؟
ئومێد وە حەزرەت دانای بێ چوون بۆ
پەرێ ناکامیت دنیا نگوون بۆ
(مەستوورە)! کۆر بای خەیاڵت خامەن
خەسرەوت دەستاخ وە بەند و دامەن

واتە: ئەی خەسرەو! یاخوا چاوەکانم کوێر بێ کە تۆ لێرەدا نیت، ئەوا وەرزی بەهارە و کاتی دانیشتنی گوڵ لە گوڵزارە و وادەی تەماشای سەیر و شکارە، ئەمە وەخت وادەی ڕابواردنی دڵ و مێشکە و وەرزی ئارەزووی گەشت و سەیران لە باخ دایە، قاسپە قاسپی کەوان لەسەر لووتکەی کلاوەکانی کێوەوە دێ و چیمەن و مێرگ بەجارێ ڕازاوەتەوە و ئاوی شەتاوەکان هاژەی دێ، سەرەتای خێوەتی گولانی ڕەنگاوڕەنگە و سەرەتای کزەی ناڵەی بولبولە، دەشت و باخ بەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراوە و، بولبول بادەی ئەوینی گوڵی خواردووتەوە، وە غونچەی گوڵی سوور لە ناو چیمەندا بەپێکەنینەوە دەمی کردووەتەوە، نێرگسان چاویان پڕ لە خومارە و بەهاریان بەجارێ ڕازاندووەتەوە، ڕوەک و گیاکان بەدەم شنەی باوە ئەلەرینەوە و بۆ داوای دڵ ناز دەکەن. کێ لە (فیردەوس)دا سپاو سانی بێ و کێ لە دەوراندا ڕابوورێ و کێ لە (کارێز)دا شادی بکا و کێ بیەوێ لە دوای تۆ لە (باوەرێز)دا خەریکی گەشت بێ. ئومێدم بەخوای گەورە و گران کە بۆ ناکامیت دنیا لە ناوچێ. ئەی (مەستوورە)! کوێر بی، خەیاڵت خاوە و خەسرەوت ئێستا لە گۆڕدا بەند کراوە و لە داوە.

ئەو هۆنراوانەی مەستوورە با وەکو لە ڕواڵەتدا لە لاواندنەوە و شینی خەسرەو خانی مێردیدا وێژراون، بەڵام ئەگەر چاک ورد بینەوە لە ڕاستەقینەدا پارچە بەهارییەکی جوان و دڵڕفێنە کە بێگومان کەمتر کەسی لە هۆنەرە پایەبەرزەکانی کورد توانیویە پارچە هۆنراوێکی بەهار بەو جوانییە بهۆنێتەوە.

مەستوورە بەشێوەی سۆرانییش هۆنراوەی هۆنیتەوە، بەڵام ئێمە هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکمان بەم شێوەیە دەست کەوتووە کە بەڕاستی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانە. ئەمەش ئەو پارچە هەڵبەستە کە دەڵێ:

گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بەتیری سینەسۆزی نێشی موژگانت
بە زولف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت
جەنابا عاشقان ئەمڕۆ هەموو هاتوونە پابۆست
منیش هاتم بفەرموو بمکوژن بمکەن بەقوربانت
تەشەککور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بەزەخمی تۆ
بە شەرتێ کفنەکەم بدووری بەتای زوڵفی پەرێشانت
لە کوشتن گەردنت ئازاد دەکەم گەر بێیتە سەر قەبرم
بە ڕۆژی جومعە بمنێژی لە لای جەمعی شەهیدانت
کەسێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی لە حەشرا زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەک من لە ئەم دنیایە سووتابێ لە هیجرانت
هەمیشە سوجدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە
ڕەقیب ڕووی ڕەش بێ نایەڵێ بگا دەستم بەدامانت
لە شەرت و هەم وەفاداری خۆ تۆ مەشهووری ئافاقی
فیدای شەرت و وەفات بم، چی بەسەرهات مەیلی جارانت؟
ئەمن ئەمڕۆ لە مڵکی عاشقیدا نادرەی دەهرم
بە ڕەسمی بەندەگی عاشق هەموو هاتوونە دیوانت

برۆ (مەستوورە) شوکرێ کە لە دەرگای پادشای داوەر
کە شۆڵەی ڕۆژی ڕووی والی دەگاتە کۆشک و ئەیوانت

دیوانە کوردییەکەی مەستوورە بەتەقەلا و کۆششی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە ڕاقەی کراوە، بەڵام هێشتا لە چاپ نە دراوە.

سەرچاوەکان

١– دیوانی ماه شرف خانم کردستانی باهتمام معرفت سنندج ١٣٢٤.

٢– مجمع الفصحاء تالیف رضا قلی خان هدایت – تهران ١٣٣٦.

٣– حدیقة ناصریه تالیف میرزا علی اکبر صادق الملک (دەستنووس).

٤– تاریخ مردوخ تالیف ایه الله مردوخ – تهران ١٣٢٥.

٥– تاریخ اردلان تالیف مستوره کردستانی به اهتمام ناصر آزادپور – سنندج ١٢٣٨.

٦– دیوانی مەولەوی (دەستنووس).

٧– دیوانی نالی (دەستنووس)

٨– دیوانی مەستوورەی ئەردەڵان (دەستنووس).

٩– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە مەستوورەی کوردستانی.

## مەولەوی

١٢٢١– ١٣٠٠



ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە پێغەمبەری هۆنراوی گۆرانی بووە، پیری هۆنەران و سەردەفتەری وێژەوانان و شەیدای دەروێشان و خەرقەپۆشی ئاهەنگی مەی نۆشان بووە ناوی (عبدولرەحیم) و کوڕی (مەلاسەعید) و نازناوی (مەعدووم) و ناوبانگی (مەولەوی)ە و بەشەش پشت دەچێتەوە سەر (مەلا ئەبووبەکری موسەنێف) خاوەنی پەرتووکی (الوضوح)، وە لە بنەماڵەی (سەید پیر خدری شاهۆ)یە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە، مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە دێی (یاقشلاخ)ی سەرشاتە لە ناوچەی (تاوەگۆزی) پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، هەر لە



سەردەمی منداڵیدا ماڵی باوکی کۆچی کردووەتە دێی (بێژاوە)، وە لەوێدا لە لای باوکی قورئانی پیرۆزی دوایی هێناوە، پاشان وردە پەڕاوە سەرەتاییەکانی فارسی و ڕێزمانی عەرەبیی خوێندووە، دوای ئەوە بەپێی ڕەوشی فەقێکانی کوردستان بۆ خوێندن گەڕاوە و چووەتە (پاوە) لە ناوچەی هەورامانی لهۆن، وە پاش ماوەیەک لەوێوە ڕۆیشتووەتە (چۆڕ) لە مەریوان، وە لەوێشەوە چووەتە (بانە) و پاش ئەوەی ڕۆیشتوەتە (سلێمانی) و لە (مزگەوتی گەورە)دا دامەزراوە کە لەو کاتەدا (شێخ مارفی نۆدێ) مامۆستای بووە، پاشان چووەتە (هەڵەبجە) و لە (مزگەوتی جامعە) لە لای (مەلا سادقی تەوێڵەیی) و (شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی) خوێندوویەتی، ئەنجا چووەتە (قەڵای جوانڕۆ) و لە لای (مەلا محەمەدی قازی)دا خوێندوویەتی و لەوێشەوە بۆ جاری دووەم لە سەردەمی (ڕەزا قولی خانی والی)دا چووتەوە بۆ (سنە) و لە مزگەوتی (دار الاحسان) دامەزراوە، وە ماوەیەکی زیاتر لە جاری پێشوو لەوێ ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (سلێمانی) و لە لای(مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەیی) کۆتایی بەخوێندنەکەی هێناوە و ودم و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە سەرەتای دیوانەکەی مەولەویدا دەڵێ: ئەوەی کە هەندێ دەڵێن: مەولەوی لە زەمانی (ڕەزا قولی خانی والی)دا لە مزگەوتی (دار الاحسان)ی سنە لە لای (حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی) ودمی وەرگرتووە، ڕاست نییە. چونکە حاجی مەلا ئەحمەد لە دەورەی ڕەزا قولی خاندا نەهاتووەتە سنە، جگە لەوەش مەولەوی بەتەمەن هەشت ساڵ لە حاجی مەلا ئەحمەد گەورەتر بووە.

وەک لەم هۆنراوە فارسییەوە دەردەکەوێ کە مێژووی لەدایکبوونی حاجی مەلا ئەحمەد دەکاتە ١٢٢٩ی کۆچی وەکو دەڵێ:

هاتفی از سر الهام بتاریخش گفت:
بودا احمد خلف امجد عبدالرحمن

مەولەوی پاش کۆتاییهێنان بەخوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە دێی (چرۆستانە)دا دامەزراوە و دەستی کردووەتە وانە وتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک و پاشان هەوای خەرقەپۆشی و دەروێشی دەکەوێتە سەری و سۆزی ڕایەڵی (شێخ وەسمانی تەوێڵەیی) ڕایدەکێشێ بۆ لای خۆی و ئەبێ بەپەپوولەی پەڕوباڵ سووتاوی دەوری شێخ سێراجەدین و پلەوپایەی (خەلیفە)یی لێ وەردەگری، وە پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە (سەرشاتە) لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لەوێدا دەنێژرێ، وە گۆڕەکەی ئێستاش جێی ڕاز و نیازی خەمباران و دڵسووتاوانە.

بێگومان مەولەوی لە هۆنەرانی هەرەبەرزی سەدەی سێزدەمی کۆچییە، نازکی بیروباوەڕ و جوانیی وشە و ڕاکێشانی دڵ بەڕستەی جوان و ڕەنگینی کوردی مەگەر هەر لە دەست ئەو هاتبێ.

مامۆستا (علادین سجادی) لە پەڕاوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا لە بارەی مەولەوییەوە دەڵێ: بەبێ شک مەولەوی بەرزترین هۆنەری سەدەی سێزدەیەمی کوردە و تا ئەم مێژووە و بگرە هی پێشەوەش نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەگەر بەراوردی کەڵکەڵە و خەیاڵی هۆنراوی مەولەوی لەگەڵ هۆنەرەکانی سەدەی سێزدەیەمی غەیری کورددا بکرێ هەموو زمان و پێنووسێک دان بەوەدا دەنێ کە بیری بەرزی مەولەوی لەسەر هەموویانەوەیە، نازکیی خەیاڵ، بیری تیژ و وردی و مانا و جوانی وشە و ڕاکێشانی دڵ بەدەستەواژەی ڕەنگین بزواندنەوەی تەلی دڵنەوایی مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێ، یاخود مەگەر هەر خاتوو عەنبەر توانیبێتی لە پەردەیەکی نهێنییەوە خۆی بنوێنێ بۆ مەولەوی بۆ ئەوەی دەرگای هۆنراوی بۆ بکرێتەوە و ببێ بەو مەولەوییە کە پێنووس لە باسی هۆنراویدا کوڵە.

مەولەوی پایەیەکی بڵندی لە ناو زاناکانی کورددا هەیە، بەتایبەت لە (علم الکلام)دا دەستێکی بەرزی هەبووە، ئەو نووسراوانەی کە لە ئەوەوە ماونەتەوە هەموو لەم زانستەدان و بریتین لەم پەڕتووکانە:

١– ئەلفەزیلة: کە داگری ٢٠٣١ هۆنراوەی عەرەبییە و لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی دای ناوە و بەهۆی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسەوە بەزمانی عەرەبی ڕاڤە کراوە و لە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچی لە چاپ دراوە. ئەم پەڕاوە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بسم اللة الرحمن الرحيم　　　من تاه فيه نهيه الحكيم
معطي جلائل العطايا والنِعَم　　　مظولي دقائق المزايا والكرم

٢– العەقیدە تولمەرزیە: کە داگری ٢٤٥٢ هۆنراوی کوردییە و لە ساڵی ١٣٥٢ ی کۆچی لە لایەن مامۆستا (محیەدین سەبری)یەوە لە چاپ دراوە. یەکەمین هۆنراوی ئەم پەرتووکە بەم جۆرەیە:

زوبدەی عەقیدە و خولاسەی کەلام　　　هەر لە تۆ بۆتۆس حەمد و سەنای تام

٣– ئەلفوائح: کە داگری ٥٢٧ هۆنراوی فارسییە لەگەڵ پەڕتووکی (ئەلعەقیدە ئەلمەرزیە) لە چاپ دراوە و یەکەم هەڵبەستی ئەم نووسراوە بەم جۆرەیە:

چو خود بینم از بس روسیاهی　　　نـگنجدای الهی یا الهی

٤– دیوانی مەولەوی: کە داگری هۆنراوەکانیەتی و لە ساڵی ١٣٨٠ی کۆچی لە لایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەرریسەوە کۆکراوەتەوە و لە چاپ دراوە. شایانی باسە کە مامۆستا



مودەرریس گەلێ تێ کۆشاوە کە هۆنراوەکانی مەولەوی کۆبکاتەوە و ڕاڤەیان بکاتە سەر زاراوەی کرمانجیی باشووری (سۆرانی)، بەڵام لەبەرئەوەی دیوانەکەی مەولەوی بەتەواوی نەکەوتۆتە دەستی، ئەوەیە کە گەلێ جیاوازی و ئاڵۆزی لە هۆنراوەکانی ئەبینرێت. لەم دواییەدا نوسخەیەکی دەستنووس لە دیوانەکەی مەولەوی لە زانکۆی تاران دۆزرایەوە کە بەپێی ئەو دیوانە وا دەردەکەوێ گەلێ لە هۆنراوەکانی مەولەوی لە دیوانە چاپکراوەکەدا بەش بەش بوونە و بەپرشوبڵاوی و ئاڵۆزی لە چاپ دراون و هەندێ هۆنراویشی ئاوێتە و تێکەڵی یەکتر بوون.

جگە لە مانەش نامیلکەیەکی بەفارسی، هەیە کە باسی چۆنییەتی ڕچەی نەقشبەندی دەکات و، هەندێ نامەیشی بەخەتی خۆی لە شوێن بەجێ ماوە کە بۆ دۆستان و هاوەڵانی نووسیون.

مەولەوی لە ژێر پەردەی پیتۆڵی و وردەکاری و لێکۆڵینەوەدا دەستێک بۆ ئەو دیوی پەردەی سروشت درێژ دەکا و وەکو وێنەگرێکی مامۆستا تابلۆیەکی ڕاستەقینەی سروشت بەئێمە پیشان دەدا و دەڵێ:

ئەوا زستان بەتۆف و سەرمایەوە کەوتە گەردوونەوە و، جیهانی بەجۆرێ پڕکرد کە کلیلەی بەفری کێوەکان گێژ و لوولیانە، وەستای قەڵای شاخە بەرزەکان کە دەستی هێز و توانای خوایە، دەرگای ئەشکەوتەکانی سپی کاری کردووە، تۆفی هەوای سارد بوو بەزێڕنگەر و گوارە و زێوەری گەوهەری بەنرخی لە سەهۆڵ بۆ گوێی شاخەکانیدا دروست کردووە و نەونەمامەکانی بەو خشڵ و خاوە، ڕازاندنەوە. تۆفی زستان بۆ تەماشاکردنی باڵای نەونەمامی دڵدار، لە باتی ئاوێنە سەهۆڵی بۆ گرتووە و تەمی بۆی کردووتە چارشێو. ئەم دڵدارە جوانە و ئەم غار و ئەشکەوتە سپی کاری کراوە بۆ بەزمی مەیگێڕ و کۆڕی مەی خواردنەوە دەناڵن.

ئەی مەیگێڕ، زووکە دەست کە بەمەیگێڕان، ترست لە سەرمای مانگی دەی نەبێ، چونکە نەشەی مەی خواردنەوەی تاقمەکانی پێش ئێمە هەوایان خۆش کردووە، وە ئێمە ئەبێ لەسەر ئەو ڕێچکەی ئەوانە بین، سەیرکە چونکە مەزەی مەی لە دڵیانایە و لە گۆڕا بەتۆی کفنی ڕادەبوێرن، مادام کە ئەوان مردوون و ئێمەش بەڕێگەوەین، با زمانی سۆزی خۆشەویستی بەزەیی بێتە ئەوان و دەستی ناڵە، پیاڵەی مەی بڕێژێتە دەمی ئەوانەی چاوەڕوانن. ئەی مەیگێڕ، زووکە با ئێمەش بەم ڕێ گوزەرەی ژیانەدا پیاڵەیەک بگرین بەدەستمانەوە، وە خۆمان بدەین بەدەست مەرگەوە:

زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان
گێجای گێج لوول کڵێڵەی کاوان
بەنا باشی بورج بەرزە دیاران
سفید کاری کەرد تاقچەی مەغاران
چ شیرین زەرگەر هەوای توف سەرد
گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای نەمام بێ گەرد
یەخ ئاینە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد
ئەی مەحبووب خاس، ئەی بنای تەمام
مەناڵۆ پەی بەزم ساقی و شیشە و جام
ساقی، باک نییەن جە سەردی دەی، دەی
هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی
ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی خواران
واردەی ویەردە ویاردەی یاران
چون نە دڵ شنوی مەزەی مەی داران
بدیە چوون وە تۆی لۆنگێ مەویاران
زوانەکەی سۆز دەسەکەی ناڵە
بیکانۆ، ڕێزۆ، ڕەحمەت پیاڵە
ڕەحمەت وە ڕووی خاک ڕەستگاراندا
پیاڵە وە دەم ئینتزاراندا
دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە
جامێ وە دەس نیم دەس وە سەرەوە

مەولەوی بەبێ پەروا دەکەوێتە کۆڕی پیتۆڵی و فەلسەفەوە و بەبیرێکی ورد و تێژ لەم جیهانەدا ورد دەبێتەوە و لاپەڕەی مێژووی ڕۆژگار دێنێتە بەرچاو و پیشانی دەدا:

هەر ئەو دەورەن چەرخ تا ئاوەرد و بەرد
دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد
دا بەزم خەسرەو شیرین وە هەم دا
جام دا وە سەرجەم، جەم وەسەر جەم دا



شوهرەت نامەی نام حاتەمش کەرد تەی
کەرد وە کاسەکەل کاسەی کەللەی کەی
ساقی، گەرد ئارد یاران هام فەرد
مەدام نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد
سەدای ئاساوچی مەیۆ پەیاپەی
ئاساو خالییەن نەوبەتەن سادەی
هەر کاتێ زانای چەرخێ وەردەوە
چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە
نە هەر سەردەشتێ کشتێ کریا بۆ
وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ
نەیاوا بۆ خاس دانەش بەو ئاوە
لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە
فیدات بوون ئامان سا هۆرکەر بابەی
وەسەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی،
ئەر سەد کشتەکەم ئاخر کارشەن
هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن
بەڵام بەڵ تەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ
نەی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ
حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادە بی
وە هەر کەس بە قەد کەفاف دادە بی
من کشتم ڕوو زەرد هام فەردانش بۆ
دانەم ڕووسیای هام دەردانش بۆ

واتە: چەرخ هەر ئەو چەرخەیە کە چەند جۆر گۆڕا و چەند ڕۆژگاری هێنایە پێشەوە، وەنگینی پێغەمبەریەتیی دەست بەدەست لە ناو پێغەمبەراندا گێڕا تا گەیاندییە سەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە سەرگەورە و ئاخری پێغەمبەرانە، ئەم چەرخە بەزمی خەسرەو و شیرینی دا بەیەکدا و جامی دا بەسەر جەمشیدا و کوشتی و جەمشیدیشی کوتا بەسەر خەڵکدا و لەناوی برد. ئەم چەرخە هەر ئەو چەرخەیە کە ناوبانگی حاتەمی

پێچاوەتەوە، وە کاسەی سەری کەیخەسرەوی کرد بەکاسەکەل. ئەی مەیگێڕ، ئەم چەرخە کە وەکو ئاش دەسووڕێتەوە هاوسەران و نەونەمامانی وەک دانەوێڵە کرد بەئارد و تۆز و گەردی ئەوانیدا بەلووتی ئێمەدا، جا هەر ئەوەندەت زانی ئەو ئاشە سووڕێکی تری خوارد و ئێمەشی وەکو دانەوێڵە هاڕی و کردینی بەگەرد. دەبێ ئەوەش بزانیت کە لە هەر دەشت و دەرێکدا هەر کشتوکاڵێک کرابێ، ئەگەر بەجۆگەلەی بادەی ئەوین و خۆشەویستی ئاو نەدرابێ، وە دانەکانی بەو ئاوە تێراو نەبووبێ، ئەو هێشتا بەکەڵکی ئەوە نایێت کە بکرێت بەگەڕووی ئەو ئاشەدا، دەستم بە دامێنت ئەی مەیگێڕ، جۆگەی شەرابی خۆشەویستی هەڵکە، با پەی دەرپەی بەسەر کشتوکاڵی مندا بێ، با وەکو ئاخر و ئۆخریەتی و دواهەفتەی بەهاری تەمەنییەتی لقەکانی هەڵچن و لەم دواییانەدا لە ئاوی خۆشەویستی تیراو بن، چونکە حەیفە تۆ میراوی جۆگەی مەی بێ، وە بەگوێرەی پێویستی و نیاز بەهەر کەس بادەی خۆشەویستیت بەخشی بێ، کەچی کشتوکاڵی لەو بادەی خۆشەویستییە بێ بەش کەی و دانەوێڵەکەم لە ئاستی دانەوێڵەی خەڵک پووچ و ڕەشە و بووبێ.

مەولەوی لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا تووشی گەلێ ڕووداو و کارەساتی ناخۆش بووە، وەکو دەڵێن پەرتووکخانەکەی کە داگری سەدان پەرتووکی کوردی و عەرەبی و فارسی بووە سووتاوە و ئەوسا عەنبەر خاتوونی خێزانی کە زۆر خۆشی ویستووە کۆچی دوایی کردووە و بەم جۆرە لە دوای ساڵەکانی ژیانیدا تووشی ئەم هەموو ڕووداوە ناخۆشانە بووە. جا مەولەوی بەم جۆرە عەنبەر خاتوونی خێزانی دەلاوێنێتەوە.

شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست
موحەڕەم ئاما مەحرەم شی نە دەست
ئەو خەریک نە چۆڵ شام عەدەمدا
من نە کەربەلای سارای ماتەمدا
ئەو یەزید مەرگ وە ئەسیر بەردە
من زادەی زیاد خەم یەقیر کەردە
بازاڕەن، وادەی مامەڵەن، ساقی
هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی
ئەو، حوسەین ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ
داخۆ سەر جە کۆ، لاشە جە کۆ بۆ
ئیمسال نەووەهار چون خەزان دەرد
بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد ئەو هەرد



مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەرنە، کەی، کێ دی، بەهار گوڵ ڕێز بۆ
دڵ وە کەچبازی چەپگەرد بازیش وەرد
جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد
بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد
نەیچی! وە بێ بەزم یاران جانی
کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی؟
چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بۆ وە شیرینیی یەک دوو نەواوە.
یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە
ئەو یەک لاونۆم، یاونۆمەوە

واتە: ڕۆژی دەیەمینی مانگی موحەڕەم دیسان بەزمی خۆی گێڕا، وە من لەو مانگەدا خێزانەکەی خۆمم لە دەست دا. عەنبەر خاتوونی خێزانم لە دەشتی چۆڵی شاری نەبوونیدا داماوە، منیش لە کەربەلای دەشتی خەفەت و پەژارەدا کەوتووم. ئەو یەزیدی مەرگ هات و بەدیل بردی و منیش خەم و کەسەرگیری پێ دام. ئەی مەیگێڕ! ئەمە بازاڕی سەودا و مامەڵەیە، دەسا وەرە و گیانم بستێنە و ژیانی هەمیشەییم پێ بدە. هەی ڕۆ، سۆزی کە ڕۆژ بووەوە داخۆ منیش سەر و لاشەم بکەوێتە کوێ و چیم بەسەردا بێ. ئیمساڵ بەهاری نوێ وەکو پایز و خەزانی لێ هاتووە بەجۆرێ کە گەڵای گوڵی باخی (مەعدوومی) وەراند و بۆ کەژ و کێوی برد، دەبێ بەختم هەڵگەڕانی بێ، ئەگینا کێ دیویە کە لە وەرزی بەهاردا گوڵ بوەرێ؟ دڵ بەکچبازی چەرخی چەپگەرد هەڵخەڵەتا، ئەم جووتی ئەویست، کەچی ئەو تاقی هێنا. ڕەشەبای نەخۆشی ئەمەی بەهەل و دەرفەت زانی و خێرا هات و بۆنی (عەنبەر)ی لەسەر و مێشکم دوور خستەوە. ئەی برای شمشاڵ ژەن ئەم نەوایە چییە کە بەبێ بەزمی یارانی گیانی لە تۆوە دێ، ئیتر چ شایی و خۆشییەک لە دڵدا ماوە کە تۆ شمشاڵ لێ بدەی؟ دەسا لەبەرئەوەی ژیانم تاڵ و ناخۆشە وەرە یەک و دوو هەوام بەشمشاڵەکەت بۆ لێ دە، بەجۆرێ کە یەکێکیان بەتەواوی بمتوێنێتەوە و ئەوەی تریان بەجارێ بملاوێنێتەوە و وەکو ڕۆژی پەسلان زیندووم بکاتەوە.

مەولەوی لە پاش ئەم هەموو ناخۆشی و کوێرەوەرییە کە لە ژیانیا دەیبینێ پیریش ڕووی تێ دەکا و ئەندام و قەدی بەرە بەرە خەم دەبێتەوە و بەم چەشنە پیری دێتە پیرییەوە و

دەزانێ کە نۆرەی کۆچی دواییبە بۆیە بەم جۆرە سکاڵا لە دەست پیری دەکا:

پێشانیم هەوەس زانوو جازمەن
تەعزیم جەناب پیری لازمەن
باڵا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی
وردیکلانەن دەروازەی هەستی
(مەعدوومی)! کەردەی بەدیی هەزار تەرز
زانووی ئومێدت ناوەڕۆ ئەو لەرز
ئەو کەس مەزانۆ سەتتارەن ئارۆ
جەو بوزورگتەرەن، صوب ئەو ڕووت نارۆ
سیفدیت قەڵخان پەی ڕووی سیات بۆ
کەمانیت شەفێع تیر دیات بۆ
نمەبۆ پیری تەن ناتوانیت
وەی دوو فەردەوە، ئەو دەس جوانیت:
عەزانم ئەر سەد جە حەد بەرشیەن
جە ڕووسیاییم گرانتەر نیەن
من کە خەجاڵەت خزمەت ئاما پێم
جەهەننەم سەد ساڵ دۆزەخ بۆ وە جێم
موتریب! بۆ وە داد دڵگیریمەوە
(پیری) ها ئاما وە پیریمەوە
نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد (بێساران) ماوا:
ئیسە ها جەگرد پەشیمانیم بەرد
وادەی پیریمەن جوانیم و بیەرد
ئانە گشت جە فەسڵ نادانیم بییەن
وادەی سەرمەستی و جوانیم بییەن
وادەی پیریمەن یاوانم نۆبە
نۆبەی تۆبەمەن کەرەمدار تۆبە!

واتە: ناوچەوانم هیوا و ئارەزووی ئەوەیە کە هێزی ڕاکێشەری ئەژنۆم ڕای کێشێ بۆ لای



خۆی، وە دای نەوێنی چونکە پیری خەریکە دێ بۆ لام، دیارە سەر بۆ دانەواندن و ڕێزگرتنی میوانێکی وەها بەڕێز پێویستە، بەژن و باڵاشم بۆ خوار دەڕوا و خەم بووتەوە، چونکە نزیکە لە دەرگای ژیان بچمە دەرەوە، وە دەرگای ژیانیش چکۆلەیە و دەبێ دانەوم، کەوابوو ئەی (مەعدوومی)! لەم گەشت و گێلەدا دڵت نەترسێ و باری گرانی کردەوەی هەزار چەشنەت، ئەژنۆی هیوای لێخۆشبوونت نەلەرزێنێ، دڵنیام ئەو کەسە کە تۆ دەچی بۆ دیوانی، وە ئەمڕۆ بەهەموو سووچ و گوناه و، تاوانێکت دەزانی و لە خەڵک دەیشارێتەوە، لەوە گەورەتر و بەبەزەیی ترە کە سۆزی لە ڕۆژی پەسڵانیش ئەو سووچ و تاوانەت لە ڕوو نەدا و لێت ببوورێ. هیوایە، لەو ڕۆژەدا سپیەتیی مووی پیری و ناتوانیت ببێتە پەردە و پەنا بۆ ڕووی ڕەشی تاوان باریت، وە باڵای کۆم و کەوانیشت ببێتە تکاکار بۆ تیری ڕوانینی چاوی هەوا و هەوەسی خۆت. وە شێوە و قەڵافەتی پیر و بێ هێزیی شیاوی بەزەیی پێدا هاتنیشت بەپێی ئەم دوو هۆنراوەی خوارەوە، دەستی قەڵافەتی شەرمەزاری ڕۆژگاری گەنجی و نەزانیی ڕابردووت بگرێ و لەو پلە سەختە سەرت بخا. ئازار و سزام لە ماتی بیرکردنەوەی ناپەسند و خراپیی ڕابردووم با وەکو لە ئەندازە دەرچووە، بەڵام لە ئێش و ئازاری تەریقبوونەوەی ڕوو ڕەشیی ڕۆژی (دیوان) سەختتر و گرانتر نییە. من کە شەرمەزاری خوابم، بەدەرەک، ئەگەر هەتا هەتایە لە سزای دۆزەخدا بمێنمەوە! چاوەش! ئیتر کاتی ئەوەیە خۆت پێم بگەیێنی و فریای دڵتەنگی و پەرێشانیم کەوی، چونکە پیری ئەوەها، خەریکە دێتە پیرمەوە. با بەدەنگی خۆش و دڵڕفێنت لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چەند هۆنراوەی بێسارانییە، دڵی پەرێشانم خۆش و شاد ببێ. ئەو کردەوانە کە بوونەتە هۆی شەرمەزاریم هەموویان لە کاتی نەزانیمدا سەریان لە من داوە، وە لە کاتی سەرمەستی و هەرزەکاریمدا لە منەوە داکەوتوون. ئەوها ئێستا کە گشت ئەو کردەوانە پەشیمان بوومەتەوە، چونکە وادەی پیریمە و لاوی و گەنجیم لە دەست چووە. کاتی پیریم گەیشتووە و نۆرەی کۆچی دواییمە و وەختی تۆبە و پەشیمانیم هاتووەتە پێشەوە، ئەی خوای خاوەن بەزەیی! تۆبە لە هەمووی کردەوەیەکی خراپ و ناپەسند.

مەولەوی گراوی سروشت بووە و سروشتی خۆش ویستووە، چونکە لە ناو سروشتە جوانەکەی کوردستاندا گەورە بووە و پێ گەیشتووە. وەکو دەگێڕنەوە جارێکیان گوێی لە دەنگی کاروانێکەوە دەبێ و لەگەڵ کاروانچییەکەدا دەکەوێتە وتووێژ و ئەو وتووێژەی لەم پارچە هەڵبەستەدا هۆنیویەتەوە و، بەوشەی جوان و ڕستەی ڕەنگین بەچەشنێکی مامۆستایانە ڕازاندوویەتەوە:

هام سەران ئامان ئەر ئەمەندەن هۆشم
سەدای وەشێوەن، مەیۆ نە گۆشم
چمان زیلەی زەنگ زەواری مەیۆ
زرنگەی قافڵەی وەهاری مەیۆ
هانا قافڵەچی، دادەن دەخیلەن
بنەکدار خەم خەیلێ زەلیلەن
نە ڕای توجارەت ئەمیر وەلی
تۆ مایەی ڕەواج عەباس و عەلی
ساتێ قافڵەکەت ساکن نە سەیر بۆ
یەک عەرزێ داروون، ئۆخرت خەیر بۆ
گێج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ کەردەن
بازش هەناسەم سوب وەنەش دەرۆ
یەخ کەڕۆ قەتار ئاسان بویەرۆ
ئەمجار وە سۆزەن موژەی جۆش وەردەم
سەرنووک قەڵەم ئاخ سوراخ کەردەم
وە بەند دووباد مەینەتیی جگەر
بوورازە تاتای جەواڵان یەکسەر
قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم
حەڵقەی قەڵەمەی پێشەی شکەستەم
مەدەد یا عەلی پەی سەفەر کەر مەیل
مەنزڵ ئەو مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل
وزان نە گەردەن بەرز پێشاهەنگ
بشۆ بدۆ دەنگ فرسەنگ ئەو فرسەنگ
بەڵام هەر خاکێ جەو ئاسانەکەن
گەرد سفتەی گیان هەراسانەکەن
ڕەحمت بۆ وادەی وستەی بارەکەت
نەبۆ وە پاشێل پای قەتارەکەت



جە زیڵەی ئەو زەنگ چون خەبەردارەن
مەیۆ مەشناسۆش ئاخر دیارەن
مەپەرسۆ ئازیز پڕ وەفا و بەینەت
کۆن تو جارباشی سەرقافڵەی مەینەت
واچە مەر نەدیەت نەمام بێ گەرد
چێگە پارچەی گیان پایەندازت کەرد
یاد پایەنداز سەودای سەرش بێ
مامەڵەی پارچەی گیانبۆتەڕەش بی
بەڵام جە تەئسیر جۆش بۆتەی دڵ
دەمەی هەناسەی دەروون پڕچڵ
سیم قاڵ هەرس شەوان بێداریش
ئەشرەفیی پاکتاو ڕەنگ ڕوخساریش
ڕووکەش بی وە کفت هوون گوڵناری
وە مس مەنمانا جە لای بازاری
بازاڕش کەساد، ڕای بەندەرش بەند
کەس نمەواچۆ سەرمایەت وە چەند
وە بازاڕدا وە بانگ بێ شەرم
مەگێلا و مەوات وە زایەڵەی گەرم:
مایەم نارەواج، دەروونم تەنگەن
قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن

واتە: ئەی هاودەردان، دەنگێکی خۆش دێتە گوێم. وەک بڵێی دەنگی زەنگی کاروانێکی بەهارییە، هانائەی کاروانچی ئەمن لێرەدا لەسەر خەم و کەسەر و پەژارە دانیشتووم و گەلێ پەشۆکاوم، سوێندت دەدەم بەوەی کە سوێند بەهافی (عەباس) و (عەلی) دەخۆی، ساتێ کاروانەکەت لێرەدا ڕاوەستێنە، قسەیەکم هەیە پێتی دەڵێم و ئەوسا برۆ. زرێواری فرمێسکم شەپۆلی داوە و دەشتی مەریوانی بەتەواوی پێ کردووەتە قوڕ، ئێستاکە مەڕۆ تا بای هەناسەی ساردم کە وەکو بای بەربەیان وایە بدا لەو دەشتە و کزری کاتەوە و یا ببێ بەسەهۆڵ و ئەوسا کاروانەکەت بەسەریدا تێ پەڕێ. ئەمجا بەسوورنی برژانگی جۆش خواردووم کە بەنووکی قەڵەمی ئاخ و داخ کون کراوە، وە بەبەنی دوولۆی مەینەت و پەژارە

که بەندی جەرگمە، جەواڵەکانت بەیەکەوە بدوورەوە، ئەوسا پیستی لەشمیش بکە بەقایش بۆ قەیاسە و ئێسقانی شکاویشم وەک ئەڵقە بکە بەچەڵەمە و بیکە ملی پێشەنگ و بەرزە وڵاخی سەرقافڵەکە تا هەر بەڕێدا بڕوا و فرسەنگ بەفرسەنگ دەنگ بداتەوە. ئەمجارە هاواری لە هافی عەلی بکە و داوای یارمەتی لێ بکە و بکەوە ڕێ و قۆناخ بەقۆناخ بڕۆ تا دەگەیتە هەوارگەی یار. بەڵام هەر خاک و خۆڵێ کە لە بەردەرگای یاردا بێ ئەوە خاک و خۆڵی لەشی سووتاوی دڵدارە لە گیان بێزارەکانە، جا لە کاتی بارخستندا بەزەییت بێتە دڵا و ئەو خاک و خۆڵە کە دەکەوێتە ژێر پێی وڵاخەکانت پێشێل نەکرێن. لەبەرئەوەی هۆی زایەڵە و زەنگی ئەو زەنگە و لێی ئاگادارە، دێت بۆ لاتان و هەواڵی سەر بازرگانەکە کە منم دەپرسێ و دەڵێ لە کوێیە؟ تۆیش لە وەڵامدا پێی بڵێ بۆچی مەگەر نەتدی لەم شوێنەدا گیانی خۆی خستە بەر پێت؟ ئەو شور و سەودایەش کەوتبووە سەری کە گیانێکی تریش پەیدا بکا لە ڕێتا بەختی کا. بەڵام بەهۆی توانەوەی بۆتەی دڵ و فرمێسکی شەونخوونی و زێڕی بێ گەردی ڕوومەتی، ڕووکەشی بووە کفتی و لە لا بازاڕییەکان وەکو گوڵنار بەمس دەینواند و لایان وابوو زێڕ نییە و مسە، وە کەوتبووە کەساسی، ئەویش لە داخا بەبازاڕدا دەگەڕا و بەسۆزەوە دەیوت. سەرمایەکەم برەوەی نییە و دڵ و دەروونم تەنگە و کاروانەکەم لەنگە و تا هەستانی ڕۆژی پەسڵان ڕاست نابێتەوە و پەکی کەوتووە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی مەولەوی - کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس - بەغدا ١٣٨٠ی کۆچی.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی - نووسراوی. عەلائەددینی سەجادی - بەغدا ١٣٧١ی کۆچی.
٣-العقیدە المرضیە تألیف. عبدالرحیم المولوی- مصر ١٣٥٢ﻫ
٤- الوسیلە فی شرح الفضیلە، تألیف السید عبدالرحیم المولوی- بغداد ١٣٩٢ﻫ.
٥-پارسی گویان کرد تالیف. صدیق صفی زادە (بۆرەکەئی) تهران ١٣٦١ خورشیدی.
٦- دیوانی دەستنووسی مەولەوی- زانکۆی تاران.
٧- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.



## شێخ عەبدوڵڵای داخی

١٢٢٤- ١٣٠٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی شێخ مەحموود و نازناوی داخییە[(١)] و بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٢٤ی کۆچی لە دێی قەڵاتەبزاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرەنجام ودمی مەلایەتیی لە سنە وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٥ لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

داخی یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و یەکێ لە یاران و هاوەڵانی مەولەوی بووە، بەپێی ئەو هۆنراوانەی وا لە نێوانی ئەو و مەولەویدا بۆ یەکتریان ناردوون، وا دەردەکەوێ کە بەیەکەوە وانەیان خوێندووە. هۆنراوەکانی داخی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوان و بەرزن. ئەوا ئاماژە بە چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دەکەین کە دەڵێ:

لەیل وە نیگاوە، لەیل وە نیگاوە
دیدەی فیتنەجۆش ها وە نیگاوە
پێڵ وە حەیتاران ئەفعی نماوە
مەر کەمەند وە شان فەرەیدوون شاوە
حاجب وەو هەیبەت قەوس قەزاوە
مەر قەوس و قەزەح وە ڕووی سەماوە
بینی وەو شەمیم، ڕەمیم ئیحیاوە
ئیجازە دارۆ جە مەسیحاوە
لەب گوڵ غونچەی باخ، وە نەو شکاوە
خاڵ وەنەوشەی دێز پای هەردی کاوە
تۆپ تەڵای زنج سەیقەل ئەیساوە
یا نارنج باغ خاسەی داڵتاوە

(١) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە پەڕاوی یادی مەردان دەڵێ. وای بۆ دەچم شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیس کە لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی لە کێوەریدا مردووە، هەر شێخ عەبدوڵڵای داخی بێ، بەڵام بەباشی بۆم ساغ نەبووتەوە.

دانەی خاڵ وە جید جەیران ئاساوە
مەنمانۆ چون نەقش وە ڕووی میناوە
مەم وە تەخت سەدر پڕ جە سەفاوە
سەمەرەی سێدرەن وە مونتەهاوە
نەرمیی لیف وە ڕووی کافوور نماوە
مەر قاقوم وە ڕووی کاتب شاوە
ڕان وە رەوانی ڕەوان ئەفزاوە
ساق سفید چون سەلج پای هەردەی کاوە
یا شا تا زەمین ها وە پشت گاوە
بمانۆ وە حوسن نازدار باوە
(داخی) ها جە داخ ئەو پەنجە و پاوە
سەر نیا وە سەر ئەلحەد سەراوە

واتە: چاوەکانی یارە خۆشەویستەکەم ئاژاوە دەنێنەوە و، دوو ڕەشمار بەسەر شانەکانییەوەیە و وەکو کەمەندی فەرەیدوون شا وایە، وە برۆکانی وەکو کەوان وانە و دەڵێی کە پەلکەڕەنگینەن بەئاسمانەوە، لووتی کە مشەی دێ مشەکەی ئێسکی ڕزیو زیندوو دەکاتەوە، چونکە ودمی لە مەسیح وەرگرتووە، لێوەکانی وەکو خونچەی باخە و خاڵەکەی سەرگۆنای وەکو وەنەوشەی سەرکڵاوەی هەردوکاوە، مەمەکانی لەسەر سینگییەوە ڕاوەستاون و دەڵێی بەردی سیدرە، پێکانی ئەوەندە سپییە کە دەڵێی بەفری کەژ و کێوە، یاخوا ئەو نازدارە هەمیشە بەو جوانی و شۆخوشەنگییەوە بمێنێتەوە، چونکە داخی ئەوەندەی نەماوە کە لە داخی ئەو نازدارە سەر بنێتەوە ناو گڵکۆ.

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری داخی کە سەبارەت بەمەرگی مەولەوی هۆنیویەتەوە کە دەڵێ:

دڵە با وەس بۆ، دڵە با وەس بۆ
هوشیار بەر، وادەی مەستیت با وەس بۆ
زەمامەت با وەس وە دەس هەوەس بۆ
وەس فامت نە فکرکەردەی عەبەس بۆ
با وەس خەیاڵت خەیاڵ خاڵ بۆ
وەس حاڵت پەی زولف زوخاڵ بەدحاڵ بۆ



وەس وە تەمای وەسڵ نازک نەهاڵان
سەرمایەی عومرت بدەر وە تاڵان
وەس جۆیای دیدار دیدەی خاسان بەر
وەس مەدح جەماڵ مودبر باسان کەر
بدیە هام فەردان، هام دەرد، هام مەشق
نازک خەیاڵان، دەروون دەریای عەشق
گردین وەو خەیاڵ نازک کەردەوە
وە بار فراق ئەندۆو دەردەوە
هەر یەک وە تەمای نەهاولێکەوە
وە پەژارەی خاڵ بووم لاڵێکەوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقەت چەشتن
نەی وارگەی پڕشۆر وە ناکام وەشتن
خالی بی یاگەی نازک خەیاڵان
بێ مەدداح مەندن نەو نوختەی خاڵان
مەیخانە خاڵی، مەی خوەران بێ شەوق
بادەکەش ماتەم، بادەنۆش بێ زەوق
زیاد جە گردین شای سینەسافان
مەخدوومی (مەعدووم) مەولەوی جافان
جادار ڕەویەی (بێسارانی) وی
صاحب تەریکەی (هادی) و (سانی)وی
ئەبیات (یوسف)، ئەشعار (خانا)
جە خەیاڵ خاسیش وە هیچ مەنمانا
فەرد وەش مەزموون مەلاکەی گۆران
ئەبیات (تورکە)ی مەدداح بۆران
دانەی (داخی) وەند، (خانەی) داخەمین
فەرموودەی (شەفێع) دەروون ماتەمین
ئەفکار ئەبکار (سالحی) کەردە
ئەبیات بەنات (نەجەف) پەروەردە

ئەشعار ڕەنگین (دێوانە)کەی شەم
واتەی (ڕەنجووری) دەروون دەریای خەم
بێ خود جە لای خەیاڵ خاسیش بێ
بێ وجوود جە فکر خاسان باسیش بێ
وادەی موناجات (قازی ئەلحاجات)
وە کزەی دەروون سدق دڵ هەر ستان
ئی دانەی نەفیس شەفافتەر جە لاڵ
مەسفت و قەڵەم سەر نووک خەیاڵ.
یا جە گۆنای من کەرەم ئاوان تەر
ڕەحمەت جە تاوان من فراوان تەر
هەر تۆنی وە تاق دانا و توانا
تۆم هەنی، هەنی وە کێم بۆ هانا
نە فەسڵ فراق بەسەد زاری و دەرد
ئی لافە نە گەنج خاطر بەرماوەرد.
وە وردە زامدا دڵ تاقەت بێزا
هەرچی بیم یەکسەر وە چەمدا ڕێزا
تاقەت بی وە هوون جە سەختی زامان
تک تک چەنی هەرس ڕێزا وە دامان

واتە: ئەی دڵ! وریا بەرەوە کەم مەست و سەرخۆش بە، لە هەوا و هەوەس لادە، وە لە ڕێی پڕوپووچ خۆت بپارێزە، ئیتر کەم لە بیری خەیاڵ و زوڵفی ياربە، وە کەم بکەوە بیری گەیشتن بەیار و سەرمایەی تەمەنت بەتالآن مەدە، کەم بکەوە شوێنی خاڵخاسان و کەم بەجوانی جوانان و شۆخوشەنگاندا هەڵبڵێ، سەرنج دە کە هۆنەرانی هاودەرد و هاوڕازت هەموویان کەوتنە ناو خەم و پەژارە، وە مەزەی بادەی بێ خەوشی ڕاستەقینەیان چێشت، ئیتر شوێنی نازک خەیالآن خاڵی بوو، ئیتر کەسێک نییە کە یار ستایش بکا، مەیخانە خاڵییە و بادە خۆران بێ ئارامن، چونکە مەولەوی کۆچی دوایی کردووە، ئەو مەولەوییە کە جێنشینی بێسارانی و هادی و سانی و یوسف یاسکە و خانا و مەلا وەلەدخانی گۆران و خانە و شەفێع و نەجەف خان و وەلی دێوانە و ڕەنجووی و تورکە بوو.

هۆنراوەکانی داخی بەداخەوە کۆ نەکراونەتەوە، بەڵام لە زۆربەی بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون.



سەرچاوەکان
١- یادی مەردان- مەلا!! عەبدولکەریمی مودەرریس- بەغدا ١٩٨٣.
٢- دیوانی مەولەوی (دەستنووس).
٣- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەداخی.

## مەهجووری

١٢٢٩- ١٣٠٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولحەکیم و کوڕی سەید عەبدوڕەحیمە و لە چینی سەید میرزاییە و بەچەند پشت دەچێتەوە سەر سەید ئەحمەدی باینچۆ کە لە نەتەوەی سەید محەمەد زاهیدی پیر خدری شاهۆیە و نازناوی هۆنراوی مەهجوورییە.

ئەم هۆنەرە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٢٩ی کۆچی لە دێی گەون تووی سەر بەباینچوی لای سنە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵی لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستان گەڕاوە پاشان لە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە لە لای شێخ مەعرووفی نۆدێ خوێندنەکەی تەواو کردووە ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێوە چووەتە خانەقای مەولانا خالد و لە لای مەولانا ئەحمەددا ماوەیەک ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووتە سەر تا ساڵی ١٣٠٤ لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی دنیای بەجێ هێشتووە و لە زانا هەرە بەرزەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و گەلێ هۆنراوەی بەیادگار لە شوێن بەجێ ماوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن.

وەکو دەڵێن نامیلکەیەکیشی بەوی بڕوانامە هەیە کە بەداخەوە هێشتا نەکەوتووەتە دەستمان. ئەوا چەند هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

ئازیزم ماتەن، ئازیزم ماتەن
دل نە دەروونـدا پەی نامات ماتەن
چەمم چەمەڕای گەرد پالآتەن
سا رۆحی مەحرووق بەژن بالآتەن

قەدەم ڕەنجەکەر قیام کەر قامەت
پا بنیەر نە چەم پەی شەفای زامەت
پەرێ یانەی دڵ ڕەنجەکەر قەدەم
ئەر دڵ تاریکەن ساکن بەر نە چەم
تا مۆژەی چەمان کەروو پەرچینت
کەرووش بەفیدای زوڵف پەرچینت
بەل ئەو گەردەکەی ناڵ پالاکەت
ڕاستی چون ئەلف قەد و بالاکەت
جاگیر بۆ چون نوور جە دیدەی بێ نوور
میل بۆ سورمە بۆ پەی دیدەی (مەهجوور)

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! دڵ بۆ نەهاتنت ماتە و چاوم چاوەڕێی بەژن و بالاتە، دەسا وەرە با بەژن و بالات ببینم چونکە گیانم لە دووری بالاتەوە ئەسووتێ، بۆ چارەسەرکردنی برینەکانم پێ بنێ سەرچاوم، وەرە هەنگاو بنە ناو دڵم، وە ئەگەر دیت کە دڵ تاریکە بچۆ ناو چاوم تاکو برژانگی چاوەکانم ببێتە پەرچینت و، ببێتە قوربانی زوڵفی پڕ چینت، و تۆزی کەوشەکانت با لە جیاتی تیشک لە چاومدا جێگیر بێ ببێتە میل و کل بۆ چاوی (مەهجوور).

٢

ئەرێ سیا بەخت مەجنوونی شێوە
مەجنوون کەی چون تۆ شێت بییەن لێوە
ئەو یا دۆست یا دۆست شوغل کارش بۆ
ویرد ئەورادش زکر یارش بێ
نووری نە دەروون پەیدا کەردە بێ
غەیر نام لەیلێ گشت گوم کەردە بێ
پەرێ مەجازی بەو تەور غەیوور بێ
شەو و ڕو هامڕاز وەحش و تویوور بێ
تۆ ماچی عەبای عەشقم ها نە دۆش
نە مەجنوونەنی نە مەست نە مەدهۆش
ماشەڵڵا جە قەیس لێوەی وێڵەکە
وامەندەی مەدهۆش یۆرت خێلەکە



بەو تەور سالک بی نە ڕای موستەقیم
بەلەیلی لەیلێ گیانش بی تەسلیم
سا تۆ (مەهجووری) دڵ بێ وەجدەکە
با ئوستادت بۆ قەیس نەجدەکە
بەڵکە جە ئەلتاف (رحمن الرحیم)
چەنی ئیسم زات گیانش بۆ تەسلیم

واتە: ئەرێ ئەی بەدبەختی مەجنوونی شێوە! مەجنوون کەی وەکو تۆ شێت و لێوە بوو؟ ئەو هەموودەم هاواری لە دۆستی دەکرد و یاری لە بیرا بوو و، تیشکێکی لە دەروندا پەیدا کرد بوو و، خۆی بەو تیشکەوە شێت و شەیدا کردبوو، وە جگە لە ناوی لەیلا هەموو شتێکی ون کردبوو و، شەو و ڕۆژ هاوڕاز و هاوڕێی پەلەوەران و وڵسات بوو. تۆ دەڵێی عەبای ئەوینم لە کۆڵە، کەچی نە مەجنوونی و نە سەرخۆش و نە بێ هۆشی. ماشەڵڵا لە قەیسی لێوە کە داماوی خێڵە، بێ بەو چەشنە ڕوو بکە خوا و لە ڕێی ڕاستەوە برۆ کە بەلەیلا لەیلا گیانی سپارد، سا تۆ ئەی (مەهجووری) با قەیس ببێتە مامۆستات، باناوی یارت هەر لە بیرت بێ و شەو و ڕۆژ ناوی خوا لەسەر زمانتدا بێ، بەڵکو بەهۆی خوای بەخشندەی دڵاوەوە، گیانت بەئاسانی بەیتە دەست.

٣

دڵە مەزانی ڕاگەت چەند دوورەن
تاریکیش جە ڕەنگ شەو دەیجوورەن
خواهی نەخواهی چون ڕای عوبوورەن
دەستە چراوێ پەی تۆ زەروورەن
سا تۆ بۆ بە سۆز ئاه نیمەشەو
وە سەیل دیدەی شەو تۆریای لە خەو
چەنی فتیلەی پێچ ناشەی سەرد
چرا ڕوشن کەر پەی ماوای پڕدەرد
بەل ئەو چراوە ئاشوفتەی سەرشێت
نەو ڕای زولمانی شەوق بدۆ نەرێت
جە پول سرات نەمانای ناکام
توفەیل خاسان کارت بو تەمام

واتە: ئەی دڵ! دەزانی ڕێگەت چەندە دوورە؟ تاریکە و وەکو شەوەزەنگە، بتەوێ و نەتەوێ ڕێی بوارە و دەبێ بەسەریدا تێ پەڕی، لەوێدا دەستە چرایەک بۆ تۆ پێویستە، سا تۆ بێ بەسۆزی ئاهی نیوەشەو، بەلافاوی دیدەی شەوتوریای لە خەو، لەگەڵ فتیلەیەکدا چرا ڕۆشن بکە بۆ ڕێگەکەت، تاکو ئەو ڕێی تاریکت بۆ ڕوون بکاتەوە و، لە پردی سێڕاتدا ناکام نەمبینی تاکو کارت یەکسەر بێ.

٤

دەرمان دەردم محەمەد نامەن
عەکس ڕوخسارش بەدر تەمامەن
ماوای شەریفش خاک حیجازەن
ئەو خاکە دەرمان دیدەی ناسازەن
ئیستدعام ئێدەن ئەوەند نەمەردام
زیارەت ڕەوزەی پاکش بکەردام
خاک ئاسانەش مالاَم نە دیدەم
بۆ بنیام نە بۆی ئەو بەرگوزیدەم
مەرهەم کەم خاکش پەی شەفای زامەت
نە پای هەر ستوون قیام کەم قامەت
سەیر قندیلان نوورینش کەردام
شادیەن ئەو وەخت ئەگەر بمەردام
چونکە پێم مەدان خەت ئازادی
نا مەرد بۆ بەو مەرگ نەکەدۆ شادی
چ خەیالێوەن جە دانش دووری
تۆ کۆ؟ ڕەوزە کۆ؟ لێوەی (مەهجووری)

واتە: دەرمانی دەردم پێغەمبەری گەورەی ئیسلام هافی محەمەدە و، وێنەی ڕوومەتی وەکو مانگی یەکشەوە و، زێدی پیرۆزی خاکی حیجازە و ئەو خاکە دەرمانی دیدەی ناسازە. تکام ئەوەیە تاکو نەمردووم، بارگاکەی ببینم و خاکی بەر دەرگاکەی بساومە چاومدا و، دەم بنێمە سەر بارگەکەی و خاکەکەی بکەمە مەڵهەم بۆ چارەسەرکردنی برینەکانم، وە لە پای هەر کۆڵەکەیەکیدا هەڵسمە سەرپێوە و تەماشای قەندیلە ڕووناکەکانی بکەم، ئەو کاتە



ئەگەر بمرم بۆ من شادییە، چونکە ڕێی ئازادیم پێ دەدەن، نامەرد بێ ئەو کەسەی بەو مەرگە شادی نەکا. ئەمە چ خەیاڵێکی خاوە ئەی مەهجووری؟ تۆ لە کوێ و بارگای پاکی پێغەمبەر لە کوێ؟

٥

ساقی بزانا بڵێسەم بەرزەن
ئیمشەو ناڵەکەم جە هەزار تەرزەن
گڕەی نار عەشق بەو تەور گرتەن تاو
خامۆشیش نییەن بەسەد کووزەی ئاو
فرە مەترسوون جەی سۆز نارە
جەی ناڵەی پڕسۆز هاوار هاوارە
زەمین نارین بۆ چون کوورەی ئەخگەر
وەحشیان جە کۆ ڕەم کەران یەکسەر
سا جامێ بەعەشق پیر مەیخانە
بدە پەی تەسکین شەیدای زەمانە
تا ڕۆح جە بەدەن (مەهجوور) بۆ باقی
ببو بە فیدای جیلوەکەی ساقی

واتە: ئەی مەیگێڕ! ئیمشەو ناڵەکەم لە هەزار چەشنەو گڕەی ئاوری ئەوینم بەجۆرێ بەرز بووەتەوە، کە بەسەد گۆزەی ئاو ناکوژێتەوە، لەم ئاگرە زۆرە دەترسم، زەوی وەکو کوورەی ئاگر بەهۆی بڵێسەی دەروونمەوە گڕی گرتووە، بەجۆرێ کە وڵسات لە کەژ و کێوا ڕەم دەکەن، دەسا بەئەوینی پیری مەیخانە جامێکم پێ بدە، تا بڵێسەی دڵ و دەروونم داساکێنێ و، تا گیان لە لەشی (مەهجوور)دا بمێنێ، دەبێتە قوربانی لار و لەنجەی مەیگێڕ.

دیوانەکەی مەهجووری بەهۆی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی مەهجووری (دەستنووس).
٢- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەهجووری.

# ئەحمەد پریسی

١٣٠٧-١٢٣٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی خەسرەو چاوەش و لە خێڵی میکایلیی جافە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووتە دەستمان لە ساڵی ١٢٣٣ی کۆچی لە دێی پریس لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی هەورامان گەڕاوە، ماوەیەک لە تەوێڵە بووە و لە پاشا لە نۆدشە خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوینیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٧ کۆچی لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵی دنیای بەجێ هێشتووە و لە گۆڕستانی ملەی مزیاری (پریس)دا نێژراوە.

مامۆستا عەلادین سجادی لە بەشی (باخی شاعیرانی) پەڕاوی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێ. ئەحمەد پریسی لە ساڵی ١٢٣٣ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٠٠دا کۆچی دوایی کردووە.

ئەحمەد پریسی یەکێکە لە هۆنەرە هەرە بەرزەکانی کورد و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون. ئەم هۆنەرەمان یەکێ لە دۆستانی مەولەوی بووە و گەلێ هۆنراوەیان بەیەکەوە ئاڵوگۆڕ کردووە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە پەڕاوی (یادی مەردان)دا دەڵێ:

«لە شێخ عەلائوددینم بیست گێڕایەوە وتی ئەحمەد پریسی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لەگەڵ عەبدوڵڵای مرادوەیس بەفەقێیەتی دەچن بۆ نۆدشە، لە ڕێگەدا لە تەوێڵە لائەدەن، لەوێ شەو ئەچنە ناو حەڵقەی دەروێشەکانی شێخ سیراجوددینەوە، ئەوانیش بەبیانووی ئەوە کە منداڵن ئەیانکەنە دەرەوە، ئەمانیش واز ناهێنن، وە هەر بەو شەوە خەلیفەیێک ئەدۆزنەوە و تەریقەتی لەسەر دەستا وەرئەگرن و ئەچنەوە ناو حەڵقەی دەروێشەکان و ئەوەندەی پێ ناچێ ئەحمەد بۆ یەکەم جار جەزبە ئەیگرێ و ئیتر ورده ورده بەجۆرێ لە سۆفیەتیدا پێش ئەکەوێ و دەڵێن گەیشتووەتە ڕیزی پیاوانی خواناس کە لەم بارەوە مەولەوی دەڵێ:

بریا وە باڵای کاڵای رەئیسی      (رجال الغیب)ە ئەحمەد پریسی

ئەحمەدی پریسی گەلێ جار لەگەڵ مەولەوی بەهۆنراو پیلەبازی و بەربەرەکانێی کردووە، جارێکیان مەولەوی لە لاواندنەوە و شینی سەی سەمەدی خانەگاییدا کە مار پێوەی دابوو،



پارچە هەڵبەستێکی هۆنییەوە کە لە تاقە هۆنراوێکیدا دەڵێ:

گوڵ عادەتشەن بێ خار نمەبۆ      گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمە بۆ

کە لە پاش خوێندنەوەی هۆنراوەکانی خێرا ئەحمەدی پریسی دەڵێ:

نە نە ئەو مارە هەر مار غار بێ      پەی پابۆس پاش وە ئینتزار بێ

ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

نە سەر دیارێ، نە سەر دیارێ
ئارۆ شەخسێ دیم نە سەر دیارێ
چون چەشمەی حەیات خاڵ زەنەخدارێ
چەرخ چەم چون باز کەتوون مەی تارێ
شەونم نە ڕووی بەرگ گوڵ باغ بەهارێ
سەییاد سەیدان چون من هەزارێ
جە سەفحەی جەبین ساکار سامانێ
مەکتووب بی وە ئەمر شای لامەکانێ
سەر عێل ڕەوێڵ زوڵف کەلافانێ
شەم شێوە شیرین نەسڵ جافانێ
دیم دەس وە سەر سەر کەمان گرت مەحکەم
کێشا تا سەرسەر کێش سەردان وە هەم
خەمیا و هەوادا عەلەم کەرد قامەت
شەست نەوکەمان پەی کەردەی زامەت
سەرا سەر سارای تەن وە هووناو وەرد
پەڕە پەڕەی جەرگ پڕان پڕان کەرد
تا چەرخ چەپگەرد مەدران وە پاوە
گل مەدون وە زام ناسۆر نماوە
مەجزووبم جەزەڵ هەر دوور نە شادیم
کوشتەی سەر ڕەوێڵ عێل مرادیم

واتە: ئەمرۆ لە شوێنێک کیژێکی شۆخوشەنگم دی کە چاڵی تینی وەکو سەرچاوەی ئاوی ژیانە، وە شەونم دەڕژێتە سەر گەڵای گوڵی ڕوخساری، هەزار ڕاوچیی وەکو من دەکەونە داوی زوڵفەکانییەوە، شێوەی شیرین و جوانە و لە ترومی جافە. باڵای وەکو ئاڵا هەڵکرد، وە

سەراسەری دەشتی لەشی بەخوێناو خواردەوە، بۆیە هەموودەم بەزامی ناسۆرەوە دەگلێمەوە و کوژراوی دەستی ئەو کیژەم کە لە عیلی مراد جافە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

عەرزە داشت بەندەی دڵ وە خەم خوارت
سەودابیم کەردەن تاسەی دیدارت
زەڵم و تانجەڕۆی دیدەی پڕ جە هەموون
بێن وە رەشک ئەفزای فورات و جەیحوون
یانێ های دیدەم یەند زۆر ئاوەردەن
ڕای قوفە و کەشتی و جسرش بەند کەردەن
جە قەڵوەزەی هوون شەهیدان یەکسەر
بێ جا کوشتەی تێغ نیم نیگای دلبەر
سارای شارەزوور ئینە چەن بەینەن
وێنەی کەلوەلای ئیمام حوسەینەن
رای ئاماو لوای قاصد بەند بییەن
پەوکە نامەمان ئامشۆش نییەن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! تاسەی دیدارتم کردووە و زەلم و تانجەڕۆی چاوانی پڕ لە خوێنم، ڕووباری فورات و جەیحوون بەهیچ دەزانن، فرمێسکی چاوانم ئەوەندە داوەریوە و زۆری هێناوە کە بەری ڕێی کەشتی و پردی گرتووە، وە هەمووی ئەمانە بۆ نێونیگای تۆیە، سارا و دەشتی شارەزوور ئەمە ماوەیەکە کە وەکو کەلوەلای ئیمام حسێن بەری ڕێی هاتوچۆی نێرراوی بەند کردووە، بۆیە نامەمان بۆ یەکتر نایێت.

ئەحمەد پریسی هەندێ چوار خشتەکیشی لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و بەرزن. ئەمەش چوارینەکانی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئەوسا تا چەپگەرد ڕاست مەگەرد کەم کەم    ران وە بان ران مەنیشتێن وە هەم
ئیسە هەر وەختێ تاسەی تۆمانەن    وە سەودای نامە ئامشۆمانەن

واتە: ئەو کاتەی کە چەرخی چەپگەرد ڕاست ئەسووڕایەوە، لە پاڵ یەکەوە دادەنیشتین و لەگەڵ یەکدا دەدواین، بەڵام ئێستا هەر کاتێ تاسەی تۆ ئەکەم دەبێ بەهۆی نامەوە لە هەواڵی یەکتر ئاگەدار بین، چونکە لە من دوور کەوتوویتەوە.



٢

هیچ چینە وەشتەر نییەن نە ئافاق    وە فتوای جومهوور مەعشەرەی عوششاق
پەی کەسێ وە عەشق دڵ سەودایی بۆ    دۆس نە بەهانەی خودنمایی بۆ

واتە: بەپێی بڕیاری کۆمەڵی سەوداسەران و دڵبراوان، هیچ شتێ لەوە خۆشتر نییە کە بنیادەم دڵی پڕی بێ لە ئەوین و دڵداری و هەرخەریکی خۆنواندن بێ و بەهانە بگرێ.

٣

ئەلعەجەب، دیدەم، عەجیبتەر چێشەن    چەند ساڵەن وە تیر عەشق دڵ ڕێشەن
قرچە و چۆقەی جەرگ سەنگ نەبەر تاوان    هێمای پزیسکەش وە تۆ نەیاوان

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! سەرم سووڕ دەمێنێ کە ئەمن چەند ساڵە بەتیری ئەوینی تۆ دڵم بریندار بووە و قرچە و کزەی دڵ و جەرگم بەردی کردووەتە ئاو و تاوانوویەتەوە، کەچی هێشتا پریسکەی بەتۆ نەگەیشتووە.

هۆنەر ئەم پارچە هەڵبەستەشی لە لاواندنەوەی یەکێ لە پیاوە گەورەکانی جاف هۆنیوەتەوە کە گوایە بەگوللەی وێڵ کوژراوە، وەکو دەڵێ:

فەلەک وە ناسوور، فەلەک وەناسوور    ئای چەن زامانت کەفتەن وە ناسوور
هەر نە ڕۆی ئەلەست تا وە نەفخ سوور    یانەی کێ وە دەس تۆ نەوی خاپوور
پەی وە قوڵنگ قەتڵ چەنی دێوانە    وەسڵ شیرینت کەرد وە بەهانە
ئیسە کارێت کەرد ئەوان شەردەوە    دیسان کەلبەلات تازە کەردەوە
ئەو سەر عێل خاس جای سەرکلاڤان    ئەو عێل بەگی عێل قەبیلەی جافان
ئەو سەفای خاتر کەمەند وە پێلان    ئەو نازار خاس دوور جە ڕەویلان
ئەو قەلغان دەفع ڕوی قەزای ئافاق    ئەو ڕوستەم نە بەین ئیرانییان تاق
ئەو سەعد ڕۆی بەدر جیهان ئارای نەو    ئەو هەر خاسەی ئەو شەو یەڵغار شەو
تا بەردت وە سای سەنگ مەزاران    شێونات نازان ڕەعنا ڕەفتاران
کۆڕپە ئەگریجان نازاران چین    ورده پیرۆزان ڕووی سەفحەی جەبین
ئەو پاچیان وە پاچ مەودای دوور تێخ    ئێد وە سەرف تێخ ناخوون هات جە بێخ

واتە: ئەی چەرخی گەردوون! هەر لە ڕۆژی بەرینەوە تا ئێستا ماڵی چەند کەست خاپوور کرد؟ فەرهادت بەبۆنەی شیرینەوە لە ناوبرد، ئێستا ئاواتی سەرۆک عێلی جافەکانت کە وەکو ڕۆستەم پاڵەوان بوو، بردە ناو گۆڕ و نازت شێواندن و شین و شیوەنت خستە ناو هۆزەکانی عێل.

ئەحمەد پریس بەشێوەی جافییش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، هەندێ جار هەر بەجافی وەڵامی مەولەویی داوەتەوە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی لە دیوانی مەولەویدا دەڵێ: ئەحمەدی پریسی دوو خوشکی بووە بەناوەکانی لەیلێ و بەییجێ و (مەولەوی)یش حەزی لە لەیلێ کردووە بیهێنی، بەڵام ئەو شووی کردووە بەیەکێکی تر، ئینجا مەولەوی دەیەوێ بەییجێی خوشکی بێنێ و بۆ خوازبێنی ئەم دوو هۆنراوە بۆ ئەحمەد ئەنووسێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| قسەیی دەکەم بەڕێ و جێ وێ | کە لەیلێ نەوو، با بەییجێ وێ |

واتە: کە لەیلای خوشکتم بۆ نەبوو، خوشکەکەی ترت بەییجێم بدەرێ، ئەویش لە وەڵامدا بۆی دەنووسێتەوە و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| قسەیێ دەکەی بێ ڕێ و جێ وی | توو کە مەجنوونی چۆن بەییجێ وی |

واتە: قسەکەت بێ ڕێ و جێیە، تۆ کە خۆت بەمەجنوون دادەنێی مەجنوون دەبێ هەر لەیلا بوێ و دڵ بەکەسی تر نەدا، ئیتر تۆ چۆن داوای بەییجێ دەکەی.

ئەحمەدی پریسی وا دیارە ڕێ و ڕچەی (جەبری)یەکانیش کاری کردووەتە سەری، چونکە جەبرییەکان لایان وابوو هەر کارێ کە دێتە سەر بنیادەمدا لە لایەن خواوەیە مرۆ لەم بارەوە هیچ دەستەڵاتێکی نییە و ئەوەشمان لەم پارچە هەڵبەستەدا کە بەشێوەی جافی هۆنیویەتەوە بۆ دەردەخا، وەکو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| خوا من و تو با بێینە حەساو | هیچ درۆی نەوی وەی بێ چاوو ڕاو |
| حەوت سال لەسەر یەک ڕەمەزانم گرد | لە مالی خوەما بەربانگم نەکرد |
| ئەوساکە لە ماڵ ڕەزا قولی خان | سەد شەقیان لێ دام لەسەر لەتێ نان |
| تو وە چاوە و بووی نەهاتیتە جواو | ئیسەش پیم ئێژی (ئەحمەد) پیاو خراو |
| ژێرم خاک دەکەی سەرم سەنگ ئەکەی | کە من دەنگ ناکەم تو بۆ دەنگ ئەکەی |

واتە: خوایا ئەمن حەوت ساڵ لەسەر یەک لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژووم گرت، بەبێ ئەوەی لە ماڵی خۆمدا بەربانگ بکەم، پاشان لە ماڵ ڕەزاقولی خاندا لەسەر لەتی نان سەد شەقیان دا لێم کەچی تۆ ئەمەت دی و هیچیشت نەوت، ئێستەش پێم دەڵێی: پیاو خراو، سەرەنجام دەمخەیتە ناو خاک و بەردێک دەنێیتە بان سەرم، ئێسا من دەنگ ناکەم تۆ دەنگ دەکەی.

کاک ئەحمەد لێرەدا دیارە بەهەڵەدا چووە، چونکە شەق لێدانی ئەو نە بەدەستی خوا بووە نە بەدەستی خۆی، بەڵکو هۆی ئەو کارە ڕەنگە کردەوەیەکی نالەبار بووبێ کە بووەتە هۆی



ڕقی ڕەزا قولی خان، وە لەبەرئەوەی ڕەزا قولی خان خاوەن زۆر و دەستەڵات بووە ئەویش ڕەنگە فەرمانی لێدانی هونەری دەرکردبێ، ئەگینا ئەم کارە چ پەیوەندییەکی بەخواوە هەیە؟

سەرچاوەکان


١- یادی مەردان- مەلا عەبدولکەریمی مدرس- بەغدا ١٩٨٣.
٢- دیوانی مەولەوی - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس - بەغدا ١٩٦١.
٣- مێژووی ئەدەبی کوردی- علاء الدین سجادی- بەغدا ١٩٥٢.
٤- بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٥- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەحمەد پریسی.


## غولام شا خانی والی

١٢٣٩-١٢٨٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەمانوڵڵا و کوڕی خەسرەو خانی ناکامە و لەبەرئەوەی لە کۆشکی فەتالی شای قاجارا لە دایک بووە نازناوی (غوڵام شا)یان پێ داوە و لە هۆنراویشدا والیی کردووەتە نازناوی خۆی. بەپێی مێژووی مەردووخ، غوڵام شاخان هەر لە کۆشکی شادا گەورە بووە و لەبەرئەوەی نەوەی شا بووە لە لای باشترین و گەورەترینی زانایانی ئەوسەردەمە خەریکی خوێندن بووە و لە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی واتە لە تەمەنی بیست و سێ ساڵاندا بەپێی فەرمانی شا بووەتە والی و فەرمانڕەوای وڵکەی ئەردەڵان، وە لە ساڵی ١٢٦٤ بەهۆی پیلانێکەوە دەیگرن و دەینێرنە تاران و لە پاشا ساڵی ١٢٦٥ بۆ جاری دووەم، دەبێتە والیی کوردستانی ئەردەڵان، بەڵام لەم کەڕەتەدا لەبەرئەوەی لە ڕێ و ڕچەی باوباپیری دەردەچێ و دەبێتە شێخی کە ڕێبازگەیەکی تازە بووە، داوا لە لە خەڵکیش دەکا کە ئەو ڕێبازگەیە وەرگرن و مەلایان و زانایانیش زۆر تووڕە دەبن و گەلێکیان بار ئەکەنە خاکی عوسمانی و گەلێ ئاژاوەی تریش لە کوردستانی ئەردەڵاندا ڕوودەدا و سەرەنجام تووشی نەخۆشیەک دەبێ و دەڕواتە تاران و لەوێدا نەخۆشییەکەی چارەسەر نابێ تا لە ساڵی ١٢٨٤ لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لە تاران دەنێژرێ.

والی پیاوێکی زانا و تێگەیشتوو بووە، وەکو دەڵێن زۆر بەشەرم و جوامێر بووە، لە دەوری فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا گەلێ کاروانسەرا و مزگەوت و ئارامگای دروست کردووە، مزگەوتی دارولئەمان کە بەمزگەوتی والی ناسراوە شوێنەواری ئەوە، هەروەها گومەزێکیشی بەسەر گلکۆی پیر عومەرەوە دروست کردووە، هەروەها گەلێ حەزی لە کۆکردنەوەی پەڕاو و نامیلکە کردووە، لە پاش مردنی نزیکەی دوو هەزار بەرگ پەڕاو لە

پەرتووکخانەکەیدا هەبوو کە زۆربەی کوردی بووە، وە لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا بێ وێنە بووە و زۆربەی هۆنراەکانی دڵدارین و دیوانێکی بەرز و نایابی بەکوردی و فارسی هەیە کە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

میرزام زام حەی، میرزام زام حەی
دانایان دەور دانش کەردە طەی
ئەفلاتوون فامان، حەکیمان حەی
پەی ئازار دڵ نیشان دان دوو بەی
هۆرێزام دەردەم شاران کەردم تەی
ناگا دیم دوو بەی نەسەر شاخەی نەی
بەی چ بەی؟ سەمەر نەونەمام نەی
خولاسە و خۆش بو، خوشمەزە چون مەی
نە فەرق بەیدا جفتێ سیا حەی
موستەحفێز مەدران نە دەوران بەی
تەواسیامەوە، مەخفی بیم جە حەی
تەرسام، نەبەردم دەس پەی بنەی بەی
مەر هەم بای شەماڵ بیاوو پەی پەی
جە هەم جیا کا حەی و بەی و نەی
وەرەنە ئی تفڵە تفڵ ئاسای خودڕەی
پەنجە مەپێکۆ نە قولابەی بەی
حەی و بەی و نەی جەرگم کەردەن پەی
زیندەگیم پەی چی؟ وەی وەیانەم وەی
قەومان و خوێشان کێ دییەن، کێ؟ کەی
بەی میوەی نەی بۆ، حەی نە دەوربەی؟
گیسوو چون عەقرەب پێچ پێچەن چون حەی
لوولەن چون لاولاو پای نەمام نەی
بە حوکم قادر عەلا کولل شەی
وە بەیان بەیان مەقسەد کەردم تەی
(غولام) بەشەق ئەو شا لامەکان کەرد تەی
بێ دەرس. علووم حاسل بییەش پەی



وەس بشۆ نە فکر ئینتزار بەی
سەودای بەی، ڕەنگت زەرد کەرۆ چون خوەی

واتە: ئەی مەردم! ئەی زانایانی دەور کە فێری زانست بوون، یارە خۆشەویستەکەم دوو بەهیی پێوەیە هەروەکو بادە بەتامن، گەلێ ڕێم بڕی کە بیبینم، دیم کە دوو ڕەشماری پەلکەی بەدەوریا ئالاون و ناتوانم دەستیان بۆ بەرم، مەگەر بای شەماڵ هەڵکا و ئەو دوو ڕەش مارە لە لەشی جیاکاتەوە، چونکە باڵا جوان و ڕێکوپێکەکەی و قژە ڕەشەکەی و لار و لەنجەکەی دڵ و جەرگی منیان لەت کردووە، مەگەر بای شەماڵ لە یەکیان بکاتەوە. دەسا ئەی (غولام) کەم بچۆ ناوبیر و سەودای یار، بارەنگت لەمە زیاتر زەرد نەبێ.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

ڕاس دڵ مەیژە "والی" ئەر شا بێ
واجبە بو دز پا لە حاشا بی
بەڵ ئەمە خوداس حەپس تەقدیر بێ
دەس وە دوو شاخەی زوڵف زنجیری بێ
حوسن بێ پایان زوڵف پەرێشان
زنجیرەکەی دڵ، تازیانەکەی گیان
زولف و کاکوڵی دوو دەرد تەوئەم
ئەم عوقدەی موشکڵ، ئەو بەند مەحکەم
شێت بە بەو زنجیر، بەو دەشت و دەردا
ئەمجار نۆبەتە بدەی وە سەردا
سەرتاپام قوربان پا تا سەرت بێ
دەوڵەتەکەی حوسن هەر تا سەرت بی
لەو بادە بدە ساقیی بێ میسال
زەوقی وەک هیجران، شەوقی وەک ویسال
فارغ کا لە قەید سوود و زیانم
نە سوود و زیان حەتتا نەزانم
مەستم یا هوشیار، بێدار یا خەو
یارم یا ئەغیار، من منم یا ئەو
ئەرزانی بێ میسر بەعەزیزەکەی
خەلاس بیم نە دەس تورەحیزەکەی

یارەب بە یەعقوب، یوسف وە سەیری
حەقم بسێنێ، حەقۆسێن نەمری
بەیەکێ وەک خۆی دەسەویەخەی کا
نیمە شەو دوچار چغەچغەی کا
وەک چاو ئێشەدار ئێش و گلی بێ
ئەمجارە نۆبەی تلاوتلی بێ
بەدەردی عیشق و دەوا دەوا کا
بدا وە سەردا، خودا خودا کا

واتە: یارەکەم بەزوڵفەکانییەوە کە وەکو زنجیر وانە دڵمی خستووەتە بەند و بەجارێ شێت و شەیدامی کردووە و هۆشمی لێ بڕیوە و، لە وانەیەکە بۆ کەژ و کێو سەرهەڵگرم و بدەمە سەر خۆمدا، دەسا ئەی مەیگێڕ جامێ بادەم پێ بدە تا لە خەم و پەژارە ڕزگارم بێ با سوود و زیانی خۆم نەزانم و عەزیزی میسر هەرزان بێ و یەعقووبیش چاوەڕوان بێ، ئەوسا خوا هەقم بسێنێ و با یاریش بەو دەردەوە بتلێتەوە و بداتە سەر خۆیدا خودا خودا کا.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

مادده موستەعید وەقت نەشتەرە
وەلێکین خۆفی سەختم لەبەرە
سەراپام مەملوو لە مەیل لەیلە
وجوودم نە جام حەیات کەیلە
فەساد بی خەبەر نەکەین و بەینێ
ئێش و نێش وە مەیل لەیلێ نەگەینێ
لەو وەختە نەفەس کەوتە شومارە
دیدە وە حەسرەت نیگای دوبارە
نالەی بولبولێ بو لائوبالی
(والی) نە بوڵبوڵ خاستر دەناڵی
وەڵڵاهی سدقە ئەوقاتت تاڵە
موسیبەت زەدەی حاڵت بەدحاڵە
لەو زەخمە دەرهات وەبن گوێچکیدا
دەرچوو، خاس دەرچوو، وەلای دۆچکیدا



ئەگەر وەک جاران دەیتلێنێتەوە
قەدری وە ئەدەب نەیکولێنێتەوە
لەبەر ئێش و ئێش خدێم زارییە
زەخم ئەورامان خەیلێ کارییە
لەو حاڵەتەیشدا فەرامووش نەبووی
سڕ نیگار دێر بووی، دەم هەڵە نەبووی
مونس و ئەنیس شەوتارم بووی
گا گوڵ، گا بولبول، گاهێ خارم بووی

واتە: یارەکەم لە کانی دڵەوە خۆش ئەوی و دڵم پڕە لە خۆشەویستی ئەو، لەو وەختەوە کە چاوم کەوتە ئەو و سەوداسەری بووم وەکو بوڵبوڵ بۆ ئەو دەمناڵاند و شەو و ڕۆژ بێ ئارامی بووم، وە لەبەر ئێش و ئازار هەر دەگریام و برینەکانم کاری بوون و لەو حاڵەتەشدا لە بیر نەچوو و هەر لە بیرمدا بوو.

سەرچاوەکان
١– تاریخ مردوخ– تالیف آیت اللة مردوخ – تهران ١٣٢٤.
٢– حدیقە امان اللهی تالیف میرزا عبدالله سنندجی، باهتمام خیامپور– تهران ١٣٤٤.
٣– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لە مەوپێش نووسراوە.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە غولام شاخان.

## شێخ محەمەدی فەخرولعولەما

١٢٥٠– ١٣٠٥

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە یەکێ لە ئەستێرە درووسکەدارەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی محەمەد ساڵح کوڕی شێخ ئیمامەدین و نازناوی (فخر العلماء)و ناتۆرەی (حەیران)ە و لە بنەماڵەی مەردوخییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستمان دایە، فەخرولعولەما لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی لە دێی دەژن کە لە نزیک پالنگاندایە، پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و بەشێ لە قورئانی پیرۆزی خوێندووە و شێخ (امام الدین)ی باوکی کە پیاوێکی زانا و تێگەیشتوو بووە، لە لایەن سەردارە گەورەکانی ئەردەڵانییەوە بانگ دەکرێ بۆ شاری سنە و دەخرێتە ڕیزی زانا پایەبەرزەکانی شاری سنەوە، شێخ محەمەد ساڵحی

کوڕی لەو کاتەدا کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو دەبی، لە خوێندگەکانی شاری سنەدا دەست دەکا بەخوێندن و لە پاشا دەڕواتە مزگەوتی (دار الاحسان) و لەوێدا ڕێزمانی عەرەبی و پەڕتووکەکانی فقهی دەخوێنی.

شێخ محەمەد گەنجێکی لاوچاک و زیرەک و وشیار و وێژەوان و خوێن گەرم و نزیک بەدڵ بووە، لەو ڕۆژگارەدا کە شاری سنە نزیکەی هەزار فەقێی تێدا بووە، شێخ محەمەد یەکێ بووە لە فەقێ ناسراو و بەناوبانگەکانی ئەو شارە و هەموو مەلا و فەقێکان خۆشیان ویستووە و ڕێزیان گرتووە.

شێخ محەمەد باوەکو مرخێکی سروشتیی هەبووە، لەبەرئەوە بیر و هۆشی خۆی بەفێربوونی زانیارییە ئاینییەکانەوە خەریک کردووە، لەو کاتەدا کەمتر دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە. شێخ بەم چەشنە لە خوێندنگای گەورەی ئەو سەردەمەدا ناوبانگ دەردەکا و سەرەنجام ودمی مەلایەتی وەردەگرێ و لە پاشا لە لایەن زاناکانی ئەو ڕۆژگارەوە نازناوی (فخر العلماء)ی پێ دەدرێ و ئیتر هەموو کەسێک ڕێزی دەگرێ و ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەدەرس وتنەوە و ڕێنموونی خەڵک و هۆنراو هۆنینەوە دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٥ لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا لە شاری سنە کۆچی دوایی دەکا.

شێخ محەمەد یەکێ لە هۆنەران و زانایانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و گەلێ هۆنراوی بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هۆنیوەتەوە و هەمووی هۆنراوەکانی مامۆستایانە و پڕ مانا و دڵڕفێنن، وە هۆنراوە کوردییەکانی کە بەزاراوەی گۆرانین، لە ئەوپەڕی جوانی و شیرینی و ڕەوانیدان، ئەویش لە بەرئەمەیە کە پیاو بەزمانی زگماکی خۆی باشتر دەتوانێ هەستی دەروونی دەرببڕێ و لە وشە و زاراوی ئاساییدا جێی بکاتەوە.

شێخ محەمەد لە کاتێکدا دەگاتە دوا پلەی فەقێیەتی، سەرچاوەی خواپەرستی کە زۆرتر لەو جۆرە کەسانەدا بەهێزترە، دێتە جۆش و خرۆش و مەلی تیژباڵی حەزلێکردن و ئەوینی لە جیهانی بەربلاوی جوان پەرستیدا دێتەوە باڵ و لەناکاو ئەو مەلە دەکەوێتە تۆڕ و داوی جوانی و شیرینیی کچێکی مەسیحیەوە، وە بۆ هەمیشە لەو تۆڕ و داوەدا گیرۆدە دەبێ و دەمێنێتەوە، ئینجا لەو داوەدا سەرچاوەی هۆنراو و هونەریەتی دێتە جۆش و ناچار باری دەروونی خۆی لە جیهانی ئەوین و ئەویندارىدا، لە چوارچێوەی هۆنراوی جوان و پاراو و دڵڕفێندا دەردەخا کە هەر یەکەیان نوێنگەیەکە لەو بارە بژۆنییە و، دەیکاتە هۆی ئاسوودەیی و پێ خۆشبوونی دڵی بەدیلکراوی خۆی.

بەڵێ (فخر العلما) بەم چەشنە دەکەوێتە داوی ئەوین و لە ئاگری ئەویندا دەسووتێ، بەڵام دڵخوازەکەی گوێی پێ نادا و هەر لاشی لێ ناکاتەوە و ئەویش لە پارچە هەڵبەستێکیدا بێ



نیازی و هەوا و باسەری دڵبەرەکەی پیشان دەدا و جۆش و خرۆشی دەروونی خۆیشی دەردەبڕێ و دەڵێ:

نەدیم، نەشنەفتم نە ڕوزگاران
دوو تەن وەک یەک دڵ دەوران بو یاران
ئید مەیلش وە چەپ ئەویەک وەڕاسەن
ئێد پارەکەردەن، ئەو یەک وراسەن
ئید مەیلش پاپێچ ڕیشەکەی گیانەن
ئەو یەک وە فریو حەرف زوانەن
تەزەروان نە پای سەروان مەناڵان
سەروان سەر نە ئەوج وە هەوای یاڵان
بوڵبوڵان جە داخ نەوگوڵان زارن
گوڵان هەم ئاغۆش سەرنێش خارن
موفلیسان پەی گەنج نە ڕەنجدامەردەن
گەنج دەس وەگەردەن ئەژدەها کەردەن
فەرهاد پەی شیرین نەچەم هەموون ڕێزەن
شیرین گەرم بەزم عەیش پەروێزەن
مەجنوون پەی لەیلێ بێزار جە تەرەب
لەیلێ نە تەرەب سەرئێل عەرەب
پەی تەرسا، سەنعان دین وە تاراج دا
سککەی نەسرانی پەرسان ڕەواج دا
هەر سێ وە عەشقم مەشقشان کەردەن
هیچ کام پەی وە مەرز عەشقم نەبەردەن
چێش وا چوون ئازیز، من پەی توچوونم
سەرمەشق فەرهاد شێخ و مەجنوونم
جاتۆیچ نەچون لەیل، نە وێنەی تەرسا
نە شێوەی شیرین جە حەق نەتەرسا
خاترت وە مەیل ڕەقیبان کەیل کەرد
منت سەرگەردان سارای دوجەیل کەرد

هەر لالام، نالام، زاریام، پالام
تا وە دیدەم گەرد ڕای ڕەقیب مالام
ئاخر وە هیچ ڕەنگ سوودێ نەبەخشا
دڵت وێنەی سەنگ سیا نەلەخشا
نە زەڕێ مەیلم نە دڵتا جا کەرد
نە کەمێ مەیلش نە دڵتا لا بەرد
ئازیزم، قوربان، زیندەگیم، ڕۆحم!
منیچ چی مەیلە تۆبەی نەسوحم
بەڵام گەرمیی تاو کوورەی دەروونم
سەردیی هەناسەی جەستەی زەبوونم
ئەو یەک ڕەقیبت وە قەقنەس کەرۆ
ئێد گەرد شادیش پەرێ هەرد بەرۆ

واتە: تا ئێستا نەمدیوە و نەمبیستووە کە دوو کەس یەک دڵ و یەک گیان ڕۆژگار ببەنە سەر، ئەم حەز بەلای چەپ دەکا و ئەو حەز بەلای ڕاس دەکا و ئەم دڕیویەتی و ئەو دوورانوویەتی. ئەم حەز دەکا کە گیان لە ڕیشەوە بپێچێتەوە و ئەو حەز دەکا کە بەقسە مرۆ فریو بدا . کۆترە باریکەکان لە بەردارە سەوڵەکان دا هەر دەناڵێنن، دارە سەوڵەکانیش، ئەوەندە بەرزن کە لام وا نییە ئەوان پێیان بگەن، بوڵبوڵەکان لە داخی گوڵان دەگرین و گوڵەکانیش باوەشیان کردووەتە دڕک و دالان، بێ پوولەکان و هەژاران بۆ گەنجیش دەستیان کردووەتە ملی ئەژدەهاوە، فەرهاد بۆ شیرین ئەوەندە گریا کە خوێن لە چاوانییەوە هات، کەچی شیرینیش لەگەڵ خەسرەو و پەروێزا ڕای بوارد، مەجنوون بۆ لەیلا لە بەزم و ئاواز بێزار بوو، کەچی لەیلا بووە، بەزمی سەر عێلانی عەرەب، بۆ کچە فەلەیەک سەنعان دین و بڕوای خۆی بەتالان دا و دراوی فەلەکانی باو کرد، کەچی هەر سێی ئەمانە بەئەوینی من مەشقیان کردووە، وە هیچ کام پەییان بەسنووری ئەوینم نەبردووە، چی بڵێم ئەی خۆشەویستەکەم من بۆ تۆ چۆنم؟ من سەرمەشقی ئەوینی فەرهاد و مەجنوونم، جا تۆش وەکو لەیلا و شیرین منت ئاوارە و دەر بەدەر کرد، هەر چەند پاڕامەوە ناڵانم و گریام، تەنانەت بەچاویشم تۆزی پێی خەنیمم پاک کردەوە، بەڵام هەمووی ئەمانە سوودێکی نەبەخشی و دڵت بۆم نەسووتا ئەی خۆشەویستەکەم ئەوە بزانە کە تین و گەرمای کوورەی دەروونم و خەنیمەکەت دەسووتێنی و دەیکاتە قەقنەس و ساردیی هەناسەی، لەشی زەبوونیشم کاتێ کە هەڵکا، تۆزی شادی و خۆشیت دەباتە هەرد .



کارەساتی ئەوین و دڵداری شێخ محەمەدی فەخرولعولەما باوەکو لە پەرتووکێکی جیاواز نەنووسراوە، بەڵام لەبەرئەوە ڕووداوێکی جوانی ئەوینی بووە، ئێستاکەش زۆربەی پیرەمێردەکانی شاری سنە، لە کۆڕەکان و شەونشینییەکاندا دەم بەدەم دەیگێڕنەوە.

وەکو دەڵێن: شێخ محەمەد پاش ئەوە کە دەکەوێتە داوی ئەوینی ئەو کچە فەلەوە تا ماوەیەک ڕازی ئەو ئەوینە بەلای کەسەوە نادرکێنێ، چونکە ناوبراو زانایەکی ئایینی تازە پێگەیشتوو و بەناوبانگ و لە خێزانێکی گەورە و ناسراو بووە و کارەساتی ئەوین بۆ وەها پیاوێک کارێکی نابار و ناجۆر دەدرێتە قەڵەم.

شاردنەوەی کارەساتی ئەوینی فەخرولعولەما دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕۆژ بەڕۆژ دەردی دڵداری دەروونی گرانتر بێ و، ئەو خۆشەویستییە پەنامەکی بەرزتر لە دڵیا کاری بێت، بەڵام بۆ پاراستنی کەسایەتی و ئابڕووی کۆمەڵایەتی خۆی تا ئەو جێگایە کە بۆی کرا ئەو کارەساتە سەخت و دڵتەزێنەی لە خەڵکی دەشاردەوە.

هەر لەو حەلەدا کە شێخ محەمەد لە نهێنیدا ئاوڕی دەروونی دڵدارییەتی دەبرژا و دەقرچا، لە لایەن زانایان و فەرمانڕەوا ئەردەڵانییەکانەوە نازناوی (فخر العلماء)ی پێ بەخشرا، وەچووە ڕیزی زانا بەناوبانگەکانی ئەو دەمەی شاری سنەوە. بەڵام فەخرولعولەما تەنیا خۆی دەیزانی کە چیی لێ قەوماوە و چ دەردێکی کەسکون ڕووی تێ کردووە، دەردێکی گران و دڵتەزێن و لە ڕاستەقینەشدا شیرین و دڵڕفێن چ دەردێ؟ دەردی ئەوین و دڵداری، ئەو دەردە کە پێی دەوترێ کێشەی گیانی، ئەو کێشەی کە هەموو ئەندامانی ئەم جیهانە بێ سەروبنەی پێکەوە نووساندووە، وە هەر یەکەی لە جێگا و ڕێگایەکی دیاریکراودا هەتاهەتایە هێناوەتە گەڕان و سووڕانەوە.

ئەوینی فەخرولعولەما سەبارەت بەو کچە فەلە کوردە کە هەردووکیان دانیشتووی شاری سنە بوون دەگاتە ڕادەیەک، هەوساری ویست و شاردنەوە لە ئەو دەستێنێ و ئیتر فەخرولعولەما خۆی دەسپێرێتە ئەو ئەوینە ئاورینە، وە کەم کەم دەردی دەروونی خۆی بەلای دۆست و ئاشنا و دراوسێوە دەدرکێنی، وە هۆنراوە پڕ سۆزەکانی کە لە بارەی چۆنییەتیی ئەوینی دڵخوازەکەیەوە وتوویەتی بۆیان دەخوێنێتەوە، وە ماوەیەکی زۆری پێ ناچێ باسی ئەوینی ئەو لە شاری سنەدا دەنگ دەداتەوە، وە بەپێی مەتەڵی: پاش ڕووت کرانەوە تەشتی تەڵایی لەسەر سەرتەوە دانێ، فەخرولعولەما ئارام و وەقرەی لێ هەڵدەگیررێ و، شەو و ڕۆژ بیری بەلای ئەوەوە دەبێ کە لە گۆشەیەکەوە چاوی بەدڵبەرەکەی بکەوێ و، بەو چاوپێکەوتنە ئاگری تاسە و ئەڵهای دڵی دامرکێنی و تاوێک بەئارامی بحەوێتەوە.

دەگێڕنەوە کە ئەوینی ئاگرینی ئەو کچە فەلە کوردە، بەچەشنێکی وەها لە دڵی

فەخرولعولەمادا کاری بووە کە هۆشی بەلای خۆیەوە نەماوە و هەموو دەم چاوی بڕیوەتە گەڕەکی فەلەکانی شاری سنە، بەڵکو جاروبارێ دڵخوازەکەی لە پەنجەرە و کۆڵانێکەوە دەرکەوێ. بەکورتی دەبێ بڵێین کە فەخرولعولەما لە تاو و گڕی ئەوینی ئەو کچە دۆخ و بارێکی سەرسوڕمانی بەسەرا هات، ئینجا خزمان و کەس و کار و هاوەڵەکانی دەکەونە ڕاوێژ کە بەهەر جۆرێ بووە، ئەو ئەوینەی لە دڵ دەرکەن و لێ دەبڕێن کە بیبەن بۆ بارەگای وەیس کە لە سەر شاخێکی بەرزە وە لە نزیکی ڕەوانسەردایە. وا دیارە ڕۆشتنەکەیان لە وەرزی بەهاردا بووە، چونکە لەم پارچە هۆنراوەیەدا باسی جوانیی بەهار و پەرێشانیی حاڵی خۆی دەکات وەها کە دەڵێ:

دیار دان وەهار، گولان جەم بەستەن
دلان پەشێوەن، بولبولان مەستەن
دیارەن کەم نە تۆی دڵداران
نە گۆشەی دڵدا، خاران و یاران
های جە کزەی ئێش، ئای جە کزەی دەرد
ئێش کۆنەزام وەهار تازە کەرد
واچە بە گولان بەرنەیان جە خاک
دڵەی من نیشتەن پەی وێش وە غەمناک
تلۆع نەشئەی بادە خوارانەن
سەفای گەرمیی بەزم دەردەدارانەن
مەی پەنهان نە جام ساف گولاندا
طلۆع نەشئەش نە توی دلاندا
شەونم سوب نە رووی سەوزەی دیاران
چون قەترەی عەرەق زوڵف نازاران
شین شەتاوان شنۆی سەرکاوان
چوون خاڵ خاڵ بەور ریشەی دڵ کاوان
های جیلوەی کۆسار، های سەفای دەشتەن
ماچی بەهەشتەن ئای وادەی گەشتەن
ئازیز جات خالی، گوڵ بێ تۆ خارەن
وەهار، وە نەهار نە دیدەم تارەن




سەرسەوزەی ساوام نێش نەشتەرەن
وە بێ تۆ سارام، سارای مەحشەرەن
من سفتەی ئایر دووریی دیدارم
تەژنەی ئاو ساف ویسال یارم
شنۆی سەرکاوان کەی سەفا مەدۆ؟
چون نێش نەشتەر پێم جەفا مەدۆ
سەوزە چەمەنان کەی دەوا مەدۆ؟
هاژەی وەفراوان کەی دەوا مەدۆ؟
من جەلای دیدەم بەو دیدارەوەن
سەفای خاترم بەو ڕوخسارەوەن
وەهارم کام گوڵ؟ خاکم وە سەرەن
وەبێ تۆ سارام، سارای مەحشەرەن
کۆساران، دەشتان زومرود پۆشەن
تافان بێ پەروا نە تۆف جۆشەن
وادەی سەفاو و سەیر سەر دیارانەن
وەخت نۆشانۆش بادە خوارانەن
من پەی تۆ بەزمم گەرمەی زارییەن
ناڵەی نەی کزەی زام کارییەن
ئارۆ من دەردم سەرمەشق قەیسەن
نەجدم سارای ساف پای قولەی وەیسەن
دووریت زام دڵ خاس کاری کەردەن
دیدەم دامانم گوڵناری کەردەن؟
ئازیز یە عومرەن، زیندەگا نییەن؟
بەعیش و عیشرەت کامەرانییەن؟
نە (باللە) مەرگەن (باللە) ماتەمەن
شینەن، زارییەن، مەینەتەن، خەمەن
سێرم جە عەزاو، مەردەن وەشتەرەن
وە بی تۆ سارام ساری مەحشەرەن

واتە: بەهار خۆی دەرخستووە و گوڵەکان کۆبوونەتەوە و دڵەکان پەشێون و بولبولەکان سەرخۆشن، دیارە لە گۆشەی دڵی دڵدارەکاندا درکی خەم و پەژارە ڕواوە، ئای لە کزەی ئێش و ئای لە کزەی دەرد، بەڕاستی ئێش و ژانی کۆنەبرینی بەهاری تازەکردەوە، بڵێ کە گوڵەکان لە خاک نەڕون، چونکە دڵەکەم زۆر پەشێو و خەمبارە. ئێستاکە کاتی بووژانەوەی بادەخۆرانە، وە خۆشیی بەزمی دەردەدارانە، شەونمی دەمە دەمی بەرە بەیانە لەسەر سەوزە و شیناوەردی هەرداندا، وەکو دڵۆپی ئارەقی زوڵفی نازداران وایە، شین و شیوەنی شەتاوانی سەرکاوان، لە خاڵ خاڵی بەفری سەرکێوەکان دەچێ کە ڕیشەی دڵ دەتەزێنن، ئای لە جوانیی دەشت و کێو کە دەڵێی بەهەشتە، بەڕاستی ئێستاکە کاتی سەیران و گەشتە. ئەی خۆشەویستەکەم، جێی تۆ چۆڵە و گوڵ بەبێ تۆ لە لام وەک دڕک وایە و بەهار و ڕۆژ لە بەر چاوم تاریکە، شیناوەردی دەشتم لە لا وەکو نەشتەر وایە و بەبێ تۆ دەشتم وەکو دەشتی ڕۆژی پەسڵانە، من لە دووریی تۆدا وەکو ئاور دەسووتم، وە تینووی ئاوی پێگەیشتنی تۆم، شنەی بای کێوەکان کەی دڵم ڕوون دەکاتەوە؟، وە سەوزەی چیمەنەکان کەی دەوای دەردم دەکەن؟ من هەر هام بەبیری ڕوومەتی جوانی تۆوە، چ بەهار و چ گوڵێک ئەی خاکم بەسەر، بەبێ تۆ دەشتم وەکو دەشتی ڕۆژی دواییە، کێو و دەشت و دەر زومورڕد پۆشن و، ئێستاکە کاتی خواردنەوەی بادەیە کەچی من خەریکی گریان و زاریم و دەردم کارییە، وە وەکو قەیس لە تەپۆڵکەی وەیسدا و دووریی تۆ برینی دڵمی کاری کردووە. ئەی خۆشەویستەکەم ئایا ئەمە ژیانە؟ ئەمە خۆشییە؟ نە بەخوا ئەمە مەرگە، ئەمە شیوەنە، ئەمە پەژارەیە، مردن بۆ من باشتر و بەبێ تۆ دەشتم وەکو دەشتی ڕۆژی واییە.

دەگێڕنەوە و دەڵێن ئەو خانووە کە فەخرولعولەمای تیا بووە، لە پەنجەرەیەکەوە، گەڕەکی مەسیحییەکانی لێوەدیار بووە، وە فەخرولعولەما شەو و ڕۆژ ئەو پەنجەرەی گرتووەتە گیانەوە و چاوی بڕیوەتە ئەو کۆڵانە کە ماڵی خۆشەویستەکەی تێدا بووە. هەندێ جار گڕی ئەوین وای لێ کردووە کە نیوەشەو لە ماڵ دەرچووە و تا بەیانی لە کۆڵانەکانی گەڕەکی فەلەکاندا سووڕاوەتەوە. دەڵێن نیوەشەوێکی زۆر سارد لە شەوە ساردەکانی شاری سنە فەخرولعولەما ئارەزووی چاوپێکەوتنی دڵخوازەکەی ئارام و ئۆقرەی لێ دەبڕێ و خێرا لە ماڵ دەردەچێ و بەرەو گەڕەکی فەلەکان دەکەوێتە ڕێ. ئەوە شەوێکی باراناوی بووە، باران بەخوڕ دەباری، کاتێ دەگاتە بەرماڵی دڵخوازەکەی دەبینێ هەموویان خەوتوون، وە لەوە ناچێ کە کەسێ وریا بێ، ئێنجا بۆ ئەوەی ئازیزەکەی لە خەو ڕاپەڕێنێ بەشکو لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەر بێنێتە دەر و چاوی پێ بکەوێ، بەو شەوە ساردە خۆی دەداتە بەر پلوسکی خانووەکەیان، بەڵێ تەنیا هێزی ئەوینە کە دەتوانێ زانا وێژەوانێکی پایەبەرز و



بەناوبانگی وا بخاتە جیهانێکەوە کە جگە لە خۆشەویستی دڵبەرەکەی شتێکی تر هەست نەکات، وە خۆی لە بوونی دڵبەرەکەیدا گوم بکات بۆیە بەم چەشنە دەڵێ:

نازک سارا و دەشت، شیرین کۆساریێ
سەفای بەهەشتی تێدا ئەوارێ
گوڵ شێوەی ڕوخسار ئازیز دەنوێنێ
بولبول وە رووی دا وەک من دەخوێنێ
لالە کەم کەم چاو بڵاو دەکاتۆ
دەوێژی مەستە و شەراب دەخواتۆ
وە شنۆی نەسیم چنوور ئەلەرزێ
دیماودیم دەکا هەر تەل وە تەرزێ
شەتاو وەک فرمێسک چاوم ئەدا جۆش
گوڵاو هەر وەک خوێن دڵ هاتۆ خرۆش
ئاخ بۆ دڵ خۆشی قەراری نە وێ
غوسسەی بێ مەیلیی نازداری نەوێ
دەس یەک بگرن هەر وەک لەگەڵ یار
سەیر بەهار کەن دیارە و دیار
نەک چون من هەر یەند خەم لێم بووگە کۆ
گوڵ فێشتەر زامم ماوەرۆ ئەو سۆ
سا نەیچی دەی نەی! سا دەروێش دەفێ
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفێ
تۆ وە سەدای دەف، ئەو وەناڵەی نەی
جەرگم لەت لەت کەن، ڕیشەی دڵ کەن پەی
بەڵ وەها کەمێ زامم ساکن بۆ
ساتێکیچ دنیا وە کام من بۆ
نەموت بێشەی عەشق خاری شێر گیرە
چلەی چەنگەڵی قولاپەی تیرە
چنگی لە ناو دڵ هەر کەس مەحکەم کرد
دەسی هەڵنەگرت ڕیشەی دەرهاورد

فەخرولعولەما باوەکو هۆنراوی فارسی و عەرەبیی زۆری هۆنیوەتەوە، بەڵام زمان و وێژەکەی خۆی بەلاوە شیرینتر و بەبایی دارتر بووە، وە سۆزی دەروونی و دەرد و ڕەنجی دڵداری بەزمانی زکماگی دەربڕیوە، چونکە جوانیی وێژەیی هەر زمانێک تەنیا لەو زمانەدا دەردەکەوێ. بۆ وێنە دەزانین هۆنراوەکانی سەعدیی شیرازی لە زمان و وێژەی فارسیدا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ڕەوانبێژیی ئەو زمانەوە، وە ئەو کەسانەی کە لە زمانی فارسیدا شارەزا بن، کاتێ کە هۆنراوەکانی سەعدی دەخوێننەوە، تێ دەگەن کە ئەو هۆنراوانەی لە ئەوپەڕی جوانی و شیرینیدا هۆنیوەتەوە، کەوا بوو نووسەر یا هۆنەرێکی کورد ئەگەر بیەوێ مەبەستێ بنووسێ یا هۆنراوێک بهۆنێتەوە، بەزمانەکەی خۆی باشتر دەتوانێ هەستی خۆی دەربڕێ. ئینجا فەخرولعولەما وەکو تێگەیشتووەکانی تری کورد، بەو مەبەستە کە باسمان لێوە کرد هەستی کردووە هۆنراوە دڵدارییەکانی بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە تا جوانتر هەستی دەروونی خۆی دەربخا، وە هۆنراوەکانی باشتر بڕازێنێتەوە.

فەخرولعولەما پارچە هەڵبەستێکی قەتاریی هەیە کە لە هی قەتارییەکەی مەولەوی دەچێ و ڕەنگە لەم پارچە هەڵبەستەدا پەیڕەوی لە مەولەوی کردبێ، بەڵام ئەم پارچە قەتارییە بەشێوەی کۆن هۆنراوەتەوە و پارچە قەتارییەکەی مەولەوی بەشێوەی تازەیە. ئەمەش پارچە قەتارییەکە کە دەڵێ:

هانا، های ڕەفیق زڕیا وە گۆشم
دەنگێ جاگیر بی نە کەللەی هۆشم

زاهر زەمزەمەی ڕای زەوارییەن
زایەڵە قەتار ئیشتهارییەن

هەی توجارباشی خەیر بۆ ئەمانت
خاس، خاس مەلوولم دەسم دامانت

نە راگەی ئیحسان حوسەین مەزڵووم
تو سەرمایەی عەشق ئیمام مەعسووم

بووشە ساکن بۆ، ساتێ قەتارت
وازکەن قوفڵ تەنگ دیاری بارت

تەنوورەی گۆماو دڵ خروشیان
سەرچەشمەی سیروان هەرسم جۆشیان

سەرزەمین جە ئاو تۆفانم ماتەن
خۆف کەر ڕاگەت رای، هات و نەهاتەن



باز با کورەی مەینەت گێر و تاو
بەیۆ وە ئاخر وشکا و هووناو

جە جۆش بنیشۆ بەحر دیدەی تەر
سارای ژاوەرۆ یەکسەر بۆ وە هەر

ئیمجا وە مژەی سووزن مەودای من
وە تای بەند کرژ ئاه سیای من

بفەرما گرۆی ئەهل یارانت
بوورازان وە هەم تاتا بارانت

ڕەگ جۆش وەردەی جەستەم باوەران
ڕەسەن بهۆنان باران بارکەران

کووژەکەی پێشەی ئەعزای زەبوونم
کەڵافەی عەقدەی داخ دەروونم

بەران پەی کۆپان سەرقەتارەکەت
لێش بنیان پارچەی ئیشتهارەکەت

ڕێزەی مرواری هەوڵەی دەروونم
خارای پەردەی دڵ ڕەنگ بەستەی هوونم

بنیەر وە سەربار پارچەی دیاری
زەروورەن پێت بۆ پەی یادگاری

مەدەد یا عەلی، پەی سەفەر کەر مەیل
مەنزڵ ئەو مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل

بدیەر هەر قەسرێ جەو شارە تاکەن
گوڵناری ڕەنگەن خاکش نمناکەن

نەپاش هەر تەرەف لافاوەن سەیلەن
تەحقیق بزانە مەنزڵگەی لەیلەن

مەنزڵ بگێرە وە کەنارەوە
باران بوونارە وە قەتارەوە

سا جێت مەپەرسۆ شای سەرتوجاران
کۆن سەرقافڵەی گردی خەمباران؟

واچە هیجرانت زۆر ئاوردە بێ
دووکانچەی زەوقش تالآن کەردە بێ
یەک پارچە گیانێ جەلالش مەندە بێ
ناچار بێ وە دڵ تەماش کەندە بێ
زار زار بازاڕش مەدا وە پاوە
تا مشتەری مەرگ ئاما وە لاوە
مایەی نارەواش دەرلاد نمانا
وە هەرزان پێش دا غەنیمەت زانا
وە دەس خاڵی، تۆ بای سەڵامەت
ڕووش کەرد وە مەیدان سارای قیامەت

واتە: ئەی هاوەڵەکان هانا دەنگێک زراوە گوێمدا دەنگێکی وەها کە لە کەللەی هۆشمدا جێگیر بوو. لە ڕواڵەتدا دەنگ و هەرای زەوارەیەک و زایەڵەی قەتارێکی بەناوبانگ دێت. ئەی سەرکاروانچی بەخێر بێی، من زۆر زویر و پەرێشانم دەستم داوێنت. لە ڕێی حسەینی ستەم لێکراو و، پێشەوای پاکدا، بڵێ کاروانەکەت ساتێ ڕاوەستێ و ئارام بگرێ و بڵێ بارەکانت بکەنەوە، چونکە تەنووری دڵم کەوتە خرۆش و سەرچاوەی سیروانی فرمێسکم هاتە جۆش، وە لە ئاوی تۆفانم سەرزەوی ماتە، دەسا بترسە، چونکە ڕێگاکەت ڕێگای هات و نەهاتە، لێی گەڕێ با کوورەی زووخاوی دەروونم تاو بستێنێ و بێتە جۆش، وە وشکاویی خوێناوم بگاتە ئاخر، وە دەشتی ژاوەڕۆ بەتەواوی بێتە قوڕ، ئەوسا بەبرژانگی وەکو سووژنم، وە بەتای بەنی کرژی ئاخ و داخی ڕەشم، بفەرموو کە یارەکانت بارەکانیان بدوورن، ئەوسا ڕەگی جۆش خواردووی لەشم بهێنن و گوریسی پێ بهۆننەوە و بارەکانی پێ بارکەن، لە پاشا با کووژەکەی ئێسقانی ئەندامانی زەبوونم و کەلافی گرێی ئاخ و داخی دەروونم، ببەن بۆ گۆپانی سەر قەتارەکەت، ئینجا ڕێزەی مرواری هەوڵەی دەروونم و خارای پەردەی دڵ کە بەخوێنمەوە ڕەنگی بەستەوە، بخەنە سەرباری قەتارەکەت تا بەیادگاری بمێنمەوە لەگەڵ هاوەڵەکانتدا کە ئەم کارانەت ئەنجام دا، بەمەدەد یا عەلی بکەوە ڕێ و قۆناخ بەقۆناخ برۆ تا دەگەیتە شوێنی لەیل، بەڵام ئەوەش دەبێ بزانێ کە هەر کۆشکی لەو شارەدا تاکەو بەڕەنگی گوڵنارییە و خاکی نمناکە و لە هەر لایێکیدا لافاوە، ئەوە هەوارگە و شوێنی لەیلە، واتە. ئەو ڕەنگە گوڵنارییە خوێنی دڵی منە و ئەولافاوە فرمێسکی چاومە. ئەوسا لە کەنارەوە نوان بگرە و بارەکانت داگرە و لە پاشا لێت دەپرسێ ئەی شای کاروانچییەکان، کوا سەرکاروانی تەواوی خەمباران؟ بڵێ دوورییەکەت زۆری بۆی هێنا بوو،



و دوکانچەی شایی و خۆشیی تالآنن کردبوو، وە نیوەگیانێکی لە لاما بوو، وە بەگریانەوە بازاری دەدا بەپێوە تاکو کڕیاری مەرگ هاتە لای و ئەویش خێرا سەرمایە و کالآی نارەوای خۆی پیشان دا و سەرەنجام بەهەرزان دایە ئەو و بەتالآنی زانی، کەواتە سەرمایەکەم هیچ برەوێکی نییە و خۆش بی، بەدەستی بەتاڵەوە ڕووی کردە مەیدانی دەشتی ڕۆژی دوایی.

فەخرولعولەما لە ئەوینی دڵخوازەکەیدا دەگاتە ڕادەی شەیدایی و دێوانەیی، بەجۆرێ کە خەو و خۆراکی نامێنێ و وای لێ دێ کە وەکو مەجنوون دەشت و بیاوان بگرێتە بەر و بداتە کێوا، چیرۆکی ئەوینی فەخرولعولەما دەبێتە شەوچەرەی مالآن و قسە و باسی بازاڕ و کۆڵان، ئینجا خزم و کەسوکار و هاوەڵەکانی ئەکەونە خۆیان کە بەهەر جۆرێ بووە، ئەو کچە فەلە کوردەی بۆ بێنن. بەڵام فەخرولعولەما لە دووریی دڵخوازەکەیدا هەر دەناڵێنێ، تەنانەت لە یارەکان و هاوەڵەکانی خۆی دوور دەخاتەوە و تەنانەت لە ناو خەڵکدا خۆی بەبێگانە و نامۆ دەزانێ بۆیە بەم جۆرە دەڵێ:

منەت بارە وێم، منەت بارە وێم
ئەی موسڵمانان منەت بارە وێم
زەدەی زام سەخت تیرخارە وێم
مەجرووح بێ هۆش، گرفتارە وێم
هیجری هیجران کێش، هیجران بارە وێم
جە یاران بڕیای بێ قەرارە وێم
خەم کێش خەمبار خەم خەڵاتە وێم
جە زامن بڕیای دووروڵاتە وێم
سەرتاپا سفتەی کۆی زوخاڵە وێم
غەریب شاران وێران ماڵە وێم
تەن پارەپارە، لەت لەت جەرگە وێم
بێ وادە یاوان وادەی مەرگە وێم
تا وە ڕۆی مەردەن دڵ ناشادە وێم
هەی داد هەی بێ داد، ڕەنج وە بادە وێم
حەسرەت یاران نە خاک بەردە وێم
وێڵ سەرگەردان هەردەی هەردە وێم
تا (یەومولحەشر) گرفتارە وێم
زەلیل زەبوون بێ غەمخوارە وێم

جە گۆشەی شاران ئەرامەندە وێم
جە لای نازداران ددان کەندە وێم
شاباز بێ پەڕ، بێ پەروازە وێم
بێ کەس، بێ ڕەفیق، بێ هامڕازە وێم
جە دنیای فانی نائومێدە وێم
مەئیووس مەجرووح، دوور جە زێدە وێم
حەیف، سەد حەیف پەی فەسڵ وەهاران وێم
پەی سەیر و شکار هەر جاران وێم
پەی گوڵ و گوڵزار سەرمەیدان وێم
پەی نیم نیگای یار گشت ڕەفیقان وێم
واوەیلا پەرێ نوور دیدەی وێم
پەی نوور دیدەی بەرگوزیدەی وێم
پەی فەسڵ هامن هەواران وێم
پەرێ نشینگەی نازداران وێم
پەی زەوق و زینەت مەجلیسان وێم
پەی عێل و عەشرەت گشت کەسان وێم
پەی فەسڵ پایز ڕەزانان ویم
پەرێ نەمامان خەزانان وێم
پەی شەمع فانۆس چراخان وێم
پەی زەمزەمەی بەزم دیواخان وێم
پەی شەو نشینگەی هامسەران وێم
پەرێ ڕەفاقەت دلبەران وێم
پەی سەرحەدگەڕیی وڵاتان وێم
پەی هەی ڕۆوەگەری وڵاتان وێم
یاران، هامسەران قەومان و خۆیشان
سەرتاپا تەنم لێم بین هەراسان

واتە: ئەی موسڵمانەکان! لەگەڵ ئەوەی کە برینداری تیری دڵخوازەکەمم و بێ هۆش و گرفتاری ئەوم، من بەمەش هەر بەر بارم. لە یاران بڕاوم و بێ ئارام و خەمبار و زویرم و



خەم بووەتە خەڵاتم و دوور لە وڵاتم و سەرتاپای لەشم سووتاوە و بووەتە زوخاڵ و ماڵوێران بووم و جەرگم لەت لەتە و کاتی مەرگم نزیک بووەتەوە و تاکو مردن هەر ناشادم. هەی داد هەی بێداد ڕەنجم چووە بادا و ئاوارە و سەرگەردانی هەرد و کێو بووم و تا ڕۆژی دوایی هەر گرفتارم، وە لە گۆشەی شاراندا داماوم و بێ کەس و بێ هاوڕاز و نائومێدم و لە زێد و مەڵبەندی خۆم دوور کەوتوومەتەوە، هەزار داخ و موخابن بۆ وەرزی بەهاران، وە بۆ سەیر و شکاری جاران، وە بۆ گوڵ و گوڵزار و نێونیگای یاران، کە ئێستا بەجارێ لە هەموویان دوور کەوتوومەتەوە، نە بەهارێکم هەیە و نە پایز و هاوینێ، وە نە چرا و چراخانێ و نە بەزمی دیواخانێ، وە نە شەو نشینیەک. ئەی یاران، ئەی هاوەڵان، ئەی خزمان، خۆم لە خۆم بێزار و هەراسانم و هەمووی ئەمانە بەهۆی دووریی یارەکەمەوەیە.

دەگێڕنەوە دەڵێن، کاتێ خوازبێنیی ئەو کچە فەلە کوردە بۆ فەخرولعولەما دەکەن، لە سەرەتاوە دایک و باوکی کچەکە مل بەو کارە نادەن، لە دواییدا بەهەر جۆرێ بووە ڕازییان دەکەن و دەڵێن کچەکەش لە دڵەوە حەزی لە فەخرولعولەما کردووە، وە بۆ ئەوە ئەو کارە سەر بگرێت کچەکە موسڵمان دەبێ، پاش ئەوە پێکەوە زەماوەن دەکەن و فەخرولعولەما دەبێتەوە پیاوەکەی جاران، بەڵام خۆشەویستی ئەو کچە کە بووەتە هاودەمی هێشتا هەر لە دڵیا دەمێنێ بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەڵێ:

ئازیزم بەستەن، ئازیزم بەستەن
جەو ساوە نەڕات زوننارم بەستەن
شیشەی نام و نەنگ تەقوام شکستەن
ئەعزام جە بادەی مەیل تۆ مەستەن
ئەزانم سەدای سەودای بالا تەن
(قەدقامەت)م، زکر بالای ئاڵا تەن
تا وە زولف و رووی تۆ تەماشامەن
ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن
سەججادەم وەهوون زامت ڕەنگ کەردەن
سوجدەم وە میحراب ئەبرۆی توبەردەن
دەدای زەکاتم نیسار رۆحەن
وە خاکپای تۆم هەزار فوتۆحەن
حەجم تەوافم ئەر شەوەن ئەر ڕۆن
هەوای گەشت دەور ئاسانەکەی تۆن

تەپڵ ڕسواییم وە هەر جا ژەنیا
نامەی بەدنامیم پەی هەر کەس وەنیا
پەردەی ئابڕووم سەد جار دڕیاوە
تاسم نە بازار عالەم زڕیاوە
هوونم چ حاکم چ قازی چ شێخ
واجب مەزانان بڕێزان وە تێخ
ئازیز سا وە ڕەغم قەوڵ خاس و عام
جە داخ تانەی مەردم ئەییام
شەرت بۆ، کامین شەرت؟ شەرت هەرجاران
شەرت عاشقان جان فیدای یاران
تا زەڕێ جە تەن مانۆم نەفەسێ
گۆش نەدەم وە حەرف واتەی هیچ کەسێ
تا ڕۆی ڕەستاخێز ساعەتم نەبۆ
غەیر جە دین تۆ تاعەتم نەبۆ
کەی مەیل، کەی مۆبەت، کەی سوزش دڵ
هەر رۆژ زیاد کەم تا سای سەرای گڵ
حەرفێن واتەنم، عەهدێن کەردەنم
شەرطەن وەفای وێم وە گڵ بەردەنم
ئەر عالەم تەمام وەنەم بەیان جەم
بەند بەند ئەعزام جیاکەن جە هەم
ڕەگ ڕەگ بمپێکان وە قەنارەوە
ئاوێزانم کەن وە سێدارەوە
جاڕ بدەن وە ناوکووچەی شاراندا
وە عیبرەتم کەن وە بازاڕان دا
شەرت بۆ هەر ساعەت مەیلت زیادکەم
خاتر هەر وە عەشق بالاکەت شادکەم
تەرک وەفا و مەیل جن و بەشەر کەم
وە مەیل تۆوە ڕوو لە مەحشەر کەم



سیاپۆش بن خۆیشانم تەمام
شەرت بۆ مەیل تۆ ڕەد نەبۆ جە لام
سا ئازیز، قوربان، دیدە و حەیاتم
بتم، بادەکەم، لاتم، مەناتم
رۆحەکەم، حوورم، باغم، بەهەشتم
ئارەزووی دنیا و قیامەت گشتم
قوربان تۆیچ بە عەشق ئەوەڵ جارینت
بەشق سۆز عەشق گەرم پارینت
بزان گیان فیدام، ئیمتحان تاکەی؟
وێنەی من عاشق سەگەردان تاکەی؟
عاشق جە لای دۆس مەیلش جانی بۆ
حەیفەن دۆس مەیلش وە زبانی بۆ
عەرز حاڵ وێم وە لات ئاوەردەن
دەرد جە حەکیمان کێ پەنهان کەردەن
وەرنە جەفای تۆ و واتەی بەدکاران
زوو پێم مەناسان ماوای مەزاران
نە زووخ زامەت ڕەنگ گرتەن کەفەن
تۆیچ جوانەنی سەد ئارەزووت هەن
سەر حەڵقەنشین بەزم مەیخانەم
تەرسا پەرسم، کلیسا یانەم

واتە: لەو ساوەوە کە زوننارم بەستووە، شووشەی پارێزگاریم شکاوە و، تەواوی ئەندامەکانم لە بادەی هیوای تۆ مەست و سەرخۆشە، وە بانگم سەدای سەودای بەژن و باڵاتە، وە هەڵسان و دانیشتنم لە نوێژدا یادی باڵای ئاڵاتە، هەتاکو زوڵف و ڕوومەتی تۆ تەماشا دەکەم، نوێژی بەیانی و خەوتنانم بەسەر دەچێ بەرماڵم بەخوێنی برینەکانم ڕەنگ کردووە، وە کڕنوش بۆ میحرابی ئەبرۆی تۆ دەبەم، تەپڵی ڕیسواییم لە هەر جێ و شوێنێکدا ژەنیا، وە پەردەی ئابڕووم سەد جار درا ونامەی بەدناویم بۆ هەر کەسێک خوێنرایەوە، فەرمانڕەوا و قازی و شێخ و مەلا، خوێنم بەپێویست دەزانن کە بەتیغ بیڕێژن، ئەی خۆشەویستەکەم! دەسا بەکوێراییی داخی تانەی خەڵک، مەرج بێ هەتاکو هەناسەیەکم

ماوە گوێ بەقسەی کەس نەدەم، وە تا ڕۆژی پەسڵان، جگە لە تۆ کەسم لە بیر نەبێ، پەیمانێکە و بەستوومە هەتاکو بمخەنە ناو گۆڕ، وە ئەگەر تەواوی ئەندامەکانم لەیەک جیاکەنەوە و بەسەر سێدارەوە هەڵمواسن و جاڕ بدەنە ناو کووچە و کۆڵانی شارەکاندا و بمکەنە پەنی ئەم و ئەو لە بازاڕەکاندا، مەرج بێ و بەڵێن دەدەم کە تۆ لە یاد نەبەمەوە و دڵم بەئەوینی باڵاکەت شادکەم، وە بەهیوای تووە ڕوو بکەمە دەشتی پەسڵان. دەسا ئەی خۆشەویستەکەم، ئەی مایەی ژیانم، ئەی پەرییەکەم، ئەی باخ و بەهەشت و ئارەزووی، جیهان و ڕۆژی دواییەکەم! ئیتر تاقیکردنەوە و سەرگەردانی تا کەی؟ ئەوا سکاڵای خۆمت هێنایە لات، تۆیش بەزەییت پێما بێ و بەهیوام بگەینە و دەردی دڵم داساکێنە.

فەخرولعولەما هۆنراوی کوردیی زۆری بووە، بەڵام بەداخەوە کۆ نەکراونەتەوە، بێ گومان ئەگەر چاوێ بەبەیازەکانی بنەماڵە خوێندەوارەکانی شاری سنەدا بگێڕین، گەلێ لە هۆنراوە کوردییەکانی فەخرولعولەمامان دەست دەکەون.


سەرچاوەکان

١– حدیقەء امان اللهی تالیف – میرزا عبدالله سنندجی به کوشش دکتر خیامپور تبریز ١٣٤٤.

٢– یادی مەردان بەرگی دووەم دانراوی. مەلا کەریمی مودەڕیس – بەغدا ١٩٨٣.

٣– چامەسرایان کرد صدیق صفی زاده در سال ١٣٥٢.

٤– بەیازێکی کون کە نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٥– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەفەخرولعولەما.




## گوڵزاری هۆنەرانی کورد

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لەناو نەتەوەی وێژەپەروەری کوردا هەزاران هۆنەر و بوێژ و وێژەوان هەڵکەوتوون کە زۆربەیان بەزمانی زگماکی خۆیان هۆنراویان هۆنیوەتەوە. ئەم هۆنەرانە لە هەر خول و دەورێکدا توانیویانە لە گوڵزاری بۆن خۆشی وێژەدا دەست بۆ هەموو لقوپۆپێکی وێژە درێژکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی گوڵزارەکەیان باخەوانێکی نەبووە و بایەخی پێ نەدراوە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە گەلێ لە شوێنەوارەکانی وێژەییمان بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە لەناو بچێ، ئەوەش کە مابێتەوە بەهۆی هەندێ لە پیاوە ئاینیەکانەوە پارێزراون.

ئەوا لێرەدا ناوی هەندێ تر لەو هۆنەرانە کە بەزمانی کوردی هۆنراویان هۆنیوەتەوە بەپێی خول و دەوریان دێنین و خوا حەزکات لە بەرگەکانی تردا سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی ئەم هۆنەرانەش دەدوێین و هۆنراوەکانیان دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەمەش ناو و مێژووی لەدایکبوون و مردنی ئەو هۆنەرانەیە کە بەپێی مێژووی کۆچی مانگی نووسیومانە:

ئاقەی کوڕی مەلیک قاسمی کەڵهوڕ ١١٤٣ – ١٢١٠، ئەحمەد بەگی زەوقی ١٣٠٥ – ١٣٤٢، ئەحمەد بەگی نازەیی ١٢٠٥ – ١٢٨٨، ئەحمەد فائزی گڵەزەردەیی ١٢٦٢ – ١٣٣٨، ئەحمەدی کۆری موکریانی ١١٩٣ – ١٢٧٨، ئەحمەدی موخلس ١٣٠٥ – ١٣٨٤، ئەحمەد مەلاباتی ١١٠٠ – ١١٦٨، ئەڵلامرادی هەرسینی ١٢٢٨ – ١٢٩٦، ئەڵماس خانی کوردستانی ١١٦٥ – ١٢٢٧، ئەڵماس خانی کەندوڵەیی ١١١٨ – ١١٩١، ئەمین ئاغای ئەختەر ١٢٥٩ – ١٣٠٧، ئەمین بەگی نازەیی ١٢٠٥ – ١٢٨٨، ئەمین فەیزی بەگ ١٢٨٣ – ١٣٤٧، ئەمین یومنی ١٢٦١ – ١٣٣٩، ئەنوەر مایی ١٣٣٢ – ١٣٨٣، ئەورەحمانی سالم ١٢٢٠ – ١٢٨٦، ئیسماعیل کرمانج ١٣٤٨ – ١٣٩٩، ئیسماعیلی بایەزیدی ١٠٧٠ – ١١٢٥، ئینجەی گەلاڵی ١٢٥٢ – ١٣١٢، بابەجانی بۆرەکەیی ١٢٥٦ – ١٣٣٧، بابە ڕەسووڵی عەبابەیلەیی ١٢٩٨ – ١٣٥٣، بابە عەلی بێدار خانەقی ١٣١٢ – ١٣٦٩، بەکر بەگی ئەرزی ١٠٤٧ – ١٠٨٣، پیر عەباسی کاکەیی ١٣٠٢ – ١٣٨٦، پیرۆزی کچی حەسەن کەنۆش ١٢٨٦ – ١٣٣١، تامازی گاوارەیی ١٢١٨ – ١٢٦٩، تایەر بەگی جاف ١٢٩٥ –

١٣٣٧، تورکەمیر ... – ١٢٣٦، جەلالەدینی دەوانی ٨٣٠ – ٩٠٨، جەوادخانی گەڕووسی ١٢٥٢ – ١٣١٥، جیهان ئاراخانم ١٢٧٥ – ١٣٢٩، جیهانبەخشی دانیالی ١٢٨٣ – ١٣٦٨، حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ١٢٨٧ – ١٣٧٠، حاجی قادری کۆیی ١٢٤٠ – ١٣١٤، حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی ١٢٢٨ – ١٣٠٢، حاجی مەلا رەسووڵی دێلیژەیی ١٢٥٩ – ١٣٤٩، حاجی مەلا عەبدوڵڵای کۆیی ١٢٥٩ – ١٣٢٨، حاجی نوورعەلی ئیلاهی ١٣١٣ – ١٣٩٢، حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحوون ئاوایی ١٢٨٨ – ١٣٣٨، حوسەین باباجان ١٢٦٨ – ١٣٢٧، حوسەین قولی خانی دیوانبەگی ١٢٥٠ – ١٣٠٧، حەسەن کەنۆشی جنووبی ١٢٦٠ – ١٣١٤، حەمەئاغای دەربەن فەقەرە ١٢٨٥ – ١٣١٨، حەیدەر بەگی بەرازی ١٣٠٨ – ١٣٦٨، حەیرانعەلی شای مایدەشتی ١٢٥٢ – ١٣٢٣، حیکمەت سەرگەڵۆری ١٣١٠ – ١٣٥٥، خاتوو خورشیدی کەولووس ١٣٠١ – ١٣٥١، خالد ئاغا زێباری ٩٠٥ – ٩٧٤، خان ئەڵماسی لوڕستانی ١٠٧٢ – ١١٣٨، خورشید خانمی داواشی ١٣٢٠ – ١٣٨٦، خورشید خانمی مەریوانی ١٢٦٠ – ١٣١٤، خەسرەوخانی ناکام ١٢٢١ – ١٢٥٠، خەلیفە ئەڵماسی گەزەردەرەیی ١٢٢٠ – ١٣٠٥، دوکتۆر حەمە سدیقی موفتی زادە ١٣٣٩ – ١٤٠٢، دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی ١٢٧٩ – ١٣٥٨، دەروێش ئەیازی کرندی ١٢٨٦ – ١٣٩١، دەروێش عەباسی کرندی ١٢٢١ – ...، دڵدار ١٣٣٧ – ١٣٦٨، دەروێش قولی کرندی ١٢٣٦ – ١٣١٦، دەروێش نەورۆزی سۆرانی ١٢٦٠ – ...، ڕۆستەمی بابەجانی ١٢١٨ – ١٢٧٦، رەئووف سائب ١٢٧٩ – ١٣٤١، ڕەفیق حیلمی ١٣١٨ – ١٣٨٠، زاهر دێلێژەیی ١٢٦٢ – ١٣٢٠، زوڵفەقاری گۆران ١١٧٢ – ...، زەینەلعابدینی پاڵنگانی ١١٠٠ – ١٢٠٠، سالمی سنە ١٢٦٥ – ١٣٢٩، سری خانمی دیاربەکری ١٢٣٤ – ١٢٨٥، سوارەی ئێلخانی زادە ١٣٥٧ – ١٣٩٥، سوڵتان خانمی ئەردەڵان ١٢٠٣ – ١٢٥٦، سەعدوڵڵای کەڵهوڕ ١٢٢١ – ١٢٧٢، سەلیم خانی موکری ١٢٥٧ – ١٣٢٠، سەی ئەحمەدی خانەقا ١٢٩٠ – ١٣٧٢، سەی ئەحمەدی نەقیب ١٢٨٠ – ١٣٢٨، سەی براکە ١٢١٠ – ١٢٩٠، سەی بەها ١٢٩٣ – ١٣٦٥، سەی حەبیبی روانسەری ١٣٠٢ – ١٣٨٥، سەی حەمە سەعیدی کوچک چەرمگی ١٢٣٤ – ١٢٨٠، سەی حوسەینی حوزنی ١٢٩٦ – ١٣٦٧، سەی ڕەشیدی شەهید ١٢٧١ – ١٣٥٣، سەی شوکروڵڵای قووچاخی ١٣١٨ – ١٣٩٣، سەی عەبدولخالقی ١٣١٠ – ١٣٨٢، سەیفوڵڵای ئەڵڵایار خانی ١٣٠٩ – ١٣٩٣، سەی قیداری هاشمی ١٣٠٠ – ١٣٦٣، سەی محەمەدی خانەگایی ١٣٤٦ – ١٣٢٨، سەی وەجیەدینی هاشمی ١٣٢٢ – ١٣٩٩، سەی یاقۆی مایدەشتی ١٢٢٩ – ١٢٩٢، شا پەرتەوی هەکاری ١١٩٤ – ١٢٥٧، شا تەیمووری بانیارانی ١٢٤٦ – ١٢٧٣، شارقی هەرسینی ١٢٢٨ – ١٣٠٥، شاکەی گەلاڵی ١١٩٩ – ١٢٥٨، شامیی هەرسینی ١٣٢٧ – ١٤٠٢، شوکری فەزلی ١٢٩٩ – ١٣٤٤، شەریف خانی



جۆڵەمێرگی ١١٠٨ – ١١٦٧، شەریف خانی هەکاری ١١٠٩ – ١١٦٨، شێخ ئەحمەدی بەرزنجی ١٢٦٣ – ١٣٤٠، شێخ ئەحمەدی خانی ١٠٦١ – ١١١٩، شێخ ئەحمەدی سریلاوە ١٣٢٤ – ١٣٥٣، شێخ ئەحمەدی شێخ ئەمین ١٣١٠ – ١٣٧٥، شێخ ئەمینی زۆلەیی ... – ١١٢٥، شێخ ئەورەحمانی مەولاناوا ١٢٧٨ – ١٣١٣، شێخ ئیمامەدینی مەردووخی ١٢٠٣ – ١٢٦٠، شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی ١٣٠٣ – ١٣٦٣، شێخ بابای غەوسابادی ١٢٦٨ – ١٣٣٦، شێخ تاهر فوئاد ١٣١٠ – ١٣٤٥، شێخ جەلالەددینی دەهشەت ١٢٦٥ – ١٣٧٣، شێخ جەمالەدینی مەردۆخی ١١٠٨–١١٦٩، شێخ حوسەین قازی ١٢١٩ – ١٣٧٠، شێخ حوسەینی کانی مشکانی ١٢٤٤ – ١٣٠٥، شێخ حەسەنی سازانی ١٢٣٩ – ١٣٠٦، شێخ حەمەومینی کاردۆخی ١٣٣٦ – ١٤٠٢، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٢٥٣ – ١٣٣٨، شێخ سەعیدی دۆلاش ١٢٦٦ – ١٣٢١، شێخ سەعیدی کوڕی شێخ مەحموودی کلدار ١٢٨٨ – ١٣٤٥، شێخ سەلام عازەبانی ١٣١٠ – ١٣٧٩، شێخ سەمیعی بانەیی ١٢٦٤ – ١٣٠٨، شێخ سەمیعی بەرزنجی ١٢٦٣ – ١٣٤٠، شێخ عسامی عەودالانی ١٢٨٥ – ١٣٥٨، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٢٤٠ – ١٣٠٨، شێخ عوسمانی سیراجەدینی ١١٩٥ – ١٢٨٣، شێخ عومەری بیارە ١٢٥٥ – ١٣١٨، شێخ عومەری فەوزی ١٢٥٥ – ١٣١٨، شێخ عەبدوڕەحمان مەولان ئاوایی ١٢٥٠ – ١٣٠٦، شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی ١٢٥٧ – ١٣١٩، شێخ عەبدولئەحەد ناکام ١٣٢٧ – ١٣٢٣، شێخ عەبدولکەریم خانەگاهی ١٢٠٧ – ١٢٧٦، شێخ عەبدولکەریم خانەشوری ١٣٠٣ – ١٣٦١ شێخ عەبدولموئمنی موردۆخی ١١٥٢–١٢١١، شێخ مارفی نۆدێ ١١٦٦ – ١٢٥٤، شێخ مستەفای بەرزنجی ١٢٣٨ – ١٣٠٥، شێخ محەمەد بەهادینی بیارە ١١٣٩ – ١١٩٣، شێخ محەمەدی خالس ١٢٩٠ – ١٣٤١، شێخ محەمەدی مەردووخ ١٢٩٧ – ١٣٩٥، شێخ مەمدووحی بریفکانی ١٣٣١ – ١٣٩٥، شێخ نوورەددینی بریفکانی ١٢٠٥ – ١٢٦٨، شێخ نەجمەددینی سابری ١٣٠٠ – ١٣٦٣، شێخ نەجمەی بیارە ١٢٨٢ – ١٣٣٨، شێخ نەزەرعەلی جەناب ١٢٥١ – ١٣٢٤، عوسمان پاشای جاف ١١٥٢ – ١٢١٤، عەبدولسەمەدی بابەک ٣٦٢ – ٤١٠، عەبدوڵڵا بەگی هەورامانی ١٢٩٩ – ١٣٦٤، عەبدوڵڵا حەسەنی میکایلی ١٢٥٧ – ١٣١٦، عەبدوڵڵا فاتەکەی شێخانی ١٢٣٨ – ١٣٠٥، عەبدوڵڵای ئەقدەسی ١٣٤١ – ١٤٠٦، عەبدوڕەحمانی قەرەحەسەنی ١٣١٠ – ١٣٦٥، عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب ١٢٨٢ – ١٣٣٢، عەبدوڵڵای ئارەنانی ١٢١٥ – ١٢٧٠، عەلی بەردەشانی ١١٨٥ – ١٢٢٨، عەلی تەرمووکی ١٠٠٠ – ١٠٦٥، عەلی کەماڵ باپیر ١٣٠٥ – ١٣٩٥، عەلی لاچین ١٢١٥– ١٢٦٠، عەلی نەقیی دەبیر ١٢٩٩– ١٣٦٩، عینایەتی هیدایەتی ١٣٠١– ١٣٧٦، فایەق بێ کەس ١٣٢٥–١٣٦٨، فەریق حاجی مستەفا پاشا ١٢٨٨–١٣٥٦ فەقێ عومەری جوانڕۆیی ١٢٣٤–١٢٩٦، فەقێ عەبدوڕەحمانی جوانڕۆیی

١٢٩١–١٣٤٦، فەقێ عەبدلی بۆرەکەیی ١٣٤٣–١٣٧١، فەقێ قادری هەمەوەند ١٢٤٧–
١٣٠٨، قاسدی تووکانی ١٢٣٤– ....، قانع ١٣١٨–١٣٨٥، کاکە حەمەی ناری ١٢٩٤–
١٣٦٤، کامل حەسەن ١٢٩٧– ١٣٤١، کامەران بەدرخان ١٣١٦–١٣٩٩، کەیفی جوانڕۆیی
١٢٣٣–١٣٠٣، گۆران ١٣٢٤–١٣٨٢، مرادخانی بایەزیدی ١١٥٦–١٢٠٣، مستەفا بەگی
کوردی ١٢٢٧–١٢٦٧، محەمەد ئاغای غەمناکی ١١٠٢–١١٩٧ محەمەد ئەمین زەکی
عەبدوڕەحمان ١٣٠٠–١٣٦٨ محەمەد تۆفیق وردی ١٣٤٢–١٣٩٦، محەمەد ڕەنجوور
١٢٣٠–١٣٠٠، محەمەد سادقی ئالیجانی ١٢٨٦–١٣٥٠، محەمەد مێهری ١٢١٠–..١٣،
محەمەد وەهمی ١٢٨٩–١٣٣٨، محەمەدی خانی ١٢٦١–١٣٣٢، محەمەدی فیکری ١٢٢٧–
١٣٠٥، موفتی زەهاوی ١٢٠٨–١٣٠٨، مەحموود پاشای جاف ١٢٥١– ١٣٢٩، مەحموود
جەودەت ١٢٦١–١٣٠٩، مەحموودی مەحاک ١٢٢٥–١٢٩٥، مەسوورەخانی گەڵباغی
١١٨٦–١٢٥٥، مەلا ئاوارە ١٣٥٤–١٣٨٩، مەلا ئەبووبەکر موسەنیف ٩٠٩– ٩٩٤، مەلا
ئەبووبەکری یوسف ١٢٣٩–١٣٠٢، مەلا ئەحمەدی شێخولئیسلامیی سنەیی ١٢٢٤–١٢٨٩،
مەلا ئەحمەدی شەفیق ١٢٩١–١٣٤٨، مەلا ئەحمەدی قسرت ١٣٠٩– ١٣٦٥، مەلا ئەحمەدی
کڵاشی ١٢٢٦–١٢٩٨، مەلا ئەحمەدی مەرخوزی ١٢٧٤–١٣٥٤، مەلا ئەحمەدی ناڵبەند
١٣٠٥–١٣٨٤، مەلا ئەحمەدی نەسیرولئیسلامی سنەیی ١٢٥٨–١٣١٧، مەلا باقری
شێخولئیسلامی ١٢٦٣–١٣٢٣، مەلا بۆرەکەیی ١٣٤٦–١٣٩٥، مەلا حامدی ئالیجانی
١٢٦٥–١٣٠٩، مەلا حەسەنی ئیبنولقزلجی ١٢٦٣–١٣٢٨، مەلا حەسەنی جەوهەری ١٢٩٥–
١٣٧٨، مەلا حەسەنی شاهۆ ١٣٠٣– ١٣٩٢، مەلا حەمدوونی کوێر ١٢٧٨–١٣٣٦، مەلا
حەمەومینی ئەمینولئیسلامیی سنەیی ١٢٤٤– ١٣٠٣، مەلا حەمەومینی مەعسووم ١٣٠٧–
١٣٥٣، مەلا خالەی موفتی ١٣٢٣–١٤٠٠مەلا خەلیلی داودە ١٢٨٥–١٣١٧، مەلا رەسوولی
ئەدیب ١٢٩١–١٣٥١، مەلا ڕەسووڵی مەنفی ١٢٨٣–١٣٤١، مەلا ساڵحی ئاهی ١٢٦٢–
١٣٢٤، مەلا ساڵحی تەرەماری ١٢٦٥–١٣٤٠، مەلا ساڵحی حەریق ١٢٧١–١٣٢٧، مەلا
ساڵحی حەیدەری ١٢٧١–١٣٤٠، مەلا ساڵحی سورنج داغی ١٢٧٢–١٣٢٠، مەلا سەعدی
کوڕی مەلا مووسا ١٢٩٨–١٣٣٨، مەلا سەعدی هائم ١٢٩٢–١٣٣٥، مەلا شاوەیسی
کۆشکی ١٢٢٩–١٣٠٠، مەلا عارفی سائب ١٣٠٩–١٣٤٣، مەلا عسامی شەفیعی ١٣٠٠–
١٣٧٤، مەلا عومەری ڕەنجووری ١١٦٤–١٢٢٥، مەلا عەبدوڕەحمانی شەیدا ١٢٧٨–١٣١٦،
مەلا عەبدوڕەزاقی شێخولئیسلامیی سنەیی ١٢٦٩–١٣٠٩، مەلا عەبدولقادری جاف
١٢٦٧–١٣٢٦، مەلا عەبدولکەریمی زاری ١٣٢٩–١٤٠٢، مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی ١١٦١–
١٢٢١، مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە ١٢٥٠–١٣٢٦، مەلا عەبدوڵڵای دشەیی ١٢٧٥–١٣٤٢،
مەلا عەبدوڵڵای زێوەر ١٢٩٥–١٣٦٨، مەلا عەبدوڵڵای عیرفانی ١٢٧٤–١٣٣٥، مەلا



سدیق بۆرەکەیی (٣٨)

عەبدوڵڵای موفتی ١٣١٣–١٣٧٢، مەلا عەزیزی موفتیی سەقز ١٢٧٦–١٢٤٥، مەلا فەتاحی
وەهبی ١٢٩٦–١٣٥٩، مەلا فەرەجی بۆرەکەیی ١٢٤٤–١٢٤٣، مەلا قادری جاف ١٢٦٧–
١٣٢٦، مەلا لوتفوڵڵای سنەیی ١٢٥٥–١٣١٦، مەلا مارفی کۆکەیی ١٢٥٦–١٣٦٦، مەلا
مستەفای سافی ١٢٩٣–١٣٦١، مەلا محەمەد باقری مودەریس ١٣١٦–١٣٩٢، مەلا
محەمەدی سادقی نگڵی ١٣٢٠–١٣٨٥، مەلا محەمەد سدێقی مەحموودی ١٣٥٧–١٤٠٤،
مەلا محەمەدی بانەیی ١٢٠١–١٢٦٣، مەلا محەمەدی بەها ١٢٧٢–١٣٥٦، مەلا محەمەدی
پێنجوینی ١٢٨٧–١٣٥٤، مەلا محەمەدی جەلی زادە ١٢٩٣–١٣٦٣، مەلا محەمەدی
چرۆستانی ١٣١٢–١٣٨٥، مەلا محەمەدی خاکی ١٢٥٥–١٣٢٦، مەلا محەمەدی زەلیل
١٢٣٩–١٣٠٠، مەلا محەمەدی زەنگەنە ١٢٣٠–١٣٠٠، مەلا محەمەدی قوبادی ١٢٧٧–
١٣٤٥، مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کۆیی ١٣٠٠–١٣٦٣، مەلا محەمەدی مەحوی
١٢٤٥–١٣٢٤، مەلا محەمەدی هەزارمێردی ١١١٩–١١٩٩، مەلا مەحموودی باکی ١٢٥٥–
١٣١٩، مەلا مەحموودی بێخود ١٢٩٦– ١٣٧٦، مەلا مەنسووری گرگاشی ١١٩٧–١٢٦٢،
مەلا مەنووچێهری کۆلیوەن ١٠٢٨–١٠٩٥، مەلا مەهدی ئاغە ١٢٤٦–١٣٠٣، مەلا نۆشای
زەنگەنە ١٢٥٠–..١٢، مەلای جەباری ١٢٢٦–١٢٩٦، مەولانا خالد شارەزووری ١١٩٣–
١٢٤٢، مەولانا موحیەدین شاهی ١٢٢٧–١٣١١، میر ئەحمەد بەگی زەنگەنە ١١٠٠–١١٧٠،
میر جەلادەت عالی بەدرخان ١٣١٧–١٣٧١، میرزا ئەحمەدی داواشی ١٣١٨–١٤٠١، میرزا
حەسەن عەلی غەریب ١٢٩٩–١٣٧٠، میرزا حەسەنی سەیفولقوزات ١٢٩٧–١٣٦٤، میرزا
خانی هەرسینی ١٣٠٠–١٣٦٠، میرزا خەلووزەیی ١٢٨٩–١٣٤٨، میرزا سەلیمی سابڵاخی
١٢٦١–١٣٢٧، میرزا شەفیعی جامە ڕێزی ١١٩٠–١٢٥٢. میرزا تاهر ڕوشدی ١٣٣٢–
١٣٩٨، میرزا تاهری شوشی ١٣٣٦–١٣٩٢، میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی ١٢٦٤–١٣٣٤،
میرزا عەبدولقادر تەوێڵەیی ١٢٩٣–١٣٦٩، میرزا عەبدولقادری پاوەیی ١٢٦٤–١٣٢٧ میرزا
عەبدوڵڵای خەیاڵی ١٢١٣–١٢٩٤، میرزا عەبدولمەجیدی مەجدی ١٢٦٩–١٣٤٤، میرزا عەلی
خانی حەیدەری ١٢٩٠–١٣٧٣، میرزا عەلی عەباسوەندی ١٢١٣–١٢٧٦، میرزا غەریب
١٢٧٥–١٣٢٣، میرزا غەفوور میرزا ١٢٨٧–١٣٥٨، میرزا محەمەدی هەوشاری ١٢٤٦–
١٣٠٤، میرزا مەحموودی زەنگەنە ٠٠٠٠ –١٢٩٥ میرزا مەحموودی سابڵاخی ١٢٧٠–
١٣٣٥، مێهرەبانی کچی مەلا حەسەنی بەرواری ١٢٨٧–١٣٢٥، نالی ١٢١٢–١٢٩٥، نەجەف
خانی بایندوڕ ١٢٢٧–١٣٠٠، هێمن ١٣٤١–١٤٠٦، یوسف یاسکە ٩٩٥–١٠٤٢.

لێرەشدا ناوی هەندێ تر لە هۆنەرانی کورد دێنین کە هەر تەنیا ناو و هۆنراوەکانیانمان
کەوتە دەست و ئیتر سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوون و مردن و چۆنییەتیی ژیانیان شتێک

نازانین. ئەڵبەت گەلێک لەم هۆنەرانە دیوانەکەشیان بەیادگار ماوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەسەرهاتیان لە هیچ نامیلکە و پەڕاوێکدا نەنووسراوە، ئەوەیە کە مێژووی ژیانیان بۆ ئێمە نادیارە، ئەمەش ناوەکانیان.

ئووەیس بەگی هەورامی ١١١٨–١٢٠٧، ئەحمەد حەڵوا، ئەلیاس بەگی گۆران ١١١١–١١٩٩، ئەمین بەگی دزەیی، بابەجان عەلی، بابە شێخ ئەحمەد، بایندوڕ، بەشیر بەگی تورجانی پشێو زەنگەنە، جانگیز بەگی وەرمزیار، حاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکو ١٠٥٦–١١٢٤، حەسەن سووتاو، حەسەن کۆر، حەمە بەنگینە، حەمەومین بەگی هەورامی ١٠٧٩–١١٦١، حەمەقولی سلێمانی سەوڵاوایی ١١٠٢–١١٦٥ خانە گیایی، خرناڵ، خەستە، ڕەزابەگی هەورامی، زەنووری، سۆفی عەلیی کەوانی ٩٧٥–١٠٦٤، شێخ ئەحمەدی جزیری، شێخ ئەحمەدی موویی، شێخ حوسەینی مەولاناوا، شێخ حەسەنی دەرەهەردی ١١٣١–١٢١٥، شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی ١٠٤٨–١١١٧، شێخ عەبدوڵڵای فەیزی، شێخ لوتفوڵڵا، شێخ مستەفا تەختەیی، شێخ محەمەدی ئابی، شێخە، شێخ یەعقووب خانی جاف ١١٠٥–١١٩١، عومەر نزارەیی ١١٠١–١١٧٩، عەبدی کەلاتەرزانی ١٠٤٣–١١١٨، عەبدوڵڵا فەیزی مووشی، عەلی بەگی تورجانی، عەلی تەرکەمووی، عەلی حەریری، عەلی عاشق، غوڵام ڕەزاخانی ئەرکەوازی، غەمبار، فەقێ تەیران، قادر لهوی، قاسمی هەوشاری، قەمەر عەلی، لالۆ خەسرەوی دووەیسی ١١٠١–١١٨٩، لەشکری، مستەفا بەگی باوەجانی، محەمەد بەگی تیلەکۆ، محەمەد بەگی دەربەندی، محەمەد حەزین خالدی، محەمەد فیکری، مەلا مستەفای مەحزوونی ١٠١٢–١٠٩٦ی، مەلا ئیسماعیلی کێونانی، مەلا تاهری هەورامی ١٠٦٣–١١٣٩، مەلا حافز فەرهاد هەشەمیزی ١٠١٠–١٠٩٦، مەلا ڕەسوول فەریق، مەلا عەبدولخالقی پاوەیی، مەلا فەتحوڵڵای سعرد، مەلا فەزلوڵڵای هەورامی ١٠٧١–١٢٣٣، مەلا قادری شێخ وەسانی، مەلا محەمەدی بانەیی، مەلا مەنسووری بۆتانی، مەلا یوسفی هەلکاتینی، مەلا یوسفی دووەیسە ١١٤٧–١١٨٥ مەڵکەی جوانڕۆیی، مەڵکەی مراوەیس، مەولانا مستەفا، مەولانا عەبدوڵڵای هەورامی، مەولانا فەڕوخی پاڵنگانی ١٠٦٨–١١٥٠، مەولانا قاسم، مەولانا یوسف گلانی ١١١١–١١٧٤، میرزا ئیبراهیمی هەورامی ١٠٥٨–١١١٨، میرزا مورتەزای قەفڵانتوویی، میرزا مووسا، میرزا یاقووی جاف، میرزا یاقووی مایدەشتی، نازیی بستی ١٠٩٩–١١٤٣ وەستا میکایلی زەنانی١١٤٥–١٢٠٤، هەلکەتی، یوسف بەگی ئیمامی.



کورد

من کوردم ئەبێ بۆ کورد تێ کۆشم | پێم خۆشە ژاری لەسەر بنۆشم
پێم خۆشە بۆ کورد بسووتێ لەشم | هەر ئەو سووتانە ببێتە بەشم
تا بەسووتانم ڕێی کورد ڕۆشن بێ | با بەو ئاگرەش ئەهریمەن ون بێ
تا بە گڕ جەستەم دوژمن پەرۆش بێ | با بەتیشکەکەی زەردەشت دڵخۆش بێ

«بۆرەکەیی»

# پێڕست


پێشەکی ... 5
بنج و بناوانی کورد ... 7
ئاین و بڕوا لە ناو کوردا ... 9
شوێنی کورد ... 11
شوێنی کورد ... 12
مێژووی فەرهەنگ و وێژەی کوردی ... 15
سەرەتای پەیدابوونی زمان ... 16
سەرەتای پەیدابوونی خەت لە ئێراندا ... 16
ئەلف و بێی پارسی ... 18
خەتی ئاڤێستایی ... 19
خەتی پەهلەوی ... 20
خەتی ماسی سۆراتی ... 20
خەتی ئێزیدی ... 21
بنج و بناوانی زمانەکانی کۆنی ئێرانی ... 21
زمانی پارسیی کۆن ... 22
زمانی ئاڤێستایی ... 22
زمانی پەهلەوی ... 24
هۆی پسانی زمانی پەهلەوی ... 25
زاراوەکانی کوردی ... 26
سەرەتای داهاتنی وێژەی کوردی ... 27
پەراوەکانی کوردی ... 28
ئەفسانەی کوردی ... 32
چیرۆکی کۆن و نوێی کوردی ... 33
پەندی پێشینانی کوردی ... 36
هۆنراوی کوردی ... 37
وێژە و فەرهەنگی کوردی لە پاش ئیسلام ... 41
ناوەرۆکی هۆنراوی هۆنەرانی کورد ... 44
هۆنەرانی دەوری بەنی دولەف ... 47
بالوولی ماهی ... 47
بابە لوڕەی لوڕستانی ... 52
بابە رەجەبی لوڕستانی ... 54
بابە حاتەمی لوڕستانی ... 56
بابە نجوومی لوڕستانی ... 58
هۆنەرانی دەوری حەسنەوییە ... 60
بابە سەرهەنگی دەودانی ... 61
بابە قەیسەری هەورامی ... 64
بابە سرنجی کەلاتی ... 67
بابە گەرچەکی هەورامی ... 70
دایە تەورێزی هەورامی ... 72
هۆنەرانی دەوری عەییاری ... 75
شاخوەشینی لوڕستانی ... 76
بابە تایەری هەمەدانی ... 82
جەلالە خانمی لوڕستانی ... 91
ڕێحان خانمی لوڕستانی ... 94
فاتمە لوڕەی گۆران ... 97
لزا خانمی جاف ... 99
خاتوو مەی زەرد ... 102
پیر شالیاری یەکەم ... 106
کاکە ڕدای لوڕستانی ... 111
سوڵتان چەلەبی ... 114
بابە بوزورگی لوڕستانی ... 116
بابە هندووی هەورامی ... 118
پیر حەیدەری لوڕستانی ... 120
بابە ناووسی جاف ... 122
دایە خەزانی سەرگەتی ... 125
قازی (نەبی)ی سەرگەتی ... 126
ئەحمەدی جاف ... 128
پیر ئەحمەدی کەرکووکی ... 129
فەرمانڕەوایانی ئێزیدی ... 131
شێخ (ئادی)ی هەکاری ... 133
ئەبوولبەرەکاتی هەکاری ... 136
شێخ حەسەنی هەکاری ... 143
هۆنەرانی دەوری ئەتابەگیەتی ... 152
شێخ عیسای بەرزنجی ... 154





سان سەهاکی بەرزنجی ... 158
پیر بنیامینی شاهۆیی ... 163
پیر داوودی دەودانی ... 167
پیر مووسای شامی ... 169
مستەفا دەودان ... 173
خاتوون دایراکی ڕەزبار ... 176
شا ئیبراهیمی ئێوەت ... 179
بابە یادگار ... 184
سەی محەمەدی بەرزنجی ... 184
سەی میر ئەحمەدی میرسوور ... 190
سەی شەهابودینی شارەزووری ... 192
سەی ئەبولوەفای شارەزووری ... 193
سەی مستەفای شارەزووری ... 194
حاجی سەی باوەیسی ... 195
یای حەبیبەی شارەزووری ... 197
پیر قوبادی دێوانە ... 198
پیر محەمەدی شارەزووری ... 200
پیر ئەحمەدی لوڕستانی ... 201
پیر مالکی گۆران ... 202
پیر مەنسووری شووشتەری ... 203
پیر ئیبراهیمی جاف ... 205
پیر فەتالیی سەحنەیی ... 206
پیر تامازی کرمانی ... 208
پیر حاتەمی هەمەدانی ... 209
پیر خەلیل مووسڵی ... 211
پیر حەیدەری لوڕستانی ... 212
پیر میکائیلی دەودانی ... 213
پیر مەحموودی بەغدادی ... 215
پیر (نالی)ی مۆردینی ... 216
پیر کازمی کەنگاوەری ... 218
پیر سلێمانی ئەردەلانی ... 220
پیر موسا میانەیی ... 222
پیر عیسا بساکانی ... 223
پیر ئەحمەدی بەرساهی ... 224
پیر قابیلی سەمەرقەندی ... 225
پیر ماملی مایدەشتی ... 227
پیر شالیاری سێیەم ... 228
پیر سادقی مازندەرانی ... 229
پیر تەیمووری هەورامانی ... 230
پیر ئیسماعیلی کۆلانی ... 222
پیر حەمزەی بیری شایی ... 233
پیر حوسێنی ئەستەمووڵی ... 234
پیر فەیرۆزی هیندی ... 236
پیر قانوونی شامی ... 237
پیر نازدار خاتوونی شیرازی ... 239
پیر بابا غەیبی هاواری ... 240
پیر روکن دینی هەورامی ... 241
پیر تایەری ئەسپەهانی ... 242
پیر شەمسی عەلەمەدار ... 243
پیر کەماڵی مامۆلانی ... 244
پیر راستگۆی قەرەداغی ... 245
پیر تەقیی شاهۆیی ... 246
پیر نەڕە بالامۆی ... 247
پیر تاجدینی فارس ... 247
پیر حوسێنی کاشانی ... 248
پیر عەبدولعەزیزی بەسرایی ... 249
پیر خاڵقی ئەردەوێڵی ... 250
پیر سلێمانی سیستانی ... 251
پیر عیسا شقاقی ... 252
پیر حەیدەری کەل مەیدانی ... 253
پیر جەعفەری کوردستانی ... 254
پیر ئەلیاسی مۆریاسی ... 255
پیر هەیاسی مەغربی ... 256
پیر نیگادارتانی ... 257
پیر قەمەر سەراوقوماشی ... 258
پیر ڕەحمەتی بەمبەیی ... 259
پیر دانیالی دالاهویی ... 260
پیر سەفەری قەلاجەیی ... 261
پیر سوورەی هندلەیی ... 262
پیر نیعمەتی تەوەردار ... 263
پیر دلاوەری دەرەشیشی ... 264
پیر حەیاتی ماچینی ... 265

پیر ناریی هەورامی ..... 266
پیر نەریمانی شاهۆیی ..... 267
پیر تەیاری خوراسانی ..... 270
پیر عنوانی کەعبەیی ..... 271
پیر ئەحمەدی گەنجەیی ..... 274
پیر نادری قەرەپاپاقی ..... 275
پیر مەحموودی لوڕستانی ..... 276
پیر نەجمەدینی پارسی ..... 278
پیر نەقی تووکانی ..... 279
پیر هاشمی ڕۆژی ..... 280
پیرەمێردی هۆردینی ..... 281
پیر شەمسەدین ..... 283
پیر عەزیز هۆدانە ..... 284
پیر ڕۆستەمی سۆ ..... 285
خەلیفە شاشا ..... 286
خەلیفە عەزیزی سلێمانی ..... 288
خەلیفە شەهابودین ..... 290
خەلیفە باپیر ..... 292
خەلیفە محەمەد ..... 294
خەلیفە ئەمیر ..... 296
خەلیفە جەبار ..... 297
نەرگز خانمی شارەزووری ..... 299
عابدینی جاف ..... 301
دەمام ..... 304
شەمام ..... 305
قامووس ..... 307
ئەژدەر ..... 309
ئەنوەر ..... 310
گەوهەر ..... 312
نگین ..... 314
مسکین ..... 315
مۆمن ..... 317
کەبیر ..... 320
ناری ..... 321
سابق ..... 323
قانوون ..... 325
سەییاد ..... 326
لامی ..... 327
پێشەنگ ..... 328
ئەوڕەنگ ..... 330
خەزاوی ..... 331
عەزازیل ..... 333
ئیدراک ..... 334
خوونجی ..... 336
وردی ..... 337
نیشان ..... 338
چەرگا ..... 339
سەقا ..... 340
مەرزی ..... 342
بیا ..... 343
تەوار ..... 344
سەراف ..... 346
سروور ..... 347
حەریر ..... 348
تۆفیق ..... 349
ڕەزتاو ..... 351
قەندیل ..... 352
شەمیل ..... 354
شمشاڵ ..... 355
سەیقاڵ ..... 368
مەستی ..... 357
مەلا ئەلیاسی شارەزووری ..... 361
مەلا جامیی شارەزووری ..... 363
مەلا سوورەی شارەزووری ..... 365
مەلا غەفووری شارەزووری ..... 367
مەلا قودووری شارەزووری ..... 370
مەلا شوکروڵڵای شارەزووری ..... 372
مەلا شەفیعی شارەزووری ..... 373
مەلا پەرێشانی لوڕ ..... 375
شاوەیس قولی ..... 386
خاتوون زەرپانوی دەرزیانی ..... 387
کاکە عەرەبی هەورامی ..... 388




کاکە ڕەحمانی دەرزیانی ..... 389
کاکە پیرەی دەرزیانی ..... 390
عالی قەلەندەر ..... 391
سەی ئەکابری خامۆش ..... 393
پوور فەرەیدوونی شیرازی ..... 395
هۆنەرانی دەورەی ئەردەڵان ..... 397
شێخ شەهاوی سوورەبەردی ..... 398
شێخ سەفیەدینی ئاردەوێڵی ..... 402
سەیدی هەورامی (یەکەم) ..... 404
بابە جەلیلی دەودانی ..... 410
دەدە بەگتری دەودانی ..... 412
میرزا قولیی دەودانی ..... 412
سەمەن خانمی دەودانی ..... 414
عێل بەگی جاف ..... 414
شێخ شەهاوی کاکۆ زەکەریایی ..... 421
کەلبالی خانی ئەردەڵان ..... 423
شێخ ئەحمەدی تەختەیی ..... 424
بێسارانی ..... 425
شێخ حەسەنی مەولاناوا ..... 432
خانای قوبادی ..... 437
شێخ شەهابی لهۆنی ..... 457
مەلا وەلەد خانی گۆران ..... 461
مەلا خدری رواری ..... 465
شێخ حەمە شەریفی خاکی ..... 474
وەلی دێوانە ..... 479
میرزا شوکروڵڵای دیناوەردی فەیلی ..... 491
میرزا شەفێعی مامێزکی ..... 494
سەیدیی دووهەم ..... 506
مەلا قاسمی پایگەلانی ..... 512
سلێمان بەگی زەنگەنە ..... 513
میرزا مستەفا دڵ دڵی ..... 516
سەی حەمە سادقی سەفاخانەیی ..... 521
مەلا ئەحمەدی عارف ..... 526
ئەحمەد بەگی کۆماسی ..... 529
مەستوورەی کوردستانی ..... 533
مەولەوی ..... 541
شێخ عەبدوڵڵای داخی ..... 554
مەهجووری ..... 558
ئەحمەد پریسی ..... 563
غولام شا خانی والی ..... 568
شێخ محەمەدی فەخرولعولەما ..... 572
گوڵزاری هۆنەرانی کورد ..... 590